# کاریتە یا ئەودیوی چیا

بەشی یەکەم

یەشار کەمال

# کاریتە یا ئەودیوی چیا

بەشی یەکەم

شوکور مستەفا

لە تورکییەوە کردوویەتی بەکوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

یەشار کەمال
کاریتە یا ئەودیوی چیا - ڕۆمان
وەرگێڕان لە تورکییەوە: شوکور مستەفا
کتێبی ئاراس ژمارە: ٩٩٧
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٧٩ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: کوردستان کەیفی
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

## بەرایی

سێیینەی: کاریتە، زەوی ئاسن و ئاسمان مس، گیای نەمرانم، خوار و ژوور، بە پازدە ساڵان پێ تەواو کرا. کاریتە، کە یەکەم کتێبی ئەم زنجیرەیەیە، بۆ یەکەم جار، بە کتێبی لە ١٩٦٠دا بڵاوکرایەوە. هەرچی زەوی ئاسن و ئاسمان مسە، دووەم کتێبی ئەم زنجیرەیە، لە ١٩٦٧دا دەرچوو. سێیەمیشیان، کە گیای نەمرانە، لە ١٩٦٨دا بڵاو کرایەوە.

ئەم سێیینەیە چیرۆکی مرۆگەلێکە، لە بارودۆخێکی زۆر نالەبار و سەختدا، لە ژیاندا بە هەزار کولەمەرگی و مەینەتی بەرێوە دەچن و ژیانی مرۆ لەوەی، کە لەم چیرۆکەدا باس کراوە، گەلێ نالەبارتر و پڕ کوێرەوەریتر بووە. هەر لە پاش پەیدابوونی بەملاوە مرۆ لەم هەلومەرجە نالەبارەشدا هەر درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و تیرەی خۆی پاراستووە. ئەو تاریکییەی تیرەی مرۆی لێ دەرباز بووە تاریکییەکی هێند خەست و ئەنگوست لە چاو بووە لە بڕوا بەدەرە. تیرەی مرۆ داهێنترین ڕەگەزی سروشتە. ئەوەی لە تاریکیی گەورەی ڕزگار کردووە و بەم ڕۆژەی گەیاندووە ئەم بەهرەی داهێنانەیەتی.

مرۆ هەرچەندە تەنگەتاو بووە و لەگەڵ زۆرو ستەمدا دەستە و بەرۆک بووەتەوە، هۆی ڕزگاربوونی خۆی داهێناوە و خۆی لە زۆرو ستەم قوتار کردووە. هەرکاتێکیش ڕاستییەکانی سروشت، زیاتریان پێ لێ داگرتبێ و لە ڕزگاربوون نائومێدیش بووبێ، داهێنانی خۆی پتر پەرە پێ داوە و ڕەنگاندوویە و جیهانی خەونێ، خەیاڵێ، ئەفسانەیەکی بۆ خۆی ڕۆناوە. ئەگەر مرۆ خولیای ڕۆنانی جیهانێکی ئومێد و خەونی لەسەردا نەبوایە لەوانەبوو هەرگیز هەڵی نەکردایە و ژیانی سەری نەگرتایە. تەنانەت بیشیتوانیبا درێژەی بە ژیانی خۆی دابا، ڕەنگە ئەم کوڕەی ئەمڕۆ نەبوایە. جا لەم بیر و

ئەندێشەیەوە بەڕێ کەوین، دەتوانین مرۆ بەم جۆرە بناسێنین: مرۆ گووراوێکی ئەفسانەداهێنە. ئەوەی مێشکی مرۆ لەناو سروشت و بەرانبەر بە سروشت دەورووژێنێ و دەیگوشێ شتێ نییە و دووان نییە، سەدان شتە. مرۆ هەزاران هەزار ساڵە دەوروبەری گیراوە و تەنگەتاو کراوە. گرانی و قات و قڕ، برسێتی و ڕووت و ڕەجاڵی، شەڕ و شۆڕ، تالان و بڕۆ، بە زگێ تێر و بە چوار زگ نێز و برسی، پێداویستی زایەند و ڕەوانی... و ترسی مردن... ئەمانە هەموو هەبوون... هەر کاتێکیش ئەوەی لە دووی گەڕابێ و دەردەستی کردبێ، جیهانی خەونێ، جیهانی ئەفسانەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە و پەنای پێ بردووە.

جا من لەم سێیینەدا هەولّم دا چیرۆکی ئەو مرۆیانە بگێڕمەوە کە سەری دنیایان لێ هاتووەتەوە یەک و جیهانێکی خەونیان بۆ خۆیان ڕۆناوە و پەنایان وەبەر ئەو جیهانی خەونە بردووە و لە جیهانی نالەبار و لە گوزەران بەدەری خۆیان و ڕاستییەکان هەڵاتوون.

ئەو مرۆیانەی کە لە هەلومەرجی تووش و دژواردا بە هەڵپەی ژیانەوە گلاون و جیهانی خەون و ئەفسانەیان بۆ خۆیان بنیات ناوە، من بۆخۆشم لەگەڵیاندا ژیاوم و پێکەوە چەندین جیهانمان بنیات ناوە.

مرۆی بەرانبەر بە مەرگ و لەم تاریکایی ڕزگاربوو و بە تاریکایەکی ترەوە گلاو، لە هەرچی زۆر و ستەمی مادی هەیە ڕزگاریشی ببێ، لە هەموو چەرخ و سەردەمێکدا جیهانی خەونێ، جیهانی ئەفسانەیێ بۆخۆی پێکەوە دەنێ. جا ئەم سێیینەیە بریتییە لە ئەزموونی ژیان و شایەتنامەی خۆم.

باسنکۆیی ٢١ی جۆزەردانی ١٩٦٨

## ١

«وا ئیزگیل هات، بەردەرکەی گرت، هەستە ئیزگیل ببە و برۆ.»

لە دڵی خۆیدا گوتی: «نەء، ئەم ئیزگیلە سەری لێ تێک چووە، هێشتا بۆ قۆزاخەتەقین لە چقوورئۆوا زۆری ماوە. ئەم ساڵ دەڵێی ڕەگ و ڕیشەی ئیزگیل تووشی دەردێ هاتووە، ئاخر، نە کرمێ لە ڕەگی دابێ؟ نە مشکێ کرتاندبێتی؟ ئەی یانێ چی هەروا هەڵدەکەندرێن و بەلێشاو دێن؟»

لەبەر بەربەڕۆژکەکەی ماڵێ دانیشتبوو، هەردوو لاقی درێژ کردبوو، پاڵی بە دیوارەوە دابوو. ماندوو بوو. کەنەفت بوو، تووڕە بوو، لەڕ و لاواز و باریک و بنێس ببوو و بە جارێ پرزەی لێ بڕابوو. لە حاڵێکدابوو نەیدەتوانی ببزوێ. لە هەنییە و دەموچاوە زەردەڵگەڕاوە چرچ و لۆچ تێکەوتووە درێژبووەکەیدا خەم و پەژارەیەکی پەپکە خواردوو دەخوێندرایەوە. ڕدێنە درێژە سپییە چڵکن بووەکەی بەسەر سینگیدا تا بەر پشتێنەی بەربووبووەوە. برۆ کرژە تێکشکاوەکانی بەسەر چاوە چکۆڵە سەوزە پیڵوو سوور هەڵگەڕاوەکانیدا داشکابوون. زاری لەبەر پڕ و چڕیی سمێڵ و ڕدێنی بەحاڵ بەدەرەوە بوو. سەری لێک و لووس، داوە موویێکی پێوە نەمابوو. پێی ڕەش هەڵگەڕابوو و لە هەموو لایەکەوە شەقار شەقار بووبوو. زەق و زۆپ ئێسکەکانیت ژماردبا. نینۆکی زەرد و چڵکن بوو. شەرواڵە جاوە دەسکردەکەی لەبەر پینەی زۆر و زەوەند، ڕاستە تەختەکەی خۆی بەدەرەوە نەمابوو. کورتەکەکەشی هەر بەو ئاوایە بوو.

کارژۆلەیەک لەو ناوە دەخولایەوە. لەولاترەوە مریشکە کڕێکیش بە درقە درق هەر ئەوە بوو دنیـای لێک نەدەنا. بڕێ جـووجـەڵەی وەدووی خـۆی دابوون، دەتگوت گـولۆڵە گـەندەمـووی زەردن، نەرم و نیـان، هەر وەدەسـتت گـرتبـان هەڵدەوەرین. خـەلیلە پیـر لـە دنیـادا تەمـاشـاکـردنـی هیچ شـتـێکی هێندەی جووجـەڵە گەندەمووی نـەرم و نیانی تازە سـەر لە هێلکە جووقـاوی، کە بۆ بە خاک و هەتاو ڕاهاتن بە هەڵپە و پەلەقاژێ دەکەون، پێ خۆش بوو.

ناوبەناو سـەری هـەڵدەبڕی و زەینـی دەدایە درقـە درق و قـیـژ و هـۆڕی مـریشـکەکـە، دەیگوت: «دەک دوات بـڕێ، بڕوانە چ کـارەڕاتێ دەکـا بـە قـیـرِ و هۆڕ.» سەری دادەخستەوە، چەناگەی دەکەوتە سەر سینگی.

ئیزگیل بەردەرکەشم لێ بگرێ. لە چقووڕئۆوا قۆزاخەش بتەقێ. دنیا دەشت و دەر سـپی سپی بچێتـەوە. ئەم ساڵ هێز و توانی ئەژنۆم نەمـاوە، بڕستم لێ بڕاوە. من ئـەم سـاڵ بەم حـاڵەوە بۆ چقـووڕئۆوا ناچـمـە خـوار. ناچم خـەلیل ناچم.

دەمەوێ پاش عەسرێ ڕاست بووەوە، بەڵام بە زۆر.

بانگی بووکەکەی کرد، گوتی:

«کیژێ چۆڕێ ئاو. باوانت کوێرەوە بێ.»

هاڕاندی، لالاندی کەسی بەدەنگەوە نەهات.

«کەسێ نییە چۆڕێ ئاوم بداتێ، پیاو بمرێ نەک پیر و کەفتەکار بێ.»

خـۆی چووە ژوورێ، جـامـەکـەی پڕکرد لە ئاو، بە دەسـتـە لەرزۆکـەکـانییـەوە بینی پێوە نا، ئاو بە ڕدێنیدا هاتە خوار. ئەنجا خۆی بەسـەر گۆپاڵەکەیدا دا، جـارێ دەڕۆیشت، جارێ ڕادەوەسـتا، بەرەو گـردەکـەی ئەوبـەری ئاوایی چوو. دەمـەدەمـە ئێـوارێ، ئەوجـا، لە گـردەکە بەسـەرکـەوت. بەژ و پێدەشـتـەکان لە دوورەوە تەمـومـژ دای گرتبوون. پێدەشـتی کـاکی بەکاکی بۆز دەچووەوە. وەک بڵێی چاوی بە باوەشێ ئیزگیل کەوت بەدەم باوە تەنوورەی دەکرد.

ئیزگیل هات بەری دەرکەی گرت. ناکرێ هەڵی نەگرم و نەیبـەم. وەک هەموو

ساڵێ وەرزی قۆزاخەتەقین لە چقوور بە گوندییان ڕانەگەیەنی گوندی بە جارێ دەتخۆن خەلیل. هاتو وەرز بەسەر چووبوو و قۆزاخە تەقیبوو پاڵەی خەڵک هەموو لە لۆکە چنینێ بووبوونەوە و گوندییەکانی تۆ چوون و کێڵگەی لۆکەیەکیان وەچەنگ نەکەوت؟ دەڵێی سەرت لێ شێواوە خەلیل؟

ئیزگیل لەو بەژ و پێدەشتە کاکی بە کاکییانە بەدەم باوە تەنوورەی دەکرد. ئەمە بەلای خەلیلە پیرەوە نیشانەی ئەوە بوو هاکا قۆزاخە لۆکە لە چقوور تەقی. هەموو ساڵێ ئەم سەروەختانە، بگرە زووتریش، خەلیلە پیر بنجە ئیزگیلێکی، کە لە بەژو پێدەشتەکانەوە هەڵدەکەندران و دەهاتن بە دەستەوە دەگرت، دەیرِوانییە لک و پۆپ و گەلا و دڕووەکانی و ڕێوڕاست بە هەڵەداوان دەچوو بۆ کن کوێخا، دەیگوت: «کوڕی کوێخا خدر، ئیزگیل هات. قەتارێ ئیزگیلم بە ئاسمانەوە دیت، وەک قورینگ دوابەدوای یەک ڕێزبووبوون، بەرەو چیای تەکەچ دەچوون. گوندی لە ماوەی سێ ڕۆژاندا خۆیان بۆ لۆکە چنین ئامادەکەن.»

گوندیش لە ماوەی سێ ڕۆژاندا خۆیان بۆ چوونە چقوورئۆوا ئامادە و تەیار دەکرد.

ئەو شەوە خەلیلە پیر تا بەیانی چاوی لێک نەنا. هەروا بیری دەکردەوە.

ڕەشەبای پایز هاکا هەڵی کرد و کزەیەکی سارد و دەست و پل ڕچێن پێدەشتە بۆزی لستەوە. باڵدار و پەڕەوڵ سەریان وەبن باڵیان نابوو و لە پەناو پەسێوان خۆیان گورمیلە کردبوو. سەرما کەسیرەی کردبوون. قاسپەی کەو نەدەهات. شۆپ و شوێنەواری پێیە خەناوییەکانیان لە بن دار و دەوەندا بەدیار ناکەوێ، تا دێ پیاو هێندەی دیکە دەهری دەبێ؟ ئەم ڕەشەبای پایزە دەبێ چی بێ کەوا ئەم ئیزگیلانە لە ڕەگ و ڕیشە دەردێنێ و لەم شیو بۆ ئەو شیو لەم هەڵەت و زوورگ بۆ ئەو هەڵەت و زوورگیان دەبا؟

ئەم هەموو ئیزگیلە، کە یەکی هێندەی قوولێنەیەک دەبێ قابیلە هەر بەسەر ئەو تەپە و تەلانە ڕووتەنەوە، بە سپیایی ئاسمانەوە تەنوورە بکەن؟ ئەمڕۆ نا

سبەی دەگەڕێنەوە. با، بەهەزاران فیتوو و گڤەگڤەوە بەسەر دەشت و دەراندا هەڵناکا و بە ئیزگل، ڕێگاوبان و نەواڵ و چاڵ و شیو و دۆڵان لێواولێو پڕ ناکا؟ لە پاش ماوەیەکی کورت، لە پاش چەند ڕۆژێ سەرلەبەیان لێواولێو پڕدەکا، لە شیوو دۆڵانەوە سێڵاوی ئیزگیل بەڕێ دەکەوێ.

گوندی بۆچی هێند بێ ئاوزەن؟ بۆ هێند بێ چاو و گوێ و بێ هەست و خوستن، بۆ هێند ناوریا و نادیارن؟ ئەمە سی ساڵە، خەلیلە پیر نەبوایە چییان دەکرد؟ وا خەلیلە پیر مرد. دەی چ دەکەن؟ بۆ چقوور ناچن؟ بۆ لۆکە چنینێ ناچن؟ کوڕە هەی تەرەسینە، تا ئێستا یەکێکتان، ڕۆژێ لە ڕۆژان وەرزاو وەرز نەهات بڵێ هاپۆ خەلیل بترەژم، تۆ نەبی هەمووو وەرزێ ئێمە چۆن دەق لە سەروەختی خۆیدا، بێ کەم و کورتی، دەتوانین بگەینە سەر کێڵگە و دەست بە لۆکە چنین بکەین؟ کەسێ هات بڵێ ئافەرین هاپۆ خەلیل بۆ خۆت و هونەرت. منیش ئەم ساڵ چەواشە بووم و سەرم لێ شێواوە. منیش بەندەی خوام. هەیە بەندەی خوا بێ و سەری لێ نەشێوێ. منیش سەرم لێ شێواوە. کەفتەکارم، بێ حاڵم، هێندەم بەبەرەوە نەماوە لێرە بۆ هۆ وێ ببزووم. من چوزانم کەنگێ قۆزاخەلۆکە لە چقوورئۆوا دەتەقێ. نازانم، تەرەسینە نازانم.

تا سبەینێ پیشی خواردەوە و لە سکی چەپاند.

کاتێکی سبەینێ لەنێو جێ ڕابوو چاوی دەتگوت وردە بیبەری پێوە کرابوو. ڕوانییە دوور. کزەیەکی ساردی دەهات. زەینی دایێ.

گوتی: «خەڵکی ئەم گوندە سەرلەبەریان کەرن، هەر بەڕاستی کەرن.» کوڕەکەی لەپشتییەوە بوو.

پرسی، گوتی: «ئەوە چ دەڵێی باوە؟»

خەلیلە پیر وەڵامی نەدایەوە. کەمی چوو بەولاوە. کوڕەش بەدوایە بوو، گوتی: «باوە زۆری ماوە بۆ قۆزاخەتەقین؟»

خەلیلە پیر وەڵامی نەدایەوە.

کوڕە:

«باوه توخـــوا ئەوە چیـــتـــە ئەو ڕۆژانـە؟ بێ بەڵا بی. زارت بە کـــێـــرد لێک ناکرێتەوە.»

کوڕەش سـەر و ڕدێنی پاک سپی بووبوو. تەمەنی لە پەنجا بەرەژوورتر بوو. خەلیل برۆی هەڵبڕی، سەیرێکی کوڕەکەی کرد، گوتی:

«بەر قـار و غـەزەبی خـوا کـەوی، ئێ؟ چاو چاو ڕاوەسـتـاوە قسـەشـم لەگـەڵ دەکا.»

لە ڕکـان هەر ئەوە بوو شـەق نەبا چـوار دەسـتـە دەخـولایەوە، هەرچیـیـەکی بەزاردا هات بە گوندییانی گوت. بە کوێخا، بە کوڕەکەی، بە تاشباش ئۆغڵوو، کەسی نەبوارد، جنێوی بە هەمووان دا.

هەر کە خاو بووەوە، بەبێ حـاڵییەکەوە لەسـەر تاشەبەردێ دانیشت. هەردوو دەستی لێک ئاڵقاند، بردنی لەژێر ڕدێنییەوە بە بەرچەناگەی دان.

کوڕەکـەی لەسـەر سـەری وەستابوو، هەرچەندی دەکرد نەیدەزانی باوی لە چ تووڕە بوو.

«تۆش وەکو خـەڵک، وەکـو کـوڕانـی خـەڵک بوایەی ئەمـن ئاوها دەبووم؟» هەر بەتانیـدا چوو و ڕسـتی. کـوڕە بـۆ ئەوەی خـۆ لە تیـر و توانج و قـسـە ڕەق و ناخۆشـەکانی باوی وەلاخا لەوێ دوور کەوتەوە. خەلیلە پیر بە تەنیا لەگەڵ ڕک و تووڕەیییەکەیدا لەوێ مایەوە.

وا ئیزگیل هات بەری دەرکەی گرت. ناکرێ نەیباو نەڕوا.

هەسـتـا. بایەکی باڵی خـۆی دا، هەمـوو ئازای لەشـی دێشـا. خـۆی بەسـەر گۆپاڵەکەیدا دا و بەرەو نێو گوند بووەوە.

بە پێش دەرکەی مـاڵی کوڕی مەلادا تێ نـەدەپەڕی. هەر کە مانگی پووشـپەڕ بەسـەردەچوو و ڕۆژگـار پێی داویشـتـە سـنووری مـانگی خـەرمـانان، هەمـوو ڕۆژێکی خـوا، خەلیلە پیری لە هەرکوێ دیتبا دەیپرسـی: «هاپۆ خـەلیل، چەند ڕۆژی ماوە پۆلە ئیزگیلەکانت وەک قورینگ بەدیارکەون؟ چەند مـاوە بۆ چوونە چقـوور؟ هاپۆ خـەلیل، گیـان و سـەر و سامـانی گوندێ بەدەسـتی تۆوەیە، هاپۆ

خـەلیل، بتـەوێ لـە پاش سێ مـانگی دیکە بـۆ لۆکـە چنینمـان بـەرێ دەخـەی. ناوەندی زستانێ. هاپۆ خەلیل.»

«گوجیلـە سـەگ. جا، کـەی کوڕی مـەلا پیاو بوو. مـەگـەر هـەر بـە جاوەجاو دەمی پان بکاتەوە و پێ بکەنێ. گەلۆر، گەمار، دەم و پل خاو و خلیچک و ددان ڕیچ.»

«تولەباو، دە ئـەگـەر پیـاوی تـۆش سـاڵۆکـەیەک هونـەر بنوێنـە، سـەروەخـتی قۆزاخەتەقین خۆت دیاریی کە. بە ئیزگیل هاتندا مەیزانە، لە خۆتەوە بیزانە.»

ڕێگاکەی گۆڕی، بە ڕێگایەکی دیکەی درێژدا وەرچەرخایەوە. تین و تووان لە ئەژنۆیدا نـەمابوو. ماوەیەک دەڕۆیشت و پشـووێک ڕادەوەسـتا. لەمێـژ بوو لە خۆی دەپرسی: تۆ بڵێی. بەجارێ پیر و کەنەفت بووبم؟ کوڕینە وا لە هەشتاش تێ دەپەڕم. بەڵام کەفتەکاریی من سەبارەت بـە پیریم نییە. تێر سکی خۆم نان ناخۆم. چما بووکـە قـەحپـەکـەم بەشی ژەمێ نان و پێخۆرم دەداتێ. خۆراک لە شـوێنێ دەشـارێتـەوە شـەیتـان بە شـەیتـانیی خـۆی ڕێی پێ نابا، چ جـای کەفـتەکارێکـی وەک من. سـەبارەت بەوە لە دەسـت و پێ کەوتووم. کـە دەگـەیە چقوورئۆوا شـووتییـە، کاڵەکە، هـەروا بێتـەوە، تەمـاتەیە، پیاو ئـاهـی بەبەردا دێتـەوە، دەبووژێتەوە. بەڵام کوڕم دەوێ بگاتە چقوورئۆوا؟ هـی وەکو من چۆنی بگاتێ؟ قـۆزاخـە ئەمڕۆ نەتەقێ سبـەینێ دەتەقێ. کوڕەکەی برایم، تۆ کـوڕێکی چاکی. لە باوکیشت چاتری. بەڵام ئەو دایکەت، ئەو مالۆسە پیرەی دایکت، کە باوکتی بە کوشت دا، وەڵڵاهی باوت بە دەستی ئەو چوو، بیللاهی بە دەستی ئەو چوو. بە دەستی ئەم ژنە زاڵمە.

گەیشـتە بەردەرکـەی ماڵی ئوزوون عەلـی ڕاوەستا. گۆپاڵەکەی کوت کوت بە عـاردیدا دا. مـاڵی عـەلی خـانووێکی بێ سـواغی لە بـەردی زەلام زەلامی نارێکوپێک هەڵنرابوو. میـراتی باو و باپیـران بوو. عـەلی دەبوو لە مـاڵێ بێ. مـرێمـۆکی دایکی، ئەو کـۆنە قـەڵتـاخـە لە مـاڵێ با، دیسـان کـارەکـە سـەری نەدەگرت. دوو دڵ بوو، بگـەڕێتـەوە؟ ڕۆژێکی دیکە بێ، کـە مرێمـۆکی دایکی لە

مـاڵێ نەبێ؟ کێ دەڵـێ مرێـمـۆک لە مـاڵێـیـە؟ ئەوا لە مـاڵێش بوو، کـێ دەڵێ لە کاتی قسەکردندا ئەو ناکەوێتە نێوانمانەوە؟

بە دەنگێکی خۆش و نەرم و پڕ لە میهرەبانی بانگی کرد:

«عەلی، ڕۆڵە، عەلی»

عەلی وەدەرکەوت، گوتی:

«فەرموو هاپۆ خەلیل»

«فەرموو وەرە ژووریێ.»

هات بۆ کنی.

خەلیلە پیر خۆی بەسەر بنکە دارێکدادا، ڕۆنیشت.

«تۆش وەرە دانیشە.»

عەلیش دانیشت.

ئەم پیـرە کـەفـتـەکارە شـتـێکی لەژێر زمـاندا بـوو. دە ڕۆژ بوو، هـەر ڕۆژە نا ڕۆژێ سـەرێکی دەدا، یەک دوو قـسـەی لە زاریدا دەجوییـەوە و دەڕۆیشت. عەلی هەستی بە ویستی کردبوو، دەیزانی چیی دەوێ. چیی لە دەست دەهات.

خەلیلە پیر دەستی بە قسان کرد، گوتی: «هێشتا زۆری ماوە بۆ لۆکە چنین. ئەمسـاڵ سـارد و فـێنک بوو. لۆکـە درەنـگ دەپشـکوێ. بەڵام درەنگ بپـشـکوێ، زوو بپشکوێ بە من چی عەلی. من بەم حـاڵەوە چۆن دەگەمە چقوور. لە دەست و پێ کەوتووم. هـەر هـەنگاوێکی هـەڵی دێنم وەختـە مووڕەغەی پشـتـم ببێ بە دە کەرتەوە. پیری و هەزار عەیب، کوێرەوە بێ. هـی ئەوە نییە پیاو لەبەر دەرکەی ڕاگرێ. پیـری، واتا: مـەینەتی و چەرمەسـەرێیـەکی گـەورە. لۆکە ئەمـڕۆ نا، سبەی، سبەی نا دوو سبەی لـە چقوور دەپشکوێ. ئیزگیلە بۆری خۆمان بێ یا نەیێ، من بـە کوێخـا بڵـێم قـۆزاخـە لـە چقـوور تـەقیـوە یا نەتەقیـوە، ئەو هـەر دەتەقێ و کاری بەسـەر ئیزگیل و قسـەی منەوە نییە. بەڵام هـاپۆ خـەلیلت حاڵی چوونە چقووری بە بەرەوە نەماوە. تا گـەیشـتـمـە ئێروکانە، لە ڕێگا دە جـاران

پتر ڕاوەستام و پشووم دا، گیانی هاپۆ. جا چۆن بەم حاڵەوە دەگەمە چقوور؟ ئەوە مانگێکە من لە خەم و پەژارەی ئەمەدا چۆکم زەنگەر زەنگەر دەلەرزێ، هەر دەڵێی زەوی لەبەر بوومەلەرزە دەهەژێ. زۆریش دێشێ. بەجارێ لە گیانی خۆم جاڕس و وەڕەز بووم. کوڕی خۆم پیاو بمرێ نەک پیر بێ. جا وەرە بەم حاڵەوە بچۆ بۆ چقوور.»

لە پڕێکا کڕ و بێ دەنگ بوو، کڕی و کپییەک باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا. خەلیلە پیر سەری داخستبوو، باهۆز لەولاوە ئیزگیلێکی هێنا بۆ بن پێی ڕامالی. خەلیلە پیر هەڵی گرت، لەولاوەی دانا. باهۆز دیسان ئیزگیلە بۆری وەپێش خۆی دا و ڕای دایەوە بن پێی. هەر کە سەری هەڵبڕی عەلی چاوە چکۆلە تەڕەکەی دیت. دەنگی بەجارێ تێک چووبوو. لەسەرەخۆ وەدەنگ هات گوتی: «ئاخ دەستی شکاوم بۆ خوا لێخۆشبووی باوت. گۆڕەکەی پڕ نوور بێ. ئەو برایمەی باوکت، دەستی شکاوم بۆ تۆ برایم. ئەو مابا، من وام بەسەر دەهات؟ بریا من لە جیاتی ئەو مردبام. خۆزی هەردووکمان پێکەوە مردباین. من لەپاش مەرگی وی بۆ ئەم کوێرەوەری و مەینەتییە مامەوە. نە لە فرزەند، نە لە ژن، نە لە دراوسێ چاوەڕوانی هیچ ئەمەگ و وەفادارییەک نیم. مەگەر دۆست. ئەویش دۆستێکی وەک برایم. بەڕاستی پیاوێکی هەژار و بێوەی و بێ گەزەن بوو.»

چاوی لە چاوی عەلی بڕیبوو.

«پیاوێکی هەژار بوو، بەڵام زۆریش ئازاو بوێر بوو. دزیش بوو، خەڵک هەموو دەزانن. کلی لە چاوان دەڕفاند، جوێت دەلەکی سەرەک یاخییان بەو دڕییەی خۆیەوە لێی دەپرینگایەوە. ئەمنیش لەگەڵ ویدا دەچوومە دزی و ڕێ گرییێ. ئەو فێرە دزی و ڕێگریی کردم. یادی بەخێر. بەبێ ئەوەی چاو لە دەستی کەسی نامەرد بم، بۆ خۆم سەرئاسوودە و ڕەحەت گوزەراندم. بەڵام کە پیرم بووم، برایم سەری نایەوە، دوای پیری بڕێتەوە. پیاو کە پشتی کووڕ بووەوە ئیتر بۆ کوشتن چاکە.»

خەلیلە پیر لە کاتێکا ڕووی لە عەلی بوو و ئەم قسانەی لەگەڵ دەکرد زۆری بڕوا بە قسەکانی خۆی بوو و نیشانەی ئەم بەخۆوە نازین و بڕوا قایمییەش بە دەموچاویدا دیاربوو.

«دەوجا وەرە بەم پشتە کووڕەوە، بەم لاقە لەرزۆکانەوە بچۆ چقوور. پیاو کە لەژێر باری ناچاریدا کووڕ بووەوە چیی دەسەڵاتە. وەستا دنیای بەم ئاوایە ڕۆناوە. دەستی شکێ. ئەگەر دەڵێم عەلی بەتەنیا، خۆم و خۆم لە گوند دەمێنمەوە، دەڵێن خەلیلە پیر شێت بووە. لە برسانیش دەمرم. پیاو دەتوانێ لە گوندێکی بێ خاوەنی زل و زەلامدا بە تەنیا بمێنێتەوە؟ لەوانەیە هەزار دەردی سەری و چەرمەسەریی تووش بێ. پێنج و دوو ڕۆژێ نییە، دە ڕۆژێ نییە. پازدە نییە، بیست نییە، دوو مانگی ڕەبەق. پیاو هەر دڕندە دەیخوا. تاکە کەسێ لە گوندێکی چۆڵدا مێروو بەش بەشی دەکەن و چاوی هەڵدەکۆڵن. تا ئێستا لە وەرزی لۆکە چنیندا کەس بەتەنیا لە گوند ماوەتەوە؟ لەوەتی من خۆم ناسیوەتەوە هێمان کەس نەماوەتەوە. ماوەتەوە؟»

چاوی لە دوڕ چاوی عەلی بڕیبوو.

«ماوەتەوە؟»

عەلی بە وەڕەزییەوە، پڕ گەرووی بووبوو لە گریان، گوتی:

«نەماوەتەوە.»

خەلیلە پیر کە هەستی کرد قسەکانی کاری لە عەلی کردووە، دەنگی بە ئاوازێکی سەرکەوتنانەوە بەرز کردەوە، گوتی:

«بریا لەگەڵ برایمدا پێکەوە سەرمان بنابایەوە. خۆزی مردبام و حاڵم بەم ڕۆژە ڕەشە نەگەیشتبا. کوڕێکی وەک تۆم هەبا هەر ئێ و شوکرانەبژێر بووم. بەڵام بە گاوگەردوونی بینایی چاوان بم حاجیلەیەکی چڵمنی لووشکنی دامێ، عەمر کورت بێ، هەر نەیدابامێ چاتر بوو. نە ئەسپێ، نە بارگێرە کوێرێ، نە گوێدرێژێ هیچی نییە، خۆت ئاسایی سوارم کا. خۆزگەم بەو ڕۆژەی ئەم کەحێلەیەی تۆ لە پێش دەرکەی ئەم ماڵە بەسترایەوە. برایم لە

ئوزوون یایلاقـەوە لە ئاغایـەکی چەرکەزانی سـاندبوو. مـاڵی دزێتی بوو. بەڵام حـەڵاڵ دەرچوو، ئـەوە چەند سـاڵە لەپێش دەرکـەتانە. نەتـۆپی، ون نەبـوو. ئا، ئاوها بوو، کوڕی خـۆم، عـەلی گیـان، ئەسـپێکی وەک ئەسـپەکەی تۆشـی نییـە. تەنانەت حـاجی چلـمن گوێدرێژێ چییـە نییـەتی. من بەم جۆرە چلـمنانە چۆن دەڵێم کوڕ.»

کە گوتی: «ئەسـپێکی وەک ئەسـپەکەی تۆ» برۆی هـەڵبڕی و هـەردوو چاوی زیت کردنەوە و وەک چێوێکی نووک تیـژ لە چاوی عـەلی ڕاچوو. ملیشـی بەرەو لای ئەو درێژکرد، چاوەڕێ بوو. عەلی چاوی شـۆڕکرد، دەستی دایە چیلکەیەک خۆی بە تێکدانی خۆڵەکەی پێش دەمییەوە خلافاند، ئەوجا بە کاوەخۆی سـەری هەڵبڕی، هـەر کـە سـەری هەڵبـڕی دیسـان چاوی خـەلیلە پیـر لە چاوی ڕاچوو. پیرە چاوی وەک چێوی نووک تیژ لە چاوی عەلی ڕاچووبوو و چاوەنۆڕ بوو.

جـارێکـی دیکەشـی (وەک ئەسـپـەکـەی تۆ)ی دووپات کـردەوە. لە پـاشـان بە هـەمـوو تووڕەییـیـەکـەوە وەدەنگ هـات، گـوتی: «کوڕی وەک حـاجی چلـمن بەر تووکی بەدخـوا و نـفـڕی خـوا کـەوێ» و یەکسـەر هەسـتـایە سـەر پێ، ناهومێد بووبوو. کوورە کوور، هـا ئێستـا دەکەوێ، هـا نەختێکی دی. بەلارەلارە و گۆپاڵە کوتێ لێی دا ڕۆیشت.

چاکـە، چاکـە لە یەکێ دەوەشـێـتـەوە لـە مـرێـمـۆکـە قـەڵتـاغ بـووبێ؟ ئەمـە، گوجـیلەی برایم نـییـە، خـوا دەزانێ مـرێـمـۆک لە کـێی گرتووە، ئـەو قـەحـپـەی قـۆڕیتـانە. بـاشـە پێم ناڵێن کێ ئەم کـەحـێلەیـەی هێنا لـەبەر دەرکی ئێـوەی بەسـتـەوە؟ کـەس بەمـە نازانێ. کـەس نازانێ. ئەم مـرێـمـۆکـەش نازانێ. نازانێ مـێـردەکەی ئازاری مـێرووی مـێـروو ئاسـاییی نەدەدا، ئای دنیـای قـەحـپـە و بێ بار. گـەردوون چەرخت بە چەمبـەر بێ، کەوا خەلیلە پیرت بەم حاڵ و ڕۆژگـارە گـەیاند. بۆ پشـتی ئەسـپێ، تا چقـوور، بۆ تـۆزێ سـواربوون دەرکە بە دەرکـەت خـولاندمـەوە؟ ئـاوهـا لەناو خـەڵکا ئـاوڕووت تکاندم، برۆ هۆ دنیـای قـەحـپـە ژن. ئەوەی ڕادەبوێرێ بە خۆیەوە بنازێ. ئاخ ئاخ ئاخ مـوورەغەی پشتم بوو بە دوو کەرتەوە.

سەرم دەخولێتەوە،

هێند تووڕە بوو مەپرسە، قسەی دەکرد.

عەلی لەوێ مایەوە، ئەو سەرەی دای خستبوو، هەروا دای خستبوو. لە پاشان سەری هەڵبڕی لەدواوە سەیرێکی خەلیلە پیری کرد، وەک قاچ و قولی تێک ئالاّبن ئاوا دەڕۆیشت.

بەدەم خۆڵ تێکدانەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

«بەم حاڵەوە قەت ناگاتە چقوورئۆوا.»

لەو دەمەدا دایکی لە پشتییەوە بە تووڕەییەکەوە، کە لەمێژ بوو لە دڵیدا پەنگابووەوە بەدەنگ هات، پرسی:

«ئەو پیرە سەگە دیسان چی پێ گوتی؟»

عەلی بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە، گوتی:

«چی بڵێ داماوە کەفتەکارە، هەر ئەوەبوو بەڕاشکاوی بە زاریدا نەهات ویستی بیدرکێنێ. ئیتر وەک هەموو جارێ.»

مرێمۆک:

«ئەوا پێت دەڵێم ها، لە مێشکتی دەراوێ، قەتت بەبیردا نەیێ عەلی. تا ئەم سەرە ساغ بێ و مرێمۆک لە دنیادا مابێ و هەناسەم بێت و بچێ نایەڵم کەلاکی ئەو پیرە سەگە بەرماوە بۆگەنە بەرازە وەسەر پشتی ئەسپەکەم کەوێ. پار سوارم کرد. ئەویش لەبەر خاتری چاوی تۆ. برایم هاتە خەون، گوتی: مرێمۆکە پیر تۆ چۆن ئەوە سواری ئەسپی من دەکەی. ئەوەبوو ئەمەگ و پەیمانت؟ هەرچەند ئەو بە سوورایی ئەسپەکەم دەچێ بۆ چقوور من لە گۆڕەکەمدا ناسرەوم. گوتم برایم کارێکە قەوما و ڕابرد. بۆیەم کرد، گوتم، با دڵی کوڕەکەت نەشکێنم. لێم ببوورە. گوتم برایم جارێکی تر؟ خوانەکەران جارێکی تر پیری شەوکێڵ زیندوو بێتەوە بڵێ مرێمۆک خەلیلە پیر سواری ئەسپەکەت کە سواری ناکەم. دەڵێم پیری شەوکێڵ برۆ بەڕێی خۆتەوە، تۆ خەریکی پیرایەتیی خۆت بە، هەقت بەسەر ئەسپی خەڵکەوە نەبێ. ئەسپەکەش

نەخۆشـە. وەڵڵاهـی خـۆی بەپێوە ناگرێ. کەحێلە لـە خەلیلە پیر پتر بەسـاڵدا چووە. وەڵڵاهـی چۆن دەڵێم ئـاوایە. ئەمــســاڵ یا دەمگەیەنـێ، یا نامگەیـەنێ. گوێی شۆڕبووەوە. هەمیشە مقاوێتی، ئاو بە کەپوویەوە ناوەستێ. گوێت لە من بێ عـەلی، ئا لێـرەدا، لەبن ئەم دیوارە لە پێـشـا بەربینگم بگرە، بمخنکێنە، ئەوسا سواری ئەسپەکەمی کە. تێ گەیشتی؟»

عەلی هەستا سەرپێ، شەپەشەپ، بەدەم خۆ تەکاندنەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشـا، گوتـی: «خۆ ئەو هەژارە دامـاوە نەیگوت سـواری ئـەسـپـەکـەتم کـە، گوتـی زۆر کـەفتـەکار بووم، ئەژنۆم دەلـەرزێ. بەڕاسـتی زۆرم بەزەیی بە هاپۆ خەلیلدا هاتەوە.»

مرێمۆک چاوی ئەبڵەق بوو. لە ڕکان وەخت بوو هەموو قژی بڕنێتەوە.

«ئەمڕۆ نایەوێ، سبەی دەیەوێ، دەیەوێ ئەو بێ چاوڕووە. من دادەبەزێنێ و بۆ خۆی سوار دەبێ. مەگەر هەر ئەو خوایەی لەسـەر سـەرانە و خۆم بزانم ئەوە چ کافری کافرباوێکە، چ شەیتانی کوڕی شەیتانێکە. دەیەوێ، دەیەوێ و بەزیادیشەوە.»

ئینجا لەسـەر ئەو بنکە دارەی لەسەری دانیشتبوون هەڵترووشکا، گوتی: «حـەیف، حـەیف کەحێلە وا پیر بوو و بەم حـاڵە گەیشت. بەڵام جوانووش بێ، سەت ئەسپیشم هەبێ سواری ناکەم، تۆ نایناسی، قسان مەکە. ئەوی دڵی پێ دەسـووتێ، قـسـەم پـێ مـەکـە. جـەرگ و هەناوە چەپەڵەکەی بەر گـوللەی وێڵ کەوێ.»

«دایە گیان وا مەڵێ، ماڵی پیری کوێرەوە بێ، هەر کە چاوم بە حاڵی کەوت کوڕووزە لـە هەناومـەوە هـات. ژیان و گوزەرانی وا خـوا بیـبـڕێ. ئەم هەناسـە سـاردە بەم قـاچوقـولە تێک ئاڵاوەوە چۆن دەتوانێ بگاتە چقوور؟ لەوانەیە هەر لە ڕێگا گیانی دەرچێ.»

مریمۆک هەستا گوتی:

«با بمرێ ئـەو پیـرە سـەگـە. با بتـۆپێ، سـواری ئەسـپی من نەبێ.» عـەلی

چیلکەکەی دەستی توورِ هەڵدا، گوتی:

«دایە زانیبام ئەسپەکە هەردووکتان هەڵدەگریَ، ئەویشم لە پشتەوە سوار دەکرد.»

مریَموَک، هەر کە عەلی ئەمەی گوت و نەگوت پەنا بەخوا پیَیدا هەڵشاخا و هارو شیَت بوو. دەستی بە شیرەشیرِ کرد، بە تەغار جنیَوی پیسی باراند. بوَخـوَشی نەیدەزانی چیی بە زاریدا دەهات. شیَت و شوور بووبوو. عەلی ترسا. چوو لە باڵی نەوی، گوتی:

«توورە مەبە دایە، سواری ناکەم، بەخودا سواری ناکەم.»

مریَموَک نەختیَ خاوبووەوە. تامی زاری کەمیَ گوَرِا:

«خوا هاوار سواری کەی، بەوەندە سویَند و قورئانە سواری کەی منیش سەری خوَم هەڵدەگرم، بوَ ولاَتیَ دەچم، نە ناوی و نە ناتوَرەی بیستراییَ. دەروَم و ئەو ژەک و شیرەی لە مەمکانت مژیوم پیَ حەرام دەکەم. دەیکەم. وەکو گوَشتی سەت لیَ حەرام دەکەم.»

مریَموَک ئافرەتیَکی درشت هەڵکەوتەی پشت کوورِبووەوەی چەناگە باریکی دەموچاو دریَژووکەی رِەقیَنەی کولَم زەق و زوَپ بوو. لە تافی لاویَنیدا چاو و بروَ رِەشیَکی، چاو گەورەی شوَخ و شەنگ بوو. ددانی هەموو کەوتبوون، گویَی داقوپابوو و روَچووبوو. دەموچاو و هەنییە و لیَوی چرچ هەلاَتبوون. هەندیَ قژی سپیی لە خەنە گیراو لەژیَر کوَفییەکەیەوە بەسەر هەنیەیدا کەوتبوو.

گوتی: «جاریَکی دیکە نەخلَەتابی ناوی ئەسپ بیَنی. ئەو بەرازە پیرە با هەر بیَ و بچیَ و ئەستوَی وردکا» و ئیدی چووە ژووریَ.

«وا ئیزگیل هات بەردەرکەی گرت. ناکریَ هەڵی نەگرم و نەیبەم.»

خەلیلە پیر چەند جاریَکی دیکەش بوَ کن عەلی هات. لە هەر هاتنیَکدا هیَندەی دیکە دەکرِووزایەوە و لە حاڵی خوَی بە گلی و گازن بوو و هەندیَکی دیکەش بە باهووی باوکی عەلیدا هەڵدەگوت و لەپاشان ناهومیَد و هەناسە سارد، بە خەم و پەژارە و توورِەییەوە دەگەرِایەوە. گوندەکە تەنیا چوار

ئەسپی تێدابوو. ڕووی لە سێیەکانی دیکەش نا. لەکن خاوەنی ئەوانیش زۆر کرووزایەوە و گلەیی و گازاندەی خۆی کرد. لەکن ئەوانیش لە دەست و پێ کەوتنی خۆی دەربڕی، بەڵام لە هیچ کامێکیان بە ڕاشکاوی داوای سواربوونی نەکرد.

«با ئەو گوجیلە سەگانە لە خۆیانەوە تێ بگەن. گوتیان وەرە سوار بە دەیڵێن. لە کێ دەترسێن.»

بەڵام هیچ کامێکیان نەیگوت:

«هاپۆ خەلیل ئەژنۆت دەلەرزێ فەرمووو سواری ئەسپەکەی من بە.» گوێیان بۆ شل کرد، بەڵام کەس خۆی لێ بە خاوەن نەکرد و وەک هەر لەوێش نەبن بڵاوەیان لێ کرد و ڕۆیشتن.

«کورە هەی بێ خەبەرینە. کورە هەی گوجیلە سەگینە، لەمێژە لۆکە قۆزاخەی تەقیوە لە چقوور. دەمێکە ئیزگیل هاتووە. بەڵام من بەم لاقە لەرزۆکانەوە بۆ چقوور ناچم. هەرچەندیش دەکەم و دەکارم زارم نایهێنێ پێتانی ڕاگەیێنم. هیچ چارێکتان نییە؟ من ڕێم پێ ناکرێ.»

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، خەلیلە پیر وەک ماخۆلانی بێ، لەناو گوند دەخولایەوە. خەو نەدەچووە چاوی.

دەیگوت: «مەرگ، بەلاوەگێڕی مەرگ و مەرگەسات بم، کوا، ها لە کوێ؟ مەرگ لەو کۆڵەوارییە خۆشترە. تا دەگەنە چقوور دنیا سەرلەبەر دەزانێ، خەڵکی گوندەکانی دیکە ها لە کەنگێوە گەیشتوونە چقوور. تەنانەت کاری لۆکە چنینیان بە نیوەش کردووە. باشە ناڵێن هاپۆ خەلیل ئەمساڵ ماڵت کوێر کردینەوە؟ منداڵت لە برسان کوشتین؟ عادیلە فەندیت سواری قەڵاندۆشکان کردین؟ بەخوا هەر بە کاڵی دەمخۆن، لە شیشم دەکێشن و دەمکەن بە کەباب. ئەمنیش مەگەر هەر هێندەم بۆ بمێنێتەوە، مەگەر بڵێم برادەرینە، پیر بووم ئیدی، جاڕس و وەڕس بووم. لەمەوپاش با یەکێکی دیکە خەبەری سەروەخت هاتنی لۆکە پژانتان پێ ڕاگەیێنێ. من ئەمە سی ساڵە جارێکم لۆکە چنین

پاش خستن؟ جارێکم پێش خستن؟ قەتم سەروەخت لێ شێواندن؟ هەر لەگەڵ قـۆزاخــە تـەق دەتەقی و تـۆپی ســپـی بەدیاردەکــەوت لەســەر مــەزرا ئـامــادە نەدەبوون؟ ئیـتـر بەسـە. هـەر هێندەم لە دەست دێ. پایدۆس. بڕایەوە. بەڵام بە کێ دەڵێی، گوندی گوێی لە هیچ نییە. بەڵام من بەم چۆکانەوە بۆ چقوور ناچم. یەکێ سواری ئەسپێکم نەکا وەڕێ ناکەوم. وەرزی لۆکە چنینیش بە گوندییان ڕاناگەیێنم.»

ڕای نەدەگـەیاندێ. دەتگوت گـوندی هـەمـوو بوون بە یـەک گـوێ و تەمـاشـای دەمی ئەویان دەکرد.

«هـاپۆ خـەلیل ساڵ درەنگ نییە؟ چەندی ماوە؟»

«پار ئەو دەمانە؟ هەی هوووو، لە مێژبوو لە چقوور بووین.»

«ئەمسـاڵ دنیا ساردبوو، بۆیە درەنگ قۆزاخە تەقی؟ تۆ بڵێی؟»

«هـاپۆ خــەلیل ئیــزگـیل پەناو پـەســێـو و دۆڵ و شـیــوانی پڕکـرد. ئـەی پۆلە قورینگێ بەرەو چیای تەکەچ هەڵنەکشان؟»

«هـاپۆ خەلیل بەهەڵە نەچووبی.»

«خـەڵکینـە ڕاوەستن، سـەر لە پیـاوەکە مـەشـێـوێنن. خـەلیلە پـیـر چ جـارێ بە هەڵەی بردوون؟ هـەڵبەت سرێکی تێدایە و هـەر خۆی دەیزانێ.»

«من دەترسم گرێ کوێرەیەک لەم کارەدا هـەبێ؟»

«ئەمسـاڵ خـەلیل زۆر بەدەماخە.»

«خـەلیلە پیر نابەزێ.»

«دە باشـە هـاپۆ خـەلیل چەند ڕۆژمان ماوە؟»

وەڵامـی هـەنـدێکـانـی بـەڕاسـت و درۆ دایـەوە، وەڵامـی هـەنـدێکـی دیکـەی بـە جنێوی پیس دایەوە، هەندێک هـەر گوێی لێیان نەبوو.

«وا ئیزگیل هات بەردەرکەی گرت. ناکرێ هەڵی نەگرم نەیبەم.»

ئـاخـرییـەکـەی کێچ بە کـەوڵی کـەوت، وەک هـەمـوو سـاڵێ دەیکـرد، هـەسـتـا چـڵە

دڕکێکی ئیزگیلی بەدەستەوە گرت. هەموو ساڵێ هەر کە ئیزگیلی بەدەستەوە دەگرت و نەدەگرت لە خۆشییان دەفڕی، هەڵدەپەڕی، پێ دەکەنی. ئەم جارەش ئەوەندەی لە دەستی هات حاڵێکی خۆش و بە پێکەنینی هاتێ. هەموو ساڵێ بە هەڵەداوان دەچوو بۆ ماڵی کوێخا. دیسان بە هەڵەداوان چوو بۆ ماڵی کوێخا. ئەوانی، دەست بە ئیزگیلەوە، بە هەڵەداوان، بە لارەلارە و هەڵسوکەوتەوە بۆ ماڵی کوێخا دەچوو، دیتیان، گوتیان:

«لە چقوور قۆزاخە تەقیوە. بەڵام خەلیلە پیر ئەمساڵ بەجارێ پیر بووە. داماوە نەک بە ڕاکردن، بە ڕاست و ڕەوانیش ناتوانێ بەڕێوە بڕوا هەژارە.»

کوێخا لە بەردەرکە بە پیرییەوە هات، پرسی:

«ئەمساڵ قۆزاخە پشکووتن بۆچی وا درەنگی پێ چوو؟» لە دواشییەوە، گوتی: « هاپۆ خەلیل قەتم لێ چاوەنۆڕ نەدەکردی لەگەڵ ئەم عەلییە درێژە و گوندییەکانی دیکەدا دەست تێکەڵ کەن و لە دژی من خەریک بن، شوورەییت نەکرد. چۆنت بە ڕیشی خۆت ڕەوا دیت، شەرمت بەخۆتدا نەهاتەوە؟» خەلیلە پیر وەدەنگ هات، گوتی:

«ئاگات لە دەمی خۆت بێ کوێخا، تۆ باویشت بەو جۆرەی قسە لەگەڵدا نەدەکردم.» جارانی بوایە بە قسەیەکی وا ڕادەچەنی و هەڵدەچوو، دنیای لێک دەنا، بەڵام هەر بەوەندەی بڕییەوە گوتی: «قسان مەبزڕکێنە. من بە تۆ ناخورێم.»

هەموو ساڵێ، کە ئیزگیلی دەهێنا دەیگوت:

«ئیزگیل لە دەرکەی دا. پۆلێکم بە ئاسمانەوە دیت بەرەو یای تەکەچ هەڵدەکشا.»

ئەم قسانەی هێند بە ئاووتاو دەگوت، هێند شیرین شیرین دەگوت و هێند بە زاری خۆش بوون هەر ئەوەبوو لە زاری هەڵنەدەوەرین.

کوێخاش دەیگوت:

«هاپۆ زۆری پێوە دەنێی،»

گوندییەکانی ئەوێش دەیاندایە قاقای پێکەنین. لە پاشان جارِ درا. گوندی خۆیان بۆ چوونە چقوور ئامادە دەکرد.

ئەم جارە کوێخا نەیگوت: «زۆری پێوە دەنێی». گوندی نەیاندایە قاقای پێکەنین. پیر و ڕدێن سپی ئەمەیان بە نیشانەی شوومایەتی بەدڵدا هات.

جارِکێش کزکز دەستی بە جارِکێشان کرد. سالانی ڕابردوو دەنگی زرینگ زرینگ دەزرینگایەوە. خەڵکەکە لە یەکدییان دەپرسی:

«ئەرێ ئەوە چییە؟ ئەم کرِوکپی و کشوماتییە چییە؟ ئاکامی خێر بێ.»

خەلیلە پیر ئیزگیلەکەی دا بە کوێخا و گەرِایەوە بۆ ماڵ، ئیدی تا خرِبوونەوە گەورەکەی گوندییان وەدەرنەکەوت.

٢

ئیزگیل لە ناوەندی خەرمانانەوە تا مانگی گەلارِێزان ڕەنگی سوورە. کوتومت وەک تەمێکی سوور، وەک هەورێکی سوور، ڕۆژێ لە پشتەوە بێ، بەو ڕەنگە ئەو دەرودەشتە هەموو دادەپۆشێ. وەک ڕێگایەکی سوور، وەک کەژوویکی درێژی مەوج مەوج، وەک پۆلە قورینگێ، وەک پۆلە پەرەوولێ بە جریوەجریو دەکرێتەوە و دادەخرێ، دەنیشێتەوە و بەرز دەبێتەوە، خرِ دەبێتەوە و داغان دەبێ. بەدەم باهۆزە لێوەوە بەو پێدەشتانەدا ئەمسەر و ئەوسەر دەکا و دەیانلێسێتەوە. لە شوێنێکدا ناسرەوێ. سەرگەردان، سەرلێشێواو، هەرچەندە دەکا ناهێورێ.

ئیزگیل درِک و دەوەنی هەرە گرنگی ئەو پێدەشتەیە. بە هاوینان درِکی چەند سەوز و جوانە، ڕەگ و ڕیشەشی بەو پێیە هێند ڕەختە و بەهێزە. دیمەنی ڕۆح بە بەر دەشت و دەرا دەکا و ژیانی پێ دەبەخشێ. هەر کە هیشک دەبێتەوە ڕەگ و ڕیشەی دەداتە کزی و بێ تێنی و درِووی هێندەی دیکە ڕەق و تیژتر دەبن، ئەوجا بەپێش باهۆزان دەکەوێ.

باهۆز لە ناوەندی پاییزرِا وەخۆ دەکەوێ و هار دەبێ. ئیزگیلیش هەر بەو

پێـیە هار دەبێ. ڕەنگی کاڵ دەبێـتـەوە و مـەیلەو زەردێکی زێڕین دەنوێنێ. بە چنگوڕکان خـۆی بە زەوییـەوە دەنووسێنـێ و هێند سـەرسـەخت دەبێ کـوڕم دەوێ هەڵـی کـەنێ. بەڵام ڕەگی بەجـارێ باریک دەبێ. پیـرە باهـۆزی پاش ناوەندی پایز، وەک بییـەوێ ئاسـەواری ئیـزگیل بەسـەر زەوییـەوە نەهـێڵێ بەو ڕەنگە هەڵدەکا. سیـڕەسیـڕ دنیای پێدەشـتان کـەڕ و کاس دەکا. من دەڵێم بە سـەدان تۆ بڵێ بـە هـەزاران بنجـە ئیـزگیل بـەو دەر و دەشـتـانە وەردەبن. دەر و دەشت لە تیـشکێکی زەردی زێڕیندا دەخنکێ، دەر و دەشت لە گـۆمـی هـەتاوا نووقم دەبـێ و دەبریقـێـتـەوە. چریسکە چریسک دەچریسکێـتـەوە. بە بریقـە بریقەوە دەخولێتەوە و دادەبارێ. دەر و دەشت بەبێ ئیزگیل دەر و دەشت نییە.

خەلیلە پیر دەڵێ: « شـەنگ و شۆخی و جوانیی ئەم دەشتە کاکی بە کـاکییە، ئەم خاکە بێ گیانە بە ئیزگیلەوەیە. بەبێ ئیزگیل ئەم خاکە چۆڵ و مردووە بە کەڵکی چی دێ؟»

دەشت و دەر قرچەقرچی لێوە دێ. خەلیلـەپیر گوێ بە خـاکەوە دەنێ، دەنگی خاکی لە تەهـی دڵەوە، گرم و هـۆڕی لە کرۆکەوە دێتە گوێ. خاکی دەشت و دەر ڕاگوێزێکی لەبارە. لە خـاکا دەنگی مێروو و هـێلانەی مەلیچک هەن. مـەلیچکێ هـەیە ڕەنگی شـین شـینە. شـینییـەکەی نێڵـەنێڵ هـەڵدەگرێ. ئەم مـەلیچکە کـەند دەســمـێ. درێژاودرێژ تـا دەتوانـێ دوور دەڕوا. لەنێــو دڵـی خــاکــدا هێــلانە سـازدەکا. کـە کـەندان دەسـمـێ گـوێی بۆ هـەڵخـە، دەنگی دێتـە گـوێت. جیکەی بێچووەکانیت دێتە گوێ. لە دووڕا دەنگی هـۆرەیەک دێ. هـەڵکـەندرانـی ئیزگیل بە قـرچەقرچی ڕەگ و ڕیشـەیدا دەزاندرێ. خـەلیلە پیـر دەڵـێ: «هیچ وەکو ئەم خاکە نییـە. تەلگرافی ناگاتێ. گوێی پێوە نێ ببییـە، دەنگی وات دێتە گوێ هـەر نەتبیسـتـوون. دەنگی شـمـشـاڵی شـوانێکت دێتـە گـوێ. لەوسـەری دنیـاوە دێ. لاوژەیەکت بەگوێ دەکەوێ نەگوتراوە. لاوکێکـی خـۆش و بەسـۆز، حـەیرانێکی نێـرگـز بـە کـۆڵ. گـوێی پێـوەنێ زرمـەی نـاڵی ئەسـپی وات دێتـە گـوێ دوو ڕۆژ لێـرەوە دوورن. هەمـوو پیـاوێ دەنگی خـاکی نایەتـە گـوێ. خـاک گـوێی دەوێ. دوردوگ و بلوێرەکانم گوێیەکیان دەوێ وەک گوێی خەلیلە پیـر کە هـەر لە تافی

لاوێنییەوە زۆری گوێ بۆ خاک هەڵدەخست و بە سەعات گوێی لە دەنگی دەگرت. گوندەکانی ناوچە لە گەرما هەڵقرچاوە هیشک و برینگە خۆڵاوییە بێ دار و لێرەکەی پشتەوەی چیاکانی تۆرۆس، کە بەرەبەرە تا دێیە خوار، دەبێ بە ڕاستان و درێژاودرێژ بە شەپۆلی بەرین و هەراو بەرەو پێدەشتان نشێو دەبنەوە، وەک گەسکماڵ بکرێن. سەرلەبەر بۆ ئیش و کار دێنە خوار بۆ چقوورئۆوا. گوندەکان کەسیان تێدا نامێنێ، تەنانەت نەخۆش و دەردەدار و کەفتەکار و کەنەفت و پەککەوتە و شیرەخۆرەی بەرمەمکان و خۆلاسە ورد و درشت لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و پاسەوانێکی پاسەوان ئاسایی چییە لەو گوندە چۆڵ و هۆڵ و بێ خێو و خودانانە بەجێ ناهێڵن و ڕێ و ڕاست دێنە خوار. کەچی بە تەغار خەلەودانی لە چاڵکراو و بە بار نوێن و پێخەو و دەیان سندووقی پڕ لە بەرگ و پۆشاک و کاڵا و شمەک و جیازیی هەرە گران و بەنرخیان لەوێ دەمێنێتەوە و هەرگیز بە بیریشیاندا نایە. چما کەسێ پێ داوێتە گوندێ لەم گوندە کشومات و بێ کەس و چۆڵ و هۆڵانە و دەست بۆ بزگورێ دەبا؟ بۆچی لەم ناوچەیە دزییەک دەکرێ؟ دەکرێ. بەڵام کەی؟ کاتێکی گوند ئاوەدان بێ و گوندی هەموو گەڕابنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. کەس لە دەرێڕا کەوشەنی ناوچەی وا چۆلکراو ناشکێنێ و تخووبی نابەزێنێ. بەڵام هەر کە گوندی لە چقوورئۆوا دەگەڕێنەوە هەنگێ لەگەڵ تێ ڕۆهاتن و لێک هەڵکردن و دەگژیەک ڕاچوون و کیژ ڕفاندن و ژن ڕەدووکەوتندا دزی و ڕێگریش دەست پێ دەکا.

دەگێڕنەوە: وەختی خۆی لەم وڵاتە کەڵە یاخییەکی جوێت دەلەک نێو دەبێ، قسەی نەدەبوو بە دوو و باکی بە هیچ کەڵەکۆتانێ نەبوو و پەروای نە بە میر و نە بە گزیر بوو، نێر نەبوو لێی بپرینگێتەوە و لەبەری کورەگوێ بێ. دز و زۆردار و خوێنڕێژ بوو. نارەسەنێکی وابوو، شیر حەرامێکی ئەوتۆ بوو ڕەنگ نەبوو بۆنی پارە و دراوی لە هیچ شوێنێ کردبا، ئەوی لە دەستی هاتبا دەیکرد. دەیکوشت، دەیبڕی، ژن و منداڵی سەر لانکی دەخنکاند، پارەی دەبرد. جا دەڵێن ئەم جوێت دەلەکە کەڵەکۆتانە بەناوبانگە جارێکیان بەر

ڕاونانی جەندرمان دەکەوێ. ها لێرە ها لەوێ وەدووی دەکەون، بەڵام لەم دەوروبەرانە شوێن پێی هەڵناگرنەوە و لێیان ون دەبێ. جوێت دەلەک دێ، لە نزیک گوندێکەوە خۆی دەشارێتەوە. برسی، تینوو، ماندوو، لە پەلوپێ کەوتوو و پەرێشان، دەستی دەخاتە ژێر چەناگەی، هەر بیر دەکاتەوە، بە هاوڕێکانی دەڵێ: «برادەرینە، خوا یەکە و نابێ بە دوو من پێ ناوێمە ناو ئەم گوندە بێ خاوەنەوە و یەک پارووەنانی ئەم گوندە ناخۆم. نەمکردووە و نایکەم.» و ناچێتە ناو گوندەوە. هاوڕێکانی دەڵێن: «سەلا لە خۆت و ئەقڵت جوێت دەلەک ئاغا، کاکە ئێمە خۆمان لە پێناوی پیاوەتی و مەردایەتیی جەنابتدا لە برسان ناکوژین. ئێمە وا لاکەی سەرمان دێ لە برسان، پەرێشانین پەنا و پەسێومان نییە و هیچ دەرەتانێکمان بەدەستەوە نەماوە. گوندەکە پڕە لە خواردن، با بچین خۆمانی لێ تێرکەین. پڕە لە نوێن و پێخەوی نەرم و نۆڵ، پێخەوی لۆکەداریش. لۆکەی چقوورئۆوا، بەناوبانگە. ئەوە دوو مانگی خشتە چاومان بە خەو نەکەوتووە، با بچین تێر و پڕیشی لێ بنووین.»

جوێت دەلەک چەناگەی هەروا بەسەر دەستییەوە دەبێ، بیرێ دەکاتەوە، لە پاشان سەری هەڵدەبڕێ، خوا لە غەزەبیمان بەدوورکا، چاوی ئاگری لێ دەبێتەوە، دەڵێ: «نەخێر نابێ برادەرینە. ئەمن هەموو شتێ دەکەم، هەموو خراپەیەکم لێ دەوەشێتەوە. بەڵام کردەوەی وا ناکەم. هەر ئێستاکە لێرەدا گیانم دەرچێ ناچمە ناو گوندی بێ ساحێوەوە و نانی ناخۆم. وا لە برسانیش دەمرم لە تاو بێ خەوی لە گیانەڵادام. خۆم لە سەرپێیان ناگرم. پێخەوێکی نەرم و نیان هەبا، لە لۆکەی سپیی چقوورئۆوا، دەچوومە ناوی و یەک حەوتووی ڕێک، لێی دەخەوتم. لەسەر یەک لا، یەک حەوتوو دەنووستم. برادەرینە هێند لەسەر زەویی ڕەق و تەق نووستووم ناوکێل و لاتەنیشتم هەموو شین بووەتەوە و گواوە. خۆ بەچاوی خۆتان دەمبینن. دەمبینن چەند کفت و پەرێشانم. نەخێر نانووم. من نابم بە یەکەم گێرەشێوێن، لە پاش سەت ساڵ دوو سەت ساڵ، سۆرە و تۆرە و نەوە و نەتیژە چیمان پێ دەڵێن، جا هەر ئەوەمان مابوو بڵێن حاڵی ئەم گوندانە وەختی خۆی وابوو واچوو. دەڵێن

وەختــێ خــۆی لـە چقــوورئۆوا مــەڕو گــورگ پێکەوە ئاویـان دەخــواردەوە. نامـەردێکـی جوێت دەلەک ناو پەیدابوو، ئەو نارەسـەنە هێسک گـەمارە ڕچەی ئەم داو و دەستوورەی شکاند، ئەو بوو، بۆ یەکەم جـار گوندی بێ خێوو چۆڵ و هۆڵی تالآن و برۆ کرد. من قـەت نەنگی دزێتی داهێنانی نێو گوندی بێ خاوەن بەشـانی خۆم ڕەوا نابینم برادەرینە. تا ڕۆژی حەشـر جنێو بۆ دایک و ژنم، تا نێو هێسکانم ناکرم برادەرینە. ئەگەر لێرەدا، با لەم پەنا دێیـەدا لە برسـان، لە بێ خـەوییـان، لە تینووان گـیـانـیـشـمـان دەرچێ، ئەوانـەی لە پاش مـە دێن چ دەڵێن؟ دەڵێن ئـاغـایەک هەبووە، لە دزێتـی و جـەردەییـدا وێنەو تـاکی نەبووە، تا بلــێـی خــوێنـرێژ و دڵ ڕەق بـوو، ڕۆژگــارێ لـە پەنـای ئەم گــوندەدا لەگــەڵ هاوڕێیەکانیدا لێیـان دەقەومێ، لە برسان لاکەی سەریان دێ و هەر ئەوە نابێ گیانیـان دەرناچێ، گوندەکە چۆڵ و بێ خـاوەن دەبێ، پڕ دەبێ لە نان، لە ڕۆن، لە هەنگوین، پێـخەو و نوێنیش لە لۆکەی سپیی چقوورئۆوا دەبێ، بۆ سـەرخەو شکاندنێ سۆمای چاویان دادێ، بەڵام دوو پێی ناهاوێتە نێو گوند و دەست بۆ چیلکەیەکی درێژ ناکـا. بتـرەژم پیـاو، ئافـەرم، هەزار ئافـەرم، دوو هـەزار جـار ئافەرم. بۆ پیاوی وا، کە لەگەڵ هاوڕێ ئازاکانیدا گیانیان لە پێناوی ڕاستیدا بەخت کردووە، گڵکۆیان پڕ نووربێ، بەڵێ ئاوا دەڵێن: «جەردەکانی سـەبارەت بەمــە دەست بە خــوتە و بـۆڵە دەکـەن، دەکـرووزێنـەوە. دەڵێن، بـا بچــینـە ناو گوندەوە هـەرچییـەکمـان برد، پارەی لە جیـاتی دادەنێین. دەرکـەی مـاڵێش بە شـایەت دەگرین، سـەودا و مـامـەڵەکەش لـەگەڵ دوو کێشی مـاڵەکەدا دەکـەین. دەتەوێ سـەودا لـەگەڵ گاسندا دەکەین. گاسن هەرچەندە بێ زمـانە و نە دەخوا و نەدەخــواتەوە، بەڵام بە ئـادەمــزاد حــســێــو دەکـرێ. ئەی کێ ورگـی خــاک هـەڵدەدڕێ و شۆی دەکا؟»

جـوێت دەلەک توورە دەبێ، دەڵێ: «گوتم نابـێ برادەرینە. گوتم ئەم کـردەوەیە ناکرێ. خۆتان مـاندوو مـەکـەن. کردەوەیێ لە مـرۆڤـایەتی نەوەشێـتـەوە نایکەم. حـەزدەکـەن فـەرمـوون با بـۆ ئەو ناوچە دوورانە بچـین، کێـهـە گـوندی خـۆتان دەڵێن، بـەمــەرجێ ئاوەدان بێ و چۆڵ نـەبێ تالآنی دەکـەین و بزگـوڕێکی تێـدا

بەجێ ناهێڵین. حەزدەکەن نێر و مێیان وەک کار سەردەبڕین. دەڵێن چی؟ ناتانەوێ و ئەوەندەتان بەبەرەوە نەماوە، ئەوە ناچارین، با ناوی خوای لێ بێنین لێرە بمێنینەوە، تا خەڵکەکە لە چقوور دەگەڕێنەوە، لێرە چاوڕێیان دەکەین. ئەوسا گوندەکە بە پاک و پیسەوە سەرلەبەر تاڵان دەکەین. کیژیان، ژنیان، هەموو دەڕفێنین، ڕۆنیان، هەنگوینیان بە تاڵان و بڕۆ دەبەین. بێ لەمە هیچ چارەسەرێکی دی نییە. تێ گەیشتن برادەرینە.»

خەلیلە پیر لەو ڕۆژانەدا بە تێڕ و خەروار تا هێسکانی جنێوی بۆ جوێت دەلەک بەدیاری نارد.

«هێندە پیاو با، ڕچەی شکاندبا و چووبایە نێو گوندەوە تاڵان و بڕۆی گوندی چۆلەوانی و بێ خاوەنیش کرابا، ئەودەمی گوندی، هەموو تێکڕا گوندیان چۆڵ نەدەکرد و سەرلەبەریان نەدەچوونە خوار بۆ چقوور. هیچ نەبێ پیر و ئیفتادەیان لە گوند بەجێ دەهێشت. هەی لە هێسکی جوێت دەلەکە سەگت ڕیم. گوو بە شیرەکەی.»

ئیش و کاری گوندییان لە چقوورئۆوا، مانگێ، مانگ و نیوێ دەبا. هەر کە لە کار دەبنەوە، دووبارە، وەک چۆن بە تێکڕایی دەچنە چقوور، ئاوهاش بە تێکڕایی دەگەڕێنەوە. ئەمە، هەر لە کۆنەوە وایە. واتە بەشی زۆری داهاتی خەڵکی دەوروبەری ئوزوون یایلاغ لە چقوورئۆوا وەدەست دێ. چۆن دەڵێن لە خەلە و دانم هێندەو لە پەز و مەڕ و ماڵاتی بەر دەرکەم هێندە و لە گا و گۆتاڵم هێندە وەدەست کەوتووە هەروەهاش دەڵێن لە چقوورئۆوا ئەوەندەم وەدەست کەوت.

عادیل ئەفەندی، دووکانداری گوندییەکانی ئەم ناوە، دەپرسێ:

«چەند سەرن؟»

«دە سەر،»

«هەر دەیان لۆکەچنن؟»

«یەکێکیان ساوایە، هەموو پێنج ڕۆژە هاتووەتە دنیاوە. ساوایەکی

چاوڕەشی ڕەش ڕەشە.»

عادیل ئەفەندی لە پێشدا لە مێشکی خۆیدا لێکی دەداتەوە، هەر بڕوایی نەهات و دڵی ئاوی نەخواردەوە دەکەوێتە پرسیار و چەند و چوون. ئینجا لە پاشان خێزانەکە چەند سەر بن، سەر و چەند شتێکیان بۆ دەپێچێتەوە و لە دەفتەرە زەردداا ناونووسیان دەکا. دەزانێ خەڵکەکە، پاش ئەوەی لە چقوورئۆوا دەگەڕێنەوە، هەر ئەوەندە مردنی تێدا نەبێ، یا یەکێ لە داخی دنیا لە گوند تەرە نەبووبێ و سەری خۆی هەڵنەگرتبێ، هەرچیی لە دەفتەرە زەردداا نووسیبێ تا دوا پوول لە قولەمستیدایە. بەڵێ چقوورئۆوا بەو ڕادەیە جێ متمانەیە و بەو ئەندازەیە ساغ و سەر ڕاستە.

گوند سەرگەرمی خۆ تەیارکردن بوو. هاتوچۆ، هەرا و دەنگەدەنگی ماڵەوماڵ، لە شوێنێ لاوانەوە، لە جێگایێ، گریان، لە جێگایێ پڕ بەدەم تریق و هۆڕی پێکەنین. جارکێشیش بە بانگەوازی بە سەرانسەری گوندا دەهات و دەچوو و ڕادەوەستا، دەیگوت: «هۆۆۆ خەڵکینە، نەمانبیست، جگە لەمڕۆ، دوو ڕۆژی ماوە. تا دەتوانن دەستوبرد کەن. هیزە پەلەکەن، خۆتان زوو کۆکەنەوە. گوندەکانی دی لە مێژە چوونە خوار بۆ چقوور. دەستوبرد کەن. ئەوەی دەستوبرد نەکا و دواکەوێ گوناهی وەئەستۆی خۆی، سزای شیاوی خۆی دەبینێ. لەوەتی ئەم گوندە گوندە هەروا بووە و کوێخاش وای فەرمان داوە.» ناڵە ناڵی نەخۆش و دەردەدار، خوتە و بۆڵەی پیر و کەفتەکار، پەرۆش و هەڵپەی خاوەن نەخۆش: نەخۆشەکانیان چۆن بگەیێننە چقوور. هاوکاری و یەکتر یارییەدان. قسە و قسەڵۆک، جنێو. لە هەڕەت و جەنگەی ئەم های و هووی و هەنگامەیەدا وەک بڵێی لەژێرەوە هەندێ شتی پەنی و پێوار ڕووی دەدا. بۆنی خۆتەیارکردن و بڕیاردانی لێ دەهات. بۆنی ئەم بڕیاردانە بە ڕوخساری منداڵ و زارۆک و ژن و کیژ و لاو و پیرەوە، بە ڕوخساری هەموو کەسێکەوە دەخوێندرایەوە.

هەر دەتگوت، بێ درکاندن، بە چاو بە یەکتریان دەگوت:

«هیزە ئەو تەرەسـە، نەیەڵن پێ بزانێ. پێی نەزانێ ها. دەنا دەبێتە کۆسپ و لەمپەر.»

گوند پێنج سـاڵ بوو بیری لەم مـەسـەلـەیە دەکردەوە، بەڵام بە هـیچ بڕیارێ نەدەگەیشت. هەریەکە بەلایەکدا ڕای دەکێشا. بەڵام ئەم ساڵ ئـوزوون عەلی و تاشباش ئۆغلـو و ئویێکسز ئۆغلان هەرسێکیان یەکیان گرتبوو تێ کۆشابوون، زۆربەی گـوندەکـە و ئـەوانی لاڕێیـان دەگـرت، وەسـەر ڕاسـتـە شـەقـامـیـان خسـتبـوون. واتا: چاوی گـوندییـان کـردبووەوە ڕاسـتـییـان تێ گـەیاندبوون. گوندی گوندییە، نەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی شتێ. هەر هێندە ئەقڵی شتێکی بڕی ئیتر لە سەرەنجام و دواییەکەی مەترسە.

لە سبـەینێوە تاشـباش ئۆغلـو و ئوزوون عەلی بەنێو گوند وەربووبوون، بەبێ ئەوەی کەس سۆسەی پێ بکا، هەر مـاڵێکی جێ بڕوای وان بوو سەرێکیان لێ دەدا و بەگوێی پیاوەکانیانـدا دەچرپاند: « بۆ مـاڵی ئویێکسـز دوران.» و گـورج وەدەردەکـەوتـن. مـاڵی ئـویێکسـز دوران تۆزێ دوورە دێ بـوو. بەر لە عـەسـر قەرەباڵغییەکی باش لە گوندییان لەوێ کۆبووەوە. تا ئوزوون عەلی و تاشـباش ئۆغلۆ هاتن هەریەکە قسەیەکی دەکرد.

تاشبـاش ئۆغلو هات لەبەر شیپانەی دەرکە دانیشت. تەزبیحـە زەردەکەی لە بەرکی دەرێنا. سـەری نەوی کرد و هـەندێ لە تەزبیحـەکەی ڕامـا و خستییەوە بەرکی. دەمـوچـاوی وەک ئـارەقـەی کـردبێ وابوو. زۆریش جـدییـانە بوو. وەک دەڵێن مـێشوولـەی پێوە نشـتبـایەوە دەبوو بە هەزار پارچەوە. وەک دەمـوچـاوی ئەسپ درێژ بـووبـووەوە. داکشـابـوو. چاوێکی بە قـەرەبـاڵغـیـیـەکـەدا گـێـڕا و دەستی بەقسان کرد، گوتی:

«هـاپۆینە، هـەموو بڕیاری خۆمان دا؟»

دەنگێ لە پشتەوە، دەنگی گویموێش ئۆغلـو:

«بڕیارمان دا تاشباش ئۆغلو. گوتمان، یا مان یا نەمان.»

یەکێکی تر:

«لەمەوپاش نایەڵین مافمان پێخوست کرێ، نانیان لە خوێن وڵاوتین.»

پیرەمێردێ بە مینگەمینگ هەڵی دایێ:

«وڵاوتین.»

قەرەباڵغییەکە پێنجیان جگەرەیان دەکێشا.

تاشباش ئۆغلۆ:

«هەموو دژی کوێخا دەوەستین. بەڵام هەموو تێکڕا. دوو کەسمانی خۆ لێ هەڵاوێرێ هەموومان دادەڕزێنێ. لە ڕیز دەرچوون نییە.»

گوتیان:

«نییە.»

«ئەوی لە ڕیز دەرچێ ژنەکەی سێ بە سێ تەڵاقی کەوتبێ و بە هیچ شێخ و مەلایەک چاناکرێتەوە؟»

هورووژابوون، بە دەنگی بەرز:

«بکەوێ و چاناکرێتەوە.»

ماوەیێ هەموو پێکەوە قسەیان کرد، کەس لە کەس نەگەیشت.

ئەوجا ئوێکسز دوران تێ هەڵچوو. دەموچاوی بەخۆوەنازین و لە خۆباییبوونی خاوەن ماڵێتی و خانە خوێیەتی پێوە دیار بوو.

«دەبێ دوو کەس لە خۆمان هەڵبژێرین، بچین بە کوێخا بڵێین، کوێخا. واتا: باوکی گوند. کوێخا خدری باوکت بەو جۆرە بوو. کەچی تۆ لەگەڵ بەکرە شێتی قەحپە ژندا دەستت تێکەڵ کردووە و یەکتان گرتووە. یەکتان گرتووە و نان لە خوێنی گوندییان دەگوشن. بە بەرتیل وەرگرتن مەزرای هەرە خراپ و بێ داهاتی چقوورئۆوا بە تووشی گوندییانەوە دەکەی و کێهە مەزرا قۆزاخەیەکی پێوە نییە ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنی. تووشی جۆرە مەزرایەکیان دەکەی گوندییەکانی دیکە پەسندی ناکەن و هەر کە چاویان پێ دەکەوێ ڕێ و ڕاست دەگەڕێنەوە و هەڵدێن. خەڵکی گوندەکانی تر ڕۆژی سەت

کیلۆ لۆکە دەچنن، کەچی گوندییەکانی ئێمە بیست و پێنج کیلۆشیان وەچەنگ ناکەوێ. خەڵکی دیکە بە کۆشێ پارەوە دەگەڕێنەوە، کەچی گوندییەکانی ئێمە تەنانەت قەرزوقۆڵەی عادیلە فەندیشیان پێ نادرێتەوە. ئاخر تۆ بەزەیێ، ویژدانێکت نییە؟ تۆ لە بەرەی ئینسان نی؟ بەڵێ بووی بە کوێخا، بەڵام ئەتۆش یەکێ نی لەم گوندە؟ چەند بەرتیل وەردەگری وەرە ئێمە بتدەینێ. وەرە ڕیزی ئێمەوە. با بە خوایشتی خۆمان مەزرا هەڵبژێرین. مەزرایێ هەڵبژێرین شتێکمان لێ وەچەنگ کەوێ. نەخێر، لەگەڵیشمان نابی ئەوە ئیدی بۆ خۆت دەیزانی. ئێمە لۆکەی مەزرایێ دەچنین دەستبژێری خۆمان بێ. ناچینە سەر مەزرایێ، دەلی بەکر بۆی دەستنیشان کردبین. دەبێ پشتیوانی لەو کەسانەش بکەین کە ئەم قسانەی ڕادەگەیێنێ. نەیەڵێن بترسن. با پشت ئەستوور بن.»

تاشباش ئۆغلو گوتی:

«قسەکانی دوران بەجێن. با دوو پیاو هەڵبژێرین. بەڵام کێ هەڵبژێرین؟ دوو کەسی ئازا و بوێر و بەجەرگ.»

ئوێکسز دوران گورج قسەکانی لە زاری قۆستەوە، لە تاوان دەست و پێی دەلەرزین، گوتی:

«با ئوزوون عەلی هەڵبژێرین، عەلی قسەی بەڕێ و جێ دەکا. قسەکانی کار لە دڵ و دەروونان دەکا. ناشترسێ، هەر خۆشی لە مەسەلەی بەرتیلخۆریی کوێخا و دەلی بەکری ئاگادار کردین. هەر عەلییە لە بەسەردا سەپاندنی جێگای بێ بەرهەم و بێ دار و درەخت و بێ خەندەک و بێ ئاوی وریا کردووینەوە، هەر عەلییە، ئەوە پێنج ساڵی ڕێکە ئەوەندی زمانی گەڕابێ هەوڵی وریاکردنەوەی مێشکی بێ ئاوەزی ئێمەی داوە. هەر عەلییە، لەو بەولاوە کەسی دیکە شیاوی ئەو کارە نییە.»

چەند دەنگێ لەپڕ:

«نییە.»

تاشباش ئۆغلو:

«ئەوی دیکەشیان با ئویکسز دوران بێ. وەک دۆموخڕات قسەی کرد.»

گوتیان: «با ئەو بێ.»

ئوزوون عەلی لەولاوە، وەک هەڵاژابێ وابوو، قیت بووەوە:

«هەر کە ڕۆژو وەخت و سەعاتی خۆی هات پاشگەزبوونەوە نییە. ڕووت و قووت لە مەیداندا پشت لێک کردن و بەتەنێ مانەوە نییە.»

کوێستوک ئۆغڵو بە ورگ و تەنگەی زلیەوە هەستا کشایە دواوە.

«تەڵاقمان خوارد. نانیشمان لە خوێنی خۆ گوشی. ئیدی شتی وا چۆن دەبێ. وا چاترە جەناب.»

هەموو بە کوێستوک ئۆغڵو پێ کەنین.

تاشباش ئۆغڵو:

«بڕوا ناکەم تا ئێستا دنیا شۆفارێکی وەک ئەم کوێخایەی ئێمە، وەک ئەم کوڕی کوێخا خدرەی بەخۆیەوە دیبێ. خۆ هەموو لە خوو و ڕەوشتی ئاگادارن. بە هەموو جۆرە کونێکەوە، بە هەموو خومخانەیەکەوە دەچێ و دێتەدەر. هەزار فرت و فێڵی لە بن سەردایە. کەوگیری هەموو مەنجەڵێکە. لە ترووکەیەکدا خۆی لە بەرگی دە کەسانەوە دەپێچێ. دەبێ بە دۆموخڕات. دەبێ بە عیسمەت پاشایی، دەبێ بە کوڕی دەبێ. دەڕۆست هاتنی کارێکی سەخت و دژوارە. دەبێ بەو پێیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ. جا، با پێشەکیش بۆتانی ڕوون کەمەوە، کە لە تۆڵەی ئەو کارە چ دەکا، جارێ یەکسەر، بێ سێ و دوو لەکن ئاغاکانی چقوورئۆوا سەرەسۆدرەییمان لێ دەکا، دەڵێ گوندی یاخی بوون و مانیان گرتووە، ساڵێکی ڕەبەق نابێ کاریان بدرێتێ، با وریابنەوە. ئەقڵیان بێتەوە سەر. دەشڵێ ئەم گوندییە نانکوێرانەی، کە لە ڕاست حوکوومەتەکەمان لە دژ میللەتەکەمان، لە دژ ئەم ئاغا چاکانەمان سەریان ڕاست کردووەتەوە، دەبێ سەریان وەک سەری مار پان کرێتەوە... و... و... بە ڕەگ و ڕەچەڵەکماندا دەچێتە خوار. ئەمساڵ بستێ مەزرای لۆکەمان دەست ناخا. بە دەستی ڕووت و پەتی دەگەڕێینەوە چقوور. ئەم کابرایە هەموو ناپیاوییەکی لێ دەوەشێتەوە.

هاپۆینە بەرگەی ئەم هەموو چەرمەسەریّیە دەگرن؟ ئەگەر خۆمان بگرین، ئاکامی خێر بێ، ئەمسالْ بێتەوە، هەرجێیەکی خۆمان ئارەزوو بکەین هەڵی دەبژێرین. کێهە مەزرامان بەدڵ بوو لەوێ کار دەکەین. تا خەلیلە پیریشمان هەبێ، ئەوە قۆزاخە تەقینیش لە هەموو گوندێکی چاتر دەزانین. بەرلەوەی گوندەکانی تر پێ بزانن ئێمە یەکسەر لەسەر مەزرای خۆمان دەبین.»

خەلیلە پیر گەرووی پاک کردەوە و خۆی بۆ ئاخاوتنێکی دوور و درێژ تەیارکرد، گوتی:

«هێیی... ئوحوو ئوحوو... هێیی هێیی...»

قسەکەی تەواو نەکرد، ئوزوون عەلی هەڵی دایێ، پرسیی:

«بەرگە دەگرن؟»

کوێستوک ئۆغلّو دیسان هەستا و دانیشتەوە، گوتی:

«تەڵاقمان خوارد، بەرگەگرتن ناچارییە.»

قەرەباڵغییەکە دەستەوهامێز، وەک لە تازێدابن، کرۆکپ، بێ دەنگ بوون، بیریان دەکردەوە.

خەلیلە پیر لەو دەمییەوە هەر ئوحوو ئوحووی بوو. گەرووی خاوێن دەکردەوە. گەرووی خاوێن دەکردەوە و چاوەڕێی هەلێ بوو. دەرفەتی هێنا و بە پەلەپەل دەستی بە قسان کرد:

«ئەدی باوم... ئا بەو ڕەنگە. ئەو هەتیوە پیسە بۆ تاشقەڵای بردم. ئەو هەتیوە گورووەی خدر. سەفەرە چەوتەم لێ بووە بە کوێخا. تا نەڵێی سەفەرەفەندی ناگەیە خزمەتی. گوتم، کورە هەتیو، باوکی تۆ کابرایێ بوو، بەڵێ کابرایێ بوو، وەڵڵاهی وام گوت، گوتم کابرایێ بوو شیاوی ئەوە نەبوو ئاو بە دەستمدا بکا. ئاو بە دەستی خەلیلە پیردا بکا. ئەو بەساییی منەوە کوێخایەتیی دەکرد. چ دەڵێی، گەردوونە و دەگەڕێ. خۆزگە بەو کەسەی چەرخی بە هەوای ئەو دەگەڕێ. گوتم هەتیو، تۆ بووی بەو پیاوە بە من پێ بکەنی؟ ئەمن خەلیلە پیرم پێ دەڵێن، خەلیلە پیر هەر خۆی و خۆی دەزانێ.

گوتم کوڕم شووره‌یی و فه‌هێت نییه‌؟ مافی گوندێکی گه‌وره و گران چۆن ده‌خورێ؟ لۆکه‌یێ، گوندێکی گه‌وره و گران خرِی کردبێته‌وه داگیر ده‌کرێ؟ حه‌یف نییه‌؟ عه‌یبه کوڕم، شووره‌ییه‌، ئه‌م بۆره‌کارانه دزێو و کرێتن. کاری وا تا ئێستا کراوه؟ ئاخر تۆ چۆن له‌گه‌ڵ ته‌ره‌سێکدا، که ژنه‌که‌ی قه‌حپه و داوێن ته‌ڕی گونده‌که بێ ده‌ست تێکه‌ڵ ده‌که‌ی و ئه‌م کارانه ده‌که‌ی؟ گوتم، کوڕه هه‌تیو خوا له سوڵتان مه‌حموود گه‌وره‌تره. هۆشت بێ، ئاوه‌زت وه‌گێڕه سه‌ره‌خۆ. له پاشان گوندی تووشی گێرمه و کێشه‌ت ده‌که‌ن. ئێمه ئه‌م ردێنه‌مان له ئاشدا سپی نه‌کردووه. به‌گوێم بکه‌ی سه‌ره‌نجام دووعای خێرم بۆ ده‌که‌ی. پڕ به دڵ ئافه‌رمم لێ ده‌که‌ی. له بری وه‌ی هاوڕێتیی نارِه‌سه‌نێکی وه‌ک ده‌لی به‌کر بکه‌ی، له‌گه‌ڵ هاوگوندانی خۆتدا، له‌گه‌ڵ هاپۆ و لالۆکانی خۆتدا، له‌گه‌ڵ که‌س و خزمانی خۆتدا یه‌ک بگره. نابێ؟»

خه‌لیله پیر ته‌واو که‌وتبووه سه‌ر بارتی و ڕێگای قسه‌کردنی خۆش کردبوو. تاشباش تێ هه‌ڵچوو:

«نابێ، تا ئه‌و ڕۆژه‌ی عه‌لی ئه‌م قسانه به کوێخا ڕاده‌گه‌یێنێ، نابێ که‌س ئه‌م قسانه‌ی له زار ده‌رچێ، نه‌کو به کوێخا بگه‌نه‌وه، پێی بگه‌نه‌وه که‌تنێ ده‌گێڕێ. عه‌لی ئه‌م قسانه‌ی له ڕێگا پێ ده‌ڵێ. خۆ ئه‌گه‌ر له چقوورئۆوا، ئه‌وه چاتر، باشه؟»

گوتیان:

«باشه.»

خه‌لیله پیریش قیژاندی، گوتی: «باشه.»

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی قسه‌کانیان نیوه‌چڵی پێ بڕی کرژهه‌ڵات، وه‌خت بوو کاسه‌ی سه‌ری بته‌قێ. هێنده‌ی نه‌مابوو به دایک و ژنی تاشباش ئۆغڵودا بێته خوار.

«ئه‌مساڵیش ده‌ستم دایه ئیزگیل، گوتم، سا پیاوه و ده‌مڕاستی گونده، بۆم برد. گوتم ئه‌وێ ڕۆژێ پۆلێ ئیزگیلم دیت، به‌ره‌و چیای ته‌که‌چ ده‌فڕی. که‌چی گوتی: «چییییی؟» ته‌وسی پێ کردم. منیش گوتم، کوره هه‌ی نامه‌رد، هه‌ی

تەرەس، هەی سەگی سەگباو، هەی تولەباو.

لە پێشا تاشباش. پاشان ئەوانی تر دایانە پرمەی پێکەنین. خەلیلە پیر بەمە زۆر تووڕە بوو، برۆی وێک هێنانەوە، چاوی زیت کردەوە، گوتی:

بە چ پێ دەکەنن توخم سەگینە؟ ئێوە پێتان وایە حەزم بە مردنی ژنەکەم کرد؟ دەگژ یەک ڕادەچووین، شەڕە جنێومان دەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش حەزم نەکرد. سالانی سالْ هاوسەر بووین و سەرمان لەسەر سەرینێک بوو. گۆلە سەگینە. سوێندتان بە چی بۆ بخۆم، دەڵێم بە مردوویتی ماچم کردبێ، پۆلێ ئیزگیلم بە ڕۆژێ نیوەڕۆیێ دیت، بەرەو چیای تەکەچ هەڵدەکشا. خوا دەزانێ پۆلێکی تەواو. بڕوا ناکەی ها؟ وای کە چەند تەرەسە وای، کەواتا مەچۆ بۆ چقوور. بڕوام پێ ناکەن مەچنە خوار بۆ چقوور، با خەڵک لۆکەی خۆی خڕکاتەوە، ئێوەش دەستتان بە گونی بارگینم.»

تا دەهات هێندەی دیکە تووڕە دەبوو، پتر هەڵدەچوو، بەدەم قسەکردنەوە ڕەگە کرژەکانی ملی وەک ئەنگوستی دەست هەڵدەئاوسان.

«بە ئێوەشی دەڵێم. با ئێوەش بزانن. ئەمن ئەوڕۆ ئیزگیلم بۆ کوێخا نەبرد. پازدە، بیست ڕۆژ لەمەوپێش بۆم برد. چاک گوێ هەڵخەن، سووک گوێ دێرن. باشتان گوێ لەم قسانەم بێ، درەنگە دواکەوتن. پازدە ڕۆژ لەمەوبەر بردم. ئەوەی دوێنێ بۆم برد دوا ئیزگیل بوو. حالی بوون؟ خۆم پیاو خراپ ناکەم. قسە لە کەس ناخۆمەوە. ها کەنگێ پێم گوتن، پازدە ڕۆژ دەبێ. بەڵێ لەوەتی پێم گوتوون، دنیا بووە بە یەک پارچە لۆکەی سپی، ئەوە پازدە ڕۆژی تەواوە. گوتم، کوڕی کوێخا خدر، چاوشارکێم لەگەڵدا مەکە. لەگەڵ گوندییاندا چاوشارکێ مەکە. ها ئەمڕۆ، ها سبەی لۆکە لە چقوور دەپشکوێ، بە گوندی ڕاگەیێنە. خوم بۆ گوندییان مەگرەوە. گوتی، بەقسەی تۆ خەبەریان نادەمێ تۆ دەبزڕکێنی، خەرەفاوی، پیر بووی.» قەرەباڵغییەکە لە وتووێژێکی گەرمدا بوون. خەلیلە پیر وەک لەگەڵ خۆی بڵێ:

«گوتم، پیر بووم، ئامەننا. پیر بووم، ڕاستە، ڕاستە، ئەمساڵ تا چقووریۆوا

ناشتوانم بە پێیان برۆم. ئەمەش ڕاستە. بەڵام تا ئێزگیل لەم پێدەشتە مابێ سەروەختی لۆکە پژانم قەت لێ تێک ناچێ.»

سەیرێکی عەلیی کرد. عەلی گوێی لێ نەگرتبوو، هەر دەتگوت لەوێش نەبووە، لە بیرکردنەوەیەکی سەیردا بوو.

گولاویک مورتەزای باریکەڵەی لاوازی جلوبەرگ شڕو شپڕێو لە دواوە گوتی:

«خراپە» و کڕ بوو.

پرسییان:

«چی خراپە؟»

هەناسەیێکی هەڵکێشا، دیسان گوتی:

« زۆر خراپە. هەرچەندە بیری لێ دەکەمەوە و دەترسم سەفەرە ئەفەندی بە ئاغاکان بڵێ. هاتو ئاغاکانی چقوورئۆوا نەیانهێشت قۆزاخەیێ خڕ کەینەوە و هەموو قسەیان کرد بە یەک، ئەوسا حاڵمان چۆن دەبێ؟ بە دەستی ڕووت بگەڕێینەوە گوند، ئەم زستانە، برسی، ڕووت... مردنە. خۆ عادیلە فەندی، ئەوە هەر بێ سێ و دوو گوندەکەمان دەسووتێنێ.»

چەند کەسێ لە ڕکان گوتیان:

«بابیسووتێنێ.»

«ئەمساڵ نەیدەینەوە ساڵێکی تر بە سووەوە دەیدەینەوە.»

لە پاشان گێرمە و کێشەیەکی سەیر دەستی پێ کرد. خەلیلە پیر قسەکانی بە نیوەچڵ لە زاردا مردار بوونەوە، یەک دوو جار دایک و ژنی لە کارخانە هەڵکێشا. بەڵام کەس گوێی بە قسە و جنێوەکانی نەدا و هەموو خۆیان لێ نەبان کرد. هەرچی خەلیل بوو لە تاوان گوڵۆڵە بووبوو. خواخوای هەلێک بوو. ئەمجارە نۆرە قسەی دەس کەوێ و ئیدی زاری لێک نەنێ.

چەند جارێ قیڕاندی، گوتی:

«ئەمن ئێزگیلم لە ئاسمان دیت.»

«کـە دەڵێم دیتم، لە پاش پازدە ڕۆژان لۆکـە لـە چقــوورئۆوا ســپی ســپی چووەتـەوە. واتا لۆکـەی گـوڵگوڵی پشکووتووە. واتـا وەک گـوڵی هەڵاڵـە بۆن و بەرامەی دەرو دەشتی پڕ کردووە.

دەنگی بەرزتر کردەوە:

«کورە ئاخـر هەی تەرەسینە، چ جارێ درۆم لە گەڵتاندا کرد، بڵێن. گوندیی دیکە سـەریان لێ دەشـێوێ، یا پێش لۆکـە پشکووتن بە یازدە ڕۆژان یا پاش لۆکـە پشکووتن بـە پازدە ڕۆژان دەچنە سـەر مـەزرا. ئەوە سی سـاڵی خـشتـە ڕۆژێ لە ڕۆژان چەواشـە بوون، تەرەسینە؟ هەمـوو جارێ کـە چووبێتنـەوە سەر مـەزرا لە چقـوور، لۆکـەمـان بـە پشکوتووی لە پێش خـۆمـانەوە نـەدیتـووە، چاوەڕێی لۆکەچن بووە؟ پێم گوت، بە خوێنخۆری ئەم گوندە، بە دژمنی گیانی ئێوە. بە هەتیوەکەی خدرم گوت، پێم گوت، کورە هەتیو، کوڕەکەی خدر تۆش بووی بە پیاو، بووی بەوە سـەفـەرە فـەندیت پێ بڵێن. با پێت بڵێن. بەڵام دەبێ زۆر چاک بزانی کــە من بـە ســەگـیــشت نـازانم. گــوتم لە زەمــانی خــدری باوکـیـشـتـدا ئەمـە هەروا بوو. پێم گـوت، بەو سـەفـەرە فـەندییـەم گـوت، بەو دەمرەشە؟ خۆیرێی وا کێ سڵی لێ دەکاتەوە، بێ جەرگێکە بۆ خۆی. پێم گوت، وا ئیزگیل هات لە دەرکەی دام. هەر ڕۆژێ پۆلێ ئیزگیلت بە ئاسمانەوە دیت خــولایەوە و بەرەو چیــای تەکــەچ هـەڵکشــا ئەوە بزانـە، مــەزرای لۆکـــە لە چقوورئۆوا وەک بەفر سپی دەچێتـەوە. مـەزرا هەمـوو چاوەڕێی لۆکەچنیـەتی، خـاوەن لۆکـە بە چوارچاو دەڕوانن، بزانن لۆکەچن بەدیارکـەوتن؟ ئاخـر هیچ سـاڵێ من بەهەڵەدا چووم، تۆ ئاوا گـەمـەم پێ دەکەی و خـەبەری لۆکە پژان لە گوندی ڕاناگەیێنی؟ دەبی بە خوێنخۆری گوندییان، دەبی بە مـایەی لە برسان مردنی منداڵ و زارۆکان. دەک کوێراییت دایێ سۆنگە و سەوەو، ماڵت کوێرەوە بێ سـۆنگە و سـەوەو، گـوتم گـوندی ئاگـادار کـەوە، گـوتم ئاگــاداریان کـەوە برادەر. گـوتی، نایکەم. گـوتی، تۆ خــەرەفـاوی. ئەوە پازدە ڕۆژی ڕێکە. وا بە ئێــوەش دەڵێم، لۆکـە لە چقــوورئۆوا پشکوتووە و تـەواویش بووە. چـی، وەڵڵا لەوانەیە بیست ڕۆژیش ببێ. وە سـەر و سۆراخـی چارەسـەری خـۆتان کـەون

هاپۆیینە. گوناھ لە ئەستۆی من نییە. لە ئەستۆی ئەو دەیوسەیە. لە پاشان کەس نەڵێ حاڵێ یا تەورێ، وا پێتان دەڵێم ها. بەرۆکی گرتم، گوتی، ئەم خەبەرە لە گوندییان ڕاگەیێنی ڕاپۆرتێکت لە هەق دەدەم، دەڵێم، لافی ئەوەی لێ دەدا، کە گوایە دەرد و نەخۆشییان بە فوو چاک دەکاتەوە، دەڵێ، شەو و ڕۆژ لەگەڵ شەیتاندا قسان دەکەم. دەڵێم، بۆ زێد و نیشتمان بەوەی و گەزەنە، کابرایەکی پاشەڵ پیسە، هەڵاتووە و پەت پسێنی یەمەنە. جەردەی ئەسلان ئاغایە. دەشتنێرم بۆ ئەو جێگای برایمی لێ گۆڕ بە گۆڕ بوو، بۆ زیندانی ئەدەنە و لەوێشەوە ڕاست بۆ پەتی سێدارە.»

هەرکە مەجلیسەکە کەمۆکەیەک هێدی بووەوە دەنگە دەنگ نیشتەوە. دەنگی خەلیلە پیر بڵیند بووەوە.

ئۆێکسز دوران:

«هاپۆ خەلیل تۆ ئەشقی خوا بیبڕەوە، با کەمێ قسە بکەین. خەڵکەکە بۆ ڕاوێژ و گفتوگۆ هاتوون. بزن بە هۆڵی گیانەوە و قەساو بە هۆڵی گۆشتەوە.»

خەلیلە پیر بەجارێ دەهری بوو، زاری کەفی دەکرد.

«کورە ئاخر هەی ئۆێکسزی توخم سەگی چڵمن، گوایە هینەکەی ئێمە قسە نییە؟ قسەی بەکار نییە؟ لە بری وەی قسەم پێ نەبڕی و ئەو گوێچکە کەرەکییەت بۆ قسەکانم هەڵخەی و بڵێی، بزانم ئەم خەلیلە پیرە بەم هەموو تەمەنەوە، بەم هەموو ئەزموونەوە چ دەفلێتێنێ قسەم پێ دەبڕی. هەڵی مەخە، گوێ بۆ قسەکانم هەڵمەخە. جا چاوتان بە خۆتان دەکەوێتەوە، چتان بەسەردێ هەر بەوەندەی گوندیت لە ماڵێ خڕبووەتەوە، بووی بە پیاو، ئۆێکسزە فیرکن؟»

هەندێ بە کۆمەگی ئۆێکسزەوە هاتن، گوتیان:

«کورە هاپۆ خەلیل بیبڕەوە، با دوو قسان بکەین. قسە لە کاری گەورە دەکرێ.»

خەلیلە پیر تۆزێ شڵەژا، بە تۆرانەوە:

«ده وا بڕیمەوە، ده قسان بکەن دەی، گوێ لە قسەی من مەگرن. ده گوێی لێ مەگرن، بزانین کێ زیان دەکا. ده مەیگرن.»

وەک منداڵ چارەی گرژ کرد، کشایە پەنایەکەوە:

«هێێیی هێی. ده مەیگرن، بزانم.»

کویمبە ئۆغڵو لەمێژ بوو کڕبووبوو، یەک قسەی نەکرد.

کەس نەمابوو لە کۆبوونەوەکەدا قسەی خۆی نەکا. دەبوو ئەویش قسەیێ بکا. لە دڵی خۆیدا وای بیر دەکردەوە.

«ئەوان وا بکەن، ئێمەش دەچین بۆ کن سەرۆکی حیزب، تۆفیق بەگ. هەموو شتێکی وردو باریک بۆ دەگێڕینەوە، دەڵێین، حاڵ لەمە، حیکایەت لەمە. دەڵێین ئەو هەمووە ڕایان بۆ ئێوە نەدا. لە پێناوی چدا؟ دەفەرموو ئەوەتا خەڵکەکەت لە برسان دەکوژن. ئاغاکانی چقوورئۆوا لەگەڵ کوێخادا دەستیان تێکەڵ کردووە، لە چارەی کوێخایەکەوە مەزرا لۆکەمان نادەنێ. هەر ماڵە تۆزێ لۆکەمان وەچەنگ کەوێ.»

لەسەر ئەوەی کە، داخوا تۆفیق بەگ بەلای گوندیدا، یا بەلای کوێخادا دادەتاشێ، بوو بە کێشە و بەرەیەکی توندوتیژ، ئەوسەری نەبێتەوە. لە پاشان کێشەکە بەلای ئەودا شکایەوە کە تۆفیق بەگ ئاوەزی هەبێ، کەسیش گومانی لەوەدا نییە، کە هەرخۆی کەندووی ئەقڵ و ئاوەزە، دەنا چۆن دەبوو بە سەرۆکی دۆموخڕات، بەلای گوندیدا دادەتاشێ.

خەلیلە پیر زۆر تەنگەتاو بووبوو، ئۆقرەی نەدەگرت، قسەکانی لە دڵیدا تاسابوون، ها ئێستا، ها تۆزێکی تر دەتەقییەوە.

هەرکە هەلی وەچەنگ هێنا و نەهێنا:

« کورە هەی بێ دینینە، ئیدی بەبەرمەوە نەماوە، گوێ گرن. ئەوەی قسەم پێ دەبڕێ چاوی دەکۆڵم. بەسە ئیتر. بەبەرمەوە نەماوە.»

کە گوتی، بەبەرمەوە نەماوە، ئەو چاوەی لە چاوی عەلیی بڕیبوو، ئێستا و ئێستاش نەیترووکاند.

«هەرچەند بیردەکەمەوە بۆ خۆشم نازانم چۆن دەگەمە چقوور. خەو لە چاوم ناکەوێ. ئەژنۆم بێ هێز بووە. لەرزەلەرز دەلەرزێ. ناتوانم دوو هەنگاو بڕۆم. چۆن دەگەمە چقوور؟

کوێخا ئەملاولام لەگەڵدا مەکە، تەپکە و تەڵەکە بۆ گوندییان مەنێوە. من بابەتی تۆ نیم. ئەم گوندییانە بابەتی تۆ نین. ئەو جۆرە پیاوانە نین وەک تۆ دەزانی، مافیان ناخورێ. کورە هەی کوێخا، کورە هەی هەتیوە چڵمنەکەی کوێخا خدر، تۆ بەم کوێخایەتییە زل و زەلامەتەوە، بەم سەرۆکایەتییەتەوە مینەکێکم بۆ پەیدا نەکەی، گوندی بیانەوێ نەک مینەک، شەمەندەفەرێکی زل و زەلامم بۆ پەیدا دەکەن. گوندی هەر ئەوەندە بیەوێ، ئیدی بەسە. شەمەندەفەرە بۆر دێنێ لە بەردەرکەی ماڵێی ڕادەگرێ و دەڵێ، فەرموو هاپۆ خەلیل سواربە.»

تاشباش ئۆغلو:

«ئەی وەجاخت کوێرەوە بێ هاپۆ خەلیل بۆ خۆت و فرۆفیشاڵی بێ سەروبەرت. هەی لەگەڵ خۆتیدای ببەیە گۆڕ، گوندی چۆن شەمەندەفەر بەم کەژ و کێوانەدا هەڵدەگەڕێنێ و دەیهێنێ و دەشڵێ، فەرموو هاپۆ خەلیل سواربە؟»

خەلیلە پیر ڕدێنی وەتەتەڵە کەوت. دڵیشی بەوە خۆش بوو، کە گوێ بە قسەکانی دەدرێ، قیڕاندی:

«دەیهێنێ» گوندی هەر هێندە بییەوێ. کێ دەڕۆستی گوندی دێ، کوڕم؟ گەڕێ لە گەڕم مەئاڵێنە کوڕم. کوڕەکەی تاشباشی خوێنخوار. گوتم لاشەکەی باوکت وەک کەلاکی چەقەڵ سەگەل بەکێشیان کرد. زارم مەکەوە. وەجاغی کوێرەوەبێ. توخم سەگ. بە کوێخام گوت، خوا لە سوڵتان مەحمووود گەورەترە. گوتم ئەو باوکەت، هەی هێسکی لە گۆڕەکەیدا جلێتانێ بکا، لە قسەی گوندییان بستێ دەرنەدەچوو. هەموو کاروبارێکی گوندی ڕادەپەڕاند، پیر و کەفتەکاری، نەخۆشی، لێقەوماوی بەسەردەکردنەوە. بە منیشی دەگوت،

خەلیل تۆ ئەولیای. کەس نەما دزی و ڕێگری نەکا، هەر تۆ بوسوڵمانەتییەکەت نەدۆڕاند. خدر دەیگوت، خەلیل تۆ ئازای ئەم گوندەی، شەرەف و ئاوڕووی ئەم گوندەی. کە تۆ نەبی، وا بزانە ئەم گوندەش نییە. ڕۆژێکیان ڕێگر بەسەر گوندیدا دا، خدریان دەکوشت، گوتم، خدر هەڵێ خۆت باوە ماڵێ مە، هیچ یاخییێ سەیری دەرکەی ئێمە ناکا و ئەوی سەیری کا چاوی دەردەچێ، پرت دەردەپۆقێ. ئەویش هات لە ماڵی مە خۆی وەشێرد. ڕۆحی، ڕۆحە شیرینەکەی قوتارکرد. لە پاشان پێی گوتم خەلیل ئاغا، تۆ ڕۆحت قوتار کردم. بەڕاستی قەرزاربارم. منیش گوتم، خدر، تۆ سەرۆکی گوندێکی زل و زەلامی، زۆرە بۆ تۆ؟ ئەودەمی هێشتا نەهاتبوونە دنیاوە. کوێخاش نەبوو. تەنیا عیسمەت پاشایەک و عەبدولعەزیز پاشایەک هەبوون لە دنیادا. من ئەو سەردەمانە خاوەن ئەسپ بووم. دە ئەسپم هەبوون. ئەو وەختە نەدەچووینە چقوور، بۆ خەڵک لۆکەچنی بکەین. ئەو ڕۆژگارە من لاوێکی توانا و بە گوڕ بووم. چما ئەوسا ئاوها بووم؟»

ڕاوەستا گوێی هەڵخست، هەموو گوێیان لێ گرتبوو، برێ پێ دەکەنین، هەندێ چاویان لێک دادەگرت، بەلام گوێشیان گرتبوو.

«بە کوێخام گوت، بڕوانە هەی لە گۆڕی باوەت ڕیم. لە هێسکی نێو گۆڕەکەی، خۆت لە قەرەی گوندییان مەدە. گەرت لە گەڕیان مەئاڵێنە. لە پاشان خاکت بە توورەکە دەبێژن، کورە گوندی دەتکەن بە تۆز و دوو. گوتم، من خەلیلە پیری گوندم، لە دەست و پێ کەوتووم. لە کێهەتان دەڵێی پتر ژیاوم. تۆ ئەگەر ڕاست دەکەی کوێخای، ئەگەر پیاوی هینێکم، مینەکێکم بۆ پەیداکە. تۆ پەیدای نەکەی، گوندی پەیدای دەکەن. بەلام هەنگینێ شەرەف و ئاوڕووی تۆ دەبێ بە دوو پوول. پەیداشی ناکەی لە گوندی گەڕێ، با وەک خۆی حەزدەکا بە ڕێگەی خۆیدا بڕوا.

گوندییەکی شەمەندەفەرێکی ڕەش بە بەردەرکەی گونددا ڕادەکێشێ و دەڵێ فەرموو هاپۆ خەلیل سوار بە، گوندییە نەک گاڵتە. ئەوە ئەو گوندییەیە کە دەڵێ هاپۆ خەلیل سوار بە بچۆ بۆ چقوورئۆوا، لە دەست و پێ کەوتووی، زۆرت

ڕەنج بە گوندییەوە کێشا. شەمەندەفەر نەهێنێ ئەسپێک پەیدا دەکا. ئەسپێکی بۆرە. وەک ئەسپە بۆرەی کوێر ئۆغڵی. ئەسپیشی پێ پەیدا نەکرا، کەرێکم هەر بۆ پەیدا دەکا.»

تاشباش ئۆغڵو خۆی پێ نەگیرا:

«کەریشی پێ پەیدا نەکرا، جاشێ، جاشیشی پێ پەیدانەکرا. تاژییەک، ئەگەر هەر تاژیشی بێ پەیدا نەکرا هاپۆ خەلیل؟» خەلیلە پیر هەر ئەوەبوو شێت نەبێ. ڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕا: «قسەم پێ مەبڕە، لە دوڕ دەوی باوت ڕیم... دوڕ دوڕ دەوی. بە کوێخام گوت، کەریان پێ پەیدا نەکرا، لاوەکان بە نۆرە لە کۆڵم دەکەن، بە کۆڵ ڕام دەگوێزنە چقوور. وەک تاشباشی باوت. دەزانی بۆچییان بەو دەیووسە گوتووە تاشباش؟ من دەزانم. بە کوێخام گوت، لەگەڵ گوندیدا هیچ ناکرێ. هەقی گوندی مەخۆ. مافیان پێخوست مەکە. کوڕم، تاشباش خەلیلە پیر داکیشت دەناسێ. گوتم ئەویش نەبێ ئوزوون عەلی ئەفەندی هەیە. کوێخا، ئەفەندی بە هی وەک تۆ ناگوترێ، ئەفەندی، ئەفەندی بە ئۆنباشی سیحییە دەگوترێ لە سەربازیدا. بە عەلی، ئەفەندی دەڵێن. ئەدی چۆن. عەلی ئەفەندی، کوڕی دۆستێکی گیانی بە گیانیمە. ئەم ئوزوون عەلی ئەفەندییەم بەش دەکا و لێشم زیادە. قابیلە هاپۆ خەلیلی لەم دەرودەشتە بەم بێ پەل و پۆییییە بەجێ بێڵێ؟ چۆن دەبێ؟ ئەمن لە بەرودوا و ڕابردوو و دواڕۆژی ئەم ڕەچەڵەک و ڕەگەما سەگەی تۆ زۆر چاک شارەزام، ئاگام لە هەموو گووێکی هەیە. قسەم پێ مەکە. ئێستا وەختی نییە. من دەزانم تۆ بە پشت و پشتیوانی و بە پشت و پەناوە دەنازی. ئەمن نیوەی گوندیش لە پشتم... ئەمنیش... تۆ ئازای بە تەنیا وەرە بەر مەیدان.»

تاشباش دایە قاقای پێکەنین:

«دەک ماڵی درۆم بە قوڕ گرتی. ئەم درۆیانەت بە ڕیش ڕەوان؟ دەتۆ خوامەوخوا ئەم قسانە بۆ کوێخا بگێڕیەوە، سا شەرت بێ شقارتەیێ بە ڕدێنتەوە بنێم، بیسووتێنم. هەر هەڵیش نەگیرسا دەبێ نەوتی پێداکەم و

بتکەم بە کۆسەی کۆسەوەوی.»

خەلیلە پیر توورە بوو، هەستا گۆچانەکەی لە تاشباش ئۆغڵو ڕاست کردەوە، وەخت بوو بە تۆقی سەریدا بکێشێ، باش بوو گرتیان. هەموو دایانە قاقای پێکەنین. لە تاوان دەستیان بە سێبەندەیانەوە گرتبوو، نەیاندەزانی چ بکەن.

خەلیلە پیر بەم توورەییەشەوە، خەمناک خەمناک چاوی لە ئوزوون عەلی نەترووکاند و هەنگاوی هەڵنەهێنا. لە پاشان هەر بەو توورەییەوە بە لۆژەلۆژ دای کێشا ڕۆیشت.

بڕیارەکانیان بڕیاربوو. وەک مێخسکە وابوو، قایم و پتەو بوون. مردن هەیە پاشگەزبوونەوە نییە. هەموو شتێکیان لە بن سەری خۆیان دانابوو. وێڕای ئەم هەمووەش عەلی و تاشباش ئۆغڵو دوودڵ بوون. سێ ساڵ بوو کارەکە ئاوهای لێ دەهات، لە پاشان کوێخا هەر وای دەکرد. گوندییانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا و عەلی و تاشباشیش دەستێ بەم دیوا و دەستێ بەودیوا، لەو ناوەندە بێ پشت و پەنا دەمانەوە. بەڵام ئەمەی ئەمساڵ وەک هی هەموو ساڵێ نەبوو. گوندی لەسەر بڕیارەکانیان سوورتر بوون. کاسە پڕ بوو لێی دەڕژێ، وا پێ دەچوو لەوە بەولاوە ئیتر لە کێشا نەماوە. بشێوێنە و ئاژاوەیێ نەکەوتبایەوە کوێخا بەو سووک و سانایییە خاو نەدەبووەوە.

عەلی:

«تۆ بڵێی پاشگەزبنەوە؟»

تاشباش:

«لە تەلاق خواردن زێتر...»

«تۆ بڵێی بە کوێخا نەگاتەوە؟»

«دەگاتەوە. هەرکەس نەبێ بۆی ببا، ئەو پیرە سەگە بۆی دەبا.

«هاپۆ خەلیل بۆی نابا. لەوە دڵنیام.»

«کێ بۆ ئێرەی بانگ کرد؟ تۆ؟»

«نەء، خۆی پێی زانیبوو هات.»

«ئای چەندی شەکر شکاند. شتێکی لەژێر زماندا هەبوو.»

عەلی سەری ڕاوەشاند. هەناسەیەکی لە ناخی دڵەوە هەڵکێشا، گوتی: «دوای پیری بڕێتەوە. لەبەر دەرکەی کەس نەنیشێتەوە.»

تاشباش لە خەم و پەژارەی عەلی نەگەیشت.

٣

مریەمۆک پێش تاریک و لێڵە بەچەند، ئینجا عەلیی بەخەبەر هێنا. بووکێش لە مێژبوو بە خەبەر هاتبوو. ئەویش زاڕۆکانی بە خەبەر هێنا.

عەلی بەدەم شەرواڵ هەڵکێشانەوە چوو بۆ لای ئەسپەکە. لای ئەسپەکە تاریک بوو. داوای قوتیلە چرایەکی لە ژنەکەی کرد. ژنە چراکەی لەنێو ئاخوڕەکە بۆ ڕاگرت. تەماشای کرد ئەسپە هێشتا کاوجۆکەی ئێوارەی بەنیوە نەکردبوو. بیری کردەوە، گوتی با تیمارێکی بکەم. ئەسپەکە، هێند بە تەمەن و پیر بوو، هێند لەڕ و لاواز بوو، ڕنەکی لەسەر پشت نەدەگەڕا. کوانێ لە ناوەندی پشتی هاتبوو. لێی پیس کردبوو. چا نەدەبووەوە. کا و جۆی نێو ئاخوڕەکەی لە توورەکەکەی کرد و دای بە دەستی ژنەکەیەوە. ئەسپەکەی ڕەها کرد، هێنایە دەرێ. ئەسپی گۆرین زگی تێک ڕۆچووبوو. لە ناو تاریکییەکەدا وەک تارماییییەک دەچوو. زینەکەی لە ژوورەوە دەرێنا، لە پشتی کرد. زینێکی چەرکەزییانە بوو. لەگەڵ ئەسپەکەدا هاتبوو. ئەم ئەسپە هەژدە نۆزدە ساڵ دەبوو هاتبووە بەر ئەمماڵە، هەژدە نۆزدە ساڵ بوو هەر لەسەر ئەو بارودۆخە دەهات و دەچوو بۆ چقوور. کاتێکی هات ئەسپێکی زەلام بوو. عەلی دەڵێ جوانوو بوو، بەڵام نا. وەک کەحێلە وابوو. تووکی وەک ئارایشت درابێ، وەکو زیو دەبریسکایەوە. ئەمن نازانم ئەسپی وا جوان چۆن کەوتبووە بەردەرکەی ئەم ماڵە هەژارە. لە مریەمۆک و خەلیلە پیر زیاتر کەس نەیدەزانی. خەلیلە پیر

هەرچەندە چاوی بەم ئەسپە دەکەوت ڕادەوەستا، هەناسەی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

«هێرِ و گێژ و وێژ خۆم.»

زینە چەرکەزییانەکەش لە ئەسپەکەی خراتر بەسەر هاتبوو. چەرمی چەرم ئاسایی پێوە نەمابوو. کوڵکەکەی هەمووی هەڵوەریبوو و بووبوو بە قەڵتاخێکی ڕەق و تەق و دارەکەی بەدەرکەوتبوو. ژێر زینەکەی کون کون بووبوو، گێز و گوڵەنگی پچڕابوو. عەلی کەچە زینی چاک لەسەر پشتی ئەسپەکە دامەزراند و بەر و تەنگەی جوان شەتەک دا. دۆشەکەکەشی لەسەر زینەکە دامەزراند.

گوندی بە خەبەر هاتبوون، هەرا بوو، جرت و فرتێ بوو، مەپرسە. کوێستوک ئۆغڵو، دوورە ماڵە، دیسان هەر جنێوی دەدا، نەڕەی کوێخا و هەرا و هوریاکەی کپ کردبوو و پڕ بەو ناوە دەینەڕاند. مەلۆتکەیێ لەو نزیکانەوە واقەواقی بوو. نەخۆشێ دەینالاند، ئاخ و ئۆخی بوو. منداڵێ دەگریا. سەگێ دەوەڕی، یەک دەنووزایەوە، یەک دەیلووراند. پاش تۆزێ ئەسپێ حیلاندی. ئینجا یەک دوو گوێدرێژ زەڕین.

عەلی باروبنەی پێچایەوە. دەستی دایکی گرت، هێنای بۆ کن ئەسپەکە. هەڵی گرت لەسەر پشتی دانا. ئەسپەکە چوارپەلی دەنوشتایەوە. عەلی خۆی لێ نەبان کرد. هەموو ساڵێ هەروا بوو، گوێی نەدەدایێ. وەک شێر دەگەیشتە چقوور.

مرێمۆک گوتی:

«ئەو کوڕەش لە ئامێزم کە عەلییەکەم.»

عەلی سەیرێکی ئەسپەکە و سەیرێکی دایکی کرد.

ئاسۆ خەریک بوو ڕوون دەبووەوە. هاکا ترۆپکی چیاکان لە دوورەوە سپی چوونەوە. ئیدی بەرەبەیان بوو.

گوتی:

«دایە ئەمساڵ ئەسپەکە حاڵی پەرێشانە. با کوڕەش بەپێی خۆی بڕوا، هەراش بووە.»

مرێمۆک لچی لێ هەڵقورتاند، گوتی:

«بۆ منداڵێ چیی بەسەردێ؟»

عەلی لە ژنەکەی پرسی:

«لە هەموو کارێ بوویەوە؟ دەرکەت کلیل دا؟»

ئەلیف گوتی:

«لە هەموو کارێ بوومەوە، دەرکەشم کلیل دا.» و لێی دا بەڕێ کەوت. تەقەی تەنەکە لە سەرووی حیلەی ئەسپ و زەڕەی کەر و قۆڕەی گا و هەموو هەرا و هۆریا و قیڕو هۆڕێکەوە بوو. ئەمەش واتا: گوند بەڕێ کەوت.

گوند کۆچی دەکرد. پشیلە و سەگ و توولە و کوند و قەلەڕەش و زەردە مێروو و قالۆنچە و سێڕوو و بۆقی جێ هیشکانی لە کون و کەلێنی ماڵاندا هەڵکورماوی چاو دەرپۆقیوی قوڕگ هەڵاوساو و ئورغوون ئەحمەدی شێت و لێوەی بە چیا کەوتوو و بێ سەر و سۆراخ بەولاوە و بەبێ ئەوەی گیانلەبەرێکی دیکە بەجێ بێڵێ بە هەموو شتێکەوە سەرلەبەر کۆچی دەکرد.

ها ئێستا ها تۆزێکی تر چمکی ڕۆژ بە دیاردەکەوێ.

هەر کە ترۆپک و لووتکەی کەژ و کێوان ڕوون بوونەوە، هەرا و زەنا لە ناکاو کپ بوو، زەڵە و دەنگەدەنگ نەما. کۆچ و بار سەرەتای لە گوند وەدیارکەوت، پاش ئەوەی کۆچ و بار بە تەواوی لە گوند وەدیارکەوت دەنگی هەرا و هوریا بەجارێ بڕا. ئەوناوە لە بێدەنگی و کڕ و کپییەکدا نوقم بوو. سرتە لە کەسەوە نەدەهات. ناوبەناو زیکەی تەیر و توو، یا ترپەی پێی ڕێبوار، یا تەقە و درینگەی تەنەکەی بۆش و بەتاڵ و ئامانە مس نەبێ، چرکە لە هیچەوە نەدەهات.

کۆچ و باری ئوێکسز دوران هەموو ساڵێ، کە لە گوندی دەردەچوون، پاش هەمووان دەکەوت. ئەمساڵیش پاش کەوت.

دوران هەموو ساڵێ لە پاش هەمووان وەڕێ دەکەوت و لە پاش هەمووانەوە دەگەیشتە چقوور و لە گەڕانەوەدا لە پێش هەمووانەوە دەگەیشتەوە گوند.

ڕۆژ هەڵات. لە بەژنە چنارێ بڵیندتر بووەوە. شەماڵی دەهات. تۆزی سپیی پێی ئەسپ و گوێدرێژ و پەز و ئینسان بەدەم باوە دەفڕی و ئەو دەشتە بۆزەی دەخنکاند. کۆچ و بار وەک لەبەر دڕندە هەڵاتبێ، بە گوڕ بۆ چقوور شۆڕ دەبووەوە.

ئوێکسز دوران، کوڵ بە کۆڵەوە لە چەقی ڕێگاکەدا وەستابوو، ئاوڕێکی دایەوە، تەماشای گوندی کرد. هاواری کرد، گوتی:

« هۆۆۆو خەڵکینە لە گوند ئاوا بووین.»

هەموو ساڵێ خەبەری ئەم لە گوند ئاوابوونە ئوێکسز دوران ڕای دەگەیاند.

ماوەیێ کەس ورتەی نەکرد. لە پاشان هەراوزەنای هەموو گوند بەجارێ تەقییەوە. ڕێگاوبان گیانی بەبەردا هاتەوە.

ئوزوون عەلی بلوێرەکەی بەرپشتێنی دەرێنا، هەڵی کردە ئاوازی شایی و هەڵپەڕکێیەک پیاوی لە جێی خۆی بە سەما دەهێنا. چۆن ئیزگیل، کاری خەلیلە پیر و ڕاگەیاندنی لە گوند ئاوابوون کاری ئوێکسز دوران و کوێخایەتی کاری کوڕی کوێخا خدر بوو، بلوێرئەنگێویش کاری ئوزوون عەلی بوو.

دەشی ژەنی و هەڵیش دەپەڕی.

عەلی زەلامێکی کەڵەگەتی درێژ بوو، باریکەلەیەک بوو، گەنم ڕەنگ، برۆ ڕەش و پڕ بوو. دەموچاویشی درێژووکە بوو، سەیرت کردبا لە پێشا برۆییت بەرچاو دەکەوت. چەناگەی وەک چەناگەی ژنان باریک بوو. شەرواڵەکەی کۆن و پینەپیناوی بوو. کراسەکەی هێند کۆن بوو، ڕەنگیت نەدەناسییەوە. هاوشانی ئەسپەکەی دەشڕۆیی و دەشیژەنی. پڕ بە دڵ نەیدەژەنی، ئەمساڵ بێ کەیف بوو، پێوەی دیار بوو. دوو لێفەی لە نێو گلێمێکدا لوول دابوو، بە کۆڵیەوە بوو. کەمێ بەبەرا نووشتابووەوە. لە چوار بارگینەکەی کۆچ و بارەکە یەکێکیان بارگینەکەی ئەو بوو. سالانی ساڵ ئەم ماڵە شانازییان پێوە دەکرد.

که پیر دەبێ عەلی بە گەمە لەگەڵ گوندییان کەحێلەی ناودەنێن.

کـــەحـــێلە لـە ڕەوت و بزاوتدا چوار پـەلی تێک دەئـاڵان. بەرزەیـەکی تـەواو، ئەسـپێک بوو، هێندە وشـتـرێ. مرێمـۆک لەسـەر پشـتی هەر دەتگوت بـەسـەر وشـتـرەوەیە، بە پاش و پێـشـدا دەلەنگی. عـەلی زۆر بێ ئینسـافـانـە باری لێ کـردبوو. جگە لە شـمــەکـەکـانی مـاڵی خـۆیان وردەواڵەی مـاڵی قـەرەوەلی خـاڵۆزاشی لێ نابوو. هەر دەرۆیشت و قـاچ و دەسـتی دەنووشـتـانەوە. سـەرەنگرێی دەدا، سـاتمەی دەکـرد. هەرچی دەیدیت بە حـاڵی پێ دەکـەنی. عەلیش دەیدایە باری گەپ و دەیگوت:

«بترەژم کەحێلە بۆر، کوێر ئۆغڵیش هی وەکو تۆی نەبوو.»

لە پاشان لە پەناگوێی نزیک دەبووەوە، یەک دوو ورتەی بە گوێدا دەچرپاند.

«هێێێی، فریشـتـەی بەردەرکان، پـێ بە خێر و شـادیی ماڵان، مـامـزبازم، بە نێسکە و لەنجـەکەم، نـاوکێل زراو و دوو ئەسـتـوورەکەم، چاو چاوی کـیـژی دە سالان، بژ و یاڵ شمشاڵەکەم، لاجانگ نەخشینەکەم... هێێی...»

پیرێژنەکەی پێشەوەی بە شـەلەشـەل گەڕایەوە، دەسـتی بە بەرچاویەوە گرت، ئەسپە و مرێمۆکی بە چاو دابێژت:

«ئەم ئەسپە خێر و بێرێکی زۆری بەپێوەیە، بە سەر و فەساڵیدا، بە بارەکەی سـەرپـشـتـیـدا دیارە. وا دیارە کـوڕەکەی مـرێمـۆک، بەسـتـەزمـانـە هـێندەت لێ بـارکـــردووە ڕۆح دەرنـاکـــا. لـە پاشـــان دەبینی چەندی خـــێـــر و بێـــر بـە نێوچاوانەوەیە، تەماشای کە بەستەزمانە.»

عەلی لە وەڵامدا، بلوێرەکەی، کە تۆزێ لە مـەوپێش لەبەر پشتێنی ڕاکردبوو، دەرێنا، گوتی:

«داپیرە زەڵەجەخان.» دەستی بە بلوێرژەندن و سەما کرد.

«دەیـهێنێ با بیـهێنێ. دەیـهێنـێ با بیـهێنێ. ڕوحی ڕەوانی شـاد بێ، ڕۆحی منیش و ئەو ڕۆحە خەونبینەی تۆش شـادبن، لە خەونتدا دیتت؟ ئەمە هـەرزەکار و لاو نییە، بە خەون ببیندرێ. ئەمە ئەسپێکی پیرە، زەڵەجە جوان. گوێدێرە.»

کـیـژ و کـاڵـی مـەمک لـە سـوخـمـە جـەڕاو و پـێ خـاوس دایانـە تریق و هـۆڕی پێکەنین.

کـۆچ و بار، سـەر لە ئـێـوارە، لە زەوی و زاری سـپـی ئاوابوو، بـەرەو داوێنی چیاکانی تۆرۆس هەڵدەکشا.

دار و درەخـتـی سـەوز تاک و تەرا، لێـرە و لـەوێ بەدیارکـەوتن، هەر کـە ڕۆژ ئاوابوو، چوونە ناو چەمێکی چڕە دارستان و لێڕەوارێکەوە. ڕێگا دۆڵاودۆڵ بە بناری چەمـەکـەدا دەڕۆیشت. لە سـەرووی ڕێگاکـەوە لەبن دارگـوێزێکی بەرز و تەرزدا کـانیـاوێکـی پڕ دەوروبەر پونگ هـەبوو، بۆن و بەرامـەی پونگ ئەو ناوەی تێر و مـەست کردبوو. بە کانییەکەیان دەگوت چاغڵ ئۆلوق. یەکەم قـۆناخ ئێرە بوو. کۆچ و بار لـەسـەر دۆڵەکە بار و بنەی خست. لە هـەموو لایەکـەوە بڵێسـەی ئاگـر بەرزبووەوە. مـەنجـەڵ خـرانە سـەر ئـاگر و دەست بە سـاوار لێنان کـرا. مانگ، لـە پشت گەڵا و وەڵگی دارگـوێزە بەرزەکانەوە دیاربوو، هێندەی نەمـابوو ئاوابـێ. بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆدەچـوو. مـانگێکی زۆر کـۆن. لێـڕەوارەکـە هاژەی دەهات، دار و دەوەنی تەڕی ئاورگـان قرچەقرچ هەڵدەقرچان، دەیانفیـشکاند. جگە لە بۆن و بەرامەی پونگ، بۆنێکی تاڵی دار و دەوەنیش دەهات.

عـەلی لەبن سـووورە چنـارێکدا بار و بنەی خـسـتبـوو. ئاگرێکی خـۆشـی لەبن سوورەچنارەکە هەڵایساندبوو. منداڵەکانی لە تاو سـەرمـا بە دەوری ئاگرەکەدا هەڵکورمـابوون، خـۆیان گـەرم دەکـردەوە. کـەحـێلـە لەولاوە توورەگـەکـەی بە سـەرەوە بـوو، ڕەق ڕاوەسـتـابوو، نـە دەبزووت. دەمـی لەنـاو توورەکـەکـەدا نەدەجـوولا، ئالیکی نـەدەخـوارد. مـرێمـۆک لە کن ئەسـپـەکـە بوو، خـەریک بوو دەسماڵی دەکرد.

ئەلیف سـێ کـوچکی گەورەی دیتبـووەوە، مەنجـەڵی لـێ خستبووە سـەر ئاگر، ساواری لێ دەنا.

لە دوورەوە، لـەسـەر سنووری ئـاگـرەکـە، تارمـاییـیـەک ڕاوەسـتـابـوو. با هـەرچەنـدە بڵـێـسـەی ئاگـرەکـەی ڕووەو ئەولایە دەبرد تارمـاییـیـەکـە ڕوون و

ئاشکرا بە دیاردەکەوت، بەڵام کێ بوو، نەدەناسرایەوە. ئوزوون عەلی تارماییەکەی لێ بووبوو بە مەراق، ئاخرییەکەی خۆی پێ نەگیرا.

«زەلام کێی؟ دەتەوێ وەرە بەر ئاگرەکە.»

تارماییەکە نەبزووت. وەڵامیشی نەدایەوە. بێ دەنگی و کپییەک بەسەر ئەو ناوەدا کشا. ئوزوون عەلی بەری بەولاوە کردبوو، ڕامابوو، چاوەڕێی دەکرد.

لە پاشان دیسان وەدەنگ هات، گوتی:

«زەلام کێی لەوێ ڕاوەستاوی؟»

تارماییەکە دیسان وەڵامی نەدایەوە. بەڵام عەلی سەیری کرد لە شوێنەکەی خۆیدا هەڵکورما.

مرێمۆک بە کوڕەکەی گوت:

«تۆ چیت بەسەریەوە؟ با هەر لەوێ هەڵکورمێ. کارێکی پێت هەبا دەهات بۆ کنت.»

عەلی کێچ کەوتبووە کەوڵی، هەستا، چوو بۆ کن تارماییەکە، کە لێی نزیک بووەوە، ناسییەوە.

«ئەهۆۆو، هاپۆ خەلیل، ئەوە تۆی؟ ئەی بۆ دەنگ ناکەی؟ هەستە، هەستە، وەرە بەر ئاگرەکە.»

خەلیلە پیر دەستە زەلامەکانی بەسەر زەوییە تەڕەکەی لێرەوارەکەدا پان کردبووەوە، لە سەرەخۆ هەستایە سەر پێیان خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دا و هات بۆ کن ئاگرەکە. لەوێ ڕاوەستا.

ئینجا عەلی دەستی دایە کەچە بەڕەیەک، خستییە بەر پێی، گوتی:

«فەرموو دانیشە هاپۆ.»

خەلیلە پیر بە شلەژانەوە، ڕوانییە عەلی، گوتی:

«دانیشم ڕۆڵەکەم؟» و دانیشت. هەڵکورما و دەستی بە ڕدێنیدا هێنا.

گڕی سوور بەر ڕدێنە سپییەکەی کەوت، وەک ڕەنگی مس سوور هەڵگەڕا.

مرێمۆک هەر کە چاوی بە خەلیلە پیر کەوت دانیشتووە، ملی ئەسپەکەی بەردا و گورج لەسەر ئاورگەکە حازر بوو، بەرانبەر خەلیلە پیر قوت بووەوە.

بڵێسە و گڕی ئاگر لێڕەوارەکەی تەواو ڕوون کردبووەوە. نێڵەنێڵی ئاگر، هاتوچۆ، هەڵپە و هەڵوەدا، ئەو ناو لێڕەوارەی کردبوو بە زارکی شارە مێروو. پیرە لێڕەوار بە زەڵەزەڵی کۆچ و بارەکە، غەڵبەغەڵبێکی دیکەی سەیری لێ دەهات.

خەلیلە پیر دەستی بە ڕدێنییەوە بوو، هەڵکورمابوو و لەملا و لەولای خۆی نە دەڕوانی و جوولەی نەدەکرد. گڕ و بڵێسەی ئاگر بەسەر ڕدێنە درێژ و باریک و لەرزۆکەکەیەوە دەڕەقسین.

پشوویێکی درێژ بێ دەنگ و مات بوون، چاویان لە ئاگرەکە بڕیبوو، چاوەڕێ بوون. ئەم چاوەڕێی ئەو، ئەو چاوەڕێی ئەم بوو. کێهەیان زاری لە پێش کێهەیاندا هەڵدێنا. هەر ئەوەبوو دڵیان نەدەتۆقی.

مرێمۆک تووڕە بووبوو، ئاخرییەکەی پەتی پساند. لە ئارەقەدا شەڵاڵ بووبوو.

زۆر بە توند و تیژی و تووڕەیییەوە گوتی:

«کوڕم ئاگادار بە، ئەسپەکەمان وا هەڵدەترۆپێ.»

عەلی سەیرێکی دایکی کرد. خەلیلە پیریش بە ڕدێنە لەرزۆکەکەیەوە بە کاوەخۆ ئاوڕێکی لە مرێمۆک دایەوە. ڕدێنی هێندەی دیکە وەتەتەڵە کەوت.

قەیرێ لە مرێمۆک ڕاما.

مرێمۆک هەستی بە قورسایی تێ ڕامانەکەی خەلیلە پیر کرد. سەری داخست.

«بەستەزمانە زۆر بێ حاڵە، سێ ڕۆژە ئالیک ناخوا.»

عەلیش سەری داخست. چیلکەیەکی هەڵگرت، دەستی بە خۆڵ تێکدانی بەردەمی کرد. ئەلیفیش، لەولاوە تەماشای ئەم شەڕە بێ دەنگەی نێوانیانی

دەکرد، هەر ئەوەبوو دانەدەڕزا. دەیزانی مریمۆک لەم کارەدا، هەرچییەک بێ، خەلیلە پیر ببێ بە تابووتیش نابەزێ.

لە سەرخۆ:

«کوڕم، عەلییەکەم، ڕۆڵەی خۆم، بەقوربانی ژێر نینۆکەکانت بم، بیرێ بکەوە، ئەسپەکەمان هەڵدەترۆپێ من چۆن ڕێ بکەم؟ وا هەناوم خەریکە بەردەبێتەوە.»

دەنگی بە هەستەم دەبیسترا.

خەلیلە پیر یەکەم جار بوو، جووڵەیەکی کرد. دەستی ڕاستی لە بن ڕدێنی دەرێنا، لە سەرەخۆ و بە دەنگێکی کزەوە گوتی:

«چما مریمۆک، خەلیلە پیر جوانوێتیی ئەو و بووکێنی تۆی لەبیر نییە؟ بڵێ، لە بیری نییە؟»

ئەمە پلارێ بوو، بۆ مریمۆکی هاویشت. خەلیلە پیر ئاگای لە بەرودوای مریمۆک بوو و دەیزانی ئەم ئەسپە چۆن هاتووەتە ئەم ماڵە، زۆر چاکیشی دەزانی. بەهیوابوونێ لە دەنگیدا بوو.

مریمۆک وەڵامی نەدایەوە، کڕبوو. نەشیدەدایەوە. عەلی سەری داخستبوو، هەر خەریک بوو بە چیلکەکەی دەستی خۆڵەکەی بەردەمی تێک وەردەدا.

دیسان قەیرێ کشومات بوون. جەنگەڵستانەکە بە جۆش هاتبوو، لە هەموو لایەکەوە دەنگەدەنگ و زەڵەزەڵ دەهات. عەلی چیلکەکەی دەستی دانا، تۆزێ خۆی کۆکردەوە. بیری کردەوە، ئەم ژنە لەبەرچی هێندە دژمنی ئەم کابرایەیە. بۆ خۆشی کەمۆکەیەک سۆسەی ئەم دژمنایەتییەی کردبوو. شتێ، شتێکی کۆنیان لە نێواندا هەبوو. بێ سرِ نەبوو. مریمۆک وەک تاشە بەردێکی ڕەق و تیژ و قورس لەوێ ڕۆچووبوو. هەرچی خەلیلە پیریش بوو، بەرەبەرە خاو دەبووەوە. لێی هەڵەنگوتبای لەت دەبوو، دواندبات، وەک منداڵ، دەیدایە پرمەی گریان. ویستی شتێ بڵێ، پەژیوان بووەوە. دەستی دایە چیلکەیەک، دیسان هەڵکورمایەوە.

خـەلیلە پیـر کە نائومێـد دەبوو، کـە مـرێمـۆک بێ دەنگ دەبوو، کـە ئۆزوون عــەلیـی کـوڕی کـڕ دەبوو، تووڕە دەبـوو. کــە تووڕە دەبوو ڕەگی ملـی هێندەی ئەنگوسـتـێک ئەسـتـوور دەبوو و دەئاوسـا . لە تـاوان بەردەبووە ڕدێنی و سـەر ئەنگوسـتـەکانی دەمـژین. لـە پڕ وەک منداڵێکی سـرک هـەسـتـایە سـەر پـێیـان. بەسەر مرێمۆکدا دانەوییەوە، بە دەنگێکی تێر و بە گوڕ:

«خــاوەن ئـەســپــیش و خــاوەن مـــەزراش و مـــێــرووی زەویش، تـەیروتووی ئاسمـانیش، ئەوەی لە نوێنی ئاوریشمـیشدا دەنوێ و ئەوەی لەسـەر ئەو زەوییە ڕەق و ڕووتـەش دەتلێــتــەوە و ئـەوەی شــیــری بـاڵداریشـی نۆشــیــبێ، تۆش و منیش... ئـەوەی خـاوەن کـوڕی عـەلیش بێ هـەمـوو دەچنە بن خـاکـەوە و دەبنە تۆز مرێمۆۆۆک.»

ڕێ و ڕاست گەڕایەوە و بە پەلە لێیان دوورکەوتەوە.

عەلی لەدوایەوە سـەیرێکی کرد، کابـرا پیرە بۆ ئـەوەی خێـرا بڕوا، گوڕی بە خۆ دا و بە شەلەشەل دای کێشا ڕۆیشت.

لە دڵی خـۆیدا دەیگوت، ئاخـۆ چەند مـاندوو بێ هەژارە. ئاخـۆ قـاچی چەند هەڵمـسـابێ. ئـەژنۆکـانی چـەند بێـشـێن. وای بۆ ئەو هەژارە، مــاڵی پیــرێتی کوێرەوە بێ. تاق و ڕۆژێکی بۆ چقوور مابوو، هەر بەپێیان ڕۆیشت، بەڵام ئیدی لەوە بەولاوە ڕێی نەکەوت هـەنگاوێکی دی هـەڵێنێ. عـەلی هـەڵی دەگرێ، سواری کەحێلەی دەکا . چەندی دڵ پێ خۆش دەبێ هەژارە.

بەسـەر پشـتی ئەسپەکەوە سەیرێکی دەکا و فرمێسک بە چاویدا دێتەخوار. بەڵام مرێمۆک دنیا لێک دەنێ و دەیکا بە یەک هەنگامە و حەشرێ مەپرسە.

«ئەو ڕۆژانەت بـەبیر دێنەوە عـەلییـەکـەم؟ مـاڵی پیـرێتی نوغـرۆ بێ. لەگـەڵ باوتدا، کە بۆ چقوور سەرەونشێو دەبووینەوە، لە قۆجە بوجاغییەوە شـووتیمان بە بار دەهـێنا، ئێـمــەش دەمـانـخـوارد و گـوندیش دەیخـوارد. ئـەو ڕۆژانـەت لە بیرن عەلییەکەم؟ ماڵی پیریم بە قوڕێ گرت. شـەوێکیان لەگەڵ باوتدا خـەروارێ لۆکەمان بە کۆڵەوە بوو، دەهـاتین. بۆچی سەرکار بەدوامان نەکەوێ؟ بە سـواری

ئەسپیش نەمانگەیشتێ، عەلییەکەم. هەقی وایە عوسمانلی هەرچی پیر و کەفتەکار هەن هەموویان ڕەهەنەی یەمەنێیان کەن. پیاو لە جیاتی ئەوەی پیر ببێ چاتر وایە بچێ لە یەمەنێ بمرێ. توخوا وەنییە عەلییەکەم؟ بارانێ دەباری عەلییەکەم، وەک غەزەب. مەزرای لۆکە سەرتاسەر وەبەر لافاو کەوتبوون عەلییەکەم. شەو بوو. شەوێکی تاریک و ئەنگوست لە چاو بوو. وەبیرت دێ؟ لافاو تەنەکەی هێنابوو، نوێن و پێخەفی هێنابوو، خێوەت و ڕەشماڵی هێنابوو. کێ گوندیی لەم کارەساتە ڕزگار کرد؟ من و باوت نەبووین؟ عەلی، تۆ پشتت بە پیرە دارتووێکەوە دابوو، لە سەرما دەلەرزیت، تا ناوکت لە ئاودا بووی. لەسەر دار توومەکەشەوە ئاو وەک کوندەی سەربەرەژێر بەسەرتدا دەهاتە خوار. ددانت چووبووە کلیلە بە ئامان و زەمان لێک نەدەترازان. تا بەیانی، هاتم بەو جۆرەم دیتییەوە. ڕووت و قووتم کردییەوە. گوتم بۆ ئەوەی گەرمت بێتەوە، بە لەشی گەرمی خۆوەم پێچای، عەلی بە بیرت دێ؟ بە لەشمەوە نووسابووی، بە باوەشمەوە بە ڕفکان بۆ گوندم بردییەوە، عەلی. لە گوند، لەبەر ئاگرێکی خۆش هێواش هێواش گەرممان کردییەوە. لە پاشان چای گەرممان دەرخوارد دای. بە بیرت دێ عەلی؟ منداڵ بووی، یا پێنج ساڵ، یا شەش ساڵان بووی. من ئەوساش ڕدێنم سپی بوو، بەڵام نەیاندەگوت پیری. بارانەکە دە ڕۆژی ڕێکی خایاند. لێی نەکردەوە. سەرانسەری چقوورئۆوا لافاو ڕای ماڵی. بە بیرت دێ عەلی؟ خاوەن مەزرا و بەرەجووت و تاخمیش و ئەوی شیری باڵداریشی خواردبێ دەبێ بە خۆڵ و تێکەڵ بە تۆز و گەرد دەبێ. تۆش و منیش هەروا.»

«باوت هێشتا بەسەر دنیاوە بوو، لە باخەقۆجان قۆخی توناوت بۆ دەدزیم، بە بیرت دێ عەلییەکەم؟»

عەلی هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسک.

ئاگری ئاورگان بەرەبەرە دامرکایەوە. گڕ و بڵێسە نیشتنەوە. تەنیا هەر سکڵ و پشکۆ مابوون. ئەستێرەی گەش گەش بەونێو دار و درەختانە وەربووبوون. لە پاشان سکڵ و پشکۆش بوون بە ژیلەمۆ.

ئەو نـاوە نوقــمی کـرِ و کــپــیــیــەک بـوو. ناوبەناو لـە ژێر دارێکەوە زەڵـەیەک دەهـات. منداڵێ دەیواقاند، ئەسپێ دەیحیلاند.

عـەلی خـەوی نەدەچووە چـاو. قـەیرێ گـوێی لە هارەی لێـرەوارەکە گـرت. لە سکڵــە دامرکـاوە چین چین مـشکی گـرتووەکـان و لـە گـیـانەڵا و سـەرەمــەرگی تیشکەکان ڕامـا. ئـەم دیوی کرد، ئەودیوی کـرد، بۆ خـۆشی نەیدەزانـی کوێی دێشا.

شـەوگـار بە نیـوە بووبـوو، کەڵەشـێـرێ خـوێندی. عـەلی هەسـتـا چوو بۆ کن ئەسپـەکە. ئەسپەکە سەری شۆڕ کردبووەوە توورەکە پڕ لە ئالیکەکەی لە زەوی دەخشـا. بیـری کـردەوە، گـوتی: لەوانـەیـە حـەزی لە کـا و جـۆ نەبێ. دەسـتـی لە پاشــووی ئـەسـپـە دا، درەمێ گـۆشــتـی پێـوە نەمــابوو. کـەحـێلە بووبوو بە هێـسکێکی ڕەق و تـەق. بەو تـاریکیـیـە، چـوو بە پەلەکـوتێ باوەشێ گـژوگـیـای لەناو جـەنگەڵەکە بۆ ڕنـی، هێنای لەپێش دەمی دایـنا. ئەسپی تایـن مـووی پێ نەبزووت. عـەلی تووڕە بوو، سەری گرت لەنێو گیایەکەی ڕاکرد. بەینـێ سـەری لەنێو گیایەکە ڕاگرت، بێ سـوود بوو. ئەوجا زاری لێک کردەوە، چەپکێ گیای لە زاری ئاخنـی. ئەسـپـە هـەر خـۆشی لێ بە خـاوەن نـەکرد و زاری نـەبزواند. چۆن بوو هـەروا مایەوە.

عـەلی هـێندەی دیکە تـووڕە بوو، بە توندی پاڵێکی بـە ئەسـپـەوە نـا، ڕەتێکی برد، گوتی:

«بە زەهـری مــارت بێ، ئیـشــەڵڵا هـەڵدەترۆپـی و منیش لـە دەســتـت ڕزگــار دەبم.»

لە ئێـوارەوە تووڕەییـیـەکـەی تا دەهات زێتـر دەبـوو. بۆخـۆشی نـەیدەزانی بە کێی برێژێ. هەروا پێوەی دەتلایەوە. سـارد بوو، کەچی سـەرمـای نەبوو. چووە نێو نوێنەوە. مانگ لە مێژبوو ئاوابووبوو.

عەلی ئـەمە سێیەم جاری بوو خەوی لێ بزڕێ. جـارێکیان بە شـەو لە ترسـی لافاو و سـەرما. شەوێکیشیان کە باوکی مرد.

## ٤

هێشتا بەیان سپیدەی نەدابوو، دنیا کڕ و کپ، کە خوڕەی چەمەکە گەورە بوو و لەگەڵ هاژەی جەنگەڵستانەکەدا تێکەڵ بوون، عەلی لە جێ وەدەرکەوت، یەکسەر، هەر کە گەیشتە کن ئەسپەکە و نەگەیشت زاری لێک داپچڕی و سەیری کرد. ئەملا گەڕا ئەولا گەڕا، ئێوارێ چەپکێ گیای لە زار ئاخنیبوو، کە نەیدیتەوە دڵی خۆش بوو. بەڵام باوەشە گژوگیا سەوزەکەی کە ئێوارێ لە بەری دانابوو هەروەکو خۆی مابووەوە. بە نووکە شاپ گیا سەوزەکەی هۆ وێ تووڕ هەڵدا، بەسەر دەوەنێکەوە نیشتەوە.

ڕێشمەی ئەسپەکەی گرت. لە سەرەخۆ ڕای کێشا. خوناو باریبوو. فڕی. لە دوورەوە جریوەی پەڕەوڵان دەهات. لە پڕێکا بۆنی بنێشتە تاڵی بە لووتدا هات. لە پاشان بۆن پونگێکی تفت و تاڵ بە شنەی سەحەرەوە هات. قاچی لە تووڕک و داری سەرەوژێربووی لێڕەکە هەڵدەزەلی و نووچی دەدا.

دایک و ژن و زارۆکانیشی وەخەبەر هاتبوون. ژنەکەی قاپ و قاجاخی کۆدەکردەوە. عەلی ڕاوەستا ئەسپەکەی ورد ورد بە چاو دابێژت و دەستی دایە باروبنە. تا جەواڵێ ساوار لەملا و تا جەواڵێ ئاردی لەولای ئەسپە نا. تا جەواڵە ئاردەکە دەتگوت ئێستات لە ئاش هێناوەتەوە. ئارداوی بوو. دۆشەکەکەشی هەڵدایە سەر زینە چەرکەزانە ڕەق و تەق و بۆش و بەتاڵەکە. لێفەکان و هەندێ دەفر و ئامانیشی لە کۆڵی خۆی کرد.

لەو دەمەدا گوندییانیش هەموو بە خەبەر هاتبوون. چەم و لێڕەوارەکە، ئەو چەم و لێڕەوارەی تۆزێ لەمەوپێش، دەنگی نەما، نە خوڕەی چەم ماوە نە هاژەی لێڕ.

لەگەڵ سپیدەی بەیاندا لێڕەوارەکە پڕبوو لە هەراو زەڵەزەڵ. پۆلێ باڵدار لە ڕۆژهەڵاتەوە بە جریوەجریو بەسەر لێڕەکەدا دەبارین.

لێڕەکە وەک سەری بە تەم و مژ بێ وابوو. لە دوورەوە چەند شتێ سەوز

سەوز دووکەڵی دەکرد. بۆنی توێکڵەداری پووکاو دەهات.

دایکی:

«لە دەوری نینۆکێکت گەڕێم، عەلی گیان، عەلی گیان، لە دەوری ئەو نینۆکەت گەڕێم کە دەیبڕی و فڕێی دەدەی، پشتم، ئەژنۆم هێند دێشێن. سواری ئەسپەکەم کە. وەکو جاران ناتوانم سواربم. حاڵی جارانم بە بەرەوە نەماوە.»

عەلی سەری ئەسپەکەی ڕاکێشا. لە تەک کۆتەرە دارێکی زەلامی سەرەوژێر بووەوەی ڕاگرت. دایکی سەر کۆتەرە دارەکە خست، لێی نەوی سواری ئەسپەکەی کرد.

مرێمۆک ڕێشمە و جڵەوی ئەسپەکەی گورج کردەوە و ڕەپ و ڕاست لەسەر پشتی قیت بووەوە. هەرچی دیتبای دەیگوت، کێ دەڵێ ئەوە مرێمۆکە پیری پشت کووڕە. مامزەیەکی لە تەنگەی ئەسپەکە دا. ئەسپەکە بە ڕێڕەوی ناو دارستانەکەدا تێ دەپەڕی، گوێدرێژێکی بە بارەوە کەوتوویان تووش هات. خاوەن گوێدرێژەکە لە لایەکەوە بە دار کەوتبووە وێزەی گوێدرێژەکە و لەلایەکیشەوە لە بارەکەی نەویبوو، بە نیخەنیخ دەیویست ڕاستی کاتەوە. مرێمۆک لە ڕێڕەوەکەی لای دا، دای کێشایە ناو دارستانەکەوە، گوێدرێژەکەی هەڵبوارد. ڕێگا بەربەرەڵڵا بوو. لەولاوە چیایەک، لە دوورەوە، لەنێو تەم و مژدا مۆر دەچووەوە.

لەپاش ئەو زارۆکان، ئینجا بووکەکەی، لەپاش هەمووانەوەش عەلی بەڕێ کەوت. لە ژێر کۆڵەکەیدا دوو قەمچ نووشتابووەوە. چاوی بڕیبووە چوارپەلی ئەسپەکە. هەرچەند چوارپەلی ئەسپەکە لێک دەئالان، هەرچەند سەرەنگرێی دەدا، ساتمەی دەکرد بەرچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا، هەرچەند ئەسپەکە وەک مامز ڕادەپەڕی کەیفی ساز دەبوو. لە لایەکەوە بۆن و بەرامەی گوڵەگەنمی بەلووتدا هات. تا چاو بڕکا گوڵەگەنم کە پشت بە پشتەوە سەریان بەسەر یەکدا شۆڕکردبووەوە، بە پێش چاویدا تێ دەپەڕین. تیشکی ڕۆژ بەوپەڕی

زەردییەوە تا چاو هەتەری دەکرد، لە دەشتێکی بێ سەر و سنووردا لەگەڵ گوڵەگەنمی زێڕیندا تێکەڵ دەبوون و دەبوون بە زەریایەکی زەرد و شەپۆلیان دەدا و کەروێشکەیان دەکرد.

کە ئاوڕی دایەوە، تەماشای کرد قەرە وەلییە، لە تەکییەوە بوو. بزەی هاتێ.

وەلی:

«پەککو! ئەوە چییە وا چوویە ژێری؟ نیو سەعاتی ڕێکە هاوشانت دەڕۆم، کەچی ئاگات لێم نییە، ئەوە چ حاڵێکە؟»

عەلی گوتی:

«هیچ، پلکە فاتم چۆنە؟»

وەلی:

«قەت مەپرسە، لە ئاوایی بەملاوە چاوی هەڵنەهێناوە. چ دەڵێی، تۆ سەربازیت کردووە، زۆرت نەخۆش دیون. چ دەڵێی کاک عەلی؟»

عەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا گوتی:

«چ بڵێم.»

دەلی بەکر بێ ئەوەی ئاوڕ بە هیچ لایەکدا بداتەوە، بە تەکیاندا بە پرتاو تێ پەڕی.

عەلی:

«تۆ تەماشای ئەم پیرە قۆڕە کە. دە فریاکەوە پیرە ها، فریاکەوە. دە فریاکەوە مەزرای لۆکە قۆزاخە نەتەقیومان بۆ ببینەوە.»

وەلی گوتی:

فریاکەوە، تەرەس، فریاکەوە. ئەدی گوندی چ بڕیارێکیان دا، وا دیارە بێ خەبەری.»

عەلی:

«چۆن بێ خەبەرم، لەگەڵ کوێخادا یەکیان گرتووە، گوندی نایانەوێ.»

وەلی:

«نایانەوێ، با نەیانەوێ، خۆیان دەبیننەوە.»

لەپاشان گەڕایەوە، گوتی:

«فاتۆک دواکەوت. شتێکی بەسەر نەیێ. با من بڕۆم لەگەڵ عەلی دوو قسان بکەم. خوا حافیز.»

کۆچ و بار سەرلەبەر بەڕێ کەوتبوو. پیرێژنی کەوا شینی پێخاوس، ژنی نیوەکاملی سەرپۆش سپی، تازەبووکی بسک پڕ پێچ و تاوی فێست سورمەچن، کیژۆڵەی سەروپێچ هەوریی ڕەنگاوڕەنگ هەموو بەڕێ کەوتبوون. شۆپ و شوێن پێی پێخاوسان ڕێگا خۆڵەپەتانییە سپییەکەیان دەنەخشاند. پیاوان هەر پێنج شەشێکیان یەکیان دەگرت، بەدەم ڕێگاوە قسەیان دەکرد. منداڵان بەمبەر و بەوبەری ڕێگادا یارییان دەکرد.

ڕۆژ تەواوێ بەرز بووبووەوە. سێبەری تێکەڵ و پێکەڵ بەسەر ڕێگا سپییەکەدا و بەسەر دار و دەوەنی جەنگەڵستانەکەدا کەوت. کوڕەکەی عەلی دەستە لە سەرما سوور هەڵگەڕاوەکانی پێشانی باوکی دا. ئیتر گەیشتبوونە جێگا سەرماکانی چیا.

گوتی:

«خوایە زۆر شوکور، ڕۆژ هەڵات.»

کوڕەکەی عەلی تازە ددانی حەوت ساڵانی کەوتبوو.

عەلی گوێی نەدایێ.

کوڕە گوتی:

«ئای لەو ڕۆژە خۆشە.»

عەلی گوێی لێ نەبوو.

کوڕە کەحێلەی بەجێ هێشت، لەپێش ئەسپەکەوە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. گوێدرێژێ بە بارەوە لە پێشەوە بوو، قۆڵانەکەی لە چوارپەلی ئاڵکابوو. ژنێ

سەری ڕادەکێشا، ئاگاداری کردەوە، گوتی:

«پوورە زاڵە، پوورە زاڵە، قۆڵانی گوێدرێژەکە بە چوار پەلییەوە ئاڵکاوە.»

سەیرێکی نەنکیشی کرد، کە لەسەر پشتی ئەسپەکە قوت قوت دەڕۆیشت. زاڵە حاڵی شڕ و شپڕێو بوو.

زاڵە دانوشتایەوە قۆڵانەکەی لە چوارپەلی گوێدرێژەکە داماڵی، مریمۆک بە تەنیشتیدا تێ پەڕی.

کوڕە بە نەنکی پێ کەنی، گوتی:

«نەنە، نەنە.»

مریمۆک لە نیازی قسەی کوڕە گەیشت، بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە.

گوتی:

«وەی ژەهری مار، هەتیوە پیسە. چاو چاو هەر لە ئێستاوە چەند بە تیر و توانجە. هەر هێندەی بستێکیشە. ئەم تیر و توانج هاوێژییە لە کوێوە فێربووی؟»

عەلی هێندەی لە چوارپەلی ئەسپەکە نواڕی، بە جارێ وەڕەز بوو. ئەسپەکە لە هەر چوارپەلی سیانی بێ ناڵ بوون، ئەوی دیکەشیان نیوە ناڵێکی شکاوی پێوە مابوو. چەندین ساڵ بوو عەلی ئەسپەی ناڵ نەکردبوو. لە داخان ئەسپەکەی بەجێ هێشت، بە پڕتاو پێشی کەوت. کە لە لێڕەکە دەرچوون، سەرەو لێژ بۆ ناو دۆڵێکی بۆزی بێ دار و دەوەنی وشک و برنگ نشێو دەبوونەوە. لە ناکاو خەلیلە پیری لە بەردەمیدا دیت. خەلیلە پیر تەقەتەق، بە گۆچانەوە، لەسەرەخۆ، بە شەلەشەل دەڕۆیشت. هەندێ دەڕۆیشت و هەندێ ڕادەوەستا. پشووری سوارببوو و تووشی هەناسەبڕکێ هاتبوو.

عەلی، کە خەلیلە پیری بەم حاڵەوە دیت، خەلیلە پیر بۆ ئەوەی عەلی نەیبینێ هێواش بووەوە تا هات هێواشتر بووەوە. عەلیش بەپێی ئەو هێواش بووەوە. ژنان ڕەت بوون، منداڵ و زارۆکان، پیر و کەفتەکاران، نەخۆش و دەردەداران، ئەسپ سوار، کەرسوار، هەموو ڕەت بوون. خەلیلە پیریش لە پاشی پاشەوە

بەجێ مابوو. ئەو چەند پاش دەکەوت عەلیش هێند هێواش دەبووەوە.

یەکێ گوتی:

«عەلی، ئەوە چییە؟ بۆ بەجێ مای؟ بڕۆ، شوێنێکت ئازاری نەگەیشتبێتێ؟»

عەلی دەموچاوی مۆن و گرژ هەلات، بەلای چەپیدا ئاوڕی دایەوە، گوتی:

«سێبەندەم دێشێ.»

لە پاشان دایکی هات تێ پەڕی، ئەنجا ژنەکەی.

تاوەکو ئەمان لە نشێوەکە چوونە خوار کۆچ و باری گوند بەجێیان هێشتن.

عەلی بە خەم و پەژارەوە بیری دەکردەوە: چۆن خۆ وەپەنایەک دەم. بیبوێرم و تەپلەکەم بەسەر هەنیەمدا شۆڕکەمەوە و هەروەک نەشمدیتبێ خۆمی لێ نەبان کەم. بەڵام هەرچەندی دەکرد هیچی بە دڵ نەبوو. ئەدی چیی کردبا؟ هیچی لە دەست نەدەهات. لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەم گوندییە بێ ویژدانانە، ئەم گوندییە بێ دینانە. تۆ بڕوانە حاڵی ئەم پیرە کەفتەکارە. چۆن دەبێ، ناکرێ. هەی خوا بیبڕێ یاسا و دۆزی وا. خوا بیبڕێ ژیان و گوزەرانی وا. ددانی بەڕیچا برد.

کە هاتنە خوارێ، بۆ دۆڵەکە، ڕوانییان کۆچ و بار لە هەورازەکە بەسەر کەوتبوو و لە گردەکەی پێشەوەیان ئاودیو بووبوون.

خەلیلە پیر لەبن دۆڵەکە و عەلی لە ناوەندی هەورازەکە بوون.

عەلی دانیشتبوو بیری دەکردەوە. لە پڕ ڕابوو، خۆی بە خۆی گوت، نییە، هیچ چارێ نییە. نەیداتێ، مەحموود چ پکا. ئەسپەکە نەخۆشە. دایکم بە تەنیا بگەیەنێتە چقوور زۆر چاکە. خۆ ئەگەر ئەمیش سوارکەم ئەوە خێر و شەڕم بەرانبەر یەک دەوەستن و وەک دەڵێن دەردو بەڵا لە بەزە و ڕەحم دەکەوێتەوە. خۆ چارێ ئەوە دایکم دەیکا بە ڕۆژی حەشر. چ بکەم، چم لە دەست دێ؟ بووم بە خەمکەی خەمان، دەرد و مەینەتی خەڵک بە من بڕاوە.

بە پڕتاو لە نشێوەکە هاتەخوار، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. کە

گەیشتە کن خەلیلە پیر، خێراتر تێ پەڕی. هەستی کرد خەلیلە پیر زۆر دڵخۆشانە و خەمناکانە تەماشای کرد. هەر بەجارێ دارِزا، پتر تاوی بەخۆ دا. کە بە هەورازەکەدا هەڵزەنا و گەیشتە نیوەی، خۆی پێ ڕانەگیرا، ئاوڕێکی پاشەوەی دا، تەماشای کرد خەلیلە پیر خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا داوە و لە دواوە سەیری دەکا. چاوە وەک دوگمە چکۆلەکانی بە هەموو قورساییەکیەوە بە کوڵییەوە دیت. گورج لە هەورازەکە بەسەرکەوت. وەک شێت لەم و لەو هەڵەنگوت، گەیشتە دایکی. سەری ئەسپەکەی گرت بەرەو دووا وەری چەرخاند. ڕەنگی وا ڕەش داگیرابوو، هەر ئەوەبوو لە داخان نەدەتەقی. نە دایکی نە کەس هیچیان لێ نەپرسی.

کە گەڕانەوە، خەلیلە پیر لە نیوەی هەورازەکە بوو، ئەسپەکەی لەسەر هەورازەکە ڕاگرت. مریەمۆک بە سەرسوڕمانەوە، بە دەستی لەرزۆکەوە ڕێشمەی ئەسپەکەی توندکردەوە.

عەلی ڕای کرد، چوو لەبن باڵی خەلیلە پیر نەوی. کابرای پیرەی، وەک ڕابکا لە هەورازەکە بەسەر خست.

کە گەیشتنە سەر هەورازەکە خەلیلە پیر هەر ئەوە بوو هەناسەی لەبەر نەبڕێ.

ئەسپەکەی لە چاڵێ نزیک خستەوە. خەلیلە پیریش هێنایە سەر چاڵەکە. ئەنجا کابرای هاوێشتە پشتی دایکی.

مریەمۆک بەمە زۆر تووڕە بوو. دەست و پێی بە لەرزە کەوت. ڕێشمەکە لە دەستی بەربووەوە. عەلی هەڵی گرتەوە، بە تووڕەییەوە دایەوە دەستی دایکی. ئەنجا سەری ئەسپەکەی گرت، ڕای کێشا. بەڕێ کەوت.

هێند خێرا دەڕۆیشت وەخت بوو ئەسپەکە سەروبن بێ.

عەلی کە گەیشتە کۆچ و بارەکە سەری ئەسپەکەی بەرەڵڵا کرد. گوندییەکان گوتیان:

«کوڕی وەک عەلی چاک، قەت نییە و نابێتەوە، خوا، دەستی بەباڵەوە بگرێ

و هەرچی دەستی بۆ دەبا ببێ بە زێڕ. ئەوجا سەیرێکی ئەسپەکەیان کرد و دایانە قاقای پێکەنین.

کوڕە چکۆلە لە باوکی نزیک بووەوە، گوتی:

«ئای کە چەندت ئارەقە کردووەتەوە، باوە. خەلیلە پیریشت سوارکرد. جا ئەسپەکەمان هەڵترۆپێ، ئەنکم چ پکا؟»

عەلی وەڵامی نەدایەوە.

کوڕە هەر دووپاتی دەکردەوە:

«ئەگەر هەڵترۆپێ..»

عەلی نەڕاندی گوتی:

«با هەڵترۆپێ.» و تفێکی زەلامی هەڵاوێشتە سەر زەوی.

کوێخا، کە مرێمۆک و خەلیلە پیری بەسەر پشتی ئەسپەوە دیت، گوتی:

«کوێخا دەزانێ ئەمە لە سۆنگەی چییە. ئەم گوندەشتان لە حیزبایەتییەوە وەردا. لەگەڵ دەلی بەکردا لە دژی من دەستتان تێکەڵ کردووە. وە لە دژ حوکومەتەکەشمان، هەموو یەکتان گرتووە. بەڵێ بەڵێ»

مرێمۆک لەوساوە خەلیلە پیر سوار بووبوو، هەر بۆڵە و خوتەی دەهات. خۆ، کە ئەسپی تایین ساتمەیەکی دەکرد، ئەو هێندەی دیکە پێی لە بۆڵە و خوتە دادەگرت. لە تەکالە ڕەت بوون، گەیشتنە سەر چەلق. ڕێگای جا لێرەوە هەرە تووش و هەڵەمووتی ڕێگا بوو. ڕێگا، ڕێگا نەبوو، پلە سەختێکی تەنگەبەری تووشی تاشەبەردی تیژ بوو. دەبوو لەسەرەخۆ و زۆر بە ئەسپایی بەنێو چاڵوچۆڵی بن تاشەبەردەکاندا هەنگاوت هەڵێنایە.

ئەسپەکە، کە گەیشتە ئێرە مرێمۆک هەر بە جارێ هار و شێت بوو. ئیتر خەلیلە پیر بە کوت و مەترەقی گوێی لە هەموو خوتە و بۆڵەکانی بوو، گوێی لێ بوو. بەڵام خۆی لێ نەبان دەکرد و قووتی دەدان.

«مەیە، برام. حاڵت شڕە مەیە. لە دەست و پێ کەوتووی مەیە. ئەمە بوو بە چی، هەموو ساڵێ بە بەرۆکی ئەسپەکانمەوە نووساوی و بووی بە نووسنەک. ئەسپ هی ماڵی باوتە، باپیرتە؟ بەو چاوە شینانەتەوە لۆکە بۆ من خڕ دەکەیەوە؟ تۆ خڕی دەکەیەوە و هەتیوەکەشت لەسەر سمت و کەفەڵی ژنەکەی دادەنێ، بۆ ئەوەی تۆزێ زلتر بەدیارکەوێ و کوروکاڵی پێ هەڵفریوێنێ. مەیە، برام مەیە. ڕدێن گواوی، چاوشینی نەگریس. ئەو مەینەتییەی برایم لە دەستی تۆی چێشت. مەیە، پەپووی شووم و بەدوومی کوڕی بەدووم. مەیە بۆقی چاوشینی وشکان. مەیە پیسی گەماری چەتوون، مەیە گەزندەی مردوو. هەی لێ نەبییەوە یا خوا، دڵیشی خۆشە کوڕی بەخێو کردووە، ئەی نەدەبوو گوێدرێژێکت بۆ پەیداکا، باربەرێکت بۆ بکڕێ. مادامێکی ئەو لۆکەیەی خڕی دەکەیەوە، ئەو لۆکەیەی، کە بە دەموچاوە وەک دەموچاوی بۆقی تۆپیوەتەوە خڕی دەکەیەوە لە قوونی ژنەکەی دەنێ، مەیە. تا کەی جەزرەوەت لە دەست بکێشم. لە گوند بمێنەوە، ببە بە خۆراکی گورگ و قەل و داڵاش، دە مەیە! ئاخر کەس هەیە دەستت بگرێ؟. هێیی، ئاخر کەس هەیە دەستت بگرێ و بۆ چقوورئۆوات بەرێ؟ دە مەیە. هەی بەرازە پیر، هەڵترۆپێی، دێی دەکڕووزێیەوە، دەڵێی لە دەست و پێ کەوتووم. سواری ئەسپی خەڵک دەبی، چۆن ئەسپێکیش، چوارپەلی لێک دەئاڵێن و هەر ئەوەیە بەلادا نایێ. ئاخر ناڵێی ئەم ئەسپە چۆن دوو کەس هەڵدەگرێ، ناڵێی هەڵدەترۆپێ. ئاخر ناڵێی، لە پاشان ئەم مریەمۆکە پیرە چۆن بە پێیان بڕوا. ناڵێی ناتوانێ بڕوا و بەلادا دێ. بڕۆ سواری ژنە پیسە، داوێن تەڕە، قژ ڕشکن و چەپەڵەکەی هەتیوە خوێڕووەکەت بە. خوا ڕۆحت بستێنێ، خەلیلە پیری فیرکنی، سۆیکەی میراتی. ئەوە بە برایمت کرد. ئەو ناوە خاوێنەیت بەد و بۆسۆ کرد. پیاو نابێ تۆزێ بیربکاتەوە؟ پیاو نابێ کەمێ بە ویژدان بێ؟ ناڵێ ئەم بارگینە هەڵترۆپێ ئەم کوڕە دایکی، ژنی. منداڵی هەموو لەم چیا و چۆلانە سەرگەردان دەبن و دەمێننەوە. هەی قوڕمساخ. هەی داوەشێی. بێ ویژدان. ئەوەی تۆ بە برایمت کرد. عەمرێکی دوور و درێژ ژیانت لێ بە دۆزەخ کردین، خەڵک چوزانێ؟ ئەمن دەزانم.»

خـەلیلە پیـر نووکی ڕدێنی لە زاری ئاخنیـبـوو، دەیکرۆشت و دەیکرۆشت و خۆی لەم هەمـوو جنێوانە نەبان کردبوو، هـەندێ جاریش هەرئەوە بوو شـەقی نەدەبرد، لە دڵـی خۆیدا دەیگوت، «شـەیتـان بە نەحلەت بی، ئـەگـەر ئێـسـتـا بە تەپڵـی سـەریدا دەدەم، لەبن چوارپەلـی ئەسـپـەکـەدا گـورمـۆڵەی دەکـەم و دەیتـۆپێنم، ناشـمـەوێ بتـۆپێ، ئەوسـا دەڵێ خـەلیلە پیـر بەری دامـەوە. زیندان شتێکی خراپە.»

ڕووی بە لای ڕاسـتیدا وەرگێڕا، چیایەکەی ئەوبەرەوەی بە چاو لە شـە دا. چیاکان لـە دوورەوە شـین دەچوونەوە. سـەریان بە هـەور و هـەڵا بوو. هـەور بەرەو ڕۆژهـەڵات دەکشا. تەپ و نماوی و بە بریسک و باسک بوو. مۆر بوو. بۆ ئەوەی قسـەکـانی مرێمـۆک نـەبیـەت هـەرچییـەکی لە دەست دەهات دەیکرد. بیـری لە ڕۆژگـاری کۆن دەکردەوە، بیری لە سـەردەمی هـەرە خۆش دەکردەوە، دەیگوت چیـای مـۆر، هـەوری سـپی. لەم ڕێگایە زۆر لەمـێـژە. کـەل و بەندەنـە شـین و ترنجـیـیـەکـانی چیـای قـسـق گـەدگی بە بیـر خـۆی دێنایەوە. بەڵام نەدەکـرا. نـەیدەتـوانی هـەروا خـــۆی گـــێل و نـەبـان کـــا. ڕدێنـی هـەروا لـە زاریدا بـوو، دەیکرۆشت. پیـرێژنیش لەبن دەسـتییـەوە هـەر دەیخـوێند و دەیخـوێند. بەوێتی، بەمـێتی؟ بـۆچی بە منی بێ؟ کـوڕەکـەی سـواری نەکـردم؟ خـۆ من لە کـوڕەکـەی نەپاڕامەوە، قابیلە من پێم گوت بمهاوە تەرکی دایکت؟ بۆچی بە منی بێ؟ پیرە و خـەرفـاوە. پیاو کە پیر بوو زاری ناوەستـێ. هـەردەڵێ و دەڕێسـێ. من گوناهـم چییە؟ چیم لێ کردووە؟ ترۆپکی چیاکە تووش و سـەخت بوو. ئسرغانییەکان بۆ ڕاوەکـێـوی دەچوونە ئـەوێ. زۆریان دەچوون و نەدەگـەڕانەوە. ڕاوە کـێـوی کـارێکی چەتوونـە خـوا بە کـەسـی نەنـوێنێ، ترۆپکەکـە سـێ هێندەی منـارەی مزگـەوتی ناوبازاڕی ئەدەنە بەرز و تووشـە. وەک مـەڕمـەڕ تـووش و لووسـە. وەک مـەڕمـەڕیش سـپییـە. هـەمـوو بەهـارێ بەردی سـپی لەناو گولیلکان نوقم دەبن، ئەو ناوە دەبێ بە باخـچەیەکی سـەد تەرز و ڕەنگاوڕەنگ. خـەرتەل و دالاشـی بە سـەرەوە تەنـووره دەکـەن. خـۆ جـەنجـەڕگـێـڕان و گـێـرە تـا بڵـێی ڕەزالەتێکە نەبێتەوە. ئینجـا درەو، خۆ ئەوە هـەر باسـی ناکرێ. ئەدی لۆکە چنین، ئەمـەیان

بەڵایەکە لە بەڵای خوا. پیاو کە پیر بوو بەجارێ پشتی دەشکێ.

لە دوورەوە، هەر لە بەراییی چیا شینەکانەوە خەرتەل بە ئاسمانەوە دەخولانەوە.

ڕۆژێکیان قلْچغێ چووبووە گەرووم، تا دوو ڕۆژان کۆکیم.

ئەسپەکە ساتمەیەکی دیکەی کرد. پیرە پشتی زۆر دێشا. هەرچەند ئەسپەکە ساتمەی دەکرد مرێمۆک دەنگی هێندەی دیکە بەرزتر دەکردەوە. من بۆ خۆم گوێم لێیە، ئامان خەڵک نەبیستێ. وا نەزانن جنێو بە من دەدا، چوزانن، خەڵک چوزانن ئەم پیرێژنە دەمەوەرە هێند زۆر بڵێیە و زاری ناوەستێ.

«دوای پیر بڕێتەوە، چاومان لە چاویان نابێتەوە. بەر بەڵای خوا کەون. بۆ ئەمانە نەبن کاری دنیا هەڵناسووڕێ؟ ئاخر ئەمانە چ سوودێکیان بۆ دنیا هەیە؟ نە ئەوەتا بمرن و لە کۆڵ بنەوە، نە ئەوەتا خەڵکیان لە دەست قوتاربن.»

خوارەوە جەنگەڵ و لێڕەوارە. لەپاش عەسر سەرەتای کۆچ و بار دەگەیشتە جەنگەڵەکە. دووەم قۆناخیان نێو جەنگەڵستانەکە بوو، تا دەهات نزیکتر دەبووەوە، تا نزیکتر دەبووەوە پتر دەکشا. جەنگەڵستان گوڵووکی لێ نابڕێ. هەموو ڕۆژێ بە سەدان تەرز گوڵووکی لێ دەپشکوێن. جەنگەڵ وەمرۆ دەچێ. شیری کاڵی مژیوە، تۆ وەرە وەرە. بڕوانە، ئەم مرێمۆکە چەند سپڵەیە. هیچ چاکەیەکی لە بەرچاو نییە. جەنگەڵستانەکە بەملاو بەولادا دەکشا. بۆن و بەرامەی پیاوی کاس دەکرد. بەڵام چۆن بۆن و بەرامەیێ؟ کەمێ تاڵ بوو. بۆنێکی لە مێژینەی وەک خەون. لە بۆن و بەرامەی پونگ و کاژ و کانیاو و سێوی باڕن و سیس هەڵاتوو دەچوو. لە ڕۆژگارانی زۆر کۆن بەملاوە هەروا دێ و دێ، دەک خوا بەڵات لێ دا مرێمۆک. دە کەمێ بێ دەنگ بە، پیاو چکێ سەری ئاسوودە بێ. پشتیشم هەر وەختە ببێ بە دوو کەرتەوە. ئای بۆ جوامێرێ جگەرەیەکم وێ دا. باوکی هەزار جار دەچووە بەهەشتێ. مرێمۆکیش خوا لە دڵی نابا، کەمۆکەیێک زاری لێک نابا. تەنەکە و قاپ و قاچاخی کۆچ و بار درینگە درینگیان دەهات. کەرێ زەڕی. ئەسپەکە دیسان

سەرەنگرێیەکی دیکەی دا. مریمۆک ئەسپەی بە جنێو دابێژت، ڕێشمەکەی گورج کردەوە. گورجی نەکردباوە سەرمەقولاتێکی دەدا فیرعەون نەیدەگرتەوە.

عەلی هات بۆ کنیان. دەموچاوی ئارەقاوی بوو. ڕەش ڕەش هەڵگەڕابوو. لە سەرەخۆ و زۆر بە نەرمییەوە پرسی:

«چۆنن، خۆ نارەحەت نین؟»

مریمۆک متەقی نەکرد.

خەلیلەپیر بە دەنگێکی هەرە خۆشەوە، گوتی:

«خۆش بی کوڕم، عەلی گیان. خوا تووشی ڕۆژکاری خراپت نەکا.»

عەلی لە دواوە بەجێ ما.

٥

کوێخا لە نواوە سواری گوێدرێژێکی سێ ساڵانی ڕەشی گوێ قوڵی ڕەوت خۆش بووبوو، لاقی بەملا و بەولادا شۆڕ کردبووەوە و تەپلەکەی بە تیلاکەی سەریەوە نابوو و کەمێ بەلای گوێی ڕاستیدا لاری کردبووەوە و دەڕۆیشت. هەردوو ژنەکەشی لەدواوە، بەڕێزەوە چاویان بڕیبووە دەفەی شانی و بەبێ ئەوەی ئاوڕێ لە یەک بدەنەوە ددانیان بە چیڕا بردبوو دەڕۆیشتن. کوێستو ئۆغڵو تەکانی دا خۆی گەیاندە کوێخا. لە پەنادەستی گوێدرێژەکەیەوە هاوشانی کوێخا دەڕۆیشت. لە پاشان ئوێکسز دوران هات، ئینجا قەرەوەلی، دوایی عوسە، تاشباش ئۆغڵو، لە پاشان ئوزوون عەلی هات. ئیتر ئەوانی دیکەش هاتن. قەرەباڵغییەکی سی چل زەلامی چواردەوری کوێخای گرت.

کوێخا سەری لە قەرەباڵغییەکە سوڕنەما، وەک کەسانێ بەخۆیانەوە بنازن زەردەیەکی تەوساوی بەسەر لێویەوە دیاری دا. دەستی لەسەر شانی کوێ ستۆ ئوغڵوی هاوشانی کەرەکەی دانا:

«ئەوە چییە کوێستو ئۆغڵو؟»

«خۆشیی سەرت کوێخام.»

تاشباش ئۆغلۆ لەژێر لێوەوە بۆی ڕەوانە کرد:

«هەی لە دایەی خۆت و کوێخاشت و ژنی کوێخاشت...»

لە پێشان عەلی هەڵی دایێ. لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو. چاوی تیشکێکی ئازایانەی تێدا هەڵبوو، گوتی:

«کوێخا با من بەروپشتی مەسەلەکەت تێ بگەیێنم. من کارەکەم لە ستۆی خۆم گرتووە. ئەمسالْ ئێمە هیچ مەزرالۆکەیەکی دەستنیشاندەی دەلی بەکر خڕناکەینەوە. گوندی تێکڕا کۆبووینەوە بڕیارمان دا، هەموو سێ بە سێ تەلاقمان خوارد.»

هێشتا زەردە تەوساوییەکە بە دەموچاوی کوێخاوە مابوو، کە ئەم قسە بە بڕیارانەی بیست، هەندێ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. بەلام لە پڕێکا بەخۆیدا هاتەوە. دەبوو چەند قسەیێ بکا. هەمدیس ئاوڕێکی لە کوێستوئۆغلۆ دایەوە بە تیزەوە پرسی:

«ئەتۆش تەلاقت خوارد؟ ئەتۆ چ دەڵێی؟»

کوێستو ئوغلۆ شلەژا:

«حاشاکی حازری، حاشا لە ئاغام، کوێخامان لەکوێ بێ، ئەمنیش لەوێم. من دەبێ چ بڵێم؟»

کابرایەکی کەتەی، تەژەی، مل درێژ بوو. بە درێژاییی ژیانی پێلاوی لە پێ نەکردبوو. کە سەرباز دەبێ دەیانەوێ پێلاوی لە پێ بکەن، لە پێشان هەرچەند دەکەن و دەکارن پێلاوێکی وایان بۆ بە چەنگ ناکەوێ بەپێی بکا. لە پاشان ناچار، قالْبی دەگرن و لەسەر ئەو قالْبە جووتێ پێلاوی بۆ بەڕادان دەدەن و دەیدەنێ لە پێی دەکا. بەلام کوێستو ئۆغلۆ هەنگاوێ هەنگاو هەڵناهێنێ، هاوار دەکا، «هیزە بمگەنێ، هیزە فریام کەون، هەر لە شوێنەکەی خۆیدا وەک سندم بکرێ، لەوێدا دەچەقێ و دەمێنێتەوە. هەرچەند دەکەن و دەکۆشن، ناتوانن بە پێلاوەوە دوو هەنگاوی پێ هەڵێنن. سەربازی بە پێخاوسی بەسەردەبا.

کوێخا زۆر تووڕە بوو، قیڕاندی، گوتی:

«سەری ئەم کارە بە دەستی تۆوەیە، عەلی. ئەمە پێنج ساڵە هەر دەیڵێی و دەیڵێیەوە، ئاخرییەکەی گوندیشت بە گەڵ خۆت دان و لە ڕێت دەرکردن. چما من نازانم تۆ چت لە دڵدایە و نیازت چییە؟ خۆ ئویێکسز ئۆغڵانیش سێ ساڵ لەمەوپێش لە ناوەندی مەزراکەدا، لەسەر ئەو خۆڵە ڕەقە و لە پێش چاوی ئەو هەمــوو منداڵ و تووالە ئەوەی ڕووی دا، تا ئێستاش لە بیری نەچووەتەوە. ئاگای لەوەش هەیە. برادەرینە، خۆ کاری گوندی دۆخین لە پشت بەستن. نییە. شتەکانتان بەدەستەوە گرتووە، چییە، وەڵا گوێ چەم و سەراومان گەرەکە، کەندمان دەوێ، پەناو پەسێومان دەوێ، ئەمەمان دەوێ، شەرم و شکۆ ناکەن، تەریق نابنەوە، لە کوێش؟ لە بەرچاوی منداڵ و مەزن. ناشیرینە، دزێوە.»

عەلی:

«تۆ چ دەڵێی، ئێمە هەر مەزرایەکی بۆ خۆمان ڕامان لێ نەبێ هەڵی نابژێرین. خەلیلە پیر و عوسە هەڵی دەبژێرن. گوندی وای دەوێ.»

کوێخا ڕەنگی بەم قسانەی عەلی سوور هەڵگەڕا، لە ڕووداوەستان و سەرەڕۆیی وای لێ چاوەڕوان نەبوو.

عەلی:

«سەراو نەکەین، لە ژاژەڵان و پەنا و پەسێو و کەند و لەندان نەگەڕێین. ئەوا نەگەڕاین. ئەدی هاتو ناچاری سەراوکردنێ، شتێ بووین؟»

کوێخا بە جارێ هەڵچوو:

«ناچاری سەراوکردن دەبن، بەڵێ، هەر ئەوە ماوە خاوەن مەزرا لەم ڕاستانی چقوورە لێرەوار و پەنا و پەسێوتان بۆ ساز و فەراهەم کا؟ چیا و کەژو کێوتان بۆ داچەقێنێ، دۆڵ و شیوتان بۆ لێ دا، ئاوتان بۆ وەڕێ کا، ئاوەڕۆتان بۆ ڕادا، ئاوبارە و بەستێنتان بۆ هەڵبەستێ؟ شەتڵە لۆکەی تایبەتتان بۆ لێ دا یەک و هەزارتان بۆ بێنێ؟ مەزرایەکتان بۆ بکێڵێ هەر چڵە لۆکەیێ هەزار قۆزاخە بگرێ؟ گوایە ئاغاکان دەوڵەمەند دەبن و...»

هێند پشووی سوار ببوو، وەخت بوو بخنکێ.

عەلی تەقاندی، گوتی:

«دەلی بەکر پیاوخراپە. ئەو هەر هێندە تۆزێ زاری چەور کرێ. خوای دەکرد یەک قۆزاخە بە چڵێکەوە نەدەبوو. ئەو مەزرا دەگرێ، یالای دەکرد گوندی بە ڕەشی باویاندا دەڕیان، تێدا دەچوون. ئەو هەر ئەوەندە گیرفانی پڕ بێ.»

سا، لەبەر هەرچییەک بوو کوێخا کەمێ خاو بووەوە، دەنگی هەندێ تامی تێ گەڕا، توندی و تیژییەکەی ڕەوییەوە.

«من دەزانم ئێوە لەبەر چی، بە مەزرایەکی دەلی بەکر ئاغا دەستنیشانی کا، قایل نابن. مەسەلەکە مەسەلەی دۆخینە. دەنا دەتوانم سوێند بخۆم، مەزرایەکی دەلی بەکراغاش بۆتانی دەستنیشان کا و چنگێ لۆکەشی لێ وەچەنگ نەیێ، بەڵام هەر ئەوەندە ڕاستان نەبێ قوبووڵی دەکەن و لۆکەکەشی دەچنن، جا یالای دەکرد ماڵ و منداڵ هەموو لە برسان دەمردن.»

موستووک بە پێکەنینەوە:

«لەم دەشتە، لە پێش چاوی ئەم عالەمولایە هیچ پێویست ناکا، وەک سەگ تێک بەربین.»

کوێخا گوڕی ساندەوە، گوتی:

«پێویست دەکا. ماڵ و منداڵ بە نرخترە یان دۆخین؟» عەلی دەنگی خاو کردەوە، لە سەرەخۆ:

«کوێخام، لەبەر ئەوەی ماڵ و منداڵمان لەلا بە نرخە و گوندی تر هەموو ساڵێ بە کۆشێ پارەوە لە چقوور دەگەڕێنەوە و دەلی بەکر مەزرای بێ بڕشت و گەچۆڕمان دەداتێ، دەمانەوێ مەزرا دەستنیشان و دەستبژێری خۆمان بێ، پیاوی چاک بە ئەمساڵ لەگەڵ دەلی بەکردا مەبە. وەرە پاڵ ئێمە. کوێخای گوندێ دەبێ لەگەڵ گوندیدا بێ.»

کوێخا گوتی:

«گوندیش لەگەڵ گوندیدایە.» و خۆی هەڵداشتە سەر گوێدرێژەکەی، کە وەدووی خۆی دابوو. ئەنجا سەیرێکی ئەوانی لای ڕاستی و ئەوانی لای چەپی کرد، گەرووی پاک کردەوە، دەستی بە قسان کرد.

«برادەرینە.» و قسەکەی بڕی. سەرلەنوێ گەرووی خاوێن کردەوە، گوتی: «برادەرینە، برا گوندییە بەڕێزەکانم. نیشتمانپەروەرەکانیشم، هاولاتییە دۆموخڕات خواکانی خۆم، دەمەوێ دوو قسەتان لە خزمەتدا بکەم. هەر بۆیەش هاتوومە خزمەتتان.»

تاشباش ئۆغلو بەجێ مابوو، پێ دەکەنی دەیگوت:

«بەه بەه، دەک کوێرەوەبی وەجاخ، قورمساخە دیسان دەستی پێ کرد. بە ناوی تۆفیق بەگی گوێدەجەوە دەفلتێنێ. دەک وەجاخت کوێرەوەبێ قورمساخ، هەمدیس تا کرکراگەت تێ ڕیای. بەه بەه.»

عوسە گوتی:

«تێ ڕیا.»

«برادەرینە، جێگایێ دۆموخراتی تێدا نەبێ، یەکێتیی تێدا نەبێ، هیچ جۆرە ژیان و گوزەران و یاسا و دۆزێکی بە سەروبەری تێدا ساز نابێ. وەمیللەتیش هەرگیز پشتی ڕاست نابێتەوە، هەر کارێ دۆموخراتی تێدابێ پشتیشمان ڕاست دەبێتەوە. جا با پێتان بڵێم، کورە نەکەن دوای ئەم ئوزوون عەلییە بکەون. ئەو دوژمنی باو کوشتەی دۆمخراتییە. دەنا هەموو لە نەزەر حوکومەتدا بە پیاو خراپ دەزاندرێن. جا ئەوسا من بە فریای کەستان ناکەوم کورە ها. لە ڕوو وەستانی کوێخا، سەرەڕۆیی لەگەڵ گەورەی گونددا، یاسا و دۆز شێوێنی. کاک دەلی بەکر زۆر بە ئەزموونە، زۆر بە ئاوەز و ئاقڵە و پیاوێکی تا بڵێی لێزان و چازان و شارەزایە. دنیادیتەیە. هاوڕێ ئەڵەمانەکانی، لە سەفەربەردا پێی دەڵێن بەکرۆ، هەموو سەربازێکی تورک وەک تۆ بێ بستێ خاک لە ڕووی زەویدا نامێنێ، داگیری دەکەن. نە ئەڵمان دەمێنن و نە ئینگلیز. ها ئەوە سندووقێ داودەرمان بە دیاری بۆ گوندی ببەوە.

بۆ گوندییانی ببەوە، دەرد و ئاهۆیان لێ بە دوورخەوە. کێهەمان هێندەی دەلی بەکر لە زمانی ئاغاکانی چقوورئۆوا دەزانێ؟ کێ لەو چاتر دەزانێ لە قەفەزیان کا؟ ئەگەر خەڵکی دیکە لۆکە بە دە قرۆشان بچنن، ئێمە بە یازدە قرۆشی دەچنین. وە قازانجیش دەکەین. وە لە سایەی سەری دەلی بەکر ئاغاوە. وە هاونیشتمانییەکانم، وە گوندییە خۆشەویستەکانم، ئێوە هەر لە حەزەڵ و قالوبەلاوە دۆموخڕاتیتان بە دڵەوە چووە. دەلی بەکر ئاغا هەر لە هەزەڵەوە، ئەو بەرە جووت و مەزراتان بۆ پەیدا دەکا. مەزرای بە بڕشت و لۆکەی چاکتان بۆ دەستنیشان دەکا. ئەگەر خەڵکی دیکە لە گاوخانە زەوییێ دە کیلۆ لۆکە خڕکەنەوە، ئێمە سەد کیلۆ خڕدەکەینەوە. وە ئەمەش لە سایەی سەری دەلی بەکرە چاوەشــەوە. دۆموخڕات شێواندن و لە دژ بزووتنەوەی دۆموخڕات، مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ چەند گوناهێکی گەورەیە و پیاو لەناو جەحەنمدا، هەر ڕاست لەناو ناویدا دەسووتێ، جا پیاوم دەوێ خۆی لەناو جەحــەنمە سووردا ڕابگرێ.»

تاشباش بە لاگوێی عوسەدا لاربووەوە، گوتی:

«بەه... بەه... ئەمەشی لە مەلای قەرەتۆپاخلییەوە هەڵگرتووەتەوە. بەه... بەه... تۆ ســەیری ئەو بەرازە کــە، هەی لە وەجــاخت ڕیم. هەی بە درۆکانتەوە بچیتە دوڕ جەحەنم.»

«وە برا ماقووڵەکانم...»

کوێخا تووڕە بوو، هەڵچوو. لە گوێدرێژەکە دابەزی. لە پڕێکا. پێی ڕاستی کوت بە زەوییا کێشا، ڕاوەستا.

تاشباش:

«قورت عەلی یوزباشی بە گونی. تۆ سەی سەی ڕاوەستانەکەی کە.»

عوسە:

«وەڵڵا ڕاست، تۆ سەی ڕاوەستانەکەی کە، کابرا، بۆی دەلوێ، هەرچی بوێ بۆی بەسەردەچێ. ئێستا دەبینی.»

تاشباش چارەی بەیەکدا دا.

کوێخا سەرلەنوێ تێ هەڵچۆوە، گوتی:

«ئەرێ ئێوە بۆ ئەوەندە بێ مێشکن و لە قسان ناگەن. سەرتان، لە جیاتی مێشک، خۆڵی تێدایە. خۆڵی گەچۆر و بەیار؟ چ دەڵێی، بەری بگری و پشتی بگری، هەر گوندی نییە؟ لە دۆخینەکەی پێوە بیر لە چیی دی دەکاتەوە؟ هەموو دۆخینیان بە دەستەوە گرتووە، دەخولێنەوە، بۆ کار دەچن، یاخۆ؟ کورە دە هیچ نەبێ دوو مانگان خۆتان بگرن، کە گەڕانەوە گوند، هەموو ڕۆژێ بیکەن. ئاخر دەلی بەکر ئاغا جێگای بە چەم و ڕووبار و بە دارو دەوەن و پەنا و پەسێوتان لەکوێ بۆ بێنێ. تۆزێ خۆتان ڕاگرن.» کوێخا دەموچاوی، ملی، گوێچکەی، نێو چاوانی هەموو وەک ئەسکڵ سوور بووبونەوە. ڕەگی ملی هێندەی پەنجەیێ ڕەپ بووبوو. دیاردیی بۆ عەلی کرد. هەر ئەوەبوو قامکی لە چاوی ڕانەکا.

«وە برادەر تۆ لەم گوندە هەڵناکەی و دەرنابەی. ژنی خۆت ببە، بڕۆ بۆ ئەو گوێ دەریایە. تۆ نارۆی من دەتنێرم.»

تا هێزی تێدابوو شیراندی. دەنگ و هەرای کۆچ و بار لە دوور و نزیک کپ بوو.

«لەوێ ئاویش زۆرە. پڕە لە ژاژەلان و قەمیشەلانی وا هەر دەڵێی جەنگەڵستانە. بەلام دە کیلۆ لۆکەت لە گاوخانە زەوییێ وەچەنگ ناکەوێ. مەزرایەکی هیشک و بێ برشتە. بڕۆ لە برسان بمرە. بڕۆ لە کوڵ بەوە. ئا، وەرە پاسەوان. ئەمرت پێ دەکەم. یاسا و دۆزی گوند ئەمرت پێ دەکا. هەر کە گەیشتینە چقوور ئەم ئۆزوون عەلییەی کوڕی برایم، کە لە مرێمۆک بووە و ساڵی لەدایکبوونی ١٩٣٨ە نابێ لە گوند بمێنێ. مادامێکی بە چاوی کەمایەسییەوە دەڕوانێتە گوندەکەمان. هەرکەسێ گوندەکەمان بە کەم دەزانێ لە گوند دەرچێ و خودا حافیزی.»

ئاوڕی پاشەوەی دا، ئەنگوستی بۆ چاوی ئەوانی پاشەوە درێژکرد:

«ئەوی گـوندەکـەمـان بە کـەم دەزانـێ، هەر لە ئێـسـتـاوە، با لە گـوندە جوانەکەمان جیا ببێتەوە، وە ددانیشیان هەڵدەکێشم هەرکەسێ یەکێتیی گوند تێک دا، هەرکـەسێ بە مـەزرای دەسـتنیـشـانی دەلی بەکراغـا قـایل نەبێ، هەرکەسێ ناپاکی لەبارەی ئەم گوندەوە بکا، هەرکەسێ حوکومەتەکەمان بە هیچ نەزانێ، دۆموخڕات بشێوێنێ لەناو ئێمەدا جێگای نابێتەوە. دۆموخڕات هی وەکو ئوزوون عەلی تێکیان داوە و کراوە بە سەبیلخانە. پیاوی دیکتاتۆری عیسمەت پاشا...»

عـەلی لە داخـان هەمـوو ئەندامی لـەشی دەهەژی. تاشـبـاش چوو، قـۆڵی بە قۆڵی عەلیدا کرد، دای مرکاندەوە.

«عەلی گیان تۆ سەیری ئەم کابرایە کە. بەه، بەه، هەی لە دایەت... هەی لە ژنت... بێ دەنگ بە عـەلی. ئەم سەگانە خـەریکن هەرا دەنێنەوە. خـۆ بێ باری گوندییانت دیت؟ بزانە نامەردێکیان لە سەرت هەڵیان دایێ؟ هەموویان بە دوو قسە خاوبوونەوە.»

کوێخـا زانی عـەلی لـە دواوە بەجێ مـاوە، هەسـتی بە زاڵبـوون کـرد، پێی بە ئەرزدا کوتا، لە شوێنەکەی خۆی ڕەق ڕاوەستا. گوندییەکانیش ڕاوەستان.

کوێخا یەکە بە یەکەیانی بە چاو دابێژت و بە نەرمێکەوە گوتی:

«ئاغاینە، هاونیشـتـمـانییـەکـانم گوێ بگرن، لە سـایـەی سـەری من و دەلی بەکراغا ئەفەندییەوە مەزرالۆکەی بە پیت و بڕشتتـان وەچەنگ دەکەوێ. هەموو لە سای سەری ئەوەوە بە کۆش پارە و پوولتان بە دەست دەکەوێ.»

جـارێکی تر پێی هەڵبـڕی و بە زەوییدا کـوتایەوە، تاشـبـاش ئۆغلـو خـۆی پێ نەگیرا، گوتی:

«دەک بەختت سـوار و خۆت پیادە بی پیـاو، کورە خۆ وەخت بوو قـاچی خۆی بشکێنێ. ئەمە چ تووڕەییەکە؟ دەک دەجاخت کوێربێتەوە.»

کوێخـا قسـەکـانی تاشـبـاش ئۆغلـوی بـەرگـوێ کـەوت، بەڵام خـۆی لێ نەبان کـرد. نەیدەویست لەگەڵ تـاشبـاش ئۆغلـودا تێک گیرێ، خـۆی زۆر لێ دەبوارد.

له گونددا له هەمووان به پشتیوانتر بوو.

«نانکوێرینه، نان و نمەکیان هیچ له پێش چاو نییه. تەنیا هەر بۆ دۆخینەکانیان، هەمیشه دەستیان به دۆخینەوەیه، بەڵێ. سەرەڕای ئەوەش دەڵێن، کوێخا لەگەڵ دەلی بەکراغادا دەستی تێکەڵ کردووه و له خاوەن بەرەجووتان بەرتیل وەردەگرێ، جا چ بوو، وا وەریشمان گرت، به ئێوه چی؟ هاونیشتمانییه سپڵه و نان کوێرەکان، هەرکەسێ مەزرای هەڵبژاردەی بەکراغای پێ نەبێ، منیش له گوندی دەردەکەم. پیاوی وەک دەلی بەکراغا له کوێ به دەست دەکەوێ؟ خوای گەوره، جەنابی حەق بەکراغای بۆ کردووین به بازی بەخت و دەوڵەت و به دیاری بۆی ناردووین.»

عەلی خۆی پێ نەگیرا:

«خوای گەوره بەڵای...»

تاشباش ئۆغلۆ دەستی خسته سەر زاری، گوتی:

«کرِبه، کار هەروا ناڕوا.»

کوێخا نەڕاندی:

«سەرەک پاسەوان.»

سەرەک پاسەوان هات، وەک سەرباز تەمەنناى بۆ کێشا:

کۆچ و بار هەروا دەهات و بەتەک قەرەباڵغییەکەی چەقی ڕێگادا تێ دەپەڕی.

«سەرەک پاسەوان، هەر که گەیشتینه چقوور. نەیەڵی ئوزوون عەلی، ئوزوون عەلیی له ساڵی ۱۹۳۸دا لەدایکبوو پێ باوێته نێو مەزرای دەستبژێری بەکراغاوە، دەنا تاوانبار دەبی. ئەگەر منیش کوێخای بیست ساڵەی ئەم گونده بم و نەمرم، له چقوور سورگوم و ڕەهەنەتان کەم، هەی نانکوێری دەست به دۆخینینه. زۆرم تەنگاو کەن نایەڵم بستێ مەزراتان له چقوور وەچەنگ کەوێ، هەی بێ ئارامینه، هەی نەوه و نەتیژه ناڕەسەنینه. هەی شیری کاڵ خۆرینه، ناپاک و خەیانەتکاری گوند. لاکەون، لێم دوورکەونەوە.»

تاشباش ئۆغڵو گوتی:

«چاو چاو چۆن تووڕە بووە، هەر دەڕێسێ و وە، وە، وەیەتی... هەر دەڵێی مەلای مزگەوتی گەورەیە. هەموو بێ ناموسییەکی لێ دەوەشێتەوە، عەلی. دەچێ بە خاوەن بەرەجووتان دەڵێ، نایەڵێ بستێ مەزرامان بە دەست کەوێ. هیزە ئاگادار بە، بێ دەنگ بە.»

یەکێ لەولاوە:

«نایەڵێ.»

هەموو لەم وشەی (نایەڵێ)یە پرینگانەوە.

کوێخا سواری گوێدرێژەکەی بووبوو، لە مێژبوو پێش کۆچەکە کەوتبوو. خەلیلە پیر بە مریەمۆکەوەی ژەند. مریەمۆک بە تووڕەییەوە ئاوڕی پاشەوەی دا.

خەلیلە پیر بە دەنگێکی شپرزەییەوە:

«دڵت هیچ نەکا باجی مریەم. ئەو سەگە، تا من ساغ بم ناتوانێ هیچ لە عەلیم بکا. بەو خوای ژوورسەرە، وەجاخی کوێر دەکەمەوە.»

پێی وابوو بەم قسانە دڵی مریەمۆک نەرم دەکا. بەڵام مریەمۆک هەر بەو توندی و تیژییەوە بەری بەولاوە کرد.

پیسی گەمارینە، هەڵیش ناترۆپن، پیرەکەرینە. بێ ئاوەزینە. ئاخر ناڵێن...»

دەنگی هەڵبڕی:

«ئەسپە جوانەکەم، کەحێلەکەم، لەگەڵ تۆمە، گوێ دێرە، زۆر چاک ببیە. لەگەڵ کەسم نییە. ڕەپ و ڕاست لەگەڵ تۆمە. لەم قسانەم نەگەی منیش کەحێلەت پێ ناڵێم. دەڵێم ئەم هەموو ساڵ و زەمانە ڕدێنت لە هیچدا سپی کردووە. گوێدرێژ، پێنج گوێ. ئەسپەکەم زۆر پیر بووی. ئەسپە هەژارەکەم.»

ئەسپەکە ساتمەی دەکرد و مریەمۆک خۆی بەسەر ڕێشمەکە دەگرتەوە. «هوێست، هوێست. ماڵی بەراز، سوار گاوری، لە قسە حاڵی نەبوو هوێست. پیر بووی. بووی بە سەگی گەڕ. ئەگەر لەم قسانەم نەگەی هەردوو چاوت دەرێن.»

خەلیلە پیر سەیری دوو منداڵەکەی دەکرد، بەدەم یاریکردنەوە، بە تەکیدا تێ دەپەڕین. ژنێ مەمکە زەلامەکانی دەرێنابوو، لە زاری ساواکەی باوەشی نابوو، مەمکیشی دەدایە و لەسەرەخۆشی، بە دەنگێکی دەبیستراو نەدەبیسترا لاوژەی بۆ دەگوت و ڕێشی دەکرد. تووکە گەندە مووی زەردی مەمکە زەلامەکانی دەبریسکانەوە. خەلیلە پیر گوتی، «ئەدی، مەمک ئاوها نەبێ بۆچی چاکە؟» لەپاشان گوتی، «تفوو سەگی پیر.»

«ئەسپەکەم، چاکت گوێ لێ بێ، تۆ هەڵترۆپی، کوڕەکەی من، واتە ئوزوون عەلی، خاوەنی تۆ، سەرگەردان دەبێ، هەیە دڵی خۆی لەبەر ئەمە ڕابگرێ؟ توخوا، تۆ دەتوانی دوو کەس هەڵگری، هەڵناترۆپی، ئەسپەکەم؟ تۆ بەم حاڵە ناگەیە چقوور. دەبێ یەک لەم دووانەی سەر پشتت دابەزێ. وەرە ئەسپەکەم، پیاوی چابە، با لێیان بپاڕێینەوە، دەست و پێیان ماچ کەین، یەکێکیان لەسەر پشتت بێتە خوار. ئەمیان دەڵێی خۆ تۆ کەحێلەی ڕەسەنی، پیرێژنێکی بە ساڵاچوو. ئەویان دەڵێی هەرزەکارێکی بیست ساڵانە. ڕدێنی پاک سپی، دەموچاوی چرچ و لۆچ، نەک لێرەوە بۆ چقوور ئۆوا، تا ئاقچە دەنیزیش دەڕوا. ئەگەر پیرێژنەکە دەڵێی ئەوە ناتوانێ دوو هەنگاو هەڵێنێ، ئەژنۆ ناگرێ. ئەژنۆی گرتبا دادەبەزی، تا چقوورئۆوا بە پێیان دەڕۆیشت.»

خەلیلە پیر لە دڵی خۆیدا، دەیگوت، هەر بڵێ و بڕێسە. شەق ببەی، بتەقی دانابەزم. خاوەن ئەسپ خۆی سواری نەکردم؟ خۆی سواری کردم. دەزانم ئەسپەکە حاڵی ئەوەی پێوە نییە. بەڵام وەڵاهی چارم ناچارە. دەنا بۆ دوو هەنگاوە ڕێ ئەم هەمەوو ترەترەی تۆم بۆ قووت دەچوو؟ خۆم لەبەر بێگەنیی دەوت دەگرت؟ بە میرات کەوێ ژیان و گوزەرانی وا.

«ئۆف... ئۆف... ئۆۆۆۆۆف»

ئەم حوسۆکەیەش کە بە شەلەشەل دەڕوا، حوسۆکە کەروێشک، هێشتا لاوە. بەڵام زۆر زەبوونە، باریک و بنێس، لە هێسک و پێست بەولاوە چیی دیکەی بە بەرەوە نەماوە. تا دەگاتە چقوور پێستی بە پشتەوە نامێنێ، دەتوێتەوە و دەپووکێتەوە.

له پێشترەوە حەمەلەڕی حەوت ساڵان لەسەر گابەردێکی سپی دانیشتبوو، خۆی دەخوراند. ئەم حەمە لەڕە هیچ نەبا چووبا سەربازێتی لەم لەڕی و گەڕی و گەڕییەی ڕزگاری بایە.

حەمە تەبدیل هەوا لە چەقی ڕێگاکەدا ڕاوەستابوو، لە یەکبینە هەناسەبڕکێی بوو. لەم هەرێمەدا کەس نەمابوو گۆرانیی بەسەر حەمە تەبدیل هەوادا هەڵنەدابێ. نۆ ساڵ بوو هێشتا لە سەربازی نە بووبووەوە. تەبدیل هەوا هات، تەبدیل هەوا چوو، گوندی ناویان نا تەبدیل هەواو ئیتر ئەو ناوەی بەسەردا بڕا و تا مردن دەبوو هەر پێوەی بێ.

کەربارە تەنەکە لەبەر تەق و هۆڕ دەشت و دنیای لێک نابوو. کەواکەی زەڵەجە پیر لە پاشەوە سەر تا خوار داتلێشابوو. ئاوەڵکراسەکەی بە دەرەوە بوو. پەککوو، زەڵەجە پیر.

گەیشتینە یۆزتاش. شەوێکی ئەنگوست لە چاو بوو گولله نەیدەبڕی، لەگەڵ ئەسپ دزاندا، ئەسپ دزەکانی ئەسلان ئاغا ئاگرێکیان کردبووەوە ئەوەندی جۆخینێ. سۆڵەسۆڵ دەسووتا. دەوروبەری کردبوو بە ڕۆژی نیوەڕۆ. بڕیار وابوو چەرکەزێکی زمان نەزان ئەسپەکانی لە حەڵەبەوە بهێنایە. سەواتەکەی کەمەری دەتگوت بە بەر چریسکەی خۆرەوەیە، دەبریسکایەوە.

«هوێست، بەراز سوار. هوێێست. هەڵترۆپێ، هەرسا ناساتێ ساتمەیێ دەدەی و دەوەستی. هوێست ماڵی کافر. لەپڕ وەک کەرتە شاخ کوت بکەوی و هەڵترۆپی چ بکەم؟ کوێراییی دایێ بەرازە پیر، لە هەرزەکارێکی پازدە ساڵان چاتر دەڕوا. منداڵەکانی عەلی کوڕم، هێند بە پێ ڕۆیشتن، هەموو پێ و پلیان گووا و کوترا. ئێستا ئەم پیرە بێ دینە لەسەر پشتی ئەسپەکەم نەبوایە کیژەکەمم لە ئامێز دەکرد. ئەسپەکەم، تۆش بۆ خۆت خێرێکت دەگەیشت و دەچوویە بەهەشت. توخوا، ئاخر منداڵێکی بەستەزمان چۆن بەناو ئەو هەموو دار و بەردەدا بڕوا؟ دەڕوا، ئەسپەکەم. ئەم بووک حیزە، ڕدێن بە گووە، بەسرکە، پڕ کێچ و ئەسپێیەی پاشەوەم، خوا بیتۆپێنێ جێگاکەی... سەگ

چۆن کێچی تێ دەدا و سەری لەبن قوونی ڕادەکا و خۆی دەخورێنێ ئەمیش هەر خەریکە ڕدێنی دەخورێنێ. بەڵام چۆن خورانەنێ. دەشیخورێنێ و دەشرِوا. ئەم پیرە سەگە جێگای منداڵەکانی گرتبێ، تۆ بۆ خۆت دەزانی ئەسپەکەم، ئەم بێ دینە خۆی کەڕ کردووە و هەردوو گوێی بە پەڕۆی بێ نوێژی بووکەکەی ئاخنیوە.. قورِقوشمی بە گوێدا بتوێندرێتەوە، گوێی لێ نییە. هوێست، هوێێێست...»

ها ئێستا ها نەختێکی تر ئەسپەکە بەردەبێتەوە. مرێمۆک، هەر کە کەحێلە ساتمەی دەکرد، هێند بە لێزانی و دەستوبرد ڕیشمەکەی توند دەکردەوە، یەکسەر ئەسپە ڕاست دەبووەوە.

«ئەسپە شۆخەکەم، تۆ بۆخۆت دەزانی، ئەم پیرە تۆپیوە خێری بە نێوچاوانەوە نییە. مەمرە تا دەگەینە چقوور. ئەگەر تۆ بمری، من بەبێ مینەک دەمێنمەوە، لەم دەشتە دەبم بە خۆراکی دڕندە و داڵاش.

ناوەڵلا با ئەوەی لە پاشەوە سواربووە بمرێ، کە وەک نووسنەک پێمانەوە نووساوە و لێمان نابێتەوە. مەمرە ئەسپەکەم. دەزانم بەرگەی ئەو هەموو بارە ناگری. بەڵام هەر مەمرە. نان و نمەکی ئەو هەموو ساڵانەمان لەگەڵ یەکدا هەیە. هوێست.»

بە کاوەخۆ ئاوڕێکی پاشەوەی دا و سەیرێکی خەلیلە پیری کرد. خەلیلە پیر چاوی بەدی نەدەکران. دەموچاوی هێندەی تر چرچولۆچ بووبوو.

گوتی:

«ئۆۆۆۆهـ، ئۆۆۆۆهـ، دەک قسەکانم وەک گوللەی وێڵ هەناوت بسمێ، دەک قەتت خێر نەیێتە ڕێ... ئەسپەکەم، گوێ گرە و زۆر چاک ببیێ. بە کەسم نییە. هەر بە تۆمە. توخوا پیاوێ، بووکەکەی لە بەرچاوی خۆی لەگەڵ هەتیوەکەی مەلادا بەم ڕۆژگارە هەر خەریکی دەسبازی بێ. بۆ نیو کیلۆ ترێ فزە نەکا و خۆی لێ گێل و نەبان کا بۆ مردن چاک نییە؟ دەک داوەشێی پیاو. بەر قار و غەزەبی خوا کەوی. دەک تووشی تیراوێیەک بێی، تا مردن پێوەی بتلێیتەوە.

ئەسپەکەم، بڕوانە، لەگەڵ تۆمە، ئا ئەم پیرەمێردە گەمارە، ڕدێن بە گووە، بەئەسپێیەی پاشەوە، بووکەکەی لە ناوەندی مەزرا لۆکە تەختانەکەدا، بەرەبەیانێ حەزدەکەی نیوەڕوانێ، بە چاوی خۆی لەبن هەتیوەکەی مەلادا دیت، گوتی نۆشی گیانت بێ، خوا قەوەتی پشتت بدا. ئەرێ وەڵا ئەسپەکەم ئاوای گوت. بەڵێ سەرەڕای ئەوەش هاتووە سواری ئەم تەرکە جوانەی تۆ بووە. دەیەوێ ببێتە سەبەبکارت... هوێست، هوێست. هەڵتروپێی، ئەوە چیتە؟»

دیسان ئاوڕێکی پاشەوەی دا. ڕوانی ڕدێنی خەلیلە پیر دەلەرزێ. کەیفی سازبوو.

«ئەگەر تۆ نەبی ئەسپەکەم، من هەنگاوێکم پێ هەڵنایێ... دەرپێی ژنەکەیان کرد بە بەیداخی مەزرای لۆکەیە. هەتیوەکەی خۆی پێ نەگیرا، بەڵام ئەو پێشی لێ گرت. ئەمەش هەموو بۆ نیو کیلۆ ترێی کوڕی مەلا. توخوا ئەسپەکەم، تا ئێستا لەسەر ئەم ڕووی زەوییە قوڕمساخ و تەرەسی وا، پیرەقۆڕی وات دیوە؟ دەک ملی شکێ، ئەستۆی ورد بێ، ئەمە هەمـوو لە چاوێنی عەلییەوەیە، دەنا ئەم پیسی لەحنەتییە سواری پشتی تۆ دەبوو، کەیفی دەکرد؟»

خەلیلە پیر ڕێنی لە زاری ئاخنیبوو، دەیکرۆشت ئەمان دەیکرۆشت، لیکاو بە لالغاوەیدا جۆگەلەی بەستبوو، دەهاتە خوار. ڕەنگی سوور سوور هەڵگەڕابوو.

لە پڕێکا بە دەنگی بەرز قیژاندی:

«ئۆمەت، هاوار شەقم برد، ئەم قەحپەی داوێن تەڕە...»

مرێمۆک شەپێکی بە لاملی ئەسپەکەدا کێشا.

«ئەسپەکەم، لەگەڵ تۆمە. گوێ دێرە. کەس بەسەری خۆیدا نەهێنێ کەس شەق نەبا و نەتەقێ.»

تروسکەی ئومێد بەدیار کەوتبوو. مرێمۆک پێی وابوو خەلیلە پیر بەم ڕەفتارە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە.

«دە تۆ شەق ببە و بتەقێ ئەسپەکەم. کەلاکت ببێ بە خۆراکی ئەم سەرگەڕ و

دالاشانەی بە حەواوە دەخولێنەوە ئەسپەکەم. ئیشەڵلا، ئیشەڵلا. ئامین. ئێستا شەق دەبەی، ئەسپەکەم، منیش، شەرت و بڕیە بێ، سێ مانگان بە ڕۆژوو بم و لەگەڵ دێڵەسەگێکدا سێ هەینییان پێکەوە بەربانگ بکەمەوە.»

خەلیلە پیر پەیتا پەیتا ڕدێنی دەکرۆشت. بە پاڕانەوەوە، گوتی:

«مرێمۆک، بەخۆمدا ڕاپەڕمووبام دەڕۆیشتم. ئەم قسانەتم، کە سەگ بۆنیان پێوە ناکا، لێ نەدەخواردیەوە. تۆ زات و سفەتی خوا، ئەگەر نەیبڕییەوە باجی مرێم. بێ دەنگ بە، خان باجیم.»

مرێمۆک نیوە ئاوڕێکی دایەوە، ڕێشمەی ئەسپەکەی توند کردەوە، بە سەرسوڕمانەوە:

«ئەوە چییە، باوکەکەم، تۆ چت بەسەرەوە؟ نابێ کەس لەگەڵ ئەسپی خۆشیدا قسە بکا؟ ئەوە چییە باوکەکەم؟»

ئەوجا هەڵگەڕایەوە، بە دەنگێکی خۆش و بە پێکەنینەوە، کە نیشانەی کەیفخۆشی بوو، گوتی:

«بەڵێ ئەسپەکەم، ئەم پیرە تەرەسانە، ئەمە کار و کردەوەیانە. ئەم پەنجا و هەشتانە، دەستیان بڕوا خۆیان سواری بووکەکانیان دەبن. بۆ دوو دەنکە شەکری زەرد و سوور هەموو هەرزەکار و جحێڵی گوند وەسەر بووکەکانیان دەکێشن. وەسەریان دەکێشن و وەک نە بایان دیبێ و نە باران. بڕوا ناکەی ئەسپەکەم؟»

دەستێکی بە یاڵ و بژی ئەسپەکەدا هێنا. لەسەرەخۆ شەپ شەپ بە لاملی ئەسپەکەیدا کێشا.

«بڕوات بێ. ئەسپەکەم بڕوات بێ. تۆ ئەم پیرە بەرازانە ناناسی. ئەم پیرە پەنجا و هەشتانە. شەرم لە سەر و ڕدێنی خۆی ناکا، لە جیاتی ئەوەی لە چقوور لۆکە بچنێ، دزێتیی لۆکە دەکا، خاوەن بەرەجووتیش ورد و باریک دەیگرێ و لە پێش چاوی ئەو خەڵکە تفێ لە چارەی دەکا، ئەویش سەد سوێند و قورئانی بۆ دەخوا ئیتر جارێکی دی دزی نەکا. بەلام تۆبەی گورگ مەرگە،

دیسـان دەست بە لۆکە دزییێ دەکاتەوە، ئەمانەش هەمـوو لە سـتۆی باوکی بێ تاوانی عـەلیی خێـوت داوێ و ئەم سووچ و گوناهانـە لەو بار دەکا، سـەربـاریش دێ سواری ئەسپی کـوڕەکەی دەبێ. داپیرە مریەمۆکی دایکی عەلیش لە سەر و ڕدێنـی ئەو دەڕی. ئـەتۆش خـۆت لەم هـەمـوو قـسـانـە نـەبان دەکـەی و لەم گوێچکەوەت دەچێتە ژوورو لەو گوێچکەی ترەوەت وەک با دێتەدەر. ئەم قسانە بە بەرد بڵێم، بە تـۆ، نا بە بەردی بڵێم، ئەسـپـەکـەم، لە داخـان شـەق دەبا. خـۆ ئەوی ئەو بە برایمی کردووە...»

خەلیلەپیر، بە هەموو هێزێکیەوە، قیژاندی:

«عەلی یـ‌ی، عـەلی یـ‌ی. وەرە دامگرە. ئەم پیرێژنە سـووزانییـە خواردمی و بڕاندمیەوە. لەوەتی سواربووم. پێم دەکا، عەلی بۆ خاتری خوا بمگەیێ.»

دەنگی بە ترس بوو، کۆچ و بار لە پڕێکا کش و مات بوو، بەینێ ڕاوەسـتـا. کەس ورتەی لێوە نەهات.

عەلی بەرەو ئەسپەکەی پێشەوە تەکانی دا.

«هیـزە دامبـەزێنە، ڕۆڵەی خـۆم ئەم پیرێژنە داوێن تەڕە، ئەم قـەحـپـەیەی کـە گوایە دایکتە، کوشتمی.»

عەلی چاوی لە چاوی دایکی زیت کردەوە، قیژاندی:

«دایە؟»

خەلیلە پیر:

«دامگرە، کـوڕم، دامگرە بە خـولامت بێ هـاپۆت. ئەمن ئەسـپم نـاوێ. سـا بە هەرحاڵێ بێ خۆم بە کێش دەکەم، دەڕۆم.»

مریەمۆک لەسەر ئەسپەکەوە دانەوییەوە، گوتی:

«جا. من چیم گوتووە. دڵم تەنگ بوو، گـوتم دوو قـسـان لەگەڵ کەحـێلەکەم بکەم. کەچی ئەو بەسەر خۆیدا هێنا.»

خەلیلەپیر:

«عەلی دامبەزێنە، دەنا بۆخۆم باز دەدەم، شوێنێکم دەشکێ.،

عەلی نەرم نەرم:

«بەقوربانی ڕدێنت بم، هاپۆ خەلیل، لەگەڵ تۆی نەبووە، لەگەڵ ئەسپەکەی بووە.»

هەڵگەڕایەوە، بە دایکی گوت:

«توخوا دایە. تۆش هێندە لەگەڵ ئەسپەکە مەڵێ. چیت لێ دێ،

مریەمۆک:

«ئەگەرەکو ئەم خەلیلە ئاغالەرە بەسەر خۆیدا هێنابێ، ئیتر قسە ناکەم وەڵڵا قسە ناکەم، بیللا قسە ناکەم، من چیم بە خەلیل ئاغام گوت؟»

بە دەستی دیاردیی بۆ عەلی کرد، عەلی لێ نزیک بووەوە، بە گوێیدا چرپاند، گوتی:

«ئەسپەکە دەمرێ، هەردووکمان هەڵناگرێ. هیچ نەبێ من داگرە کوڕم. وەڵا هەڵدەترۆپێ.»

عەلی بەتاو لە دایکی دوور کەوتەوە.

«با هەڵتروپێ، با هەڵترۆپێ، منیشی لە دەست قوتار بم.»

خەلیلە پیر هەردوو چاوی پڕ بووبوون لە فرمێسک. دوو قسەی تریان کردبا، یا بۆ خۆی وەجواب هاتبا، وەک منداڵ زووڕە زووڕ دەیدایە لوشک و هۆڕی گریان. شتێکی لە گەروو گیر بووبوو. گەرووی دێشا. خەم و پەژارەیێ لە چاوە چکۆڵە سەوزە ساوایانەکەیدا قەتیس مابوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

تۆ پیاوێ بووی ئەمانەت بۆ قووت بچێ خەلیل؟ خەلیل، شێر کە پیر بوو، نەک دەبێ بە گەپجاڕی سەگ، دەبێ بە گەپجاڕی ماکەری وا، یەکجار ئەوانی وا خوێڕوو. ئاخ، خۆزگە وا لە پێ نەکەوتبام؟ بازدێکم دابا، ئەم جنێوە پیسانەی مریەمۆکە ناکەسە زمان تووڵەمارەم نەبیستایە. چ بکەم قاچم هەڵنایەتەوە.»

تووڕە بوو. لە عەلی دەپاڕایەوە دایبەزێنێ، زاری کردبایەوە لوشک و هۆڕ دەیدایە گریان.

عەلی:

«دڵت نەڕەنجێ هاپۆ، دایکم فێرە، لەگەڵ خۆیدا بڵێ، گوێ مەدەیێ هاپۆ گیان. با هەر بڵێ و بڕیسێ بۆخۆی. تۆ گوێی مەدەیێ.»

ئەم قسانە تۆزێ دڵی فێنک کردنەوە. «ئەم ئوزوون عەلییە چەند کوڕێکی چاکە. دەڵێی هەر لەم مرێمۆکە یەزیدەش نەبووە.»

کەمێ دڵی کرایەوە، عەلی لەپێشەوە دەڕۆیشت، بانگی کرد، دەستی خستە سەر شانی گوتی:

«تۆم بۆ خۆش بی هیچم ناوێ، ڕۆڵە بە جەرگەکەم. باوکیشت وەکو خۆت وابوو، من ترێم لە کەس وەرنەگرتووە عەلی. کەسیش لە چقوور تفی لێ نەکردووم. کەسیش سواری پشتم نەبووە.»

عەلی بزەی هاتێ:

چما پیاو بە شتی وا هەراسان دەبێ هاپۆ خەلیل؟ تفیش دەکەن، دەشکوژن، دەشبڕن. ئەوان ئاغای چقوورئۆوان مۆر بە دەستی کێوە بوو ئەو سلێمانە، هاپۆ خەلیل.»

«گوێ دێرە عەلییەکەم، بڕوات بێ بووکەکەشم بە چاوی خۆم نەدیتووە. هەتیوەکەم بۆی قووت چووە. خوێڕووە. من چ بکەم، چم دەسەڵاتە.»

عەلی:

«ئەو بۆی قووت دەچێ بە تۆ چی؟»

«هوێست هوێست، ماڵی بەراز. هوێست. دە هەڵترۆپە، با لێت ڕزگاربم.»

لە دواوە تاشباش ئۆغڵو بانگی کرد، گوتی:

«وەرە برا، وەرە، بیستتەوە، گوندی دیسان لایەنی کوێخایان گرت. با لێیان جیا بینەوە. بەجیا مەزرا بۆ خۆمان بدۆزینەوە. هەر لەبەر ئەوەی کوێخا

بەرتیل بخوا، دەکرێ هەموو ساڵێکی خوا بە دەستی ڕووت و پەتی بۆ گوند بگەڕێینەوە؟ ئەمە چ ڕەوای هەقە؟ خوا هەڵی دەگرێ؟»

عەلی گوتی:

« ئەم کوێخایە پەتپەتی و چەرمەسەرێیەکی زۆرمان بەسەر دێنێ. تا گوندی هەموو تێ دەپەڕن، با چاوڕێیان بکەین. بڕوانە، وا عەسرە. دوو قۆناخمان بڕی. کابرا کۆچ و باری نەوەستاند. سەیری ئاسمان، ئاسمان کە. خەریکە توندو تووشی دەکا. ئەم بایەی هەڵی کردووە، وەشتی بارانە، وەشتی باران نەبوو من هیچم نەزانیوە. حەزدەکەی لە خەلیلە پیر بپرسە نیازی خراپە لەگەڵ گوندییان.».

تاشباش:

«نیازێکی هەیە.»

عەلی:

«کۆچ و بار تا ئێوارە بەم چەشنە بڕوا، کەس گیان دەرناکا.»

تاشباش:

«گوندی لە دەست ئەم قەشمەرجاڕە چۆن ڕزگاری نابێ؟»

عەلی:

«کوێستو ئۆغڵو نامەردیی نەکردایە.»

مریمۆک هەر خوتە و بۆڵەی بوو. تاشباش ڕووی بەرەو باکوور وەرچەرخاند، دیاردیی بۆ هەورو هەلای سەر چیاکان کرد.

«ئەوە دەبینین؟ ئەم ناوە بگرێ. ئەوسا ببین دەبێ بە چ حەشرێ، بە چ پەرێشانی و سەرگەردانییێ، خوا کردبای، تا ئێمە لەو کەلە ئاودیو دەبووین.»

عەلی سەیرێکی کرد گوتی:

پاش سەعاتێکی دیکە دەگاتە ئێرە. واش دەگرمێنێ پیاو زراوی دەتۆقێ. بارانی هاوینە.»

تاشباش:

«هیزه با بگەینە کوێخا مەترسییەکەی پێ ڕاگەیێنین. خۆ نەگەیێنینە بێشەڵانەکە لافاو لەم دۆڵە دەمانبا. هیزە خێراکەن. عەلی، هیزە با وەخۆ کەوین.»

بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە کوێخا.

تاشباش بە دەستی دیاردی هەورە توندەکەی کرد. هەر لەوکاتەدا وەشتێکی سارد هەڵی کرد، بوو بە تۆز.

کوێخا پەشۆکا:

«ئەوە چییە؟ ئەمە لە کوێوە هات؟ هیزە بەو خەڵکە بڵێن خۆیان توند بگرن.»

بە کەرەکەی ژێریەوە ژەند، کەرەڕەش شەکەت بوو، بەڵام هەر کە یەک دوو نەقیزەی لە ڕەفیسکی ڕا خوارد کەری تاین وەک کارمامز ڕاپەڕی و بەڕەوت کەوت.

«کاک تاشباش بە خێری خۆت بە گوندییان بڵێ پێ هەڵگرن بۆ جەنگەڵەکە دەنا بەجارێ تێ دەچین. خەڵکەکە یەکی دەرناچێ. هەموو سەریان بە فەتارەت دەچێ» قیراندی، «پاسەوان، پاسەوان، هیزە فریاکەوە. با جاڕکێش جاڕێ بەناو خەڵکەکەدا بکێشێ.»

دیاربوو خەڵکەکە دونگەی ئەوەیان کردبوو، چییان لێ بەسەردێ، بەخۆ کەوتبوون، وریا بووبوونەوە. جاڕکێشانەکە لە خۆڕایی بوو. بەڵام هەر دەبوو بکێشرێ، کوێخا بەبێ جاڕکێش هیچ کارێکی نەدەکرد.»

«هۆ خەڵکینە هۆۆۆ، نەڵێن نەمان بیست و کەس ڕای نەگەیاندینێ، ئەو هەورە دەبینن؟ ها ها لەسەر ئەرجیسەوە ڕەش دەچێتەوە و دێ. نیازی خراپە. لەم دۆڵە بێ دار و دەوەن و بێ پەنا و پەسێوەدا بمانگرێ، سێلاو ڕامان دەماڵێ و دەمانبا. ئاگرێ نەبێ خۆمانی پێ گەرم کەینەوە، سووتەنییێ ئاورودووێکی پێ هەڵکەین حاڵمان هەستەم و پەرێشان دەبێ. لەبەر هەندێ تا پێتان دەکرێ و بۆتان دەکرێ پەلە کەن و بەرەو جەنگەڵستانەکەی پێشەوەمان

پێ هەڵگرن. ئەسپ سوار ئەسپی بەر مامزە و کەر سوار کەری بەر نەقیزە دا، بڕانن و باژۆن. هەرچی پیادەشە هەڵکەنە گورگە لۆقە. نەڵێن نەمانبیست، هۆۆۆ...»

کوێخا بە نەڕە نەڕ جارێکی دیش گازی پاسەوانی کرد.

لەو دەمەدا تەق و هۆڕی تەنەکە، لای لایەی دایکان، هەروا بانگەشە و جرت و فرتیش هێندەی دیکە خەستتر بووەوە. خەڵکەکە سەرلەبەر بەخۆ کەوتبوون.

«پاسەوان، جارکێشانەکەم زۆر بە دڵ نەبوو، کەمایەسیی تێدا بوو، نەتگوت، بە فەرمانی دەستەی ڕدێن سپیی گوند و جەنابی کوێخا، جا لەبەر هەندێ، کە باران هێنای، دەبێ پێ هەڵگرن. وە گا و گوتاڵەکانیشت لەبیر کرد. بە شوانەکانی دواوە. بە ئوزوون عەلیی کوڕی کوڕی برایم، لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٨، بە ئوێکسز دورانی کوڕی جەبار ئاڵتوون، لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٥ بڵێ، بە فەرمانی دەستەی ڕدێن سپیی گوند و جەنابی کوێخا دەبێ بچن. بە شوانەکان ڕاگەیێنن گا و گۆتاڵ خڕکەنەوە، بۆ نێو جەنگەڵستانەکەیان ڕادەن. یالا دەی.»

بانگەوازی جارکێش لەنێو هەنگامە و های و هوویدا ون دەبوو. عەلی و ئوێکسز دوران گەڕانەوە.

دوران:

«کابرا چاکی گەڕ لە گەڕمان ئالاندووە. تا مردن... لە تاشباش پرینگایەوە. کابرا بە پشت و پشتیوانە.»

عەلی:

«دەبێ لەم کابرایە ڕاسێین.»

ژنەکەی بەرەو ڕووی دەهات. گوتی:

«ئەسپەکە چاک خزمەت و چاوێری کە، دوێنێ ئالیکی نەخوارد.

لەو حاڵەدا دایکی بە کنیدا تێ پەڕی، داخ لە زگانە پرسیی:

«ئەو کافرە، تۆ دەنێریتە بەر گاڕان؟ چاکە تۆ چت پێ گوت؟ لێی نەڕاسیای؟ ئەم ئەسپە حاڵی بەربادە. دوو جاری سەرەنگریێ دا بە چۆکدا هات. هەر دوو هەنگاو دەڕوا و ساتمەیێ دەکا.»

عەلی گوتی:

«چا دەبێ. چا دەبێ،» و دای کێشا بەتاو ڕۆیشت. هەورەکە تا دەهات ڕەشتر هەڵدەگەڕا و نزیکتر دەبووەوە. وەشتەکەی جارێ دەخست و جارێ لە ناکاو هەڵی دەکردەوە، دەیکرد بە تەپ و تۆزێ کۆچ و بارەکەی بەجارێ لە چاو ون دەکرد، زۆری نەخایاند چاو چاوی نەدەبینی.

هەر لە ئێستاوە هەموو کەس سەرمای بوو. وەک بارانگرتە هەموو هەڵترووشکابوون. کەحێلە هەمدیس سەرەنگرێیەکی دا، بە چۆکدا هات.

مرێمۆک هاواری کرد:

دە هیزە بمگەنێ فەوتام.»

یەک دوو هەرزەکار فریاکەوتن. ئەوان فریاکەوتن و نەکەوتن تەکانێکی دا. ڕاست بووەوە.

مرێمۆک شایەتمانێکی بەهەقی هێنا، گوتی:

«خوا بەهەقی، شوکرانەبژێرم، زۆر شوکور.»

نەخێر وەشتێکی دیکەش هەڵی کردێ، ئەو ناوەی سەرومڕ لەناو تۆز و خۆڵدا نوقم کرد.

مرێمۆک وەک بگری:

«من نەمگوت ئەم بارگینە پیرە. دووکەسان هەڵناگرێ. دەبا هەڵترۆپێ دەی ئەسپەکەی، بە ڕووت و ڕەجاڵی بمێنێتەوە.»

ئەنگوستی لە زارە بێ ددانە بڵەکەی ڕاکرد، بە توندی هەڵی مژی.

دەری هێنا. کە دەری هێنا، پڵت دەنگی هات. ئەنگوستی ڕەپ ڕاگرت، گوتی: «وەک ئەمە، وەک ئەمە ڕووت و ڕەجاڵ. بارخ، با خۆم دابەزم. بشتوانم

باشە. منداڵینە وەرن، خێرا دامبەزێنن.»

دوو هەرزەکار هاتن، لەسەر ئەسپەکەیان دابەزاند.

خەلیلە پیر ناو چاوە سەوزە بزێوە، خەمناکەکەی گەشایەوە:

«منداڵینە، دە منیش وەسەر زینەکە خەن، پاشووم بەسەر هێسکی ڕەق و تەقەوە هەر بەجارێ سووا.»

هەرزەکارەکان ئەویشیان وەسەر زینەکە خست. خەلیلە پیر بە دەنگی بەرز گوتی:

«خوایە. ئەم ئوزوون عەلییە بە هەموو مراد و دڵخوازێکی خۆی بگەیێنی. ئەم گوندە کەسێکی دیکەی وەک ئەوی تێدا نییە. من کوڕێکی وام هەبا، نەدەمکرد و نەدەمخوارد. شەو و ڕۆژ دوعای خێرم دەکرد. دەمگوت خوایە زۆر شوکور بە بەشت، کە فریشتەیەکی وات پێ بەخشیوم. ئەمن وەکو ئەو نانکوێرە، نا شکوری و بێ نمەکیم نەدەکرد. جنێوم بە پیرەمێردی گوندی نەدەدا. ئۆخەی پشتم ڕەحەت بوو. زینێکی چەند نەرم و نۆڵیشە.»

مرێمۆک کەناری ڕێگاکەی گرت، تا خەلیلە پیری گەیشتێ ڕاوەستا. بە غەزەبێکەوە سەیرێکی خەلیلە پیری کرد. خەلیلە پیر زۆر منەتبار و کەیف خۆش دیاربوو، وەک لە ژێر سمێڵەوەی بزە بێتێ وابوو. مرێمۆک بەمە زۆر خەفەتخان بوو. سەری ئەسپەکەی گرت ڕای وەستاند.

بانگی کرد:

«منداڵینە، بە خێری مردووتان جارێکی دیکەم سواری ئەم ئەسپە کەنەوە.»

دیسان هەردوو هەرزەکارەکەی گۆرین گەڕانەوە. بزە گرتبوونی.

«ئەم کابرا پیرە دیسان بگەڕێننەوە شوێنەکەی خۆی منیش سواری شوێنەکەی خۆم کەنەوە. هەڵدەترۆپێ، با هەڵترۆپێ بارگینە پیری ئوزوون عەلی.»

هەرزەکارەکان خەلیلە پیریان هاویشتەوە تەرکی ئەسپەکەوە، نەوینە

مریمۆکیش، لەسەر زینەکەیان قیت کردەوە.

مریمۆک گوتی:

«خوا هەموو ئاواتتان بەدی بهێنێ.» ئەنجا ڕێشمەی ئەسپەکەی توند کردەوە و پەیتا پەیتا لاتەنگەی ئەسپەکەی وەبەر مامزان دا، ئەسپە نیوە مردووەکەش سا هەرچۆنێ بوو. کەمێ بەخۆ کەوت. بە دەستی ڕاستی چەپۆکێکی بە لاملی ئەسپەکەدا کێشا.

«لەگەڵ تۆمە ئەسپەکەم، چاکم گوێ بۆ هەڵخە. دەمەوێ یەک دوو قسانت لەگەڵ بکەم، زارت بستێ بکەیەوە. بیکەیەوە ئیدی داینەخەیەوە. ئەو چاومارانەی، ئەوانی غایەنەتییان لەچاو دەبارێ، ئەوانی لەگەڵ ڕێگران و لەگەڵ پیاو کوژان. لەگەڵ خوێنخوارانیدا دەستیان تێکەڵ کردووە و بۆ جگەرەیەکی ئاغاکانی چقوورئۆوا خوێنیان بە گوندی هەڵێنایەوە، ئەو ڕۆژگارانەیان لە بیر دەچنەوە. ئەوانەی دەستی تەڕی خۆیان بە برایمدا هێنا و هەموویان لە ئەستۆی وی خست؟ ئەسپەکەم، سووک سووک گوێ دێرە، ئەم چاو سپێنە سەوزانە. تۆ سپێنەی وات دیوە، سەوزئامال بێ و بەلای سەوزێکی تاریکدا بڕوانی؟ وەک چاوی ئەم پیرە نێو بە گەرووی ئاشا چووە. ئەوی بڕیاری هەڵترۆپاندنی تۆی داوە، ئەوی ئێسکی وەک بەرداش قورس و گرانە. ئەوی گۆشتی پێوە نەماوە و هەمووی وەک ددانی هەڵوەریوە، سەرەڕای ئەوەش بەو گوپە قوپاوە بلوێر دەنگێوێ بارگینە قۆڕ. لێم بووەتەوە بە جوانوو. چاکم گوێ بۆ هەڵخە ئەسپە کەساسەکەم.»

گوندی تا دەهات پتر وەخۆ دەکەوتن. تۆز و با لە ڕێگاویان بەرز دەبووەوە وەک هەور بەری ئاسمانی دەگرت. تەقە و ڕەقەی تەنەکە، هاڕەهاڕ، ئەو دۆڵە بۆزەیان کەڕ و کاس کردبوو و لەوبەرەوە بەر ڕەوەزە شاخە تووشەکان دەکەوتن و دەنگیان دەدایەوە.

کۆچ و بار، بە ماڵ و منداڵەوە، بە ئەسپ و گوێدرێژەوە. تێکڕا بەرەو لێرەکە هەڵدەهات. بار دەکەوت، بار باردەکرایەوە، نەکرابایەوە، لە کۆڵ و

قـەڵاندۆشکان دەکرا. کـوێخـا کـەرەڕەشی وە لۆقـە خـسـتـبـوو، لە نوواوە دەڕۆیشت، ناوبەناو دەگـەڕایەوە، دەیقـیـڕاند، «بۆ پێـشـەوە، بەرەو لێـڕ بۆ پێشەوە.» کۆچ و بارەکە لە پێشان بە کۆمەڵ دەڕۆیشت، دوایی بەرەبەرە کشا. بە درێژایی ڕێگاکـە کـشـا و درێژ بووەوە. سـەرێکی لێـرە بوو و سـەرێکی لە لێرەکە نزیک بووبووەوە.

وەشـتـێکی زۆر قـایم و شـێـتـانەی هـەڵکرد. هـێند سـارد بوو، دەتگوت شـەختـەیە. کـردی بە تەپ و تۆزێ ئەوسـەری نەبێتـەوە. کۆچ و بارەکـەی، کە بەڕێگاوە، وەک مـووړووی بە پەتەوەکـراو دەچوو، بەجـارێ داپۆشی. دەوروبەر بوو بە تاریکستـانێکی ئەنگوست لەچاو. یەک دوو تنۆکی گـەرم تک تک بەسـەر خاکدا باری. کـەحێلەکەی مریمۆک و خەلیلە پیریش لە پاشی پاشـەوەی کۆچ و بارەوە بەجێ مـابوو. مـریمـۆک لەسـەر یەک لـەسـەر یەک وەبەر مـامـزانی دەدا. کـەحـێلە چ باکی پێ نەبوو. پێنج شـەش هـەنگاوێکی هـەڵدێنـایەوە، بەڵام دوایی خـاو دەبووەوە و لە ڕەوت دەکەوت. هـەر کە ئەسـپـە خـاو دەبووەوە، مریمـۆکیش ئیـدی «ئەسـپـەکـەم لەگـەڵ تۆمـە»ی نەدەگـوت، لە داخـان هـەڵدەچوو و ڕەپ و ڕاست و بە ڕاشکاوی، خەلیلە پیری وەبەر جنێوان دەدا.

گـرم و هۆڕ و هـەورە تریشـقـە زیادی کـرد. لە دوور، لە قـووڵاییی ئاسـمـانەوە هـەور دەیگرمـاند. بەری ئاسمان دەبـرووسکایەوە. لەسـەر بەندەن و سـەرکەلان، لەناو شکێڕ و بەر ڕەوەزان شـەوقیان دەدایەوە. لێرە بۆ هـۆ وێ بەری ئاسـمـانی دادەدڕی.

ئەسپەکە یەک دوو جـاری دیکەش سەرەنگرێی دا و بە چۆکدا هـات و دیسان ڕاست بووەوە. وا پێ دەچوو وەختـی خـۆی ئەسـپێکی بە گـوڕ و بەهێـز بووبێ. مـریمـۆک پەیتـا پەیتـا پێی بە ئاوەزەنگیدا دەنا و وەبەر مـامـزانی دەدا، خـەلیلە پیریش بە گـۆچانەکـەی دەسـتی، پەیتـا پەیتـا بە پاشـوویدا دەکێـشـا و تێوەی دەژەند.

مـریمـۆک لەناو تۆز و خـۆڵدا نوقم بووبوو، سـەیرێکی کـرد، کۆچ و بارەکە وا

بەرایی گەیوەتە نێو جەنگەڵستانەکە. بە هەموو گوڕێکیەوە ئەسپەکەی وەبەر مامزان دا.

«هە، هە، ماڵی کەحێلەیی تۆشم بە قوڕێ گرت. ئاخرییەکەی بەم با و بارانە لەم چۆڵەوانییەماینەوە.»

ئاوڕێکی پاشەوەی دا، وەک بگری و چەواشە بووبێ، بە دەنگێکی نەرمەوە:

«خەلیل ئاغا بە گوریت بم، خەڵکەکە وا گەیشتنە ناو جەنگەڵستانەکە. هەموو خێوەتیشیان هەڵدا. هەر ئێمە لەم بەربارانە ماینەوە. باران هێنای، ئەی هاوار هەی. چ دەڵێی، چ بکەین؟»

خەلیلە پیریش دنەی دەدا:

«بە مامزە خوشکێ، بە مامزە. لەم بەربارانە بمێنینەوە دەمرین. واهات، بەڵام چۆن هاتنێ.» بە گۆچانەکەی دەستی، بە هەموو هێزێکیەوە بەربووە ورگی کەحێلە.

«تێوەی ژەنە خوشکێ، تێوەی ژەنە باجی.»

ژنە پێی وا لە ئاوزەنگی توندکرد، هەر ئەوە نەبوو، بە مامزان ورگی ئەسپەکە کون کا. نە جارێ و نە دوو جار و نە سێ جار هەر تێوەی دەژەنی، خەلیلە پیریش بێ لێبڕان ددانی بە چیڕا بردبوو، بە ڕاست و چەپا دای دەپلۆست. کەحێلە بە لۆقە کەوت. دوایی کەمێ دایە چوارناڵ. خەلیلە پیر خۆی بە مرێمۆکەوە و مرێمۆکیش خۆی بە بەرکۆی زینەکەوە نووساند، بڕێ بەم ڕەنگە ڕۆیشتن. کەحێلە دەستی بە هەناسە بڕکێیەکی زۆر سەیر کرد، زگی دەئاوساو دەنیشتەوە.

بوو بە باهۆز. پڕووشەیەکی کرد. پاشان برووسکەیەکی دا. دەرو دەشت بوو بە ڕۆژی نیوەڕۆ. لە دوای ئەویشەوە هەور گرماندی. ئاسمان لە هەموو لایەکەوە درزی هێنا و قەڵشتی برد. لەم دەرزهێنان و قەڵشت بردنەدا، کەحێلە ڕەتێکی برد و نووچێکی دا. یەکسەر ڕاست بووەوە، دیسان نووچێکی تری دا، هەستایەوە، نووچی دا. ئاخرییەکەی سەرەنگرییەکی دا بەسەر تەپڵی سەریدا

بەربووەوە، ئیدی ڕاست نەبووەوە.

مریشۆک لەسەر ئەسپەکەوە کەوتبووە سەر وشترالووکێ. دەستی، قاچ و قولی، پشتی دڕکیان پێدا چووبوو.

خەلیلە پیریش لەولاوە دەینالاند: « ئای پشتم، ئای ئۆمەتی محەمەد. فریاڕەسێ نییە؟»

مریشۆک پاش قەیرێ خپ بوون و فزە لە خۆبڕین، ڕاست بووەوە، بەرەو ئەسپەکە ڕای کرد، کە زانیی ئەسپەکە هەناسە دەدا، گوتی « خوای گەورە، ماشەلا لە گەورەییت.»

خەلیلە پیر هێشتا ڕاست نەبووبووەوە، هەر دەینالاند، شتێکی دەگوت و دووپاتی دەکردەوە، لە پاشان بە هەموو تووڕەیییەکەوە نەڕاندی:

«فریاڕەسێ.»

مریشۆک سەری ئەسپەکەی لە باوەش گرت، گوتی:

«هەزار شوکور کە نەمردی، زۆر شوکور. لە دەوری ئەو خوایە گەڕێم کە بەخشیویتی. کە بەخشیویتیشی...»

قەیرێ دەستی بەسەر ئەسپەکەدا هێنا، ئینجا ئاوڕێکی دایەوە، سەیری خەلیلە پیری کرد، هەروا لە شوێنەکەی خۆیدا پەلە قاژێی بوو و هاواری دەکرد و دەینالاند.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئەسپەکە هیچی لێ بەسەر نەهاتووە.»

کە لێزمەکە تێ پەڕی، خەلیلە پیر ڕاست بووەوە، گوتی:

« ئەمانە چۆن پیاوێکن؟ خەڵکی ئەم زەمانە سەیرن. دوو پیری وا قەت بووە و بیستراوە بە ڕاکردن بگەنە هۆوەو جەنگەڵە، کە بەسەر سینگی ئەو پیرە کێوەوە نیشتووەتەوە؟»

مریشۆک وەڵامی نەدایەوە. لەلای سەری ئەسپەکەوە دانیشتبوو، هەر دوو

دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو چەناگەی تەتەڵەی دەکرد.

خەلیلە پیریش هات بە تەنیشتیەوە ڕۆنیشت. ئەویش سەرتاپای هەموو تەڕ بووبوو. بایەکی دەهات کاری لە مۆخی مرۆڤ دەکرد. ئەویش وەک مرێمۆک دەلەرزی و سەری وەک گەڵا بە چڵەوە تەکەتەکی بوو.

« هیچ خەمت نەبێ باجی، هیچ. ئەسپەکە لە لێزمەکە ترسا. بۆیە خۆی بە عاردیدا دا. ئەسپی ڕەسەن وایە. زوو سۆسەی هەستەم و مەترسی دەکا و دەزانێ مەترسی لە کوێوە دێ و بەری بە کوێوەیە. با هەور و هەڵاکە بڕەوێتەوە و ئاسمان ڕوون بێتەوە، هەر کاتێکت زانی ڕاست بووەوە. لە بارانەکە دەترسێ.»

مرێمۆک هەمدیس وەڵامی نەدایەوە. لە سەرەخۆ پشتی تێ کرد. ئەمە وەک ژەهری مار کاری لە خەلیلە پیر کرد.

«باجی خاتوو مرێمۆک، دڵت هیچ نەکا. ئەم ئەسپە، برایم، لە یەکێکی دزی، کە لە ئورفەوە هێنابووی. بۆیە دەزانم ڕەسەنە. خاوەنەکەی فەرمان و شەجەرەکەی لە گیرفاندا بوو. برایم ئەودەمی دەیگوت، توانیبام فەرمانەکەشیم لێ دزیبا، هەنگێ ڕێ و ڕاست ئەو فاڵەم بۆ مەیدانی مەرجمەک دەبرد، بە سەت لێرەم دەفرۆشت. هەرچەندمان کرد و کۆشاین، فەرمانەکەیمان پێ نەدزرا. برایم زۆری هەوڵ دا، لەم دنیایەدا تەنیا شتێکی بۆ نەدزرا، ئەویش فەرمانی ئەسپەکە بوو.»

مرێمۆک بەجارێ تووڕە بووبوو، لە داخان وەخت بوو شەق ببا.

«جا ئی وەکو برایم هەبوو. بۆ داخوازیی تۆ، خاتوو باجیم، سەرلەبەری لۆکەی پیرە چقوورمان بە تاڵان و بڕۆ برد، لە بەرەجووتی مسوولیمان کرد. سەرجووتێر نێوچاوانی ماچ کرد.»

مرێمۆک بە ڕکەوە ئاوڕێکی لێ دایەوە، چاوی لێ زیت کردەوە. ئەنجا لە سەرەخۆ، ڕووی لێ وەرگێڕا. خەلیلە پیر قسەکانی لە بەربڕین گیربوون. چاوە چکۆلە وەک دوگمەکانی لە نێو پێت و بڵێسەیەکی بە کوڵ و کەسەردا

هەڵایسابوون. لە گەرمەی قسەکردندا لەرزەکەی نیشتبووەوە. لە پاشان هەمدیس لەرزی لێ هاتەوە.

هەورو هەڵا بەرەو باشوور دادەکشا. بەری ئاسمان لە سەمتی باکوورەوە ڕوون بووبووەوە. ڕێگایەکی شینباوی ئاماڵ سپی بە درێژایی چیاکان لە ئاسۆ کرابووەوە. ڕێگاکە تا دەهات گەورەتر دەبووەوە. هەرچەند بەری ئاسمان پتر دەکرایەوە سامالێش بەو پێوەدانگە زۆر دەبووەوە دەیتەنییەوە و تیژتر دەبووەوە.

ئەسپەکە دەمی بۆ بنجێ گیای هیشک درێژکرد، قەپاڵی لێ دا هەڵی کەند، بە کاوەخۆ دەستی بە جوینی کرد. زۆری نەخایاند لەپڕ لە دەم و کاوێژ کەوت. سەری نەختێکی تریش خواربووەوە. نێوان لچی و زەوی هەر هێندەی چوار پەنجەی مایەوە.

خۆر لاکەوتبوو، ڕۆیشتبوو. بەری ئاسمان کرابووەوە. یەک پارچە شین دەچووەوە، شەماڵێکی سارد هەڵی کرد، پیاوی ڕەق دەکردەوە. مریەمۆک لە جێگاکەی خۆی هەڵکورمابوو، هەر هێندەی گوڵۆلەیەکی مابوو. خەلیلە پیریش هەر بەو حاڵە.

خەلیلە پیر ها لە کەیەوە مریەمۆکی دەدواند و چەند شتێکی لێ دەپرسین و وەڵامی نەدەدایەوە. پاڕایەوە، لاڵایەوە، بەرد وەدەنگ هات، مریەمۆک وەدەنگ نەهات.

مریەمۆک چاوی لە ئەسپەکە بڕیبوو، خەریک بوو بەرەبەرە لە تروکە دەکەوتن و دەقووچان، وەک کیژێکی تەڕ و تازە و دڵاوا و ڕوونەرم بیری لە مێردە شەرمنەکەی دەکردەوە، ئەو ڕۆژەی، کە ئەسپەکەی هاتە بەر ماڵێی، وەپێش چاو دێناوە. بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێ، بەرە نەخشینەکەیان، کە دەست و تەونی دایکی بوو، لە بڕی دا بە خەلیلە پیر، کڕووزە لە هەناویەوە هات، گوتی:

«ئای ڕۆژگار، ئای زەمانە، ئای. ئەم بەرازە پیرەش، ڕۆژگارێ، کەڵە مێردی

دەورانی خۆی بوو.»

لە پاشان، خەلیلە پیر هەستا. پێ و پلی بە جارێ ڕچیبوو، دەستی گۆی نەدەکرد.

بەلای مریەمۆکدا داچەمییەوە، گوتی: «خان باجی، قژ زێڕین، چاو مامزە جوانەکەم. هەستە، با بەڕێ کەوین. دوایی، لێرە ڕەق هەڵدێین، هەستە، با بڕۆین.»

دەنگی وەک نەرم و خۆش و بە کوڵ و کەسەر و پڕ لە بەزە بێ وابوو.

مریەمۆک هەر سەریشی بڵیند نەکرد. لە جێگاکەی خۆی چۆن هەڵکورمابوو هەروا هەڵکورمابوو.

«مەیکە بە سەرسەختی، ڕەشەبایەکەی لەوەدا نییە. ئەم بایە بایەکی بە گۆبەند و بەڵایە. لە ڕۆمەوە دێ. پیاو ڕەق دەکاتەوە. هەستە، هەستە با بڕۆین. با لە پیلت نەوم، هەستە، لێرە بمێنیەوە گۆڕ هەڵکەنە دێ دەتخوا. ڕۆژئاوا بێ. بەجارێ دەیبەستێ.»

خەلیلە پیر خۆی پێ نەگیرا، چوو بەرامبەری هەڵکورما، دەستی بە دڵدانەوەی کرد. لە هەزار ئاشی کرد، مریەمۆک بزۆشی پێ نەبزووت. لەسەر عاردە قوڕاوییەکە هەڵکورمابوو. هەردوو دەستی لەبن هەنگڵی نابوو. دەلەرزی.

ئاخرییەکەی، خەلیلە پیر تووڕە بوو، گوتی:

«چت لێ بکەم، تۆ کیژی گوێک حاجیت. تیرەکەتان هەروا سەر ڕەق و سەر سەختن. چارم ناچارە. من لەجیاتی وەی لێرە بمێنمەوە و ڕەق هەڵێم، دەڕۆم، بەجێت دێڵم.»

لە پیلی نەوی:

«لەگەڵ تۆمە باجی خان گوڵەکەم. هەستە، با بڕۆین. بەدیار ئەم ئەسپەوە چیی لێ پەیدادەبێ؟ بۆت ڕاست ناکرێتەوە. هەستە، بابڕۆین، مریەمۆک هەر جووڵەشی نەکرد.

خەلیلە پیر:

«بەڵای خوام لە سەرڕەقیتان دا گوێک حاجی. بەڵای خوام...» بە پەلە دوورکەوتەوە. مریمۆک سەرە تەڕەکەی لە سەرەخۆ بەرزکردەوە، قەیرێ سەیری دواوەی خەلیلە پیری کرد. هەموو ئەندامی دەلەرزی. سا بەهەر حاڵێ بوو چەناگەی بزواند و لەبەر خۆیەوە یەک دوو خوتە و بۆڵەی کرد. دیسان سەری بەربووەوە بەر سینگی. هێندەی تر کرژ هەڵات. هەردوو چۆکی لەنێو باوەش گرت. پێی لە بنی خۆیدا شاردەوە. هەنیەی لەسەر کەشکەژنۆی دانا. هەردوو دەستی لە بن باخەڵی ڕاکرد، بوو بە گوڵۆڵەیێ.

خەلیلە پیر چەند تیراوێژێ ڕۆیشت، ئۆقرەی نەگرت، ناچار گەڕایەوە. هات، لە هەردوو پیلی مریمۆک نەوی، بە هەموو گوڕێکیەوە هەوڵی دا، گریان بەربینی گرتبوو، گوتی:

«خوشکم، خوشکە خان باجییەکەم، چاو مامزەکەم، باوە، قژ زێڕینەکەم، باوە خاتوونی خاتوونانم، دە هەستە با بڕۆین. ئەم بارگینە هیچی لێ نایە، مەترسە، هیچ هیچی لێ نایە. لێرە بمێنیەوە دەمری. وەڵاهی دەمری، بیلاهی دەمری، ها ها وا لەولاشەوە بەفر هێنای.»

چەندی تکا لێ کرد، پاڕایەوە، بێ کەڵک بوو. پیلی بەردا، قەیرێ وەستا، چاوەڕێی کرد. لە پاشان تا هێزی تێدابوو پێلەقەیێکی بە کەلەکەیدا کێشا.

«دە بتۆپە. دە بتۆپە دەی. دەبا ناخی ئەرزا بچۆ. دە بتۆپە بە من چی.»

تووڕە بوو، ڕۆیی.

ئیشەڵڵا لەپاش نەختێکی تر، لێرە بە تەنیشت بارگینە پیرەوە لاشە ڕەق هەڵاتووەکەت دەدۆزنەوە.»

قوڕەکە وەک بنێشت بە پێیەوە دەلکا.» دەبێ بە پەلە بڕۆم، خێرا بڕۆم ئەم وەجاخ تەفر و تووناbووە دەبێ لە مەرگ ڕزگارکەم.»

شڕەوپڕەکانی بەریشی هێند قورس و گران بووبوون... ماوەیێ ڕۆیی. لە پاشان پەکی کەوت، لەسەر هەرێزە تەڕەکەی کەنار ڕێگاکە قەدەرێ دانیشت،

دەستی خوێنی تێ نەدەگەڕا. ئاورێکی لە مریەمۆک دایەوە. مریەمۆک و پیر بارگین کەوتنە پەناوە، بە دیار نەدەکەوتن بە توورەییەوە گوتی:

«ئەی ماڵم بە هەش گرتی ژن، هەی، توخوا شتی وا قەت بووە و بیستراوە؟ توخوا پیاو لە کەژ و کێوی وا دەمێنێتەوە و دەیداتە سەر سەختی و مردن؟ جا من ئێستا چ بکەم! خۆ ناگەڕێمەوە. بشمرێ ناگەڕێمەوە. جا وا گەڕاشمەوە، بە چی دەچێ؟ خۆ نایە.»

سەرلەنوێ، بە زۆر ڕاست بووەوە، بەرەو لێڕەکە ڕۆیی. لە لێڕەکەوە لە دوورەوە قووقەی کەڵەشێرێ هات. گوێدرێژێ زەڕی. یەکێکیش پڕ بەوناوە هاواری دەکرد و هەر نەیدەبڕییەوە.

خۆی بە خۆی:

«دەک وەجاخت کوێرەوە بێ، کوڕە، خۆ ئەم ژنە خوێنی پێ هەڵێنامەوە. چییە، وەڵڵا نەختێ سواری بارگینەکەی بووین. کچی گوێک حاجی خێری بە ناوچاوانەوەیە؟ دەبا ڕەق هەڵێ و بمرێ بۆخۆی پیرە بەراز خۆ عەمری نووحی نییە، قابیلە کۆڵەکە لە دنیا بچەقێنێ؟ لە بوون بە چەل بە ئەستۆی عەلیشەوە ڕزگاری دەبێ.»

کە گەیشتە بناری لێڕەکە، خۆر لە ئاوابووندا بوو. سەر گۆلاوە باراناوەکان کەمێ سوورییان تێ گەڕابوو. لەناو لێڕەکەوە دەنگ و زەڵە و تریق و هۆڕی پێکەنین و جنێودان دەهات. دەنگی لاواندنەوەی ژنێکیشی بەرگوێ کەوت. شتێکی شلەتێن دڵۆپ دڵۆپ تێی زا. خۆشییەک، بەخۆداهاتنەوەیێ بوو، وشیار بووەوە. لێڕەکە نماوی نماوی بۆن و بەرامەی بڵاو دەبووەوە. سی چل ساڵ دەبوو هاتوچۆی چقوورئۆوای دەکرد. سی چل ساڵ بوو، هەر کە دەگەیشتە ئێرە، ئەم بۆن و بەرامەیەی بۆن دەکرد. هەر شوێنە بۆن و بەرامەی تایبەتی خۆی هەبوو. شەو بووایە، تاریک و ئەنگوست لە چاو بووایە، خەلیلە پیریان لە هەر شوێنێکەوە بردبایە، دەیزانی ئەو شوێنە کوێیە و لە کوێوە تێ دەپەڕن. دەیگوت ئێرە کانی چغڵجەیە، ئێروکانە یەکەم ئاوەڕۆی چل ئاوانە،

ئێـره ڕێگای بن ئاق قـەڵایە، ئێـرانە سـەرووی سـاوروونە، ئێـرووەهێ بناری دیکیـرلییـە. چاویان دەبەسـتـەوە و سـواری چارەوێیـەکـیـان دەکـرد. بە پەنا و پێچیاندا دەبرد و ماڵ بە ماڵیان دەگێڕا، خەلیلە پیر بە بۆن ماڵانی هەڵدەهێنا، دەیگوت، ئـەمـە مـاڵی گـوێک ئۆغـڵانە، ئـەوە عـەمـبـاری مـاڵی کـوێخـایە، ئێـرە کـادێنەکـەی مـاڵی ئوێکسـز دورانە، سـی چل سـاڵ بوو ئەم ڕێگایەی بست بە بست بە بۆن دەزانی. کە بۆنی لێڕەکەی کرد، گوتی:

«هەی وەجاختـان کوێرەوە بێ هـەی، چاو چۆن ئەم لێڕە جوانەیان ئاگر تێ بەرداوە و کـــردوویانە بـە قـــەرەبرووت. لـە نیــوە پـتــریان ســووتـاندووە. دەک وەجاختـان کوێرەوە بێ. دە بڵێ چتان بەسـەر لێڕەواری چیاوچۆڵی خواوە؟ بۆ لەناویان دەبەن؟ نە ئاوی لێتان دەوێ، نە نانی لێتان دەوێ. سـەرباریش بۆن و بەرامــەی خــۆش بـڵاو دەکـەنـەوە و دەبنە پەنا و پەسـێـوی تەیروتوو و جـڕ و جانەوەر و داڵدە و دەرەتانی لێقەوماو و ڕێبوار و ڕێوینگ و غـەواران. تۆ سـەی سـەی ئەم کـافـر باوانەی خـۆشـمـان چۆن سـەر و ئاگریان لێ هەڵایسـاندووە. گوایە خۆیان گەرم دەکەنەوە...»

هەمـوو ئازای لەشی بووبوو بە یـەک پارچە شـەختـە و بەسـتـبـووی. قـاچی لە دووی نەدەهات، بە خـۆبـەکێشکردن دەڕۆیی. دیسـان لەناکـاو مـرێمـۆکـە پیری بەبیرهـاتەوە. «ئێستا دەڵێن کابرا پیرە لە خوا نەترسا، ئەو ئافرەتە کەساسـەی لەو کەژ و کێوە بەجێ هێشت و بوو بەهۆی لەناوچوونی. دەڵێن شۆفار و سـەرە سۆدرەیە، وەجاختان نۆغرۆ بێ. جا من ئێستاکە چ بکەم؟»

دەستی بە بانگەواز و هاوار کرد:

«هیـزە فریاکـەون، ئـەرێ ئەوە فریاڕەسێ نییـە؟ هۆ خـەڵکینە فـریاکـەون، وا دەمرێ، ئیسلامینە، ئۆمەتی محەمەدینە..»

خۆی بە عـاردیدا دا. دایە کەروێشکە خەو. ئەم فێڵەی لە هەڕەتی لاوێنییەوە بۆ مـابووەوە. کە لە درێتیـدا دەسگیـر دەبوو، زانیبـای زۆری تێـڵاترێن دەکـەن، هـەر لە هـەوەڵ تێـڵاوە خـۆی بە عـاردیدا دەدا. نقـەی لە خــۆی دەبڕی و فـرەی

نەدەکرد، دەتگوت حەوت ساڵە مردووە. زۆرجار خۆی بەم فێڵە قوتار کردبوو.

هەڵپە و خرۆشێ کەوتبووە ناو گوندییان. هەر خەڵک بوو بەرەو دەنگەکە ڕایان دەکرد.

لە پێشی پێشدا عوسمانۆک گەیشت. دانەوییەوە، ڕوانی خەلیلە پیر هەناسەی لەبەر براوە.

گوتی:

«ئای پیرە کەساسەکە.» بەسەریەوە وەستا، لە پاشان گوندییەکانی دیش. کوێخا هات. پیاو چۆن لەسەر مردوو دەوەستێ، گوندییەکان ئاوا وەستابوون. کڕوکپ، خەماوی.

کوێخا هەر گەیی و نەگەیی دایە قاقای پێکەنین.

«کەرێ، کە جارێ بە ڕێگەیەکدا ڕۆیشت، لە قوڕ چەقی، ئیتر جارێکی تر بەو ڕێگەیەدا ببڕای ببڕای ناڕواتەوە. وە ئێوە ئینسانن، ئەستەغفیرەڵڵا، خۆ کەر نین. وە دوور لە ڕووی حازریش. وە لەگەڵ ئەو حاڵەشدا. وە خەلیلە پیر سەد جاریش لەپێش هەر کێهەتاندا بیداتە کەروێشکە خەو و حاڵی چەقۆ، ئێوە هەر وا دەزانن مردووە. وە ئادەمیزادیش لە بەستەزمانان زۆر بێ ئەقڵترە. بەستەزمانان ساڵی جارێ لێک دەپەڕن. وە زاوزێ دەکەن. ئێوە هەردوو پێتان لێ لە کەوشێکی کردم. وە ڕاست بەرەو پێدەشتێ. وە گوتیشیان لۆکە و لۆکەزاری بێ ئاو ناچنین. وە دۆخینتان بە دەستەوە گرتووە. جا لەبەر هەندێ هاوڵاتە خۆشەویستەکانم، جا لەبەر هەندێکە گوندییە خۆشەویستە خوێن پاک و ڕەسەن و دڵ گەوهەرەکانم، ئادەمزاد لە بەستەزمانان گەلێ پەست و ئاڵچاخترە، بێ ئەقڵ و هێڕیلەیە.»

پێی توند بە ئەرزا کوتا و هات بۆلای خەلیلە پیر، وەک شەغرەی شکاو لێی ڕاکشابوو. پشووی پشوو ئاسایی نەدەدا، داچەمییەوە، لە پیلی نەوی ڕاستی کردەوە. هەر کە هەڵی گرت و هەڵی نەگرت خەلیلە پیر چاوی هەڵێنا. وەک نەیانناسێتەوە سەیرێکی گوندییەکانی دەوروبەری خۆی کرد. چاوی ترووکاند

و به کاوەخۆ هەڵی هێنا. به دەنگی نەخۆشێکی تازه له مەرگ قوتار بووەوه له سەرەخۆ، گوتی:

«موسوڵمانینه...» هەڵوێستێکی بۆ کرد، سەری دانەواند. دوایی هەردوو لاقی نوشتاندەوه، دانیشت. کوێخا سەرلەنوێ لێی نەوییەوه، هەڵی ساند.

خەلیله پیر سەری هەڵبڕی، گوتی:

«فریام کەون موسوڵمانینه، دەستم به دامێنتان، فریام کەون. مرێمۆکه پیر له سەرما ڕەق بووەوه. له ڕێگا بەجێ ما. لەکن ئەسپەکە. یا ڕەق بووەتەوه و کاری کراوه. یا خەریکه ڕەق دەبێتەوه.» دەنگی بەرز کردەوه. هاواری کرد: «بیگەنێ موسوڵمانینه.»

له پاشان هەمدیس چۆکی نوشتایەوه. وەخت بوو بەربێتەوه، بەرەکەت دا کوێخا له هەردوو پیلی نەوی، توند گرتی، گوتی.

ده ڕاوەسته ئیدی، تێ گەیشتین.»

قەرەباڵغییەکە، تاشباش و عوسمانۆک له نوواوه، بەڕێ کەوت. بەبێ ورته ملی ڕێیان گرت.

خێزانەکەی عەلی دەستی به قژ ڕنینەوه و خۆ کوشتن کرد:

دایکی له گیانەڵادایه و خۆی بەدوای گەڕانەوەیه. ئەسپەکەی دەکەوێ و دەتۆپێ...»

هەم له خۆشی دەدا و دەیبۆڵاند، هەم لەناو قەرەباڵغییەکەشدا به هەڵسوکەوت، هەڕای دەکرد. هەردوو منداڵەکانیشی بەدوو کەوتبوون. منداڵەکانی نەدەدیتن.

کوێخا، که لەگەڵ خەلیله پیردا له گوێ لێڕەوارەکە، دوو به دوو مانەوه. گوتی:

«پیره بڕوانه. هەموو کەسێ فرت و فێڵی تۆی بۆ قووت دەچێ، بەلام...»

خەلیله پیر:

«وەڵڵاهی کوێخا ئاغا، هەر ئەوە بووم. خوا سەلامەتتان کا، ڕزگارتان کردم. منیش ئەگەر ئەم چاکەیەی ئێوە لەبیر بکەم...»

چاوە سەوزە چکۆڵە هەر هێندەی دوگمەیێ ماوەکەی لەژێر برۆ سپییەکانیدا وەک شووشە دەچوون.

کوێخا:

«سەری مریشکەکەت خوارد. ئەسپەکەشیت... ئینجا وەک نەبات دیبێ و نەباران، هاتیە ئێرە، داتە کەروێشکە خەو. پیرەمێرد ئەو ئافرەتەت بۆچی کوشت؟»

خەلیلە پیر، لە سەرەخۆ چاوی قووچاند، ساوایانە، گوتی:

«وەڵڵاهی من نەمکوشت، ئاغای ئاغایان.»

کوێخا:

«سواری تەرکی بووی، چەپڵەی بۆ لێ دای. تۆش لە ئەسپەکەت بەردایەوە و مرد. وە تۆش لە دەستی من قەت ڕزگار نابی. وە عەدل و دادیش جێی خۆی دەگرێ، خەلیلە پیر، وە گوندییەکانیشت تێکڕا لەسەر کۆ دەکەمەوە، جا ئەوساکە بەرتیلخۆریی من تۆ جاڕی دەدەی.»

خەلیلە پیر قەڵەمی دەست و پێی شکا، پەلاماری قاچی کوێخای دا: «بەقوربانت بم، گوێ لە مستت بم، کوێخا فەندی، جۆگەیەکی لەگەڵ باوکتدا ئاومان لێ خواردبایەوە بەجیا ڕێی نەدەکرد. ئەسپی چقوورمان پێکەوە دزی. بێ من دەستی لە کارێ نەدەدا. کۆستەک و پێوەندی ئەسپەکان من دەمشکاندن. بەقوربانت بم، بە بەندەی ئەڵقە لە گوێت بم. بیکە بە خاتری گۆڕی مردووی باوت... بەو مریشکە هەڵترۆپیوەم چەند گوت، وەرە لە سەرما ڕەق هەڵدێی. بە قسەی نەکردم.»

کوێخا قاچی بە توندی لە دەستی ڕاپسکاند، بە ڕاکردن لەوێ جیابووەوە. «وە ئەگەر لە زیندان، لە زیندانم توند نەکردی، وە ئەگەر هەرکە گەیشتینە چقوور، ڕدێنم بە دەستی جەندرمان داو داو نەڕنیتەوە... پاسەوان؟»

پاسەوان لەبن دارێکی زەلام وەدەرکەوت، گوتی:

«فەرموو ئاغام.»

خێرا وەرە، خەلیلە تاش یورەگی کوڕی موستوکی لە ئاناقیز بووی ساڵی لەدایکبوونی ١٣٠٠، مریەمۆکە ئوزوونجەی کچی گوێک حاجیی لە حەیشێ بووی ساڵی لەدایکبوونی ١٣٠٢ی بە قەتڵی ئەنقەست کوشتووە. فەرمانی گرتنی دەدەم. وە دەشبێ هەردوو دەستی لە پشتەوە ببەستی تەوقیفی کەی. لە هەوەڵ پۆلیسخانەی تووشی دێین بە ئالاتی جاریحەوەی تەسلیم دەکەی. وە ئەم فەرمانەش لە تەرەفی ئێمەوە تەسدیق کراوە»[1]

« لە دەورت گەڕێم، بە کوێلەت بم. ئێسقانەکانی باوکت لەناو گۆڕەکەیدا لە شەرمەزارییان دەکەونە وەلەکەسەماو ناحەسێنەوە... دەستم ببەستی.

« ئەوە هێشتا هەر وەستاوی؟ پێت دەڵێم دەستی ببەستە. وە چاکیشی شەتەک دە.»

پاسەوان، خەلیلە پیری گرت، شریتێکی لە بەرکی دەرێنا، هەردوو دەستی لە پشتەوە شەتەک داو وە پێشی دا. بۆ بەردەرکەی چەپەرەکەی کوێخای هێنا. بە ڕێشمەیەکی قایمیش توند توند لە دارێکی نزیک ئاورگەکەی شەتەک دا.

کوێخا زۆر تووڕە بووبوو، دەهات و دەچوو، سەرێکی هەڵنەدەبڕی. سەیرێکی خەلیلە پیری دەست لە پشتەوە شەتەک دراوی چۆک داداوی هەڵترووشکاو بکا.

هەر کە بە تەکیدا تێ دەپەڕی خەلیلە پیر سەری هەڵدەبڕی، دەیگوت:

«حەیف، سەت حەیف و مخابن بۆ ڕۆژگاری کۆن، ڕۆژگارێ، کە خەلیلە پیر خەلیلە پیر بوو. گورگ کە پیر بوو دەبێ بە گەپجاڕی سەگەل. ئاخ پیرێتی

(١) هەندێ جار، کە کوێخا قسان دەکا، تامی کوردییەکەیم بە ئەنقەست گۆڕیوە و قسەکان وشەی سەردەمی عوسمانلییانی تێ کەوتووە، چونکە نووسەر بۆ خۆی بە ئەنقەست وای نووسیوە و منیش ئەوەندی دەستم ڕۆیشتبێ لاسام کردووەتەوە (وەرگێڕ).

ئاخ، خانە وێران بی. گەردوونی نامەرد، چەرخت بە چەمبەر بێ.»

کوێخا گوێی لێ بوو، خۆی لێ نەبان کرد. جەمال قۆشاق بەگی خاوەنی بەرەجووتی (شاریش) بەو چەشنەی دەکرد. کاتێکی کرێ خواردنی کرێکاران بووایە، کرێکارەکان دوو هەزار جنێویان لە پەناگوێی بە دایک و ژنی بدایە، خۆی لێیان گێل دەکرد و گوێی نەدەدانێ، دەیگوت: «بەرەی ئینسان ئەگەر بییەوێ لەم دنیایەدا بژی، دەبێ سینگی فرەوان بێ، با هەر جنێو بدەن و جنێو بدەن، خۆ جنێوەکانیان بەر ژنەکەی ئێمە ناکەون، ژنەکەی ئێمە هەر ئاگاشی لێ نییە.»

ڕاستە قسەیەکی ڕاست و دروستە.

قەرەباڵغییەکە هەر کە چاویان بە تارماییی مرێمۆک کەوت بە تەنیشت ئەسپە بەلادا کەوتووەکەوە هەڵکورماوە، لە شوێنی خۆیان ڕەق ڕاوەستان، چاوەنۆڕ بوون. ورتە لە کەسەوە نەهات.

ها لەپاش چەند، تاشباش:

«ئەرێ کوڕگەل، ئەوە بۆچی وەک ماستی مەییو وەستاون و سەیردەکەن؟ پیرێژن خۆ ئەگەر هێشتا ساغ بێ...»

قەرەباڵغییەکە، یەکسەر بەرەو لای مرێمۆک تاویان دا.

عوسمانۆک، چوو، تاقییەکی کردەوە.

گوتی: «ساغە، هەناسە دەدا، بەڵام ڕچیوە. خێرا خێرا ئاگرێ هەڵایسێنن.»

بووکێ، کە لەدوای دواییانەوە بوو، خۆی بەسەر خەسوویدا دا.

گوتی:

«دایە، دایکە کەساسەکەم. چیت لێ بەسەرهات؟»

لە پاشان ئاوڕێکی لە ئەسپەکە دایەوە، سەیری کرد ئەسپەکەش ساغ بوو.

«خوایە تۆ گەورەی، زۆر شوکور بە گەورەییت.»

عوسمانۆک:

«ئامـان سـەت ئامـان کـوڕینە، تا ئـاگـرەکـە هەڵدەبێ، دەست و پێ و پلی هەڵگلۆفن و فوویان لێ کەن. پەیتا پەیتاش دەست بەپشتیدا بێنن و بیشێلن..»

بووکێ و چەند کەسێکی تر، دەست و پێ و دەموچاویان لە ناو دەست و پلی خـۆیان نـا و دەسـتـیـان بـە هـەڵگلـۆفتن و پف لێکردنی کـرد. مـریمـۆک لەپاش ماوەیێ، کە هەستی کرد تێن و گەرمایی پشوو و گۆشتی مرۆی زایە لەش، بەرەبەرە دەسـتـی بە وەخـۆداهاتنەوە کـرد. بە ئەسـپـایی، چاوی کـەمـۆکـەیێ هەڵێنا. لە دڵی خـۆیدا، گوتی: «بەقوربانتـان بم. بەگوریتـان بم، گیان قـوتارکەر و فریاڕەسـان، چەند گورج و گۆڵانە بەفریامەوە هاتن. دەرمان و چارەی گیان و دڵان..»

ئەوانی، کە لەو دەوروبەرە دار و چیلکەیان کۆکردبووەوە، دەم و دەست، لەو چەقی ڕێگایەدا ئاگرێکی خۆشیان لە بەردەمی مرێمۆکدا هەڵکرد.

عوسمانۆک فەرمانی دا، گوتی:

«باوەشێ دوو باوەش گیا و گۆڵی نەرم و ناسک بدوورنەوە کەمێکی لەبەر ئاگرەکە هیشک کەنەوە، ئەوجا بەتەک ئاگرەکەوەی ڕاخەن.»

گـیـا و گۆڵیـان دوورییـەوە، وەبەر پێت و بڵێسـەی ئاگرەکـەوەیان ڕاگرت. تەڕایی تێـدا نەمـا. لەتەک ئاگـرەکـەوەیان ڕاخـست. مـریمۆکـیـشـیـان بە چواردەسـتـە هەڵگرت، لەسـەریان ڕاکـشـاند. گـڕ و بڵـێـسـەی ئاگـر بەسـەر مـرێمۆکدا هەڵدەکشـا و دادەکشـا. لەپاش تۆزێ مـرێمـۆک بەخـۆدا هاتەوە. بە خۆشەویستی سەیرێکی قەرەباڵغییەکەی دەوروپشتی کرد. یەکە بەیەکەیانی بە چاو بێژت. خـۆشـەویسـتیی بەسـەر هەمـوواندا بەشـییـەوە. ئەوجا بووکەکەی دیت.

لەسەرەخۆ گوتی:

«کیژە جوانکیلەکەشم هاتووە، کیژم سەیرێکی ئەسپەکەت کرد، ساغە؟»

بووکێ هاتە پێشەوە:

«تۆ خـەمت نەبێ، سـاغـە. ئەو چا دەبێـتـەوە. ئێـسـتـا ئـاگـرێ بۆ ئـەویش

دەکەینەوە.»

چەند کەسێ ئەم قسەیەیان بیست، بۆ چیلکە و چێو بڵاوبوونەوە. زۆری پێ نەچوو، ئاگرێکی بەداوێن لە چواردەوری کەحێڵە هەڵکرا.

تاشباش:

«پوورە مرێمۆک، دەتوانی هەستی؟ دە هەستە با بگەڕێینەوە گوند.»

مرێمۆک لێوی تەتەڵەی دەکرد. پرسی:

«ئەی ئەو کوا؟ ئەو شیر پێ حەرام کردووەم؟»

بووکێ:

«ئەو، کوێخا لەبەر گاڕانێی کردووە. هێشتا نەگەڕاوەتەوە.»

مرێمۆک:

«با بگەڕێتەوە، ئەو شیرە سپییەم، ئەو شیرە سپییەمی، کە بەو مەمکۆڵانەمم داوەتێ، بە زەهر بێ. با بگەڕێتەوە چاوی بە حاڵم بکەوێ. تا ئەو نەگەڕێتەوە، من لێرە بەولاوە هەنگاوێ هەڵناهێنمەوە. بمکوژن، بمبڕن، لە شوێنی خۆم نابزووم.»

تاشباش پێ کەنی گوتی:

«تۆ نابزووی، من دەتبزوێنم.» ویستی لە کۆڵی کا. مرێمۆک بە پەلەقاژێ کەوت، دایە زریک و هۆڕ. کە خاویش بووەوە، ئیدی بەسەر پێشەوە نەدەوەستا.

تاشباش بە شەرمەزارییەوە:

«نا، دایکەکەم نا، ناتبەمەوە، لێرە بمێنەوە، تا کوڕەکەت دەگەڕێتەوە کەس ئاشقی لە کۆڵکردنی تۆ نییە.»

مرێمۆک بەکاوەخۆ، لەیەکبینە دەگریا.

بووکێ لێی پاڕایەوە، ژنەکان لێی پاڕانەوە، پیاوەکان لێی پاڕانەوە. مرێمۆک نووحی گوت پێغەمبەری نەگوت.

ئەلیف بەمنداڵەکانی گوت:

«ڕۆڵە، ئێوەش وەرن، لە نەنکتان بپاڕێنەوە. بەشکو دڵی نەرم بوو بیبەینەوە بۆ ئاوایی. بەگوێی ئێوە دەکا.»

نەوەکانیشی لێی پاڕانەوە، گریان، کوڕووزانەوە. مریمۆک دەستی بەسەریاندا هێنا، بەڵام بەسەری گوتی، نابێ.

تاشباش گوتی:

«من دەڕۆم، ڕەق هەڵاتم، وا شەو داهات، بەڵام لە پێریژنە سەر ئاسنینەی واش دا.» ئاوڕێکی دایەوە. «من سەرمامە. لە سەرما. مردم.»

سەرماکەی لەکێشدا نەبوو. مانگ هەڵاتبوو، بەڵام چ مانگێ، دەتگوت یەک پارچە سەهۆڵە.

زریانێ هەڵی کردبوو مەپرسە، تا دەهات توند و تیژتر دەبوو.

عەشامەتەکە، یەک یەک و دوو دوو، بەرەو گوند دەستیان بە گەڕانەوە کرد. لە پاش قەیرێ مریمۆک و ئەسپە بەلاداکەوتووەکەی تەنیشتی، لە بووکەکەی و نەوەکانی و وەلی بەلاوە کەسیان بەدیارەوە نەما. وەلی بێ وچان کەردڕی خڕدەکردەوە و ئاگرەکەی پێ خۆش دەکرد. بووکێ و نەوە و نەتیژەش بەرانبەر مریمۆک هەڵکورمابوون، بە مڕومۆچی و چرچاوی گرژەوە بیریان دەکردەوە.

وەلی بەژنە زەلامێ کەردڕی لەسەر چەقی ڕێگاکە هەڵدابووەوە، هات لەتەک بووکێوە، ئەویش بەرانبەر مریمۆک هەڵکورما، گوتی، «تا سبەینێش بمێنینەوە بەشمان دەکا.»

زۆر ماندوو بوو. هەردوو ئەژنۆی لە باوەشی گرت و سەری لەسەر کەشکەژنۆی دانا. مانگ لە ئاوابووندا بوو، وەک بووز دەچوو. دەتگوت هەرچی سەرما و سۆڵەی دنیا هەیە وەک سێلاو لە مانگەوە دێتەخوار. لە پێشەوە، هەر ئەوەبوو گڕی نەدەگرت، کەچی لە پشتەوە دەتەزی و دەیبەست.

لە خوار ڕێگاکەوە، لەو کەلەوەی مانگی لێ ئاوادەبوو، دەنگێ هات. وەلی گوێی ڕاهێشت. دەنگەکە دەنگی عەلی بوو. سەری هەڵبڕی. دەستی درێژ کرد.

توند دەستی مریەمۆکی گرت.

به دڵخۆشییەوە، گوتی:

«پوورە مریەمۆک پوورزام هاتەوە.»

ئەوی تر وەڵامی نەدایەوە، شپرزە بوو.

وەلی بانگی کرد، گوتی:

«وەرە عەلی، وەرە، مەترسە، هیچ نییە. وەرە وا لێرەین،» عەلی کڕبوو.

کە نزیک بووەوە و تارماییەکەی بەدیارکەوت، وەلی بەپیریەوە چوو.

«برا، دایکت چاکە، بەڵام ئەسپەکە حاڵی خراپە. دایکت لە کەلی شەیتان نایەتە خوار. منداڵەکانیش لە برسان لاکەی سەریان دێ. باجی ئەلیفیشم مرد ئەوەندە خۆی بکوژێ و ببڕێ. دایکت لە کۆڵ کە و بۆ گوندی ببەوە. خەفەت مەخۆ.»

عەلی لە پێشدا هات، بەلای ئەسپەکەدا دانەوییەوە، سەیرێکی چاوی کرد. ئینجا ڕووی لە دایکی کرد، بە دەنگێکی کەل و شکاوەوە پرسی:

«دایە چۆن بووی؟»

مریەمۆک جووڵەی نەکرد.

عەلی بەتەنیشتیەوە، لەسەر گیا و گۆڵەکە چۆکی دادا گوتی:

«چاکی؟»

مریەمۆک دەستی ڕاستی بۆ سەری چوو و هەر هێندە و بەس.

«دایە شوکور سەلامەتی، چ پکەم، لەبەر گاڕانێی کردم.»

مریەمۆک زاری هەڵنەهێنا.

عەلی ڕوانی، دایکی زاری هەڵناهێنێ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

«بەڵام لە بەدخوویی تۆش دا، باشە من چم لێ کردووی؟»

بە شیرڕاندنەوە:

«من چم لێ کردووی؟»

پشتی تێ کرد، گوتی:

«ئا، وەلی دایکم بە کۆڵم دا دە.»

وەلی مـرێمـۆکی بە کـۆڵی عـەلی دا دا. عـەلی زۆر مـاندوو بوو، بە نقـەنق هەستایە سەر پێ.

«یاڵڵا منداڵینە، یاڵڵا کیـژێ، هەڕوون ئێـوەش پێـشم کـەون. وەلی تۆ لێـرە بمێنەوە. گرار و شۆربات بۆ دێنم.»

دوای ئەوەی لەوێ تەواوێ دوورکەوتنەوە، بە عوزرخوازییەوە، گوتی:

«بۆچی لووتم لێ خوار دەکەی دایە؟ من چم لێ کردی؟»

عـەلی بەدرێژاییی ڕێگا، تا گەیشتنە لێرەکـە، لە دایکی پاڕایەوە. دەیگوت گوناهم چییـە؟ بەرد وەجواو هات دایکی وەجواو نەهات. دیاربوو پڕبەدڵ لێی تۆرابوو و بەجارێ زیز و زویر بووبوو.

هێشتا بەری ئاسۆ زۆری مابوو ڕوون بێتەوە، خەڵکەکە بە دەنگی هەرا و زەناوە بەخـەبەرهاتن. ناو لێـرەکـە، لەبەر چرەدووکـەڵ نەدەبیندرا. تا بەیانی خەرمانە ئاگرێ لەبەر هەموو ماڵێکدا کرابووەوە دووکەڵ سەر لێرەوارەکەی وەک ئەم تەم و مژ تەنیبوو.

هەمـوو کـەس خـۆی تـەیار کـردبوو، چاوەڕێی بارکـردنی دەکـرد. هەندێ بارگینی بار دەکرد، هەندێکیش وردە و موردە و شرە و پرەی لە کۆڵی خۆی دەکرد.

لەو دەمەدا، عـەلی، کە تا سـبەینێ بەدیار ئەسپەکـەوە ڕۆژی کردبووەوە و دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕابوو، خۆی بە لێرەکەدا کرد. عەشاماتەکە لەدەوری خڕبوونەوە.

عوسمانۆک پرسی، گوتی:

«ئەم بەستەزمانە چۆن بوو؟»

عەلی بە خەمبارییەوە وەڵامی دایەوە:

«نە ئالیکێ نە ئاوێ، هیچ ناخـــــوا، چۆن بوو هەر ئاوهایە. هەناوی هەڵدەگرا.»

«دەمەوێ، بۆ ئەم لێرەی ببەم، تاشباش ئۆغڵو یاریدەیەکم بدە.»

تاشباش سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد. بە چاو:

«یاڵڵا تۆ تۆ... دورمـــیش تۆ. یاڵڵا. بڕۆن خـــێـــراکـــەن. کـــۆچ و بار بەڕێ نەکەوتووە...»

تاشباش، عوسمانۆک و لاوەکانی وەدووی خۆی دان، بەرەو لای ئەسپەکە بەتاو ڕۆیشتن. قەرەوەلی لەبەر خەرمانە ئاگرێکدا خۆی گەرم دەکردەوە، هەر کە چاوی پێیان کەوت لە خۆشییان هەستایە سەرپێ، قریواندی:

«چەپکێ گیای خوارد. هەر ئێستا کایەکەم لەپێش خڕکردەوە.»

ئەسپەکە سەری بەتەواوی نوقمی ناو کایەکە بووبوو. عوسمانۆک چوو، گورج کایەکەی لە دەوروبەری سەری ئەسپەکە داغان کرد، گوتی:

«کورە گوناهە، بەستەزمانە سەرت نوقم کردووە، پشووی بۆ نادرێ.»

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

«خوایە هەزار شوکور بە بەشت، نەمردووە.»

ڕووی لە لاوەکان کرد:

«دورمیش تۆ بە گوڕی. مستک تۆش، تۆ لەسەری، تۆش لە کلکی بنەون، ئێمەش لە راست و چەپەوە یارمەتیتان دەدەین.»

ئەسپەکە لە قوڕ چەقیبوو. ملی لەڕ و باریک بوو. ڕەنگی جارانی کوێت بوو. بەڵام ئێستا سپییەکی چڵکنی پەڵەپەڵەی درشتی مەیلە و سووری ئامـاڵ قاوەییەکی چڵکن بوو. جێ جێش تووکی سەرشان و کلۆت و سەر چۆکەکانی وەریبوو. یاڵ و بژی پێوە نەمابوو. نیوەی هەڵقاچرابوو و نیوەشی وەریبوو. کلکیشی کورتەیەکی مابووەوە مووەکانی وەریبوون. گوێچکەی گۆشتێکی

سووری مابووەوە. چاوی زەرد زەرد بوو. بژۆڵەکانی ڕیپۆقاوی بوون. وەک لە دوا نیگایەکی خەمناکی پیاوێکی نەخۆشی لە دنیا ناهومێدەوە، بێ پەروا، بڕوانێتە دەوروبەری خۆی ئاوها بوو.

عوسمانۆک دەنگی دان:

«یاڵڵا، هەموو بە یەک دەنگ. یەک، دوو، یەک دوو، یاڵڵا ها ا ا ا ا ا! یاڵڵا ها ا ا ا!»

ئەسپەیان وەسەر پێ خست. چوارپەلی دەلەرزی، بەڵام بە توندی بەر زەویش کەوت.

«یاڵڵا بە توندی بیگرن، بڕۆن.»

توند توند لە کەحێلە ورووکان. دەستیان بە ڕۆیشتن کرد. چوارپەلی لێک دەئاڵان، لە چۆکداندا بوو، ئەم دیو و ئەودیوی دەکرد، نەیاندەهێشت بکەوێ. بە کێشیان دەکرد.

عوسمانۆک:

«ئای کەحێلە، دەبوو بەم حاڵەوەشت ببینم. ئەمە دنیایە. دنیایەکی نامەرد و قەحپەیش. عەلی لەبیرت دێ، کە ئەم کەحێلەیە هات، ڕاوە کەروێشکەکەمان پێ کرد؟ لە بیرتە وەک با دەفڕی. عەلی ئەو ڕۆژانە بەبیردێن؟»

عەلی بە پەژارەوە سەرێکی ڕاوەشاند. عوسمانۆک بە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانە کەمێ دڵی عەلیی دایەوە.

تاشباش لەمێژ بوو کڕ و بێدەنگ بوو. هەموو کەسیش هەر کە بێدەنگ بوو لە ناکاو دەنگێکی بەرز گوتی:

«هیچ خەمتان نەبێ. پیرە ئەسپ نامرێ، مەترسن. کەحێلە نامرێ. دایانە پێکەنین. عەلی جەرگ و هەناوی بوو بە خوێن. ڕۆژ بەژنە زەلامێ بەرز بووبووەوە. کەحێلەیان هێنایە لێرەکە. هێنایان لە ژێر ئەو دارە عەلی هەواری لێ خستبوو، ڕاست لە بەردەمی مرێمۆک، لەبەر ئاگرەکە ڕایان کشاند.

خـەلیلە پیـر لـە دوورەوە ڕاوەسـتـابوو. چارەی گـرژ کـردبوو، لە پاشـان بە دڵخۆشییەوە جارێ سـەیری عەلی، جارێ سـەیری ئەسپەکەی دەکرد. هـەر کە نیگای لە نیگای مـریـمـۆک هەڵدەنگووت چارەی بەیەکـدا دەدا و بەری بەولاوە دەکرد.

کە مرێمۆک بۆ لێرەکە دێنن، خـەلیلە پیر هەڵدەستێتە سەر پێ، بە کوێخا دەڵێ:

«دەستم بکەوە، سەگە دەستم بکەوە. سەگی کوڕی سەگ. بچم خـوار، بچمە خوار بۆلای سـەرۆک پێی دەڵێم، بەم پیرییە دەستی بەستم، سواری کۆڵم بوو، تفی لە ڕیشە چەرمووەکەم کرد. چاوت بە ڕەگی ئەستۆت کەوتبێ، جارێکی تر چاوت بـە کـوێخـایەتی ناکـەوێتـەوە. ئەو کـوێخـایەتیـیـە، لە گـۆڕەکـەیدا نەحـەسێتەوە، باوکت دەیکرد. سـەگە. گۆڵە سـەگی چاو قـایم. تفـوو، تفـووو لە ناوچاوت. کوڕی سـەگی کەران ژن گاو، بێ ئیمـان، بێ دین، بێ ئاین. زووکـە، دەستم بکەوە.»

کـوێخـا خـۆی لێ کـەڕ کردبوو. بەتـاو لەوێ دوور کـەوتەوە، بـە ئیشـارەت لە پاسـەوانەکـەی ڕاگەیاند، دەسـتی کردەوە. خـەلیلـە پیـر کە دەسـتی کـرایەوە ئەوەندی بڕ بکا دەنگی بەرزکـردەوە، هەرچییـەکی بە زاردا هات بـە دایک و باوک و ژنەکانی کوێخای گوت. ئەوی پێی گوتن، بۆ سـەگت هـاویشـتبا بۆنی پێـوە نەدەکـرد، بەڵام کویخـا قـووتی دەدان. گوناهبـار بوو. گـوندی کـڕدەبن، دەنوون، خـەلیلە پیر لە قیـڕ و هۆڕ و جنێودانی خـۆی ناکەوێ و نایبـڕێتـەوە. کـەسـێکیش لە گـوندییـان هەڵناداتێ، بڵێ هـاپۆ خـەلیل، بەسـیـە بێـدەنگ بە، عەیبە، شوورەییيە، ئاخر، کابرا خۆ هیچ نەبێ کوێخای گوندێکی زل و زەلامە. بۆیە دەستی بەستی بە گوناهباری زانیت.

کەس بە جنێوی خـەلیلە پیر دڵی نەدەئێشا، هەمـوو کـەیفیـان پێ دەهاتەوە. ها لە پاش چـەند، لاوێ لە خـزمـانی کـوێخـا، دەوروبـەری نیـوە شـەوێ، سـەری هـەڵدەبڕێ، بە خـەلیلە پیر دەڵێ، بێدەنـگ بە. خەلیلە پیریش دەزانێ بەجارێ لە

تامی دەرکردووە، سەرسام دەبێ، یەکسەر دەیبڕێتەوە.

لە ناکاو منداڵ و گەورەو ژن و پیاو و تێکڕای گوند، لە ئەسپەکە خڕبوونەوە. جووقەوار لە کەسەوە نەدەهات. هەموو بەرانبەر ئەسپە نەخۆشەکە، بە ڕیزەوە وەستـــابوون. هەر دەتگوت، ئەوەی بەرانبـەریان تەرمی ئینســـانێکە، تەرمی ئەولیایەکە.

خەلیلە پیر، بەبێ ئەوەی لە کەسی ئاشکرا کا، لە عەلی نزیک بووەوە، پەنجە تووتەی دەسـتی ڕاسـتی گـرت، لە خـوارەوە بۆ سـەرەوە دەسـتی نـەرم نەرم لە دەست خشاند.

چاوە چکۆڵە فرمێسک تێزاوەکەی تێ بڕی، لەسەرەخۆ، گوتی:

«عەلییـەکـەم، ئازایەکەم، لە منـی مـەزانە. ئەو وەجـاخ تەپیـوە، زۆر پیـر بوو. ئەمن چوزانم، وێڕای ئەوەش، لە گوناهم خۆش بە، بمبەخشە.»

عـەلی بەری بەلایەوە کرد و دانەوییـەوە، بە ڕووخـۆشییـەوە، زەردەی هـاتێ. خەلیلە پیر هەندێ چشت لە بەربینی گیرا. هەر با هاستەم بزواندبات دەیدایە کۆڕەی گریانێ. لەوێ هەڵبڕا. لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئەدی، باوی ڕەحـمـەتیشـی، برایمیش وابوو. هەرچییـەکت گـوتبا وەسـەر خۆی دێنا؟ بۆ من، گوتبام بمرە دەمرد. دۆستی گیانی بە گیانی وا ئەمڕۆ لە کوێ بە دەست دەکەوێ؟ هەی نامەرد هەی، گەردوون چەرخت بە چەمبەر بێ. وەجاخت وێران بێ، کوێر بییەوە و جارێکی دی هەڵنەبییەوە.»

لەولای قـەرەباڵغـیـیـەکـەوە، لەژێر دارێ هەڵکورمـابوو، پشـتی بە دارەکـەوە دابوو، تک تک فرمێسکی لە چاوان دەهات.

لەپڕ بەبیریدا هات، گوتی:

«تۆبە خوایە، تۆبە. تووشی گوناهیش بووم، تۆبە. خوایە بەقوربانت بم، قەت ئەسپی ئۆزوونجە عەلی هەژارت دەکوشت و مرێمۆکی کچی گوێک حاجیی سـەر بە بەڵای دایکیت دەهێشتـەوە تۆبە، تۆبە. خـوا لە گوناهم خـۆش بە، لێم مەگرە. ماشەڵڵا لە کارت.»

گوێی لە هەرا و زەنا بوو، کە ئاوڕی دایەوە، کوێخای دیت. بە نەڕەنەڕ دڕی بە قەرەباڵغییەکە دا، دەچووە ژووڕێ. کە چاوی بە ئەسپەکە کەوت ئەویش ڕاوەستا. دەنگی نزم کردەوە. داچەمییەوە، سەیرێکی چاوی ئەسپەکەی کرد. سەری بەم دیو و بەو دیودا وەرگێڕا «جقەجقێکی» کرد.

بە ڕاست و چەپدا چاوێکی بە قەرەباڵغییەکەدا گێڕا.

«یەمەن ئاغا لە کوێیە؟ لێرە نییە؟»

لەناو قەرەباڵغییەکەوە دەنگێکی کچانەی باریک هات.

«لێرەم، کوێخا بەگ.»

«سەیری ئەسپەکەت کرد؟ وە گوتت ئەم ئەسپە دەژی؟»

یەمەن ئاغا:

«سەیرم نەکردووە قوربان.»

«وەرە سەیری کە. وە ڕاست بڵێ. ئەم ئەسپە دەژی، دەمرێ؟»

یەمەن ئاغا هات، قەدەرێ لە ئەسپەکەی ڕوانی و یۆخڵەمەیەکی کرد بەبێ ئەوەی چاو لە ئەسپەکە بترووکێنێ:

«ئەم بارگینە مردنی نزیک بووەتەوە. حەیف. ئەم ئەسپە ئەسپێکی عەرەبیی ڕەسەنیشە. کەحێلەیە. حەیف.»

هەم سەری ڕادەوەشاند، هەم دەستی بە ملی ئەسپەکەدا دەهێنا.

کوێخا:

«بزانن، یەمەن ئاغا چی گوت؟ گوتی، ناژی. کە یەمەن ئاغا گوتی ناژی. ناژی. وە نەخۆشێکی وایش نییە، هەروا سەرپێیی بڵێ، ناژی. وە لەم کارەدا پسپۆڕە و هەر خۆی حەساوە. یاڵڵا، با بەڕێ کەوین. دواکەوین، مەزراکان، گوندییەکانی تر دەیانقۆزنەوە. وە ئەوساکە منیش مەنسوولییەتی کەس وەستۆ ناگرم. یاڵڵا گورج کەن.»

سەر لە نوێ دڕی بە قەرەباڵغییەکە دایەوە، وە دەرکەوت. بەرەو دەرەوەی

لێڕەکە بەڕێ کەوت. قەرەباڵغییەکەی دەوروبەری ئەسپەکە جووڵەی نەدەکرد.

کوێخا لە دوور وەستا، قەیرێ سەیری قەرەباڵغییەکەی کرد، ئەوجا فەرمانی بە پاسەوان دا:

«بڕۆ کورە بڕۆ، دەنگی ئەوانیش دە، بەڕێ کەون.»

پاسەوان بە دەنگێکی بەرز بانگی بەناو قەرەباڵغییەکەدا ڕاهێشت. دەستی پێ کرد، گوتی:

«مەڵێن نەمانبیست، یا حاڵێ، یا تەورێ.»

گوندی هێدی هێدی بەڕێ کەوتن. خەڵکێکی کەم لە دیار ئەسپەکە کۆبووبوونەوە و مابوونەوە.

کوێخا لە پاسەوانەکەی پرسی:

«ئەوان ئەوێ کێن؟»

پاسەوان:

«ئۆزوون عەلی واز لە ئەسپەکە ناهێنێ و نایە. وەلیی خاڵۆزاشی هەروا لێی دەپاڕێتەوە. خەلیلە پیریش پشتی بە دارێکەوە داوە، چاوی بڕیوەتە ئەسپەکە هەروا وەستاوە. تاشباش بە عەلی دەڵێ، با بڕۆین. یەمەن ئاغاش هەروا سوێند و قورئان بۆ عەلی دەخوا، کە ئەسپەکە ناژی، دەمرێ.»

کوێخا گەڕایەوە بۆ کن ئەسپەکە، هاواری کرد:

«عەلی؟ ئۆزوون عەلی؟ ئەم ئەسپە ئەمڕۆ نەمرێ، سارە دەمرێ. دە سەری برە. با لە کۆڵ بێتەوە، وەرە بەڕێوە، با بڕۆین. نەتبیستووە، ئەوەی لە گەلە دابڕێ گورگ دەیخوا. وەرە بەڕێوە لێت خۆش بووم. بۆ ئەسپە مردەڵەیێ یاسا و دۆزی گوند مەشێوێنە. لێرە مەمێنەوە.»

دەیزانی، هەرچەندی ئەو پێی بڵێ، لێرە مەمێنەوە، عەلی دەیدایە سەرکێشی و لەوێ دەمایەوە بۆ ئەوەی، عەلی هێندەی تر تووڕە کا، دەیزانی، ئەویش بە گوێی ناکا. دەیویست خەلیلە پیریش بمێنێتەوە.

«چاکت خۆ قوتارکرد. یاڵڵا، یاڵڵا دەی. یەمەن ئاغا، بڕۆ تۆیش. منداڵەکانت ئێستا لە چقوورئۆوان...»

خەلیلە پیر تفێکی لە زەوی ڕۆکرد، گوتی:

«هەی لە دایک و ژنت، هەی لە ڕەگ و ڕەچەڵەکت، هەی لە تیرە و بنەچەکت، هەی لە هێسک و پرووسکی کوێخا خدری گۆڕ بە گۆڕت...

لە ڕکی تۆ لێرە، لەگەڵ عەلیدا دەمامەوە، بەڵام لە ڕووم هەڵنایە سەیری چارەی ئەم مریمۆکە بکەم. هەی لە دایک و ژنت. لە هێسک و پرووسکی کوێخا خدرت...»

یەمەن خۆی کۆکردەوە، گوتی:

«بەڵێ قوربان ڕاست دەفەرمووی. ڕاست.»(١)

بە شپرێوییەوە بەڕێ کەوت.

تاشباش:

«کاک عەلی، چاری نییە. پیاو لەگەڵ مردوودا نامرێ. ئەم گورگە بۆرە چاکی لێ دەزانێ. ئەسپەکە دەمرێ. گوێت لێ بێ، بزانە کوێخا چ دەڵێ. دەیەوێ تۆ لێرە بمێنییەوە. دەزانێ، ئەسپەکە ڕۆح دەرناکا، لە خۆشییان قوون بادەدا، هەر ئەوەیە لە کەیفان شێت و شبر نابێ. بۆیە لە یەکبینە. دەڵێ مەمێنەوە. با لە ڕکی ئەو، ئەم ئەسپە سەرژێ کەین، پێکەوە بەڕێ کەوین. هەیدێ، وەرە. با بڕۆین، ئەسپەکە دەمرێ. بڕوانە کوێخا لە خۆشییان چۆن تەماشا دەکا، سەیر، سەیر چۆن؟»

عوسمانۆک گوتی:

«وەڵڵاهی دەمرێ. بیللاهی دەمرێ. یاڵڵا هەستە، دژمنمان پێ خۆش مەکە...»

---

(١) یەمەن ئاغا بە تورکییەکی شل و شۆق و خوار و خێچ قسان دەکا. لە جیاتی وەی بلێ، «قوربان دوغرو دیۆرسون» دەڵێ « گوربان دۆرگی دییەرسەن» وا پێ دەچێ یەمەن ئاغا کوردە و تورکیی دوو زەردێنە نازانێ... (وەرگێڕ).

خەلیلە پیر هەستابووە سەر پێیان، پەیتا پەیتا لە دوای کوێخاوە، کە بە تووڕەیی و ڕکەوە دوورکەوتبووەوە، هێندەی تر جنێوی دەدا، ناوبەناویش، سڵۆک سڵۆک، جاریٚ سەیری ئەسپەکەی دەکرد، جاریٚ سەیری مرێمۆکی دەکرد، جاریٚ سەیری عەلیی دەکرد و دەیدایە دوودڵی: بڕۆم، نەڕۆم؟ قەیریٚ وەستا. چاوەڕێی کرد. بیری لیٚ کردەوە، جا وا ماشمەوە، چم لە دەست دیٚ، خۆ ڕۆح وەبەر ئەسپەکەیان ناهێنمەوە. بەڕیٚ کەوت. بەڕیٚ کەوت، بەڵام لاقی پاشەوپاش دەڕۆیشت.

لە دوورەوە تەق و هۆڕی تەنەکـــــە دەهات. دەنگی هەرا و زەنا دەهات، چریکەی لاوژەیەکیش دەهات. کەڵەبابێکیش، دوور و درێژ خوێندی.

ئەوانەی لەگەڵ عەلیدا مانەوە، لەوانەبوون عەلییان خۆش دەویست.

تاشباش ئۆغلۆ و ئوێکسز دوران و عوسمانۆک و کەلیکلی مووسا بوون. ئەوەندی گوتیان، پەرێشان دەبی، بە لۆکە چنینیٚ ڕاناگەی ئەسپەکە دەمریٚ. هەر گوتیان و گوتیان ئێستا و ئێستاش عەلی بە گوێی نەکردن و نەکردن. گوتیان کورە عەلی، کوێخا بە مانەوەت کەیف خۆش دەکەی، بڕوات بیٚ، ئا ئەمەیان ڕەنگە، تێکڕا دە جار پێی گوتبیٚ، هەر سەری نەگرت. دوایی هەموو بێدەنگ بوون. چۆن بە ئەسپایی و بە کڕوکپی لە مردوویٚ جیادەبیەوە، ئەوانیش بەو چەشنە لە عەلی جیابوونەوە و هەڵبڕان. هەموو ســەریان داخستبوو هەرە دووایینەیان، قەرەوەلی مایەوە، گوتی:

«خاڵۆزا، خۆم لەگەڵتدا دەمێنمەوە. با ئەوان بڕۆن.»

عەلی بە تووڕەیییەوە قیژاندی:

«تۆش بڕۆ، خێزانەکەت ناساغە، تا دوو ڕۆژی تر، ئەم ئەسپە سا یا دەمریٚ، یا دەژێتەوە. تۆ بڕۆ. سیٚ ڕۆژی دیکە دەتانگەمیٚ.»

قەرەوەلی نەڕۆیشت. کە چاوی بە چاوە زەق بووەوەکانی عەلی کەوت نەختیٚ سامی ڕیٚ نیشت.

عەلی بە ڕەقی لێی دووپات کردەوە، گوتی:

«وەلی برۆ، تۆ خێزانەکەت نەخۆشە. برۆ.»

وەلیش بە نابەدڵی ملی ڕێی گرت.

عەلی کە بەتەنیا مایەوە، سەری هەڵبڕی، سەیری کرد، کوێخا گەڕایەوە. داخۆ ئەم سەرەسۆدرە هارە چیی دەویست؟ کوێخا کە لەمانەوەی عەلی تەواو دڵنیابوو، بۆ ئەوەی بڵێن، چاو چەند بە تەنگی گوندییەوە دێ و تەنانەت چاکە لەگەڵ دوژمنیشی دەکا، بڕوانە چ پیاوێکی بێ فیز و هەوایە و چونکە دڵی نایە عەلی لەو چیا و چۆڵە بەجێ بمێنێ، گەڕابووەوە.

«ئوزوونجە عەلی، پێت دەڵێم، وە ئەمرت پێ دەکەم، ئەوەی لە گەلە دابڕێ گورگ دەیخوا. شتێکت لێ بەسەربێ، من مەنسوولییەت قوبووڵ ناکەم و گوناهێکی کەس لە ستۆ ناگرم. وە هەیئەتی گوند وە من لێت خۆش بووین و عەفوومان کردی.»

نەختێ لەولاترەوە، بەرانبەر عەلی وەستا. یەک دوو قسەیەکی لێ چاوەڕوان بوو. عەلی جووقەواری لێوە نەهات.

«ئەوەی خۆی بکەوێ ناگرییێ.»

گوند تەواوێ دوور کەوتبووەوە.

ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە.

«ناگرییێ.»

بە شاقاوی بەرین و هەراو دوورکەوتەوە.

مریێمۆک بووکەکەی و منداڵەکان لای سەری ئەسپەکەوە هەڵکورمابوون، چاویان تێ بڕیبوو، کڕو کپ، وەک پشوو نەدەن، هەڵکورمابوون.

عەلیش هات لە کنیان دانیشت.

کەس کەسی نەدواند، کەس سەیری کەسی نەدەکرد. وەک بەرد، وەک مەییو، لە نێوان دوو ئاورگی بە تەپ و دووکەڵدا هەروا مانەوە.

تەق و هۆڕی تەنەکە، بەرەبەرە، دوورکەوتەوە. هەرا و زەنا و جرت و فرت

بڕایەوە. ها لە پاش چەند، کەڵەبابێ قووقاندی، بەڵام قووقەی، نیوەی بەرگوێ کەوت و نیوەی بەرگوێ نەکەوت. لە پاشان هەموو شتێ کشومات بوو. لک و چڵی دار و درەختی نێو لێڕەکە هاشە هاشی دەهات، دەنگی خەزەڵ وەرین و خشەی وەڵگ بەسەر زەویدا خشەیان دەهات. ڕەگی پیرەدار لەناو گەڵای زەرد هەڵگەڕاودا نوقم بووبوون، بەدی نەدەکران.

ئەسپەکە لە یەکبینە ئاوی لە کەپوو دەهات. قەپۆزی کەوتبووە زەوی، قوڕاوی بووبوو.

عەلی هەستا بۆ ناو لێڕەکە چوو. مریمۆکە پیر لە دوایەوە. تا لە چاو ون بوو، هەر بیری دەکردەوە، سەیری دەکرد. سەری داخست.

زۆری نەخایاند، عەلی بە باوەشێ سەوزەگیاوە گەڕایەوە. سەوزەگیای لە تەنیشت ڕەگی پیرە دارێکەوە دانا.

مەنجەڵێ بەسەر ئاگرەوە بوو. مەنجەڵی داگرت. نەختێ کەشکەکی سبەینانی لەبندا مابووەوە.

بانگی منداڵەکانی کرد:

«ئا، یەکێکتان با بێ بیخوا. بۆ بەزایە بچێ.»

نێرینەکەیان کەوچکێکی داری بە دەستەوە بوو، لەسەر مەنجەڵەکە دانیشت، بە چاوقووچاندنێ هەمووی هەڵلووشی. عەلی سەری هەڵبڕی ئاوڕێکی لە ژنەکەی دایەوە. ژنە تێ گەیشت، مەنجەڵەکەی هەڵگرت، بردی لەسەر کانیاوەکەی پاومانیانەوە، پاک شوشتی. ئینجا پڕی کرد لە ئاو، هێنای بۆ عەلی. عەلی مەنجەڵەکەی خستە سەر ئاگر.

ئەسپەکە سەری تەواو لەسەر زەوی بوو.

عەلی پەنجە تووتەی لە ئاوەکە ڕاکرد. ئاوەکە شلەتێن بوو بوو. مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگرەکە هەڵگرت، هێنای لەکن ئەسپەکەی دانا. ئەوجا چوو پارچە جاوێکی لە لێفە شڕێ کردەوە، لە ئاوەکەی هەڵێنا، هێواش هێواش، چاوی ئەسپەکەی پێ سڕییەوە. ژنەکەی هات دەستی بە هاریکاریی کرد. عەلی

پارچە جاوەکەی دەستی دا بە ژنەکەی، سەر و قەپۆزی ئەسپەکەی لەناو قورەکە بەرزکردەوە. ئەلیف ئاوی بە دەم و قەپۆزیدا، بە شوێنە قوراوییەکانیدا، بە کەپووە مقاوییەکەیدا دەکردو دەیشوشتن. عەلی دوای ئەوەی سەری بە شوێنێکی کزراندا وەرگێڕا، چوو سەوزە گیایەکەی بن پیرەدارەکەی هێنا، لە پێشی دانا. بۆ خۆشی بە دیاریەوە دانیشت. سەری لەسەر باوەشی دانا. دەمی بۆ لای گیایەکە برد. بەڵام ئەسپە گوێی بە سەوزە گیایەکە نەدا. عەلی چەپکێکی لێ هەڵگرت وەبەر لووتی ئەسپەی دا، لە ددانەکانی سووی، زاری لێک کردەوە، هێندێکی تێ تەپاند، ئەسپە هەر گوێشی نەدایە، لچیشی نەبزووت. سەوزە گیایەکەی چۆن لە زار تەپێندرابوو هەر بەو ئاوایە مابووەوە. زاری داپچڕاوی سەوزە گیا تێ ئاخێندراو و ددانی لە زار و ددانی ئێسکە سەران دەچوو. عەلی سەوزەگیای لە زار دەردێنا، چەپکێکی دیکەی لە زار دەتەپاند... دوایی سەری لە باوەشیدا بوو، بۆ گیایەکەی درێژکرد، هەستا. لە خەفەتان وەخت بوو شێت بێ. لاقی چەپی دێشا. قەدەرێ بە دیاریەوە ڕاوەستا. ئەلیفیش، لەولاوە، لە پەنای درەختێکەوە هەڵکورمابوو، دەگریا. مرێمۆک چەناگەی لەسەر چۆکی دانابوو، دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو هەر هێندەی گلۆڵەیێکی مابووەوە. منداڵەکانیش چاویان زەق کردبووەوە، جارێ لە ئەسپەکە، جارێ لە باوکیان، جارێ لە نەنکیان، جارێ لە دایکیان کە لە پەنا درەختەکە هەڵکورمابوو، شپرزە و چەواشە، ڕادەمان. بوو بە نیوەڕۆ، بوو بە عەسر کەس لە جێی خۆی نەبزووت. ئەسپەکە، یەک دوو جارێ کلکی ڕاوەشاند، عەلی دڵی بە تەپەتەپ کەوت. هەر ئەوە بوو گەشکە نەیگرێ، قیژاندی:

«دایە، دایە؟ ئەلیف سەیرکەن، سەیرکەن، کلکی ڕاوەشاند.»

مرێمۆک دەستی لەسەر دەموچاوی لابرد، بە تیلی چاو، وەک لەوێیش نەبێ، سەیرێکی کرد، پاشان هەمدیس دەستی بە دەموچاویەوە گرت، ئیدی جارێکی دیکەی لانەبرد. منداڵەکان، کە هەستیان بەدڵخۆشی و قریوەی باوکیان کرد، سەیری یەکتریان کرد، پێ کەنین. هەستانە سەر پێیان، بەئەسپایی، خزینە بن

باڵی باوکیانەوە.

کوڕەکەیان دەستی بەگوێی ئەسپەکەدا هێنا، گوتی:

«ئا ئا، ڕای دەوەشێنێ، ڕای دەوەشێنێ. تەماشا کیژێ، کلکی چەند جوان ڕادەوەشێنێ. کلکێکی چەند جوانیشی هەیە.»

کیژەکەشیان دانەوییەوە، پەنجەیەکی بۆ گوێی ئەسپەکە برد، گوتی: «گوێچکەشی جوان جوان دەجووڵێنێ.»

دەستیان لێرەی دەدا، دەستیان لەوێی دەدا. بەترسەوە هەم سەیری باوکیشیان دەکرد، هەم کلک و گوێشیان دەگرت، دەستیان پێیاندا دەهێنا.

لەولاوە، ئەلیف بەتووڕەییەوە لە پەنا درەختەکە بەدەرکەوت، هەڵی کردە منداڵەکانی، قیژاندی:

« عەمر کورتینە، ئەوە بۆ داناسرەون. بزن بە هۆڵی ڕۆحەوە، قەساو بە هۆڵی گۆشتەوە. تۆ سەیری خۆشی خۆشی و یاریی ئەمانە کەن؟»

منداڵەکان، دەمودەست لە کن ئەسپەکە لاچوون، وەک کتکێ کاسە شیری ڕشتبێ، ڕایان کرد، خۆیان لە پشت نەنکیانەوە شاردەوە.

سێبەری پەڵەهەورێ بەسەر سەریاندا تێ پەڕی. لە دوورەوە کوندێ دەیخوێند. شوان هەڵخەڵەتێنەیێ هات، لەسەر چڵە دەوەنەکەی پێشیانەوە نیشتەوە. دەستت بۆ بردبا دەتگرت. دوایی هەڵفڕی.

ئەلیف دوو سێ باوەش سووتەنیی خڕ کردەوە، هێنای، ئاگرەکەی پێ خۆش کرد. یەک دوو کۆتەرەی گەورە گەورەی هێنا. یەکێکیان هێندەی مێروو پێوەبوو، ڕەش ڕەش دەچووەوە. بردنیەوە بۆ ناو لێڕەکە. ئەوجا مەنجەڵەکەی کن ئەسپەکەی هەڵگرت، پڕی کرد لە ئاو، لەسەر ئاگرەکەی دانا. خێرا ساواریشی تێ کرد. تا پلاو ساوارەکە پێ گەیشت، لەتەک ئاگرەکەوە دانیشت، چاوی هەر لە ئاگردانەکە بوو، چاوەڕێی دەکرد. کە پلاو ساوارەکە تەواو دەمی کێشا، بە نابەدڵییەوە، مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگرەکە هێنایەخوار، لەولاوەی دانا. هێندەی سەری ئەنگوستە کەڵەیەکیش چەوریی لە هیزەکەی

تەنیشتی دەرێنا، لەبنی تاوەکەی کرد. چەوری لە بنی تاوەی سەر ئاگرەکە دەستی بە قرچ وهۆڕ کرد، بۆن و بەرامەیەکی تاڵ تاڵی لێوە هات. پاش ئەوەی جوان هەڵقرچا و داخ بوو بەسەر پڵاو ساوارەکەیدا کرد. دیسان قرچ و هۆڕێکی تریشی لێوە هات. ئەوجا پڵاوی تێک وەردا. گورج هەستا سفرە و خوانی ڕاخست، ماندو و شەکەت گوتی: «وەرن بخۆن.»

عەلی هات، بە چوارمشقی نیشتە لای سفرە و خوانەوە. منداڵەکانیش بە ترس و لەرزەوە هاتن، دانیشتن. بووکێ چوو بەلای مرێمۆکەوە، دەستی خستە سەرشانی، گوتی:

« دایە، دایە هەستە، تۆش دوو پاروو بخۆ. دایە، دایە؟»

مرێمۆک هەر گوێشی نەدایە. وەڵامی نەدایەوە. بووکێ زۆری لێ پاڕایەوە. مریمۆک لە دوای دواییدا، گوتی:

« دڵم هیچ نابا، کیژە جوانەکەم. تۆ بڕۆ نانی خۆت بخۆ. من زەقنەبووت دەخۆم ڕۆڵەکەم.»

خۆی بەزۆر پێ گیرا. بووکێ نەختێکی دیکە زۆری لێ کردبا، هەڵدەستا. کە زانی بووکێ پتری زۆر لێ نەکرد هێندە تووڕە بوو ... خۆی پێ نەگیرابا بەردەکەی پێش دەمی هەڵدەگرت، پێیدا دەکێشا.

دەستی بە قسان کرد.

ڕۆژ ئاوابوو. لایەکی بەری ئاسمان سوورهەڵگەڕا. ئەستێرەی کاروانکوژە بەئاسمانەوە هەڵاواسرابوو، وەک ئاوێنە دەبریسکایەوە.

عەلی ئاگرەکەی وا خۆش کردبوو، ئەو ناوە بووبوو بە ڕۆژی نیوەڕۆ. ئاگرێکی زۆری کردبووەوە. یەکێکیانی لای کلکی ئەسپەکەوە، یەکێکیانی لای ڕاستیەوە، یەکێکیانی لای چەپیەوە، یەکێکیانی لای سەریەوە هەڵکردبوو بێ وچان لە لێرەکە سووتەنیی بۆ خڕدەکردەوە. ئەسپە بە ئاگر چواردەور دراوەکە جووڵەی نەدەکرد. سەری لەسەر سەوزە گیایەکە دانابوو، لە یەکبینە چۆڕاوی لە لووت دەهات.

عەلی ناوبەناو ئاگرەکەی خۆش دەکرد، دوایی هات، ورد ورد چاوی بڕییە لووتی ئەسپەکە و ڕاما.

منداڵەکان بەتەنیشت ئاگرە گەورەکەوە سەریان خستبووە سەر ڕانی دایکیان، نووستبوون. مریمۆک بەیانی چۆن بوو هەر بەو ئاوایە بوو، دەقی خۆی نەشکاندبوو، مەگەر هەر ئەوە نەبێ، کە پێت و بڵێسەی ئاگرەکە خۆشتر دەبوو، ئەو چکۆلە دەبووەوە کە دەشکەوتە تاریکایی گەورە دەبووەوە.

عەلی بەو شەکەتییە سووتەنییەکی زۆری لەکن ئاورگەکە کۆکردبووەوە. قەدەرێ خۆی لەو ناوە خلافاند و خولایەوە. لەولاوە واق و ویقی چەقەڵ دەهات. من دەڵێم لە سەت، تۆ بڵێ لە دووسەت چەقەڵ، پتر دەبوون. لەپاشان چەند کەڵەبابێ خوێندیان. ئەمانە کەڵەبابێ بوون، لە ناوەخت دەیانخوێند. کێ چوزانێ، بەڵکو گوندێکی دیکەش بۆ چقوورئۆوا دەچووە خوار.

شەوگار بەترێکی بەسەرچووبوو. عەلی قەدەرێ سەری هەڵبڕی، سەیری ئاسمانی کرد. ئاسمان پڕبوو لە ئەستێرە. زۆری پێ کەیفخۆش بوو. ئەستێرەی پایز لەسەرما هێند باریک و بنێس بووبوونەوە، دەتگوت هەر ئێستا تێک دەشکێن و هەپروون بە هەپروون دەبن. عەلی پاش ئەوەی لە سەیرکردنی ئاسمان تەواو ماندوو بوو، چووە کن ئەسپەکە، بەدیار سەریەوە وەستا. پاشان هەر لەوێ هەڵتووتکا.

ڕۆژ هەڵاتبوو، کە ئەسپەکە هەردوو دەستی درێژکرد و کرژبووەوە. قەیرێ دەستی لەرزین. دوایی هەروا مایەوە. سەریشی بەلایەکدا خست. عەلی سەری هەڵبڕی، ڕوانی نە دەنگ، نە هەناسە.

ئاخێکی هەڵکێشا، گوتی: « ماڵم وێران بوو.»

هەر لە شوێنەکەی خۆیدا بەچۆکدا هات. ئەلیف وێژینگی دەدا، خەوەکوتکێی بوو. ڕاچەنی، زریکاندی. منداڵەکانیش بەخەبەرهاتن، بۆخۆشیان نەیانزانی چییان لێ قەوماوە، دایانە زووڕە زووڕی گریان.

مریمۆک بەکاوەخۆی ڕاست بووەوە، هات خۆی بەسەر ئەسپەکەدا دا:

«بە قوربانت بم، بەگوریی سمەکانت بم ئەسپەکەم. موفەڕکەکەی برایم. دەبوو ئەمەشمان بەسەر بێ. ئەمەشت بەسەر هێنام.»

بەسەر ئەسپەکەوە دەینالاند.

چەقەڵی بەرەبەیان واق و ویقیان دەهات. ئاگرەکان کوژابوونەوە.

کە ڕۆژ هەڵات چاویان هەموو سوور هەڵگەڕابوو، هەستانە سەرپێ. بەرەو ڕۆژ قەیرێ ڕاوەستان. کزەیەکی ساردی دەهات. سەرمایان بوو. لەرزین.

مرێمۆک پیلی بووکەکەی گرت، گوتی:

« کیژە جوانەکەم، وا پێت دەڵێم، بە کەسی ترم نییە. بەوانەمە، کە موفەڕکەکەی برایمیان کوشت. کەوڵی کەن، هیچ نەبێ، با پێستەکەی لەناونەچێ. دەیفرۆشن، دوو قورۆشتان بۆ دەکا.»

عەلی تووڕەبوو:

« دایە؟ ئەمە چۆن کەوڵ دەکرێ، کێردم لە کوێ بوو. بەم کۆڵە گرانەوە پێستەی تەڕم چۆن پێ دەبڕێ؟»

مرێمۆک:

« بووکەکەم، بە تۆ دەڵێم، کێردێکی تیژ لەناو جەواڵە ساوارەکەدایە. بۆ بردنیشی، خۆمان چۆن دەڕۆین، ئەویش ئاوها دەڕوا. بووکەکەم لەگەڵ تۆمە، من خۆم هەڵی دەگرم، دەیبەم. تێ گەیشتی بووکەکەم؟»

عەلی نقەی نەکرد. دەیزانی ئەگەر ئەسپەکە کەوڵ نەکا، دایکی نەدەهات. ژنەکەی چوو، کێردەکەی لە جەواڵە ساوارەکە دەرێنا، عەلی لە دەستی وەرگرت. لەسەر لاشەی ئەسپەکە ڕاوەستا. بەخەم و پەژارەوە سەیری ئەسپەکەشی دەکرد و کێردەکەشی بە قایشەکەی پشتی ساودەدا، تیژی دەکرد.

کەوتە ئەسپ گوروون. دایک و بووک، هەریەکە لەلایەکەوە پشتیان لە ئەسپەکە کردبوو، لەسەر ئەرز گلۆڵە بووبوون. منداڵەکان لەکن ئەسپەکە قوت

بووبوونەوە، چاوە زەقە درشتەکانیان پڕبوون لە کولّ و کەسەر. نێرینەکەیان هێندەی پێویست بوو، هاریکاریی باوکی دەکرد.

برێ سیسارکە کەچەڵە لەدوورەوە دەخولانەوە.

تا عەلی ئەسپەکەی گورووی، ڕۆژ بەسەر ترۆپکان کەوت. نیوەڕۆ بوو. عەلی ماندوو و شەکەت، گوتی:

« ئەلیف خوێ بێنە.»

ئەلیف خوێی هێنا.

خوێی بە پێستە وەک چارشە و ڕاخراوەکەوە کرد.

« خۆڵەمێشەکەش بێنە. ڕەژووی پێوە نەبێ.»

ژنە بە مست خۆڵەمێشی لە ئاورگان دەردا، هێنای. ئەوەشیان پێوە کرد.

پێستەکە، یەک دوو سەعاتێ لەوێ، بە بەر هاتەوەو مایەوە. لەپاشان عەلی نوێن و پێخەفە بە ساوانەوە هەڵواسراوەکە و لێفەکە و تەنەکەکانی بەکۆڵیدا دا. شرە و پڕە و بزگوڕەکانی دیکەشی دا بەدەستی ئەلیفەوە. پێستەکەشی چوارقەمچ نوشتاندەوە، بەسەر کۆڵەکەیدا دا. پێستە، پێستە نەبوو، وەک قورقوشم قورس بوو.

گوتی:

« کێ پێستی ئەم پیرە بارگینە دەکڕێ؟»

دەستی دایکیشی گرت، هەڵی ساند. لەوێ هەڵبڕان. هێشتا سەت، سەت و پەنجا شاگەزێ نەڕۆیشتبوون، برێ سیسارکە کەچەڵە لەسەر لاشەی ئەسپەکە نیشتنەوە. عەلی لای کردەوە، سەیرێکی کرد. لاشەی ئەسپەکە ئەوەندەی سیسارکە کەچەڵە تێ ورووژ کابوون، هیچ کوێی بەدەرەوە دیارنەبوو. لە لای باشوورەوە پەڵە هەورێکی سپی بە ئاسمانەوە بوو. بەلای دەستە ڕاستیەوە دارچنارێکی سپی هەڵگەڕابوو. لک و چڵەکانی لەبەر پیری چەمیبوونەوە.

بەڕێ کەوتن. عەلی ژنەکەی بەتەکیەوە دەڕۆیشت، بە بێ ورەییەوە، گوتی:

« وا خێرا بڕۆین لە ئاندرلیی خواروو دەیانگەینێ.»

ئەلیف وەڵامی نەدایەوە.

« بڵێ پێنج نا سەری شەشەی، هەر کاتێ دەزانن، بەرانبەریان قوت بووینەوە. وەنییە؟ دە بڵێ.»

ئەلیف بیری دەکردەوە، وەک گوێی لێ نەبێ وابوو.

« دەڵێن، بەجێ ما، ئەسپەکەی مرد، با دڵیان خۆش بێ ئەم نامەردانە. نایانەوێ...»

سەیرێکی ئەلیفی کرد. ڕاوەستا، تەواو لێی وردبووەوە. ئەلیف هەروەک لەوێیش نەبێ، خۆی لێ بە خاوەن نەکرد. عەلی بەپرتاو بەکنیدا تێ پەڕی.

عەلی لەژێر بارە قورسەکەی کەحێلە و پێستەکەیدا چەمیبووەوە چرکەچرکی بوو. بەو بارە قورس و گرانەوە زۆر نەڕۆیشتبوو، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو. هەناسەبڕکێی بوو. لە هەمووان بەلاتر پێستە بۆر بوو. هەر دەتگوت قورقوشمە بەسەر پشتیەوە. بەرەکەت دا، لە باشوورەوە شنەبایەکی دەهات. دەوروبەر بە بۆن و بەرامەی دارکاژ کەڕ و کاس بووبوو. پێستەکەیش بۆگەن بۆگەن، بۆنی خوێن و خوڕی لێ دەهات.

عەلی لە پڕێکا توورە بوو. هەڵچوو. نەڕاندی:

« نابێ نەگەین. پێش ئەوەی گوند بگاتە ئاندرلی خواروو، دەبێ بیانگەینێ. دەبێ بیانگەینێ. دەبێ بیانگەینێ.»

ئەلیف بیری دەکردەوە، لەپڕ ڕاچەنی. شڵەژا، لە شوێنەکەی خۆیدا ڕەق ڕاوەستا. نەیزانی عەلی لە چی توورە بووە.

« نابێ، نابێ. نابێ نەیانگەمێ، لەمێژە ئەوان بەڕێ کەوتوون، نەیانگەمێ ماڵ و منداڵم هەموو لە برسان دەمرن، بە ڕووت و قووتی دەمێنینەوە. قەرز و قۆڵەکانیشم نەدەمەوە، عادیلەفەندی لە زارم دەڕی. من نەیانگەمێ گوندی هەر بەجارێ دەبن بە خولام و ئالقە لەگوێی کوێخا و دەلی بەکر. بەندەی ئەڵقە لەگوێ ئافرەت، گوندی لە مەزرای بێ بەر و داهاتدا بەجارێ دەچەوسێنەوە،

لەوسەرەوە بەدەستی پەتی دەگەڕێنەوە گوند، پێنج قرۆشیان وەچەنگ ناکەوێ. گوێت لێمە. پێت دەڵێم، ناکرێ نەیانگەمێ، ئافرەت. ناکرێ ئافرەت، ناکرێ. خێرا خێرا، با ددان بە جەرگی خۆماندا بگرین، لە ئاندرلی خوارووبان نەگەینێ، دەبێ لە کاروانسەراکەی نارلی باخچەیان بگەینێ.»

ئەلیف چەندین ساڵ بوو، عەلیی بەو قیژەقیژ و تووڕەییەوە قەت نەدیتبوو. لەبەرئەوە، لەجیاتی ئەوەی، سەرسامییەکەی خاوبێتەوە، ئەوەندەی بیری دەکردەوە، پتر دەیدایە مۆنی و گرژی. دەیویست چەند شتێکی پێ بڵێ، وەلامی بداتەوە، بەلام هەرچەندی دەکرد، لەو دەمەدا، هیچی بەبیردا نەدەهات.

« گوندی هەموو سەری خۆیان هەڵگرت، ڕۆیشتن. هەر بە فڕین، فڕین. نابێ نەیانگەینێ.»

بەپەلەپەل دای کێشا ڕۆیشت. بە ڕاکردن دەڕۆیشت. زۆری نەبرد، منداڵەکان و ئەلیف و مریەمۆک زۆر لە دواوە بەجێ مابوون. هێشتا لە لێڕەکە تێ نەپەڕیبوون.

ئەلیفیش بە هەموو گوڕێکیەوە دەڕۆیشت، بەلام قەت دەگەیشتە عەلی. ئەلیفیش کۆڵەکەی گران بوو. هەر ساناساتێ ئاوڕێکی دواوەشی دەدایەوە، هەرچەندە چاوی بە خەسووی دەکەوت، هێندەی دیکە بەجێ مابوو و لە هەر هەنگاو هەڵێنانێکدا یەک دوو لەتری دەبرد، بەجارێ ئەوەندەی تر خەفەتخان دەبوو.

عەلی لە لێڕەکە تێ پەڕیبوو، بەدی نەدەکرا، سەروچاوی، ملی سوور هەڵگەڕابوون، لەناو ئارەقەدا شەلال بووبوو. ڕەگی ملی هەریەکە هێندەی، ئەنگوستێ هەڵمسابوو.

منداڵەکان پێ بەپێی نەنکیان دەڕۆیشتن، لەبەر هەندێ، دەشڕۆیشتن و یاریشیان دەکرد. نەنکیشیان لە یەکبینە، پێیان هەڵدەکالا، چەمۆڵەی لێ دەنان، داخی دڵی بەوان دەڕشت.

کوڕەکەیان، یەک دوو پشوو وازی لە نەنکی و لە یاری هێنا، بە ڕاکردن

خۆی گەیاندە دایکی، گوتی:

« دایە؟»

دایکی قیژاندی:

« سندان، جوانەمەرگ، برۆ بگەڕێوە کن نەنکت، برۆ لەوێ بوەستە. بەجێی نەهێڵی ها. چاوەڕێی نەنکت کە. با بێ، پێ بەپێی ئەو برۆ.»

منداڵەکە چڵمەکەی هەڵلووشی، گوتی:

« زۆرم برسییە، هێندەم برسییە ...»

دایکی بەڕوویدا هەڵشاخا، گوتی:

« ژوقم بخۆی برۆ لای نەنکتەوە.»

لە دایکی سڵەمییەوە.

مریەمۆک پشتی بەجارێ کووڕبووبووەوە. سەرتاپای لەشی دەیزریکاند، لەسەر پێ خۆی نەدەگرت، لاقی دەلەرزی. لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو. هەر هەنگاوێ دەڕۆیشت، ڕەق ڕادەوەستا، وەک پەڕەوول چۆن ئاو دەخواتەوە، بەوچەشنە زاری لە ئاسمان دەکرد ... قووڵ قووڵ پشووی دەدا، ئەوجا لاقی بە زۆر دەبزواند، بەکێشی دەکردن. ڕەنگ و ڕووی ڕەش ڕەش داگیرابوو، هەر دەتگوت پێستەیە و لەبەر هەتاو کرژهەڵاتووە. چاوی بە قووڵدا چووبوو. بەحاڵ دەبیندرا، لێوی لەبەر بێ ددانی، لە زاری ڕۆچووبوو، گوپی داقووپابوو. قژە بە خەنەکەشی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە بەدەرکەوتبوو، بەسەر دەموچاویدا بەملیەوە نووسابوو.

ئەلیف بەرەونووا تەکانی دا. کە لە لێڕەکە دەرچوو، عەلیی لە دوورەوە دیت. بانگی کرد:

« عەلی، عەلیییی؟ عەلی، عەلیییی؟»

عەلی گوێی لێ نەبوو.

ئەلیف بەگوڕتر دایە غار، هەر ئەوەندەی زانی، گەیشتە عەلی، قۆڵی گرت،

ڕای کێشا، بە هەناسەبڕکێوە، گوتی:

« دایکم حاڵی خراپە، حاڵی زۆر خراپە، بگەڕێوە. سەیرێکی حاڵی کە. ئەمە وا نابێ عەلی، خوا هەڵناگرێ، بەسزمانە.»

عەلی وەستا، پشوویێ، بیری کردەوە، پاشان گوتی:

« ئەو هیچی لێ نایە.» قۆڵی قایم لە دەستی ئەلیف ڕاپسکاند، هەر بەو گوڕ و هێزەوە دای کێشا ڕۆیشت.

ئەلیف لەدوایەوە گوتی:

« ئەرێ عەلی ئەوە تۆ شێت بووی؟ وەڵڵاهی بەسزمانە حاڵی زۆر بەربادە.»

عەلی گوێی نەدایە، ئەلیف گەڕایە دوواوە بۆ کن مریەمۆک، تازە لە لێرەکە وەدەردەکەوت، چووە ژێر باڵی. تەواو عەلی تووڕە بووبوو.

پرسی:

« چاکی دایە خۆشەویستەکەم؟»

مریەمۆک هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، گوتی:

« چاکم کیژە جوانەکەم، خۆ دەمبینی لە چ حاڵێکدام. چاک ئەمە بێ خوا بیبڕێ.»

ئەلیف بە شەرمەزارییەوە پرسی:

« دەتوانی ڕێ بکەی؟»

مریەمۆک وەک شیشێکی سوورکراوەی بە گۆشتدا بچزێنی زریکاندی، گوتی:

« ڕێ دەکەم ، ڕێیەکی واش دەکەم، زەوی لە ژێر پێمدا بنەوێ. ئێستا سەیرم مەکە هێشتا بەڕێ نەکەوتووم. با ڕابێم.»

دەنگی وەک جاران بە زوڵاڵی نەدەهات. دەستێکی بەسەر شانی منداڵەکەوە بوو. ئەلیفیش لەژێر باڵیدا بوو. دەستی لەسەر شانی منداڵەکە لابرد. پاڵێکیشی بە ئەلیفەوە نا، خۆی قیت کردەوە. یەک دوو هەنگاوی هەڵێنایەوە

نەیگرتبا بەردەبووەوە.

« هێشتا لەسەر ڕۆیشتن ڕانەهاتووم. پیاو یەک دوو ڕۆژێ ناشێتی دەکێشێ، پێوەی دیار دەبێ، لەپاشان وەک ماینی جریتبازیی لێ دێ. ئەدی وە نییە؟ ڕاوەستە. با پشووێکیش بدەم ... ئەوجا بزانە چۆن دەڕۆم ... وەک هی پازدە ساڵییان.»

لە پاشان گوتی:

« حەیف، سەت حەیف و مخابن، خۆزگە ئێستا ئەسپەکەمان زیندوو دەبوو. ئەسپە بۆرە شینباوە ئاماڵ سوورەکەم. لە بێ ئاوزیی مێردەکەوەت، ئەو خەلیلە پیرە بەرازە، ئەو سەگەپیرە ئەسپەکەی نەکوشتابایین، من لەم خۆبەکێشکردنەم چی ...»

بەچاوی فرمێسکاوی و گەرووی پڕ بەگریانەوە:

« ئەمن شیرم بە کابرایەکەت حەڵاڵ ناکەم. دنیا بەسەر دنیادا خرا بێ حەڵاڵی ناکەم. ئیشەڵڵا لەناو ئاگری جەحەنمدا، قرچە قرچ دەسووتێ. تا دەشمرم زارم لە زاری ناگەڕێ.»

لووشک و هۆڕی گریانەکەی قووت نەدەدایەوە. وەک بخنکێ لە گەروویدا دەیپەنگاندەوە. قەیرێ هەروا مایەوە. پاشان لەپڕ ئەم حاڵەی لێ بەسەرچوو. چاوی وەک بە سەرپۆشەکەی بسڕێتەوە وای کرد. بزەیێکی هاتێ. هەروەک نە بای دیبێ و نە باران، دەتگوت هەر ئەو ژنەش نەبوو کە تۆزێ لەمەوپێش پیشی دەخواردەوە و وەخت بوو بتەقێ.

«بڕۆ کچم، بڕۆ. ئێمە ئەوەندە بێ ئاوەز بین ...»

توند توند خۆی بە بووکەکەیەوە گرت، بە شەلەشەل بەڕێ کەوت.

« چاو چاو، چەند جوان دەڕۆم. کیژە جوانەکەم هەر تۆم لەتەک بی ...»

ئەلیف هەر سەیری پێشەوەی دەکرد، چاوی لە عەلی بوو، بە تاو دەڕۆیشت. هێندەی نەمابوو لە کەلەکەی بەردەمی ئاودیو بێ و بەجارێ لە چاو ون بێ.

کێ دەیزانی جارێکی تر لەکوێ دەوەستا، چاوەڕێی بکا. لەوانەبوو داڵغەیێکی وای لێ دابا، نە نان، نە ئاو، هیچی بەبیر نەهاتبایەوە. تا چقوور نەوەستابا. ئەلیف بە ئاکار و ڕەفتاری مێردەکەی زۆر ئاشنابوو.

بە هەموو گوڕێکیەوە بانگی کرد:

« عەلی؟ عەلی؟»

مرێمۆک چەمۆڵەیەکی لێ نا، گوتی:

« با بڕوا ئەو سەگی کوڕی سەگە. با بڕوا بۆ نێو زبارەی جەحەنم.»

ئەلیف گوتی:

« دایە، کابرا شێتە، لەبیرمان دەکا. جارێکی تر ئاوڕی پاشەوەیش ناداتەوە.»

وازی لە مرێمۆک هێنا، بە منداڵەکانی گوت:

« لە نەنکتان جیانەبنەوە، با من بڕۆم بگەمە باوکتان ڕای وەستێنم.»

کوڕەکەیان گوتی:

« برسیمە.»

ئەلیف:

« ژوقوم بخۆ. با فریای باوکت کەوم، خەبەری بدەمێ.»

عەلی ها ئێستا ها نەختێکی تر لە یاڵەکە ئاودیو دەبوو. ئەلیف ڕای نەدەکرد. بارەکەی کۆڵی داگرت، لەسەر ڕێگاکەی دانا. ئەوجا ئاوڕێکی دایەوە.

«دایە منداڵینە، تا من دەگەڕێمەوە، ئێوە لێرە، لەکن کۆڵ و بارەکە دانیشن.»

لەچکەکەی کەوتبووە سەر ملی. سەر و قژی شێوابوو. هەرچەند ڕای دەکرد هێندەی تر دەشێوا. عەلی خەریک بوو لە کەلەکە ئاودیو دەبوو، ئەلیفی گەیشتێ، گوتی:

« عەلی بڕستم لێ بڕا، هێندە ڕابکەم، هەناسەم لەبەر بڕا.»

عەلی بە بارەکەی کۆڵیەوە خۆی بە زەویدا دا.

ئەلیف بە هەناسەبڕکێ:

«دایکت حاڵی پەشێوە، تۆ لێرە بوەستە، با من بڕۆم ئەوانیش بهێنم. تا ئێمە دێینەوە، تۆ خێرا ئاگرێکی خۆش بکەوە.»

عەلی سەری بۆ ڕاوەشاند. کاسکێتە کۆنە لێوار شڕ و شپڕێوەکەی لەسەر داکەند. لەولاوەی دانا. قژی لەبەر ئارەقە تەڕببوو. هەنیەی بە لادەستی سڕییەوە. پەنجە تەڕەکانی بە شەکەتییەکەوە داتەکاند. بارەکەی کۆڵی لە بن گابەردێکدا جێ کردەوە. پێستی ئەسپەکەشی لەبەریەک کردەوە، لەسەر هەرێزی قەراخ ڕێگاکەی هەڵخست. کەرمۆزێکی سەوز، بە بریقەبریق هات، وەک برووسکە لەسەر پێستەکە نیشتەوە. دیسان وەک برووسکە هەڵسایەوە. زۆری پێ نەچوو، کەرمۆز بوون بە سێیان.

عەلی ئاگرەکەی کردەوە، لە بەری هەڵکورما. هەموو ئازای لەشی دەیزریکاند، ئاگر گڕی ساند و نیشتەوە، عەلی هەمدیس هەڵی گیرساندەوە، دیسان دامرکایەوە، دیسان هەڵی کردەوە. یەک دوو جارێ لەبەرخۆیەوە گوتی:

«ئەم بەڵای سەرانە چییان لێ هات؟ ڕۆژ وا خەریکە ئاوادەبێ.»

چاوی بڕیبووە ئاگرەکە، بەهەزار تەرحی لێک دەدایەوە. هەروا بیری دەکردەوە. زۆر لەمێژ بوو، هێشتا منداڵ دەبێ، لە چقوورئۆوا باران دەیانگرێ. باوکی زۆر هەراسان دەبێ. لەسەریەک لەسەریەک ئەستێ لە بەرد دەدا، جغارە لەسەرجغارە پێ دەکا. هەراسانی و پەژارەکەیش تا دێ هەوزەڵ دەستێنێ. هەر ئەوە نابێ، لەداخان بتەقێ. ئاخۆ دایکی لە چ مەزرایێ گیری خواردبوو؟ لەمەراقان هەر وەخت دەبێ شێت بن. ڕۆژ ئاوادەبێ، ئێوارە دادێ، باوکی لەبەر ئاگرەکە جارێ هەڵدەستێ، جارێ دادەنیشێ، تا بەرەبەیان جگەرە دەپێچێتەوە و دەیکێشێ.

هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«خۆ ئێمە جگەرەکێشیش نین، ئای زەمانە، چەند نالەبار و خراپی.»

ئاگرەکە لە ناوەندی دەشتەکە لە ئەستێرە دەچێ. چەندی بڵێی گەورە دەبێتەوە. دارکە لۆکە دەسووتێن. دە دوازە ئارەوانە. سبەینێ باوکی وەک سەرخۆش دەبێ، چاوی دەبێ بە کاسەی خوێن.

«تو خوا پیاو بۆ خۆی هەڵدێ و دایکی بەو بارانە بەجێ دێڵێ؟»

دەمەو نیوەڕۆ، دایکی لە مەزرا دراوسێکانی ئەولا دەدۆزێتەوە. دایکی دەست دەکا بە پێکەنین، باوکی لچی بەیەکدا دەدا، دەتۆرێ، سێ ڕۆژان پاڕووەنانێ بۆ زاری نابا.

بە گەرم و نەرمییەکەوە ئەو ڕۆژگارەی بەبیرهێنانەوە.

هەستایە سەرپێ، بایەکی باڵی خۆی دا.

«ئەمانە چییان لێ بەسەرهات؟ بەم حاڵە هێشتا چقوورئۆوا لە کوێ و ئێمە لە کوێ. لەکوێ پێیان ڕادەگەین، لە کوێ، لە کوێ؟»

لە برسان زگی دێشا، دڵەکزێی هاتبوویێ. ددانی چیرکردەوە. بەڕاکردن بەڕێ کەوت. گەڕایەوە دواوە. هەر بەو گوڕ و توانەوە یاڵەکەی بڕی. لە دوورەوە ژنەکەی دیت. منداڵەکانی لەگەڵدا بوون. تارماییی دایکی دیار نەبوو. خێراتر پێی لێ هەڵبڕی. ترسی ڕێ نیشتبوو. کە لە ژنەکەی تەواو، نزیک بووەوە سەیری کرد بارەکەی کۆڵی، دایکی بوو. یەکسەر چوو پڕی دایە دایکی، لەسەر کۆڵی ژنەکەی ڕاگوێزت، لەکۆڵی خۆی کرد. کاتێکی گەیشتە کن ئاگرەکە ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. دنیا سارد بووبوو. دیاربوو شەوێ دەیکرد بە ساماڵێکی بەترەف. تا بەیانی دەبوو ئاگربکاتەوە. ئەلیف پڵاو ساوارەکەی خستە سەر ئاگر. تا ساوار پێ گەیشت، بە بێ ئەوەی جووقەوار لە زاری هیچیانەوە بێ، لە بەر کوانووەکە چاوەڕێیان دەکرد. لەپاشان مەنجەڵە بەتەنییە ڕەش بووەکەیان هێنا بەری مەیدانێ، بە کەوچک تێی وروکان. مرێمۆک لەپاش یەک دوو کەوچک کشایەوە.

عەلی وەک گورچووی بڕابێ، ئا وای لێ بەسەرهات. بە لووشکە لووشکی گریانەوە، چوو دەستی لە ملی دایکی کرد:

«دایە گیان، دایە جوانەکەم، ئەگەر گوناهبارم لە گوناهم خۆش بە، چیت لێ دێ. کابرایەکی پیر هات، لێم پاڕایەوە. سێ مانگ... ئەی سوارم نەکردایە چم لێ کردبا؟ خۆ ئەسپەکە بە بۆنەی ئەوەوە نەمرد... هەر خۆی پیر بووبوو. گوتی، لە پەل و پێ کەوتووم. ئەژنۆم دەلەرزێ. منیش... خۆ کەحێلە هەر دەمرد. خەلیلە پیر دۆستی باوکم بوو. خەلیل دۆستی باوکم بوو. حاڵی خراپ بوو، دایە گیان.»

مریەمۆک، دار کاژێ چووبوو بە حەلحەلەی ئاسمانا، بەژنی لە هەموو لایەکەوە بنێشتی دەردابوو، ڕووی تێ کرد، گوتی:

«دارەکە، بە کەسی ترم نییە، بە تۆمە، هۆ دارە بەرزەکە. ئەسپی من خەلیلە پیر کوشتی. ئەو عەمر کورتی کرد، ئەو زریکە کوشتووی کرد. لەگەڵ تۆمە، پیرەدار، تۆ دنیادیدەی، زۆرت ڕۆژگار دیون. تۆ لە سەرو بەندی کۆن ئاگاداری دارەکە. هەرچی لەم دنیا پان و بەرینە بووە و ڕووی داوە، هەرچی هاتووە و ڕۆیشتووە، هەموو لەبەری دەستی تۆدا نووسراوە. خەلیلە پیر هاوڕێی مێردی من نەبوو، دۆستی گیانی بە گیانی مێردی من نەبوو. دارەکە وا ئێستا بەتۆی دەڵێم. بۆ مێردی من لە دژمن دژمنتر بوو. تۆ دارێکی پیرۆزی ئاگات لە خشپەی مار و مێرووە. سەر لە ستێران دەسووی، ڕەگ و ڕیشەت دەگاتە بەهەشت. ئەمە هەر تۆ دەیزانی و من و ئەو خەلیلە پیرە، چاوشینە بەژن نوغرۆ بووە. هەموو شتێ لە هەموو شوێنێ ناگوترێ. تەنیا بەتۆی دەڵێم، بڕوا بکە، دارەکە. خەلیلە پیر هاوڕێی برایم نەبوو. برایم مێرووی ئازار نەدەدا. دارەکە، ئەوە بزانە، ئەو برایمەی کە بە دز ناوی زڕابوو و بۆسۆ بووبوو، دەرزییەکی لە کەسێ نەدەدزی. ئەمە زۆر چاک بزانە و بە قسەکانم بڕوا بێنە، دارەکە، گوێت لێیە؟ گوێت لە قسەکانم بوو؟ مرۆ بڕوا بەم جۆرە قسانە ناهێنێ، تۆ بڕوا بێنە دارەکە. گەورەی، لک و پۆپت دەگەنە ڕۆژ. نوورت بەسەردا دەبارێ. گەورەی، بەئاوەزی، جوانی، هەموو سرێ، لە هەموو شوێنێ، با کوڕی خۆشت بێ، نادرکێ. برایم ئەو هەموو دزێتییەی بۆچی لە ئەستۆی خۆی باردەکرد؟ دارە جوانەکە، ئەم خەلیلەم دەستگیر بێ قیمە

قیمەی دەکەم. قیمەی دەکەم و گۆشتەکەی داوێمە بەر سەگان. جا ئەوسا دڵم وەک سەهۆڵی لێ دێ. دوای ئەوە، دێم دەیکەم بە شایی و چەپڵەڕێزان و دیلانێ و خۆشم سەرچۆپییەکەی دەکێشم، دارەکە. کەسیش هەقم ناداتێ خۆ تۆ هەقم دەدەیێ، دارەکە، با لەوەت بگەیێنم، دارەکە هەموو ڕۆژێ بەر گزنگ کەوتەکە، برایمەکەی من، لە ناوچەوانی ئەم سەگە پیرە چاوکووژەکەیە لەناوچوو. ئەسپەکەشم هەر ئەو کوشتی، لەگەڵ کوڕەکەمدا یەکتان گرت. منیش، شیرە سپییەکەمی دنیا خرابووبێ، پێ حەڵاڵ ناکەم. زاریشم هەڵناهێنمەوە، دوو قسەی قسە ئاساییی لەگەڵدا بکەم. تا مردن لێی دەتۆرێم. تۆ بەشایەت بە دارەکە.»

مرێمۆک پەیتا پەیتا دەستی بە دارەکە دەکێشا و هەر دەیرێسا. لە پاشان دەستی بە بزرکاندن کرد. بۆخۆشی نەیدەزانی چ دەڵێ.

عەلی باوەشی بە دایکیدا کرد، گوتی:

«دایە گیان، دە هەستە، تۆزێ بۆ خۆت هەڵاژێ، شەو درەنگە.»

ئەلیف جێگای لە بن دارکاژێکی لک و چڵ قەوغا ڕاخستبوو، عەلی هەڵی گرت، بردی، لەتەک منداڵەکانیەوە، کە لەمێژبوو نووستبوون، ڕای کشاند. خۆیشی چوو لەسەر جێگاکەی، لە بن دارکاژێکدا لە دوور ڕاکشا. ژنەکەشی خۆی خزاندە پاڵیەوە، هەر یەکسەر خەویان لێ کەوت.

مرێمۆک خەوی نەدەچووە چاو. تا بەیانی ئەم دیو و ئەودیوی کرد.

بەدەم گریان و هەڵپلانەوە، هەر دەیگوت:

«دەبوو تۆ ئاوهات لێ بەسەربێ، مرێمۆک؟ دەبوو ئەوها داماوی دەستی خەڵک بی و بە کۆڵی خەڵکەوە بڕۆی، مرێمۆک؟ دوای ئەمە هەر بۆ مردن چاکی.»

خەریک بوو شەبەقی دەدا، تۆزێ مات بوو. کە بەخەبەرهات ڕۆژ بەرز بوو. عەلی و ژنەکەی، کە لە شەوێوە وەخەبەرهاتبوون. ئەویان وەخەبەر نەهێنابوو، بەدیار سەریەوە چاوەڕێیان کردبوو، تا خۆی وەخەبەرهاتبوو.

کاتێکی وەخەبەر هات شۆربا ساوارەکەیان لەپێش دانا. برسی بوو. پاش ئەوەی دەموچاوی شوشت شۆرباکەی فڕ کرد.

دیسان گەڕایەوە لای دارەکەی:

«دارەکە دارەکە، زۆر شوکور، هێشتا ئاتاژی کەس نیم، بەپێی خۆم دەڕۆم. چاکت گوێ لێ بوو دارەکە؟ کەس نەکەوێتە پەرۆش بڵێ مریەمۆک لە کۆڵ دەکەم، نەترسێ. دارەکە گوێت زۆر چاک بۆ هەڵخستووم و بیستت؟»

دەستی نەوەکانی گرت. بەڕێ کەوت.

عەلیش هیچی نەگوت. بارەکەی لەکۆڵ کرد. پێستەکە لەتەک ئاگرەکە هەڵخرابوو، دەستی داێ، ئەویشی بەسەر کۆڵەکەکەیدا دا. کەمێ هیشک بووبووەوە، بەڵام پێستی تاین هەر دەتگوت قورقوشمە.

ئەلیفیش کۆڵی خۆی بەکۆڵدا دا.

تا قوشلۆغ، بە بێ ئەوەی هیچ شتێ ڕوو بدا پێش کەوتن. گەیشتنە هەورازەکەی قەرەدوومان. لەبن هەورازەکە پشوویەکیان دا. مریەمۆک و منداڵەکان لە دوور، لە ژێر دارێکدا دانیشتبوون. مێرد و ژنیش هەردووکیان دانیشتبوون، پاڵیان بە کۆڵەکەی پشتیانەوە دابوو.

لە پێشان مریەمۆک لەگەڵ منداڵەکان هەستا، دای بە هەورازەکەدا. دوایی مێرد و ژن هەستان. هەورازەکە تووش و درێژ بوو. لە خوارەوە تا سەرێ نیو فەرسەخێ دەبوو. خوارێ پڕبوو لە زەردەگەڵا هەڵوەریوی دارچنار. وەک هەتاو دەبریسکانەوە.

مێردو ژن، زۆری پێ نەچوو، مریەمۆک و منداڵەکانیان بەجێ هێشت. عەلی دە هەنگاو دەڕۆیشت و نەدەڕۆیشت هەڵوێستێکی بۆ دەکرد، پشوویەکی دەدا. شەرمی نەکردبا، بار و ماری بەجێ دەهێشت و سەری خۆی هەڵدەگرت، مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ بۆ کوێ دەچوو. ناو هەناوی وەک ژەهری لێ هاتبوو.

کە گەیشتنە ناوەندی ڕێگاکە بڕستی لێ بڕا، بەچۆکدا هات، چاوی وەک کۆڵەمست دەرپەڕیبوو. لای کردەوە، سەیرێکی خوارێی کرد. دایکی و

منداڵەکانی، لە خوارەوە، وەک مێروو چۆن ڕێچکە دەکەن، ئاوها دیاربوون.

ئەلیف لە مێردەکەی پێشتر کەوتبوو. بەڵام ئیدی هەناسەی بۆ نەدەدرا. ناو دۆڵەکە کۆڕ بوو، تەواو گەرمی کردبوو. پووز و بەلەکی تەڕ و لینج بووبوو.

مریەمۆک بەسەر دەستیدا کەوت. ڕاست بووەوە، هەشت نۆ شاقاو ڕۆیی، دیسان کەوت. لە بێ گوڕی و بێ هێزییەکەی سەرەڕۆییی دەکرد. سەرلەنوێ هەڵنەستایەوە. نەشیویست بوەستێ، بە گاگۆڵکێ کردنەوە، گوتی:

«منداڵینە، من سەردەکەوم، ئێوەش وەک من بکەن.»

شەرمی لە منداڵەکان دەهاتەوە.

کیژەکە گوتی: «نەنکم وا جوانترە.»

عەلی تا سەرکەوت بە جارێ پەرێشان بوو. کۆڵەکەی دانا. خۆیشی لەسەر گازی پشت ڕاکشا. وەک هەمبانەی کوورە پشووی دەدا. لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو.

کاتێکی بەخۆیدا هاتەوە، نزیکی دەمەونیوەڕۆ بوو. لە سەربەرەژوورکەکەوە سەیرێکی خوارێی کرد، سێ کەس بەلاپاڵە ڕەنگاوڕەنگە ڕکە پڕ لە بەردی بچووک بچووک تیژی هەورازەکەدا بە گاگۆڵکێ هەڵدەگەڕان.

ئەلیف گوتی:

«کابرا ماڵت وێران بێ، پیرێژن بەم چەشنە بڕوا، خۆ دەمرێ. خۆی دەکوژێ. حاڵی بە هەوراز هەڵگەڕانی بەبەرەوە ماوە؟»

عەلی بە هەڕاکردن چووە خوارێ، ئەوەی ئەو بینی، دژمنت بیبینێ. دڵی کەوتە نێو زاری. ناودەستی دایکی هەموو هەڵدڕابوو، کەشکەژنۆی لە خوێنی سووردا بوو.

گوتی!

«دایە گیان، دایکە کەساسەکەم، هەقتە. ئەم چاو خێری بۆ ئەو چاوەکەی تر نییە.»

دایکی لەکۆڵ کرد.

مرێمۆک بەکۆڵیەوە هەڵدەپلا.

«هەورازەکە، لەگەڵ تۆمە. بشمرم هەر لێت سەردەکەوم. هەورازەکە، بەو شیر پێ حەرام کردووەم بڵێ دامگرێ. با دامگرێ.»

بەدەم هەڵپلانەوە:

«با دامگرێ.»

گەیشتنە سەرگردەکە. خوارەوەی هەورازەکە لەسەرەوە وەک هەڵدێرگەیەکی تاریک دەبیندرا.

عەلی لەسەر هەورازەکەوە دەستی بە دەموچاویەوە گرتبوو، بیری دەکردەوە. لەپڕ شادمانییەکی زایە نێو دڵ و دەروون، هەستایە سەرپێ. دەموچاوی لە مردنی ئەسپەکە بەم لاوە، بۆ یەکەم جار بوو، دەگەشایەوە.

بە کەیفخۆشییەوە بە ژنەکەی گوت:

«چارەم بۆ دۆزییەوە، ئەو بارەم بەکۆڵدا دە، یاڵڵا، خێراکە. با دایکم لەگەڵ منداڵەکاندا لێرە بمێننەوە، تۆش هەرچیی گرانت بە کۆڵەوەیە بیدە بە من.»

بە پەناگوێی ژنەکەیدا دانەوییەوە، گوتی:

«پێستەی ئەسپەکە... ئەم پێستەش ئەسپەش لە ڕێگا فڕێ دەدەم. ئەوسا کۆڵ و بارەکەم سووک دەبێ. دایکم پێ نەزانێ.» کۆڵی بەکۆڵدا دا.

«ئێوە لێرە لەگەڵ نەنکتاندا بمێننەوە. ئێستا دەگەڕێمەوە، دەتانبەم. لێرە مەبزوون. باشە منداڵینە؟ چاکە دایە؟ تەگبیرێکی باشە؟»

بە هەڕاکردن لەوێ هەڵبڕا.

تا عەسر مێرد و ژن بەشەوقەوە ڕێیان کرد. کە گەیشتنە کانی باغڵەمە، عەلی بارە بە پەڕۆ و پاتاڵ پێچراوەکەی لە ژێر دار گوێزە شەخسە بەرز و پیرۆزە بە بەرگ و پشتێند و چڵ و پۆپ قەوغاکەدا داگرت. دەست و دەموچاوی لە کانی باغڵەمە شوشتن. نەختێ حەسایەوە. هەر حەسایەوە و

نەحــەســایەوە ڕێ و ڕاست گـەڕایەوە. کـاتـێ گـەیشــتــە لای دایکی ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. کە لە دایکی نـزیک بووەوە، ویسـتـی ڕەنگ و ڕووێکی دڵخـۆشـی و سەرسووکییێ بەخۆیـەوە بنوێنێ. یەک دوو جار شتی دڵخۆشکەرەی بە بیری خۆی هێنایەوە، پێ کەنی.

دایکی لە شوێنەکەی خـۆی نەبوو. تەواوێ بەرەوپێش چووبوو. بەڵام پیرێژنی داماو چەندی بۆ دەکرا پێش کەوێ؟

لە دوورەوە بە خۆشی خۆشی بانگی کرد:

«دایە گـیـان، تـەگبـیـرەکە باش بوو؟ خـۆزگـە نەبزووتبـای. پێی ناوێ خـۆت ماندوو کەی. هەر ئێستا لە کۆڵت دەکەم، ڕات دەفرێنم. خۆ لە دواکەوتنم دڵت سەغڵەت نەبوو؟»

لە بەردەمیدا بەچۆکداهات. سەیرێکی کرد. پیرێژن چرۆچارەی وەک بەردی ڕەق دەچوو. چاوی نەدەبینـدرا. لێــوی، چـرچ چرچ، بەناو زاریدا ڕۆچووبـوو. ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو.

«بڕوانە، دایە گـیـان، کـۆڵەکەم چۆن تـا کانی باغـڵەمـە، تا بن دارگـوێزەکە شەخسەکە هێنا. هەر بە ڕافڕاندن ڕام فڕاند. وەک باڵداران باڵم گرتەوە.»

مـرێمـۆک سـەری داخسـتبـوو، تەمـاشـای زەویی دەکرد. دەتگوت هەر لەگەڵ ویشی نییە. بزفتی لە خۆی بڕیبوو.

عەلی سـەیری کـرد، دایکی جـووڵەی لێوە نایـە. لە هەردوو دەسـتـی نەوی، لە کـۆڵی کـرد، ئـەوجـا، بەئەسـپـاییـیـەکـەوە هەسـتـا. مـرێمـۆک وەخـتـی خـۆی لە گەنجایەتیدا ژنێکی بەخۆوە و قورس و گران بوو.

منداڵەکـان بەکـەیفـســازیی باوکـیـان دڵیـان زۆر خـۆش بوو. لە نوواوە بە هەڕاکردن دەڕۆیشتن.

پیـرێژن، کـە عـەلی لە کـۆڵـی خـۆی کـرد، هیـچـی نەگـوت، نەخـتـێ تووڕەتر بووبوو. چەندی عەلی پێ دەکەنی، ئەو هێندەی تر دەهەری دەبوو.

عەلی بۆ ئەوەی دایکی کەیفی بێتەوە، لەبنیدا خێرا دەڕۆیشت:

«ڕێگاوبان وا هەموار بێ، دنیا وا خۆش بێ، هەر هێندە دەزانی دەگەینە گوندییان. وایان دەگەینێ سەریان سور بمێنێ. دە بەس دڵی خۆت سەغڵەت کە حا، بێ قەزابی. دە بەسە ئیدی پیاو. بەسزمانە تەمەنی نەدەزاندرا چەندە. تۆ بۆ خۆشت دەزانی. کەحێلەکە کە هاتە بەردەرکەمان ئەسپێکی پیر بوو. من هێشتا منداڵ بووم. یەمەن ئاغا گوتی، ڕۆڵە، ئەسپێ لەمە پتر ناژی. تەمەنی لە بیست هەورازترە.»

هێند خێرا دەڕۆیشت، لەبەر هەناسەبڕکێ، قسەکانی نیوە و نیوەچڵ بۆ دەگوتران. پێی وابوو، ئەگەر خاوبێتەوە، ڕەنگە دایکی بەزەی پێدا هاتبایەوە.

«ئەسپێ، کە لە بیست ترازا، بە مردوو حەساوە. من دەزانم، دایە گیان، تۆ لەوە تووڕەی، کە خەلیلە پیرم سوارکرد.»

مرێمۆک تا دەهات هێندەی دیکە تووڕە دەبوو و هەروا بیری دەکردەوە.

تووڕەشم و بەولاتریشەوە گۆڵەسەگ. ئەرێ وەڵڵا تووڕەبوونێ تووڕەبووم، تا مردن، تا ئەو ڕۆژەی قەفەزەی سینگم چرکەچرک تێک دەشکێ و من مرێمۆک بم لەبزم لە لەبزت ناکەوێ. ئەو شیرە سپییەمت، کە لەم مەمکانەم داویتێ، بۆ ماوەیەکیش بێ، پێ حەڵاڵ ناکەم، عەلی. شەوانی پڕتۆف و وەیشوومەی زستان چەندەم لانک ڕاژەندی، چەندەم قوونی گوواویت شوشت ئوزوون عەلی. شەونخوونیی شەوگاری دوور و درێژت پێ حەڵاڵ ناکەم. لەو خوایەم دەوێ، کۆت لە مل بۆ جەحەنمی سوور ڕەوانە بکرێی، ئووزون عەلی. حەقی دایکێنی هەروا گۆترە نییە، زۆر هەستەمە. ئەدی لە مەلایانت نەبیستووە، ئوزوون عەلی؟

«خەلیلە پیریش سواری نەبوایە هەر دەمرد. وای سەیر نەکردم کە...»

دەک بە میراتی بێ. ئوزوون عەلک مەبزو، من تا مردن لەبزم لە لەبزت ناکەوێ.

«خۆم پێ نەگیرا. پیاو لە حاڵی وادا خۆی پێ ناگیرێ. کابرا حاڵی زۆر پەرێشان بوو. چاوت بە حاڵی نەکەوت بەستەزمانە، دایە گیان؟ خۆم پێ

نەگیرا، سوارم کرد. ئەی دایە گیان»

هەر چاوەڕوان بوو، بزانێ نەختێ دڵی نەرم بووە. دەستی بەپشتیدا دێنا. جووقەوار لە دایکییەوە نەدەهات. زاری هەڵنەدەهێنایەوە. بەکۆڵیەوە هەستی بە گەرمایی لەشی نەکردبا دەیگوت مردووە. شیری سپیت لێ حەڵاڵ ناکەم. هەڵپەی لەخۆڕایی مەدە. با لە داخان یەخەی خۆم دانەدڕم، ئوزوونجە عەلک. وەباڵی دایک لە ئەستۆ ناگیرێ.

هەرچی بکەی و بکۆشی هەڵم نافریوێنی. دڵ شووشەیە، ئوزوونجە عەلک، کە، شکا ناگیرسێتەوە. نەک تا چقوور، تا مەکە و مەدینەشم بە کۆڵ ببەی، حەجیشم پێ بکەی، پشتت داشرزێ، قاچ و قولت بئاوسێ، جارێکی تر دڵم لە حەنت چانابێتەوە. تۆ مینەکی منت، مووفەڕکی برایمت کوشت، ئوزوونجە عەلک. کردمت بە گەپجاڕی دۆست و دژمن.

«من چیم لێ کردی، دایە بە خولامی قژەکەت بم، وا بەم دەردەم دەبەی؟»

خۆت ئەزێت مەدە، زار هەڵناهێنمەوە. نەک خولام، بشمری زار هەڵناهێنمەوە.»

«من چوزانم، کە خەلیلە پیر سواری بێ دەمرێ؟»

ئەو خەلیلە پیرە بەدفەڕە شوومە، لە هەموو شوومان شوومترە.

دەستی بە زێڕ کەوێ دەبێ بە خۆڵ. تۆ خەلیلە پیر ناناسی، ئوزوون عەلک. باوکت چیی لە دەست نەچێشت. بۆ من تۆ ناناسم؟ تۆ هەر بۆ ئەوەی خەڵک بڵێن تەحا، عەلی کوڕی چاکە. ڕۆڵە پیاو دەبێ بۆ ماڵی خۆی، بۆ دایکی خۆی پیاو بێ، ئینجا خەڵک تەحای لێ دەکەن.

«دایە، ئەسپەکە هەر دەمرد. هێشتا لە گوند بوو ئالیکی نەدەخوارد. تۆ بۆ لە ئەستۆی پیرێکی بەسزمانی بێ دەست و پێی دەخەی؟»

بێ دەست و پێ؟ دەڵێن پەڕەسێلکە زەواڵی نییە. تۆ بڕۆ زەواڵ لە یەمەن بپرسە. تۆ وەرە دەست ڕەنگینی و هونەری ئەو سەروەستا دزە لە من بپرسە. عەمرێکی دوور و درێژ خوێنی بە باوکت هەڵێنایەوە. تۆ بەمانە نازانی

ئوزوونجە عەلک ئاغا؟»

«وەڵڵاهـی دایە، چۆن دەڵێم وابوو. دڵە جـوانەکـەت هیـچ نەکا. من بەکـۆڵ وەک باڵدار دەتفرێنم، دەتبەم. خوا یار بێ تاو و توانم لە جێی خۆیەتی.»

بۆ کـونەڕەشـی جـەحـەنەمم ببـە. بێ دین. مـەپارێوە، هـەڵپـەی خـۆڕایی مـەدە، ئوزوون عـەلی. لـەگـەڵ خـەلیلە پیـردا یەکتـان گـرتووە، تۆ پێسـتی ئەسـپـەکـەت گوورووم . موفەڕکەکەی برایم.

عـەلی بـەرە بەرە هێـواش دەبووەوە، هـەرچـەندە هێـواش دەبووەوە دڵـی تەنگ دەبوو. شـەوبا هـەڵی کـردبوو، ئەسـتێرە بەئاسـمـانەوە دەبریسـکانەوە. با بۆنی وشکە جاترەی دەهێنا. تفت و تاڵ. عەلی لە ئارەقەدا شـەڵاڵ بووبوو.

چ دەبێ نەختێ بهێورێ و بحەسێتەوە... نابێ. کزە شـەوبای پاییز وەک کێرد دەیبـڕی. ئەم بایە، بای ئـەم کـەژ و کـێـوانە نەبوو. لەولاوە لـە ڕاسـتـانەکـانی خـوارێ، لە دەشـتـە ڕووتەکـانەوە دەهات، دەگـەیشـتـە چقوور. پیـاو ئەگـەر بە لەشی تـەڕ و ئارەقـاوییـەوە دەوەسـتـا، بـەو سـەرمـایـە پشـووێکـی دەدا، باپەڕ دەبوو، ئیدی جـارێکی تر پشـتی بۆ ڕاست نەدەکرایەوە. ئاگـرێکی دەکـردەوە، زۆری وەخت دەخـایاند. پشـتی هـەر ئـەوەبوو نەبێ بـە دوو کـەرتەوە. ملـی زۆر دێشـا. ژێرپێی وەک سووتابێ وابوو.

بـۆن و بەرامـــەی جـــاترە لەو نـاوە پەنگابـووەوە، لە دوورەوە دارێـکی بـەرز دەچریسکایەوە. خـوڕە خوڕی ئاو دەهات. منداڵەکان وەک سێبەر بەتەکیانەوە دەڕۆیشتن.

عـەلی، تا هـەورازەکـە بەسـەرکـەوت، ڕۆحـی هـاتە کـونەلووت. دایکی لەسـەر بەردێ داگرت:

«دایە، سـەرما پـەرێشـانی کردی، بەکۆڵمـەوە ڕەق بوویەوە پشـتت لە بایەکەیە. بای تاینیش خۆ هـەر دەڵێی زریان و کرێوەیە.»

مـرێمـۆک خـوێن بە دەمـاری دەسـت و پێی نەدەگـەڕا. بەرەو ڕەقـبـوونەوە دەچوو.

«با ئاگرێکی خۆشت بۆ هەڵکەم، خۆت گەرم کەوە. دوایی بەڕێ دەکەوین».

«ئەسپم هەبوایە، نە سەرمام دەبوو، نە ئاوهاش دەکەوتمە شەوێ. وەجاخت ڕووخاندم، ماڵت وێران کردم. من زۆرم بەبەرەوە نەماوە، هاکا مردم. ڕۆحم هاتووەتە کونەلووت، فوو بکەم دەردەچێ. دە فوویەکی لێ کە عەلی. ئا خ خ خ، کافر، پەرێشانت کردم.»

«ئا، منداڵینە وەرن، هەندێ سووتەنی خڕکەنەوە، نەنکتان سەرمایەتی.»

ئارەقەی ناوشانی خەریک بوو وشک دەبووەوە. عەلی لەم لاوە دەهات و دەچوو. کوڕەکەیان باوەشێ گزرەی هێنا، لە پێش نەنکی دانا. عەلی شقارتەکەی لە گیرفان دەرێنابوو، دایگیرساند. گزرەی وشک یەکسەر گڕی گرت. کچەکەش بەشی خۆی سووتەنیی هێنا. عەلی ئەوەشی هاویشتە سەر ئاگرەکە. سەیری کرد ئاگرەکە خەریکە دادەمرکێتەوە. ئەوجا خۆی هەستا، چوو سووتەنی خڕکاتەوە. هەرچی بەر قاچ و قولی کەوت خڕی کردەوە. کە گەڕایەوە، ڕوانیی منداڵەکان هێندەیان سووتەنی لای ئاگرەکە خڕ کردبووەوە، سەری سووڕما. نەنکیان هەروا سەیری دەکردن، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەگەر منداڵی ئەم ئۆزوونجە عەلییە نەدەبوون پترم خۆش دەویستن، جگەرگۆشەکانم. هەرچەند دەکەم، لە ڕکی باوکتان زارم ناگەڕێ پێتان بڵێم، ڕۆڵە، ڕۆڵەکانم. ئۆزوونجە عەلی، دژمنی ماڵم، دژمنی بووکم، ئاگر هەڵدەکەی، هەڵی کە. چ دەکەی بکە، بەڵام لەو دنیا، بە هەردوو دەستم، بەرۆکت توند توند دەگرم، لە پێش بارەگای خوادا لەت و پەتی دەکەم. دەڵێم، باوێنە بنی بنی جەحەنمێ.

عەلیش دانیشت. بەسەر ئاگرەکە هەڵکورما.

«دایە، بەودیوەدا وەرگەڕێ. پشتت زۆری سەرما بووە. ئەمڕۆ شەومان بەسەرداهات. جارێکی تر من و شەو؟ ئەدی چۆنم وەک با گەیاندیە ئێرە، ئاواشت دەگەیێنمە چقوور.»

هەرچەند ئارەقەی لەشی هیشک دەبووەوە، بەرەبەرە خاو دەبووەوە. پتری

هەست بە ماندوویێتی دەکرد و وەک هیچ حەز لە هەڵستان نەکا وا بوو. مانگ خەرمانەی دابوو. ساماڵ بوو. لەولاوە چرکەچرکێ دەهات. خاک بە شەوی ساماڵ دەتەرەکێ، دەقەڵشێ. وەک خشتی نیوە و نیوەچڵ سوورەوەکراو، لە ناوەندەوە زەنگ دەبا. منداڵەکان خزیبوونە نێو باخەڵی یەکترەوە، هێند لە ئاگرەکە نزیک کەوتبوونەوە هەر ئەوەبوو نەدەچوونە ناویەوە.

کوڕەکە گوتی:

«باوە، پیاو چەند بوەستێ ئەوەندەی پتر سەرما دەبێ. بەڵام کە ڕێ دەکا لەشی وەک ئاگر گەرم دادێ.» عەلی هیچ حەزی لە هەڵستان نەبوو.

«دایە گیان گەرمت بووەوە؟ ئەگەر گەرمت بووەتەوە، کاتێ کە هاتم، بە بووکەکەم گوتی، کیژێ تا ئێمە دەگەڕێینەوە مەنجەڵێ ترخێنە لێنێ، تا دەگەڕێینەوە با دووکەڵ بکا. بەڵام چۆن دووکەڵێ... تا دەگەینە ئەوێ، ژێر دارگوێزە شەخسەکە... دار گوێزە شەخسەکە پیرۆزە، ئۆغرمان خێردەکا.»

عەلک مەبزوو، نەک ترخێنە، شیری باڵداریشم بۆ دانێی نایخۆمەوە. قەت دڵم لەگەڵت ئاشت نابێتەوە. ئاشت نابێتەوە، تازە شکا و ڕابرد. چاک نابێتەوە. دڵ وەک هیچ شتێکی تر نییە...

«لەگەڵ تاریک و ڕووندا بەڕێ دەکەوین. هەر لەم چیاڕەشە ئاودیو بووین بۆن و بەرامەی چقوور ئۆوا، تەڕ و بڕ، گەرم و نەرم دەست پێ دەکا. دایە گیان بۆچی قسە ناکەی؟ دەزانم دڵت بریندارە. کەحێلەت زۆر خۆش دەویست. مووفەڕکی باوکم بوو. دایە پیاو لەگەڵ مردوودا نامرێ. ئەمساڵ خوا بیدا. لۆکەیەکی زۆر کۆ دەکەینەوە، بەتایبەت هەر بۆ خۆت، کەرێکت بۆ دەکڕم. کەرێکی تا بڵێی بە ئاووتاو. کەرێکی قیبریسی. سواری بە، بە دوو ڕۆژان دەگەیە چقوور.»

قسە ناکەم. بشمرم قسە ناکەم. پاش ئەم هەموو کەتنەی تۆ بە منت کرد قسەشت لەگەڵ بکەم. خۆم لاڵ دەکەم، زارم هەڵناهێنمەوە. لە سەرەمەرگیشدا وەسیەت دەکەم ئۆزوون نەیەتە سەر خێر و خێراتم. شان نەداتە بەر تەرمەکەم.

«دایه گیان، وا منداڵەکانیش گەورەبوون. ئەمساڵ بەخێرییەت لۆکە پتر کۆ کەنەوە. وە نییە حەسەن؟»

«ئەرێ وەڵڵا هێند کۆ دەکەمەوە، نەنە گیان، هەر لە شەوێوە هەڵدەستم. ئوممەخانیش لە شەوێوە هەڵدەستێ.»

کیژەکە بە دەنگە باریکەکەیەوە:

«لە نیوەشەوەوە... وەک کیژەکەی کوێستو ئوغڵو و هەر لە شەوێوە هەڵدەستم. بەدزیشەوە...»

ئاگرەکە لە کوژانەوەدا بوو. عەلی باوەش باوەش سووتەنیی خستە سەر، هەڵی دەکردەوە. سووتەنی تەواو بوو، ئەنجا منداڵەکان چوون سووتەنییان هێنا.

عەلی هەموو جارێ دەیویست هەستێ، بەڵام هەرچەندەی دەیکرد نەیدەتوانی. هەرچەند گەرم دەبووەوە، هێندەی دیکە لەشی خاو و خلیچکتر دەبووەوە.

« جا، کەرەکە دەبێ بە هی تۆ دایە گیان. لە خۆت بەولاوە کەسی دیکەی لێ نزیک ناکەوێتەوە. ئەوسا حەزکەی گوندی هەمووان سواردەکەی، حەزدەکەی ناهێڵی باڵداریشی لێ نزیک کەوێتەوە. نایەڵی مێشی بە گیزە لێ نزیک کەوێتەوە.»

مریەمۆک بەتەنیشت ئاگردانەکەوە، خۆی بەسەر ئاگرەکەدا دابوو. هەر ئەوەبوو سەری نەکەوێتە نێو پیرە ئاگرەکەوە. دەموچاوی نەدەبیندرا. پێت و بڵێسە بە سەرپۆشەکەیدا هەڵدەگەڕان.

«ئەگەر ئەمساڵ هاتەوە، ئەمەم بۆ نەکڕیت، ئەگەر ئەم کەرەم بۆ نەکڕیت، عەلیم پێ نەڵێن. قەرز دەکەم، قۆڵە دەکەم، دەست لەبەر پشتێنی عادیلە فەندی ڕادەکەم، لێی دەپاڕێمەوە، سا بە هەر نرخێ بێ بۆت دەکڕم، ئەم کەرەت هەر بۆ دەکڕم و دەکڕم.»

نایکڕی بشیکڕی، تازە ڕابرد، دڵم ناهێنیەوە جێی خۆی. من وا دەمرم.

نایکرِی. قــەرزەکــەت نادەیەوە. نـایکرِی. مـنیش پێش ئەوەی بگەمــە چقــوور دەمــرم. لە داخی تۆ دەمــرم. ئەســپــەکــەم چۆن مــرد. مـنیش ئاوهـا. رۆحی بەبەهەشـت شـاد بوو. هیـچ ئازاری گیـان کێشـانیـشی نەچێـژت. زۆر دەرد و مـەینەتی بەدەسـتـەوە خـواردین. چاوی ئەبڵـەق بوو. دەسـتی درێژ کرد. سـەری لەسەر ئەزرەکە ڕانەکشاندبا، نەمدەگوت مردووە. نەشمرم، من ئەمساڵ لۆکەت بۆ خرِ ناکەمەوە.

«جا کورتانێکی جوانی نەرم و نیانیشی بۆ بەڕادان دەدەم.»

منداڵەکان بەتەک ئاگرەکەوە خـەویان لێ کـەوتبـوو. لەمێـژبوو دانیـشـتبـوون. شـەوگـار ڕاکشـابوو. لە دوور، زۆر لە دوورەوە دەنـگی زەنگ و قـۆڕی هێسـتـرێ هـات، دوایی بێدەنگ بوو. شەوگار کشـومات بوو. مـانگ وەک لە ئاوابووندا بێ وابوو. ئەو جـێگەی لێی وەسـتـابوون، وەک سـەرووی چقـوور ئۆوا بێ، وابوو. نەختێ لە پێشـتـرەوە گـابەردێ وەک دارچناری بـەرز قـوت بووبووەوە. تۆ بڵـێی ئەمە، ئەو بەردە بێ، کە گەلین تاشی پێ دەڵێن؟

عـەلی دیسـان ویسـتی هەسـتـێ. حـەزی لە هەڵسـتـان نـەدەکـرد. بەڵام زۆر بەپەرۆشی ژنـەکـەیەوە بوو. پیـاو چۆن ئافـرەتێکی گـەنج لـەو سـەرچیـایە بەجێ دێڵی؟ هیچ نەبا، ئێستا لەکن منداڵەکان دەبوو. پیرێژنی وا چیی بەسـەرهات، چیی لێ دەقەوما؟ تا دەیگەیشتمێ چاوەڕێی دەکرد. ئاگرێکم بۆ دەکردەوە.

دەبوو منداڵکان لەکن دایکیـان بوونایە. ڕاستییەکەی ئەمـەیە. ژنە لەو چیا و چۆڵە تووشـی پیـاوخـراپێ هـات؟ یـەکێ تەشـقـەڵەیێ گـەڕێکی پێ کـرد؟ دەوجـا وەرە، عەلی، بزانم ئاوڕووت چۆن خاوێن دەکەیەوە؟ نامووست چۆن دەکڕییەوە؟ ئاوڕوو و نامـووس لـە مـەزرا و بێـسـتـانـاندا شین دەبێ؟ بەڕاسـتی حـەیفم لە کیژی خەڵک دێ. جا ئێستا چ پکەم؟

«یاڵڵا با هەستین، بەڕێ کەوین، دایە هەرچۆنێ بێ ماندوومان حەسایەوە.»

گـوتی با هـەسـتین، بەڵام عەلی نـەبزووت. وەک قۆڵ و لاق و پشـتی پێـوە نەبن وا بوو. هـەندێ شت وەک کۆڵە مست لە بینی گیر بووبوو.

مـرێمـۆک لەداخـان وەخت بوو بتـەقێ. عـەلی هـەر قـسـەیەکی دەکـرد، ئەو هێندەی دیکە تووڕە دەبوو. دوو باد و سێ بادی لێ پڕ دەبوو.

هـەسـتـە وەڕێ کـەوە، هـەسـتـە، خـوێنخـواری من. تۆ کـوڕی من نیت، خـوێنخۆری منـی. ئەگەر مـردم تۆ سـەوەوکاری. با بڵێن، ئوزوونجـە دایکی... لە پێـشـدا ئەسـپـەکـەی، پاشـان دایکی کـوشت. تووک و نزایـەکت لێ دەکـەم ئوزوونجـە عـەلک، بەڵام چتـۆ تووک و نـزایێ... هـەی بـەتۆز و دووکـەڵ بـی، بە قەرەبرووت بی. بەڵام چ دەکەی، ماڵی دایکێنیم بە هەش گرت. هەرچەند دەکەم دەستم ناهێنێ لە خوای پان کەمەوە، بڵێم خوایە، بەدەردی ئەسپەکەمی ببا، کەلاکەکەی ببێ بە خۆراکی سـەرگەڕ و داڵاشـان. هەسـتە بڕۆ، جـەحـەنم ڕێت بێ.

عـەلی دەسـتـە زەلامـە قـامک وەک قـەمـیش درێژەکـانی لە زەوی گـیـرکـرد. بەکاوەخۆ بایەکی باڵی خۆی دا. ئاگرەکەی بەردەمیشیان کوژابووەوە، پەنگر و پشکۆکانی ژیلەیان گرتبوو. بەزۆر هەستا. دایکی ڕاست کردەوە و گوتی:

«یاڵڵا منداڵینە، بەڕێ کەون.» چاویان خەواڵوو بوو، منداڵەکان ڕاچەنین.

پشتی لە دایکی کرد. دەترسا هەڵنەستێ. هەردوو دەستی گرت، لەکۆڵی کا، تەکـانێکی بەخـۆی دا، نەیتـوانی هەڵسـتێ. تەکـانێکی تری دا. هـەر نەیتـوانی هەڵستێ. لە سێیـەم تەکاندا ئینجا ڕاست بووەوە. بەڵام هەر ئەوەبوو لەگەڵ دایکیـدا وەک کـەرتە شـاخ بـەرنەبنەوە. دایکی، دەتگوت خـشـتـە قورقـوشـمـە بەکۆڵیـەوە. زۆر قـورس و گـران بوو. ترسـی ڕێ نیـشت. لە دڵی خـۆیدا گـوتی، پیـاو لە دەسـتی تـرس قـوتاری نابێ. ترس دەست و پێی پیـاو دەبەستـێتـەوە. بەجـارێ لە پەل و پێی دەخـا. خـۆ وەخـتـە بـەربمەوە. لێـرەدا بەرنـەبمەوە؟ نەبوورێمـەوە... سـەربازیش وەرە، پیـرێژن قسـەت لەگەڵ نەکا. دەبا نەیکا پیاو. چاومان بەیەک دەکەوێتەوە.

تا دەهات گـەرمـاکـە خـەست تر دەبووەوە. هەرچەند گـەرمـتـر دادەهات و تاوتینی پتر تێ دەگەڕا و دەڕۆیشت، مرێمۆک دەبەزی.

منداڵەکان لە پێشەوە، ئەوانیش لە پاشەوە، بە بێ سرتە ماوەیێ ڕۆیشتن. مریەمۆک هێندەی برسی بوو نێو هەناوی دەچووزایەوە. بەبیری دەهاتەوە، لەمێژ بوو هیچی نەچووبووە زار. ترخێنەی بووکەکەی هاتەوە پێش چاو. گەرم گەرم، هەڵاوی لێ هەڵدەستا. لە نێو لەگەنێکی قەلاییکراوی سپی سپیدا.

ئیدی دەستی سڕ بووبوو، نەیدەتوانی لە ملی کوڕەکەی بئاڵقێنێ. دەستی لە ملی ترازابا نەیدەتوانی جارێکی تر خۆی بەسەر کۆڵیەوە بگرێتەوە. دەستی توند توند لە ملی شەتەک دابوو.

عەلی نەختێ دەڕۆیشت، پشووێکی دەدا، لە پاشان نەختێکی تر دەڕۆیشت. هەر کاو ناکاوێکیش دەیگوت، «ئای لەو خۆشییە، کوڕینە، چاو کۆڵەکەم تا کوێ هێناوە.» لە پڕێکا قاچی لە بەردێ هەڵەنگووت، وەک دایکی تووڕ هەڵدا کەوتە سەر خۆڵەپەتانییەک. لەو دەمەدا خۆر لە ئاوابووندا بوو. یەکڕاست لەسەر ئەرزەکە بۆی دانیشت کاڵەکەی لە پێ داکەند. مریەمۆک بەسەر گازی پشتدا کەوتبوو، ئۆف مانای نەکرد. بەسەر ئانیشکی ڕاستیدا خۆی گرتبووەوە، هەردوو چاوی گرتبوو. گوێی دەورینگایەوە. منداڵەکان بەدیار سەریەوە قوت بووبوونەوە بەترسەوە ڕاوەستابوون.، گولۆڵە تارماییەک، نەنکیان وەک بەستبێتی وابوو. چۆق چۆق دەلەرزی.

پەنجەکەڵەی لە بەردەکە هەڵەنگوتبوو، سەحێکی کردەوە، هێندێکی هەڵگولۆفت، کاڵە ڕەقەکەی بەو ئێش و ئازارەوە لە پێ کردەوە. خێرا بەند و خرێنەکانی توندکردنەوە. یەکڕاست هەستا، لە دایکی نەوی، تا تێیدابوو بەکۆڵیدا دا. بەکۆڵدادان و هەستانی یەک بوو.

هەر بەڕاکردن هەڕای دەکرد، منداڵەکان ها لە کوێ، بەجێ مابوون. دایکی بەسەر پشتیەوە هەڵقون و داقونی بوو، منداڵەکان هەرچەندیان دەکرد. بەپێی باوکیان ڕانەدەگەیشتن. ڕای کرد ڕای کرد، لە پاشان ڕاوەستا. ڕانەوەستابا یەکسەر تۆت دەبووەوە.

چۆکی دەلەرزی. دایکی بە ئەسپایی داگرت. پشتی بەدارێکەوە دا. شەو

بەجـارێ سـاردی کـرد. ئاگـرکـردنەوەی هەر بەبیـریشـدا نەدەهات. لە پڕ منداڵەکـانی بەبیرهـاتنـەوە. بەوشـەوە، ئەو تلفـە بەلەنگازانەی لەو چیـا و چۆڵە بەجێ هێشتبوون، گەیشتبووە کوێندەرێ؟

لە ناکاو هەستا، گازی کرد:

«منداڵینە چیتان لێ وەسەر هات؟ لە کوێندەر بەجێ مان؟»

منداڵەکان کە دەنگی باوکیـان بەرگوێ کـەوت، هێشـتا قـەدەرێ دوور بوون. وەڵامیـان دایەوە. لە پاشـان سەرلەنوێ دەسـتیـان بەغاردانێ کردەوە. عەلی کـە منداڵەکانی گەیشتنێ، یەک دوو جار وەرسووڕا، هەستێ، هەڵنەستا. سەرمای بوو. لێرە بمێنینەوە، ئاگرێکی دیکەی بۆ بکەینەوە چۆنە؟ بەڵام ئافرەتی گەنج لەم سـەرچیـایە، لە ناو گـورگ و دڕندە و دز و درۆزن و نـاپیـاو و سـەگ و سواڵاندا... دەبێ؟ ئاگرێ...

گازی کوڕەکەی کرد:

«حەسەن، کەسی باوی، دا وەرە دەستم بگرە، بزانم.»

بۆ خۆشی سەری لەوە سووڕما، چۆن ئەم قسەیەی لە زار دەرچوو. مرێمۆک بیـبیـسـتـابایەوە؟ بیـسـتـبـایەوە و دڵی لێ ئێـشـابا، تێ چووبا؟ پێت وایە نەیدەزانی؟

هێشتا منداڵەکەی لێ نزیک نەبووبووەوە، ڕاپەڕی.

«بەگاڵتە، گوتم، بزانم دەتوانی هەڵمبستێنی.»

خۆی کۆ کردەوە، دەنگی نێر کرد.

«وەرە دایە»

دایکی لە کۆڵ کرد. دەسـتی لەسـەر ڕەفیـسک و شلکەی ڕانیـەوە برد، توند لێکی ئاڵقـاندن. یەک دوو جـارێ هەڵی تەکـاند. مـرێمـۆکی زۆر چاک لەسـەر پشـتی دامـەزراند. سـامـاڵە، بـەڵام چ کـافـرە سـامـاڵێ. پیـاو ڕەق دەبووەوە. ئەم کوێسـتانانە هەر وان. بە هـاوین و بە زسـتـان... پێشینـان گوتوویانە. تۆرۆس بە

ڕەشەبا، مرۆ بە زۆربا. ئای چەندیان ڕاست گوتووە.

پەلەوەرێ چریکاندی. لە دۆڵێ دەپەڕینەوە، کزەبایەکی تیژ دەموچاوی لستنەوە و تێ پەڕی. خوڕەی ئاو، هاژەی چەم، هاڕەی دار هات.

لەو جێی مانگی لێ ئاوا بووبوو کاژێ سپیایی مابووەوە.

ژێر پێی هەمدیس دەستی بە سووتانەوە کرد. تا ناو هەناوی کاری دەکرد. هەر هەنگاوێکی هەڵدەهێنا، سەنگی دایکی بەکۆڵیەوە هەندێ گرانتر دەبوو، هەندێکی تری پێ چووبا لاقی بە زۆر هەڵی دەگرت. بەڵام ئیدی نەدەکرا ڕابوەستێ. زۆری نەمابوو ئاسۆ ڕوون بێتەوە. لە پشت چیا دوورەکانەوە نیشانەی ڕووناکی بەدیار کەوتبوو. کار لە وەستاندا نەمابوو. لەناو گورگ و دڕندانداا، لەو چیا و چۆلە بێ سەر و سەدایە، ئای هاوار بەماڵم ئەلیف. خۆ تیرەی ژنیش هێند ترسەنۆکن بەسزمانانە. لە منداڵ خراترن. چاکن، لە منداڵ جوانترن، نەختێ ساویلکەترن. هەموو وان. پیاو بەزەی بە پیریشیان و بە گەنجیشیاندا دێتەوە.

تیرەی ئافرەت زۆر خۆشن، بە وەفا و ئەمەگن. بڵێ بۆچی منداڵەکانم لە کن ئەلیف نەهێشتەوە؟ دایکم چی لێ دەهات؟ بێ لەوەش ژنی پیر و بەناوساڵداچوو ئەوەندەی گەنج ترسنۆک نابن.

دڵی سەت غایلە و پەژارەی دەکرد، هەزار ڕووداوی خراپ خراپی بەبیردا دەهاتن. لە پاشان بە دەنگێکی بێ ورەوە بەزمان هات:

«دایە، بووکەکەت بەم نیوە شەوە لە چیا بەجێ ما. تۆ بڵێی نەترسێ؟ تۆ بڵێی لەم ناو دڕندە و جانەوەرانە شتێکی لێ بەسەرنەیە؟»

مرێمۆک گۆشتی بە هێسکیەوە، بیری بە خەون و خەیاڵەوە هێوریبوون. لە ناکاو، تووڕەبوو، هەرچییەکی تێدا بۆرژابوو، بەخەبەرهات، هەڵلەرزی، گیانی بەبەرداهاتەوە، بوو بە یەک پارچە تووڕەیی.

بەجێ دەمێنێ و بەزیاتریشەوە... دەشترسێ و زەندەقیشی دەچێ، شتیشی بەسەردێ... ئۆزوونجە عەلک ئاغا. لەناو گورگ و دڕندانیش، لەناو پیاو خراپ

و ڕێگرانیش... کەتنیشی پێ دەکرێ. ئەرێ وەڵڵا ئەم ڕێگا و بانە هەمیشە پڕە لە دز و پیاو خراپ. تازە ئەقڵت دێتەوە سەر، ئوزوون عەلک. هەی سەرەسۆدرەی چرووک، سووک و ڕیسوا. لە خوام داخوازە هەرچییەکت بەبیرداهاتووە، لە بووکەکەت بێتەدی و بەڕاست بگەڕێ، منیش دەچم لە ناوەندی گوند دەست بە چەقەنە لێدان و سووڕدان و سەما دەکەم. چق چق، چق چق. جاڕدەدەم، دەڵێم گوندیینە، دەر و دراوسێینە، ببیەن، ئوزوونجە عەلی لەسەر بێ مێشکیی خۆی کارێکی بەسەرهاتووە، بەسەر دژمنتان نەیێ، چق چق، چق چق، بە چەقەنەوە سووڕدەدەم. خوامەوخوا ئەو بووکەم لەسەر بێ ئاوەزیی تۆ شتێکی بەسەرهاتبێ... تۆ بەو دەردەت بردم. تۆ نەخۆشت خستم، تۆ وەک داماو و لێکەوتە و کز و کەنەفتت لێ کردم، تۆ وات لێ کردم بەکۆڵ هەڵگیرێم ئوزوونجە عەلک چق چق، چق چقە، چق چق.

«بووکەکەت ناترسێ دایە، وە نییە؟ بڕوا ناکەم بترسێ. جا بۆ بترسێ.»

ه ه، جا تۆ هەر وا بزانە ناترسێ. بەرێ وەڵڵا هێند دەترسێ، هێند دەترسێ، تا زارەتەرەک دەبێ. کەژ و کێو پڕە لە پیاوخراپ، جگە لە پیاوخراپی وا، کە بۆ خۆشی نازانێ لە کوێوە لێی ڕادەپەڕێ، بەبەریەوە دەنیشێ. بێ لە گورگ و ورچ و دڕندەی وا، کە لە هەرکوێ بۆیان هەڵکەوێ ونجڕ نجڕی دەکەن. بێجگە لە مردووی زۆر و زەوەند، کە بە کفنی سپییەوە لەو چیا و چۆلە دەخولێنەوە. جگە لە پڵینگی کەڵپە بستێ درێژ، کە بە زریکەی، پیاو زەندەقی دەچێ، خۆ هەر دارگوێزەکە پیاو گێڕ و گەواژ دەکا. تۆ هەروا پێت وابێ ناترسێ. باشە ئەمانە هیچ، ئەی ئەو خێو و جندۆکانەی، کە لە ئەسڵا، خۆیان کێلەبەردن، هەمیشە بەو ڕێگاوبانانەوە دەگەڕێن، دەفڕن، هەر بەهاستەم لێیان هەڵکەوێ دەتەقنەوە، لە پاشان لەناوەندی ڕێگا وەک هەمبانە فش دەبنەوە، لە شوێنەکەی خۆتدا بە زەوییەوەت دەسوون. دیارە تۆ حەسێو بۆ ئەوانە ناکەی، کە لە نەدیتە دەست لە پیاو دەوەشێنن... بڕۆ مەیکە، بەڵام ئەوان بۆ خۆیان دەزانن چیت بەسەر دێنن... نەخوازا، دووعا و دەم و نەفەسی دایکیشت بەسەرەوە نەبێ... سەرباریش بەر تووک و نزام کەوتبی. خۆت دەبینییەوە. تۆ

خێو و جندۆکەت بیستوون، بەڵام بڕوات پێیان نییە. بڕوا مەکە. بێ دین و بێ ئیمانێ ئەسپی دایکی بەئالەم ئاشکرا بکوژێ، پێستەکەی بە بەرچاویەوە بگوورێ، بڕوا بە چی دەکا؟ بڕوا مەکە. چش. با بەسەرت بێ، ئەوجا بڕوا دەکەی... دەبا ژنەکەت لە بن دارگوێزە پیرۆزەکەدا، لە نێوچاوان بەدیی تۆوە زاری خوار بێ. ئەوسا، بزانە بڕوا دەکەی، یان نا. خوامەوخوا بووکەکەم شتێکی لێ بقەومێ، من مریمۆک بم، هەڵبەت دەشزانم چیت بەسەردێنم. ئەسپەکەت کوشتم چیم لێ کردی؟ بووکەکەشم دەستەپارچەکەی چیت لێ دەکەم؟ با بڕوا، ئەویش دەستەپارچە و مجرۆ بێ. وەی وەی وەی لەسەرمان ڕەق بوومەوە. ماڵی سەرمام بەقوڕ گرت. ئەو چ باکێتی، بەکۆڵیەوە، من سەرماکەم لێ گرتووە. منیش یەکێکی وا گەرم و گوڕم بەکۆڵەوە بێ، شەوگارێکی دوور و درێژ ڕێ دەکەم. پێنج شەوانیش ڕێ دەکەم. خوایە بەهانامانەوە وەرە، فریام کەوە. بە ساخ و سەلامەتی بمگەیێنە چقوورئۆوا. ئەژنۆم، لاقم بەجارێ بڕستیان لێ بڕا. جارێکی تر خۆم لەسەر پێ ناگرم.

توخوا، پیاو لە بن دارگوێزە شەخسێکدا بار و بنە دەخا؟ ئەمە چ بێ ئەقڵییەکە. موستان چاوەشی ڕەحمەتی چیی دەگوت؟ ڕدێنی بستێ درێژ و سپی بوو. وەک تووکی کارمامزان دەبریسکایەوە. خاوێن، پاک و تەمیز. باوە، یەکێ بوو لە پیر و پیاوچاکەکانی خوا. خۆ ڕەنگ نەبوو یەکێ بەئاستەم دڵی شکاندبا، یا نەختێ دڵی لە شتێ تۆرابا، یا شتێکی نارەوای لە یەکێ دیتبا، یەکسەر، دادەنیشت، دەیدایە لووشکەی گریان، دەتگوت منداڵە چڵم هەڵدەلووشێ.

شەوێکیان تاریک، ئەنگوست لەچاو، گوللە نەیدەسمی، بەژێر ئەم دارگوێزە شەخسەدا تێ دەپەڕیم. لک و پۆپی هاژەیان دەهات. هەر دەتگوت ئاوێکی تاریکە. پیرە دارگوێز بەری ئاسمانی گرتبوو. لە ناکاو شتێ چرتەی کرد. کە ئاوڕم دایەوە سەیرم کرد، تۆپە ڕووناکییێ لە زەوییەوە بەرەو دارگوێزەکە هەڵدەکشێ، هەرچەند ئەو هەڵدەکشا، لک و پۆپی دارگوێز شەوقی دەدایەوە، دەنیشتە ناو شەوق و ڕووناکی، دەبوو بە یەک پارچە ڕووناکی و شەوق.

منیش، وەک ماستی مەییو، وەستاوم. دوعا دەخوێنم، بخوێنە، ها دووعا بخوێنە، برا زۆری پێ نەچوو، پیرە دارگوێز بە لک و چڵ و گەڵا و بەژنەوە وەک لە تاریکاییەکە هەڵکۆڵدرابێ، بوو بە یەک پارچە شەوق و ڕووناکی. لە پاشان بە لک و پۆپەوە، بەبەژنەوە، دارگوێزی گۆڕین بەرەو ئاسمان هەڵکشا، بەرەو ئەو چیایەی بەرانبەر، پەلی هاویشت، بەرین و فراوان بووەوە. دنیا سەرانسەر، وەک ڕۆژهەڵاتبێ، ڕووناک بووەوە. دنیا سەرانسەر، وەک ڕۆژی ڕووناکی لێ هات. تاریکاییی چیاکان وەستا، تاریکاییی شەوگار وەستا. ئێوە، تا ئێستا، دارگوێزێکی وا زل و زەلامی هێندەی دنیاتان دیتووە و بیستووە، کە لە نێو تاریکاییدا هەڵکۆڵدرابێ؟ ماشەڵڵا لە کار و کردەوەت خودایە. بەقوربانی سرِ و حیکمەتت بم بۆ خۆت و کارت. دارێ سەرتاپای لە ڕووناکی و شەوق... بەرەو ئەو جێیەی کە ڕۆژی لێ هەڵدێ، دەکشا. شەوەکەی، تا بلێی، تاریک و ئەنگوست لەچاو بوو. وەڵڵاهی وەبیللاهی تاکە ئەستێرەیێ بەئاسمانەوە دیار نەبوو. پیرەدار هەر هات، گەورە بووەوە گەورە بووەوە. سێڵاوەدارێ بە لک و پۆپ و و گەڵاوە لە شەوق و ڕووناکیی ڕووت بەئاسماندا هەڵدەچوو. تا شەبەقی دا دارگوێزە شەخسەکە بوو بە شەوق و ڕووناکی، منیش تا بەری بەیان ڕوون بووەوە ڕاوەستام، سەیرم کرد. چاوم لەبەری هەڵنەدەهات. حاڵم شڕبوو. ئەسپەکەی بنیشم، ئەو گیانلەبەرە پیرۆزەیش گوێی قوت کردبووەوە، سەیری دەکرد. کاتێ بەیان لە پشت چیاکەی ئەوبەرەوە ڕووناک بووەوە، هەر ئەوەندەم زانی دارگوێز چکۆلە بووەوە، بەرەبەرە شەوق و ڕووناکییەکەی لەبەر داماڵی، بە زەوییەوە وەربوو.

کاتێکی ڕۆژ هەڵات دارگوێزە گەورە و بەرزەکەم بە گەڵا سەوز و ورگ هەڵدڕاوەکەیەوە دیت، بەرانبەرم ڕێک و ڕاست وەستابوو. منیش یەک ڕاست چووم بۆ کن مەلای قەرەتۆپاخی.

«دایە ئاخۆ چەندی بۆ شەبەق مابێ؟»

توخوا پیاو لەو ژێر دارگوێزە پیرۆزە بارو بنە دەخا؟ توخوا پیاو ئەقڵی هەبێ، لە ژێر دارێ، بەشەو ببێ بە نوور و بە ڕۆژ ببێتەوە بە دارێکی

دارئاسایی، قەت بار و بنە دەخا؟ بە شەو سەری خۆی هەڵدەگرێ، دەڕوا. لە بەرچاو ون دەبێ. بڕۆ سەیرکە، بزانە لە شوێنەکەی خۆیەتی. بە مانگ بە دوو مانگ لە جێگاکەی خۆی نامێنێ، دوایی سەیردەکەی، ڕۆژێ لەپڕ لە شوێنەکەی خۆی پەیدادەبێتەوە. پیاو دەچێ لە ژێر دارێکی وادا هەڵدەدا، بڕست لە خۆی دەبڕێ؟

«دایە زۆرت سەرما بوو؟ حەزدەکەی با ئەمەی بەرم داکەنم، لەبەری کە. من هەروا ئارەقە دەکەمەوە.»

سەرت بخوا، بەمیراتت کەوێ. من هیچی تۆم ناوێ، ئوزوونجە عەلی. دارەکە بووکەکەی کوشتبم، جا ئەوسا ئوزوونجە عەلی.

«ڕێیەکی چاکمان بڕی. جارێکی تر وا ناکەم. چوزانم، گوتم با بن ئەو دارە پیرۆزە بکەین بە هەوارگە.

گوویێکی چاکت خواردووە. هاتو دەستێکیان لێ وەشاندی؟

عەلی ئیتر بەزۆر قاچی پێ بەکێش دەکرا. بە بیانووی قسەکردنەوە، لەسەر یەک لەسەریەک هەڵوێستی بۆ دەکرد، نەختێ ماندووی دەحەساندەوە، چاویشی هەر بەئاسۆوە بوو.

«خەلیلە پیر گوتی...»

بەڵام لە خەلیلە پیریشت دا و خۆشت ئەستۆت ورد بێ.

«ئەم ساڵ چقوورئۆوا هێند لۆکە دێنێ، لە کۆکردنەوە نایە. هەموو کەسێ بە سەر و سەت لیرەوە نەبێ ناگەڕێتەوە. دەڵێن ئەم ساڵ ئیزگیلەکەی لەوەدا نییە، یەکجار ئەستوور بوو، زۆر بەتاویش دەفڕی. خەلیلە پیر دەڵێ من ئیزگیلی وام نەدیوە. ئەم ساڵ لۆکە زۆر بەبەرەکەت دەبێ...»

جا بە تۆ چی کوڕم. تۆ پاش ئەوەی ئەسپەکەت کوشت. خەڵک هەموو لۆکەی خۆی خڕدەکاتەوە، هەرکەسە دەگەڕێتەوە گوندی خۆی، تۆ تازە دەگەیە چقوور. جا ئەوسایش دەبی بە گەپجاڕی خەڵک. دە بڕۆ، مەوەستە. دە بڕۆ، ئوزوون عەلک. دەردی کردەوەی خۆت دەکێشی. هێندەی ڕێزەیێ دڵم پێت

ناسووتێ. بۆ وەستاوی؟ ماندوو بووی؟ خۆزیا شەو نەبا، چاوم بەدەموچاوت، بە حاڵی شڕ و شپرێوت، تک تک بە ئارەقەکردنەوەت کەوتبا ئوزوون عەلک. دەیووسە پیر سواردەکەی، ئەسپەکەم دەکوژی؟ دە بخۆ دەی. منیش. بەکۆڵتەوە وا ڕەق دەبمەوە، ئیشەڵڵا دەمرم.

«گوتی هێند بەبەرەکەت دەبێ ئەم ساڵ، چقوورئۆوایی لە نیوە پتری لە پەرێزدا بەجێ دەهێڵن. ئێمەش ئەوەی لە پەرێزدا بەجێ دەمێنێ گوڵوەچنی و وشوو دەکەین.»

ئەوە بەو قسانە دڵی داویەوە، هەر بۆئەوەی سواری بکەی و ئەسپەکەت بکوژێ، ڕۆڵە بێ ئەقڵەکەم. نە نە نە، ئوزوون عەلی ڕۆڵەی من نییە. لە بەرازە.

عەلی هەر گوتی و ڕستی، کە زانی وەڵامی ناداتەوە، بەتووڕەییییەوە دایکێشا.

ڕاوەستا. هیچی دی پێ نەمابوو بیڵێ.

«لە کوێی حەسەن؟ ماندوو نەبووی؟»

حەسەن:

«چۆن ماندوو دەبم؟ ئەی نابینی چۆن دەڕۆم، ئومەخان ماندوو بووە.»

کچەکە گوتی:

«درۆ دەکا، هیچ ماندوو نەبووم.»

عەلی لەپڕ فەرقی بەسەر ترۆپکی چیاکان کرد ڕووناک بووبوونەوە.

«زۆر شوکور، وا ڕۆژ هەڵدێ.»

تەماشای پێشەوەی کرد. دوور بوو. ڕاچەنی. هەنگاوێکی نا ددانی چیڕ کردەوە. لاقەکانی کرژهەڵاتن. هیچ شوێنێکی نەمابوو نەیێشێ، نەچووزێتەوە، برک نەدا. دەلەرزی، وەخت بوو بکەوێ. هاتە سەر ڕێگاکە. دایکی لەسەر کۆڵی داگرت. دنیا لە پێش چاوی وەک فرفرۆکە دەخولایەوە. دارێکی ڕەچاوکرد، چوو لە ژێریا خۆی بەعاردیدا دا، پەیتا پەیتا پشووی سوار بووبوو،

هەناسەبڕکێی بوو. دەموچاوی ڕەش ڕەش هەڵگەڕابوو. چاوی چکۆلە بووبووەوە. لە تاوان، وەک بەرۆکی دادڕێ، سینگی کردبووەوە، مووی بەدیارکەوتبوو. ئارەقە بە دەموچاویدا زەنگوڵ زەنگوڵ ڕێچکەی بەستبوو. هەناسەبڕکێکەی بەهیچ جۆرێ سووک نەدەبووەوە. وەخت بوو جەرگ و هەناوی دەرێ.

لەوێ، پشتی بە دارەکەوە دابوو، زاری کرابووەوە، گوپی داقووپابوو. ڕدێنی تەواو درێژ بووبوو، مووی ڕدێنی تیژ تیژ، وەک دەرزی وابوو. بەوی با جارێکی دی هەڵنەستایەتەوە. لای وابوو ئیدی هەڵناستێتەوە. ڕۆژ بەسەر ترۆپکی چیا کەوت، دانیشتبوو. لە پاشان هەڵستا، دەوروبەری گەرم داهات. مریەمۆک بەخۆیدا هاتەوە. ویستی بزانێ دەتوانێ هەڵستێ، هەڵستایە سەر پێیان هەنگاوێکیشی هەڵنایەوە. دوایی دەستی بە ڕۆیشتن کرد.

ئاورێکی لە کوڕە نیوە بووراوەکەی دایەوە. وەک بەزەی بە حاڵیا بێتەوە وابوو، بۆئەوەی دەرفەتی لێ بێنێ هەرچی ناوی ناشیاوی بەبیردا هات پێی گوت. هەرچەندە سەیری دەکرد دڵی پڕدەبوو لە ئازار، تووڕەییەکەی خاو دەبووەوە. مریەمۆک بەوحاڵەوە، لێرە لەوەندە زێتر نەدەمایەوە. دارێ بە قەراخ ڕێگاکەوە بوو، لکێکی لێ شکاندەوە، هەڵی پاچی، کردی بە دارگارانێکی درێژ. بۆ دواجار سەیرێکی کوڕەکەی کرد. گورج وەرچەرخایەوە، بەڕێ کەوت. بەپشتی کووڕبووەوە وەڕێ کەوت.

لە پاشەوە گوێی لە ترپەی پێ بوو، گەڕایەوە، تەواشای کرد، نەوەکانین. ئەوانیش پێکەوە دەهاتن. «وەرن، وەرن، هاوڕێی گیانی نەنکیان، ئومەخانی چاوبەسورمەم، حەسەنی ئازا و بوێرم، دە وەرن دەی. نەنکتان بەقوربانی ئەو نینۆکەتان بێ، کە دەیبڕن، فڕێی دەدەن. نەنکتان بەقوربانیشتان بێ و دەبەریشتان مرێ ڕۆڵەکانم. بریا ڕۆڵەی ئەو ئوزوونە عەلییە کافرە نەبوونایە. چۆن کوشتی، ئەسپەکەی چۆن کوشتم؟ ئاخ، خۆزی لە خۆزیداران، لە جیاتی ئەو گەورێکی ڕەشم بووایە. خۆزگە سەد خۆزگە... ئەسپەکەی کوشتم، بەم پەرێشانییە، ئاوها، سەرگەردان تووشی کەژ و کێوانی کردم. ئیشاڵڵا ئەم

ئوزوونجە عەلییە قەت خێر لە خۆی نابینێ.»

کچە:

«ئیشەڵڵا نەنە، ئیشەڵڵا. حەیف بۆ ئەسپەکەمان.»

کوڕە لە کچەوەی ژەند، بەرپەرچی دایەوە، گوتی:

«ژوقـوم. بـاوکم کـە گـەیشـتـە چـقـوور کـەرێکت بۆ دەکـڕێ نەنە، لـەبری ئەسپەکەت.»

نەنە گەڕایەوە، دار گاڕانەکەی دەستی ڕاوەشاند، گوتی:

«وسـبـە، وس. گـۆڵەسـەگ. گـۆڵە گـەڕی کـابرا سـەگـە. بە ئەسـتـۆی وردی بیکڕێ. قاچی بشکێ، نەگاتە چقوور. ئەو ئوزوونجە عـەلییە کافرە چاوی دەرێ چاکە؟»

حەسەن بە دڵ شکاوییەوە، کڕبوو. دەمەو نیوەڕۆ، کە عەلییان پێ ڕاگەیشت، هەروا لەسـەرەخۆ، قسەیان دەکرد و دەڕۆیشتن. ئینجا کە لە دواوە هەسـتیـان بە عـەلی کرد، قسەکانیان بڕی. مـرێمۆک هیچ کوێیەکی نەمـابوو لەتاو ئێش و ئازار نەزریکێنێ، بەڵام عەلی یەکسەر لە بەردەمیدا قوت بووەوە. مرێمۆک وەک خۆی هەڵدا، سـواری کۆڵی بوو. عـەلی دیاردیی بۆ پێشـەوە کرد، دەسـتی بۆ لێرێکی چڕ درێژکرد.

«ئەرێ دایە، هۆوە کـانییـەکەی باغڵەمـە نییـە؟ هۆ ئەو لووتکە باریکە درێژەی دیارە، لووتکە دارگوێزەکە شەخسەکە نییە؟»

مـاڵی خۆیشت و مـاڵی لووتکە دارگوێزیشتم بـەقوڕێ گرت، ئوزوونجە عـەلی کـەڵکی هیـچ کـارێکت پێـوە نیـیـە. پێـسـتی منیش وەک پێـسـتی ئەسـپـەکـەم دەگووری، مەگەر هەر بەتەمای ئەوە بم لە تۆ.

کە سـەری هـەڵبڕی لەپێشـەوە، لە دوور تارمـاییی بووکەکەی دیت، پشـوویێ تووڕەیییەکەی لە بیر کرد.

لە بری وەی بووکە وەک گوڵەکەم ببینم، پۆپەی دارەکە دەبینم. ئای ئەلیف،

تۆ ژنێکی چاک و حەڵاڵزادەی. بەڕاستی شیرت پاکە، بەڵام عەیبێکت هەیە. خۆزیا ژنی ئەم کابرا خراپە نەبای، خۆزیا خۆزیا سەد خۆزیا… ئەوسا لە ڕۆحی خۆم خۆشترم دەویستی. عەلی لە پڕ ڕاچەنی، دڵی خۆش بوو، لە کەیفان بانگی کرد: «دایە، دایە تەواشاکە. بڕوانە وا بووکەکەت هات.»

٦

عەلی هەر گەیشت و نەگەیشتە بن دارگوێزەکە، دایکی لەسەر بنەدارێ هێنایە خوار.

ئەوان لەوێ خەریک بوون، ئەلیف خێرا چوو، مەنجەڵە ترخێنەکەی، کە لە ئێوارێوە بەلای ئاگرەکەوە بوو، هەڵڕشتە نێو لەنگەرییەکی گەورەوە. ژنە سفرە و خوانەکەی لە نزیک بن دارگوێزەکەوە ڕاخستبوو. لەنگەرییەکەی هێنا لە ناوەندی سفرەکەی دانا، هەڵاوی لێ هەڵستا. ئەوجا چوو، دەستی مرێمۆکی گرت، لەسەر بنکە دارەکەی هەڵستان، هێنای لەسەر سفرە و خوانەکەی دانا، بانگی مێردەکەی کرد، گوتی:

«عەلی وەرە.»

عەلی بەسەر پێوە وەستابوو، وەک هەڵواسرابێ وابوو. کوڕەکەیان دەستی باوکی گرتبوو، بزەیەکی هاتێ، گوتی:

«وەرە باوە.»

ئەلیف چاوی وەک پیاڵە کردبووەوە، سەیری مێردەکەی دەکرد. مێردەکەی وەک بەلادا بێ، لارەلارەی دەکرد. وەک چاوی خەواڵوو بێ وابوو.

خۆی لە سفرە و خوانەکە نەگەیاند، هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە. دەستی لە دەستی کوڕەکەی ترازاند. بە لارە لارە بەرەو بارگە بەسەریەکدا کەڵەکە کراوەکە چوو. بەڕە شڕێکی دەرکێشا، لەبەر هەتاوەکە ڕای خست، لەسەری ڕاکشا.

ئەلیف لەسەر سفرە و خوانەکە هەڵستا، چوو بالیفێکی پەڕۆ و پاتاڵی

چڵکنی چکۆڵەی هێنا. سەری مێردەکەی بەرزکردەوە، لە بن سەری دانا. لێفە شرێکیشی بەسەردا دا. عەلی سەری نایەوە و نەنایەوە یەکسەر خەوی پێدا کەوت. ئەلیف لە ژوور سەری مێردەکەی ڕاوەستا. بەبەزەوە سەیری دەموچاوە ڕەش داگیراوە باریک بووەکەی کرد. دەموچاوی باریک بووبووەوە، داکشابوو. مووی ڕدێنە درێژبووە شاش و واشەکەی، تیژ تیژ، وەک تیرە ژیژک لە دەموچاوی ڕاچووبوون.

گوتی:

«کوڕەکەی زۆر ماندووە، دەموچاوی بە دوو ڕۆژان وەک دەموچاوی منداڵ چکۆڵە بووەتەوە.»

مریمۆک کەوچکەکەی دەستی لەنێو لەنگەرییە چێشتەکە دانایەوە، بەچۆکیدا دا، گوتی:

«لەوەی خراتر لێ بەسەربێ. ئۆزوونجە عەلی، خوا لەوەی زۆر زۆر خراتر بەسەربێنی.

هەرچەندە بەوحاڵەوەی دەبینم دڵم کۆڵێ بەز دەگرێ.»

ئەلیف گوتی:

«دایە وا مەڵێ، چۆن دڵت دێ؟ کوڕتە.»

مرێمۆک قیت بووەوە، گوتی:

«دڵیشم دێ بەزیادیشەوە. دەسخۆش، با بڕوا تا ماوە دەردی بێ ئاوەزیی خۆی بکێشێ. جا چی کردووە، هەر ئەوەیە خەلیلە پیری سواری ئەسپەکە کردووە و کوشتوویە. ئەمە هەر بۆ ئەوەی خەڵک بڵێن، تەنیا هەر عەلی کوڕی چاکە و بەس.»

هەردوو دەستی لەبەر ئاسمان پان کردەوە، دەستی بە تووک و نزا کرد:

«خوایە حاڵی ئەم ئۆزوونجە عەلییە لەمە خراتر کەی. ماڵ و منداڵیت لەو کەژ و کێوانە سەرگەردان کرد، خۆشیت تووشی ئەو حاڵە کرد، خوای گەورەم،

لەوە خـراتری لێ بکە، لەوەی پەرێشـانتـر بکە، خـوا چاوڕەشـەکـەم، خـوا جوانکیلانەکەم.»

ئەلیف گوتی:

«وا مـەڵێ دایە، وامـەڵێ، حـەیفـە. کوڕەکـەت دەسـەڵاتـی چییـە، ئەو بەمـەی لە کوێ دەزانی؟»

مرێمۆک هەڵی دایێ:

«بیبـڕەوە، بیبـڕەوە، تۆش مـەچۆ پاڵ ئـەو. لەوەی خـراتر، زۆر خـراتر لێ بێ. کوێرەواربێ. یاخـوا بە لۆکە ڕانەگا، نەیپـەڕژێتە سـەر هیچ کـار و فـرمـانێ. با نەختێ هۆش بکاتەوە. بام عادیلەفەندیش لە قورتمی بگرێ.»

لەسـەر سـفرە و خـوانەکە هەڵستا، بە پشـتـی کووڕەوە، بە شـەلـە شـەل، چوو، لەپشت دارگوێزەکەوە، خۆی بە نێو دەوەنە جاڕەکەدا کرد.

«من لێروکانە دەنووم. کە بەڕێ کەوتن وەخەبەرم بێنن. باشە خاتوو بووک؟»

ئەلیف بێ ئەوەی گوێ بداتە تیز و تەوسی، بەخەمبارییەوە گوتی:

«باشە دایە گیان.»

سـفرە و خـوانەکـەی پێچـایەوە. چوار قـەمـچی کـرد. لە بارەکـەی پەسـتـاوت. بەمنداڵەکانی گوت:

«ڕۆڵە ئێوەش بۆ خۆتان بنوون.»

کـیژەکـەیان خـەو دەیبـردەوە. هەڵی گـرت، لەتەک باوکـیـەوەی نوواند، لچـێکی لێفە شڕەکەی بەسـەر ئەویشدا دا.»

بە کوڕەکەشی گوت: «بڕۆ، تۆیش بۆخۆت بخزێ باخەڵی باوکتەوە.»

چاوی خەوی لێ دەباری. تا سبەینێ خەوی نەچووە چاو. بە خەم و پەژارە و ترسـەوە ئێـشـکی گـرتن. مـرێمـۆک و منداڵەکـانی و مـێـردەکـەی خـەوتبـوون. نەدەکرا خۆشی بخەوتبا.

لەوانەبوو لە ڕێگای خوارێ ڕا ڕێبوارێ ڕەت با، هەرچی دەفر و ئامانێکیان

هەبوو، ڕای ماڵیبا.

چوو لەسەر ئاورگەکە هەڵکورما، هەردوو چۆکی لە باوەشی گرت، چەناگەی لەسەر چۆکی دانا، کورووشکەی کرد. لە دەریای بیر و پەژارە ڕۆچوو. دە ساڵ لەو ماڵە بوو. قەتی مریەمۆک بەو ڕەنگە نەدیتبوو. نەیدەزانی هێندەی ڕک لە کوڕەکەی دەبێتەوە. ڕک و کینەی لە گوێن ئەوڕۆی بەرانبەر بە کەسی پێوە نەدیتبوو. ئەمە چ ڕک و کینەیێ بوو؟ هەرچەندەی ئەسپەکە وەبیردەهاتەوە، پیرێژنی تاین هەر دەتگوت جندۆکە دەستی لێ وەشاندووە، شێتگیر دەبوو، فێی دەهاتێ. کەفەکرکێی دەکرد، دەلەرزی. کوڕەکە. یەکێ لە نەوەکانی مردبا مریەمۆک هێندەی خەم و پەژارە نەدەخوارد. بەجێ مابوو، بەپێیان دەڕۆیشت؟ کوڕەکەی لە کۆڵی کردبوو، دەیهێنا. تا چقوور ئۆوای دەهێنا. لە جیاتی وەی کەیفی بەکوڕەکەی بێتەوە، بەزەی پێدا بێتەوە، ڕکی لێ دەبووەوە، تووڕە دەبوو. کوڕەکەی چەند خۆش دەویست، ڕۆحی چۆن بەسەر سەریەوە دەلەرزی. عەلی تاقانە بوو. نۆ زگی کردبوو، تەنیا عەلیی بۆ مابووەوە. خۆ ڕەنگ نەبوو بۆ جێگایێ چووبا، یا نەختێ درەنگی پێ چووبا، کارێکی بەسەردەهات خۆش نەبێتەوە، جەرگ و هەناوی خۆی دەخوارد و خۆی دەفەوتاند. عەلی بە منداڵی، دوو ساڵان بوو، زۆر خۆش دەویست. زۆری دەلاواند. زۆری ناز دەکێشا. جارێکیان تەرزە دەبارێ. مریەمۆک دڵی دادەخورپێ، دەڵێ، هیزە، عەلی کوڕم لە مەرزایە، بیگەنێ، جا چی بکەم تەرزەیێ بەر سەری کەوتبێ، دەیکا بە یەک هەنگامە و کارەڕاتێ، سەرلەبەری گوند وەسەرپێ دەخا. لە پاشان، عەلی لە ماڵێکی ئەوسەری گوند وەدیار دەکەوێ، مریەمۆک کە چاوی بە کوڕەکەی دەکەوێ لە خۆشییان دەبوورێتەوە. ئەم ڕکەی ئێستا مریەمۆک لە عەلیی هەڵگرتووە، پیاو لە دژمنیشی هەڵناگرێ. سەری بگری و بنی بگری ئەسپێکی مردەڵۆک بوو. ئەمساڵیش نەمردبا، ساڵێکی دی هەر دەمرد، بۆ کوێ دەچوو، تۆبە خوایە، هەزار جار تۆبە. بۆ زیرۆح هەیە چاوترووکانێ لە ڕۆژی خۆی زیاتر بژی؟ ئەمە فەرمایشتەی مەلا قەرەتۆپاخلییە. ئاخر ئەم پیرێژنە چی دەوێ؟ فەرمایشتەکەی مەلا قەرەتۆپاخلیی نەبیستووە؟ کەچی دەڵێ «ئوزوون

عـەلی دەست و پێت بڕیمەوە، لەم کـەژ و کـێـوانەت سـەرگـەردان کـردم. خـوا تووشـی لەمە خراتـرت کا.» تۆخوا ئەمەیش قسـەیە؟ پیاو، تووک و نزای وا نەک لە کوڕی، لە دژمنی باو کوشتەشی ناکا. خەوی پێدا کەوت.

ڕۆژ درەنگ بوو، لە نـیـوەڕۆ تێ پەڕیبوو. سـەری هـەروا لەسـەر ئەژنۆی بوو. ئاگر سـووتا و بڕایەوە. کڵ و کۆیەک دوو کـاژی سـووتوو گرتبـوو، ئەو هـەسـتـی پێ نەکردبوو. نـیـوە نووسـتـبـوو نـیـوە بێدار بوو. بێدارییـەک بـەزیندەخـەونەوە. بەڵام پتر، نووستبوو.

بە دەنگی هـەرا و هێوززەوە سـەری هـەڵبـڕی. هێورزە و هـەراکە لەلای دەستی چەپیەوە دەهات. سەیری کرد گونـدێ لە خوارەوە دێ. ئەسپ سوار. کەرسوار، پیـادە، شـەل، دڵخـۆش، خـەمـبـار، گـەلـەیێ مـرۆ لە بەر دەمـیـەوە تێ دەپەڕێ. سـاوایەکی بەرمــەمکان دەگـریا. دیارە سـاوای بەرمــەمکان لـەو ڕێگاوبانـانە هەمـوو لە یەکـبـینە دەگـرین. تـەزووی خـۆشـیـیـەکی بەدڵدا هـات. بۆ خـۆشی نەیزانی ئەم خۆشییەی لە سۆنگەی چییەوە بەدڵدا هات. هەستایە سەر پێیان، هاتە قـەراخ ڕێگاکـە. ئەوانەی بە بەردەمـیـدا تێ دەپـەڕین هەر سـەیریشـیـان نەدەکرد. لەو سـەروەختـانەدا ڕێگاوبان لە گوندییـان جمـەی دەهات. تا گوندی هەمـوو تێ پەڕین، ئەم هـەروا بەپێوە وەسـتـابوو، سـەیری دەکردن. لە پـاشـان ڕەشـبـینی و کـوڵ و کـەسـەر دایگرت. سـەرلـەنـوێ چووەوە سـەر ئاورگـەکـە، لێی هـەڵکورمایەوە.

بیری کردەوە، گوتی:

«تۆ بڵێی ئەم گوندییـانە، بارگینێ، گوێدرێژێکیـان پێ نەبووبێ؟ بریا عـەلیم بەخەبەرهێنابا، لێی پرسیبان. بۆرە ئومێدێ بوو. تازە هیچ، فریا ناکەوێ.»

هەسـتـا چوو قەیرێ بەدیار سـەری عەلییـەوە ڕاوەسـتا، سـەیری کرد. عەلی وەک منداڵ لـە خـــرپەی خـــەودا بـوو، دەتگـوت پشـــوو نـادا. هـەر لـە ســـاوای بەرمــەمکان دەچوو. لێـوی خــوارێـی داکـەوتبــوو، کــە پشــووی دەدا، کــەمێ دادەچووە ژووری. دەبوو وەخەبەری بێنێ؟ بەسـەریدا دانەوییەوە، بەئەسپایی لە

باڵی نەوی، گوتی:

«عەلی، عەلی.» دوایی کڕبوو. «عەلی، عەلی. هەستە.»

عەلی هەر جووڵەشی نەکرد.

«عەلی، هەستە. درەنگە، وا دنیا عەسرە.»

عەلی لاقی ڕاستی هەڵکێشا. گوایە لە خەو هەڵدەستێ.

«عەلی ڕۆژ درەنگە. دەبێ بەڕێ کەوین.»

عەلی ڕاست بووەوە، دانیشت.

«عەلی بۆیەم بەخەبەر هێنای کە...»

عەلی بە کۆڵەمست چڕوچاوی خۆی دەگلۆفت.

بە ژاوەژاو و وەڕزییەوە، گوتی:

«چییە ئەوە؟»

«ڕۆژ درەنگە، عەسرە، دایکت و منداڵەکان هەروا نووستوون. لە بەڕێ کەوتن بین، با بەڕێ کەوین. دەشمێنینەوە، با بمێنینەوە.»

عەلی گوتی:

«با بمێنینەوە.»

ئەلیف:

«جارێ تۆ وەرە سەر ئاورگەکە.»

عەلی هەستا، هات بۆسەر ئاورگەکە. لەوێ ڕەق ڕاوەستا. لک و پۆپی دارگوێزەکە، بەکاوەخۆ، بەدەم باوە، هاژەهاژی دەهات. ئاسمان نەدەبیندرا.

ئەلیف زاری لە پەناگوێی نزیک خستەوە، گوتی:

«هەنووکە، گوندێ لێرەوە تێ پەڕی. کێهە گوند بوو، نەمزانی. لە پاشان بەبیرم هاتەوە، گوتم، بۆ بەخەبەری نەهێنم.

عەلی لە پێشا گوتی:

«با تێ پەڕێ، با بڕوا تێ پەڕێ.» دوایی بیری کردەوە.

ئەلیف:

«هێشتا هەر دەنگیان دێ. پێم وایە لەپێشەوە، لە تۆپاختاش باروبنە دەخەن. لێرە لانادەن. لە دارگوێزە شەخسەکە دەترسن.»

عەلی بزەی هاتێ:

«دەترسن. هەر من و تۆ ناترسین. بێ ئاوەزن. پیاو لە پیاوچاک دەترسێ؟ لە جیاتی خراپە چاکە لەگەڵ پیاو دەکەن.»

ئەلیف:

«ئیدی وام بەبیرداهات... گوتم...»

عەلی پێ کەنی. لێوی باریک بووەوە، کرژبووەوە، تاڵ و ترش هەڵگەڕا، گوتی:

«ئافرەت، تۆ شێتی، ئەقڵت تێک چووە؟ لەم وەختەدا، گوندی بە کۆچ و بارەوە، مینەک لە کن ئەم گوندییە چیاییيانە منەییی چ دەکا؟ لە مار دەگەڕێ؟ خۆ بەچاوی خۆتت دیتن، چەند کەس بەکوڵی چەند کەسەوە بوون. هەموو نەخۆش و کوڵەوار.. پیرو کەنەفت، لە دەست و پێ کەوتە، مینەکیان هەبێ، داوا کەم دەمدەنێ. سوور دەزانم دەمدەنێ. بەڵام لە ڕۆژی وادا، دەکرێ بچم بڵێم، گوندی، ئەسپەکەم وێ دە، دایکمی سواردەکەم؟ دەکرێ؟»

دەموچاوی ناهومێدی و تووڕەییی لێ دەباری، گوتی:

«بەمیرات بێ، ژیان و گوزەرانی وا.» بە پەشێوییەوە داڕووخایە سەرئەرزەکە. «چارێکی دیکەی نییە. ئەمشەو دەبێ لێرە بمێنمەوە. لە پاش ئەوەی ماندوومان دەحەسێتەوە...»

ئەلیف گوتی:

«لە پاشان... دە کەواتا، با چێشتێ وەسەر ئاگر خەم.»

چوو، یەک دوو باوەش چڵ و گزرەی خڕکردەوە، ئاگرەکەی هەڵایساندەوە.

عەلی بەجارێ ڕچێبوو، لەپاڵ ئاگردانەکە هەڵکورمابوو. ماندوو، شەکەت، کەشەنگ، لە زیندەخەوندا بوو. دەتگوت بە ڕۆژی نیوەڕۆ شەوە بردبوویەوە. حاڵی بزاوتی بەبەرەوە نەمابوو. لێی گەڕابان هەر لەوێدا، لە پاڵ ئەم ئاگردانە دە ڕۆژان نەدەبزووت. بە ڕۆژ نووستن، خۆی لە خۆیدا قورس و گرانە، نەخوازا نووستنی ژێر دارگوێزیش، هێندەی دی خەو قورستر دەکا. نووستنی ژێر دارگوێز خراپە، سێبەری وەگەزەنە، گرانە. ئەم لای دەکرد، ئەولای دەکرد، کەشەنگ و شەکەتییەکەی لە ئەستۆ سێوەرە قورسەکەی دارگوێزەکە دەخست.

لە ناکاو، حەسەنی کوڕی، وەک تارمایی، بە پێش چاویدا تێ پەڕی. لە پێشەوە پشتی لەم لا کردبوو، لە بن دەوەنێکدا میزی دەکرد. هەی گۆڵەسەگ. کورە ئاخر پیاو چۆن دەچێ، لە بن دەوەنی دارگوێزە شەخسەکە میزدەکا. خێو و جندۆکە دەست لە پیاو دەوەشێنن. وەڵڵا وەبیللا زارت خوار دەبێ خوا دەزانێ گێڕ و گەواج دەبی. هەی گۆڵەسەگ. ئەدی لەبەرچی گوندی پەنا شەخسان بار و بنە ناخەن؟ لەبەر ئەوەیە میزییان لەبن دەکەن. لک و چڵیان دەبڕن، بزماریان تێ دەکوتن. ئەوانیش گیانلەبەرن. دەست دەوەشێنن، دەست گۆج دەکەن، لاق شەل دەکەن، ئەستۆ ورد دەکەن. بەڵام لە زەوقیان نەدرێ ئۆغرت خێر دەکەن، کارت ڕاست دەکەن. کێ دەزانێ، لەوانەیە ئەم دارە پیرۆزە، ئەم درەختە نەخشینە ئۆغرمان هێند خێرکا... چیی لە دەست نایە. خوا دەکا کەمێ چادەبمەوە، وەسەرەخۆ دێمەوە، جا دەبینی چۆن پێنج ڕکات نوێژی لە ژێردا دەکەم... ئەمانە زۆریان کەیف بە نوێژ دێتەوە. بەڵکو ئەم دارە دڵێکی خۆش دەبێ، کۆمەگێکمان دەکا، کێ دەزانێ؟ بەزەی پێماندا دێتەوە، دڵێکی پێمان دەسووتێ. دایکیشم ئەقڵی بەکارخستبا، ئەویش نوێژێکی کردبا. قەت بەکاری دەخا؟ لە خۆڕایی چوار مانگ دەیکا، کەچی بەبیریدا نایە، نوێژێ لە ژێر ئەم دارە پیرۆزە بکا. ئەگەر پێی دەڵێم؟ لەوانەیە لە بیریشی بێ، هەر لە ڕکی من نەیکا. دەبا نەیکا چش. هەر کە بەیانی دا، تا ڕۆژ هەڵدێ نوێژ دەکەم. دەبێ بیکەم. چ دەبێ ببێ دەبا خەڵک نەنوێ، چ دەقەومێ، دەبا نەنوێ، شەونخوونی بکا، ئێشک بگرێ. جا ئەوسا، دەبینی دارئاسایی چۆن

سەراپا دەبێ بە یەک پارچە ڕووناکی. چۆن سەری خۆی هەڵدەگرێ، لە ڕەگ و ڕیشەوە لە بن دەردێ، ڕەگ و ڕیشەی درێژ درێژ... چۆن دەچێ بۆ گەشت و گەڕان. هێزە بە هەر نرخێ بێ، پیاو سەری بچێ نابێ نوێژەکەی بچێ. هەلێکە و هەڵکەوتووە. بەلام بەشەرتێ دڵ و دەروونت لە هەموو کینە و ئێرەیی و خەوش و بەڵغ و غەورێ خاوێن کەیەوە، تەنانەت بیر لە دەلیجە بەکر و کوێخا و ژنەکەی دەلیجە بەکریش نەکەیەوە، نە لۆکە، نە ئەسپ، نە قەرز و قۆڵە، هەر هیچت بەبیردا نەیە، پاک و خاوێن، زۆر بە ئاووتاو، بە دڵ و دەروونێکی ڕووت و پەتییەوە بچیە حوزووری خوا...

هەرچەندی کرد و کۆشا لە هیچ نوێژێکیدا، دڵ و دەروونی بۆ ساو نەکرا. دەڵێ، بیر لە شتی خراپ، تەنانەت، لە شتی چاکیش ناکەمەوە. بەلام هەرچی شتی خراپ هەن تێی دەورووکێن، سواری قەلاندۆشکانی دەبن، نوێژەکەشی تا دواڕکات، ئەو غایلانەی پێ لە دڵ و دەروون دەرناکرێ، هەر بەفیڕۆ دەچێ و بە کاری هیچ ناخوا.

لە شەوێکی ئەنگوست لەچاودا، هێشتا باوکی مابوو. کیەهە ساڵ بوو، تەمەنی چەند دەبوو، لە بیری نەبوو. بەلام ئەوشەوە تاریکەی، بە هەموو هەرا و زەنایەکیەوە، بە هەموو زریک و هۆڕێکیەوە، بە هەموو یاری و جنێوەکانیەوە لەبیر مابوو.

شەوێک منداڵ و تووالْ یاری دەکەن. چاوشارکانێ دەکەن. منداڵەکان.. پازدە بیست منداڵ یەکتری ڕاودەنێن. بەسەر یەکدیدا دەکەون. عەلی لەتاو هەڕاکردن و خۆشاردنەوە و ململانێ شێتگیر دەبێ. خۆی لەنێو کۆمەڵە بەڵمێکی گەنمەشامیدا حەشاردەدا. سێ منداڵ منەی دەکەن. دەترسێ. قەڵەمبڕەکەی بەدەستیەوە دەبێ. دنیا تاریک، چاو چاو نابینێ. منداڵەکان گوێیان لە خشەی دەبێ، ناکەنە نامەردی، بەسەریدا دەدەن. لە پڕ زریکەیێ دێ. بۆ قەڵەمبڕەکەی دەستی لە ملی یەکیان ڕانەچێ. کە هەستی پێ دەکا، بێ سرتە بۆی دەردەچێ. کەس پێی نازانێ. تەنێ هەر ئەو خۆی نەشێردبووەوە. بریندار کێیە؟ مەمەدی سێوی. بێ کەس بوو. هێندەی بەزە پێدا دێتەوە.چەند

مـانگێ چاوی لەبەر مـەمـەد هەڵنایە. سێوی، ملی لە چەنـاگەی لای ڕاسـتیـەوە بەرەژێر، دەبێ بە شوێن برینێکی قووڵ. سێوی لەپاش ساڵێ، ناوەڵلا ساڵ وەر ناسووڕێتەوە بەدەم سێوەڕۆیەکەوە، لە پشتیرێکدا دەمرێ. عەلی بۆ سەری تەرمەکەیشی ناچێ.

ئەم سێوییە نەبێ، بەبیرمدا نەیە...

جـارێکی دیش لە گـوێ چۆمێ لـەگەڵ منداڵان کیسـەڵ بەرد باران دەکـەن. قەپێلکی کیسەڵێ دەشکێنێ. کیسەڵ لە خوێنی ئاڵدا دەگەوزێ.

هـەرچەند دەکـەم ئەمـەشم لە پێش چاو لاناچێ. کیسـەڵەکە دەیناڵاند. دەمەو تاریک و لێـڵـە هەڵدەستم. نەمـەمـەدی سێوی و نە کیسـەڵەکـە وە پێش چاو دێنمـەوە، ئەوسـا بەدڵ و دەروونێکی پاک و خـاوێنەوە، سـاف و بێگەرد، چون تیـشکی ڕۆژ، لەژێر دارگـوێزە شـەخـسـەکـەدا، لە حـوزووری بینایـی چاواندا ڕادەوەستم. بەڵکو سا ئەمە خوایە، بەخت بیهێنێ، چاکەیەکم لەگەڵ بکا.

ئەم دایکەشم نازانم بۆچی وای بەسەرهات؟ چیی لێم دەوێ؟ بـۆ بشمرم، ئا ئێستـا بمرم فرمێسکێکم بۆ دەڕێژێ؟ ئێکجـار تووڕەیە. نامـەخـوا. کورە زۆر سـەیرە. دە وا ڕەحـەت و سـەحـەت بەکـۆڵمـەوەی. دایکێـک چیی دی لە کـوڕی دەوێ؟ کـوڕێک بـەرانبـەر بە دایکی لەمـە زێتـر چۆن ڕەفـتـار بکا. دەک مـاڵی خەلیلە پیرم کوێرەوە بێ. ئەسپەکە دەمرد، دەمرد. خۆ دیسـان هـەر لە کۆڵم دەکرد. بەڵام ئێجگار وا لووتی لێ خوار نەدەکردم.

کـە نـەخـتێ چاوی هەڵێنا، پشکۆ سـوورەکـانی بـەردەمی دیت. ئینـجـا لەوبەرەوە، لەولاترەوە دایکیشی دیت. هەرکـە سـەری هەڵبڕی. دایکی دیت، لە پڕێکا، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، بە دەنگێکی نیوە مردووەوە گوتی:

«دایە، سبەینێ پێش ئەوەی بەری ئاسـۆ ڕوون بێتـەوە هەڵدەستم، لەژێر ئەم دارگوێزە پیرۆزە، تا ڕۆژ هەڵدێ نوێژ دەکەم.»

بیکە بزانم، بیکە. حەزدەکەی مـانگێ شـەوڕۆژ نوێژ بکە. بزانە خـوا فـریات دەکەوێ ڕۆڵەکەم؟ خوا چۆن بەفریای کەسێکەوە دێ، کە دڵی دایکی شکاندبێ،

ئەسپی کوشتبێ؟ دایکی لە دەست و پێ کەوتەی لەناو ئالەمدا سووک و ڕیسوا کردبێ ڕۆڵەکەم؟ من دڵم لەگەڵتا قەت ئاشت نابێتەوە. دە بیکە دەی، بزانم، بەشکو خوا لە گوناهت خۆش دەبێ. دەروویەکت لە ڕوو بکاتەوە. بەڵام کردەوەی تۆ لە کردەوە ناچێ کوڕم. تۆ ئەم کارەت بە نابەدڵیی دایکت کرد، شتێکت نەکردووە خۆش بێتەوە، بڕوا ناکەم چاوڕەشەکەم، خوا جوانەکەم، لە گوناهت خۆش بێ بڕوا ناکەم.

«کە گەیشتینە چقووریش هەر بەتەواوەتی دەست بە نوێژان دەکەم پێنج وەختەی دەکەم.»

دە دەستی پێ بکە، بزانین تۆڵەی ئەم دڵ شکاندنەی دایکت دەکەیەوە؟ هەشتا و هەشت ساڵی بکەی مادامێکی لە زەوقی دایکت دابێ، دڵت ئێشاندبێ. لەلای خوا قبووڵ نییە. پۆڵێ ناهێنێ. حەزدەکەی، بڕۆ لە مەلای قەرەتۆپاخلی بپرسە. بزانە وایە یان نا؟ ئەم ئەسپەت بە دەستی خۆت کوشت. لێت پاڕامەوە، لالامەوە، گوتم مێرخاسەکەم، ئازا و بوێرەکەم، ئەم بەدفەڕە شوومە سواری ئەسپەکە مەکە، کەچی لە ڕکی من هەر سوارت کرد. سەرباریش پیرەقۆتڕ لێشی دام. سیخورمەیێکی لە کەلەکە سرەواندم. سیخورمە نەک گاڵتە. من سیخورمەی پێ دەڵێم. هەر بەجارێ جەرگ و هەناوی بەردامەوە. جارێکی تری تێ سرەواندبام، جەرگم کلۆ کلۆ هەڵدەهێنایەوە. حەزدەکەی سەت ساڵی بکە، کوڕە بێ ئاوەزەکەم، پێت وایە لای خوا قوبووڵە؟ نوێژەکەی تۆش وەک نوێژەکانی دەلی بەکر دەچێ. کوڕە عەلی، هۆو. وا پێت دەڵێم، دڵم بۆ تۆزقاڵێکیش لەگەڵتدا چاک نابێتەوە.

عەلی بە خۆشی خۆشییەوە بەری بەلای ژنەکەیەوە کرد، گوتی.

«ئافرەت، ئیتر لەمەوپاش دەست بە نوێژان دەکەم. پێنج وەختە، پێنج فەرزە. هەر کە گەیشتمە چقوور دەستی پێ دەکەم. سەرم بچێ نوێژم ناچێ.»

ژنە لەسەرەخۆ، بە چاوی خەواڵووەوە بزەیێکی هاتێ، گوتی:

«بیکە پیاوەکە، بیکە، نوێژکردن شتی چاکە. باوکم قەتی نوێژ نەدەچوو.

هەر بۆیەش سەری تووشی هیچ بەڵا و گێچەڵێ نەبوو. جا لە نوێژ کردن چاتر هەیە؟»

حەسەن ئومەخانی لەولاوە بوو، دەستی لە قژی دا.

«باوکم، کە گەیشتینە چقوور نوێژ دەکا. منیش فێری دەبم، دەیکەم.»

ئومەخان:

«منداڵان نوێژ ناکەن.»

حەسەن بیری کردەوە. ئەوجا گوتی:

«جا منیش گەورە دەبم. هەنگینێ.»

مرێمۆک گوێی لە قسەی منداڵەکان گرتبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی بیکەن، بیکەن، بیکەن هەموو بچنە بەهەشتێ، باوکیشتان ئەوەی ئەسپەکەی دایکی کوشت، ئەویش دەچێتە بەهەشتێ، لە بەهەشت کۆشک و تەلارێکی کەسک و سۆریان لەبۆ ڕازاندووەتەوە، چاوەنۆڕن، دەڵێن، بڵا، عەلی ئاغا تەشریف بێنێ، ئێوەش بیکەن، دایکیشتان با بیکا، مریشکەکانی ماڵەوەشتان، سەگەکەشتان، پشیلەکەشتان با بیکەن. تۆبە تۆبە... هەموو بیکەن، بچنە بحەشت. هەر لێرەدا کە من بکوژن، ڕی وڕاست بۆ بحەشت... ئێوە لەوێ چاتر پەزێرایی دەکرێن. لە پاشانەکوونێ لەبەر سفرە و خوانەکەی پێغەمبەریشتان دادەنێن. دەڵێن ئەمانە ئەسپی دایکی خۆیان کوشتووە، پاشانیش دایکی خۆیان کوشتووە و هاتوون، ئەمانە لە بەرەی چل ئەولیاکانن.

ئەلیف چێشتەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت. کەوچکێ ڕۆنی لە تاوەکە کرد، دەستێکی پێوە نا، بۆ ئاگرەکە، یەک دوو تroوکەی نەبرد، ڕۆن داخ بوو، بۆن و بەرامەی تیژ بەو ناوە وەربوو. کە ڕۆنی قاڵکراوی بەسەر پڵاو ساوارەکەدا کرد چێشتی تاین چزەی لێ هەستا.

عەلی زۆری برسی بوو. سفرەکە لەولاوە ڕاخرابوو، چوو وەلایەوە نیشت. چاوەڕێی کرد.

گوتی:

«ئاه ئافرەت، پلاو ساوار، دەبێ پیازیشی لەگەڵدا بێ... سەرکێ.»

ئەلیف چێشتەکەی لە لەگەنەکە دەکرد، گوتی:

«پیواز لە بن جرِ و جەواڵدایە، چی دەری دێنێ.»

عەلی:

«خۆزی دەرت هێنابا، زۆرم حەز لێیە...»

ژنەکە لەگەنە چێشتی لەسەر سفرەکە دانا. دەمی جەواڵە بەقەد دارگوێزە هەڵپەسێردراوەکەی کردەوە. باسکی لێ هەڵماڵی، لەبن جەواڵی ڕاکرد، بە ئارەق هەڵهێنانەوە، دەستی گێڕا گێڕا، هەرچۆنێ بوو، سەرکێ پیوازی دەرێنا.

وەک کارێکی گەورەی کردبێ، گوتی: «ها بگرە، پیاوەکە.»

چوو لە تەک مێردەکەیەوە، وە بەرخوانەکەوە نیشت. مریمۆک و منداڵەکانیش دانیشتبوون، لە پلاو ساوار ورووکابوون، پاروویان دەگلاند.

عەلی خەریک بوو، بە مستەکۆڵە سەرکە پیازەکەی دەشکاند، لە دواوە گوێی لە ترپەی پێ بوو، کە ئاوڕی دایەوە یەکێ گوتی:

«سەلامون عەلەیکوم، بەرەکەتی تێ کەوێ.»

عەلی نەختێ بەسەرسامییەوە:

«عەلەیکومە سەلام. بەخێرهاتی، فەرموو، برا.»

کابرا هەگبە مووەکەی لە کۆڵی داگرت، لە تەنیشت ئاگردانەکەوەی دانا، بۆخۆشی هەر لەوێ ڕۆنیشت.

عەلی خۆی کۆکردەوە، بە ڕوویێکی خۆشەوە.

«فەرموو کاکە. فەرموو دوو پاروە نانمان لەگەڵ بخۆ.»

خۆشییێ چووبووە دڵیەوە.

کابرا هێشتا ئاوڕی نەدابووەوە، هەروا لەبەرخۆیەوە، گوتی:

«نۆشی گیانتان بێ، بەرەکەتی تێ کەوێ. زۆر ماندووم دڵم هیچ نابا.»

عەلی وەک ویستی هەڵستێ، زۆری لێ کرد، گوتی:

«وەرە، برا وەرە. بەشی هەموومان دەکا، وەرە. زۆرە. برسی، برسی دەبێ. خۆ ڕووت لە ماڵە هەژار و بێ شێو نەکردووە. ئەلحەملای...»

کابرا خۆی بەسەر دەستیدا دا، ڕابوو. زۆر کەڵەگەت بوو. ناوشان پان بوو. پۆزقولێنگی بوو. هەر لەسەر خوانەکە دانیشت و دانەنیشت پاروویەکی زەلامی لوول هەڵدا. عەلیش هەندێکی لە سەرکە پیوازەکە بۆ درێژ کرد.

کابرا گوتی:

«هیچ وەک پیواز نییە، لە خۆراک: یەک پیواز، دوو خوێ. کە، سفرە و خوان پیوازی لەسەر نەبوو، من بەو سفرە و خوانە ناڵێم سفرە و خوان.»

عەلی:

«ناوی خزمەتت؟»

کابرا بەبزەوە:

«خەڵکی گوندی یانق ئۆغلانم، وەسمانە کوێرم پێ دەڵێن. بۆ لۆکە دەچم. ئێوەش بۆ لۆکە دەچن؟ خەڵکی کێهە گوندن؟»

عەلی نێوی خۆی و گوندەکەی پێ گوت.

وەسمان دیسانەوە پرسی:

«گوندەکەتان لە دواوە ما؟»

عەلی:

«لە پێشەوەیە.»

وەخت بوو قسان بکا، مرێمۆک قسەکەی لە زار قۆستەوە، ڕووداوەکەی هێند ورد و باریک، لەسەرڕا تا خوار بۆ گێڕایەوە، عەلیش واقی وڕما. وەسمان هێندەی نەمابوو دەست بە گریان بکا.

مرێمۆک هەر قسەیێکی دەکرد، دەیگوت: «ئاخ برا، منداڵت هەن، جا وەرە خاوخێزان بەخێو کە، منداڵ بەخێو کە، خێرت لێ وەچەنگ کەوێ، کەیفی پێوە

بکە. وایە؟ دە برۆ منداڵ پێ گەیێنە، کەیف و سەفای پێوە بکە.»

هەر بەجارێ هەڵچووبوو. مردنی ئەسپەکە، سەرما، ڕچین، سیخورمەکە، زۆر و زۆرداریی خەلیلە پیر، ئەمانەی هەموو لە چاوترووکانێکدا هەڵڕشت. لە پاشان هێند بە شەکەتی لێی کەوت، دەتگوت لە سبەینێوە تا ئێوارێ بەکۆڵ بەردی کێشاوە.

«ئا بەوڕەنگە، بێ دەست و پێ، بێ کەس و بێ دەرەتان، لەم کەژ و کێوانە، لەناو گورگ و دڕندان، لە ناو خێو و جندۆکاندا سەراسیمە و سەرگەردان مامەوە.»

عەلی ئەوەندە شەرمەزار بووبوو، چاوی لەبەر وەسمان هەڵنەدەهات.

مرێمۆک قسەکانی وا گێڕابووەوە، کە گوایە عەلی، هەر بۆ ئەوەی دایکی لەو چیا و چۆڵە بەجێ بێڵێ، بەئەنقەست ئەسپەکەی بە خەلیلە پیر بەکوشت دابوو.

کە لە نان خواردن بوونەوە، عەلی دەستی وەسمانی گرت، هەڵیساند، بردیە پەنایەکەوە، بەگوێیدا چرپاند، پرسی:

«برا تۆ بڕوات بەم هەموو قسانەی دایکم کرد؟ پیاو قەت ئەسپی خۆی دەکوژێ؟ پیاو قەت دایکی لە چیا و چۆڵ بەرەڵڵا دەکا؟ وا کوشتیشی، هەیە دایکی، حاشایەکی حازری، وەک کەر لە پشت کا؟» وەسمان پێ کەنی. سەری لە پەناگوێی نا، گوتی:

«ئەرێ، چۆن بڕوا بە قسەی وا دەکەم؟ بۆ پیر و بەناوساڵداچووان ناناسم؟ دڵیان زۆر ناسک دەبێتەوە.»

گەڕانەوە کن ئاگردانەکە، لێی دانیشتنەوە.

عەلی وەسمانی زۆر چووبووە دڵەوە. لە تەهی دڵیەوە پێ دەکەنی. ئەوانەی دا لە تەهی دڵەوە پێ دەکەنن، خراپە لەگەڵ تیرەی مرۆدا ناکەن.

عەلی هومێدێکی پەیداکرد. وەسمانی سەرتاپا بە چاو بێژت. چاکەتەکەی بەری نرت و نوێ بوو. لە هەرە چاکی ماڵی قاچاخ. هەمووکەسێ چاکەتی وای

لەبەرنەدەکرد. هومێدی قەدەرێ کوژایەوە. بەڕاستی شتێکی جوانە. چاکەتە نەک گاڵتە.

لە پاشان نیگای لە چاکەتەکەوە بۆ دەموچاوی هەڵکشا. چاوە ڕەشەکانی لە کۆڵ و کەسەر نیشتبوون. نەرمییەک بە لێوە ئەستوورە سوورەکانیەوە هەبوو. دەموچاوە ڕەشتاڵەکەی، متمانە و ڕاستگۆییی لێ دەباری، زۆری لە گیان خۆش دەهات. عەلی سەرلەنوێ هومێدی وەبەرهاتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەم پیاوە هەموو داخوازێکی لێ دەکرێ. کە چاوی بە زنجیر و قۆردوونە زیوەکەی بەرسینگی کەوت شڵەژا. هەمدیس ڕەنگ و ڕووی گۆڕا. بەجارێ ناهومێدی دایگرت. چاوی بڕییە ئاگردانەکە، کەوتە بیرکردنەوە. لە پاشان، دوای پشووییێکی درێژ، سەری هەڵبڕی، چاوی لەدوڕ چاوی کابرا بڕی. چاوە ڕەشە درشتەکانی وەسمان گەشانەوە، پڕبوون لە شادی. گوتی، جا چ بوو، با زنجیریشی هەبێ. دوایی لاقی دیت. کاڵە و پێتاوە جاوەکەی لاقی خۆی شڕوهور بووبوون. کونیان تێ بوو. عەلی گوتی، ئەگەر پێی دەڵێم... جا چ قەیدی هەیە. خۆ کاڵەکەشی کۆنەن. کاڵە یەدەگەکەی خۆمی دەدەمێ. ئەم دنیایە پیاوی چاکی لێ نابڕێ. کراسەکەشی کۆنەیە. چڵکن و دژوێنە هەر یەکسەر پێی دەڵێم. ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێ، دەڵێ چاکە. چاوی لە زنجیرە زیوەکە و چاکەتە قاچاخەکە نەدەبزاوت. هەر ناهومێدی دای دەگرت، چاوی لە چاوە پڕبەزەیییەکانی کابرا دەبڕی، لەوێشەوە سەیری کاڵە دڕاوەکە و کراسە دژوێنەکەی دەکرد، نەیدەتوانی لێکیان هەڵبوێرێ. بیلێ، نەیلێ؟ دوودڵ بوو. چاوی کابرا تین و گوڕی وەبەردەدا. هەرچەندی سەیردەکرد هەویای پتر پێ قایم دەبوو. دڵنیا بوو. وەخت بوو پێی بڵێ لە کلکی گەڕایەوە.

لەودەمەدا وەسمان دەستی لە بەرکی چاکەتەکەی ڕاکرد، قوتووە سیغارەکەی دەرێنا. قوتووەکە زۆر جوان بوو، قوتوویێک بوو بەدەگمەن وەدەست دەکەوت. لە داری گوێز دروست کرابوو، سەرقاپەکەی بە سەدەف، شکڵی تاژی و باڵدار و ماری لەسەر نەخش کرابوو، بنەکەشی گوڵێکی پێوەبوو. قوتووەکەی کردەوە. سیغارێکی بەئاووتاوی بە کاغەزی بافرە

پێچایەوە، بۆ عەلیی غل کردەوە. عەلی تریاکیی جگەرە نەبوو. بە دوودڵییەوە دەستی بۆ درێژ کرد، نەختێ وەستا، سیغارەکەی هەڵگرتەوە. ئاگرێکی لە ئاگردانەکە دەرێنا، سیغارەکەی بە مژ لێدان پێ کرد. وەسمان بە جگەرەکێشانەکەیدا زانی عەجەمییە. وەک ئەوانەی تازە فێرەجگەرە دەبن، دەیکێشا. منداڵەکان و ئەلیف و مریەمۆک سەیری دەم و جگەرەکەیان دەکرد. ئەلیف بەبەزەییەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: «ماڵی هەژاری و دەستکورتیم بەقوڕێ گرت. چ دەکەی، بۆ ژەمێ نان دەبێ سەر بە هەموو کونێکدا بکەی. زگەو دەیەوێ. خۆ نایبڕی، لە کۆڵە خۆتی کەیەوە. عەلی تۆش وەک پیاوی خەڵک، ڕۆژێ نەحەسایتەوە، پشتت بە دارێکەوە نەدا. سەرسووک و ئاسوودە جگەرەیێک بکێشی.»

چاوی پڕبوو لە فرمێسک.

عەلی چاوی هەر لە قوتووە بە سەدەف نەخشکراوەکە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی، دەک ماڵت کوێرەوە بێ پیاو. بەجارێ ڕووخاندت، وێرانت کرد. هیوا و ئاواتت هەموو بەدەم ئاوەوە دام. برۆ ئۆغرت خێر بێ. تۆ وەک هیچ کامێ لە مانان ناچی. هیچ شتێ لە تۆ داوا ناکرێ. برۆ ئۆغرت خێر بێ. چاکی، ماقووڵی، بەڵام جغارەکەت... پێ کەنی، وەسمانیش کە ئەوی دیت، پێ دەکەنی. ئەویش پێ کەنی. وەسمان کە جغارەکەی پێ کرد، خۆی بەسەر ئانیشکی چەپیدا دا، لەسەرەخۆ دەستی بە جغارەکێشان کرد.

عەلی لە دڵی خۆیدا گوتی، کاکە، بە ڕەفتار و کردارتدا وا پێ دەچێ، یا ئاغا بی، یا کوڕە بەگێ بی، خۆتم لێ مەگۆڕە، بێ گومان لە گوندەکەی خۆت وەسمانە زلەیان پێ گوتووی. پیاو هێندەش زل و زەلام دەبێ؟ هەی لە کاسە شەرابی باوت... سەرێکت لە ڕۆژهەڵاتە و سەرێکت لە ڕۆژاوایە. ئەمە چۆن بەژن و باڵایەکە؟

لە یەکبینە بۆ یەکتر دەگرژانەوە و زەردەیان دەهاتێ.

عەلیش دەیهەویست وەک ئەو خۆی بنوێنێ، بەڵام هەستی دەکرد کوڕە

بەگێکی بەرانبەر دانیشتووە، چۆنی خۆ نواندبا.

تەنگەتاو بوو، کێشمانێکی خۆی دا، گوتی:

«وەسمان ئاغا، برا، پرسیار عەیب نییە، خێرە وا بەتەنیا؟ لە کوێوە دێی و بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەتۆیش گوندی بەجێیان هێشتووی؟»

وەسمان، جغارە بەدەمیەوە، بێ ئەوەی بزەکەی بتارێنێ:

«من گوندیم لە گوند بەجێ هێشت، ئەمن دەڕۆم.»

عەلی قەیرێ بیری کردەوە. دیسان سەری بڵیند کرد. کێشمانێکی خۆی دا، پرسی:

«ئەوە لەبەرچی؟»

وەسمان هیچ خۆی تێک نەدا، گوتی:

«لەگوند تۆرام، تۆرانێکی چاکیش. بەجێم هێشت و هاتم.»

مریەمۆک لە دڵی خۆیدا گوتی. ها ئاوها، ئاوها. هەی بە حەیرانی زارت بم ڕێبوار. بتۆرێ، بتۆرێ. ئەرێ وەڵلا تا پێت دەکرێ بتۆرێ و بەزیادیشەوە. جارێکی تر سەیری ئەو تەرەسانە نەکەی. ئەوها، کەواتا دڵیان شکاندووی. کارێکی ناڕەوایان لەگەڵتدا کردووە. چاوت بە چارەیان نەکەوێتەوە. تا مردن زارت لە زاریان نەگەڕێ. بەقوربانی ئەو نینۆکە گوڕیەت بن کە دەیبڕی و فڕێی دەدەی. ڕێبوار چەند قۆز و قۆچاخیشی. ماشەڵڵا. ماشەڵڵا. لە کارت خوایە. لە چاوی پیس بەدوور بی. تف تف تف.

عەلی ملی لارکردەوە. کابرایێ لە هەموو گوند تۆرابێ، دەبێ چ پیاوێکی گەورە بێ.

«ئاغام دەبێ سەبارەت بە چی تۆرابێ؟»

وەسمان:

«من دەتۆرێم، زۆر خراپیش دەتۆرێم... جارێکی تر ئاوڕیان لێ نادەمەوە. جارێکی دیکە، تا ماوم، لنگ ناهاومە ئەو گوندەوە.»

مرێمۆک گوتی، مەیهاوە ئازاکەم، لا لەو کافرانە نەکەیەوە، ئاورِ لەو زاڵمانە نەدەیەوە.

عەلی بە دەنگێکی کز و باریکەوە تێ هەڵچووەوە، پرسی:

«لەبەر چی؟»

وەسمان بەتوورەییەوە گوتی، زۆر بەتوورەییەوە گوتی:

«من دەتۆرێم، بەڵام لە پاشان خۆیان پەژیوان دەبنەوە. وەک سەگ دێن، لە پێش دەرکەم دەپارِێنەوە. ئەمان بە چی دەچێ؟ جارێکی دیکە منیان بەدەست ناکەوێتەوە.»

مرێمۆک هەڵستا، هات لە پاین وەسمانەوە دانیشت.

بەتوورەییەوە گوتی:

«بلا پەژیوان بنەوە، کورِی خۆم، بلا پەژیوان بنەوە. جارێکی دی نەکەی ئاورِیان لێ بدەیەوە. با بسووتێن، با هەڵقرچێن، جارێکی دی مەگەرِێوە ئەو گوندە.»

وەسمان بە دەم و دووێکی خۆش و شیرینەوە هات، گوتی:

«ناگەرِێمەوە دایە،» هەڵسا هەگبەیەکەی بە نەرەی شانیدا دا، گوتی:

«خوا حافیز، ماڵ ئاوا. وا تاریک دادێ. زۆر حەز بەشەو رِێکردن دەکەم. زۆر خۆشە. بۆن و بەرامەی ئەم کەژ و کێوانە، بە شەو ئەوەندە خۆش دەبێ، هەر دەڵێی بەهەشت هاتووە، لەسەر رِووی زەوی نیشتووەتەوە. ماڵ ئاوا، بەدووعا.»

بە هەنگاوی بەرین و هەراو، دای کێشا، بەرِێ کەوت.

مرێمۆک:

«برِۆ ئۆغرت خێر بێ، کەڵە گەرِناسەکەم. مەگەرِێوە بۆ گوند. مەگەرِێوە بۆ ناو ئەو بێ ئیمانانە، مەگەرِێوە.»

عەلی تا کابرای لەچاو ون بوو هەر سەیری دەکرد، لە پاشان، لە ژنەکەی پرسی:

«دەکرا پێم گوتبا؟»

ئەلیف:

«خۆزگە پێت گوتبا. لە پیاوێکی چاک دەچوو. خۆ هیچ نەبا، نیوەی کۆڵەکەی بۆ هەڵدەگرتین.»

عەلی:

«زنجیرەکەی بەرسینگیت دیت؟»

ئەلیف:

«دیتم.»

عەلی:

«ئەی قوتووە سیغارەکەی؟»

ئەلیف:

«ئەویشم دیت.»

عەلی هەناسەیێکی هەڵکێشا، گوتی:

«چوزانم، پێم نەگوت.»

دنیا تاریک داهاتبوو، منداڵەکان لە گوێ ئاگردانەکە نووستبوون.

عەلی:

«چەند خۆشە، لەسەر ئەم کڵ و کۆیانە نان گەرم کەینەوە و بیخۆین. خۆ نەختێ لەمەوپێشیش پلاو ساوارمان خوارد، وا نییە؟»

ئەلیف هەستا، نۆردوویێ نانی لە سفرەکە دەرێنا، هێنای. عەلیش کڵ و کۆیەکانی لە بنەوە ڕاماڵییە دەرێ، بڵاوی کردنەوە. نانە مادەکەی کردەوە لەسەر کڵەکانی دانان. هەر کە نانی دانا و دانەنا، گورج هەڵی گێڕانەوە. ئەنجا کردنی بە بابۆڵە.

«دەبوا تۆراخیشی تێدابا...»

ئەلیف بە دڵخۆشییەوە، گوتی:

«هەیە، پڕپێستێکیش. ئەم ساڵ هەرچییەکم دۆ بەدەست کەوت، هەمووم کرد بە تۆراخ.»

عەلی گوتی:

«دە بێنە.» منداڵەکانی بەخەبەرهێنا.

عەلی بابۆڵە نان و تۆراخێکی دیکەشی لوول دا، بۆ دایکیشی درێژ کرد. دایکی بابۆڵەکەی لە دەست وەرنەگرت. عەلی تێ گەیشت دای بە حەسەن. حەسەنیش دای بە نەنکی. مریەمۆک بە کاژێر و پدووی بێ ددانەوە نان و تۆراخەکەی بەکاوەخۆ خوارد. ئەلیفیش قەپاڵێکی لە بابۆڵەکەی خۆی دا و ڕووی لە مێردەکەی کرد، پرسی:

«ئەرێ پیاوەکە، بۆچی هێندە بیر دەکەیەوە؟ چ بووە؟ چ قەوماوە؟»

عەلی دایە قاقای پێکەنین: «بیر لەوە دەکەمەوە، کە ئەم دنیایە پیاوی چۆنی تێدایە. زۆر سەیرە. تۆ بڕوانە ئەم پیاوە، لە گوند تۆراوە و سەری خۆی هەڵگرتووە، بەتاقی تەنیا دەڕوا.»

ئەلیفیش پێ کەنی. منداڵەکانیش دایانە تریق و هۆڕی پێکەنین. تەنیا هەر مریەمۆک پێ نەدەکەنی.

پێ بکەنن، پێ بکەنن. تا خۆی لێرە بوو، بۆچی پێ نەدەکەنین؟ دەتۆرێ و بەزیادیشەوە. سەیرتان بەچی دێ؟ ئەمە کوێی سەیرە؟ دەتۆرێ. دەشتۆرێ و تەماشای سەر و فەساڵیشیان ناکاتەوە. لێشی دەپاڕێنەوە، پاژنەشی ماچ دەکەن ئەو هەر گوێشیان ناداتێ. من بەم جۆرە کەسانە دەڵێم پیاوی ناو پیاوان، بەوانە دەڵێم ئازا و بوێر. بەوانە ناڵێم کە ئەسپی دایکی خۆیان دەکوژن. ئەمەیش هەموو لەبەرئەوە لەگەڵ خەلیلە دمبگدا یەکتان گرتووە... تێ گەیشتی کوڕە زۆر هێژا و شەپاڵەکەم. من بەو کەسانەی ژنەکانیان وەک شەکەرە لە پێش خۆیان دادەنێن و کرکەکرک پێ دەکەنن، ناڵێم پیاو، من بەوانەی بە تەنیا ملی ڕێ دەگرن و دەڕۆن دەڵێم پیاو. پێ کەنن، پێ بکەنن،

هەی ئەو کەسانەی سەریان لە ژێر داوێنی ژنەکانیان دەرناهێنن. پێ بکەنن.

عەلی:

«ئێستا لە خەو ڕابووین، بنووینەوە چاترە. ئەمن دەبێ پێش ئەوەی بەری ئاسۆ ڕوون بێتەوە وەخەبەربێم. نوێژ بکەم. جێگاکەم لە بن ئەو دارە بۆ ڕاخە. با نەختێ وەسەرەخۆ کەوینەوە. ئەگەر خۆشم بەخەبەر نەهاتم تۆ بەخەبەرم بێنە ئەلیف.»

خۆت ماندوو مەکە، خوا چاوڕەشەکەم بە تۆ تەفرە نادرێ. نوستن. ئاگرەکەیان تا سبەینێ سووتا. کوتکێکی گەورەی لە ناوەند بوو نەدەکوژایەوە...

٧

مریەمۆک کە بەخەبەرهات، ڕوانی عەلی لە دوا ڕکاتی نوێژدایە، سەلام دەداتەوە. کە لە سەلام دانێ بووەوە دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، لە خوا پاڕایەوە. لێوی دەبزووت، دووعای دەکرد.

خەڵکە بەقوربانتان بم، سەیرێکی ئەم کوڕە بکەن، خۆ دوعای خواسایش نازانێ، بە خەیاڵی خۆی دەیەوێ خوا فریو دا.

عەلی دوعاشی دەکرد و هەوڵی دەدا دیمەنی لاجانگی هەڵدڕاوی مەمەدی سێوی و پشتی بەخوێن و خوڕی کیسەڵەکەش لە خۆی دوورخاتەوە. خۆی لەبیر چووبووەوە. غایلەی تری بەسەردا زاڵ بووبوو. گەلەگەلە کیسەڵی قەپێلک تێکشکاوی پشت بە خوێن و خوڕ، دەعبای چاوزەق چاوزەق، هەریەکە چاوی هێندەی هێلکەیێ، تەرمەکەی مەمەدی سێوی و بێ کەس، بە مردوێتی برینەکەی دەکرێتەوەو گەورە دەبێ، ڕەنگی وەک کارەبا زەرد هەڵدەگەڕێ. خوا کەس سێوی و بێکەس نەکا. پیاو لە ناو ئاخوڕی گا و گۆتاڵان بمرێ کێ لای لێ دەکاتەوە؟ ئەی سەرانسەری گوندی بەسەردا نەبارین؟ بەڵام بێ دایک و باوک، کەساس...

ئەمڕۆیش دڵ و دەروونمان بۆ خاوێن نەکرایەوە. نوێژەکەش چوو. ئەوەی لێ بترازێ، ئەوەکانی تر بە هەر بار... ئەویان پیس و چەپەڵە. زۆریش. چ دەڵێی لاوێنییە.

خوا یار بێ هەر کە گەیشتمە چقوور، لەو ناوەند کێڵگەدا، دووگردە سپی و خاوێنەکە لەسەر ئەو زەوییە نەرمە ڕادەخەم، لە نیوەشەوەوە تا بەرەبەیان نوێژ دەکەم... ئەوساکە. ئەوساکە بزانم چ دەبێ؟ لە پەنایەکەوە هەڵکورما. بە زاڵبوونێکەوە گوتی چا دەبێ. مەلابانگدان بوو.

ڕەش و سپی سەر ڕەوەزە بە دار و درەختە وەک تەم و مژ بەئاسماندا هەڵچووەکە لێک جوێ دەکرانەوە.

بێ ئەوەی هیچ حەزی لێ بێ سست و کەشەنگ خۆی بەسەر دەستیدا دا، هەڵستا. جەواڵەکەی ژێریشی هەر بەو سستییەوە دووقەد کرد، ڕووەو قبیلە ڕاوەستا، چرچ و لۆچ کەوتە هەنیەی و دەموچاوی کرژ هەڵات. لاقی چەپی لە توان بەدەر دێشا. پشتیشی هەر بەو ڕەنگە. وەک گێژ و وێژیش بێ وابوو. کە لە نوێژەکەی بووەوە، نە کیسەڵ، نە مەمەدی سێوی، نە شتەکەی دیکەی لە مێشکدا نەمابوو. بەڵام ئەو هەوڵەی بۆ دڵ و دەروون خاوێنکردنەوەی بەخەرج دابوو، زۆری مێشک ماندوو کردبوو.

هەر کە نیگای لە نیگای مریەمۆک هەڵەنگوت، پێی وابوو لە ژێرەوە پێی پێ دەکەنێ. لە ژێرەوە پێکەنینی چی، نەوەڵڵا دەتگوت لە دڵی خۆیدا قاقا پێی پێ دەکەنێ. عەلی پێی وابوو دایکی کیسەڵە لە خوێن و خوڕدا گەوزیوەکان و برینەکەی مەمەد بێکەسی ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو و ئەوەکەی دیکەشی وەک خۆی هاتبوونە پێش چاو. وردە وردە پەژارە و خەم دای دەگرت. جارێکی دیکەشی سەیری دایکی کرد. ژنە وەک بڵێ دەستخۆش. دڵم فێنک بووەوە...

نەباوە پێ ناکەنێ، پێکەنینی چی. پێکەنیبا نەمدەدیت؟ پێ دەکەنێ بەڵام چۆن پێکەنینێ؟ دەری ناخا. پێکەنینێ بە خەڵک پێ دەکەنێ، جەرگ و هەناوی لە بنەوە هەڵدەکەنێ.

برۆی وێک هێنایەوە، هەرچەند خەم و پەژارە دای گرتبا، چەند توورە بوایە، هەر بەوەندەی سەیرێکی دایکی کردبا، خاو دەبووەوە و هیچی لەبیر نەدەما. بەڵام ئەمە یەکەم جاری بوو، کە وا نەبوو. شڵەژا. گوتی:

«دایە.»

چەند هەنگاوێ لێی چووە پێشێ.

گوتی:

«دایە لە ژێر ئەم دارە پیرۆزە بمێنەوە. ناگاتە نیوەڕۆ، دەگەڕێمەوە، دەتبەم.»

ژنەکەی پێخەو و کۆڵ و بارەکەی پێچایەوە.

مرێمۆک وەڵامی نەدایەوە.

عەلی ڕووی لە ژنەکەی کرد، گوتی:

«لێ بوویەوە؟»

ژنەکە بە سەری وەڵامی دایەوە، بەڵێ. عەلی بارەکەی لە کۆڵ کرد. لەبەر شپرزەیی و شڵەژان لاقی لێک دەئالان، بەتاو وەڕێ کەوت.

لک و چڵی پیرە دارگوێز لەبەر شنەبای بەرەبەیان وەک لێڕی قەوغا دەینرکاند.

مرێمۆک لە پێش دەم ئەلیفیدا قوت بووەوە، گوتی:

«خوایە زۆر شوکور بە بەشت، هێشتا لە پەل و پێ نەکەوتووم. ئەو ئوزوونجە عەلییەی بە ناو مێردت، هیچ خەمی نەبێ. تا چقوور لەو چاتر دەڕۆم. هەروەک ئەسپی جریتبازی. من کەم ئەم ڕێگاوبانەم کوتاوەتەوە. ئەگەر چاکی لێ وردبیەوە، خۆ هەموو شوێن پێیەکانمی پێوە دیارە. بەڵام ئەم هەورازانە، هەی دوایان بڕێتەوە، ئەمانە پشتیان کووڕ کردوومەوە کیژم. لەوەتی هەم حەزم بەم هەورازانە نەکردووە و نایکەم.

دارێکی درێژی لە زەوی هەڵگرتەوە.

«ئێوە چ دەکەن بکەن، من وا بەڕێ دەکەوم و دەڕۆم...»

بە نەوەکانی گوت:

«وەرن، وەرن بۆ کن نەنکتان، جووتەڵەکانم، چاوڕەشەکانم. خۆزیا منداڵی ئەو بێ ئیمانە نەبوونایە، خۆزی لەو نەدەبوون. خۆزگە بەخۆزیداران... هەنگینێ ڕۆحی خۆم دەدانێ. لەسەر ئەو ئێوەش لە پێش چاوم کەوتن.»

ڕۆژهەڵات. گەڵای وشترخواری کەنار ڕێگاکان تۆزاوی بوون. لێرە بەدوا گەسکەجاڕ بوو. ڕێگەکە چەو و زبران بوو.

ئەلیفی لێ نزیک کەوتەوە، گوتی: «دایە.» ژنە خەم و پەژارەیەکی لە دەموچاوی مێردەکەیدا خوێندبووەوە، لێک زویربوونێکی لە نێوان دایک و کوڕدا سۆسە کردبوو. بووک و خەسوو، تا ئێستا هیچ قرەیەکیان نەبووبوو. ئەلیف ناوبەناو، ئەویش ساڵی جارێ، یا دووساڵ جارێ، سا ئەگەر لەگەڵ عەلیدا، یا لەگەڵ منداڵەکاندا دەمەقاڵێکی بووبوایە، یا نەبووایە، مرێمۆک هیچ کاتێ ڕێگەی دەمەقاڵ و شەڕو شۆڕی نەدەدا. زۆر ژیرانە و لەسەرەخۆ ڕەفتاری دەکرد. «دایە بەقوربانت بم، بەقوربانی چاوت بم، لێرە بمێنەوە، لە ژێر ئەم دارە، لە دیار کوانووەکە، چاوەڕێی گەڕانەوەی کوڕەکەت بکە. خۆ هیچ نەبێ ڕێ ناکەی، ماندوو نابی.»

قۆڵی ئەلیفی گرت، بەرەو قەدی دارگوێزەکەی برد، گوتی:

«بچۆ، ئەو نانە ببە. من لێرە نامێنمەوە. منداڵەکانیش لەگەڵ خۆتا ببە، بڕۆ.»

ئەلیف لە شوێنەکەی خۆیدا ڕەق ڕاوەستا. ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد. لە سەر و ڕووی مرێمۆک ڕاما. ئەم ژنە دەیویست چی بڵێ؟ نانی ژێر دارەکەی هەڵگرت، بردی. لە ژێر کۆڵەکەیدا دوو قەمچ بووەوە. کە بەڕێ کەوت خۆی پێ نەگیرا، بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە دیسان بە مرێمۆکی گوتەوە:

«دایە گیان، دە بمێنەوە، چاوەڕێی کوڕەکەت بکە. چ دەبێ. ئاخر زۆر ماندوو دەبی. هێشتا دوو ڕۆژە ڕێگە هەوراز و نشێومان ماوە، لەوانەیە سێ ڕۆژە ڕێگەشی مابێ.»

مریەمۆک بەنیازی تۆڵەسەندنەوە، گوتی:

«خوای دەکرد دە ڕۆژە ڕێی دەما.»

زۆر خێرا دەڕۆی. ئەلیفی بەدوودا نەدەگەیشت. منداڵەکان ها لە کوێ بەجێ مابوون.

حەسەن بە ئومەخانی گوت:

«نەنکم لە باوکم زۆر تووڕە بووە. هەرچی لەگەڵ دەڵێ زاری لێک ناکاتەوە.»

ئومەخان:

«نایکاتەوە، قەتی ناکاتەوە، ئاخر باوکم ئەسپەکەی کوشت. یادگارەکەی باپیرم.»

حەسەن:

«باوکم نەیکوشت. خەلیلە پیر کوشتی. خەلیلە پیر، خۆی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. نەنکم داخی دڵی خۆی بە باوکم دەڕێژێ.»

ئومەخان «چق»ێکی کرد، دای کێشا، بە دایکی ڕابگا.

مریەمۆک هەڕ و گوڕێکی، کە خۆیشی سەری لێ سوڕمابوو، وەبەر هاتبووەوە. وەک سەردەم و هەڕەتی کچێنی، چوست و چالاک دەڕۆیشت. باکی بە ماندووبوون نەبوو. تا بڵێی دڵی خۆش بوو. گوێی بە مردنی ئەسپەکەی، بەو کارەڕاتەی، کوڕەکەی پێی کردبوو، نەدەدا. ئەو ڕۆژڕەشییەی وەک شایی و جێژن دەزانی. لە دڵی خۆیدا گوتی: کوڕە چ تاوانێکی هەبوو. کوڕی بێچارە گوناحی چ بوو؟ جا لە خۆی بەبەزەییتر هەیە؟ ئەوەندەی دەریایەک بەزەیی و ڕەحمی لە دڵدایە. دڵی بە کەنەفت و لێکەوتان زۆر دەسووتێ. خۆ منداڵ، پیر و پەککەوتە، ئەوە هەر باسیان ناکرێ. ئەی نەتدیت، چۆن وەک بنێشت، بە بەرۆکی کوڕەکەوە نووسا. وەک بنێشتی ڕەش... کوێراییی داهاتبا ئەو چاوکووژەکەیە. خەتای منە. ڕۆژێ دامنەنا، ئەوەی ئەو بە باوکی ئەوی کردووە، ورد و باریک، بۆی بگێڕمەوە. ئەگەر کردەوەکانی بۆ بگێڕمەوە عەلیش واقی وڕ دەمێنێ و خەڵک و خوایش... سەبارەت بەچی مێردی منیان کە ئازاری

مـێرووێکـی نەدابوو، نێـو ناوە دزە گـەورەکەی چقـوورئۆوا؟ ئەگـەر ئەمـەی تێ بگەیێنم، ئەوسـا زۆر چاک حاڵی دەبێ. دەبێ حـاڵیی کەم و تێی بگـا... کورە دڵ ناسکەکەم، ڕۆڵە دڵ شـووشـەکەم، جەرگ و هـەناوەکەم، قەت دایکت لێ دەتۆرێ. ئەمـە سێ ڕۆژە خـوێناوم پێ هـەڵێنایتـەوە. مـرێمـۆک بەقـوربانی ئەو نینۆکـانەت بێ کـە دەیانبـڕی و فـڕێیـان دەدەی. گوتت، با دایکم دڵی نەشـکێ، ئەسـپـەکـەی مـردووە هـەژارە، پرسـەدارە ئەسـپـە یادگـارەکـەی دایکمی زۆر خـۆش دەویست، دڵی بریندارە، لە کۆڵت کـردم، بەسـەر ئەو پشـتـە نـازدارەتەوە، ئەم هـەوراز و ئەو هـەورازەت پـێ کـردم. لە دەوری ئـەو پشـتـە نـازدارەت گـەڕێـم عـەلی گـیـان، منیش هـاتم لە پاداشـتدا، هـەی هـەردوو چاوم هـەڵوەرێنە بەرپێم، هـەی لەو پیـرە گۆڕسـتـانەم لە گـۆڕ نێن، ئەم زوڵمـەم لێ کردی، شـیری بـەرمەمکانم لێ حـەرام کـردی، ئەمـە سێ ڕۆژە خـواخـوای تاکـە قـسـەیەکی بە دڵ لێـم ببیـەی، کـەچی ئێسـتـا و ئێسـتـایش زارم هـەڵنەهێنایەوە، زمـانم لاڵ بێ، جووتێ قسـەت لەگەڵ بکـەم. هـۆ خـوای گـەورەم، خــوا جـوانـە چاوڕەشــەکـەم، لە گـشـت کــردەوە و گوتەیێکم پەژیوانم. تۆبە، هـەزار تۆبە. تۆبەی نەسـووح بێ. شیرم لە عەلییەکەم حـەڵاڵ بێ. شـیرم لەو عـەلییـە جوانـە، لەو عەلییـە دڵ ناسکە حـەڵاڵ بێ. وا بـەم تەمـەنە گەیشـتم، دایە لێرە هـەسـتـە، لەوێ دانیشـە، ڕابردووم هـەرچۆنێ بێ، وا بەم تەمــەنە گـەییم، هـەموویيت لـێ حـەڵاڵ بێ. خـوای گەورەم، خـوا چـاوڕەشـە جوانەکەم، دڵم ئاشت بووەوە، بەدەست خۆم نییە، کە تووڕە دەبم، هـەرچییەکم بە زاردا بێ، دەیڵـێم، کـە تەنگاو دەبم... تـۆ گـوتە و کــردەوەی ئەوسـاکــەم لێ مـەگرە، پیـرێژنێکی فـەرتووتم، ئەقڵم بە هیچ برِنـاکا، چاوڕەشـەکەم. لە گـوناهـم خـۆش بە. عـەلییـەکـەم کـوڕی چاکـە. دەسـتت بەبـاڵایەوە بێ، چاوڕەشـەکـەم نوێژیشی بۆ کردی.

لە خـەون و خـولیـایێکی شـادی و گـەردەلوولێکی نـاو دەروونـدا بوو. لە تەهـی دڵیدا هـەستی بە لاوژەیێکی زۆر دوورو ئاشکراو نیوە ئاشکرا دەکرد. هـەسـتی بە شـتـانێ دەکرد، لە بۆن و بـەرامـە و ڕەنگ دەچوون. لە دوور، زۆر لە دوورەوە شـینایییـەکی خەست لە کەنار دەریای سپی بەدی دەکرا .. سـپـێتییـەکی وەک

سپێتیی لۆکەیش بەسەر ئەو شینایییەوە دەکشا و دەڕۆیشت... مێردەکەی زۆر لاو بوو. باریکەڵەیێکی کەڵەگەت بوو. دەمـوچاوی لە بەرهـەتاو هەڵقـرچابوو، چاوی درشت و گەش بوو... قژی بەسەر هەنیەیدا دەکەوت، دەبریقـایەوە. هێند لە دڵەوە پێ دەکەنی کاری لە ناخی مرۆ دەکرد. پێکەنینەکەی دەتگوت خەونی ساوایە. قەسیات دەکرد بیخۆی. کوێربێ یەمەن.

شەوێ لە ناو شایی و ڕەشبەڵەکێکدا، لە تاریکایییەکدا دەستی دەگوشێ، تەزوویێکی خـۆشی سـەرتاپا بەلەشـدا دێ. تەمـاشـا دەکـا برایمە، ئای لەو خۆشییە. لە خۆشییان هەرئەوەندە نابێ بتوێتەوە.

لە سـەرووی ڕێگاکـەوە، دارکـاژێکی گـەورە هەبوو، لک و چڵـی وەک باڵ کـرابووەوە، وەک باڵدارێ دەچوو خـۆی بۆ هەڵفـڕین خـڕهەڵدابێ. بە دڵخۆشییەکەوە سەیرێکی دارکاژەکەی کرد. داری گۆڕین سی ساڵ دەبوو، هەر بەو لک و چڵ و گـەڵایەوە چۆن بوو، هەر بەو ڕەنگە بوو. ها ئێسـتـا ها نەختێکی تر دەفڕی.

مریمۆک گوتی، کێ دەزانێ، لەوانەیە بشفڕێ. دارو درەختیش وەک مرۆ گیانلەبەرن، ڕۆحیان شیرینە. ئەی پیر و پیاوچاک ڕۆحیان نییە؟

سەرما شکابوو، هەتاو وێڕای کەم و کزیش، دەوروبەری گەرم داهێنابوو. مریمۆک لەشی بەرەبەرە ئارەقەی دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، هەردەڵێی هەڕەتی لاوێنیمە، ئەوسایش ئەوها ئارەقەم دەکردەوە. ئارەقەکردنەوە شتی چاکە. زۆریش. لەمێژە ئارەقەی وام نەکردووەتەوە.

ئاوڕێکی پاشەوەی دا، بووکەکەی، منداڵەکان ها لەکوێ بەجێ مابوون. ئەیەڕۆ، بووکێکی لاو و لەشساغ بە لاقم دا ناگا. ماشەڵڵا لە کارت خوایە. دووعای ژێر دارگوێزە شەخسەکە بەفیڕۆ نەچوو. ڕووم لە پیرە دارگوێز کرد، تا بەرەبەیان دوعام کرد. گوتم خوا هێزی ئەژنۆم بدا، هەر کە ساڵ سووڕایەوە، کەڵەشێرێکت بۆ سەردەبڕم... سەری دەبڕم و گۆشتەکەی دەکوڵێنم، خۆم یەک پاروو چییە لێی ناخۆم، هەمووی بەسەر ڕێبوارااندا

دەبەشمەوە. قەرزە و لە ئەستۆمە، دارگوێزە پیرۆزەکەم. نەک کەڵەشێرێ، دوو کەڵەشێرت بۆ خۆت حەڵاڵ کرد. بڕوانە هێز و گوڕی ئەژنۆم؟ لە هەرەتی لاوێتیشمدا وا نەبووم. بەگوریت بم، دەستم پتر بڕوا، وشترێکت بۆ دەکوژمەوە. چەرکەسان چۆن ئەسپ دەکوژنەوە، ئەمنیش وشترێکی دوو دووگت بۆ دەکوژمەوە. لە تاکە دارگوێزەکە تێ پەڕی. ئیتر جەنگەڵستان و لێرەوار بوو. بیری دەکردەوە. ڕۆخانەیێک هەیە، ساوروونی پێ دەڵێن. ماسییەکانی هەمیشە، وەک سەراو کەوتبن، وا دێنە پێش چاو. لە پێشان ئەسپینداری بەرز بەدیاردەکەون. هەرکە بەدیار دەکەون، دنیا دەبێ بە نەورۆز، دەبێ بەنەورۆزی گیا و گوڵ و دار و درەخت و گوڵزار. ئاشێ لە سلێمانلی هەیە، کە بەلایدا تێ دەپەڕی بۆن و بەرامەی ئاردی گەرمی لێ دێ. ئارد وەک چوری شیر، وەک بەفری کوێستان سپی. لە پاشان دارچنارە، بەر لە چنارەکان پونگی گوڵ و مۆری درشت درشتە، هەر دەڵێی ڕایەخی ڕەنگاوڕەنگە، ڕاخراوە. سەردەمانێ، حەسەنێ هەبوو حەسەنە بۆریان پێ دەگوت. حەسەنە بۆری کوڕی جەبار. دایکی مابوو. ژنێکی زۆر دەمودوو خۆش بوو. کە بەو پونگەجاڕەدا تێ دەپەڕیت، لەبەر بۆن و بەرامەی پونگ مەست دەبووی. دەر و دەشت بێنی پونگی لێ دەهات. بێنی هەرچییەکت کردبا، خاک و بەرد و دار و درەخت ئاو و زۆنگ، هەموو بۆنی تازە و تەڕ و بڕی پونگیان لێ دەهات. کە گوتی، حەسەن، ڕەق ڕاوەستا... حەسەن زۆر شەنگ و شۆخ بوو. نموونەی شەنگ و شۆخی بەرەی پیاوان بوو. کە لە شان و شەمایلی ڕادەمای دەتگوت، مەگەر هەر وێسف پێغەمبەر هێندەی ئەو جوان بووبێ. گوتی هاپۆینە، دەبێ ئەمشەو لەم پونگەجاڕە باروبنە بخەین. چ دەقەومێ، دەبا لۆکە، ڕۆژێ درەنگتر خرکرێتەوە. ئێمەیش ڕۆژێ درەنگتر دەگەڕێینەوە گوند. خۆ دنیا خرا نابێ. دەنگی وەک ئەفسووناوی بێ وابوو. کەس هەڵی نەدایێ، بڵێ، حاڵ لەمە حیکایەت لەمە. چوون، باروبنەیان لە بن دارچنارەکان خست.

حەوتەم ڕۆژ نا، شەشەم ڕۆژ، دەمەو نیوەڕوانێ بەلای پونگەجاڕەکەدا تێ دەپەڕن. گوندی هیچ وەختێ لەوێ باروبنە ناخەن. لەوەبەپاش، گوندی

لەبەرچی، جارێکی دیکە لەوێ باروبنەیان نەخست؟ حەسەن مرد، کێ دەزانێ.

ئەسپینداری چقوورئۆوا زۆر جوان هەڵدەکەون. خۆ ڕەنگ نییە، شنەبایێ هەڵکا، وەک بووکی ڕازاوە، لەرزانە لەرزانە دەلەرێتەوە. چقوورئۆوا و باخێکی شین و سەد هەزار تەرزە.

ئەوە چییە؟ ئەژنۆم دەلەرزێ خوایە. خۆی بەسەرکردەوە. لێڕ، تاوێری سوور، مارمێلکە. دەڵەکێ بەپرتاو، ڕێگاکەی لەسەر تا ئەوسەر وەک برووسکە، لە ناوەڕاستەوە دوولەت دەکرد. پەرێز، مەزرایێ، بەلاپاڵێکەوە دەبریقایەوە. هیچ شتێ هێندەی پەرێز بەهێز و بەبریقە نییە. بەم ڕۆژگارە هەتاوی لێ دەدا و دەبریقێتەوە.

بە هەموو دڵێکیەوە، سەرتاپا، دەستی بە دووعا کرد. ئاوڕی دایەوە. دارگوێزەکە تەنیا ترۆپکەکەی دیار بوو. چاوی بڕییە ترۆپک. بووکەکەی گەیشتێ، گوتی:

«ماشەڵڵا کە خێرا دەڕۆی، دایە گیان. هەرچەندم کرد، بەلاقت ڕانەدەگەیشتم.»

هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان پان کردبووەوە، لە پاشان وەڕەز و بێزار، شەکەت و ماندوو دەستی بە لاتەنیشتیدا شۆڕ کردەوە، گوتی:

«وا گەیشتم، ئەی چۆن کیژە جوانەکەم. وا گەیشتم.»

هێند لە پەل و پێ کەوتبوو، وەک نە لەش، نە پێ، نە شان و باهوو نەسەری پێوە بن وابوو. لێی کەوتبا، لەوانەبوو جارێکی تر هەڵنەستایەتەوە. دوو هەنگاوی هەڵێنایەوە، گوتی:

«وا پێم ڕاگەیشتی، پێم ڕاگەیشتی.»

دەنگی هێند کەساسانە بوو، هێند بێ چارانە بوو، ئەلیف لە تاوانا، هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. کە سەیری دەموچاوی کرد، ترسی ڕێ نیشت. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. نەخۆش لە سەرەمەرگدا ڕەنگی وا زەرد هەڵدەگەڕێ، گورج کۆڵەکەی دانا، باڵی دایکی گرت، گوتی:

«دانیشە دایە بەغیرەتەکەم، بەقوربانت بم.»

مریمۆک دانیشت. ئەلیف و منداڵەکان بەپێوە ڕاوەستابوون، ترسیان ڕێ نیشتبوو، سەیریان دەکرد. مریمۆک سەری خوار کردبووەوە، دەموچاوی دیار نەبوو. زاری هیشک بووبوو. بووبوو بە پەلاس، ڕەگ و دەماری لەشی کرژ هەڵاتبوو. دوای چەند پشوویێکی قووڵ سەری هەڵبڕی دەموچاوە لە ترسان هەڵپڕووکاوەکانی ئەلیف و منداڵەکانی دیت.

«بەسەرچوو. هیچم نییە. پیاو کە خێرا بڕوا، با لاویش بێ، هەر بەو جۆرەی لێ بەسەردێ. بۆچی بەدیار سەرمەوە وەستاون سەیرم دەکەن؟»

ئەلیف:

«لە دەورت گەڕێم دایە گیان، بۆیە سەیرت دەکەم کە... خۆ شوکور چاکی.»

مریمۆک وەڵامی نەدایەوە، بێ دەنگ بوو. سەری دانەواند. بێ دەنگییەکە درێژەی کێشا، بە نکەنک گوتی:

«گەیشتم.»

ئەلیف کە زۆری دڵ پێ خۆش بوو، ڕووی گەشابووەوە، ڕەنگی هاتبووەوە سەرەخۆی. لە دەم ڕێگاکە، لەتەنیشت مریمۆکەوە دانیشت. منداڵەکانیش لە تەکیەوە دانیشتن.

ماوەیێکی پێ چوو. قسەیان نەکرد. سەیری یەکتریان نەکرد. لەوە دەترسان چاویان بەر نیگای چاوی یەک بکەوێ. تەنانەت منداڵەکانیش خۆیان لەوە دەبوارد.

لە پاشان ئەلیف خۆی بەسەر هەردوو دەستە داڕووشاوەکانیدادا، تەکانێکی دا هەڵستایە سەر پێ. بە کۆڵ و باری قورس و گرانەوە هەڵستانە سەرپێ، لە وزەی هەموو مرۆیەکدا نییە.

هەر بەوجۆرە بەدیار مریمۆکەوە ڕاوەستا. بۆخۆیشی نەیدەزانی چ بڵێ.

لە تەهی دڵیەوە، گوتی:«دایە،» و بەدەنگێکی کزەوە دەستی بە قسان کرد.

«دایە خاتوونەکەم، لێرە مەبزوو. با ئێمە بە عەلی ڕابگەین. ئەگەر پێی ڕانەگەین، خۆ کۆڵ و بارەکەی لەو سەرچیایە بەجێ ناهێڵێ، بگەڕێتەوە. تۆ لێروکانە بوەستە، چاوەڕێی عەلی بکە. هەر ئێستاکە دەیگەمێ، وەڕێی دەخەم.»

خێرا بەڕێ کەوت، ڕۆیشت. منداڵەکانیش وەدووی دایکیان کەوتن. تەواوێ دوور کەوتنەوە. مرێمۆک سەری هەڵبڕی، سەیرێکی کردن. کە منداڵەکانی لە دووی دایکیانەوە دیت کڕووزە لە هەناویەوە هات. هەر دەتگوت مەنجەڵێ ئاوی کوڵیوی بەسەردا ڕژا. وەک ماستی مەییوی لێ هات، بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە تێیان ڕامابوو. تا لە یاڵەکەیش ئاودیو بوون چاوی لێ نەترووکاندن. بە نەنک، گوتی:

«وا گەیشتی، وا گەیشتی بووکی سۆزانی و داوێن تەڕ. ژنی هەتیوە شاخ لێ ڕواوەکە، وا گەیشتی. شاڵڵا کوێراییم داهاتبا بۆ ئوزوونجە عەلیم نەخواستبای. بەر بەڵای خوا کەوتبام. باوجوود، تۆ نەختێ لەو ئوزوونجە عەلییە چاکتریشی. تۆ سەیری ئەو منداڵە زۆڵانەیش کە، تەماشا ئەو گۆڵە بەرازانە. خۆ ئەوانیش... وا گەیشتن. تۆ بۆ خۆت گەیشتی و منیشت لەم چیا و چۆڵە بەجێ هێشت.»

بەگورج و گۆڵییەکەوە، کە لێی چاوەڕوان نەدەکرا، لە ناکاو دەرپەڕی. چاوی هەر ئەوەبوو لە هێلوون دەرنەدەپەڕی.

بە هەموو هێزێکیەوە بانگی کرد، «عەلی، عەلیییی.» بانگەوازەکەی لەو ناو ڕەوەزانەدا دەنگی دایەوە.

لە پاشان بە پەشێوییەکەوە بەچۆکدا هات. کە دەستی لە زەوەی گیرکرد، لە پەلەقاژێ کەوت.

ناو هەناوی برووسکەی دەدا.

هیزە خەڵک و خۆیینە، فریام کەون، بڕوانن ئەمانە چ کەتنێکیان پێ کردم، چ کەتنێ. وەی وەی وەی هەشم بەسەر. ئەگەر نیازی کەتن پێ کردنمیان

نەبوایە، قەت ئەم منداڵانەیان وەدووی خۆیان دەدا و بەجێیان دەهێشتم؟ وەی وەی وەی.

سام و ترسی دڵی تا دەهات خەستتر دەبووەوە، پتر بنجی دادەکوتا. چۆن کەتنێ... بڵێ لەکێش؟ لەم چیا و چۆڵە... دارگوێزە شەخسەکەیش...

کە گوتی، دارگوێزە شەخسەکە، لەپڕ ناو هەناوی ڕوون بووەوە. هەموو سام و ترسەکەی ڕەوییەوە. شایی بەخۆبوون و متمانەیێکی بەبەردا هاتەوە، دانیشت. سەری هەڵبڕی، ئاوڕێکی لە دارەکە دایەوە. هەردوو دەستی بەرزکردەوە. دڵخۆشییەکەی زۆری نەخایاند. لەم سەر کەژ و کێوە کشوماتە لە ژێر دارێکدا تاک و تەنیا بوو. هەستی بە تەنیایی و بێ چارەییەک کرد کە... بەزەنگەسوورەوە، بە مێش و مەگەزەوە، بە مێروو و مێرووستانەوە، بە مار و حەزیاوە، بە مارمێلکەوە، بە قالۆنچەوە، سەرلەبەر، سەری خۆیان هەڵگرتبوو، کۆچیان کردبوو. تەنیا دارێک و مرێمۆک لەسەر ڕووی زەوی مابوونەوە. جا دار چ سوودێ بە مرۆ دەبەخشێ کە... خۆ دەست و لاقی نییە، هەرکەسێ هات لێی ڕاسێ. زمانی نییە تێی ڕاخوڕێ. تفەنگی نییە، کێردی نییە، ماڵی نییە، دەروو و دەرەتانی نییە، نان و چێشتی نییە. گوێی نییە، چاوی نییە. تا چاو هەتەری دەکرد ئاسمانی شین بوو. دارێکی بەستەزمان چیی لە دەست دەهات... نە گوندی هەبوو، نە دەست و پێوەند... نە ژنی هەبوو، نە ماڵ و منداڵ... ڕووت و قووت بێ چارە، کوانوو و ئاگریشی نەبوو... هەژار و دەستەوسان...

تا دەهات ترسی پتر لێ دەنیشت. پێی وابوو داوێکیان بۆ نابووەوە، کەتنێکیان پێ دەکرد، دەنا بۆچی بەجێی دەهێشت. ئەم هەست و خوستەی هێندەی دیکە خەستتر دەبووەوە.

چەند جوانم بەڕوودا دەگرژێتەوە، چەند جوان... دەموچاوی عەلیش وەک دەموچاوی حۆری و مەلایەکەتان دەچوو. منداڵەکان بەڕوومدا نەدەگرژینەوە، سەیریان نەدەکردم. بەرەی منداڵ چی لەکەتن پێ کردن دەگەن، چووزانن

خەڵک چ نیازخراپییەکیان لە دڵدایە. ئەمە کاری گەورەیە و گەورە دەیزانێ. ئەوان نازانن هەزار شەیتانیت لەگەڵدا بکەن و دوایی بەڕووتدا بگرژێنەوە، نیازی کوشتنیان لە دڵدا بێ و وەک برا دەستت لە مل بکەن. منداڵ لە چ دەزانێ... حەسەن و ئومەخانەکەم خۆ هەر تەماشایان نەدەکردم. وەخت بوو بدەنە گریان. خۆ حەسەن، ئەوە هەر دەور و خولی دەدام و سەری لە پەناگوێم دەنا، دەرفەتی نەهێنا شتێکم بەگوێدا بچرپێنێ. ملی لار کردبووەوە، دەڕۆیشت. وەک بڵێ، من لە نەنکم جوێ نابمەوە با منیش لەگەڵ نەنکمدا درندە و جانەوەر بمخۆن، بەچاوی تەڕ و فرمێسکاوییەوە دەڕۆیشت. گوتی، بەڵام ئەو بێ دینانە گوێیان نەدایێ.

ئوزوونجە عەلی دەست لە خوێنی دایکیدا سوور بوو، ئەم دنیایە هیچ، ئەی لەو دنیا بەرۆکت چۆن لە دەست چاوڕەشەکەم قوتار دەکەی؟

چرپەچرپ قسەیان دەکرد. منداڵەکانیان لێ نزیک نەدەخستمەوە. دەبوو لە فاک و فیکیان تێ گەیشتبام. بەڵام منی بێ ئاوەز، ئاوەز و ئەقڵم لە کوێ بوو؟ بۆچی، مەرگی ئەسپە بۆر ئاوەزی پێ هێشتم؟ سۆمای چاوی داهات و لاقی جووت بوو. کوتومت وەک مرۆ، گیانی دەرچوو. چاوە گەشەکانی سۆمای داهات.

لەسەرەخۆ هەڵستایە سەر پێ. جارێکی سەیری بەرەوپێشەوە، ئەو یاڵەی ئەوانی لێ بەرەوخوار بووبوونەوە، جارێکی سەیری لای ڕاست، جارێکی سەیری ڕەوەزەکانی لای چەپی کرد، ئاوڕێکی پاشەوەی دا. ئیتر ئەو چاوەی لە ترۆپکی دارەکەی بڕیبوو، هەروا تێی بڕیبوو، نەیدەترووکاند.

لە دڵی خۆیدا گوتی، گەلۆ، چقوورئۆوا تا ئێرە چەند ڕۆژەڕێ دەبێ؟ لە پاش ئەم هەمووە، هەوارگەکانی ڕێگای وەپێش چاو هێنانەوە. هەوراز و هەڵدێرگە، جەنگەڵ و لێڕە تاریکەکان، چەم و ڕووباری بێ بوار، شەخس و نەزەرگای سەرڕێگاکان، لانی پڵینگ، ئەمانەی هەموو وەپێش چاو هێنانەوە. لەو شاخانەوە پڵینگی زەلام زەلام، بە چڕنووک و چەنگی بڵیسەدارەوە لە لاندا

دەزریکێن. سەری مرۆ لە لەش جویّ دەکەنەوە، دەکشێنەوە نێو لانەکانیان. بەڵام تا ئێستا نەدیترابوو پڵینگ سەری کەس هەڵکەنیّ. لە هی کۆن و لەمێژینە باس دەکرا، بەڵام کەس بە چاوی خۆی نەیدیتبوو. لە سەربەرەژوورەکان، دەبیّ زۆر بەئەسپایی برۆی. گێژەنیّ لە ئاوە قووڵەکەدا هەیە. بەڵام کوێرە گۆڕستان. کوێرە گۆڕستان، کوێرە گۆڕستان زۆر تاریکە و بەجاریّ گویّ کەڕ دەکا. هەر دەڵێی مەزرایە. کێلەبەرد لاڵ و پاڵ لێی کەوتوون، شەکەت و پەرێشان. بیّ چاوقووچاندن ناشیّ بەلای کوێرە گۆڕستاندا تیّ پەڕی. کوێرە گۆڕستان. کوێرە گۆڕستان، دوات بڕیّ کوێرە گۆڕستان.

لە چقووڕئۆوارا تا دەگەیە ئێرە ئاخۆ چەند ڕۆژەڕیّ بیّ؟ بە چەند ڕۆژان دەیگەییّ؟

ئەو چاتر، کە لێرەیان بەجیّ هێشتم. ئەمنیش دەچمە خوار، بۆ چقووڕ، دەچمە ماڵە ئاغایەکی، بە ژنەکەی دەڵێم، باجی، حاڵ لەمە، حیکایەت لەمە. ئەویش یەکسەر فرمێسک بە چاویدا دێتەخوار. خەڵکی بەبەزەیی زۆۆۆۆرن لە دنیا. ئەویش دەڵیّ، بۆخۆت لە گۆشەیەکەوە دانیشە، تا مردن بکە و بخۆ و بخۆوە دایکە گیان.

خوا نەیبڕیّ چی لە نان و چێشت زۆرترە؟ جاروبارێکیش ئاگات لە منداڵەکان دەبیّ. منیش دەڵێم، ئێمە منداڵمان پیّ گەیاند، پێت وایە چمان لیّ وەدەست کەوتن؟ بەڵام ئەوەبۆ خۆت دەزانی. لە منداڵەکانی خۆمیان هەزار بار پتر چاودێری دەکەم.

جا ئەوسا، عەلی لە لۆکەچنینیّ دەگەڕێتەوە و پیّ دەزانیّ کە لە چقووڕئۆوام، لە ماڵی ئاغام، دیّ دەست بە گریان دەکا. بۆ دڵدانەوەم شەکرێکی لە زار دەڕژیّ، نە بووە و نە کراوە. منیش... لە پڕێکا باجیم بەسەردا دیّ. چاوی لە عەلی دەقووچێنیّ و زاری لیّ دەکاتەوە. بە منیش دەڵیّ، لە دایکی خۆمت لەبەرتر دەگرم. نەکەی بچیتەوە کن پیاوێکی پیسی وا کە لە باخەڵی مردنێی خزاندی و لەگەڵ دارگوێزە شەخسەکەدا باوەش بە باوەشەوە، بەجێی هێشتی.

هەناسەیەکی هەڵکێشا. بە دەنگێکی دەبیستـرا و نەدەبیستـرا، گوتی: «هەق بەتۆیە. ناچمەوە کن شیر حەرامێ کە لەو چیاوچۆڵە کردمی بە خۆراکی گورگ و هاران.»

لە دوورەوە، لە شـوێنێکەوە، گرم و هـۆڕێ دەهات، مێشکی دەتگوت پوورەی هەنگە. ڕووی لە چقووربئۆوا کرد. یەک دوو هەنگاوی بەرەوپێشـێ هەڵێنایەوە، لە پاشان ڕاوەستا. هەر لە خۆڕا هەستی بە کێشە و گوێپچڕ گوێپچڕێکی سەیر کرد. ئینجا کەیفساز بوو... دەموچاوی باجیی سەرپۆش سپی، چاوە بەکلەکانی، بزە و خەندە شیرینەکانی... لەمێژبوو دیتبووی، چەندین ساڵ و هەیامی بەسەردا تێ پەڕیبوو. کە لە لۆکەچنین دەگەڕێنەوە جارێکیان، باجی داوا لە کـرێکارێ دەکا درووم‌انێکی بە نیـوەڕۆژانەکەی بۆ بکا. کە لە دروومانەکە دەبێتەوە، باجی کراسێکی خۆی دەداتێ. چ باجییەکی خانم خاس بوو. لەو ڕۆژەوە تا ئێستاش بزە شیرینەکانی لە بیر نەکردبوو.

هەروا دەڕۆیشت و خەیاڵ دەیبردەوە. دەستی درێژکردبا بەر باجی دەکەوت.

«بەڵێ باجی، ئەوە حاڵمانە. ئەوە حاڵ و گوزەرانمانە.»

هەرچۆنێ بێ بە برسێتی، بە تینوێتی بێ، هەرچۆنێ بێ دەگەمە چقوور. من بە شـارێدا دەڕۆم. با دووریش بخـایێنێ، خـۆ لە پاشـەوە گـوندی. هەر دێن. شارێ و شەقام ڕێبوار و کۆچ و باری گوندییانی لێ نابڕێ. دەمبینن، لە حاڵ و باڵم، لە وەسەرهاتم، لە چەرمەسەرێ و کێشمەکێشم دەپرسنەوە. منیش ورد و باریک، یەکەبەیەکەی بەسەرهاتی خۆمیان بۆ دەگێڕمەوە. کیژۆڵە و بووکانیش بۆم دەدەنە پڕمەی گریانێ. سواری ئەسپێکی گوێ بەلی، چوارپەل قەڵەمیم دەکەن، ئەسپێکی سم قۆدک، زین چەرکەسییانە. هەرنەبێ مێرد منداڵێکم بۆ دادەبەزێنن، لە جێی ویم سوار دەکەن. منیش دەڵێم گوندیینە مەترسن. لە درەنگ بەسەرهاتن مەترسن. هەرکە گەیشتینە چقوور و نەگەیشتینێ، جووتەبەرەیێ لۆکەتان بۆ دەبینمەوە، مەگەر خوا خۆی بزانێ چەند بەپیت و بەرەکەت بێ. بە تاقێ، ئەوەندەی حەوتوویەک لۆکە خرِدەکەنەوە

و کۆشێ پارەی لێ هەڵدەگرنەوە. ژنێکی لە دەست و پێ کەوتووم، چاکەتان لەگەڵدا کردم. چۆن لە ژێر باری ئەو چاکەیەتاندا دەمێنمەوە... پیرێژنێکی بێ دەست و پێم، ئەو باجییە، کراسە گوڵباتمانە باسمەکەی خۆی دابوومێ. نرت و نوێ، پەنچەی وێ نەکەوتبوو. بەڵام ئەمن چۆنی لەبەردەکەم. ئەوە یادگاری باجیمە. تا ئێستاش، وەک خۆی چۆنە، هەروا، بە دەقی خۆیەوە لە سندووقدام شاردووەتەوە. خۆزگە لەگەڵ خۆمدا هێنابام. نیشانم دەدا. یادگارەکەی بەدەستمەوە دیتبا، زانیبای تا ئێستا ڕەنگی کاڵ نەبووەتەوە، خوا دەیزانی چەندی کەیف پێ دەهاتەوە...

لە پڕێکا لە ناوەندی ڕێگاکە ڕەق ڕاوەستا. بە پشتی کووڕەوە، دەستی بە کەلەکەیەوە، سەیری ئەرزەکەی دەکرد، هەروا لە شوێنەکەی خۆیدا چەقی.

لەناو تاریکییەکی بێ بەرودوای ئەنگوست لە چاوەوە، گوللە نەیدەبڕی، کوێرە گۆڕستانەکەی بە پێش چاودا دەهات. بە پێش چاویدا دەهات و گڵور دەبووەوە. هەر کێلەبەرد بوو هەڵدەهات، لێک هەڵدەنگووتن، مردوو، هێسکی مردوو. گۆڕستانەکە، گۆڕستانەکە. ئوووووی گۆڕستانەکە. تا دەگەیە ئەوسەری نیوەڕۆژێکی دەوێ. گۆڕێکی درێژی زەلامی کێلەبەرد ڕاکشاو لە گۆڕستانەکە هەبوو، نزیک ڕێگاکە. دارکاژێکی بەسەرەوە بوو، لک و چڵی وشک بووبوونەوە، کرمی تێدابوون، بڕبڕیان کردبوو. کەس بەتەنیا نەیدەوێرا بەتەکیدا تێ پەڕێ، دەنا دەسبەجێ زارەتەرەک دەبوو. بە ئاوە تاریکەکەیدا، بە لانەی پڵێنگیدا، بە ئەشکەوتی جنۆکاندا ڕادەبرێ. بەڵام خۆ لە قەرەی کوێرە گۆڕستان نادرێ.

وەک لە ترسی کوێرە گۆڕستان هەڵێ، دوابەدوا، بەرەو گوند گەڕایەوە. چقوورئۆوا، باجی، کۆچ و باری گوندییەکانی ڕێگا، ئەسپەکەی کە سواری بووبوو، هەموو لە پاشەوە بوون، بە خەون و خەیاڵ... ئاخ خۆزگە ئەم گۆڕستانە لەسەر ڕێگاکە نەبوایە، نەبوایە، نەبوایە. ئەوەندی گوڕی هەڵبگرێ بەتاو بۆی دەرچوو. هەر ئاوڕیشی نەدایەوە.

ئەوجا دەگەمەوە گوند، لالویچێ ساوار لەبنی تێرەکەدا ماوە. هێندێ گەنمیش لە چاڵ دەردێنم، بە دەستارەکە دەیهارم، با درشتیش بێ، بۆچی بە گەروودا ناچێ؟ دوو جاری دەهارم، وردتر دەبێ.

گوند کش و مات، مێشی مێش ئاسایی تێدا نەمابوو. چۆڵ و هۆڵ. زیرۆحی لێ نەمابوو. کە زیرۆحیش نەبوو... زیرۆحێ بەتەنیا، بە یەک دوو مانگ ئەقڵی تێک دەچێ. چرکەی چرکە ئاسایی نایێ.

قەتی بیر لێ نەکردبووەوە. داخۆ گوند بە چۆڵ و هۆڵی مابایەوە چ دەقەوما؟ یاخۆ باهۆزێ هەڵی کردبا، ناڵەی وەک تۆپ دەنگی دابایەوە.

کش و ماتیی لە مێشکدا پەنگابووەوە، تا دەهات گەورەتر دەبوو. هاتو ئیزگل سەرانسەری گوندی داگرت؟ هەر لەوێ، لەو دەم ڕێگایە هەڵکورما. ئاسمان، بە هەموو شینییەکیەوە تا دەهات پان و بەرینتر دەبووەوە، کەژ و کێو ڕیزبووبوون، نەدار، نە درەخت، نەماڵ هیچی دیار نەبوو. کش و ماتی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو. ئیزگلی ڕەنگ زێوین لەناوەوە بەتەنیا بوو. کزەبایەک چییە نەدەهات. سرتە لە هیچەوە نەدەهات. زۆر ماندوو بوو. لەپڕ ڕاچەنی. کرۆکپییەکە کاری کردبووە ناو کرۆکی. ترسا. گوڵۆڵە بوو. لە پاشان هەڵستایە سەر پێ. بەرەو چقوور ڕێ و ڕاست گەڕایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەدی سەگەکان لە گوند نەدەمانەوە. ئەدی پشیلەکان، ئەی خورج و تێرە نەخشینەکان، ئەی چاڵە گەنمەکان، ئەی کادان و لۆکەکان. ڕەشۆڵەیێ دەهات، لە گۆشەیەکەوە هێلانەی دەکرد. ڕەش ڕەش بوو، خاڵی سپی سپیی پێوەبوو. لە بەرهەتاو سەوز دەینواند، سپی دەینواند. ئەغڵەبە بێچووەکانی لە هێلانە بەردەبوونەوە. زۆر نەرم و نۆڵ. لەسەر لەپم هەڵم دەگرتنەوە. بێ ئازاردان دەمخستنەوە هێلانەکەی خۆیان، بەری ئاسمان ڕەش دەچووەوە، ڕۆژێ دەبێ، لەبەر ڕەشۆڵە...

ئەو ڕۆژەی ڕەشۆڵە بەری ئاسمانی گرتبا، ڕۆژ لە منداڵی گوند هەڵدەهات. بۆ خۆی چکۆلەیە، بەڵام گۆشتی زۆر بەتامە، وەک دەڵێن، خۆی هێندەی

نیسکێکە و تامی هێندەی گیسکێکە، دە تاکی تێر و تەسەلت دەکا. خواخواتە پەنجەی بۆ بلێسیەوە. سەروەختی ڕەشۆڵە، لە هەموولا تفەنگ و ساچمەزەن تەقاندنە، چیا و چۆڵ پڕ دەبێ لە دووکەڵی بۆز. هەر ماڵە ئاگرێکی لە پێش هەڵدەکرێ. سەر ئاگردانی بە گڕ و بە پەنگر، برژەبرژ، گۆشتی تەڕوبڕی خۆش و بەتام، بۆن و بەرامەی چەوری، کامە کامە بە ئیشتیای پیاو دەکا. ڕەشۆڵە دێن و دەڕۆن، بەڵام لە پاشان تا دە پازدە ڕۆژانیش، هەموو پێش دەرکەیێ قاپ و قاچاخ، دەفر و ئامان، جل و بەرگ، پێستە و چەرم و کەوڵ، نوێن و پێخەو، دار و دیوار، تێکڕا بۆن و بەرامەی گۆشتی برژاوی ڕەشۆڵەیان لێ دێ.

جارێکیان ڕەشۆڵەیێکی بریندار دەگرێ. کەی؟ نازاندرێ؟ ڕەشۆڵەکە لاقی بریندار دەبێ. کە دەستی بۆ دەبا هەڵنافڕێ چاوی دەکرێتەوە، تووکی لەشی وەک دڕوو ڕەپ دەبێ. هەڵی دەگرێ، لە باخەڵی دەنێ، دڵی خێرا خێرا لێ دەدا. گەرم و گوڕ دەبێ. لە باخەڵی دەری دێنێ. سەیری چاوی دەکا. خەم و کەسەرێکی لە چاودا دەخوێنێتەوە، پەنا بەخوا، لە گوێن چاوی کارمامزێکی بریندار... کارمامزی چقوورئۆوا. لە گوێن چاوی پڕ خەم و کوڵی کیژێکی چاوڕەشی نامراد و ناکام، بەڵێ هەر کوت و مت چاوی لەو چەشنە دەبێ.

دەیهێنێتەوە ماڵێ. نەختێ گەنمی بۆ دەجوێ، لە بری هەتوان، بە برینەوەکەی دەنێ و دەیپێچێ. گوند پڕبوو لە بۆنی ڕەشۆڵە. دووکەڵی هەزاران ڕەشۆڵە، کە بەسەر پۆلو و کڵ و کۆی سوورەوە دەبرژان، لەناو گوندا پەنگابووەوە.

قامکی لەژێر باڵی نەرمی ڕەشۆڵەکە ڕاکرد، گوتی. نە بە ئاگر، نە بە ڕاوکەر، نە بە منداڵان، بە کەست نادەم. بخۆ و بخۆوە، تا چاک دەبییەوە، هەنگینێ خوات لەگەڵ، بڕۆ بە لان و کەس و کاری خۆت شاد و شوکوور بەوە.

دیسان هەڵستا. تەنیا یەک کەس هەبوو، ڕەشۆڵەی ڕاو نەدەکرد. تەنیا کەسێ هەبوو چاوی وەک چاوی ڕەشۆڵە بریندارەکە بوو. لە یەکبینە پێ دەکەنی. کە دەشگریا، بەردەوام پێ دەکەنی. ئەحمەدە شەیداکەم، ڕۆڵەکەم، مرێمت، مرێمی دایکت لە دەور گەڕێ. ئاخۆ ئێستا لە کوێ بێ؟

ئەحــمــەدی شــەیدا، دەمــوچاوی لێک و لووس، هێند ســپی بوو، دەتگوت ماسیاوە. کەڵەگەتێکی باریکەڵە بوو. ئەم گوندە تا ئێستا پیاوی وا لەبار و ڕێک و پێک و دەم و دوو خـۆش و زمــان شـیـرینـی بەخـۆیـەوە نەدیتــبـوو و نەشـیـدەبینی. شـەیدا، قـەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، دڵی یەکـێکی نـەیێشـاندبوو و نەشیدێشاند. وڵاتی شای پەرییان لە پشت ئەو کەژەوەیە، لەو ناو جەنگەڵ و چڕستانە. کۆشک و تەلارەکەی سەرتاپا لە شووشە و بلوورە. ڕۆژ لە کۆشکە بلوورییەکەی ئەوەوە هەڵدێ. ڕۆژێکیان یەکێ لە کیژەکانی پاتشای پەرییان، لەناو دارستانە، سووتەنی خڕ دەکاتەوە، بۆ چاوی بە ئەحمەد ناکەوێ؟ هەر کە چاوی بە ئەحـمـەد دەکەوێ و ناکـەوێ زمانی دەبەستـرێ. بەجارێ شـەیدای دەبێ. دووکـەڵی جـەرگ و هەناوی لەسـەریەوە دێتـەدەر. لەودەمـەدا بە جـوانی دنیای دێتە پێش چاو. ئەحمەدیش کیژەکە دەبینێ و نابینێ یەکسەر گرفتاری دەبێ. ئیدی هەر ئەو گرفتاری و شەیدابوونە دەبێ. کیژە ئەحمەد هەڵدەگرێ، دەیبا بۆ کۆشک و تەلاری باوکی، بەدزیی باوکیەوە دەبێ بەژنی. ڕۆژگار دێ، ڕۆژگار دەچێ، پاتشای پەرییان، کە پێ دەزانێ کیژەکەی بووە بە ژنی یەکێ لە تیرەی ئینسان، بەجارێ تووڕە دەبێ، دەچێتە وێزەی ئەحمەد، کوێت دێشێ، هێندەی دەکوتێ، شەل و کوتی دەکا. کە کار دەگاتە سەر ئەوەی بیکوژێ، کیژەکە دەکەوێتە نێوانەوە، دەڵێ من کردم تۆ نەیکەی، ئەمن بکوژە، ئەحـمـەد مەکوژە. جا چ بوو، باوە چ قەوما؟ بڵا لە تیرەی ئینسـان بێ. من شـەیدای ئادەمـزادم. هەر لێروکانە کونە ئەشکەوتێکم بدەیێ، لەگەڵ دڵداری خـۆمـدا دەژیم. دایک و خوشک و براکانی دەکەونە بەینەوە، لەو لای کۆشک و تەلاری پاتشاوە، لە دوور، کونە ئەشکەوتێکیان دەدەنێ، لەوێ دەحەوێنەوە. کیژەکە بە ئەحمەد دەڵێ، ئەحمەد، دەقاودەق وای بۆ دایکی گێڕابووەوە، دەڵێ، لە دنیا بۆن و بەرامـەی ئادەمزادم لە هەموو شتێ خۆشتر دەوێ. هەر لە منداڵیمەوە، لە کزەبایێ کە لەسەر گوندەکەتانەوە دەهات شێت و شەیدای دەبووم، نەخوازە کـە بەهار دەهات و دەشت و دەر، دار و درەخت، گـیـا و گـوڵ، ســەرتاپا لە گوڵووک دەنیشتن.

مرێمۆک بە دەنگی بەرز گوتی:

«لە گوڵووک دەنیشتن.»

کاتێکی گوند چۆڵ دەبوو، هەموو دەهاتنە خوار بۆ چقوور، ئەحمەد ماڵ و منداڵی، ژنەکەی، هەنەزاکانی، هەر کەسێکی حەزی لە ژیی گوند دەکرد، هەر پەرییەکی بەتاسەی بۆنی ئادەمزادەوە بوو، سەرلەبەر هەموویانی لە چیاوە دەهێنا خوار بۆ گوند.

ئێستاکانێ بچم، ئەحەکەم، چۆنم بە دەستی خۆم دانابوو، ئەوهای دەبینمەوە.

بەپرتاو گەڕایەوە دواوە، بەرەو گوند دای کێشا.

ئەحەکەم، لە پێشان بمبینێ، سەرسام دەبێ، لە پاشان جوان جوان، وەک منداڵی ساوا دەگرژێتەوە. دوایی دەڵێ، هەڵمەیێن ژنەکە، مەترسن منداڵینە، مەترسن تیرەی پەرییان، ئەم دایە مرێمۆکە زۆر سرقایمە، هیچ نادرکێنێ. منیش دەڵێم وەرە دوێتە جوانەکەم وەرە. بەڕاستی ئاقڵی. هەرە ئاقڵ و بەئاوەزی تیرەی پەرییان نەبای، هەرە جوانی تیرەی ئادەمزادت هەڵنەدەبژارد، هەرە خۆشەنی ئەم دنیایەت نەدەخواست. لێم مەترسە، ئەی تیرەی پەرییانیش هەر لە بەرەی ئیسلام نین؟ ئەی ئەوانیش هەروەک ئادەمزاد نەگووراون؟ ئێوە برۆن، بۆ خۆتان بگەڕێن، یاری بکەن. منیش لایلایە بۆ منداڵەکانتان دەکەم، دەیاننوێنم. دەنگم وەک دەنگی پەرییان خۆش نییە، بەڵام ئاخۆ پەری دەنگیان چەند خۆش بێ؟ هەر لەکۆنەوە زۆر بەکوڵ و سۆزناکە. لەمێژە لایلایەم نەکردووە، لە عەلی بەملاوە، لە ئەحمەد بەملاوە هیچم نەگوتووە. بۆ هەر منداڵێکی بڵێم یەکسەر ژیر دەبێتەوە.

دەبێ منداڵەکەم هێند خۆش بوێ، دەنگم کاری تێ بکا. با کاری تێ بکا و ژیر بێتەوە. من منداڵی ئێوەم زۆر خۆش دەوێ. کەنی، زمانی پەرییانیشم فێر کە، جا لایلایەکە نیوەی بەزمانی ئینسان و نیوەی بە زمانی پەرییان دەڵێم. با پەرییەکانیش دڵیان لە خۆ دانەمێنێ. وە نییە؟ کە گوندییش لە چقوور

گــــەڕانەوە، ئێـــوەش جـــوان و زەریف لە بەرچاویانم ون کـــەن. بمبـــەنە ئەشکەوتەکـەی خۆتـان کیـژم، دەڵێن کـۆشک و تـەلارەکەی باوکت چل ژووری تێدان، هەر چلیشیان کلیل دراون، هەر چلیشیان سەرو کانیاوی بەئاوەڕۆیان تێدا هەڵدەقوڵێن. هەرچی لاگوێلێ لەو ئاوی کانیاوانە بخواتەوە نامرێ. لەو ئاوەت دەرخـواردی ئەحـەکەم داوە؟ دەبێ بـە هەر ڕەنگێ بێ دەرخـواردی دەی کچم. من دەزانم باوکت پاتشایەکی یەکجار زۆردارە.

دەشرۆیی و ئارەقەشی دەکردەوە، لێویشی تەتەڵەی دەکرد.

دەڵێن کلیلەکـانی لە پێچ و لوولی قـژیدا دەشـاردەوە. ئادەمـزاد لـەو ئاوەی خواردبایەوە ئیدی نەدەمرد. کچـەکەم، کە باوکت لە خـەو ڕادەچێ بیرێکی لێ بکەوە، چارەیەکی بۆ بدۆزەوە. دەنا لە پاش مێـردت بەجێ دەمـێنی و وەک من سەرگـەردان دەبی. لە پاش مێرد بەجێ مـان وەک لەم دنیا پان و بـەرینەدا بە تاک و تەنیـا و بێ کـەس و بێ دەرەتان و بێ هاوسـەر و هاودەم بمێنیـەوە وایە. کە باوکت دەنوێ کلیلـەکانی لێ بدزە. با ئەحمـەدیش لە کانیاوێ لەو کانیاوانە ئاوێ بخـــواتەوە، نـەمـــرێ. تەنیـــا ئەســـپـە بۆرەی کـــوێر ئۆغـــڵی لـەو ئاوی زیندەگانییـەی خواردووەتەوە. نامرێ. ئەو خـەلیلە پیرە ستۆ وردبووە ئەمـەی گێڕایەوە. ئەسپە بۆرە هەموو ساڵێ، لە مەیدانەکەی حەڵەب بە زێڕێ فرۆتراوە.

ئەســپـە بۆرە پێش تاریک و لێـڵــە دەهێننە مــەیدان، لە نـاوەندی مـەیدانی دەبەســـــــتنـەوە. دەڵێن هـێند لـەڕ و لاواز دەبێ، هـێـند کـــــز و ژار دەبێ، هێـسکەکـانیت یەکـەبـەیەکـە هەژمـــاردبا. کـە دەڕۆیشت لە تاو بـێ حـــاڵی، چوارپەلی دەلـەرزی. یەکـەم کـەسێ کە لە مـەیدانی دەبینـێ یەکســـەر دەیکڕێ. چونکە چووبایە بەر دەرکـەی هەر مـاڵێکی، ئیدی ئەو مـاڵە، ئەو ساڵە خـێر و بێـری دنیـای بەسـەردا دەڕژا، زۆر پێ بەخـێر بوو، هـەر مـاڵێکی چووبا بەڵا و نەهامـــەتیی لـێ دوور دەکـەوتەوە. خـــەڵکەکـە ســاڵێکی ڕەبەق چاوەڕێی ڕۆژی مـەیدان کردنەوەیان دەکرد، هەبوو دەیگوت ئەسـپە بۆرەم دیت، بێ سێ و دوو دەیکڕم. کـــچم چارێکی بکـە، کلیلـەکـان بدۆزەوە، یەکێ لە ژوورەکـان بکەوە. لاگـوێلێ لەو ئـاوی حـەیاتە دەرخـوارد ئـەحـمـەد بدە. ئـەوی ئەوەندە شـــەیدای

ئادەمزاد بێ و ئەوەندەش ئاشقە بۆن و بەرامەی ئادەمزاد بێ، ئەمەی لا زۆر هاسانە و دەیکا کچم.

خۆی لار کردەوە سەیرێکی لاقی کرد. بزەی هاتێ. گوتی لاقم هەر دەڵێی باڵی لێ ڕواوە، هەر ئەوەیە نافڕم. بەگوریی ئەحە چاوڕەشەکەم بم، بەختیوم دەکەی، دەبی بە هاوڕێی گیانی بەگیانیم، وە نییە؟ ئەی هەر خۆت نەبووی جاڕی سەروەخت هاتنی لۆکەچنینت دەدا، ئەی هەر خۆت نەبووی ئیزگلیت دەهێنایە پێش دەرکەی ماڵی خەلیلە پیر؟

لەو عەلییە گاورە گەڕێ، با بڕوا، ئەی هەر ئەو نییە دایکی لەم چیا و چۆڵە بۆ دڕندان بەجێ هێشت. با بڕوا، ئەستۆی ورد بێ، ڕۆڵە ئەحەکەم، با بۆ جەحەنم بچێ. تۆم هەبێ باکم بە چییە؟

بەرینان دەڵێن، تیرەی پەری کەپوویان بێ کاریتەیە، تۆیش کەپووی منداڵەکانت بێ کاریتەن. دەبا بێ کاریتە بن پیاو. خۆ ئەمە فەهێتێکی هێند زەق و گەورە نییە. هەر ئەوەندەیە، نەختێ کەپوویان پان دەبێ، جا چییە؟ بام وابێ. ڕۆڵە، دڵت هیچ نەکا. هەر گوێشی مەدەیێ.

لە خوارەوە، کە لە شیوەکە بەرەو گوند سەردەکەوت. ئاخۆ ئەحمەد پێی دەزانی و بەپیری دایە مرێمۆکەوە دەچوو؟ لەوانەبوو لەگەڵ ژنەکەیدا هاتبانا سەر ڕێگاکە.

لە ناکاو بەگومان کەوت. ئیدی لاقی نەبزووت.

هەر دەتگوت بەباتمان قورقوشمی بەلاقەوە هەڵواسرابوو. ئەیەڕۆ، ناشێ بەپیرمەوە نەیێ، تۆ بڵێی بە ڕەفتاری پەرییانم لەگەڵدا بکا، ژنەکەی، منداڵەکانی، خۆیم پیشان نەدا؟

دەگریم، لەو ناوەندی گوندە، دەناڵم، دەپاڕێمەوە. هاوار دەکەم، دەیکەم بە ڕۆژی حەشرێ ئەوسەری دیار نەبێ.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، ڕۆژ بەرەو ئاوابوون داکشابوو، بە هیوایەکەوە ئاوڕێکی پاشەوەی دا، کەسی بەدی نەکرد.

هەر لەوێ بۆ خۆی دانیشت.

لە ناو دڕندە و جرِ و جانەوەران، لەسەر ئەم کەژ و کێوانە، بە نیوەڕۆ، بە نیوەشەو، ئاوا بۆ خۆت کەساس و داماو مایتەوە.

بە دەنگێکی بەرز، بەترس و پەژارەوە گوتی:

«خوایە ئەمانەتەکەتم لێ وەرگرەوە، ڕۆحم بستێنە.»

لاقی ڕاستی زۆر دێشا. سەرتاپای وەک پووکابێتەوە وابوو. هەموو ئەندامی لەشی دەیزریکاند.

تۆ بڵێی ئێستا گوند گەیشتبێتە چقوور؟ هێشتا ماویە. هێشتا زۆری ماوە. لۆکە دەپشکوێ، سپی سپی، وەک بایەوانی هەور چقوور دادەپۆشێ. پیاوی چقور ڕەنگیان مەیلەو ڕەش هەڵدەگەڕێ. هەتا ڕەشی دەکا. لە گوێن مس دەنوێنێ. لەسەرەخۆ قسان دەکەن. پێڵاوی سپی لەپێ دەکەن.

لێڕەوارەکە مۆر دەچووەوە. سمۆرەیێ بەسەر دارێکەوە بوو. چاوی زەق زەق لە چاوی کڵاو کوڕە دەچوو. کڵاو کوڕە لە چقوور زۆرە.

خاڵخاڵۆکەیێ هات بەسەر پشتی دەستیەوە نیشتەوە. مریەمۆک دڵی زۆر پێ خۆش بوو. گوتی، ئەمە پیرۆزە و خێری بەپێوەیە. لە کن پەرییانەوە مژدەی بۆ هێناوم. لە لای ئەحمەدەوە مژدەی بۆ هێناوم. بە پەنجە هەڵدڕاوە شەقارشەقار بووەوەکانی گرتی، لاواندی، گوتی، «خاڵخاڵۆکە، دایە مریەمۆکت بەگوری بێ. چی هەیە، چی نییە؟ لە ئەحمەدم چ خەبەر؟ ژنەکەی چۆنە؟ دڵی زۆر خۆش بوو. کەیفی هێند ساز بوو، وەخت بوو، خاڵخاڵۆکە چکۆلانەکە بگرێ، بیخاتە نێوان لێویەوە ماچی بکا. تەڕ و بەدەماخ بووبووەوە. ڕاستە هەموو ئەندامی لەشی دەیزریکاند، بەڵام باکی پێ نەبوو. هەستی پێ نەکرد. شەرمی بەخۆی نەبایە، بەدەم خاڵخاڵۆکە ماچکردنەوە دەچوو باوەشی بەو دارەدا دەکرد، دەیگوت، ئۆخەی، ڕۆڵە، ئەحەکەم، ڕزگارکەرەکەم.

«ئەوە ئەحەکەم تۆی بۆ ناردم؟ ئەحەکەم گوتی، بچۆ بەپیر دایە مریەمۆکەوە؟ خاڵخاڵۆکە، ئەوە بۆیە هاتی؟ تۆ خاڵخاڵۆکەی پەرییانی، هێشتا گچکۆکەی،

خاڵخاڵۆکه ماڵی خاڵم له کوێیه، کش کش خاڵخاڵۆکه ماڵی خاڵم له کوێیه... مزگێنییەکەت بەسەر سەرم، بەسەر چاوم، کش ش ش ...»

خاڵخاڵۆکەکە بەسەر پەنجەکەڵەیەوە بوو بالۆرەی بۆ دەگوت و پەنجەی بەپێی هەوای ئشکدییەکە بۆ دەجووڵاند. وەک لانک ڕاژەنێ خاڵخاڵۆکەکەی بەو جۆرە ڕادەژەند.

«کش ش کۆرپەڵە کش ش ش. کەسێ نەمبینێ، بڵێ داپیرە مریەمۆک شێت بووە و وەک بالۆرە بۆ ساوا بڵێ ئاوها بالۆرە بۆ خاڵخاڵۆکە دەڵێ. کێ دەڵێ، ناڵێن ئەم ژنە ئەقڵی تێک چووە و جارِم لێ نادەن.»

خاڵخاڵۆکەکە بەسەر پەنجەکەڵەیەوە بوو، بۆئەوەی نەوەک هەڵفڕێ. بەکاوەخۆ هەڵستایە سەر پێ.

گوتی: «ڕاوەستە، خاڵخاڵۆکە، خاڵخاڵۆکە ئاقڵەکە... مژدانەکەت لەسەر سەرم، بەسەر هەردوو چاوم. سەربازی پاتشای پەرییان، تۆ پەیکی ئەحمەدی. هەرکەسێ پێم پێ دەکەنێ، با پێ بکەنێ. با بڵێن خاڵخاڵۆکە چۆن دەبێ بە پەیک، با بڵێن. کە کیژە پەری ببێ بە ژنی ئادەمزاد، خاڵخاڵۆکە بۆچی نەبێ بە پەیک؟»

چاوی بڕییە خاڵخاڵۆکە پشت بە خاڵە سوورەکەی سەر پەنجەڵەکەی. خاڵخاڵۆکە یەک دوو جارێ باڵی بەیەکدا دا، ویستی هەڵفڕێ.

لێرە، لەم سەر شاخانە، کۆمەڵ کۆمەڵ گژوگیای دڕکاوی هەن، گیاپەرییان پێ دەڵێن. هەر دەڵێی کارگن چەتریان هەڵداوە. ڕەنگیان ئاماڵ بۆزە. ئەمانە بە سەدان، بە هەزاران خاڵخاڵۆکەیان تێدا دەحەوێنەوە.

مریەمۆک گوتی:

«ڕاوەستێ، ڕاوەستێ بەسزمانەکە، خوا بۆ خۆی دەزانێ لە چ شوێنێکی دوورەوە هاتووی، ئاخۆ چەندت لەش بێشێ.»

هەڵی گرت، بەئاسپایی، بێ ئەوەی ئازاری بدا، خستیە لۆی سەرپۆشەکەیەوە و گرێی دا.

«با، لێروکانە، بۆخۆت ماندووێتیت بحەسێتەوە، بێچووله. له وڵاتی دوورەوه هاتووی.

که ماندووێتیت حەسایەوه، لەسەر گوڵووکێکت دادەنێم. جارێ هێشتا لەشت دێشێ. لاق و دەست و پێت دەزوورێنەوه.»

بزەیەکی هاتێ، گوتی:

«بوەستە، بوەستە لەوێ، کۆرپەکەم، تا گوڵووکێکت بۆ دەبینمەوە.»

به شادییەوه بەرەو گوند دەڕۆیشت.

## ٨

کاتێکی ئەلیف به عەلی ڕاگەیشت، دەمەو نیوەڕوانێکی درەنگ بوو. عەلی دەموچاوە باریکەکەی، هێندەی دیکه درێژ بووبووەوه، ڕەنگی ڕەش ڕەش داگیرابوو. چاوی خوماراوی بوو. زۆر به خەم و پەژاره بوو.

هەندێ دەموچاو هەن کوڵ و کەسەری دەروون دەشارنەوه، دەشارنەوه، له پاشان، هەر بینا دەزانی، بەجارێ سەرلەبەری هەڵدەڕێژن. هەرچی بەندوبار و پەرده و پێوار هەن هەڵیان دەدەنەوه. ترووکه له دڵیدا نەمابوو. بەند و باری ڕوخساری بەجارێ ڕووخابوو. خەم و پەژاره و ماندوێتی و ئێش و ئازار له سەر و ڕوویدا هێند زەق و زۆپ بەدی دەکران، به دەست گرتبات.

عەلی له ژێر کۆڵەکەیدا دوو قەمچ نووشتابووەوه. ئەلیف زۆری بەزەیی پێدا دەهاتەوه. به ڕۆیشتنیدا دیاربوو. هەر بەجارێ پرزەی لێ بڕابوو. هەنگاوی بۆ هەڵنەدەهاتەوه. خۆی بەکێش دەکرد.

ماندوو و شەکەت، بێ ئەوەی ئاوڕێکی پاشەوه بدا، به دەنگێکی، دەبیسترا و نەدەبیسترا، پرسی:

«ئەلیف ئەوه تۆی؟»

ئەلیف وەک ئاخ هەڵکێشێ، وەڵامی دایەوه:

«منم، وا دیاره، دیسان زۆر نەڕۆیشتووی؟ دەمەو نیوەڕۆیەکی درەنگە.»

عەلی بە توورەییەوە گوتی:

«با درەنگ بێ، گوندی هەموو ڕۆیشتن. لام و جیمی ناوێ. هەربینا بە لۆکە ڕاگەیشتن، ڕادەگەن با بگەن.» تفێکی لە زەوی ڕۆکرد. ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو.

ئەلیف بە دەنگێکی دەبیستراو نەدەبیسترا، تێ هەڵچوو، گوتی:

«خەلیلە پیر وای بەسەرهێناین، ئەستۆی ورد بێ.»

عەلی پرسی:

«گوێم لێ نەبوو، چیت گوت؟»

ئارەقەکەی هەنیەی بە لالەپی ڕاستی سڕییەوە، قەیرێ وەستا.

«کار بەو ئاوایە بڕوا، تا ئێمە دەگەین، خەڵک هەموو لۆکەی خۆی خڕکردووەتەوە. ئێمەش گووشمان بەدەست ناکەوێ. هەر ڕەنجێکیشمان بەخەرج داوە بەفیڕۆ دەڕوا. ژنەکە بڕۆ. خۆ منداڵەکان ماندوو نەبوون...»

حەسەن گوتی:

«چۆن ماندوو دەبم؟ حا.» لەپێش باوکیەوە دەستی بە غاردان کرد. کیژەکە ماندوو بووبوو، ڕووی بە جارێ گرژ کردبوو، مرومۆچ...

«دایکم لە بن دارگوێزەکە بەجێ ما؟»

«نا، بەڕێ کەوت، وا بەڕێوەیە. هەروەک باڵدار دەفڕێ. دوایی نازانم ماندوو بوو، چ بوو؟ لەو دەم ڕێگایە هەڵکورما. چ پکا داماوە. چەندی لە دەست بێ و بکارێ، نایەوێ ببێ بە سەربار بەکۆڵتەوە. بەڵام... بەڵکو بەڕێوەش بێ، هاکا پێمان گەیشت. گوتم، دایە نەکەی گوێی نەدامێ، دەڵێ نەخێر هەر بەپێی خۆم دەڕۆم.»

عەلی پاش نەختێ، ڕۆیشت، لەدەم لێڕەکە وەستا. لێڕەکە لە دوورەوە وەک گەواڵە هەوری بەباران، ڕەش دەچووەوە. ئیدی گەیشتبوونە لێڕەکانی تۆرۆس.

ئێرە هێند سارد بوو، بە هاوینان دەیبەست.

«لێرە لادەین ئەلیف؟ چ دەڵێی؟»

ئەلیف:

«دەبا لادەین. ئەمشەو لێرە ڕەق نەبینەوە... بەرەکەت دا سووتەنیش زۆرە. تا دەگەڕێیەوە ئاگرێ هەڵدەکەم...»

عەلی کۆڵەکەی داگرت. پشوویێکی قووڵی دا، خۆی کێشمان دا، هەموو هێسکی لەشی چریکاندی. ژێرپێی وەک سووتابێ، دەزووڕایەوە. سەیرێکی پێی چەپی کرد. ژێری کون بووبوو. وردە بەردی تیژ تیژ پاژنەی سمیبوو و بەجارێ کوترابوو.

کۆڵ و بارەکەی دامەزراند، گوتی:

«من دایکم دەناسم ئەلیف، چاکی دەناسم. ڕکی لێم نییە. لە دەست و پێ کەوتنی زۆر پێ گرانە. لەکۆڵکردنی بەلاوە داوەشان و مردنە.

ئەم شەڕ و دژمنایەتییەی لەگەڵ مندا نییە، لەگەڵ پیرییەتی. ئەسپەکەش بڕ و بیانووە، بیانووی تڕ نانی جۆیە. ئەسپەکەش بۆ خۆشی مردبا، پێش ئەوەی خەلیلە پیریش سواری بێ مردبا و هەروەک ئێستا لەکۆڵم کردبا پتری بیانگە پێ دەگرتم، لەمە زێتری دژمنایەتی لەگەڵ دەکردم. ئەوسایش هەر زاری لە زارم نەدەگەڕا.

ئەلیف:

«ئاخر پیاوەکە، دایە مرێمۆکیش ژنێکی چاکە. ئەدی پیاو پیر نابێ؟ مرۆ لەدەست و پێ ناکەوێ؟»

عەلی:

«دایکم هێشتا بەپیرێتی ڕانەهاتووە. هەر تۆزێ بێ دڵی بکەی خۆی دەکوژێ. کیژێ چما قەتت ڕۆژێ لە ڕۆژانت دیتووە بسکی بەخەنە نەبێ؟»

ئەلیف بزەی هاتێ. عەلیش:

«هاکا بووەوە بووک و بسکی لە خەنە گرت.»

عەلی پشتی بە دارەکەوە دا. حەسەن چووبوو، سووتەنی وشک خڕکاتەوە، لە ژێر نارەوەنێکدا بە بڵیندیی بەژنی خۆی سووتەنی خڕ کردبووەوە. بڕێ ماڵەپەریی دەسکەنە کردبوو، لە چیلکە گورجتر هەڵدەگیرسا.

حەسەن لە شقارتە لێدان و ماڵەپەری هەڵایساندندا بوو، عەلی دیتی، نەڕاندی:

«کوڕە، ئەوەت داتەکاند؟ ئەوە پڕە لە مۆریان. ئەوە هێلانەیە. فڕێی دە بە گزگزە هەڵی کە.»

حەسەن چوو بەولاوە، بنچکەکەی دەستی داتەکاند، بە سەدان خاڵخاڵۆکەی لێ هەڵوەری. تەماشای کرد، کار لەوەدا نییە، مۆریان دواییی نایە، تا دێ هەڵدەوەرێ و نابڕێتەوە.

بنچکەکەی دەستی تووڕ هەڵدا. خەڵفێکی لە بەژنی بە تەور بریندارکراوی دارکاژەکەی تەنیشتی شکاندەوە و ئاگرەکەی پێ هەڵکرد.

عەلی هیچ حەزی لە ڕۆیشتن نەدەکرد. هەرچەند داشدەنیشت هەموو ئەندامی لەشی دەیاندایە زریکە. نەختێکی تر دانیشت، هەڵستانی بەبیرهاتەوە. پیاو چۆن لە خەو ڕادەچەنێ، بەو ڕەنگە بڕیاردان و ڕاپەڕینی یەک بوو.

گوتی:

«من دەڕۆم.» و بەڕێ کەوت.

ئەلیف لە دوایەوە گەیشتێ، باڵۆلێکی دایێ، گوتی:

«ها لە برسان مردی، بیخۆ. پەنیرم بۆ تێ خستووی. نان و پەنیرە. عەلی، بێ ئەوەی سەیری دەموچاوی بکا، باڵۆلەکەی لە دەست وەرگرت، ڕۆیشت. بە هەڕاکردن دەڕۆیشت. هەروا لەبەرخۆیەوە گوتی:

«چ بکا هەژارە، هەرچی بکا بەلاشە. تا ئێمە بەم حاڵە دەگەینە چقوور،

خەڵک هەموو لە لۆکە خڕکردنەوە دەبنەوە و دەبڕێتەوە... کێ دەڵێ لەوسەرەوە، تووشمان نایەن. ئەمساڵ لە چقوور بمێنینەوە؟»

گەڕایەوە هەوارگەکە، کەوێڵێکی داندۆک خووساند، داخۆ عەلی کەی دەگەڕایەوە؟ نیوەشەو دەگەڕایەوە، بەرەبەیان دەگەڕایەوە؟ خوا دەیزانی. لەتەک ئاگردانەکەوە هەڵکورما. هەردوو ئەژنۆی لەهامێز گرت، سەری لەسەر چۆکی دانا. منداڵەکان بەتەنیشتیەوە، پەیتا پەیتا قسەیان دەکرد، بەلام لە هیچ نەدەگەیشت.

حەسەن گوتی:

«دایە، نەنکم بەتەنیا لەو چیا و چۆلە ناترسێ؟»

ئومەخان گوتی:

«ناشترسێ، ترسابا، هەڵبەت ئێمەی لە کن دەماینەوە.»

حەسەن گوتی:

«وس، لەگەڵ تۆم نییە. دایکە، ناترسێ؟»

ئەلیف گوێی لێ نەبوو، حەسەن تێوەی ژەند:

«ناترسێ؟ ششش، ششششش دایە. ناترسێ؟ دەڵێم ناترسێ؟»

کیژەکە پەیتا پەیتا وەڵامی دەدایەوە:

«ناترسێ، ناترسێ.»

«دایە گیان لەگەڵ تۆمە، توخوا ناترسێ.»

قایمی تێوەژەند. ئەلیف سەری هەڵبڕی، بە ڕەنگی پەڕیو و چاوی مات و بێ ترووکەوە، بێ ئەوەی خۆشی بزانێ چدەڵێ، گوتی: «ناترسێ،» و سەرلەنوێ سەری لەسەر چۆکی دانایەوە.

حەسەن هەڵی دایێ:

«بەڵێ ناترسێ. وەڵڵا هێند دەترسێ، زراوی دەچێ.»

ئومەخان هەرگوتی:

«ناترسێ،» و نەیگوت... حەسەن بە سەر و قژیدا نووسا، لێیان بوو بەشەڕ.

ئەلیف دیسانەوە سەری هەڵبڕی، بە دەنگێکی کزەوە گوتی:

«چتان دەوێ دوابڕاوینە؟» و سەری خستەوە سەر ئەژنۆکانی.

دەنگە کزەڵۆکەکەی دایکیان منداڵەکانی ڕاچەناند. هەرکەسە لە شوێن خۆی بە چاوی پڕ لە کوڵ و کەسەر و پەژیوانییەوە سەری شۆڕ کرد.

عەلی دەشڕۆی و هەروا لەبەرخۆیەوە، قسەشی دەکرد.

«ئەمڕۆ نا سبەی، ئەمڕۆ نا سبەی... ئەمڕۆ... دەچنە لۆکەچنین. جارێ، خۆ ئەگەر بێتۆ بەبەرەکەت بێ، ئەوە هەریەکە بە کۆشێ پارەوە دەگەڕێتەوە. هاوار بۆ بەخت ڕەشی و بێ چارەیی خۆم. دەک ماڵت کوێرەوە بێ بەخت، دەک کوێرەوە بی نێوچاوان، لە فرۆتن نایەی بتفرۆشم، لە فڕێدان نایەی فڕێت دەم. چۆن ڕێگایێ سێ جار بپێوی دەگەیە چقوور؟ خەڵکەکە چاوەڕێم دەکا؟ ناوەڵڵا. دەست بەکار دەکەن و بەولاتریشەوە. خۆ عادیلەفەندی، بەزەیی مانای لە دڵدا نییە، ناڵێ موسووڵمانەتییە، کافرستانی نییە، دەرکەی ماڵێت لێ هەڵدەکەنێ، لەبری قەرزەکانی دەیبا. هەوجارە شکاوی ماڵێت، ساوار و برویێشی ناو هۆڕ و کەندوو و هەمبانان دەبا. ئەمڕۆ نا سبەی... خۆ کوێخا، ئەوە هەر بەجارێ ویژدان مانا بێ نیەتی... خۆ لەپێش هەموو شتێکدا گوندانەی خۆی دەوێ. دژمنە. ئەمڕۆ نا سبەی...

هەنگاوی بە نەزم و هەوای ئەمڕۆ نا سبەی، ئەمڕۆ نا سبەی هەڵدەهێنایەوە و دەڕۆیی. ناوبەناویش شتێکی دەهاتە سەر زار، بەڵام خۆی لێ گێل و نەبان دەکرد. شینێ بوو پیاوێکی زل و زەلامی بەگریان دەهێنا. شینەکە هی وەسمان بوو. وەسمان پوورزای عەلی بوو. لە سەفەرێکی دوور دەگەڕێتەوە، لە کەلی مرێمچڵ بۆران دەیگرێ، دوو شەو و دوو ڕۆژ بەدەم باوبۆرانەوە ڕێ دەکا، پاشان بەجارێ برستی لێ دەبڕێ، دەکەوێ، لاشەکەی لە مانگی نەورۆزدا، کە بەفر دەچێتەوە، بەدیاردەکەوێ. دڵی زۆر بەوە خۆش بوو کە زستان نەبوو. ئەم شینە سوڵتانۆک دەیگوت. ژنی هەرە جوان و شۆخی

سەروبەندی خۆی بوو. دەیگوت و دەگریا. نەیدەهێشت کەس بەتەنیا بڕوا، ڕۆیشتبا ڕێگەی لێ دەگرت.

سەرما بردتی ڕۆڵەکەم سەرما بردتی

چ شوێنێکی خراپی خوراندی

بەزەیێ خوای گەورەم بەزەیێ

لەبری هەر چوار کیژەکەم بووی

ئالآت بەدەرکەوە نەکرد

ئاگری نەورۆزت هەڵنەکرد

کوڕە بە هەرزەکاری کۆچکردەکەم

پەنجەی خەناویت نەگوشی.

شینەکە لە ناوکرۆکەوە کاری تێ دەکرد. هەرچەند تیژتر دەبوو، وەک سێبەری ترس بەرۆکی بەرنەدەدا. هەر دەتگوت لەبنەوە، لەسەرەخۆ سەرئاو دەکەوێ. بەجارێ بڵقی دا سەرکەوت. عەلی ئەم شینە بەکوڵ و پەژارە و بەسۆزەی بۆ ڕێگاکان گوت، هەرچەند دەیچریکاند چاوی پڕدەبوو لە فرمێسک. بیری دەکردەوە گوتی، تا ئێستا ئەم شینەم قەت وا بە کوڵ سۆزەوە نەگوتووە. هەر بیری دەکردەوە، ئەمڕۆ نا سبەی، ئەمڕۆ نا سبەی. پەی بە هیچ سەرودەرێ نەبرد.

سبەی نەبێ... گوندی... دەلی بەکری هاتە بەرچاو. ئەمساڵ بە لۆکەچنین ڕاگەیشتبام، دەلی بەکراغافەندی، کلاوێکم بۆ خۆت و خانمی ژنت دەدروو کە... خوا عالیم لینگیم لە سەرشانم نەدەهێنا خوار.

لە پاشان لەم بیرکردنەوە دزێو و ناشیرینانە شەرمەزار بوو. چما خوا بەندەی خۆی نابینێ؟ خوایە تۆبە سەت تۆبە، من کردم تۆ نەیکەی، لە گوناهم خۆش بە، خوا جوانەکەم، خوا شیرینەکەم. بەلآم ئەم دەلی بەکرەیش زۆر قوڕمساخ و تەرەسە. چۆن دەبێ شاخی لێ نەڕوێن؟ سەرلەبەری لاو و

هەرزەکاری گوندی پێ... گوتمان، سا ئێمەیش چ دەقەومێ، با جارێ. بۆ عینادی. ژنە عوسمانلییە، خێرومەندە. خۆ بەدزییەوە نییە. لەپێش چاوی دەلی بەکر خۆی شەواڵەکەی دادەکەنێ، دایشی دەکەنێ و ئینجا پێی دەڵێ بترەژم بووکە ئازایەکەم. بەخوا وا دەڵێ. مەرج و پەیمانی پیاوەتی بێ، ڕۆژێ زوو بگەمە چقوور، قوربانییەکت بۆ سەرببرم، کەڵەشێرێکی کۆکت بۆ سەردەبرم. کەڵەشێرێکی سووریش. خوایە تۆ زوو بمگەیێنە چقوور، منیش ئەمساڵ توخنی ژنەکەی دەلی بەکرە بەگ ناکەوم. مادامێکی تۆ ڕەزات لەسەر ئەم کارە نەبێ، خوایە، حەلامات وا نیشان دەدا، عەهد و پیاوەتی بێ، منیش پەنجەم لە پەنجەی ئەو ژنە نەکەوێ. گوتم هەر بۆ عینادی. ژنی پیاوێ، ئەم هەموو زوڵمە لە گوندی بکا... مادامێکی ڕازی بێ، منیش...

غاری دەدا، تا ماندوو دەبوو دەڕۆیی، پشوویێکی دەدا، سەرلەنوێ دەستی بە غاردان دەکردەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، وا چڵەپۆپەی دارگوێزە شەخسەکە بەدیارکەوت، ها ئێستا، ها نەختێکی تر دەگەمە دایکم، هێواش بووەوە.

پاش عەسرانێکی زوو گەیشتە دارگوێزە شەخسەکە. پێی وابوو ئێستا دایکی، لەوێ، لەبەر ئاگرەکە دەبینێتەوە، چاوەڕێی دەکا. کەچی لەوێ نەمابوو، شڵەژا. ترسا. لێوی وەک باڵی پەلەوەر دەلەرزی.

لەژێر دارگوێزەکەدا، قەیرێ بیری کردەوە. پاش ئەوەی بایەکی فێنک ئارەقەی هیشک کردەوە، بەخۆیدا هاتەوە. گوتی دەبێ دایکم لەدواوە بەجێ هێشتبێ. لەوانەیە بەلایەکدا تێ پەڕیبم، دەنگی نەکردبێ. منیش سەیری ئەم لاو ئەولای خۆم ناکەم؟ دایکم گوناهی چییە؟ هەمووی گوناهی منە. چ دەقەوما خەلیلە پیرم سوار نەکردبا. لەوانەبوو ئەسپەکەش نەمرێ. بەزەم پێدا هاتەوە، بەرگەی بێچارەییەکەی ناوچاویم نەگرت. چاوی دەردەهات، پیرە دمبەگە. ئەویش لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕۆیشت، لەم سەرچیا بەرزە چۆڵ و هۆڵە بەجێی هێشتم. خەتای منە. هەمووی خەتای منە. دایکم زاریشی لە زارم نەگەڕێ، گووشم لە زار کا خەتای منە. پڕ ئەرز و ئاسمان هەق بەوە، بەڵام کە بەتەکیا تێ پەڕیم دەبوو بمبینێ. چاکە وا قسەم لەگەڵدا ناکا، با نەیکا، هیچ نەبا

دەیتـوانـی کـۆکـەیێ، دەنگێکی کـردبا. ناکـۆکێ. خـوا کـردبای لە کـۆکـەشی خسـتبا، منیشی لەدەست ڕزگار کردبا. تۆبـە خـوایە، هـەزار جـار تۆبە. پیـاو نابێ حـەز بـەمـردنی کـەس بکا. ئەی بـۆچی منی تا ئێرە وا مـاندوو و شـەکـەت کـرد؟ نایەوێ لەکـۆڵمی کـەم، با نـەیـەوێ. بەڵام پیــاو بەم دەردە بردن، خــەڵک ماندووکردن بە مـرۆ ڕەوایە؟ با بڕوا نـەیەتە کۆڵم بەڵکو لەم ناوانە بێ، لە پەنای ئەم دەوەنانە بێ، کێ دەڵێ خـەوی پێدا نەکەوتووە. کێ دەڵێ بەدەم ڕێوە خـەوی لێ نەکەوتووە. ئیتر هـەروا بیری دەکردەوە. دەستی بە بانـگ ڕاهێشـتن کرد. بە گشت گوڕێکیەوە دەیقیڕاند، قیڕەی لەو چیاو چۆلە دەنگی دەدایەوە.

«هۆۆۆۆو دایـە هۆۆو! دایە! دایە! وەڵامم دەوە دایە خــانمەکــەم. هـەر وەڵام و بەس، قسـەم لەگـەڵدا مەکە، قەیناکا. قسە لـەگەڵ دارەکەی تـەنیشـتتدا، لـەگەڵ بەرددا، لەگەڵ خاکـەکەی بەرپێتدا، لەگەڵ گـەڵا ڕزیوە وەریوەکاندا، لەگەڵ لک و چڵی دار و درەختەکاندا قسە بکە. وەڵامم دەوە، دەنگت بێ، دایە گیـان. سبەی نا دوو سبەی هـەموو خەڵک بە لۆکـەچنین ڕادەگەن. دڵم مەشکێنە دایە! گووێکم خـوارد ئەسـپـەکەتم کوشت. مـن گوناهـبارم، خـەتابار منـم، چ دەڵێی بڵێ، دایە جـوانەکەم! لێم خـۆش بە. لە ڕۆژبازاڕی قیامـەتدا پێی لێ دەنێم، دەڵێم، گـوناه گـوناهـی مـن بـوو، لە بارەگــای خـوادا دەڵێم من تاوانبــارم. دەنگت بێ وەڵامم دەوە، دایە، دایە!...»

مـاوەیێ بانگەوازی کـرد. ڕاوەسـتـا. گـوێی هـەڵـخـست، دیسـانەوە دەسـتـی بە بانگەواز کردەوە. سرتە لە هیچ لایەکەوە نەدەهـات.

لە دڵـی خــۆیدا گــوتـی: «لێــرە بـوایە، خــۆی لەبـەر ئەم هـەمــوو بانـگەوازە نەدەگرت، وەڵامێکی هـەر دەدایەوە. خۆ گاور نییە، ئەویش دڵی دڵی مرۆیە.»

کە زانـی دایکی لەو دەوروبـەرە نییـە، ڕێ و ڕاست گـەڕایەوە. هـەر دە دوازدە دەقیـقـەیێ دەڕۆی و هـەڵوێسـتـێکی بۆ دەکرد، ئەوەندەی هـێـزی تێدا بوو دەیدایە بانگەواز. دەنگی تێکشکاو و خەمناک بوو. بەزیبوو. تا دەهـات بە پچڕپچڕ و بە گرفت دەردەهـات.

«دایە! دایە! تەنیا جارێکم وەڵام دەوە. حەزدەکەی وەڵامی خۆڵەکەی بەرپێت بدەوە، بڵێ خۆڵەکە وام لێرە. چ دەقەومێ دایەگیان.»

نیوە شەوێکی درەنگ گەیشتە هەوارگەکە. لەپێشدا چاوی بە ئاگرێکی گەش کەوت، لەژێر دارێکدا هەڵایسابوو. کە نزیک بووەوە تارماییی ژنەکەی دیت، هەڵکورمابوو، سەری بەسەر کڵاوئەژنۆیەوە بوو.

لەدوورەوە، بە شپرزەییەوە بانگی کرد:

«دایکم هات ئەلیف؟»

ئەلیف چاوی خەواڵوو بوو، سەری هەڵبڕی، ئاوڕێکی دایەوە. کە زانی عەلی مێردێتی ڕاپەڕی، هەڵستایە سەر پێیان.

«دایکم هات؟ ئەلیف، دایکم هات؟»

ئەلیف دەنگی نەکرد. نەیزانی چ بڵێ. بەهەڵەداوان بەرەوپیریی عەلی چوو. عەلی دەستی ژنەکەی گرت، خۆشەویستانە گوشی.

«دایکم کەی گەیشت؟»

ئەلیف تفی قووت دەدا.

«بۆچی دەنگ ناکەی؟ دایکم نەهات؟»

ئەلیف بە دەنگێکی کزەوە:

«نەء نەهات. ئەی نابینی؟»

عەلی ماندوو و مردوو لەبەر ئاگرەکە هەڵکورما، گوتی:

«نەء نەمبینی. خوا بیباتەوە، بەر قار و غەزەبی خوا کەوێ دایکم.»

بەرانبەر یەک دانیشتن، قەیرێ مات بوون.

دوایی عەلی سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییە دەموچاوی ژنەکەی، لەبەر گڕی ئاگرەکە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو.

«چی بەسەر ئەم دایکەم هات؟ ئاخۆ بەم شەوە لە کوێ بێ؟»

ئەلیف دەنگی نەکرد، دەگریا.

ها لە پاش چەند، گوتی:

«ئەم شۆربایەمان خواردبا و وەڕێ کەوتبایناوە، لە دایکم گەڕابایین. بەم شەوە دەمرێ. هەر دڕندە لەت و پەتی دەکەن.»

عەلی:

«دڵم هیچ نابا، بەڵام...»

ژنە دەستێکی بە مەنجەڵەکەوە نا بۆ عەلیی ڕەپێش کرد. نانەکەشی بۆ دانا. کەوچکێکی داریشی دایێ. عەلی حاڵی کەوچک بەدەستەوە گرتنی بەبەرەوە نەمابوو. کە بۆ دەمی دەبرد، هەر ئەوەبوو، لە دەستی بەرنەدەبووەوە. پاش یەک دوو کەوچک شۆربا فڕکردن، کەوچکەکەی لەلاوە دانا. قورس قورس خۆی بەسەر دەستیدا دا و هەموو ئازای لەشی دەیزریکاند، ڕاست بووەوە.

وەک بناڵێنێ گوتی:

«هەڵستە ئافرەت، هەڵستە با بەڕێ کەوین.»

ئەلیف:

«هەیرۆ منداڵەکان بەخەبەرنەیەن؟»

عەلی:

«پێش تاریک و لێڵە دەگەڕێینەوە.»

سەرلەنوێ، بەرەو دارگوێزە شەخسەکە بەڕێ کەوتنەوە.

لە لێرەوارە دوورەکەوە گڤەی بایێ، هاژە هاژێ، دەبیسترا و نەدەبیسترا، دەهات. ناوبەناوێکیش، شەپۆلی با بۆن و بەرامەی کاژ و نارەوەن و پەڕی سیاوەشان و پوونگ و گیاوگۆڵی هەمە تەرزەی بەلووتیاندا دەدا. لە دوورەوە، زۆر لەدوورەوە، بەڵکو لەپشت لێرەوارەکەوە چەقەڵێ دەیلووراند.

عەلی دەڕۆیی، بەڵام نووستبوو. ڕێگا ڕاست و بێ گرێ و قۆرت بوو، دەنا لەمێژ بوو گلۆر بووبووەوە. لەوەتی بەڕێ کەوتبوون ورتە لە دەمی هیچیانەوە

نەدەهات. ئەلیف هەنگاوێ لەپێش عەلییەوە دەڕۆیشت.

عەلی نیوە نووستبوو نیوە وشیار بوو. خەیاڵ دەیبردەوە. دەیگوت، ئێستا دەبێ لە چقوورئۆوا بارانێ بباریێ دەشت و دەر لافاو هەڵی گرێ. لەمێژبوو، هێشتا منداڵ بوو. دەریایەکی بێ سەر و سنوور، مۆر مۆر دەچووەوە. قومەڵان. سبەینانێ ڕۆژ هەڵدێ، دێ لەسەر ئەو قومەڵانە دەنیشێتەوە. دەریا دەبێ بە یەک پارچە زێڕی تواوە. قەیرێ زێڕاو دەکەوێتە کەف و کوڵ، دوایی کە ڕۆژ بەرز دەبێتەوە لێی دەدا، دەڕوا، دەریا دەبێتەوە بە دەریاکەی جاران، دەریایەکی کەف سپی. ئەوەی پێی دەڵێن دەریا، زۆر گەورەیە، ئاوێکی زۆر سەیرە، ئەودیوی دنیایە.

دەبێ ئێستا بارانێ بباریێ، وەک ئەوەی ئەوساڵە. کەپر و چەرداخ سەرلەبەر لافاو ڕای ماڵیبوون. لەکن مەزرا لۆکەکە چڕە دارستانێکی ئەسپیندار هەبوو. ماشەڵا لە گەورەییت خوایە. دارستانێکی وایە. لە لێڕ و دارستانی کاژ و کامالاکی تۆرۆس زۆر قەوغاترە، بگرە دە هێندەش دەبێ. کە بەرانبەری ڕادەوەستی دەڵێی ئەم چقوورئۆوایە تەنیا سێ شتی هەن. دەشتێکی ڕاستانی بێ گرێ و قۆرت. لەم پەڕیەوە هێلکە دانێ، بڕۆ لەوپەڕیەوە بیبینە. دەریایکی گەورە، نە سەری دیارە نە بن. جارێ مۆر دەنوێنێ، دەمێ ترنجی دەنوێنێ، هەر تاوناتاوێ ڕەنگێ دەپۆشێ. لە کوێ دەست پێ دەکا و لە کوێ دوایی دێ، کەس نازانێ. چییە و چی نییە، نازاندرێ. ئینجا ئەم لێڕە ئەسپیندارە دەڵێن ئاوێکی فرە زۆری لە پشتەوە دەڕوا. چەند گوند، چەند بەستێن، چەند لێڕ، چەند کێڵگە و مەزرا، چەند باخ و بێستانی پرتەقاڵی لەسەرن. نە ئەم پەڕی دیارە و نە ئەو پەڕی. پیاو پێی وایە دنیا لەودیوەوە، تا دەگاتە دەریا، لەوێوە تا تۆرۆس لێڕە ئەسپیندارە. دەڵێی سەرتاسەری دنیا دارستانە ئەسپیندارە. پڕە لە مار، لە کیسەڵ، لە کەمتیار، لە ڕێویی کلک درێژ، کللک درێژ، لە چەقەڵی چاو فروفێلاوی وەک چاوی شەیتان. لە جانەوەری وا نەدیتراوە و نەبیستراوە… لە پەری، لە خێو، لە جندۆکان… دەبێ بارانێ بباریێ، بارانێکی وا بباریێ هەرچی ماڵ و خانوو و دار و درەخت و کەپر هەن لە ڕەگ و

ڕیشـەوەیان ڕامـاڵێ و بیـانهێنـێ. دەبێ لافـاوێ هەسـتێ لەبەر چـوکڵ و چێو و ئاومـاڵک، سەراو بەدەرەوە دیار نـەبێ. وەک گلاوی بۆر ڕێ بکا. ڕاسـتـتر بڵێم، قـــوڕوقـــوڕاو ڕێ بکا. دەبـێ بـارانـێ ببـــارێ، کلـکی ئـەسپ چۆن داوی لـێ هەڵدەوەرێ، وەک پەت و گـوریس چۆن کـــرژ دەبنەوە ئـەوها ببـــارێ. وەک ئەو بارانەی، کە بە ئەسپیندارەوە، بـە خاک و خۆڵەوە، بەکیسـەڵەوە، بە ڕێوییـەوە، بە گورگـەوە، بە ئەسپـەوە، بـە گاوگۆتاڵەوە، بە خـێو و پەرییـەوە چـۆن هەمـوو دەرودەشتی ڕاماڵی، ئەوها سەرلەبەریان، تا ناو دەریا، ڕاماڵێ.

لەولای دەریاوە لە زوورگێ بووین. تازە ڕۆژ هـەلاتبوو. لەناو ئاودا شـڵپـەمـان دەهات. هەمـوو پاڵە لۆکەچنەکان، تا سبـەینـێ، لەسـەرما هەڵچۆقین. باران، بۆ هێندەی چاو بکەیەوە و دایخەی، پشووی نەدەدا.

کـە بەرەی ئـاسـۆ ڕوون بووەوە ڕۆژهەلات، چ ببـینـێ؟ تا چاو بڕکـا، لێـڕە ئەسپیندارە. ڕێک و ڕاست، بە حـەلحەلەی عـاسمـاندا چووە. یەک داری لێ لار نەبووەتەوە. نەمـامێکی لـێ نەشکاوەتەوە. ئەو پێدەشـتـەی داپۆشـیـبـوو و بەرەو دەریا دەکشا.

پاڵە لەسـەرما هەمـوو ڕچیبوون، شـەستە باران، وەک غـەزەب هـەر دەباری و لێی نەدەکردەوە. کەس بەتەمای خۆی نەمابوو. لەسـەرمـان چۆقەی ددانت بێ و تا خوا هـەقت دەستێنێ بلەرزە.

باران لـێ نەکاتەوە، چار ناچارە، دەبێ لەو زۆنگە بمێنیـەوە و لە سەرمـا ڕەق بیـەوە. دەشـکرا لە زوورگ بێـیــە خـوار، لە گـوندێکی بحـاوێیــەوە. بەلام چۆن دەگەیە گوند؟ کارێکی سەخت و ئەستەمە.

لێمـشت و سـێلاو گـوندەکـانی لە زۆنگەکـان بەتەواوی دابڕیبـوو، تەیری لـێ نەدەپەڕییەوە.

باران پـەردە پەردە بەری ڕۆژ و پـانتــاییی دەریـای لێ تـەنین. بارانـی وا هـەر بەسـەر دژمنت بێ. لەکێشدا نەبوو.

هـەر هێندەمـان زانی لێڕە ئەسـپیندار وەک لافـاو هـات پاڵی بە گوێ دەریاوە

دا. خەڵک هەرچییەکی دەڵێ با بڵێ، خەلیلە پیر پیاوێکی ژیر و لێزانە گوتی:

«تەماشا کوڕینە، تەماشای حیکمەتی خوا کەن، چەند گەورەیە. تەماشا چ پەرجووێک دەنوێنێ. سەیرکەن کوڕینە...»

لەوسەر تاوێرانە پەپوویێ سێ جاری خوێند. هەر لە دووی وی چورەپۆپنەیەکیش چەند جارێ «چووووووور» چووڕاندی.

«ئەگەر بەم بارانە نەڵێن حیکمەتی خوا ئەی بە چی دەڵێن. کورە تۆ سەی سەی، بزانە لێڕە ئەسپینداریکی ئەوەندەی دنیایەکی جەنگڵ ئۆغڵووی چۆن بەگڵەوە، لە ڕەگ و ڕیشەی دەردێنێ و ڕای دەماڵێ.»

هەرکە بەری ئاسۆ ڕوون بووەوە لێمشت و سێڵاو بەر تیشکی ڕۆژ کەوتن، سەرانسەری چقوورئۆوا لە بن لافاودا بریقایەوە، گوندی سەرلەبەر خۆیان لەبیرکرد، چاویان بڕییە لێڕە ئەسپیندارەکە، کە دەهات. لێڕە ئەسپیندار هات هات، تا گەیشتە گوێی دەریا. ئەوانی زۆنگەکان لە دڵی خۆیاندا گوتیان ئیشەڵا ئەم لێڕە لەم گوێ دەریایە دەگیرسێتەوە. ئەسپیندار وەک شەنگەکیژان لەبەر باران دەشەنگن.

هەموو لە گوێ دەریا ڕامان. لەناو لێڕە ئەسپیندار، وەک بڵێی لە گوێی دەریا هێوری. لە پاشان ڕیزە ئەسپینداری پێشەوە بەجارێ کەوتنە نێو دەریاوە. لەپاش ئەو ڕیزە ڕیزێکی تر تۆت بوونەوە نێو دەریا. ئیدی هەروا پەردە پەردە، ڕیزە ئەسپیندار بوو و دەکەوتنە ناو دەریاوە. هەر دەتگوت لافاوی لێڕە ئەسپیندار هەڵستاوە، تا نیوەی شەو هەر لافاو هات، بارانەکە هەر لێی نەدەکردەوە.

بە خەیاڵ پێی وا بوو لێڕە ئەسپینداریکی بە پڵپڵە و پۆپلە، بێ وچان دێ و دەکشێ، ئەوجا لە کەنار دەریا قەدەرێ دەوەستێ و دەکەوێتە نێو دەریاوە.

بارانەکە حەوتووێکی ڕێک و ڕاستی خایاند. لێڕەکە ئەسپیندار کشا، هات، حەوتووێک هەر دەکشا و دەهات تۆت دەبووەوە نێو دەریا. گوندی نەهاتبان لە زۆنگانیان قوتارکردباین، ماڵ و منداڵ هەموو لەسەرما ڕەق هەڵدەهاتن.

عەلی نووچێکی دا. چاوی خەواڵوو بوو، ماندوو، شەکەت، خۆی نەگرتبایەوە دەمەوڕوو دەکەوت.

ئەلیف دەم و دەست فریای کەوت، لە پیلی گرت. دەڕۆیشتن، کڕوکپ، سرتەیان لێوە نەدەهات.

لەپاشان عەلی بە دەمودووێکی خۆش و دەنگێکی وەک قەدیفە نەرمەوە، بە ژنەکەی گوت:

«ئافرەت ئەو بارانەت بەبیردێ؟ بەبیرت دێ لێرە ئەسپیندار چۆن وەک سێلاو دەکشا و پەردە پەردە، دەکەوتە نێو دەریاوە؟ ئەوساڵە گوندەکەی ئێوە لە چقوورئۆوا بوو. وەنەبوو؟»

ئەلیف:

«توخوا وس بە پیاوەکە، خوا نەکا، جارێکی تر ئەو ڕۆژە ببینینەوە. گوندەکەی ئێمە سێ شەو و سێ ڕۆژان لە بەر باران هەڵلەرزی، خەڵک هەموو لەسەرما ڕەق بوونەوە. دەستمان بە هیچ گوندێ نەدەگەیشت. دنیا شەوەزەنگ بوو. تاریکێکی ئەنگوست لەچاو بوو.»

عەلی:

«ئەمشەو، یا سبەی دەبێ لە چقوور بارانێ بباریێ، لە بارانەکەی جاری دی زۆر قایم و توندتر بێ. دەبێ دار و درەخت هەموو لە ڕەگ و ڕیشەوە ڕامالێ. بارانەکەی دەبێ حەوتوویێک بخایێنێ. حەوتوویێک دە ڕۆژان پالە ناتوانن بچنە ناو مەزراوە. تا ئەوساکە ئێمەش دەیانگەینێ... وەک بەبیرم بێ، لەپاش بارانەکە بە حەوتوویێک، کە گەیشتنە مەزراکان، چ ببینن. لۆکە سەرلەبەر هەڵوەریوە، قوڕاوی بووە. بەجارێ بەرباد بووە، خێوی بەرەجووت سەیری مەزراکەی کرد، خۆی بۆ نەگیرا، فرمێسک لە هەردوو چاویەوە ڕێچکەی بەست، لەپێش چاوی ئەو هەموو پالەیە، لەناو ئەو هەموو مندال و تواڵە، وەک مندالی وەڕوێڕکە دایە زۆڕە زۆڕی گریان و لووشکە لووشک، گوتی «خوای گەورەم، ئەمەبوو ئەوەی پێت کردم؟ ئەگەر ئەمەبێ دەسا،...» ئێمەش چووینە

ناو مـەزراکـەوە، لۆکـەی قـوڕاوی قـوڕاوی و خـۆڵاویمان خـڕ کـردەوە. لۆکـەی قـوڕاوی بەسـەنگتـرە، ئەوسـاڵە، دوو هێندەی سـاڵێکمـان پتـر پـارە وەچەنگ کـەوت. ئەلیف، ئێسـتـا هەورێکی زەلام بـەری ئاسـمـانی ئـەم چقـوورئۆوایە دەگـرێ. هـەورێکی ڕەش ڕەش، وەک چەورکـرابێ دەبریقـێـتـەوە. بایـەکـیش هـەڵدەکـا، دەبێ بە هـەورە تریشـقـە و برووسکەیێ، هاسـمـان خـرچ خـرچ دەقـەڵشـێ. لەپاشـان دەگـەینێ. هـەنگینێ قـەرز و قـۆڵەی عـادیلەفـەندیش دەدەینەوە و کۆشێ پارە و پوولیشمان بۆ دەمێنێتەوە.»

ئەلیف:

«ئەوساڵەش وابوو، لۆکە وەک قوڕقوشم بـەسەنگ بوو. خاوەن مـەزرا لە نیوە پتری بۆ حسێب نەکردین. وێڕای ئەوەش دوو هێندەی ساڵانی ترمان وەچەنگ کەوت. خوا نەکا پیاوەکە، خوا بارانی وا نیشانی هیچ بەندەیێ نەدا. کرێکار و پاڵە لە نیـوە پتریان نەخۆش کـەوتن، هەرچیش نەخۆش کەوت ڕاست نەبووەوە. زستان هات، حەوتوو نەبوو، یەک دوویان لێ نەمرێ.»

عەلی گوتی:

«لەکن مـەش وابوو. بەلانەکـوونێ سـبـەی چقـوور دەبێ بە هـەورو هـەڵلایێ، بـایەکی هێند سـار هـەڵدەکـا، دەشـت و دەر لێک دەنێ، دوو هـێندەی سـێ هێندەی ئەوسـاڵە دەبارێ. هەروەک کـوندەی سـەربـەرەژێر دێتـەخـوار. وەک خەشم و خەیدین دەبارێ. بەری عاسمان وای لێ دێ...»

ئەلیف ترسا، لەم دلڕەقی و زۆرداریـیەی مێردەکەی پرینگایەوە، بە دەنگێکی بەترسەوە گوتی:

«خوا نەکا پیاوەکە، گوێی شەیتان کەڕ بێ، با لە زارتی برفێنێ، حەیفت لە منداڵی خـەڵک نایە؟ وا مەڵێ عەلی. مـاڵی بارانم بە هـەش گرت. هـەر دەگـەین، لۆکـەش خـڕدەکـەینەوە. سـا خـوا هـەر چەندێکی ڕۆژی بۆ بڕیبـینـەوە، چەندی بەقسمەت کردبین...»

عەلی:

«هەربینا دایە برووسکە و شریخە شریخ، دەڵێن یەکەم مەڕ، دووەم پڵینگ لە شریخەی برووسکە و هەورە تریشقە زراویان دەتۆقێ. شریخەیەک کە پڵنگی پێ زارەتەرەک بێ. گـــــرم و هـۆڕی وەک دەهۆڵ، هەزار دەهۆڵ، دوو هەزار دەهۆڵ، دە هەزار دەهۆڵ چۆن پێکەوە لێ بدرێن، ئاوا دەگرمێنێ.»

دەیزانی ئەلیف دەترسێ، خۆشی دەترسا، نەیدەویست باسی بکا، بەڵام هێندەی ڕەحەتبوونێ ئیشتیای لە گێڕانەوەی بوو. لەتاو شەکەتی خۆی بەسەر پێوە نەدەگرت.

«دوو ڕۆخانە هەن، سەیحان و جەیحانیان پێ دەڵێن، سەد هەزار ڕۆخانەی وا بهێنی و بەرەو ئاسمانیان هەڵبەستی و لەناکاو بەسەر مەزراکانیدا بەردەیەوە، چۆن دەبارێ، بارانێکی وا دەبارێ. تۆفانەکەی نووح پێغەمبەر چۆن هەستا، تۆفانێکی ئاوها هەڵدەستێ.»

ئەلیف:

«پیاوەکە قسەی وا مەکە، بەقوربانت بم. بەزەییت بە منداڵەکاندا نایەتەوە؟ ئێمەش خاوەن منداڵین.»

عەلی تووڕە بوو، هەڵی دایە:

«نەخێر نایەتەوە. من چیم بەسەر منداڵی خەڵکەوەیە! ئەمساڵ باران نەبارێ، من چاوم بە چارەی مەزرا لۆکە ناکەوێ. بشکەوێ هەر حەوتوویێک دەکەوێ. ئەوەش پێنج یەکی قەرزەکانمی پێ نادرێتەوە. بێ باران ناکرێ. دەبێ ببارێ. دەبێ تۆفان هەڵکا.»

ئەلیف:

«جا پتر کاردەکەین. با حەوتوویەکیش بێ، ئێمە کە دوو هێندەی خەڵکیمان کارکرد...»

عەلی گوتی:

«تەماشا، چۆن ئەم مریشکە دوابڕاوە نەمرد و لە دەستی ڕزگارم بێ. خوا دەزانێ بۆ کوێ چووە؟ کار وا بڕوا خەڵک لۆکەی خۆی تەواو دەکا، ئێمەش

هێشتا لە پاشەوە هەروا لۆقە دەکەین. چارێکی ترمان نییە. دەبێ بارانێکی وا ببارێ... باران نەک گاڵتە! ئاخ باران! خوایە بارانێکی سەربەکڵاوە ببارێنە، جا ئەوسا بزانە منیش چۆن قوربانییەکت بۆ دەکوژمەوە، کەڵەشێرێکی سووری جوان. چەور. خوایە بارانێ! بارانێکی وا، وەک بنی عاسمان کون بووبێ لێی بێتەخوار.»

ئەلیف وەخت بوو دەست بە گریان کا. بەڵام دەشیزانی عەلی ئەو قسانەی لەدڵەوە نەدەگوت، لە ڕکان دەیگوت.

عەلیش بێ وچان هەر دەیگوت: «وەک بارانەکەی قەواغلی، خوای گەورەم.»

ئەلیف:

«بەڵکو دایکم کەوتبێتە پەنایەکەوە، کەساسە دەنگی دەرنەیێ، با گوێ هەڵخەین، ئەمە خوایە، بەشکو گوێمان لە دەنگی بێ. با بانگی کەین.»

عەلی ئەوەندەی دەنگی بڕی کرد، هەر وەخت بوو بدڕێ، بانگی کرد:

«داییییییییە! داییییییە! خوا بتباتەوە، نە گوێی لێیە و نە هیچ. ئاخۆ ئەم دایکە بۆ کوێ چووبێ؟ شتێکی بەسەر نەهاتبێ؟»

دەستی ئەلیفی گرت، گوتی:

«بەساغی دەستم کەوێ و بزانم ئەمشەو کەتنێکی پێ کردووم، دایکم بووبێ بە ژنم، دەبێ پڵێت پڵێت لە لووتی دەربێنمەوە. نە دایک دەڵێم و نە باوک. پڵێت پڵێت.»

ئەلیف ورتەی نەکرد. ئەمە یەکەم جار بوو قسەی وای لەمەڕ دایکی لە عەلی دەبیست. سەرسام ببوو.

«شەو و ڕۆژ هەر بڵێ ئەسپەکەی کوشتم، ناوجەرگم بخۆ لەت لەتم کە، کەرت کەرتم کە! هەرچییەک بڵێم، شەو و ڕۆژت لەبەر بپاڕێمەوە، وەڵامم مەدەوە، ڕزگارم کە. ئەم ڕێگایە وەک سەگی پێ سووتاو دە جاران دەکوتمەوە، تا پاژنەم دەگوێ و ژێرپێم دەسوێ...»

عەلی توندی و پشوو سواریەکەی خاوبووەوە.

ئەلیف:

«مەکە عەلی مەکە! دایکتە. لە پاشان، تا بینت لە گوناھ دەنیشی. لە ڕۆژبازاڕی قیامەتدا ڕووڕەش و ڕیسوا دەبی. کۆتی داخکراوی جەحەنمت لە ستۆ دەکرێ. هەقی دایک وەک هیچ هەقێکی دیکە نییە. شیریت لێ حەرام دەکا و بەر تووک و نزای دەکەوی، بۆ منداڵەکانمان خراپە، خێر و خۆشی لە خۆیان نابینن.»

عەلی:

«نەیبینن، نەیبینن! هیچ نەیبینن! خێر لە خۆیان نەبینن با منیش بکەومە نێو سەقەری دۆژەوە، کڵپ کڵپ بسووتێم، قوبووڵمە، دۆژم قوبووڵە. خوامە و خوا ئەم شەو کەتنێکی پێ کردبم، سا دایکی خۆم گابێ منیش لەسەر ئەم چیاو کەژ و کێوانەی تۆرۆسە، لەم ناو دڕونده و جانەوەرانەی بەجێ بێڵم. جا هەنگینێ با ڕووت و قووت لە حوزووری خوادا ببم بە جەحەنمی و دوونێرە زەبانییەیش لە پێلم بگرن وەک ناخوا و گاور ببڕای ببڕای چاوم بە بەحەشت نەکەوێ. زیندووش نەبمەوە. گوێت لە قسەکانم بوو؟ دایکیان دایک گوتووە، دەبێ دایکێنیی خۆی بزانێ.»

ئەلیف:

«زاڵم مەبە، زوڵم و زۆرداری باش نییە. لە پاشان پەژیوان دەبییەوە. هات و هۆ لەوێندەرێ، لەبن ئەو دارە مردبوو! فزەی لێ بڕابوو! ئەودەمی چت لێ دێ؟ وا مەیێژە. هەزار جار پەژیوان دەبییەوە.»

عەلی، کە باسی مردنی بەرگوێ کەوت، پشووسوارییەکەی یەکسەر نیشتەوە. کە هاتەوە سەرەخۆ، هەموو ئەندامی لەشی خاوبووەوە. شەکەتی و خەوێ دایگرت، خۆشی سەری لە خۆی سوڕما.

ئەو ساڵە نووای بەفر کەوتبوو. دەرەوە زۆر سارد بوو. کۆتەرەیەکی زەلامیان لە ئاگردان هاویشتبوو، هێندەی ورگی زەلامێ ئەستوور. کۆتەرەی تاین کڵ و

کـۆیەکـی سـووری بلوورینـی لێ کـەوتبـووەوە، بـەڵام عـەلی هـەر ئـەوەبوو ڕەق هەڵنـەدەهات. دایکی پێی دەزانێ، سـینگی دەکـاتەوە، سـەری دەخـاتـە نێـوان هەردوو مـەمکە ڕووتەکانیەوە. هـێندەی پێ ناچێ عـەلی گەرم دەبێتـەوە. لەرز و چۆقـەچۆقی ددانـی دەنیشـێتـەوە. بۆن و بـەرامـەیەکی گـەرم و گوڕی مـرۆ، بۆن و بەرامەی دایکێکی لە لەش دەزێ. لە پاشان لە سەروەختی نەخۆشییەکەیدا... لە سـەروبەندی سـەربازییـەکـەیدا، ڕۆژێ لـە ڕۆژان بە بێ خـەرجیی نەهێشـتبـوو. پلکە مرێمۆک لە دایکی خـەڵکی تر ناچێ. ئازایە، عوسـمانلییـانـەیە. خـۆ ڕەنگ نییە جارێ باوەشت پێدا کا، بە مـاچ و دوو مـاچ دڵی داناکەوێ. هەزار جـارت ڕادەمـووسێ، دووهـەزار جـارانت مـاچ دەکـا. دایکی وە لـە کـێندەر وەچـەنگ دەکـەوێ. بەڵام هێند سـەرەڕۆیە، سـەرەڕۆیەکی کـوێرانە، دوای بـڕێتـەوە. تا دەگەمە چقوور، نەمرم منیش بۆخۆم دەزانم دڵم چۆن ببێ بە بەرد و ئاسن.

«ئاخ! ئاخ!»

ئەلیف:

«ئاخ هەڵ مـەکێشـە، لە دەورت گەڕێم عـەلی گـیان. بە لۆکەش ڕاناگـەین، ئەمساڵ لە چقوور دەمێنینەوە. ئەوکات، ڕەگ هەڵدەکەنین، دەڵێن ئەویش پارەی چاکی تێدایە.»

عەلی دیسان بەتووڕەییەوە:

«خۆم بکەم بە گەپجاڕی خەڵک و خوا، ببم بە قەشمەرجاڕی ئەم گوندییە بێ ئابڕووانە، وە نییە؟ بڵێن بۆیە لە چقوور مایەوە...»

ئـەلیف دەیەویسـت دڵی بداتەوە، لە هـەزار ئاشـی کـــرد، کــەچـی ئەو هـەر وەڵامــیــشـی نەدەدایەوە، هەر پیـــشـی دەخـــواردەوە، هێندەی تر پشــووی سواردەبوو، پڕکێشتر دەبوو.

خـاکی چقـوور بە تێن و تاوشـتـە، وەک لۆکـە نـەرم و نۆڵە. کێ دەزانێ ئەم خـاکەیان چۆن وا وەک ئارد ورد ورد لێ کردووە؟ ڕەش ڕەشـە، بەبریق و باقـە، پێیدا دەڕۆی تا بەلەکت لە خۆڵەپەتانێ دەچەقێ. لە تاریک و لێڵـەدا وەک خەون

تەم و مــژ دایدەگــرێ. هەر دەڵێی ڕووناکی لە ڕۆژەوە نایە، وەک لە خــاک و خۆڵەوە پەیدا بێ وەهەیە. ئەمەی چقوور لە کەژ و کێوەکانیشدا نییە.

ژنەکەی دەلی بەکر سمتی خڕ و لەرزۆکە. بەژنی نەختۆکەیەک کورتە، بەڵام کورم دەوێ خۆی لەبەر جیلوەی ڕابگرێ. کوڵمی سێوە لاسوورەی پەمبەیی دەنوێنێ، دەکرێتەوە. سێبەری بژانگە درێژەکانی دەکەوێتە سەر ڕوخساری ناسک و بەفرینی. چاوت لەبەر چاوە وەک ڕەژی ڕەشەکانی هەڵنایە. ڕاوەستە، بڕوانە، لە پێش دەمیدا لەرزت دێتێ. چۆقەچۆق لەرزت دێتێ. پەنچەت لە پەنجەی ناکەوێ. وەک دەڵێن بۆ خەو، سێبەری تاوێر، شامار لێ گەڕێ، بۆ ئەوین، کورتێی جوانان، فیتنەکار لێ گەڕێ. جا بەڕاستی فیتنەکارە. دەلیجە بەکر بڕواناکا. بە چاوی خۆی ببینێ بڕواناکا. لاو و هەرزەکار نەماوە نەچووبێتە باخەڵی ژنەکەی دەلیجە بەکراغاوە. ئەو وەک لە کتێباندا نووسرابێ، وەک یاسای میری وایە. لاوێ لەپێشدا لەگەڵ خاتوو دوێندوویلی دەستێ دەنوێ. لاوە ژن دێنێ، دەبێ بەخێوێ زارۆکان، کەچی پەسنی جیلوەی خاتوو دوێندوویلیی لە زار ناکەوێتە خوار خاتوو دوێندوویلی هەرگیز لەگەڵ پیاوی ژنداردا نانوێ. چەندین بەیت و بالۆرەی پێ هەڵگوتراوە؟ ڕەپ و ڕاست لەکن دەلیجە بەکر بەگۆرانییەوە دەیانبێژن. جارێکیان دەپرسێ: «ئەرێ ئەم خاتوو وێندوویلییەم پێ ناڵێن کێیە، وا ئەم هەموو بەیت و بالۆرانەی پێ هەڵگوتراوە؟» یەکێ لەولاوە دەڵێ: «ئەوە نەنەی خۆمانە، دەڵێن زۆر جوان و شۆخ و نازەنینە هەر لەحەزەڵەوە ئەم حەمکە بالۆرەیەی وەبانا هەڵدریاگە.»

دەزانێ دەزانێ، بە هەمووی دەزانێ، بەڵام دەلیجە بەکراغا چاو لە گشت چشتێکی خاتوو دوێندوویلی دەپۆشێ. ئەویش پیاوێکی ئاوهایە، گوێ بە هیچ نادا. قەت ڕۆژێ ژنەکەی بەرانبەر خۆی دانەنا، بڵێ ژنەکە چ دەکەی؟ ئەمە چییە؟ یا حاڵێ یا حیکایەتێ.

لە شەوێکی گەرمدا، نەک گەرم، شلەتێن، کە بای ڕۆژاوا هەڵکا شنەشن. پەڵە هەوری سایەوان چەرمک ئەم بایە دەنێرێ. سەر لە بەرەبەیان کاتێ، دنیا نەختێ فێنک دەکا و کۆ دەکەوێتە جریوە جریو، ئەودەمی خاتوو دوێندوویلی

لەسەر ئەو زەوییە نەرم و نیان بەتێنەی مەزرا لۆکەیە پاڵ خەی لەزەتی قەت تەواو نابێ. پیاو حۆل و گێژ دەبێ. لەشی کرژ دەبێتەوە. دەفڕێ. شتی وا هەر جارێ لە ژیاندا بۆ پیاو ڕێک دەکەوێ. خاتو دوێندوویلی ئەم کارە هەر جارێ لەگەڵ پیاو دەکا. لەگەڵ پیاوی ژندار‌دا خۆ ئەوە هەر هیچ. بەڵام عەلیی زۆر خۆش گەرەکە لە تاوان بۆی دەبوورێتەوە. زۆری زۆر حەز لە گۆرانی و بلوێرەکەی دەکا. زۆری حەز لە گەردەن و لێویەتی. لەپاش خاتوو دوێندوویلی ژن حەرامە.

ئەلیف لەلای ڕاستییەوە دەڕۆیی، لێی نزیک کەوتەوە، خۆی لێ هەڵخشاند.

بیری دەکردەوە، گوتی: «داماوە بە دوو ساڵ نە جیلوەی ما، نە حیلکەی. هەر بەجارێ پیر بوو.»

«پیاوەکە لە دەورت گەڕێم. بانگ کە دایە. با سەیرێکی قەراخ و ڕێگاکەش بکەین. بەشکو چاومان بە تارماییەک، بە شتێک بکەوێ...»

ئەمساڵ، لە لۆکە چنیندا، لە بەرەبەیاندا، کاتێ زەوی وەک ژیلەمۆی نێوئاگردانی لێ دێ... خاتو دوێندوویلی. عەهد و پەیمان بێ... بەڵام تا ئەم پیرە مرێمۆکەم بەرانبەر ڕاوەستابێ، نە لۆکە و نە سمتی خڕی تۆ...»

بانگی کرد: «دایە، داییییە! لە کوێی؟ دە وەڵامم دەوە.»

جارێ عەلی بانگی دەکرد، جارێ ئەلیف بۆی دەستاندەوە. تا گەیشتنە بن دارگوێزە شەخسەکە هەر بانگیان کرد، لە هەموو بنە دەوەنێ ڕامان، چاویان بە هەر بۆرە تارماییەک کەوت لێی وردبوونەوە.

ڕۆژ ڕوون بووەوە.

ماندوو و شەکەت لە بن دارگوێزەکە هەڵکورمان. پشتیان بە دارەکەوە دا. هەناسەبڕکێیان پێ کەوتبوو.

عەلی سەیرێکی ئەلیفی کرد، دەموچاوی زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەی کردبووەوە، گوتی:

«چیی بەسەر هات؟ دایکم بۆ کوێ چوو ئەلیف؟»

ئەلیف:

«هەر لە هەوارگەکەوە تا ئێرە بانگمان کرد. لەم دەوروبەرە بووایە وەڵامێکی هەر دەداینەوە.»

عەلی:

«چوزانم؟ دەیدایەوە؟»

ئەلیف:

«بەم نیوەشەوە، ئەم هەموو وەرە و بڕۆیەی بۆ ئێرە و ئەوێ پێ نەدەکردین. بۆ کوێ چوو؟ لەم نزیکانە گوند و موندیش نییە. هەیە؟»

عەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«نییە.»

لەوبەر ڕووناکی بەیانییە دەموچاوی نیوەی لەبەر ڕووناکی و نیوەی لە تاریکیدا بوو. تا گەڵای دەوەنێ لە نزیکیانەوە، لەبەر بای بەیانی پرتەپرتی بوو. لە دوورەوە، پۆلە کۆترێکی سپی هەڵستان. وەک تۆپە کەفێ بەعاسماندا پەرت و بڵاوبوونەوە، لەسەر تاوێرەکان نیشتنەوە. عەلی کۆتری زۆر خۆش دەویست. زۆری کەیف بە سپێتی و بەعاسماندا فڕین و پەرش و بڵاوبوونەوەیان دەهات. خەم و دەردەسەرێی دایکی نەبوایە، بیر و خەیاڵ نەبوایە، پشوویێ، دوای ئەو پۆلە کۆترە دەکەوت، کێهە سەرا و خۆش بوو، کام مەزرا گەرم و نەرم بوو، کام باخە پرتەقاڵ جوان بوو، کام جێگای ژێر شینایی عاسمان جوان و خۆش بوو، لەوێ دەنیشتەوە.

ئەلیف چاوی لە دوڕ چاوی عەلی بڕی. چەند شتێکی دەپرسی. عەلی چاوی داخست. هەرکە چاوی هەڵبڕییەوە تەماشای کرد ئەلیف دەگرییێ.

«ئەوە چییە، دەڵێی شتێکت لێ بەسەرهاتووە؟»

ئەلیف:

«لەم ڕێگایە بەولاوە لە کوێی ترەوە دەڕوا؟»

عەلی:

«لە کوێی ترەوە دەڕوا؟»

ئەلیف هۆریزیا. ڕەنگی پەڕیبوو.

«دەڵێم، تا ڕووناکــــە، تۆ لەوبەری ڕێگاکـــەوە و من لەم بەرەوە، بەرەو هەوارگەکەمان بگەڕێینەوە، سا ئەمە خوایە، بەشکو بەرچاومان کەوێ. خۆ منداڵەکان بەخەبەربێن...»

عەلی بەتوندی:

«منداڵ هیچیان لێ نایە!»

یەکێکیان لەم بەری ڕێگاوە ئەوی دییان لەو بەرەوە... تووشی هەر دەوەنێک دەبوون بنەکـــەیان دەپشکنی، چاویان بە هەر دارێ دەکـــەوت ژێریان ســـە دەکردەوە، هەر حاڵێکیان دەدیت لێی ورد دەبوونەوە، بەلای هەر شـیـوێکدا ڕادەبردن دەگەڕان، منەییـیان دەکرد و دەڕۆیشتن. عەلی لە تاو ماندوێتی و کەشەنگی و خەم و پەژارە دەمـوچاوی زەرد هەڵگەڕابوو، مووی ڕدێنی ڕەپ وەک دڕوو، پەریشانییەک، کەساسی و بێ چارەییـیەکی تێدا خەست کردبووەوە. دەمەو نیوەڕۆ گەیشتنە هەوارگە. منداڵەکان هەر لە دوورەوە چاویان پێیان کەوت، بە هەڕاکردن، وەپیریانەوە هاتن. زانیبوویان لە نەنکیان دەگەڕێن. بێ سام و ترس، ژیر ژیر، هێوربوون. عەلی خۆی بەسەر بەردەکەدا دا، هەردوو باسکی بەتەنیشتیەوە درێژ بووبوونەوە، چاوی لەبەر هەتاوەکە قووچابوون، گلۆڵە بووبوو. منداڵەکان و ئەلیف بەترسەوە تەماشایان کرد. هیچ کـاتێ، لەبەر هیچ ڕووداوێکدا بەو ڕەنگەیان پەرێشـــان نەدیتـــبـــوو. دەموچاوی لە یەکبینە درێژ دەبووەوە، زەرد هەڵدەگەڕا، ئارەقەی دەکردەوە، سارد دەبووەوە. چاکی لێ وردبایەوە نەختۆکەیەک سەوزێکی لە سەوزی برش دەنواند. ئەلیف لە سەوزیی برش دەترسا. سەوزیی مەرگ بوو.

عـەلی سـەری هەڵبـڕی، چاوی لە دوڕ چاوی ئەلیف بڕی، نازانم چاوەکـان چەندەم جاریان لەم شتە خراپە دەپرسی. بەڵێ ئەم جارەشی وەڵام سەندەوە،

گوتی:

«تاوانی من بوو، من گوناحبارم. دایکم من کوشتم. لەت و پەتم کەن. کەلاکەکەم باوێنە بەر سەیان، هێشتا هەر جێی خۆیەتی. خەلیلە پیرم سوار نەدەکرد. ئەمە لە ناوچەوانی منەوە بوو! لە ناوچەوانی منەوە بوو! بگەمە خواریێ، گوندی هەر بە سپ و ساغی دەمخۆن. دەڵێن دایکی کوشت، کەلاکەکەی لەو سەر کەژ و کێوانە بۆ گورگ و دالاش بەجێ هێشت و خۆشی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو و گەیشت. تا دەمرم، زارم لەبەر هەرکەسێ هەڵێنمەوە، بە چاومیدا دەداتەوە. ناوی عەلیی دایک خۆکوژم بەسەردا دەبڕدرێ. خۆ جارێ کوێخا مەگەر نەیبستێتەوە، پەتپەتی دنیام پێ دەکا. پۆلیسخانە بە پۆلیسخانەم پەلکێش دەکا. لەوانەیە لە زیندانیشم باوێ. تاوانی منە، ئەلیف تاوانی گەورە لە ئەستۆی منە. چ نەبێ لاشەکەیمان دیتبایەوە... لە شوێنێکمان وەشێردبا. ئاخ سەرە شێت و وێتەکەم، سەرە سەرسەرییەکەم، چ دەڵێی، دە بخۆ، خەلیلە پیر سواری ئەسپ دەکەی، ئەو هەموو گەڕ و بەلایە بەسەرەخۆت دەهێنی؟»

حەسەن بەدەستی دایکیەوە نووسابوو، پەیتا پەیتا دەیپرسی:

«نەنکم لە کوێیە؟ نەنکم مردووە؟»

ژنە گوێی بۆ مێردەکەی شل کردبوو، خەریکی ئەو بوو. وەڵامی منداڵەکەی نەدەدایەوە. کوڕە هەر پرسی و ڕێسای تا تەقی لە جەرگی کرد قیژاندی:

«ئەرێ دایە! دایە! نەنکم مردووە؟»

دایکی پێیدا هەڵکالا، گوتی:

«جوانەمەرگ، نەنکت بۆ بمرێ؟ گوم بووە. گەڕاین نەنکتمان نەدیتەوە، کەس نازانێ بۆکوێ چووە.»

حەسەن چووە بارێکی شایی بەخۆوەبوونەوە. دەستی ڕاستی بە لاجانگیەوە نا. بابیشی کە شتێکی زۆر گرنگی گوتبا، وای دەکرد. گوتی:

«ئەمن دەزانم بۆ کوێ چووە. ئەمن دەزانم، لەدوایەوە دەڕۆیشتم زاری هەر

پرتەپرتی بوو، بیستم. لەبیرتانە کە باوکم پێی گوتین، ئێوە لەگەڵ دایکتاندا بڕۆن، من لە دوایەوە بووم، زاری پرتەرتی دەکرد، بیستم.»

ئومە خان لچێکی لێ هەڵقورتاند، گوتی:

«لە درۆت ڕیم، خۆ منیش لە دوایەوە دەڕۆیشتم، ئەی بۆ هیچم نەبیست؟»

حەسەن:

«منیش نەمبیست، بەڵام لە پرتەپرتی زاری و بە دەموچاویدا تێ گەیشتم.»

ئەلیف بەجارێ ئارامی لەبەر بڕابوو، قیژاندی، گوتی:

«دە بڵێ چت بیست؟»

حەسەن هەمدیس دەستی بە لاجانگیەوە نا، گوتی:

«نەمبیست، بەڵام وا تێ گەیشتم، نەنکم بەرەو گوند گەڕایەوە.»

عەلی یەکسەر ڕاپەڕی گوتی:

«دەمزانی وا دەکا. دەمزانی ئەمە...»

ئومەخان گوتی:

«درۆ دەکا، حەسەن هەمیشە درۆ دەکا.»

کەس گوێی نەدایە. ئومە خان تووڕە بوو.

«نەنکم قەت بۆ گوند دەچێ؟ حەسەن هەر وایە، شەو و ڕۆژ خەریکی درۆکردنە.»

حەسەن لە خۆشییان باڵی گرتبووەوە، گوێی لە قسەکانی ئومە خان نەبوو.

عەلی بە هەڕاکردن ملی ڕێی گرت:

«ئێوە ڕاوەستن، من دەیگەمێ. دەیگەمێ، دەیهێنمەوە.» نیوە تووڕە و نیوە دڵخۆش... هەر هێندەی چاولێک نێی و بیکەیەوە لە شیوەکە چووە خوار.

لە چاو ون بوو.

دەمەو پاش عەسرانێ بوو، گەیشتە دارگوێزە شەخسەکە، بەکنیدا تیژ

تێپەڕی. پیرە دارگوێز، قورس و گران، بە هاژەهاژ، لە شوێنەکەی خۆیدا وەک کێوێ وەستابوو. خۆ لکێکی پێوەبوو، یەک پارچە کووژەی شین بوو. هەریەکە لە چەشنێ، ورد، درشت، لە شینی تێرەوە بگرە تا شینی کاڵ، ساڵانی ساڵ لکی تاین سەرتاپای بە کووژە سواخ درابوو. سەیرێکی ئەو لکەی کرد. هیچ گوێی دارەکەی نەدەدیت، تەنیا هەر لکە بەکووژەکەکەی دەدیت.

پاڕایەوە: خوایە تۆ بەم دەم و بەو دەست هەر خەریکی، ئەو لکە پیرەدارە بەکووژەکەیە سواخ دەدەی، ئەی نابێ لایەک لە حاڵی منیش بکەیەوە؟ ئا ئەم بەڵای سەرە گێز و گوڵێنگە؟ گوندی سبەینێ دەچنە لۆکە. وەڵا ماڵ و منداڵ... هۆ ئەو خوا گەورەیەی لکە دارگوێز بە کووژەکە سواخ دەدەی وەبیلا دەچن. ئێمەش لەبەر سەرما و سۆڵەی ئەم ساڵ دەمێنینەوە، یارمەتییەکم نادەی؟ لە پڕیکدا سەری ئاوسا: ئەم پیرەژنە چیی لێم دەوێ؟ وەک دڵی بە سێ جار ئەم سەر و ئەوسەر پێکردنم دانەکەوێ و بیەوێ دە جارم بێنێ و ببا. کچێ پیرێژن، کچێ دایە، تۆ چ بەڵایەکی؟ ئاخر ئەم زستانە ماڵ و منداڵم هەموو لە برسان دەمرن، کچێ دایە دەزانی، خەبەرت هەیە؟»

لەرزی...

وەڵا بیلا لە پاشان گوێ نادەمە گوناه و موناه، ناڕوانمە قسە و قسەڵۆکی گوندییان: بڵێن دایکی خۆی کوشت، وەڵا بیلا لەو سەرچیا سەرکەشانە، لەو ناو لێڕەوار و بێشەلانانە، لەو ناو بەرد و تاوێرانەت بەجێ دەهێڵم، دەڕۆم. بە دوو ڕۆژان دەمری و دەبڕێیەوە. ئەمەم پێ مەکە. هەزار بەڵای خوات لێ دا! دەگەڕێیەوە بۆ گوند، چ دەکەی لەوێ؟ دوو ڕۆژت پێ ناچێ، لە برسان دەمری. لە دەست و پێ دەکەوی. ئەم کارەم بەسەر مەهێنە، من نازانم تۆ بۆچی بووی بە بەڵای سەرم. وەڵا وەبیلا لەم سەرکەژەت بەجێ دێڵم، دەڕۆم. تا دەهات تووڕەتر دەبوو، هەرچەندە دەڕۆیشت هێندەی تر ڕکی هەڵدەستا. هەرچەند دوورتر دەکەوتەوە و تووشی دایکی نەدەبوو هێندەی تر شێتگیر دەبوو.

لەجیاتی ئەوەی ئەم هەموو ڕێگایە بەرەو چقوور ببڕم... تۆ وەرە چۆن

تووشی بەلای خۆم بووم. بەلای خوام لێ دای ئافرەتی نەگریس. ئەمە هەمووی هەر بۆ ئەوەی لۆکە خڕنەکەمەوە، ماڵ و منداڵم هەموو لە برسان بمرن. دژمنە.

هەربینا ڕۆژ بووەوە و ها نەختێکی تر، هەر دەتگوت، لەسەر چقوورەوە لەپشت زنجیرە چیاکانی ئەوبەرەوە شۆڕدەبێتەوە. سێبەری هەموو شتێ درێژ دەبووەوە.

لێرەت بەجێ بێڵم، بڕۆم هیچ گوناهم نییە.

ڕاوەستا، ئاوڕێکی پاشەوەی دا سەیرێکی ڕۆژی کرد.

لێرەت بەجێ دێڵم، ڕێ و ڕاست دەگەڕێمەوە. بڕۆ، بچۆ بۆ گوند، بۆ گوندی بۆش و بەتاڵ، لەوێ بتۆپە.

ڕۆژێکی گەرمی هاتە پێش چاو. تەرمەکەی دایکی لەو ڕاستانەی بەردەمی ماڵیان کەوتبوو. هەتاوەکەی وەک چقوورئۆوا وابوو. دووکەڵی لێ هەڵدەستا. بە هەزاران مێشی سەوز دەنیشنەوە و هەڵدەستانەوە. مێش لە کونە لووتیەوە دەچوونە ژوورێ و دەهاتنە دەر. ئەو گوندییانەی تازە لەچقوور گەڕابوونەوە، هێشتا بار و بنە و بەر و بوخچەیان نەکردبووەوە، لە تەرمەکەی ورووکابوون. بە چاوی پڕ ترسەوە جارێ سەیری تەرمەکە و جارێ سەیری عەلییان دەکرد، دەیانگوت: «واخ! واخ! خوا بیبڕێ ئەولادی وا. پیاو لە جیاتی شتی وا سەت شالا بەردێکی بوایە.»

چ دەڵێن با بڵێن. بە گیزەی مێشوولەی دەزانم. پاش ئەوەی تۆ ئەمەت کرد، دوابەدوا دەگەڕێمەوە. تۆ نەبی، بە پێنج شەش ڕۆژ، بڵێ بە حەوتووێک، دەگەمە چقوور. دەبێ دوابەدوا وەگەڕێم. دوابەدوا، دوابەدوا وەگەڕێم.

بە دەنگی بەرز گوتی:

«دەبێ لێرەت بەجێ بێڵم، دوابەدوا بگەڕێیەوە، بمرە!»

دەنگی هێند بەترس بوو، خۆشی لە دەنگی خۆی ڕاچەنی. ژێرپێی وەک گوروابێ، کزایەوە.

خوا دەکا تووشم دێی، سا سوێندم وابێ، کارێکت پێ بکەم با بە دەواری

شڕی نەکردبێ، کارێکت بەسەربێنم لە هاتنە سەر دنیا پەژیوان بییەوە.

قیژاندی، گوتی:

«پەژیوان بییەوە» و هێندەی دیکە ڕکی هەڵستا و لێی دا ڕۆیشت.

کە لە پێچ‌ێکی کورتە دار و درەختان تێ پەڕی، لەدوورەوە فەرقی بە تارماییەک کرد. دڵی بە تەپەتەپ کەوت. دایکی بوو، بەردبوو؟

خێراتر پێی هەڵگرت. کە نزیک بووەوە، تەماشای کرد دایکی بوو، لە کەنار ڕێگاکە هەڵکورمابوو، سەری وەسەر چۆکی نابوو.

عەلی بە هەڕاکردن چوو بۆ لای، بانگی کرد:

«دایە!» خۆشی سەری لەم خۆشییەی خۆی سەرسام بوو. مرێمۆک سەری هەڵبڕی و دیسانەوە سەری لەسەر چۆکی داناوە.

بانگی کرد:

«دایە! دایە!» بەهەڵەداوان گەیشتە کنی. دەستی لە ملی کرد. لە یەکبینە پێ دەکەنی:

«بۆ گوند دەچووی دایە؟ خۆ، حەسەن نەیگوتبا هەر نەمدەدیتیەوە. هێندە ترسام... وەڵاهی، زراوم تۆقی. نازانم ئەم بۆ گوند گەڕانەوەیەت چۆن بەبیردا هات؟ تۆ چۆن دەتوانی لە گوندێکی چۆڵ و هۆڵدا ڕۆژگار بەسەرببەی؟ ڕۆژێ نییە، دوو نییە، هەر بەجارێ دەمری، دایە گیان! هەستە وەرە کۆڵم، بڕۆین. هەوارەکەمان زۆر لێوە دوور نییە! پێش شەوڕاشکان دەگەینێ. وەرە کۆڵم!»

مرێمۆک هەستا. لە سەرەخۆ چوو، دەستی لەسەر گابەردێ دانا.

«بەردەکە! بەردەکە لەگەڵ تۆمە، کەس بەسەر خۆیدا نەهێنێ. من بۆ گوندی خۆم دەگەڕێمەوە. لە گوندەکەی خۆم دەمرم. لە جیاتی ئەوە بەسەر خەڵکەوە ببم بە بار، منداڵی لە برسان بمرێ، درەنگی بەسەربێنم، لە ڕێگاوبانی دواخەم، ناوەڵا دەگەڕێمەوە گوندەکەی خۆم، لە زێدی باو و باپیران، لە سەردەرانەی کاولەکەی خۆمدا دەمرم. بەردەکە لەگەڵ تۆمە، تۆ وەک مرۆ،

شیری کاڵت نەخواردووە. دەگەڕێمەوە، دەچمەوە لە سای وێرانەکەی خۆمدا سەردەنێمەوە، دەمرم.»

بەرەو گوند وەڕێ کەوت. عەلی ڕاوەستا، لە پاشەوە تەماشای کرد...

پشتی کووڕ بووبووەوە. دەشەلی. بەزۆر هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە. بەسڵەوە پێی دادەنا.

دنیا تاریک و ڕوون بوو.

عەلی چوو، لە بەردەم دایکیدا دانیشت، لە کۆڵی کرد و تەکانێکی بە خۆی دا، هەڵستایە سەر پێیان.

مرێمۆکیش چاوەڕوانی ئەمە بوو. بێ چارە و کەساس! پیرەژنی وەک من لە کۆڵ مەکە، حەیفت لە پشتە جوان و ناسکەکەت نایە، لە دەوری نینۆکت گەڕێم، ڕۆڵە گیان. عەلییەکەم. ئەگەر دەمزانی وا بەدوامدا دەگەڕێی، چما لە جێگاکەی خۆم دەبزووتم؟ بەڵا لە من دا، دایکت بمرێ، تۆ بۆ چی وا خۆت بە ڕێگاو باناندا وێڵ و سەرگەردان کردووە؟ واخ دایکت بمرێ، حاڵت چەند شڕ و پەشێوە، هەستت بە خۆت کردووە، کاوڕەکەم؟ خەڵک هەموو چوون بۆ لۆکەچنین.

## ٩

زۆری نەمابوو، ڕۆژ لە لاپاڵی کێوەکەی ئەوبەرەوە هەڵبێ. کێوەکە وەک پشوو بدا و کێشمانی خۆی بدا وابوو. چاوەڕێی ڕۆژە بەتێن و تیشکنەکەی دەکرد، زەردەزیرە کێویلەی زەرد، سوور، ئاڵقە ئاڵقەی بۆری سەوز و ئاڵ، مێرووڵەی لاق درێژ لاق درێژ لە زارکی شارەکانیاندا خڕبووبوونەوە، هەڵۆ و باز لەناو هێلانەکانیاندا هەڵنیشتبوون بە یەک چاو دەیانڕوانی، کۆترە کێویلەی وەک هەوری سپی، لەو ناو شیوانە بە سەریەکدا خڕبووبوونەوە، واشە و داڵ و شەهێنی دڕ، بە هەزاران خاڵخاڵۆکە تۆپەڵ تۆپەڵ لە دڕک و داڵی بنچکێ کە پێی دەڵێن ماڵەپەری ورووکابوون، بزنەکێوی، چەقەڵی ترسەنۆک، ڕێوی بە

کلکی درێژی وەک هالاوی سوورەوەی، ورچی مۆرباوی ئێسک سووک ئێسک سووک، لەو سەر گەلا زەردهەڵگەڕاوانە، لە خرپەی خەوی زستاندا، کارمامزی لاتەنگەزەرد لاتەنگەزەردی چاو وەک چاوی کیژ نامراد، لەم ڕەوەزەوە بۆ ئەو ڕەوەز هەڵدەکشین، تیترواسک، مەلی گەورە و چکۆلە، ژێرزەوی، سەرزەوی، کەژ و کێو بە سەرلەبەری گەزندە و گیانلەبەرەوە، سینگیان هەڵماڵیبوو، دەمیان داپچڕیبوو، چاوەڕوان بوون ڕۆژ هەڵێ و پشتەسوورەیان بدا.

لەو سەرلووتکە و یالانە، لەو شێو و دۆڵ و هەڵەت و دەرانە، لەو ڕێگا و بانانە، وریابوونەوەیێ، بزاوتێ، های و هوویێ، بەزم و هەنگامەیەکی بە سام دەستی پێ کرد. چیا و کەژ و کێو، دار و بەرد، خاک و خۆڵ، سەراپا وەخەبەردەهاتن.

لەپێشدا هەتاوێکی هێندەی جێ خەرمانێ لە پشتەی چیا، لە پاشان تیشکی ڕۆژ بەرەوخوار، بەرەو ناو شیوەکان داکشا. دوو مێروو لە زارکی شارەکەیاندا قەدەرێ بۆنیان بەیەکەوە دەکرد، یەکێکیان بەم لادا و یەکێکیان بەولادا دایانکێشا. لەودەمەدا عەلیش هەنیەی بەر تیشکی ڕۆژ کەوت، بەخەبەرهات، لەپڕێکدا، بۆ خۆشی نەیدەزانی لە کوێن، سەرسام بووبوو، دوایی کە چاوی بە ترۆپکی کەژەکەی ئەوبەرەوە کەوت، ئازارێکی وەک خوێواوکی تیژی زایە ناو هەناو. لە ناو جێ بەدەرکەوت. لێفەکەی لەبەر خوناوی شەوێ نیوە تەڕ بووبوو. لە ژێر دارەکەی هەڵگرت، بردی لەبەر هەتاوەکەی هەڵخست. لێفەشڕ قەیرێ بۆنی ترشاوی هات، دوایی بۆنەکە نەما.

عەلی پێی بەزەویدا نەدەنا. بە شەلەشەل برێ نارەوەن لەولاوە بوون، دەوروخولێکی دان، ئەنجا چووە پشت تاوێرەکەوە. شانی چەپی بە تاوێرەکەوە دا، میزێکی بۆ کرد. کاتێ لێ بووەوە، هەر بەو ئاوایە، هێشتا شانی هەر بە تاوێرەکەوە بوو، دۆخینەکەی توند کردەوە و بەستی. ئەوجا چوو لەسەر تاتە بەردێک هەڵترووشکا. هێشتا چاوی بە خەوەوە بوو. ئەلیف پێش بەرەبەیان هەستابوو، مەنجەڵێ ترخێنەی خستبووە سەر ئاگر، جگەرەکێشێ چاوەڕێی

کرد، کە زانی مێردەکەی دوورکەوتەوە، چوو بۆ پشت دارەوەنەکان. مێردەکەی لە سەر تاتە بەردێک، نیوەنووستوو نیوە بەخەبەر بوو، هەڵی ساند.

«دایکت هێشتا هەڵنەستاوە. هەروا نووستووە. بەجارێ داکەوتووە، پرزەی لێ براوە، داماوە وشک هەڵاتووە. دەموچاوی ببینی دڵت دەکەوێتە خوارەوە. وەک منداڵ چکۆلە بووەتەوە. هەر ئەوەندەی گلۆڵەیەکی ماوە. ئەی تۆ پێ و پلت چۆنە؟»

«خوێواوکەکەی هیچ بەکەڵک نەهات، هەروەکو خۆیەتی. هەر دەڵێی زوێڵ زوێڵ گورواوە. ئازارەکەی لە هەناوم دەچەقێ.»

«خۆزگە ئەوەندەت ڕێ بە دایکم نەکردبا، هەژارە. بریا لەکۆڵت کردبا.»

«هیچی لەگەڵدا ناکرێ، بێ سوودە. تا بڕستی لێ نەبڕێ دانامرکێ، هەر ڕێ دەکا. کەس ناتوانێ پێشی لێ بگرێ. گوێت لە من بێ، ئافرەت. منداڵەکانم ئەمساڵ بە برسێتی مانەوە. عادیلەفەندی بە کونی دەرزییەوەم دەکا. تۆ گوێت لە من بێ، بڕوانە حاڵی من. ئەمساڵ بە لۆکە ڕانەگەیشتم. پێشی ڕاناگەم.»

ئەلیف گوتی: «دەڵێم،» لە پاشان کڕبوو.

عەلی دارچرێشێکی پایزەی شکاندەوە، مێشەنگێکی چکۆلانەی شینباوی بەبریق و باقی لێوە دەرپەڕی. سەرانسەر قەڵاشتی. تەماشای کرد لێواولێو پڕە لە هەنگوین. بە زمانی لستییەوە. یەکێکی تری شکاندەوە، یەکێکی تر... پیرە هەنگوین هێند تاسووق بوو، تیژ، لیق، پیاوی مەست و سەرخۆش دەکرد. کوتومت بۆن و بەرامەی گیاوگۆڵ و گوڵووکی تەڕوبڕی ئەو دەوروبەرەی لێ دەهات، کوتومت بۆنی چیایەکی لێ دەهات.

ئەلیف سەیری کرد، سەیری کرد، ئەنجا گوتی:

«ئەرێ کابرا، دەڵێی تازە منداڵ بوویەوە، دە وەرە شۆرباکەت فڕکە. تازە بەتازە وەک منداڵ وڕک و بیانوو دەگری.»

عەلی گوێی نەدایە. جارێکیان، هێشتا مامی زیندوو دەبێ، لەگەڵیدا دەچێ بۆ چیای تەکەچ. هەنگوین ببیننەوە. مامی کون بە کونی، بەرد بە بەردی کەژ

و کـێوان شـارەزا بوو. ڕۆژێکیـان، دەمـەو نیـوەڕوانـێ، لە شـیـوێکدا چنارێکی هەزار ساڵە دەبیننەوە. چنـارەکە سـەرتاپا کلۆر دەبێ. مـامی ئاگرێ بە پارچە پەڕۆیەکـەوە دەنێ، لە کونی ژێرەوەی ڕادەکا، دەبێ بە چڕە دووکـەڵ و هـەرایێ مـەپرسـە. لـە پاش نیـو سـەعـاتێ پـوورە هـەنگێ بەپڕتاو لە چنـارە کلۆرەکـەوە دەردەپەڕێ. هـەنگ بەلـێڕەوە وەردەبێ وەک هـەور. مـامی دەڵێ: «پڕە، پڕە، پیـرە چنار لێولولێو پڕە لە هەنگوین. سەرلەبەری گوندێ ساڵێکی خشت بیخوا لەبن نایە. نـانی سـاڵێکێـتی.» هـەوەڵ شـانەیان لێ بڕی، دانیـشتن، دەسـتـیـان بە هـەنگوین خـواردن کرد. عـەلی مـڕ و مـەست بووبـوو. هـەوایەکی شـێـتـانە، بە وژەوژ لە خـوێنـی گـەڕابـوو، لە سـەری دابـوو، خـوێنەکـەی بۆن و بەرامـەی گـوڵووکی سـەرانسـەری ئەم دنیـایەی لێ دەهـات. بۆن و بەرامـەی مـۆرد و نارەوەن و چام. بـارانێکیـشی پێـوە دەبارێ، بـۆن و بەرامـەی خـاکی تەڕ پیـاو مەست دەکا.

لکەدار سرێشێکی شکاندەوە. ئەویشی بە دڵی خۆشـەوە قـەڵاشت. پڕی بوو لە هـەنگوین. بە زمـانی لسـتیـەوە. بیـری کردەوە، گوتی، چار چییـە، ئێسـتا کیلۆیەک لەمـە نەبەی... پیاو چووزانەوەی پێ و پلیشی لەبیر دەچێتـەوە، هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە،

ئەلیف دوا لکە سرێشی لە دەست وەرگرت، تووڕی هـەڵدا، گوتی:

«پیاوەکە دەڵێی ئەقڵت تێک چووە.»

خـەریک بوو عەلی دەترسا. شتێ بەسـەر لێویەوە ماسـیابوو، لە هـی شـێتـان دەچوو، وەک یەکێ بیـەوێ پێ بکەنێ و پێکەنینی نەیە وا بوو. چاوی ڕێشکە و پێشکەی دەکرد. وەک خـەتێکی سپی، خـەون و خـەیاڵ بەپێش چاویەوە بوو.

«وەرە شۆرباکەت بخۆ!»

عـەلی بزەی هـاتێ. ئـەلیف قـەتی بەو ڕەنگە نەدیتـبـوو. دەست لێـوەشـاو هـەموویان بەوجۆرەن بە نیگای بێ ماناوە بزەیان دێتێ.

بە کوڕووزانەوەوە گوتی:

عەلی گیان چتە؟ لە دەورت گەڕێم، چتە ئازا و بوێرەکەم؟»

عەلی بە کڕووزانەوەی ئەلیفدا بەخۆداهاتەوە.

«منداڵەکـان ئەم زسـتـانە، بێ نان و بژیو مـانـەوە، پێ ڕانەگـەیشـتم. پێ ڕاناگـەم. کـار وا بـڕوا پێ ڕاناگـەم. من چ گـووێک بخـۆم، بڵـێ؟ چ گـووێک! عـادیلـەفەندی لە بن زیندانم دەچەوسێنێتـەوە. یا گوندی، یا دەلی بەکری ژن حیز و داوێن تەڕ، یا کوێخام لێ دەبێ بە مێمڵ؟»

چاوی گێڕا، تەماشای کرد، دایکی نووستووە، گوتی:

«ئەم پیرە بەرازە، ئەم پیرە قەحپەیە خودا بیتۆپێنێ... ناتۆپێ لەکۆڵم بێتەوە، ئەو نەبوایە، ئێستا لەمێژبوو لەتەک ماڵ و منداڵی خۆمدا لە چقوور بووم. وەک بەوەندەی پێی کـردووم دڵی دانەکـەوێ، سـەربار بۆ گـوند دەگـەڕێتـەوە و دوو ڕۆژانیشم بەدوای خۆیدا وەرە و بڕۆ پێ دەکا. دەڵێی لێرەی بەجێ بێڵم، بڕۆم. چی بەسەردێ با بەسەری بێ.»

ئەلیف قۆڵی مێردەکەی گرت، بەڕکەوە، ڕای تەکاند، گوتی:

«وس! وسسسس! بەخەبەرهات. خۆ گوێی لێ بێ...»

عەلی قیژاندی:

«با گـوێی لێ بێ، بـا گـوێی لـێ بێ و بشـتـۆپـێ. با مـاڵ و منداڵم لە برسـان نەکوژێ.»

ئەلیف دەستی خستە سەر دەمی مێردەکەی.

«لە خوا بترسـە عـەلی، دایکتە. لە خـوا ناترسی تۆ؟ ئەم قسـانەتی بەرگوێ کەوێ یەکسەر دەمرێ. خۆی دەکوژێ.»

عەلی بەچرپەوە گوتی:

«کوا ئەو ڕۆژە؟ خوا دەکا ئەو کارەی لەدەست دەهات، لە خۆشییان دەفڕیم. دەمکرد بە جێژن. دوو ڕۆژم پێ نەدەچوو دەگەیشتمە چقوور.»

«هـەر دەگـەین، بۆکـوێ دەچێ، مـەترسـە هەر دەگـەین. تا دەروویەکت لێ

نەکاتەوە، دەروویەکت لێ داناخا.

عەلی:

«دەک نەیکاتەوە.»

ئەلیف ترسا:

«تۆبە سەت تۆبە خوایە! پیاوەکە بڵێ، تۆبە هەزار بار تۆبە خوایە! تا بەربینگت نوقمی گوناح بووی.»

عەلی پڕ بەوناوە قیژاندی:

«ئەی ناڵێم دەک نەیکاتەوە. ماڵی بڕووخێ؟ بڕووخێ! بڕووخێ! چاوی هەبێ دەمبینێ، گوێی هەبێ دەمبیستێ. ناڵێم، قەت ناڵێم تۆبە. لێی بەزیاد نەبێ، قەتی لێ بەزیاد نەبێ!»

ئەلیف چوو لەولاوە هەڵترووشکا، دەستی بە دەموچاویەوە گرت، دایە گریان. ئومەخان و حەسەن لە دوورەوە ڕاوەستابوون، سەیری حاڵی ڕک هەڵستانی باوکیان دەکرد و دەلەرزین. ئومە خان کە چاوی بە حاڵی دایکی کەوت، ڕای کرد، هات بەتەکیەوە دانیشت، ئەویش لەگەڵ دایکیدا دەستی بەگریان کرد.

مرێمۆک بەرەو ئاگردانەکە دەهات. کە قسەکانی کوڕەکەی بیست، زۆری پێ خۆش بوو، گوێچکەی زرینگایەوە. سەری خولایەوە. هەر لە جێگاکەی خۆیدا هەڵکورما. ئیتر جارێکی دیکە نەبزووت. تەنانەت پەنجەشی نەبزواند. بوو بەو خاکە بێ بزاوتە، جووڵەی نەکرد.

عەلی چاوی بە گریانی ژن و منداڵەکانی کەوت تووڕەییەکەی خاوبووەوە، نەختێ هاتەوە سەرەخۆی. سفت و سۆی دامرکایەوە. داخی دڵی هەڵڕشت. هەرچەندەی دەکرد نەیدەزانی ژن و منداڵەکانی چۆن ژیر کاتەوە، چییان پێ بڵێ، بەدەوریاندا دەهات و لە پاشان لە پیلی ژنەکەی نەوی، بە دەنگێکی کز و مردووەوە گوتی:

«هەستە با بەڕێ کەوین، تەماشا، وا خۆراوایە.»

ئەلیف و کیژەکەی هەنسکە هەنسکیان بوو.

عەلی بە کیژەکەدا هەڵکاڵا، گوتی:

«دە بەسە بیبڕەوە سەگباب!»

ئومەخان یەکسەر کڕ و بێ دەنگ بوو.

«مەگری ئەلیف، مەگری هێڕیلە، بەسە ئیتر!»

بە دڵ شکاوییەکەوە، بزەی هاتێ، گوتی:

«دە بێژە تۆبە! تۆبە! تۆبە!»

دەستی گرت و هەڵی ساند. ئەلیف بەدەم خوتەوە، چاوی سڕییەوە:

«پیرەژنەکەت بە سپ و ساغی کوشت. بشمێنێ تازە ڕابرد. واخ دایە!»

کە هات بۆ کن ئاگردانەکە مرێمۆکی دیت، گوتی:

«دایە گیان، دایە قژ سوورەکەم، بیبەخشە، کوڕتە. زۆر تووڕە بووبوو، هۆشی بە خۆی نەبوو. کەسێ هۆشی بەخۆی بێ، بەو چەشنە ناوی خوای گەورەمان دەهێنێ؟ تۆ دڵگیر مەبە، هەرچۆنێ بێ دەگەیتە چقوور.»

عەلی گوناحبارانە لە دوورەوە ڕاوەستابوو، سەیرێکی دایکی دەکرد. بەتەواوی کەف و کوڵی تووڕەییەکەی نیشتبووەوە.

ئەلیف پیرەدایکی هەڵستاند، هێنای لەتەک ئاگردانەکەی دانا. سفرە و خوانەکەی لەپێش ڕاخست. کەوچکێکی دایەدەست. بە لرفەلرف دەستیان بە ترخێنە هەڵقوڕاندن کرد. عەلی تا، لێش بووەوە، جارێکی تەماشای دایکی نەکرد. هەرچی مرێمۆک بوو چاوی لە چاوی عەلی نەدەترووکاند. بەکەیفێکەوە، سەرسام، چاوی هێندەی پیاڵەیەک کردبووەوە، بە واق وڕمانەوە سەیری کوڕەکەی دەکرد...

ئەمە بوو عەلی؟ ڕۆژگاری کۆنی بەبیرهاتەوە. هەر ئەوەبوو نەیدەدایە پڕمەی گریان. هیچیشی نەدەگوت. ساوایەکی هەر هێندەی لەپێ بوو... عەلی.

هەروا لەبەرخۆیەوە دەستی بە ورتەورت کرد: من خێرم لە ناوچەوانی تۆ

نەدیت ئوزوونجە عەلی. ئیشەڵڵا تۆش لەم منداڵانەتی نابینی! جا ئیتر تێ بگە، ئەمە چ ئازار و مەرگەساتێکە ئوزوونجە عەلی. جا لەم ئازارە بگە ئوزوونجە عەلی... قسەی تاڵی منداڵ لە گوللە خراترە. لەو چەورەی لە دوورِ هەناوت دەکەوێ بەزەبرترە!

کاتێکی هەڵستا گوتی:

«لە خوام گەرەکە ئەوەی تۆ بەمنت کرد، بۆ خۆشت لە منداڵەکانتی ببینی. ئوزوونجە عەلی.» و داخی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی پێ بزانێ دەگریێ، خێرا، بە شەلەشەل، خۆی کرد بەو نێو دەوەنانەدا و لە چاو ون بوو.

ئەلیف قیژاندی، گوتی:

«دەزانی چیت کرد، پیاوەکە!»

عەلی لە تەهی دڵیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا.

«دەڵێی لێرە خۆم بکوژم؟ هەر ئەلێرە؟»

چاوی زەق زەق لە دوورِ چاوی ئەلیف بڕی. لە پاشان پەنجەکەڵەی خۆی گەست، کرۆشتی. پینەی قۆڵی چاکەتەکەی ڕاتەکاند، دڕی، فڕێی دا:

«بیکوژم؟ بیکوژم، بیکوژم، بیکوژم؟»

ئەلیف لە توورەبوونی مێردەکەی بەجارێ حەپەسا. پاشان گوتی:

«نا عەلی، نا لەدەورت گەڕێم. لەبەرچاوی منداڵەکان نا.»

عەلی ڕابوو، بەرەو دەوەنەکان چوو. نواڕی، دایکی پشتی بە دارێکی چکۆلانەوە داوە، دەگریێ.

لەسەرەخۆ لە دایکی نزیک بووەوە، دەستی گرت ماچی کرد. پاشان گەڕایەوە، گوتی:

«بڕۆ دایکم بێنە، ئەلیف، با بەڕێ کەوین، درەنگە، درەنگە! نازانم چی لە پێم بکەم؟ ناوێرم هەنگاو هەڵێنمەوە.»

چاوی بووبوو بە کاسەی خوێن.

ئەلیف لە باڵی مریەمۆک نەوی، لە بن دەوەنەکانەوە هەڵیساند، هێنای.

«بەم حاڵەی پێیەوەوە ڕێم لەبەرناچێ. بنی پێم هەڵتۆقیوە. ئاوساوە. سوور هەڵگەڕاوە. شتێکم بەبیرهاتەوە، ئەلیف...»

تووڕەیییەکەی بەجارێ خاو بووبووەوە.

«چیت بەبیرهاتەوە؟»

«دەڵێم ئەو جەواڵە دوو لەت کەین، لەتێکیان بەم پێیەمەوە لەتەکەی دیکەیان بەو پێیەکەی ترمەوە وەرپێچین.»

«ئەلیف هاتە لایەوە، بە پەناگوێیدا چرپاند:

«ئەی بۆچی لەو پێستی ئەسپە هێندەی دوو کاڵەی لێ نەبڕین.»

عەلی بەنیگەرانییەوە، گوتی:

«کاڵە لە پێستی ئەسپ دروست دەکرێ، شێتۆکە؟ پێ دەگوشێ، هەر بەجارێ بەربادی دەکا.»

ئەلیف جەواڵەکەی هێنا، عەلی کێردەکەی لەبەر پشتی دەرێنا جەواڵەکەی کرد بە چوار لەتەوە. لەتێکیانی بەپێی ڕاستەوە پێچا، بەداوە گوش توندتوندی شەتەک دا. لاقی شکاو چۆن لە گەچ دەگیرێ پێی ئاوهای لێ هات. لەپاشان پێی چەپیشی هەر بەو ڕەنگە پێچا. هەڵستا. زۆر سەیر بوو، بەڵام نەرم و نۆڵ بوو. چوو بارەکەی چاک چاک بەست. لەکۆڵی کرد.

گوتی:

«پێشم کەوە، ئەلیف، منداڵینە دەی ئێوەش پێشم کەون دایە تۆ لە گوێ ئاگردانە گەرم و گوڕەکە بۆخۆت بمێنەوە، من، ناگاتە، عەسر، دەگەڕێمەوە، دەتبەم. توخوا جارێکی تر بۆ گوند مەگەڕێوە.»

مریەمۆک دایە خۆڵێ نەبان کردن، وەک هەر بەویشی نەبێ، وا بوو. دارەکەی ڕۆخ ئاگردانەکەی هەڵگرت، ئەویش بەڕێ کەوت. پاشان لە ناوەندی ڕێگاکە ڕاوەستا، گوتی:

«خوا هەرچی بەندەیە، ئاتاجی کۆڵی کەسی نەکا.» دەستی بەرەو عاسمان هەڵبڕی، دوایی بە سەروچاوی خۆیدا هێنا، گوتی: «ئامین! یا ڕەبی ئامین!»

عەلی بە دوای کەوت:

«دایکە گیان مەیکە ڕکەبەری، لێرە بمێنەوە. ئەوەتا خۆت بەسەر پێوە ناگری.»

مرێمۆک شیڕاندی:

«کێ دەڵێ خۆم بە سەر پێوە ناگرم. کیژم، لەگەڵ تۆمە، ئەلیف! ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن. بڕۆن. بەجێم بێڵن بڕۆن. من بۆ خۆم دەڕۆم، خۆم سەری خۆم، بەتەنیا دێمە خوار بۆ چقوور.»

عەلی لە پیلی گرت، گوتی:

«دایکە مەیکە بە سەرسەختی و ئینکەبەری! خەریکم مەکە. من لە پێشەوە، قەدبڕ دەڕۆم، ڕێگاکە تووش و سەختە، بەڵام نزیکە. تۆ ئەو ڕێگایە بەڵەد نی. لێک ون بین... دایکە مەیکە بە سەرەڕۆیی و کەوەڵەکێشی، ژنی چابە.»

مرێمۆک خۆی بەسەر دارەکەی دەستیدا دا. دیسانەوە، دەستی بەرەو عاسمان پان کردەوە. تا دەستی بڕی کرد. بەرزی کردەوە.

«خوایەکەم، خوا قژ سوورمەکەم، خوا چاوڕەشەکەم ژیکەلەکەم، کەس داماوی کۆڵی کەس مەکە! دایکیش داماوی فرزەند مەکە! ئامین!»

ڕووی لە ئەلیف کرد، گوتی:

«ئێوە بڕۆن کیژە دڵ و دەروون زێڕەکەم. من هێدی هێدی لەسەرەخۆ دێم. بە بۆنەی منەوە، با ئەم زستانە لە برسان نەمرن.»

عەلی هەمدیس تووڕە بووەوە. کەواتا دایکی ورد و درشتی قسەکانی بیستبووەوە. گوتی:

«بمێنەوە، بۆکوێ دەڕۆی بڕۆ. خۆ منداڵەکانم بەبۆنەی تۆوە لە برسان ناکوژم.»

ڕووی لە ژن و منداڵەکانی کرد! «پێشم کەون، یالا پێشم کەون بڕۆن، با ئەو بمێنێتەوە، چاوی بە حاڵی خۆی کەوێتەوە.»

ئەلیف خەریک بوو بۆ لای مریمۆک بچێ، عەلی گرتی، بەرەو پێشێی پاڵ پێوە نا.

«بڕۆ! با بمێنێتەوە، ئەوەی ئەو ئەم چەند ڕۆژە پێی کردووم بەسە. دایکیان دایک گوتووە، خۆ هەموو کەسێ دایکی هەیە بڕۆ.»

ئەلیف بە جاریێ زەندەقی لە عەلی چووبوو. منداڵەکان چاویان زەق بووبووەوە. جاریێ سەیری دایکیان، جاریێ سەیری باویان دەکرد. عەلی ڕێ و ڕاست وەپێشە خۆی دان، بەپڕتاو ڕۆیشتن. مریمۆکیش لە ناوەندی ڕێگایێ، خۆی بە دارئاساکەی دەستیدا دابوو، چۆن وەستابوو، هەر بەو ئاوایە مایەوە.

عەلی بە هەڕاکردن دەرۆیشت پارچە جەواڵەکانی بەپێیەوەی پێچابوون لێک دەئالان. پێی پێ نەبوو، تۆپە لاستیکێ بوو. غل دەبووەوە. هێندەی پێ نەچوو، ژن و منداڵەکانی بەپێی ڕانەدەگەیشتن، لەپاشەوە بەجێ مان. عەلی خەیاڵ بردبوویەوە، بەلەز دەرۆیشت. دوایی ئەلیف عەلیی لە پێش چاو بزربوو. پێش کەوتبوو. لە شیوەکە چووبووە خوار.

لە دار و دەوەنەکانەوە، لە لێرە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی یاڵەکەی ئەوبەرەوە، لە زەوی و زارە بۆزەکانەوە هەڵمێکی وەک گەواڵە هەور لە گوڵووکە کێویلەی کورت کورتی ڕەنگ بۆز و ڕەنگ سپییەوە هەڵدەستا و بلاو دەبووەوە. ئەلیف کە عەلیی لە چاو ون بوو، خۆشییەکی بەدڵدا هات. چونکە ئیتر بە پێی عەلی نەدەرۆیشت و هەر ساناساتێ لە دواوە بانگی نەدەکرد و نەیدەزریکاند. دەبوا بگەڕێتەوە بۆ لای مریمۆک، دەست و سەروچاوی ماچ کا، لە عەلی خۆش بێ. مریمۆک زۆر سەرسەخت بوو، قسەیەکی کردبا نەدەبوو بە دوو، بەلام تا بلێی ژنی چاک بوو، ئازا و بەغیرەت بوو. دڵ و دەروون خاوێن بوو. پیاو لە هەموو کەم و کورتییەکی خۆش دەبوو. ژنی وەک مریمۆک ئاشقە کوڕ و بووک و نەوە و نەتیژە نەبوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا دۆست بوو. ژنی وا دلاوا و قسە خۆش

و بەگفت و لفت کەم هەبوو.

ئەلیف هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، گوتی:

«دایکە دڵ و دەروون ئاواو پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستییەکەم، دایکە بەهەزار دڵەوە خەڵک خۆش ویستووەکەم، هۆ ئەو کەسەی، بڵێن ڕوح دەیدەی، ئاوهات لێ بەسەرهات؟»

چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. دەبێ دەستی ڕامووسم. قژە خەناوییە جوانەکەی ماچ کەم. بە پێکەنینی بهێنم. حەسەن بنێشتەتاڵی بۆ لێ بکاتەوە. ددانی نییە، بۆی ناجووێ، بەڵام هەناوی پڕدەبێ لە تامی لێڕ، لە بۆن و بەرامەی لێڕ، لە سەوزاییی لێڕ، لە دەرمانەکەی، ئەوسا ڕووی دەگەشێتەوە، پێ دەکەنێ.

حەسەن بە لارەملێ، پەست و خەمناک گەڕایەوە، گوتی:

«باوکم ڕۆیشت. سەری خۆی هەڵگرت، ڕۆیشت.»

ئومەخان:

«زۆر تووڕە بوو، من قەت باوکمم بەو حاڵە نەدیتووە، هەر ئەوەنەبوو یەکێ بکوژێ.»

ئەلیف بەتووڕەییيەوە:

«با بڕوا، دەڕوا، بابڕوا...» ڕاوەستا. بێ ئەوەی ئاوڕێ لە ڕاست و چەپی بداتەوە دای کێشا. دەڕۆیشت، لەوێ پاڵی لێ دەدایەوە. کێ دەڵێ، وا دەبوو. لەوانەبوو، نەختێکی تر تووڕەییيەکەی خاو بووایەتەوە، لە شوێنێ ڕاوەستایە.

کەڵەوەکێشیی ئەم تیرەیە کەڵەوەکێشیی وشترە، ناوەستن. کە دەستیان دایە کارێ، تا دوایی نەهێنن، تا مردن، داناکەون.

لە پاشان گەڕایەوە. سەیرێکی ئەو لایەی کرد، کە عەلیی لێوە ڕۆیشت. ددانی بەخۆیدا گرت. بێ حاڵیش بوو. وەک لە دواوە لاقی ڕابکێشن وابوو، سەری دەخولایەوە، بەڵام چاری ناچاربوو.

دەمەو نیوەڕۆ بوو، ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو، شمەکەکانی بەری، سەر و قژی لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو. لە یەکبینە ئارەقە دەڕژایە نێو چاویەوە، دەچووزاندەوە. پەیتا پەیتا دڵەکوتێی بوو. دەموچاوی سووربووبووەوە. هەر دەتگوت گڕی ساندووە. زاری کردبووەوە، هەناسەبڕکێی بوو. ئەژنۆی شکابوو، بە جارێ بڕستی لێ بڕابوو. دەکەوت و هەڵدەستایەوە. منداڵەکان ها لە کوێ بەجێ مابوون. دەمەو عەسر، عەلیی لە دوورەوە وەک خاڵێ بەدیی کرد، لە نشێوەکە دەچووە خوار. نەیدیتبا، گوڕی هەنگاو هەڵێنانێکی دیکەی بەبەرەوە نەمابوو و بۆخۆی لەوێ دەمایەوە. هێندەی دەنگی بڕ کرد چەند جارێکی عەلی بانگ کرد. عەلی گوێی لێ نەبوو. یا گوێی لێ بوو، بەڵام خۆی لێ نەبان کرد. دەمی وشک بووبوو. لە نشێوەکەوە خۆی شل کرد. لەوبەرەوە شنەبایەکی خۆشی دەهات نەختە ئاهێکی بەبەردا هێنایەوە. کە گەیشتە کن عەلی، چاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد، ڕاست و چەپی خۆی بەدی نەدەکرد. لە ناکاو خۆی بەسەر عەلیدا دا، ناڵەیێکی لێوە هات، وەدوای کەوت. عەلی ڕاوەستا. کە ژنەکەی دیت، کەوتبوو، بەخۆداهاتەوە. ڕەنگی تا ڕەشێنەی چاویشی سپی هەڵگەڕا، بەدیار سەر ژنەکەوە ڕاوەستا. خوێنی بە دەماردا نەدەگەڕا، هەر دەتگوت ماسیاوە.

ئەلیف گوتی:

«عەلی چۆڕێ ئاوم بدەیێ،» بێ ئەوەی لە ژنەکەی ڕامێنێ هەروا سەیرێکی کرد.

بارەکەی کۆڵی وەک لەخۆڕا بکەوێ، کەوت. دەستی لەخۆیەوە چوو، جامەکەی لەبارەکە دەرێنا، لاقی لەخۆڕا بەرەو کانیاوەکەی بن نارەوەنەکە چوو. جامەکە لەخۆڕا پڕبوو لە ئاو. لێوی ژنی تاین لەخۆڕا بۆ جامە ئاوەکە هات. ئاوەکەی خواردەوە. عەلی هەروا بەسەر پێوە بوو. تەماشای دەکرد. نەیدەدیت.

لە پاش نەختێ، ئەلیف بەخۆیدا هاتەوە. خۆی بەسەر ئانیشکی ڕاستیدا دا. بە دەنگێکی کز و مردەڵۆکەوە، گوتی:

«وەرە عەلی، وەرە لەتەکمەوە دانیشە.»

دەستی لە زەوییەکە دا:

«ئەلێرەوە...»

عەلی هەستی بە خۆی کرد، دانیشت. دەموچاوی وردە وردە ڕەش دادەگەڕا. ئەلیفیش بەتەواوی هاتەوە سەرەخۆی، خۆی گردکردەوە، گوتی:

«نەمگەیشتبایتێ تا چقوور دەڕۆیشتی. تەماشا لەتە جەواڵە شڕەکانی پێ و پلت خۆ کەوتوون.»

عەلی سەیرێکی پێ و پلی خۆی کرد. پێ و پلی لە زەڕنەقووتە و شتی وا دەچوو. دامایەوە یەکەم جار بوو بەزەییی بە پێ و پلی خۆیدا دەهاتەوە.

بە سەر ڕاوەشاندن وەڵامی دایەوە.

«کەوتوون، هەر ئاگاشم لێیان نەبووە.»

دوای تۆزێ، ئەلیف هەڵستا، چوو بۆ کن دۆڵاشەکە، سەری خستە ژێری. لاقیشی خستە ناو ئاوەکەوە دەست و سەر و سوورەتی پاک و خاوێن شوشت.

دەنگی عەلیی دا، گوتی:

«تۆش وەرە!»

عەلی هەستی بە ئازارێکی گورچووبڕ کرد. سەرنجێکی پێ و پلی دا، ئازارەکە لە پاژنەی پێی ڕاستیەوە، شۆرەکات پاژنەی سوپبوو، گەیاندبوویە سەر گۆشتی سوور. بە پێخواسی، بە هەموو شوێنێکدا ڕێ دەکرێ، بەناو قەمە تاوێر و بەردەڵانی بەرد لە بەردەستێ تێژتردا، بەناو جەنگەڵ و زەمەندا، بەناو زۆنگ و زەلکاودا ڕێ دەکرێ، بەڵامەکی بەناو خوێ و شۆرەکاتدا ڕێ نەدەکرا، نەخوازا بە کۆڵێکی قورس و گرانەوەش، دەوجا، وەرە مەتۆپە، مەمرە، مەسووتێ.

هێواش هێواش لاقی بەکێش کرد، بە هەنگڵەشەلێ و ئاخ و ئۆف گەیشتە دۆڵاشەکە. سەری لە ئاوەکە ڕاکرد و دەری هێنایەوە، پرسی:

«منداڵەکانت لە کوێ بەجێ هێشت؟»

ئەلیف:

«لە ڕێگا.»

وەخت بوو بڵێ «ئەی دایکمت» نەیگوت. کارەڕاتەکەی سبەینێی وەبیرهاتەوە کە پێی کردبوو. شەرمەزار بوو.

«ئافرەت هەر لەخۆڕا هەست بەکەیفسازییەک دەکەم. داخۆ چم بێ؟ توخوا ئەمەش کردەوەیە ئەمن دەیکەم! کەسێ بمبینێ داخۆ؟»

ئەلیف سەری داخستبوو، سەیری مێردەکەی نەدەکرد. تا پاش عەسرانێکی درەنگ، ژنە لەمبەر دۆڵاشەکەوە و مێردە لەوبەریەوە لێی دانیشتن. لەپاشان عەلی هەستا، بارەکەی کردەوە، لەتە جەواڵ، چی تر مابوو دەری هێنا. دوو جووتە گۆریەی خوریشی هەبوون، جووتێکیانی لە دوو لۆی لێفەکە دەرێنا لەپێی کردن. پارچە جەواڵەکانیشی بەسەر گۆریەکەوە، لە قاچ و قولیەوە پێچاو چاک چاکی شەتەک دان، دوابەدوا، ملی ڕێگای گرت، بێ ئۆقرە، گەڕایەوە بۆ لای دایکی. ئەلیفیش وەدوای کەوت. دەبوو دڵی مریەمۆکیان دابایەوە.

سەعات و نیوێکی پێ چوو و پێ نەچوو، منداڵەکانیان ڕووبەڕوو تووش هاتن. پێ دەکەنین، کەیفیان دەکرد. حەسەن بنیشتە تاڵی دەکردەوە کچەکەش ڕاوی دەنا، لێی بستێنێ. منداڵەکان ڕاوەستان، سەیری دایک و باوکیان دەکرد، ئەلیف لێیان نزیک کەوتەوە، گوتی:

«بارو بنەمان لەو سەرکانیاوەی پێشەوە خستووە، ڕاکەن بگەنە ئەوێ، ئاگرێکی خۆش هەڵکەن. ئاو بکەنە مەنجەڵەکەوە، لەسەر ئاگرەکەی دانێن. درەنگمان پێ چوو نەترسن ها! ئاگر هەڵکەن جندۆکە و مندۆکە هەڵدێن. جندۆکە لە ئاگر نزیک ناکەونەوە. نزیکیش کەونەوە هیچ لە منداڵ ناکەن. ورچ و گورگیش لە ئاگر هەڵدێن. ئاگر هەڵکەن کەستان نزیک ناکەوێتەوە.. خێرا بڕۆن.»

حەسەن:

«ئاگرێکی هەند گەورە و زەلام هەڵدەکەم... ئاگرێکی زۆر... هەندەی شوێن خەرمانێ.»

ئەلیف:

«نانا، هێندەش گەورە نەبێ. نەبادا ئاگر لە لێرەکان بەربێ.»

ئومە خان پاڕایەوە:

«توخوا دایە زوو بگەڕێنەوە. وا لە برسان دەمرم. ئەگەر دەزانی چەندیش ماندووم...» حەسەن هەڵی دایە:

«نە زوو بگەڕێنەوە و نە هیچ. درۆ دەکا. برسیی نییە.»

ئومە خان چەپۆکێکی بەپشتیدا کێشا، گوتی:

«تۆ بچۆ بە ناخی ئەرزا، چڵمن!»

حەسەن، گوتی:

«خۆت بچۆ بە ناخی ئەرزا. ڕاوەستە بۆم، خۆ دایکم دەڕوا. جا ئەوسا دەبینی لووتت چۆن دادەڕزێنم، دەبێ لووتت وەک لووتی جندۆکان پان کەمەوە، بە یەکێ لە خۆیانت بزانن، بتبەن.»

ئومە خان:

«کچێ دایە، ها ها کوڕەکەت داناسرەوێ!»

ئەلیف بۆی چوو، گوتی:

«داسرەوە حەسەن، داساکێ، چت لەو کچە دەوێ.»

شان بەشانی یەک لە سووکە هەورازێ بەسەردەکەوتن. سێبەر بەسەر زەویی بۆزدا هەڵواسرابوو. هەر دەتگوت نەخشە. ئەلیف چاوە گەورەکانی وەک پیاڵە کردبووەوە سەیری عەلیی دەکرد. عەلی دەموچاوی، وەک تاڵ و ترشییەکی لەکێش بەدەری، تێدا پەپکە خواردبێتەوە، بەوجۆرە بوو، بە جارێ کرژ هەڵاتبوو. لایەکی دەتگوت لە خۆڕا دەبزووت. وەک دەموچاوی نەخۆش

گرِی لێ هەڵدەستا. چاوی زەق کردبووەوە، تەماشای دووری دەکرد. گوپی داقوپابوو.

بێ ئەوەی پێی لە زەوی بەرزکاتەوە، خۆی بەکێش دەکرد، تا دەهاتیش هێواشتر دەبووەوە. ئەلیف دوو سێ جار ویستی بڵێ، پیاوەکە پشوویێک بدە، بەڵام هەرکە چاوی بە سەرورووی کەوت وازی هێنا.

لە پاشان عەلی وەک سەرخۆش لابەلا دەڕۆیشت، وەک ئەوانەی بەدەم خەوەوە دەڕۆن لاقی تێک ئاڵان، بەزۆر، بەم لاو بەولادا دەڕۆیشت.

ئاخیرییەکەی ئەلیف پیلی گرت، گوتی:

«نەختێ دانیشە، ماندووت بحەسێتەوە. هێشتا، زۆری ماوە بۆ ئێوارە.»

بەتووڕەیییەوە، بەڵام کەنەفت، ماندوو و مردوو، گوتی «دانانیشم،» تەنانەت گوڕی تووڕەبوونیشی تێدا نەمابوو. «دانانیشم ئەلیف، خەڵک ئەمڕۆش نەچنە لۆکە، سبەی دەچن. لەوانەیە سێ ڕۆژ بێ دەستیان پێ کردبێ. خۆ ئەمساڵ، لە ناوەندی زستاندا، ڕووت و برسی دەست بەئەژنۆوە ناگرین، ئافرەت، بڕۆ!»

نەختێ ئاهی وەبەرهاتەوە، بەم لاو بەولادا لەنگین و لاق تێک ئاڵان و وەک بەدەم خەوەوە ڕۆیشتنی بۆ ماوەیەکی کەم لەکوڵک بووەوە.

ئەلیف دڵی خۆش بوو. چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. حەپەسا. سەیری مێردەکەی کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی، منداڵە، بەڵام هەر ئەوەیە ڕیش و ردێنی هەیە. هەژارەکەم، جەرگ و هەناوەکەم، دەبا هێندەم گوڕ و تێن هەبا، جا ئەوساکانێ، دەتبینی چۆنم لە کۆڵی خۆ دەکردی و ڕێ و ڕاستم دەبردی، لە ناوەندی مەزرایێم دادەنای، لە جێگایەکی نەرم و نیانی مەزرایێ، لەوجێی هێند نەرم و نۆڵە، هەر پێ دادەنێی و داینانێی تا بەلەکانت ڕۆدەچێ. چقوورئۆوا. وەک خەونان ببینێ ئەوەندە سەر بە تەم و مژ بوو، بە دار و بەردیەوە، بە خاک و خۆڵیەوە، بە لۆکەی سپییەوە، بە خەڵکەکانیەوە کە دەجۆشان و هەڵدەقولان، وەک مێروو، شین شین هەڵگەڕابوو، شینایییەک، پەنابەخوا! چۆن زەریایەک لە هەوەڵ نیگادا بەرچاو دەکەوێ، ئەو دیمەنەی

وەبیر دێنایەوە. شیناییـیەک بە دەست و پلتەوە، بـە سـەرو ڕووتەوە، بە دەم و لووتتــەوە، بە قــژەکــەتەوە دەلکـێ و بۆت لـێ نـاکـرێتــەوە. شــینـاییـی خــەون، سوێرمەزە.

لە ناخی دڵیەوە، «ئاخ خ خ خ! چەند ماندوو بووم...»

نەدەبوو وا بێژێ، چ پکا لە زاری ترازا. هێند پەژیوان بووەوە، نەیدەزانی چ پکا. جا چۆنی تەماشـای عەلی کردبا. هەموو کەسێکی لێ بووە بە بار. عەلی لە ناخی دڵیەوە بەنکەنک گوتی: «ناشمرم، بۆ خۆم لەکۆڵ بمەوە،» و ڕاوەستا، چاوی زەق کردەوە و بەجارێ دەرپەڕی.

ئەلیف ترسا.

«بۆچـی وەدوام کــەوتووی؟ بگەڕێوە، بگەڕێوە، فــریای منداڵەکــانت کــەوە. بگەڕێوە، بگەڕێ دواوە! دەردو بەلاکانی سەرم. هەموو بەبۆنەی ئێـوەوە، هەموو لە چارە و ناوچەوان قۆقزیی ئێوەوە... دە ئەگەر دەتوانی بیدۆزییەوە، فەرموو بیدۆزەوە، کوا کـامـەتا، ئەو هەڵترۆپیـوە. سـا وەلاهـی وەبیـلاهـی بێـتـو دیسـان گەڕابێتەوە بۆ گوند، خوام نەبێ، دایکی خۆم بووبێ بەژنم، جارێکی تر وەدوای نەکـەوم و بیگێـڕمـەوە، با بـڕوا بتـۆپێ، بـا بڕوا لە ڕێگا سـەگتـۆپ ببێ. کـە لە چقوور گەڕامـەوە ئێسکەکانی لە ڕێگا خـڕدەکـەمەوە. ئەویش ئەگەر تا ئەوسا مان. ئێسکە سپی واشـەکانی سیسارکە کەچەڵە و خـەرتەل و دالاش، چۆن لە ئەسـپـەکە ورووکـان، لەویش بـەوجـۆرە دەورووکـێن و گـۆشـتـەکەی دەخـۆن و بەتەواوی و بـە چاوترووکـاندنـێ دەیماشنەوە. زاری وەک کـەفی کـردبێ وابوو. لێوی یەک پارچە شین و مۆر هەڵگەڕابوو.

«ئیشـەلا تەواوی دەکەن!»

ئەلیف ڕاوەسـتابوو، چاوی بڕیبـووە پێش دەمی خۆی، دەتگوت تنۆکێ خـوێن بە دەمـاریدا ناگـەڕێ، ڕەق ڕاوەسـتابوو، هەردوو باسکی وەک بچـڕابن، بەم لاو بەولادا شۆڕبووبوونەوە.

کــاتـێ لەتاو بـانگ و هـات و هـاوار کــردن مــانـدوو بوو و بـڕســتـی لـێ بڕا،

هەستی کرد زۆر بەرەوپێش چووە، یەک دوو هەنگاوێکی بەرەو لای ژنەکەی هەڵێنایەوە، ئەویش بە زۆر.

بە لەبزێکی شیرینەوە، دەبیسترا و نەدەبیسترا، گوتی «ئەلیف خۆت لەگەڵ مندا ماندوو مەکە. هێشتا زۆر دوورنین، بڕۆ، بگەڕێوە بۆ کن منداڵەکان. بەسزمانانە دەترسن. من دەڕۆم دەیدۆزمەوە. مەترسە، بۆ گوندیش گەڕابێتەوە بەدوای دەکەوم. دەیگەمێ دەیهێنمەوە. هیچ مەترسە. یاڵڵا بگەڕێوە!»

بە بێ حاڵییەوە داکەوتە سەر زەوی. بەدەست خۆی نەبوو، دانیشتنەکەی لەبەر گران بوو. ویستی خۆی گردکاتەوە. یەک دوو جارێ هەڵسووڕا و داسووڕا هەڵستێتە سەر پێیان، بڕوا، بە فڕین، ئەو ڕێگایە ببڕێ... هەڵنەستا، بۆی نەکرا هەستێ. هەروا بە گلۆڵەیی لەوێ مایەوە.

زۆر بەپەرێشانییەوە دەستی بە زەوییەکەدا کێشا:

«وەرە، وەرە تۆش لێرەوە دانیشە، ئەلیف. ئێستا هەڵدەستین. بە لۆکەش ڕانەگەین، ئەوە ڕاناگەین، چ پکەین. بەڵام دەرووێکت لێ داخا دەرووێکی دیت لە ڕوو دەکاتەوە. سەغڵەت مەبە. خەمت نەبێ. کار نییە خوا چاکی نەکا. چ پکەین ئەمساڵیش ئەمەمان لێ بەسەرهات؟ هەڵبەت دەرکەیەک هەر دەکرێتەوە. خوا دەلیلی داماوانە. تا بەندە دانەمێنێ، خدر فریای چی کەوێ؟»

هەوڵی دا پێ بکەنێ. پێکەنینێکی تاڵ و ترش، وەک بوروسکە بە کەنار لێویدا تێ پەڕی.

ئەلیف ماندوو، بە لۆژەلۆژ هات، بەترسەوە، لەسەر زەوییەکە ڕۆنیشت.

«دەرکەیێ دەکرێتەوە، هەرچۆنێ بێ دەکرێتەوە. هەر چۆنێ بێ. پێش لۆکە بەسەرچوون دەگەینێ. هەنگینێ شەووڕۆژ وەسەریەک دەخەین، هێندەی ئەوانمان وەچەنگ دەکەوێ. ئەم ساڵ منداڵەکانیش لۆکە دەچنن.»

عەلی وەڵامی نەدایەوە. بیری دەکردەوە. پاشان لەپڕێکدا بەڕاپەڕینەوە هەڵستایە سەر پێیان، بەرەو ڕێگاکە تاوی دا، گوتی:

«نابێ، نابێ، دەبێ پێش ئەوەی ئەوان بچنە لۆکە بگەمێ. لەوانەیە پاش پێنج

ڕۆژی تر دەست پێ بکەن. تا ئەوان دەچنە لۆکە... من دەست دەدەمە تەنەکە و زەمبیلەکە...»

جا گوندی چەند سەریان دەسوڕما! وەی دایە وەی!

ئەو ئۆزوون عەلییە مەلێکە بۆ خۆی. ئەی ئەو مەل نەبێ کێ مەل بێ. تۆ بڕوانە لاقە درێژەکانی. هەر دەڵێی هی لەقلەقە. هەر هەنگاوێکی هێندەی سێ هەنگاوانە.

«کە بەیەکجارەکی ئەوان دەچنە لۆکە و یەکەم لۆکە لە یەکەم قۆزاخە دەکەنەوە و ئاوڕ دەدەنەوە، دەمبینن. بێ سێ و دوو دەبێ بگەین. ڕاوەستان نییە، ئەلیف، نابێ ڕاوەستین!»

خێرا خێرا، هەروەک ماندووش نەبووبێ، هەروەک بۆ یەکەم جار بەڕێ کەوێ، ملی ڕێگای گرت.

«وەستان نییە. نییە، نییە. بێ چەندوچوون دەبێ بگەین. نەگەیشتن نییە، ئەلیف. نەگەیشتن نییە.»

ئەلیفیش هەستا. بە هەنگاوی خێرا خێرا بەدوای کەوت. بەڵام عەلی ئەوەندە خێرا و تیژ دەڕۆیشت، ئەلیف بەزەحمەت لەگەڵ پێی ئەودا دەردەچوو.

پاش ئەوەی تەواوێ ڕۆیشتن، سەرلەنوێ ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە.

دەموچاوی نوقمی ئارەقە بووبوو. ژنەکەی لەدواوە دەڕۆیشت، تەقەلای ئەوەی بوو بیگاتێ.

عەلی گوتی:

«پێش ئەوەی ئەوان بچنە لۆکە... دەبێ بگەین. نەگەیشتن نییە.»

ئەوجا گەڕایەوە. تۆزێکی تر گوڕ و توانی بەبەرداهاتەوە.

## ١٠

لە ناوەندی ڕێگاکە ڕاوەستابوو. پەستی و تووڕەییەکەی هێواش هێواش خاوبووبووەوە. لە ترسان جێگاکەی بەجێ هێشتبوو. بەڵام بووکەکەی نەختێ

لەولاوەترەوە دەڕۆیشت، ئەویش هەتا دەهات ئەوەندەی تر هێواش دەبووەوە. ئەلیف کچی چاک بوو. ئەو ئوزوونجە عەلییە بێ دینەش لەم چیا و چۆڵەی بەجێ هێشتبا بووکەکەی جێی نەدەهێشت. بووکە دڵ زێڕەکەم. ئەوە ڕاوەستا. وا گەڕایشەوە. هەی لە دەوری قژە سوورمەییەکەت گەڕێم. بەگوری چاوە ڕەشەکانت بم. وا دێ. ترسی ڕەوییەوە. دڵنیاییەکی بە دڵ و دەروونندا هات. تووڕەییەکەی سەرلەنوێ هەڵی دایەوە. کە هێشتا کۆرپە بووی، لەتە گۆشتێکی سووری هەر هێندەی دەستێ بووی، نەمکرد، وەک ژنە شێتەکەی دوورمیش، دەست لە بەربینگت توندکەم، بتتاسێنم و ئەو لەتە گۆشتە تووڕ هەڵدەمە سەر ئەو گۆڕستانە. خۆ هێشتا گووەکەی هەر لە بن نینۆکمدا ماوە. وای بۆ شەونخوونیم، وای بۆ ڕەنجی بێوەر و بەباچووم وای!

چی بوو؟ بووکە گەڕایەوە. دە بڕۆ هەی لە دەمی باوی تۆش... بۆ ئەو سەگەم خواستی. دووسەت کاغەزی سەوزی خشتم بۆ ژماردی. لەم ناوە کێ دوو سەت کاغەزی سەوزی خشتی بە مارەیی داوە! خۆزی دەستم لە بینەقاقەی تۆش و ئەو ئوزوونجە لە داوێن تەڕبووە نابایە و هەناسەم لەبەر بڕیبان. ئاخ، ئاخ! ئاخخخخخ! ئوزوونجە عەلی، ئاخخخخخ! کە لە سەربازی بووی، گوتیان شەڕە. نە ڕۆژم ڕۆژ و نە شەوم شەو بوو، بە مانگ نەنووستم، هەرچی قژم هەیە هەمووم ڕنییەوە، تیتکم بەسەرمەوە نەهێشت. سەرانسەری گوندم، لەتاو شین و شەپۆڕ، لەسەر خڕبووەوە، لە هەژمەت گڕی هەناوم، تا تۆ گەڕایتەوە، ئوزوونجە عەلی، وەک تەیر و توو بە زریک و هۆر دنیام کەڕ و کاس کرد. ئەگەر دەمزانی وام بەسەردێنی چەقەنەم لە ئەنگوست دەکرد، سەمام دەکرد. چق چق چق... چق! چقیش و چق. ئەرێ وەڵا چقیش و چق.

بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ وەدووی بووکەکەی کەوت و دایکێشا. منداڵەکان لە دووی دایکیان غاریان دەدا. وەختابوو لە بووکەکەی بخوڕێ، بڵێ ڕاوەستە. دەیویست بقیژێنێ. ترسێ چووبووە دڵیەوە، کوتومت ترسی مردن. هەر ساناساتێ پێی وابوو تەواو بووە و نامێنێ. بەرچاوی ڕەش دەبوو. لەپێشا ویستی بقیژێنێ. فیزی نەهات. بەتاو ڕۆیشتنی پێ لەبارتر بوو. کە

بووکە تەواو دوورکەوتەوە زانی ناتوانێ لە دووی غاردا، وای هەست کرد لەناو تاریکاییی مەرگدا پەلەکوتێ و پەلەقاژێیەتی، دەستی بە هات و هاوار کرد. بەڵام دەنگی دەردەهات؟ دەرنەدەهات، بۆخۆشی فەرقی پێ نەدەکرد. هەر ئەوەندەی دەزانی کە زاری لێک دەکردەوە. کاتێ بووکە بەجارێ لەچاو ون بوو، ناچار غاریشی دا و هاواریشی کرد. کە بووکەکەی و منداڵەکانی لە شێوەکە چوونە خوار و لەچاو ون بوون بەجارێ برستی لێ برا و درێژا و درێژ لەو عاردە لێی ڕاکشا. قەدەرێ بە پەلەقاژەوە کەوت. هەر جارناجارێ هەموو دنیای لە بەرچاو ڕەش هەڵدەگەڕا، مردنی بە چاوی خۆی دەدیت، نەدەما و دەبڕایەوە. بە چنگەکرێ سا هەرچۆنێ بوو، هەستایە سەر پێ لەتاریکایی، لە تاریک و نووتەک خەست و ئەنگوست لەچاو، لەو تاریکایی مەرگەی تێی کەوتبوو، لە نەمان دەترسا.

سەر و لەشی هەموو تۆزاوی بووبوو. کراسەکەی بەدەستی چاک و زەریف تەکاند. خاوێنی کردەوە. لەسەریەک لەسەریەک ئاوڕی لە ڕاست و چەپی خۆی دایەوە. لە پڕێکا ورغون ئەحمەد وەک برووسکە لە مێشکیدا چەخماخەی دا. دەم بەپێکەنینەوە هات لە بەردەمیدا قوت بووەوە. ددانەکانی سپی بوون.

ورغون ئەحمەد چەند جوان بوو. نەک کیژەپەری، مەلایەکەتی ئاسمانیشی سەوداسەر دەبوون. تۆ بڵێی لێرە گوندێ نەبێ؟ تۆ بڵێی لەوانەی، کە لەو ڕێگایەوە بۆ چقوور، بۆ لۆکە دەچنە خوار کەسێ بەدەست نەکەوێ؟ یانەکو هەموو گوندەکان چوونە خوار و هەر گوندەی ئێمە لە ناوچاوانی ئەو پیرە بەرازەوە درەنگی بەسەرهات؟ نە کەس دێ، نە کەس دەڕوا. بەلێشاو گەلەگورگ دەهاتن. گورگی سپی. ددان گەپ. هەریەکە لایەکی لە کەلاکەکەی دەکردەوە و دەیبرد، هەر ئێسکە سپییەکەی دەمایەوە. لێشاوی گورگ هەر دوایی نەهات. لێشاو لێشاو هەر دەهات. تاویان دەدا، دەفڕین، وەک مێروو دەهاتن.

هاواری کرد: «عەلییییییەکەم! ڕۆڵە عەلییەکەم! عەلییییەکەم، عەلیم، ڕۆڵەکەم، بمگەیێ. گورگ و دالاش...»

به هاوارکردن له گورگان قوتار دەبوو. هاواریشی دەکرد و سەریشی لێ شێوابوو، بۆ خۆشی نەیدەزانی چ پکا، لەوناوە بەچوار چەمۆڵە دەخولایەوە. لەوێ ڕاوەستا، ئینجا گەڕایەوە، هاواری کرد. تا ئێوارەی بەسەرداهات هەر هاواری کرد. لە پاشان دەنگی بڕا. سەرگەڕ بە دەنووکی زەلام و دڕیانەوە، بە باڵی تاریک و بێ سەروشوێنیانەوە، بە هەزار، بە دە هەزار، وەک مێروو لە ئاسمان دەستیان بە هەڵقولیسن کرد. هەر هاواری دەکرد و هەر هاواری دەکرد، دەنگی دەرنەدەچوو. دەنگی بەجارێ هەر هیچ هیچ دەرنەدەچوو. چەند شەمشەمە کوێرەیێ بە بەردەم لووتیدا فڕکەیان کرد، تێ پەڕین. تاریک و لێڵەکە پیاوی شێت دەکرد.

لەسەر ئەرزەکە گرمۆڵە بووبوو. لووتیان لەگەڵ مەرگدا بە لووتی یەکدا تەقی. هەناسەی سەح کردەوە. پشووی دەدا. گوتی خوایە زۆر شوکور، هێشتا نەمردووم.

کزەبایەکی فێنک هەڵی کرد. لە چیاکانەوە دەهاتە خوار. ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەی گەش. مرێمۆک لەناکاو هەستایە سەر پێ، لاقی لەرزی، بەپشتدا دانیشت، بەڵام شادییەکی نیشتە دڵ، لە چییەوە بوو؟ ڕوون نەبوو. شادیی هیوایەک، شادیی کەسانێ، کە شتێ یا کەسێ گوم دەکەن و لەپڕێکا دەیدۆزنەوە.

سەر لەنوێ هەستایەوە. ئیتر لاقی نەلەرزی. لەو دەمەدا دارەکەی ون کردبوو. دارێکی تری لە دەوەنەجارەکە دیتەوە، بەدەستەوەی گرت. زاری ماندوو بووبوو، دێشا. بە دڵخۆشی و بڕواوە هەروا لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد.

حەسەنم دەڵێی، خۆ هەر شێرێکە بۆ خۆی. کوتومت چووەتەوە سەر باپیری. چما هیچ کوێیەکی لەم عەلییە گاورە دەچێ؟ لە دایکە گوڕی و چڵکنەکەی هیچ ناچێ. چاویشی دەڵێی کوتومت چاوی باپیریەتی. سەر ڕاست، کەللەڕەق. پیاوی کەللەڕەق چاک دەبێ، خراپەی لێ ناوەشێتەوە. خراپەیەکیشی هەبێ بۆ خۆیەتی. حەسەنم لە چەقی ڕێگاکە لێی دەخەوێ، دەڵێ تا نەنکم نەهێنمەوە

نارۆم، منیش لێرە دەمێنمەوە. ئاوها دەکا. ئەو گاورانەش هەڵی دەگرن، دەیبەن. حەسەنم لە دەستیان رزگاری دەبێ. هەڵدێ، بە چیا دەکەوێ، دەڵێ ئیلا نەنکم. نەنکت لە دەوری نینۆکت گەڕێ. حەسەنەکەم.

بە ئەشق و شەوقەوە بە تامەزرۆییەوە بیری لە حەسەن دەکردەوە. کچەکە؟ ئەویش چاکە. هەرئەوە نەبێ کە تۆزێ لە دایکی دەچێ.

کە بۆ یەکەم جار هەستی بە برسێتی کرد پەشۆکا. ناوزگی هەڵدەکۆڵدرا، دڵەکزێی بوو. ئەی ئەگەر دەست و پێی حەسەنیان بەستەوە؟

ترسێکی بەسامتری لێ نیشت. ترسێکی تاریک و گران، هێند گران بوو بەدەست گرتبات. لە پڕێکدا دەستی بە غاردان کرد. دەنگی بەحاڵ دەرچوو. غاریشی دەدا و بانگیشی دەکرد، هۆ حەسەنەکەم. غاری دا تا بڕستی لێ بڕا. ئەوجا هۆ لەوێ هەڵترووشکا. دەترسا. ئیتر گورگ نەبوون، سەرگەڕی باڵ درێژ و ڕەنگ تاریک و تاڵی پڕ بە تاریکایی و تاڵیی عاسمان نەبوون، بەڵام سامی مردنێکی وەک ڕەشاوی خەستی وای لێ نیشتبوو، هەرچەند خۆی گرمۆڵە دەکرد، هێند گرمۆڵە دەبوو، ئەوەندە بچووک دەبووەوە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆکوێ بچێ و چ بکا. ترس لە هەر چوار لاڕا هەڵی دەکردێ، لەسەریەک لەسەریەک، بگرە لە هەر چاوترووکانێکیدا مچوڕکێکی بەلەشدا دەهات.

هەروا بەرەبەرە فێنکی دەکرد. مچوڕکەکان بەسام بوون. پێی وابوو، نەشمرێ، ڕزگاریشی بێ ئەم ترس و سامە ئیتر دەرفەت و دەرەتانی نادا و تازە کار لە کار ترازاوە و ڕابرد. کێ دەیتوانی ئەم ترسە تاریکەی لە دڵ هەڵکەنێ و دەری هاوێ. ترسەکە بە مچوڕک و ڕاچەنینەوە، لە دڵیەوە بۆ سەر و مێشکی، بەناو شان و ملیدا، بە دەست و مەچەک و باسکیدا، بە زگ و تەنگەیدا تەشەنەی دەکرد و بڵاودەبووەوە، هەرچەند ترسەکە بڵاو دەبووەوە، ئەو ئەوەندەی تر گرمۆڵە دەبوو. لەتاو خۆ گرمۆڵەکردن هێسکەکانی چرکەچرکیان لێوە دەهات. هەردوو چۆکی لە سینگی توندکردبوو و سەری لە نێوانیاندا شاردبووەوە. سرتە لە دەوروبەرەوە نەدەهات. زیکەزیکی

شەوگاریش نەدەبیسترا. نە لوورەی چەقەڵ، نە جیکەی باڵدار، چۆڵ و هۆڵ، سەرما بوو. مچوڕکی دەهاتێ. چۆقەچۆق دەلەرزی. قەیرێ ئومێدبڕ بوو. هەڵستا، ویستی نوێژ دابەستێ، هەڵنەستایە سەرپێ. دوایی لەسەرەخۆ ڕووی لەلایەک کرد، وای زانی قیبلەیە. ویستی دەستی بەرزکاتەوە، دەستی وەک بفرێ، دەلەرزی. نەیتوانی نەختێ بەحەواوە ڕای گرێ. چەند دووعایەکی دەزانی، پتر فێر نەبووبوو. ئەوانیشی بەبیر نەدەهاتەوە. خواکەم، خوا جوانەکەم، بەگوری ڕۆحت بم، لە دەورت گەڕێم، لە دەوری ئەو نینۆکەت گەڕێم کە دەیبڕی و فڕێی دەدەی، چاو شینەکەم خۆشەویستەکەم، یەکێ لەو دووعایانەم بەبیربێنەوە، با بە مرداری بۆ ئەو دنیا نەڕۆم.

خوای هاتە پێش چاو. پیرێکی سەر و ڕدێن بەتیشک بوو. ڕدێنە سپییەکەی لەناو تیشکدا هەڵایسابوو. یەکسەر دووعاکەی بەبیرهاتەوە. خێرا خێرا دەستی بە دووعا خوێندن کرد. لێوی بەدەنگی دووعاکەیەوە گلا. هەم دەلەرزی و هەڵدەکرژا، هەم لارەلارەی بوو. لە ناکاو هەموو شتێ لە دەموچاوی سڕایەوە. ئەوناوە بە بۆش و بەتاڵی مایەوە. بە تاقی تەنیا، وەک خەون ببینێ، هەر خۆی و دووعا بۆر مانەوە. نە ترس، نە مردن، هیچی بەبیر نەدەهاتەوە.

تا دەهات هێندەی دیکە بچووک دەبووەوە و بەجارێ هەر هێندەی گلۆڵەیەکی دەما. هەر ئەوەندەی مستێ. دووعاکەی هێندە دووپات کردبووەوە، زاری هیشک بووبوو، بەڵام وای لێ هاتبوو لە دووعاو مووعا دووپاتکردنەوەش حاڵی نەدەبوو.

تا بەری ئاسۆ ڕوون بووەوە هەر بەو حاڵەوە مایەوە. هەر بەجارێ گلۆڵە بووبوو. لە پاشان لە دوورەوە، وەک دەنگێکی بەرگوێ کەوێ وابوو. لەپێشدا دەنگێکی پیاوانە لە دوورەوە، لە پشت چیاکانەوە، ها لە کوێوە بریقایەوە و کوژایەوە. لە پاشان دەنگێکی ژنانەی کوتومت وەک ئەوی تری بەرگوێ کەوت. دوایی هەمدیسان ئەو ناوە کشوماتی دای گرت. هەر کە دەنگەکەی جارێکی تر بەرگوێ کەوتەوە دڵی وەستا. دووعاکان لەناو زارە هیشک هەڵاتووەکەیدا مەیین. سەرمای بوو. ڕەق هەڵگەڕابوو.

هەمــوو لەشی بوو بـە گـوێ. توانیـبـای نەخـتـێ بە خـۆی هـاتبـایـەوە بەرەو دەنگەکـە تێی دەتـەقاند. دەبوو بە باڵدار، بەرەو ئەوێ دەکـشـا. لە دڵی خـۆیدا گـــوتی، هـیـچ نـەبێ خـــۆ دەبـێ وەڵامی دەنـگـەکـــە بـدەمــــەوە، بـەڵام دەنگی دەرنەدەهـات. زۆری لە خـۆی کـرد، دیسـانەوە دەنگی دەرنەدەهات. دەنگەکـە بەرەبـەرە نزیک دەبووەوە مـرێمـۆک شـادییـەکی گـەرم و گـوڕی ڕزگـاربوون سـەرلەنوێ هاتنە دنیای دەڕژایە نێو دڵ و دەروونەوە. لەپاش نەختێ زۆر چاک دەنگەکەی بیست.

«دایە! داییییە! هـای لە کوێ؟ وەڵامم بدەوە. وەڵام بدەوە بتدۆزمەوە.»

ئینجا ئەلیف تێ هەڵدەچوو، لەبەری دەپاڕایەوە:

«لە دەورت گـەڕێم، دایە جـوانـەکـەم، وەڵامم بـدەوە،» پەیتـا پەیتـا لـەبەری دەپاڕایـەوە. شـەرمـێ لە دەنگیـدا بوو، ڕەنگە نەشـبـوو، بەڵام مـرێمـۆک وای هەست دەکرد.

لەدڵی خـۆیدا گوتی، لە دەورت گەڕێم، ئـەوە لە من دەگـەڕێی؟ ئاوها کـەوتیـە ناو ئەم دەشت و چۆڵەوانییەشەوە؟

بیـری دەکردوە، گوتی بۆچی نەچمە سەر ڕێگاکە. با بچمـە سـەر ڕێگاکە، بمبینن. ئـەگـەر هـەر لێرە بمێنمـەوە و بەلاما تێ پەڕن و نەمبـینن، خۆ دەبم بە خـۆراکی دڕندە و جـانـەوەر. ئەی چۆن خـوشکم، ئەرێ وەڵا دەبم بە خـۆراکی دڕندە و جـــانـەوەر. هـەوڵی دا دەوڵی دا، ئەوەندەی لە دەست هات غـیــرەتی وەبەرخۆی نـا، بەڵام هیچ لە خۆی نەگۆڕی. چۆن لە شوێنەکەی خۆیدا گرمۆڵە بووبوو و بووبوو بە گلۆڵەیەک هەروا مایەوە.

دەنگەکـان جـارێ دەبڕان، جـارێ تێ هـەڵدەچوونەوە. نـزیک بوونەوە، نـزیک بوونەوە، کـە تەواو لە بەردەم مرێمـۆکـەوە تێ پەڕین گوێیـان لە دەنگێکی وەک ناڵەنـاڵ بوو، لەناو دەوەنەجـاڕەکـەوە دەهات. وەسـتـان، مـاوەیەک بەڕاسـتـە و چەپەدا هـەسـتـیـان ڕاگـرت. نـە دەنگ هەبوو نە هەناسـە. عـەلی، یەک دوو هەنگاوی هـەڵێنـایەوە، لە پـاشـان ڕاوەسـتـا. چاوی، وەک نووقـابێ، وابوو.

مـێـشکـی درینگەی لێـوە دەهات، تووشی سـەرەخـولـێ بوو. حـاڵی بـەپێـوە ڕاوەسـتـانـی بەرەبەرە نەمـابـوو. ناچار هەر لە شـوێنەکـەی خـۆیدا نووست و مـایـەوە. لارەلارەی بوو. بۆچی بەپێـوە وەسـتـابوو؟ لەوەش حـاڵـی نەبوو. وەک هەندێ شت، لەو ناوە ڕوویدەن، وابوو.

هەر لەوێ لێی دانیشت.

پرسی:

«ئەلیف تۆ دەنگەکەت بە چاکی بەرگوێ کەوت؟»

ئەلیف:

«زۆر چاکم بـەرگـوێ کـەوت، هـەر کـوتومت وەک دەنـگی دایکت دەچـوو. بریا ئەو ناو دەوەنەجارە گەڕابایـن.»

عەلی گوتی:

«بگەڕێ.»

ئەلیف خـۆی بەنـاو دەوەنەجـاڕەکـەدا کـرد، هەنگاوێکی هەڵدەهێنـایەوە و «دایە»یـەکی دەگـوت. چاویشـی زەق زەق کـردبووەوە، دەیڕوانیـیـە ئەم بن دەوەنەکە و ئەو بن دەوەنەکە.

دەوەنەکـان چڕ و قـەوغـا بوون. خـوناوێکی خـەسـتـیش باریبـوو. سـەر و لەشیشی سەرلەبەر تەڕبووبوو. تەڕایی کاری تێ کرد. سەرمای بوو.

لەگـەڵ گـزنگی ڕۆژدا تارمـاییـیـەکی چکۆلەی لە بن دەوەنێکدا، لـەسـەر ڕێچکەیەکی باریک بەدی کرد. گرمۆڵە بووبوو ڕۆحـی هاتە سـەر زاری. غـاری دا بۆ کن تـارمـاییـیـەکـە. بەڵام لە لرخـەلرخ زیاتر چیـتـری لـە زار دەرنەهات. زمانی چووبووە کلیلە.

ئەلیف دایە زاڵە و کڕووزانەوە:

«کوشتـمانیت. کوشتـمانیت دایەکەم! خوێنمـان لە کاسە کردیت، بووین بە خوێنرێژت.»

بێ ئەوەی هیچ بکا، جارێ بەڕاستدا، جارێ بەچەپدا، بەپێشدا، بەپاشدا خولایەوە. وەک بە تەپڵی سەریدا کێشرابێ، بە چوار دەوری خۆیدا دەخولایەوە. ویستی مریەمۆک لەکۆڵ بکا، بۆ کن عەلیی بێنێ، بەڵام دوایی وازی هێنا هێند شپرزە و شپرێو بووبوو بۆ خۆشی نەیدەزانی چیکا. بەردێکی هەڵگرت لەتەک بەردەکەی ئەولاوەی دانا. یەکێکی تریشی هەڵگرت، ئەویشی لەولای ئەوی ترەوە دانا. لەپڕێکدا بە خۆی زانی. گیرفانی شقارتەی تێدا هەبوو، دەبوو ئاگرێ بکاتەوە. خێرا چوو باوەشێ گزرەی خڕکردەوە. لە بەردەم مریەمۆکدا ئاگرێکی خۆشی کردەوە.

ڕۆژێکی بەتاوهەڵاتبوو، قرچەقرچ. زەوی و دار و دەوەن نوقمی تەم و مژ بووبوون. بە ڕۆژە هەڵاتووەکەوە دەلکان. لە ڕێچکەکەی بەردەمیانەوە قەتارە مێروولەیێ تازە بەخەبەر دەهاتن، دەستیان بە سمێڵیاندا دەهێنا، هێواش هێواش دەهاتنە خوار. کە گەیشتە نزیک ئاگرەکە ڕێگاکەیان گۆڕی. کاتێ هەتاوەکەی گەرمی کرد، لە دوورەوە تەیر و تواڵ دەستیان بە جریوەجریو کرد.

ئەلیف لەپشت مریەمۆکەوە دانیشتبوو، دەست و لاق و پشتی دەشێلا، دەیگوت:

«بووین بە خوێنڕێژت، دایە جوانەکەم، چاو ڕەشەکەم خوێنڕێژت.»

کاتێ خۆرەکەی تەواو گەرمی کرد، مریەمۆک چاوی هەڵێنا. دەم و زمانە وشک هەڵاتووە بەیەکانووساوەکەی کرایەوە، گوتی:

«ئاو کیژە جوانەکەم ئاو، چۆڕێ ئاو.»

ئەلیف لە خۆشییان شێت بوو، مریەمۆک بەزمان هات.

«هەر ئێستا، هەر ئێستا، هەرئێستا ئاو، دایە جوانەکەم،» پەیتا پەیتا دەست و سەرومل و دەموچاوی ڕادەمووسی.

لەپڕێکا وازی لە مریەمۆک هێنا، بانگی کرد:

«عەلی، عەلی! دایکم هاتە زووان، دایکم چاکە شوکور، عەلی. داوای ئاوی کرد. خەمت نەبێ، هیچ مەترسە!»

لەپاشان کە بیری کردەوە لەم لێرە ئاو لە کوێ بدۆزێتەوە، وا دۆزیشیەوە، بە چی بیهێنێ؟ بە جارێ خەم دایگرت. هەرچەندی بیردەکردەوە. چارەیەکی بۆ نەدەدۆزرایەوە.

بێ ناوبڕ دەهات و دەچوو و دەیپرسی:

«چاکی، چاکی، چاکی دایە جوانەکەم. دایە خانمەکەم؟

هەرکە وەڵامی «چاکم»ی دەستاندەوە لە خۆشییا دەفڕی.

«زۆر، زۆر، زۆر... زۆر چاکی؟»

«چاکم.»

دوایی لە ناخیەوە هەستی بە شەکەتییەک کرد، کەشەنگییەکەی لەوەدا نەبوو! دەستی بەم لاو بەولادا کەوتن. لەبەرخۆیەوە گوتی: «جا ئێستا ئاو لەکوێ پەیداکەم؟»

مرێمۆک بە دەنگێکی کزەڵۆکەوە گوتی: «دەم و زمانم وشک هەڵاتووە.»

دەنگی ڕاست و ڕەوانتر دەردەچوو.

ئەلیف:

«دەبێ ئاوێ پەیداکەین.»

مرێمۆک:

«هەی ئەوەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژم لە زگمدا هەڵگرت و سێ ساڵی ڕەبەقیشم بە شیری سپی گۆش کرد. هەی ئەو جگەرگۆشەیەم، ئوزوون عەلیمت بەگوری بێ کیژم، هەی بەقوربانی گووی کیژی خەڵک بێ. ئەو بەجێی هێشتم، تۆ لێم گەڕای و بووی بە فریاڕەسم، ئاوها ها؟»

«وا مەڵێ دایە، کوڕتە پێ و پلی هەمووی ئاوساوە. گۆشتیان پێوە نەماوە، هەمووی هەڵوەریوە، پەرێشان بووە. وا مەڵێ دایەم. دوایی عەلی بەجێت دێڵێ و دەڕوا. سا تووڕەبوونێ بوو و بڕایەوە. ئەوەندە پەشیمان بووەتەوە...»

مرێمۆک بەبەزەیی و شەفەقەتێکی قووڵی دایکانەوە «ئەوە نابێ، ئەوە

نابێ»یشی دەگوت و دەستی بە سەر و قژ و دەموچاوی ئەلیفیشدا دەهێنا . بە خۆشەویستییەوە: پیاو قەسیا دەکا پڕت داتێ، لەناو دڵی خۆیت بئاخنێ کیژم. گیانی کیژم.»

گوتی: «بریا لە جیاتی ئەم جۆرە یەزیدانە، تۆم هێنابا کیژە گوڵەکەم. چەند خۆش دەبوو. چەند جوان دەبوو.»

ئەلیف گوتی:

«نا دایەکەم نا.»

«ڕۆحت پێ بەخشیمەوە، ڕزگارت کردم، عیلاجی ڕۆحم.»

ئەلیف بە شادمانییەوە دەستی گرت، گوتی:

«لە پێشەوە کانیاوێ چۆڕێ ئاوی پێدا دەهات. چکۆلەیێ بوو. لە کۆڵمت کەم؟»

مرێمۆک وەرسووڕا، هەڵستێ، گوتی:

«من بەپێی خۆم تا ئەوێ دەڕۆم. من بۆخۆم دەڕۆم، لە دەوری کۆڵە جوانەکەت گەڕێم کچم.»

هەڵنەستا. دیسانەوە هەوڵی دا. جارێکی دیکە وەرسووڕا، هەر نەیتوانی هەڵستێ. وەک زەردەیێ، سپێتیێ، بە کەنار لێوە چرچ هەڵگەڕاوەکانیەوە بەدیارکەوێ وا بوو، لە شادمانی دەچوو. دوایی لێو و سپێتی و زەردە و دەموچاو سەرلەبەر نوقمی کوڵ و کەسەر بوون. قووڵ قووڵ پشووی دەدا.

«کەواتا زۆر چاک پیر بووم، ماندوو بووم کچە گوڵەکەم. کەواتا مردووم.»

ئەم لەسەرەخۆ و کەساسانە بەقسەهاتنە هاوارێکی نائومێدی بوو لەناو دنیایەکی بۆش و بێ سەروبەردا، هاواری مەرگ بوو.

ئەلیف بەرگەی ئەمەی نەگرت. هەر لەوێ بۆخۆی هەڵکورما. بێ ناوبڕ، فرمێسک لە چاویەوە ڕێی دەکرد. مرێمۆک دوا هێز و گوڕی خۆی بەخەرج دابوو، تەسلیم بووبوو، تۆ بڵێی؟

که هەڵستایە سەر پێیان، هەروا لەبەرخۆیەوە گوتی:

«ماڵی پیریم بە قوڕ گرت، هەی دوای بڕێتەوە، پیاو کە لە دەست و پێ کەوت هەربۆ مردن چاکە.»

دەستی مرێمۆکیشی گرت و هەڵی ساند. دەترسا لەکۆڵی کا.

«تۆ هێمان پیر نەبووی دایەکەم. دایکە لە چاکان چاترەکەم. چاکە هەرگیز پیر نابێ...»

چووە بن باڵیەوە، بەرەو کن عەلیی پەلکێش کرد.

مـرێمـۆک لە دوورەوە، ڕوانـی عـەلـی لە چەقی ڕێگاکـەدا وەک مـردوو لاقی جووت بووە و لێی نووستووە.

چوون لە ژوورسەریەوە ڕاوەستان. عەلی بەکاوەخۆ، ڕەحەت و سەحەت، وەک خـەڵکی ئەم سەر دنیایەش نەبێ، وەک لە وڵاتی پەرییانەوە، لە وڵاتی ورغون ئەحمەدەوە هاتبێ، ئاگای لە خۆی لە دنیای خۆی نەمابوو. لە پرخەی خـەوێدابوو. دەست و قامکە زەردهەڵگەڕاوە کرژهەڵاتووە شاقار شاقار بووەکانی کە لە چرنووکی باڵدار دەچوو و لاق و ئەژنۆ بەزگەوە نووساوەکانی و پێ و پلیت لەت و پەت کردبا و هەموت لەسەریەک کەڵەکە کردبا بەخەبەر نەدەهات.

ئەلیف وەک بڵێ، خۆ حاڵی کوڕەکەت بە چاوی خۆت دەبینی، مرێمۆکی لەتەنیشتی خۆ دانا. لە دڵی خۆیدا هەر دەیگوت ئاوێ، ئاوێ، چۆڕە ئاوێ بۆ ئەم پیرەژنە. لە تینووان مرد هەژارە. سووتا کەساسە. جارێکی تر بشمرێ نایڵێتەوە. نازانم ئەوەشی چۆن لە زار دەرچوو. ئاوێ. هیچ چارەسەرێکی بەبیردا نەهات. چی کردبا؟ ئەگەر لەکۆڵی دەکرد، دەیگەیاندە کانییەکەی پێشەوە؟ ئاخ بۆ دەفرێ، ئاوی پێ هەڵێنجایەوە، ئەوسا کارەکە سانا دەبوو، بەڵام... تویکڵە دارێکیش هەبا هەر ئێ، نەختێکیش مەیلە و قووڵ بووایە.

لەتەنیشت ژنەکەوە دانیشت. هەر سەیری دەکرد و چاوی لێ نەدەترووکاند. مرێمۆکی هەرگیز بەو ڕەنگە نەدیتبوو. لە گرانییەکەشدا بەوجۆرەی نەدیتبوو.

کەسی بە دەموچاوی وا تاڵ و ترش گرژومۆنەوە نەدیتبوو. تەنانەت دەموچاوی مردووش وا نەبوو. دەموچاوی کرژ کرژ هەڵاتبوو، لەت و کوت بووبوو. چاوی سیس بووبووەوە، ڕەنگی پەڕیبوو، ئازای گیانی لەناو تۆزو خۆڵدا وەک لێڵاوی بەرکەوتبێ وای بەسەرهاتبوو. دەستی لە یەکبینە دەلەرزی.

خۆ عەلی بەم حاڵەوە، لە لاقی بنەوم، تا چقوور پەلکێشی کەم هەر بەخەبەرنایە. کەواتا، با پیرەژنەکە لەکۆڵ کەم، تا سەر کانیاوەکەی ببەم.

پشتی تێ کرد، لەکۆڵی کرد. مریەمۆک ئەوەندەی دیکە قورس بووبوو. یەک دوو جارێکی هەوڵ دا، هەڵستێ، هەڵنەستا. مریەمۆک چی مریەمۆک، تاتە قورقوشمێ بۆ خۆی. یا هەر بۆ خۆی ماندوو بووبوو و بەجارێ برستی لێ بڕابوو؟ نەدەکرا هەڵیشنەستێ. تۆ بڵێی نەختێ گوڕی تێدا مابا، بۆ خۆی نەچووبا کۆڵی؟ کەواتا هەر بەجارێ بڕاوەتەوە. دەبێ چۆڕێ ئاوی بەدەمەوە بکرێ. ئەوجا نەختێ خواردنی بدرێتێ، لە پاشان لەبەر هەتاوەکە ڕاکشێندرێ. دوایی دەبێ عەلیش وەخەبەر بهێندرێ. هەمدیسان بە هەموو گوڕێکەوە هەوڵی دا. لاقی ڕاستی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو، بەسەریدا لاربووبووەوە. پەراسووەکانی بە ئازارێکی زۆر قووڵەوە دایانە زریکە، بەڵام هەڵیشسا.

پێی وابوو سەرچاوەکەیان زۆر لێوە دوورە. پاش نەختێ کە چاوی بە ئاوەڕۆی کانیاوەکە کەوت، لە نێوان دوو دارچامەوە ڕێی دەکرد، دڵی خۆش بوو. بارگرانییەکەی سەرکۆڵی لەبیر کردبوو، بەرەو کانیاوەکە تاوی دا.

کانیاوەکە هەر هەشت نۆ هەنگاو لەپێشترەوە، لە بن دارەبەنێکدا، لە توێی چەو و زیخێکی سپی و جوانەوە هەڵدەقوڵا.

ژنەی لە بن دارەبەنەکە هێنایە خوار، ئاو، خاک، لک و چڵی دارەبەنەکە، بەژنی، دەوروبەر لە هەموو لاوە بۆنی بنێشتەتاڵی لێ دەهات. لەپێشدا سەروچاوی ژنەکەی پاک پاک شوشت، ئەنجا مستێکی ئاو هەڵێنجا، بۆ دەمی مریەمۆکی هێنایە پێشەوە. مریەمۆک ڕاکشا. نەیخواردەوە. ئەلیف مستی

بەردا، ئاو ڕژا. مریەمۆک چاوی بڕییە ئاوە ڕژاوەکە. ئەوجا بە تاڵییەکەوە بزەیەکی هاتێ. بە چاو چەند شتێکی بە ئەلیف گوت. ئەلیف تێ گەیشت. بۆ لێو کانیاوەکەی ڕاکێشا. دەمەوڕوو ڕای کشاند. دەستی بە ئاوخواردنەوە کرد. ئاوی خواردەوە و وردە وردە بەخۆهاتەوە. هێشتا لە ئاوخواردنەوەکە نەبووبووەوە، ئەلیف لێی نەوی ڕاستی کردەوە.

«دایکە جوانەکەم، زۆر مەخۆوە. کەم بخۆوە. جا ئێستا پارووێک نانیش بخۆ»

توێشەبەرەکەی لە پشتی کردەوە، لە بەردەم مریەمۆکی ڕاخست. مریەمۆک بە چاوی فرمێسکاوییەوە، بە خۆشەویستی و ڕێزلێنانەوە سەیرێکی بووکەکەی کرد، گوتی:

«بەڕاستی نەدەبوو تۆ ژنی ئەو بێ دینە بی... ئاخ!» لەپاشان دەستی برد، نیونانی لەگەڵ لۆرک و فەریکە کەشکەدا بۆ بابۆڵە کرد و دەستی بە خواردنی کرد. دەشیخوارد و بە لاگوێلی لە کانیاوەکەی لای ڕاستییەوە ئاوی هەڵدەهێنجا و ئاویشی دەخواردەوە. سا هەرچۆنێ بوو بە ماوەیەکی دوور و درێژ بابۆڵەکەی بە پووک و پدووی بێ ددان جوی، خواردی و لێ بووەوە.

«لە دەرد و بەڵا بەدوور بی کیژم. لەو خوا گەورەیەم نیازە هەرچییەکت دەست دایە ببێ بە زێڕ. تۆ نەبای لەم چیا و چۆڵەی بەجێ دەهێشتم و دەڕۆیشت.»

ئەلیف گوتی:

«وا مەڵێ دایە، وا مەڵێ، فرزەندتە. ئەی چاوت بە حاڵی نەکەوت کەساسە؟»

مریەمۆک بە توان و گوڕێکەوە کە قەتی لێ چاوەڕوان نەدەکرا، گوتی:

«کەوت، کەوت! لەوە خراپتر بێ. تۆ نەبی هەر لێروکانە دەمخنکێنێ و کەلاکەکەم داوێتە بەر سەگ و گورگان. هیزە نەکەی لێم دابڕێی، کچم ئامان!»

ئەلیف شڵەژابوو، هەرچەندی دەکرد، قسەیەکی بۆ نەدەهات بیڵێ. لە یەکبینە هەر «وا مەڵێ، دایە! وا مەڵێ، دایە! وا مەڵێ، دایە»ی دەگوت و دووپات دەکردەوە.

«دایە، فرزەندتە. قەت بیر لە خراپەت دەکاتەوە؟ من هەرچۆنێ بم بیانیم، کچی خەڵکم. بەڵام ئەو فرزەندتە. قەت گۆشت لە نینۆک جوێ دەبێتەوە؟»

مرێمۆک هەموو جارێ هەر بەو توورەییەوە وەڵامی دەدایەوە، دەیگوت:

«جوێ دەبێتەوە پتریش.»

ئەلیف هەڵستا، گوتی:

«دایە، تۆ لێرە ڕاکشێ، با من بۆ کن عەلی بچم. بەخەبەربێ و نەماندۆزێتەوە...»

«بڕۆ! بڕۆ بنی جەحەنم! بڕۆ بۆ لای ئەو ئۆزوونجە کافرە. بڕۆ.»

دەستی بۆ عاسمان هەڵبڕی.

«بڕۆ کچم. ئیشەڵا... ئیشەڵا، چاوڕەشەکەم، ڕدێن سپییەکەم، لەبەر تۆ دەپاڕێمەوە. خۆ چاوە شینەکانت ها بەسەر سەرمانەوە. قسەکانم ببیە. ئیشەڵڵا دەموچاوی ئەم ئۆزوونجە عەلییە بە مردوێتی ڕادەمووسم. ئیشەڵا ڕای دەمووسم.»

ئەلیف ترسا. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لێوی دایە تەتەڵە، بەپەشێوییەوە گوتی:

«تۆبە دایە، تۆبە هەزار تۆبە! کوڕە تاقانەکەتە. چۆنت لە دڵ هات؟»

بەلەز لە کن مرێمۆک دوورکەوتەوە. مرێمۆکیش کە زانیی دڵی شکاندووە و ترساندوویە، دەستی لە عاسمان هێنایە خوارێ، تا تەواو دوورکەوتەوە و لە چاو ون بوو بە ورتەورتی زارەوە، بە دەستی چەمۆڵەی لە کوڕەکەی دەنا.

هەرچەندەی دەکرد و دەکراند قسەکانی کوڕەکەی بۆ قووت نەدەچوون. خۆ قسەی کوڕ لە برینی گوللە خراترە. جەرگ دەسمێ و دەرنایە. تێیدا نوقم دەبێ.

«چاوڕەشەکەم، ڕدێن سپییەکەم، ئازا دەموچاو نوورانییەکەم. ڕۆژێ زووتر ڕۆحم بستێنە و لە دەست ئەم ئۆزوونجە عەلییەم ڕزگارکە. چاوکاڵەکەم، پیرە فەرتووتێکی کەنەفتی لە دەست و پێ کەوتووم. وا هاتوومە بەر سەردانەکەت و

لەبەرت دەپاڕێمەوە. قوتارم کە...»

لە ناکاو هەردوو چاوی پڕبوون لە فرمێسک. زاری هیشک بوو. بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی. کە زانی کەس دیار نییە، دایە پرمەی گریان. هێند گریا هێند گریا... لەمێژبوو، ڕەنگە بیست ساڵ دەبوو، وا هێندە بەکوڵ نەگریابوو.

دەیگوت،«کردمت بە بەلا بەسەر عەلییەوە، چاوڕەشەکەم، ڕدێن سوورمەکەم، ماڵ و منداڵی لەبرسان دەمرن، ڕووت و قووتیشن. عادیلەفەندیی بێ دینیش لە کونی دەرزییەوەی دەئاخنێ و دەری دێنێ. پەرێشان دەبێ. گوندیی ناخوا و گوندی بێ ئیمانیش گاڵتەی پێ دەکەن و پێی پێ دەکەنن. چاوشینەکەم، بەدەوەکەم، فریای عەلیم کەوە! من لە هەموو شتێکی ئەو، هەرچییەکی دەربارە کردووم...»

دیمەنی عەلی، کە لە چەقی ڕێگا بەگیاوگۆڵەکەدا، ڕاکشابوو پێچرانەوەی هەردوو لاقی، وەک مەلۆتکەی منداڵ و گرمۆڵە بوونی لەشی، لە پێش چاو لانەدەچوو.

«لە گوناهەکانت خۆش بووم. لە هەمووی خۆش بووم. کاتێکی هۆشم بە خۆ نەبوو، زۆرم چەمۆڵە لێ نای، پێشتریش پێم گوتی، قسەی کاتی تووڕەبوونم، لەسەر حسێو مەکە. پێشتریش پێم گوتی، ئەگەر باشت لەبیر مابێ، چاوڕەشەکەم، فریای عەلیم کەوی، پێش ئەوەی ئەوان بچنە لۆکەچنین تۆ عەلیم. عەلیی هەژار و ڕوونەرم و دەم بەپێکەنین و ڕووخۆشم... ئەی هەر لە سۆنگەی ڕوونەرمی و دڵناسکیی خۆی نەبوو خەلیلە پیری سواری ئەسپەکەم کرد و ئەسپەکەی کوشتم؟ ئەی هەر خۆت لە هەموو شتێ ئاگادار نیت، ئاگات لە خشەی مار و مێرووی ژێر زەوی نییە؟ دەبیگەیێنە حا؟ عەلیم بگەیێنێ، منیش هەر کە گەڕامەوە، لە بن دارگوێزە شەخسەکە کەڵەبابێکی سووری زەلامت بۆ دەکوژمەوە. لەتێکی لەت ئاسایی چییە خۆم نایخۆم. ئەگەر خواردم بە زەهری مارم بێ. بەژوقمم بێ، چاوشینەکەم. هەرخۆتی هەموو جیهانت

لێوە دیارن، ڕەگ و ڕیشەی دار و دەوەن لە ژێر حەوت چین زەوییەوە سەرلەبەر هاواری تۆ دەکەن، وا نییە جوانەکەم؟»

دەستی ماندوو بوو، هێنایە خوار. بەڵام هێشتا بەتەواوەتی لە مرەمر نەکەوتبوو. دوایی بەلای ڕاستیدا ڕاکشا، لێی نووست.

عەلی کاتێکی بەخەبەرهات دوای عەسرانێکی درەنگ بوو. ئەندامی لەشی سەرلەبەر دەیزریکاند.

تەماشای کرد ئەلیف لە ژوورسەریەوە، سەری خستووەتە سەر چۆکی و خەو دەیباتەوە. ئازاری گیانی، سەرتاپا، وەک لەناو دۆڵا کوترابێ دێشا.

هیچ شوێنێکی حاڵی ئەوەی پێوە نەمابوو، دەستت بۆ بردبا و لێی نەویبای. لەپاش ئەوەی کە سەرسامییەکەی ڕەوییەوە، پرسی:

«بۆ کوێ چووبوو؟!»

ناودەمی وەک ژەهر دەسووتایەوە.

ئەلیف گوتی:

«دایکم دیتەوە، لەکۆڵم کرد. هێنام بۆ سەر کانیاوەکە. لە پێشترەوە نانم دەرخوارد دا ئینجا بۆ لای تۆ هاتم.»

عەلی لە پێشان دڵی خۆش بوو. بەڵام لە پڕێکدا چارەی بەیەکدا دا و مۆن و گرژ هەڵگەڕا. دیسانەوە ئەو پیرە، ئەو بارە قورسەی لە کۆڵ دەکرد؟ دایکی لەبەرچاوی لێ بووبوو بەکێوێ، کێوێکی زەلام و قورس. چاوترسێن بووبوو. هەر ڕادەچەنی. هەستی بە دارِزان و هێڵنجدان کرد. دەست و پێی، هەموو ئەندامی لەشی بەجارێ خاوبووبوونەوە و لەبەریەک هەڵدەوەشانەوە. هەربینا لەترسان لەرزی لێ هات.

بە چاوی زەق بووەوە و بەترسەوە پرسی.

«دۆزیتەوە؟»

وەک هەڵستێ، دەستی لە زەوی گیر کرد، سەرلەنوێ بە نکەنک پرسییەوە:

«دۆزیتــەوە؟ ها؟ دەبێ هەڵســتم، نـابێ ڕاوەســتم. دەبێ بیـانـگەمێ، نـابێ نەیانگەمێ. ڕۆژێکی چوو، چواری ماوە. پاش چوار ڕۆژی تر دەچنە لۆکە. لە کوێـین؟ لە چیا ئاودیو بووین. واین لە دیوی ڕووە و چقوور. گوویّکی ترمـان لێ پەیدا نەبێ، ئەم هەڵترۆپیوە دیسان بۆ گوند نەگەڕێتەوە و تا سبەینێ بەدوای خۆیدا سەرگەردانمان بکا، بە چوار ڕۆژان دەگەینێ. دەبێ هەستم.»

پەیتــا پەیتــا هەر دەیگوت: «دەبێ هەســتم، دەبێ، بگەمێ.» کــەچی لە شـوێنەکـەی خـۆی جـووڵەشی نەدەکرد. ڕەنگە لەپاش سـەدەمین جـار دەبێ هەسـتم، دەبێ بگەمێ گـوتن، ئەلیف بەرگـەی نەگـرت، هەرچییـەکی لە دڵدا هەبوو، هەڵی ڕشت. لە سـبـەینێـوە خــۆی گـرتبـوو، ئـەم قـسـەیەی لە زار دەرنەچووبوو.

گوتی:

«منداڵـەکانم، منداڵەکـانم لەو سـەر چیـا و چۆلە برسی و تینوو مـانەوە. لە برســان مـردن. لـە ترسـیـان زراویان تۆقـی؟ منداڵەکـانمان عـەلی. حـەسـەن ئومەخانم...»

عــەلی لە پڕ هـەڵسـتــا. چاوی ئەبڵـەق بـووبوو، دەتگوت شـێـتگیـر بـووبوو. مستەکۆڵەی گوشی، بەهەموو گوڕێکییەوە ڕای وەشاند.

«منداڵەکــانم شــتــێکیــان بەســەرهـاتبێ، منیش لە بـەربینگی دەگـــرم، دەیتاسێنم.»

ڕاوەستا خێرا خێرا خێرا پشووی دا.

بەتووڕەییەوە گوتی: «دەیتاسێنم» و لێی دا ڕۆیشت.

تا گەیشتە لای دایکی هەناسەبڕکێیەکی تووش بووبوو، دژمن بەحاڵی نەبێ. هێشـتا زۆری پێ مابوو بە دایکی بڕێژێ. خۆی پێ نەگیرا. تارماییـیـەکەی دایکی بە گەرووی وشک هەڵاتوو و دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاوی درێژ داکشاو و زار بستێ داپچڕاوی مێشی پێدا هاتوچۆکەری مل مۆر هەڵگەڕاوی باریک بووەوە هەرگیز لە پێش چاو لانەدەچوو.

کاتێکی دەنگی ئەلیفی لەدواوە بیست ڕاوەستا. کە پێی گەیشت دووبەدوو بەرێ کەوتنەوە. ئەلیف دای کێشا، خۆی بەناو لێرەکەدا. پاش نەختێ، عەلی کە سەری هەڵبڕی، تەواشای کرد لەولاوەترەوە دایکی بەسەر چۆکیدا گرمۆڵە بووە و هەر ئەوەندەی گلۆڵەیەکی ماوەتەوە. کەساسە دەتگوت کۆمەڵێ پەڕۆ و پاتاڵی چڵکن بوو، لەوێ کەوتبوو. بەسزمان. دەسەپارچە و پەرێشان. نەختێ خاوبووەوە. هەڵچوونەکەی دامرکایەوە. لە کفرەکانی تا ئێستای کردبوونی پەژیوان بووەوە. ها ئێستا، ها نەختێکی تر دەستی لە ملی دایکی دەکرد و دەست و دەموچاوی نوقمی ماچ دەکرد. ئەوەی نەکرد. دەیکرد. هەروا لە ژوورسەری دایکیەوە ڕەق ڕاوەستا. زاری هەڵنەهێنایەوە، ورتەیێ بکا. هەردوو دەستی بەم لاو بەولایدا شۆڕ بووبوونەوە، وەک هەردوو شانی سەرو لکیان پێوە هەڵواسرابێ ئاوا بێ گیان بوو.

ئەلیفیش چوو، بەتەک مرێمۆکی بڕست لێ براوەوە هەڵکورما. عەلی بیری کردەوە: دەبوو لە بەردەمیدا دانیشێ و لەکۆڵی کا. فریای منداڵەکانی کەوێ، لە جانەوەر و دڕندە و دزو درۆزنیان ڕزگار کا. پێش وەی خەڵکەکە دەست بە لۆکەچنین بکەن، بگاتێ. نەدەکرا، دەبوو بگاتێ. بەڵام دەترسا. پشتی هەموو بووبوو بە زام و برین. برینەکانی هەموو چڵک و زیچکاویان لێ دەردەهات وەک نووکە چەقۆی تیژ لە برینەکانی ڕاکەی، دەترسا، مچوڕکی پێدا دەهات. ئەلیفیش چاوی بڕیبوە چاوی، مانایەکی تێکەڵ و پێکەڵ بە دەموچاویەوە، واقی وڕمابوو، بە چارەیەکی داماو و کەساسانەوە بێ چاوتروکاندن و سڵکردن، تێی ڕادەما. ئەمە چەندی وەخت و کات خایاند؟ عەلی هەر پێشی نەزانی. دەترسا، لە حاڵی بوورانەوە و لەخۆداچووندا هەر ساناساتێ ڕادەچەنی، هەستی بە قورساییە بەسامەکەی دەکرد، هەستی بە ئێش و ئازاری لاق و پێی دەکرد، کە بەجارێ سووتابووەوە، هەر کاوناکاوێ ڕادەچڵەکی.

دوورو درێژە، ڕێگاکە دوورو درێژە! ڕێگاوبان دەبڕێتەوە؟ ڕێگاوبان چۆن دواییی دێ؟ کەی دەگەیە ئەوسەری. بەرچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا. پێی وابوو ڕێگاکەی بە هیچ جۆرێ بۆ لەبەر ناڕوا. تا ئێستا ئەم ڕێگاوبانانە سالانی

ساڵ لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، سا هەرچۆنێ بوو پەی کرابوو و بڕابووەوە؟ کە گوندی یەکیان گرت دەبڕێتەوە. ڕۆحم بەقوربانی یەکیەتیی گوندییان بێ. هەر کە بۆنی خڕبوونەوەیەکیان دەکرد و نەدەکرد، نە پشتێشە، نە پێ و پل چووزانەوە، هیچی نامێنێ. ئەمڕۆش نەبێ، سبەینێ دەبێ بە گوندی ڕابگەین. بێ سێ و دوو دەبێ پێیان ڕابگەین. بەڵام داشنەدەنەوییەوە دایکی لەکۆڵ بکا. جارێکیان دانەوییەوە، پشتی تێ کرد، ئەوەندەی نەمابوو لە بەردەمیدا چۆک دادا. بەڵام وەک دەرزیاژنی بکەی لەپڕ ڕاپەڕی، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، بە هەناسەبڕکێوە ڕەق ڕاوەستا. هەرچەندە حاڵی بەپێوە ڕاوەستانیشی بەبەرەوە نەمابوو، بەڵام داش نەدەنیشت.

مرێمۆک هەر کە لە حاڵی عەلی گەیشت، چی کرد، هەردوو دەستی لە زەوی گیرکرد، بەرزەپێ ڕاست بووەوە:

«کچم دارێکم بۆ بدۆزەوە، با بەڕێ کەوین. منداڵەکان بەدیار باروبنەکانەوە مانەوە! واخ ڕۆڵە کەساسەکانم. برسی و تینوو.»

عەلی لە دڵی خۆیدا بە تووڕەیییەوەکەوە گوتی، هەمووی لەناوچەوانی هی وەک تۆوە، سەرلەنوێ دەستی بە تووڕەبوون و هەڵچوون کردبووەوە، پشووی بەجارێ سوار بوو.

ئەلیف هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، گوتی:

«برسی و تینوو» و هەر لەوێ لقێکی بە زۆر شکاندەوە، گەڵاو شووڕکەکانی هەڵپاچی و گەڵاڵەی کرد، هێنای دای بە مرێمۆک. کە سەیری دەموچاوی کرد دڵی خۆش بوو. مرێمۆک ڕەنگ و ڕووی کۆڵێ هاتبووەوە جێی خۆی. لەپێشان بەدارەکەی هەنگاوی هەڵێنایەوە، ئینجا هەنگاوێکی هاویشت.

پاش نەختۆکەیەک، مرێمۆک لە نواوە و ئەلیف لە دواوە، ملی ڕێیان گرت. ڕێگاکە بە بەردی هەریەکە ئەوەندەی سێوێ داپۆشرابوو، لافاو هێنابووی. کە بەڕێ کەوتن، لە ڕێ کردندا زەحمەتێکی زۆریان کێشا.

ئەلیف دەستی گرت، بەرەو کەنار ڕێگاکەی برد، گوتی:

«دایە چدەڵێی بەسەر ئەو هەرێزە کەوین، لەوێوە ڕێ بکەین.»

عەلی لە شوێنەکەی خۆیدا چۆن ڕاوەستابوو، هەر بەوجۆرە ڕاوەستابوو تەماشای دەکردن. بێ ئەوەی بۆ خۆشی بزانێ بیر لە چی دەکاتەوە، وەدوویان کەوت.

کە لە بەردەڵانە لافاو ڕامالّیوەکە تێ پەڕین، هاتنە سەر ڕێگاکە. بە جووتە دەڕۆیشتن. عەلی زۆری کەیف بەمە دەهات. سەرباریش خێرا دەڕۆیشتن. بەم جۆرە دەگەیشتنە چقوور. ئەوانی ئاوها بەجێ هێشتبا و بۆ خۆی چووبا بۆ چقوور. خۆزگە بیانتانیبا ئاوها ڕۆیشتبان. عەلی بەرەبەرە باری سووکتر دەبوو، ڕک و تووڕەییيەکەی دەگۆڕا، دەبوو بە دڵخۆشی.

تا گەیشتنە هەورازێ، عەلی هەروا لەسەر ئەو زەوق و کەیفخۆشییە بوو. بەئومێد، بەرچاوڕوون. بەرلەوەی دەست بە لۆکەچنین بکەن دەیانگەیشتێ. کێ دەڵێ پێش دوو ڕۆژان، پێش ئەوەی ئەوان بچنە لۆکە، نایانگاتێ. ئای چەند خۆش دەبوو لە ڕێگا پێیان گەیشتبا! ڕووبەڕووی کوێخا قوت بایەوە و بەگەڵ خۆی دابا، هەرچی هەبا و نەبا یەکەیەکەی بە گوندی گوتبا. خۆ گوندیش ئەقڵی هەیە.

تۆ هەر ئەوەندە تیرەی گوندی بخەرە سەر ئەو ڕێگا ڕاستەی سوودی لێ دەبینن و بیانهێنە بڕوا... ئەو سەگانەی لای کوێخا، خزم و کەسەکانی لێی ناپچڕێن. یەکێتییەکی باشیان لە نێواندا هەیە. دەبێ لێی بچرێندرێن. دەبێ قسەی وا بکرێ چاویان پڕ بێ لە فرمێسک... دەبێ قسەی وا بکرێ... باسی هەق و هوقووقی هەتیو و سێوی، هەقی بێ نەوا، هەقی بێوەژن، هەقی کەساس و هەژار بکرێ. دەبێ بگوترێ ئەوەی ئاغاکان بە کوێخای دەدەن، بۆ خۆمان لەناو خۆماندا بۆی خڕکەینەوە و بیدەینێ. با بڕۆین پێی بڵێین، لەگەڵ دەلیجە بەکردا دەست تێکەڵ نەکا و گوندی بەم دەردە نەبا. خۆ ژنەکەی دەلیجە بەکر... ڕوومەت سوور. فەرموو بزانم لەم گوندانە ژنێکی وەک وی

دەدۆزییەوە. هێند خەندە شیرین، هێند سمت لەرزۆک. ژنەی ڕووت و قووت کردەوە. بە مرەمرێکەوە گوتی: «شەرت و عەهد بێ.» چما پێت وایە دەلیجە بەکراغا بۆ خوازبێنیکردنی زۆر فیداکاریی بەخەرج دا؟ هیچ.»

حەزی لە کەسێ نەبێ لەگەڵیدا نانوێ. بەڵام کە حەزی لێ کرد، لە بەردەم دەلیجە بەکراغا خۆیدا، لە بەردەم سەرلەبەری گوندیدا، گوێ ناداتێ و لەگەڵیدا دەنوێ. هەر مووی مووئاساییشی نابزوێ. خۆ ڕەنگ نییە چاو ببڕێتە کەسێ، مومکین نییە، ئەو کارە هەردەکا. جا خوای دەکرد پیاوێکی هەشتا ساڵە، یا منداڵێکی پێنج ساڵە دەبوو. هەی بەقوربانی ژنی وا سەرەڕۆ بم.

مریشکۆک لە هەورازەکە پەکی کەوت. ئەلیف هەوڵی دا زاتی بەبەر بنێ، ڕێی پێ بکا. پێی لە بەردێ هەڵکەوت دەمەوڕوو بەربووەوە ورتەی نەکرد. ئۆف مانای نەکرد. لە ئەلیف وا بوو مرد. ویستی هەڵی سێنێ، بۆی ڕاست نەکرایەوە. لەو دەمەدا عەلی دیتی. هەر کە دیتی و نەیدیت جندۆکەکانی هەموو لەسەر خڕبوونەوە. لە داخان هار و شێت بوو. ڕای کرد بۆ لای مریشکۆک، لە باڵی نەوی، وای هەڵدایە سەر کۆڵی خۆیشی و مریشکۆکیش سەریان لێ سوڕما. مریشکۆکی لەسەر کۆڵی قیت کردەوە. بەڵام مریشکۆک خاو بووبووەوە. وەک هەویرە پەتە، بە هەموو قورساییەکیەوە بەسەر پشتیدا پان بووەوە. هەردوو دەستە بێ گیانەکەی دایکی هێنایەوە، لە ملی خۆی ئالاند. ئینجا هەردوو دەستی خۆشی لەژێر لاقیەوە، گرێ دا. هەموو قورساییەکەی بەسەر دەستی و کۆڵنجیدا دابەش کرد.

تا لە هەورازەکە بەسەرکەوتن، سەرتاپای وەک لە ئاو هەڵکێشرابێ، نوقمی ئارەقە بووبوو، هەناسەبڕکێیەکی توندی بوو. پێ و پلیشی دەسووتایەوە. ئینسان ئەوەندە قورس و گران دەبێ؟ هەر دەڵێی مردووە. پیرێژنی وەجاخ وێران. لە ناوچاوانی تۆوە شتێ بەسەر منداڵەکانم هاتبێ منیش تۆ دەخنکێنم. دەتخنکێنم و لاشەکەت فڕێ دەدەمە ناو ئەشکەوتێکەوە، لەناو ئەم لێڕە بۆ سەرگەڕ و دالاش.

ملی درێژ بووبووەوە. کە ماندوو دەبوو بەرەو پێشەوە درێژتر دەبووەوە. پیرەژنەکەش تا دەهات دادەکەوتە خوارێ. قۆڵە ڕەق و تەق و وشک و باریک بووەوەکەی لە ملی ئاڵابوو، هەرچەندە دادەکەوتە خوارێ قورساییەکەی بەجارێ دەکەوتە سەر قۆڵەکانی و ئینجا لەوێوە سواری بینەقاقای عەلی دەبوو.

عەلی بۆ پشوودان هەر کاوناکاوێ دایکی بەرەوژوور، بۆ سەر پشتی، بۆ سەر شانی، هەڵدەتەکاند. بەڵام هەر پاش نەختێ مریەمۆک سەرلەنوێ دادەکەوتە خوارێ و شۆڕدەبووەوە.

کاتێ گەیشتنە ڕاستان عەلی دوو هەنگاو دەڕۆیی و هەنگاوێ ڕادەوەستا. هەر وەخت بوو، بۆ نەختێ حەسانەوە گیانی دەرچێ، بەڵام دەترسا. دەیزانی هەر کە دانیشت ئیتر هەڵسانەوەی بۆ نییە.

ڕۆژ ئاوابوو. دەوروبەر تاریک داهاتبوو. لە باشوورەوە بایەک هەڵی کردبوو. هێشتا بۆ هەڵاتن زۆری مابوو.

١١

ڕێگاوبان کەسی پێدا نەدەڕۆیشت. کشومات. نە ئینس، نە جن. ڕێگاوبان هەموو ساڵێ وا کشومات نەدەبوو. پڕ دەبوو لە ڕێبواری چقوورئۆوا. کێ دەڵێ خەلیلەپیر بەهەڵەدا نەچووبوو. کێ دەڵێ گوندییەکانی لە پێش قۆزاخە تەقیندا، زۆر زووتر بەڕێ نەخستبوو. سەیردەبوو وا بووایە.

گوندی دەچوونە خوارێ بۆ چقوور، لەو گوێ مەزرا لۆکانە کەپری خۆیان دروست دەکرد. چاویان دەبڕییە نەمامەلۆکە، چاوەڕێیان دەکرد. زۆر لەمێژ بوو، لە نەخۆشییەکەی خەلیلە پیریشدا، جارێکیان وای لێ بەسەرهات. هەرچی گوندییەکانی تر بوون، ئەوانیش، هەربەدوو ساڵ جارێ ئەم حاڵەیان لێ بەسەردەهات. لەو مەزرا لۆکانە مۆڵیان دەخوارد، قۆزاخە لۆکەی تەقیویان دەژمارد. ئەمڕۆ پێنج، سبەی دە، دوو سبەی پازدە، سێ سبەی سەت قۆزاخە

دەتەقی. قۆزاخەی تەقیو ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد. هەر ئەوەندەیان دەزانی سبەینانێ دنیا سپی سپی دەچووەوە، دەتگوت بەفر باریوە.

عەلی لاق و پێ ئاوساوەکانی چەورکردبوو، لەبەر هەتاوەکەی درێژکردبوون. ڕدێنە ماش و برنجە درێژبووەکەی تۆزاوی بووبوو. لەتاو هەتاوەکە چاوی هەڵنەدەهات. ترووکەی بۆ نەدەکرا. کزبووبوو. لە لێژاوێکەوە ئاو بەخوڕ دەهاتەخوار. دارچامێکی لک و چڵ گورمیلە بوو لە شوێنێکی سووتاوییەوە، لە دوورەوە دیاربوو، بنێشتەتاڵی لێ دەردەهات. بەشی زۆری گژوگیای زەوییە بۆزەکە وشک بووبووەوە. عەلی لەوەتی بەخەبەر هاتبوو زمانی نەدەگەڕا، ورتەی لەگەڵ کەسێکدا بکا. هەر بیری دەکردەوە پشووی سوار بووبوو. داپیرە مریەمۆکیش لەولای کوڕەکەیەوە، لەو بەری دۆڵاشەکەوە، لە دوور هەڵکورمابوو. جووڵەی نەدەکرد. ئێستا و ئێستایش ئاوڕێکی لە عەلی نەدایەوە، سەیرێکی بکا. ئەلیف لەولاوە پشتی بە بەژنی نارەوەنێکەوە دابوو. منداڵەکانی ڕووت کردبووەوە ئەسپێی کراس و دەرپێیەکانیانی دەدۆزی. هەتاوەکەی لە هەتاوی بەهار دەچوو. هەروا ڕاوەستابوو. گەڵا نەدەبزووت. دیاربوو بە دیوی لای دەریاوە، بە تۆرۆسدا تێ پەڕیبوون. ئەسپێیەکانی دەکوشت و بەزەیی بە خۆیشی و بە منداڵەکانیشدا دەهاتەوە. هەر وەخت بوو لەتاو مریەمۆکیش هەناوی لەت و پەت بێ. هەرچەندی دەکرد دڵی نەدەهات سەیری دەموچاو و پێ و پلی عەلی بکا. سەیرێکی کردبا چاوی پڕدەبوو لە فرمێسک، ئارامی لەبەر دەبڕا. لە دەستی هاتبا هەموویانی لە کۆڵ دەکردن وەک باڵدار دەفڕی، دەیگەیاندنە چقوور، لەو گوێ مەزرا لۆکانە باروبنەی دەخست.

منداڵەکان ڕووت و قووت بوون. هەر دەتگوت تازە لەدایک بووبوون. سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕی. مریەمۆک نەبزووت. منداڵەکان قیژاندیان، ڕاپەڕین، عەلی کرکەکرک دایە پێکەنین. ئەلیف بە جلی منداڵەکانەوە چوو بۆ لای عەلی. عەلی چاوی بڕیبووە عاسمان، هەر تەواشای دەکرد. ئەلیفیش لە شوێنەکەی خۆیدا ڕاوەستا، چاوی بڕییە عاسمان. لە دوواییدا مریەمۆکیش سەری هەڵبڕی نوواڕییە ئاسمان. منداڵەکانیش بە ڕەنگ و ڕووێکی نیوە بەترس و نیوە

بەشادییەوە هاتن بۆ لای باوکیان. ڕەنگ و ڕووی ئەلیفیش نیوە سەرسامی و نیوە دڵپەسندییەکی پێوە دیاربوو.

لە دوورەوە سێ دانە جێت، لەم چمکی ئاسمانەوە بۆ ئەو چمکی ئاسمان ڕێگای شەوق زیوینیان دەبڕی و دەڕۆیشتن. لە پاش چاوتروکاندنێ لە چاو ون بوون. ئەوەندەی نەبرد، دەنگیشیان بڕا.

عەلی بزەیەکی هاتێ، سەیرێکی منداڵە داماو و ژنە سەرسامبووەکەی کرد:

«ئەمانە بە زمانی سەربازان، فڕۆکەیان پێ دەڵێن. یەکی سەت پیاو هەزار پیاو، دووهەزار پیاو، هۆردوویێکی تێ دەچێ. هەر سەربازێک و بۆمبایەکی دەدەنە دەست، بەسەر گوندی گاورەکانیاندا دەدەن. بۆمبا گاور دەکا بە کۆی زووخاڵ. داریان بەسەر بەردەوە ناهێڵێ. خۆ دیتت، چەند خێرا دەڕۆن. هەر ئەوەندەی چاو بقووچێنی و چاو هەڵێنی دێن. ئەودەمی کە سەربازبووم، دەیانگوت فڕۆکەوانەکانیان تورکن و لە خۆمانن. جارێکیان چاوەشەکەمان گوتی، عەلی وەرە تۆش سوار بە، گەشتێ بەم عاسمانەدا بکە. گوتم، هیزە چاوەش لێم گەڕێ، دەستەکانت ماچ دەکەم، پێت ماچ دەکەم. من هی ئەوە نیم، سوار نابم، دەکەومە خوار. چاوەش دایە قاقای پێکەنین، گوتی، کوڕە، وەرە، بەمە دەڵێن فڕین، هەر دەفڕی دەفڕی. گەلۆر، حەز لە فڕین ناکەی؟ ئەمە حیکمەتی خوایە. پیاو چۆن دەکەوێ؟ گوتم، نەشکەوێ هەر سوار نابم چاوەشەفەندی. چاوەش دیسان پێ کەنی، هەر وەخت بوو لەبەر پێکەنین بپچڕێ، گوتی، عەلی، من وام دەزانی زۆر بەجەرگی، کەچی چرووک و قزە دەرچووی. منیش گوتم، چاوەش، پیاو لەسەر زەوی بەجەرگ دەبێ، نەک وەک باڵدار بفڕێ بە حەلحەلەی ئاسماندا، جەرگ فریای چی دەکەوێ لەو ئاسمانە؟

ئەلیف هات، بەهێواشی لەتەک مێردەکەیەوە منداڵەکانیش هاتن خزانە بن باڵی دایکیانەوە. عەلی قسەکەی دەگێڕایەوە و پێ دەکەنی، دەیگێڕایەوە و دڵی پێ خۆش دەبوو. ئەم حیکایەتی فڕۆکە و چاوەشەی زۆر جار گێڕابووەوە. سەرلەبەری گوند دە جار و بیست جاریان لێ بیستبووەوە. کەس لە زۆر

گێڕانەوەی باسی فڕین و فڕۆکە وەڕەز نەدەبوو. پێ و پلی، دایکە هەناسە ساردەکەی، لۆکە، عادیلەفەندی، کوێخای تەرەس، دەلیجە بەکری مل ئەستوور، ڕێگاوبانی دوورودرێژ، ئەمانەی سەرپاک لە بیر چووبوونەوە.

«گوتم چاوەش، جەرگ جەرگ بێ، لە ئەرز بێ، لە ئاسمان بێ، لەناو دەریا بێ، هەر جەرگە. هیزە چ مەڵێ، سوار نابم. ئەگەر ئازایەتییەکم هەبێ، لەسەر ئەرز هەمە. متمانەم بە باڵی تەیر و تووالێ نییە، ڕۆحی خۆمی بدەمێ. چاوەش گوتی، ئەی ئەوانی کە سواری دەبن هەموو ڕۆڵەی دایکی خۆیانن، ڕاستە. گوتی لەمانە، لەناو سپاکەماندا، زۆر هەبوون. هی وەک مێشەنگ هەن. لە بیرت دێ، جارێکیان لۆکەمان دەچنی، لە شوێنێکی تەخت و ڕاستاندا بووین، ئەو ساڵە گوندییەکانی ئێوەش لەوێ بوون. لۆکەیەکی هێنابوو، بەڵام چ لۆکە! هەر دەتگوت، دنیا بەفر دای پۆشیبوو، لە بیرت دێ؟ شەمەندەفەریشی پێدا دەڕۆیشت. مسسیان پێ دەگوت، دەتگوت ڕووبارێکی گەورەیە و بەکاوەخۆ دەکشێ. میری، ئەو ڕاستانەی بۆ کردبوون بە هێلانە. هەموو سبەینانێ. وەک هەنگ چۆن بەناو گولووکاندا بڵاودەبنەوە، ئەوانیش لە هێلانەکانی خۆیان دەردەپەڕن، بە هاسمان وەردەبن. هەزار دانە، دوو هەزار دانە، سێ هەزار دانە، چوار هەزار دانە، چەندت پێ دەژمێردرێ بژمێرە، هێند زۆرن، هەروەک هەور بەری ئاسمان دەتەنن.»

سەری هەڵبڕی، تەماشای کرد، هەر ڕێگای زیوە و بەئاسماندا ڕایەڵ کراوە.

«ئەی گوایە چۆن ئافرەت، ئەمانە ڕێگای ئاوهاوایی بۆ خۆیان دروست دەکەن، لە گەڕانەوەدا ڕێگا ون نەکەن. خۆ بێت و لە نزیکەوە بیانبینی هەر بەجارێ سەرت سوڕ دەمێنێ. هەر باڵێکیان لە ڕەنگێ دەنوێنێ. مۆر، زەرد، سەوز، سوور... ماشەڵڵا لەکارت خوایە چەند ڕەنگینە. جا چۆنیش دەبریسکێنەوە، ڕەنگیان هەر جارە جۆرێ دەنوێنێ، لە ئاڵەوە بۆ مۆر، لە مۆرەوە بۆ سەوز، سۆمای چاو دەبا. ئەڵەمانەکان گوتوویانە، ئافەرم بۆ میللەتی تورک، بەڕاستی میللەتێکی دۆموخراتە، بەڕاستی نەتەوەیەکی بەئاوەز

و ژیره، کـوره تۆ سـەی سـەی، ئێـمـە ئەڵەمـان لەوەتی ئەڵەمـانین ئـەوەندەی تورکمان فڕۆکە نییە. ئافرەت ئەمانە بە شەویش دەفڕن. چرای سەوز و سوور و سـپی و زەردیش بە خـۆیانەوە دەکـەن. بەری ئاسـمـان سـەرانسـەر دەبێ بە یەک پارچە ئەسـتێرەی ڕەنگاوڕەنگ. خـۆزگە، کاتێ بەیەکەوە دەفڕن، دەتدیتن! شـەو بیـانبیـنە. تۆ بچۆ بـۆ ئەو هـەنجیـرسـتـانـە بۆ ئەو وێرانەیە، هـەر دەگـەیە ئەوێ... ئەڵەمـانـەکان گوتوویانە، ئیـتر لـەمـەولا لەگەڵ میللەتـی تورکدا کە ئەم حـەمکە فـڕۆکـەیەی بەدەسـتـەوە بێ، چۆن شـان لە شـانی دەدرێ؟ ئیـتـر چۆن شەڕی لەگەڵدا دەکرێ؟ گوتوویانە، ئیتر لە سای سەری دۆموخـڕاتەوە میللەتی تورک دەبووژێتـەوە. تازە ڕابرد، پیاوێ بتـوانێ ڕۆژی سەد دانە فـڕۆکە دروست بکا، چۆن پشـتی بە زەوی دەکەوێ؟ کابرای ئەڵەمـانی خـودبەیەکی دووورودرێژ بۆ میللەتەکەی دەخوێنێتەوە، دەڵێ، نەتەوە بەرز و هێژاکەم، ئێوە تەماشای ئەم تورکانە بکەن، بزانن چەندیان فـڕۆکە هـەیە، لە شـەڕ قـوتاربوون، ئیتر کەسـیان توخـون ناکەوێ. دەبا ئێمـەش وابین. چاوەشـەکەی ئێـمـەش وای دەگوت. ئیـدی ژنان بێـوەژن ناکەون، مـندالْ بێ باوک ناکـەون، نابن بە هـەتیـو و سـێـوی، ئەم فڕۆکانە گەیشتـوونەتە ڕۆژ، لە کەشکەلانی فـەلەک تەڕاتێن دەکەن. گوندەکانی وڵاتی خـۆریان لێـوە دیار بـووە. چاوەشـەکـەم دەیگـوت، کـوڕێکی چوارشـانەی بەخۆوە بوو، پیـاوێکی چاک بوو، دەیگوت، ئەم سەرزەوینەمـان بەش ناکا. دەبێ بەرەو ئەسـتێرەکان بچـین، ئەوانە ئاوەدان کەینەوە. بریـا چاوێکت بەو فڕۆکـانە کـەوتبـا. زەنگەسـووره چلۆن بە گـیـزوهـۆڕ دەگـەڕێنەوە شـار، ئەوانیش ئاوها دەگـەڕێنەوە. چاوەشـەکـەم دەیگـوت، جـا تۆ چت دیـوە عـەلـی، دەیگـوت، ئەمـانـە کەی فڕۆکـەن؟ هـی ئێکجـار زەلامیـان هـەن. هێندەی ئەو چیـایەی بەرانبـەرمـان. سێ گـوندی تێـخـە لێـرەوە تـاوەکـو شـاری ئەدەنـەی بەرە. بە مـاڵ و مندالْ و خاوخێزانەوە، گاوگۆتالْ، مانگا و گوێرەکە، ئەسپ، کەر، ئەرێ وەلا...»

هـەڵوێسـتێکی بۆ کـرد. دەیویست لەبابەت فڕۆکـەوە زۆری بەتاندا بڕوا، بەلام هـەرچەندەی دەکرد چیـی بۆ نەدەهات بیـڵێ، دەبوو چ بڵێ، چۆنی گێڕابایەوە؟ ئاخریەکەی:

«ئەمانە بە تاریکەشەو دەیکەن بە چرا و چراخانێ، بە چرا و چراخانێ! خوا بەبڕوات بێنێ ئافرەت، بە چرا و چراخانێ! هەر دەڵێی کێوێ کێوێ ڕووناکی، کێوێ نوور بەو ئاسمانەوە دەڕوا. خوا دەیزانێ ئا بەو جۆرە!»

کڕ و بێ دەنگ بوو. ئەلیف سەری شۆڕ کردبووەوە، هێشتا هەر خەریکی ئەسپێ کوشتن بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت، گوندی لەمێژە دابەزیونە خوار، بۆ چقوور. منداڵەکان لەسەرەخۆ بەدەم تەماشاکردنی ڕێگاکانی ئاسمانەوە لەکن دایکیان هەڵستان، بەرەو دەوەنەجارەکەی پشتیان دایانکێشا. مەودایەکی تەواوی پێ چوو، عەلی بایەکی چاکی باڵی خۆی دا، هەتاوە شلەتێنەکەی پایز خوێنی جماندبوو، گوتی:

«ئافرەت، هێشتا چوار ڕۆژی ماوە گوندی چقوور. لەمڕۆ پێوە هێشتا چوار ڕۆژی ماوە. تۆ بڕوانە ئەم گیاوگۆڵە.»

دەستی برد چەپکێ گیای هەڵکەند، بۆ ژنەکەی درێژکرد.

«بڕوانە ئەم گیایانە. هێشتا هیشک نەبوون. خەلیلەپیر لە قۆزاخە تەقین و نەتەقین چ دەزانێ؟ من جارێکیان دیتم چۆنی لێ دەزانێ. هەر گیای هەڵدەکەند و سەیری ڕەگ و ڕیشەکانی دەکرد. دەیگوت بزانم ڕەگیان هیشک بووە. ڕەگی گیا وشک بووایە، ئەوە هەمانا قۆزاخە تەقیبوو لە چقوورئۆوا. واتە دڕکی ئیزگیل.»

بەزاڵ بوونەوە ڕەگی گیاکەی دەستی بۆ پێش ئەلیف هاویشت، قریواندی گوتی:

«دەها سەیری کە، بزانە گیا ڕەگی وشک بووە؟ هێشتا خۆی هیشک بووە تا ڕەگی هیشک بێ، ئەنجا قۆزاخە لە چقوور دەتەقێ. کەواتا ئێستا گوندی بشگەنە چقوور، دەبێ جارێ لەو گوێ کێڵگانە بهێورێن چاوەڕێی قۆزاخەتەقین بکەن. توخوا وەنییە ئافرەت؟»

ئەلیف قسەکەی سەلماند، گوتی:

« وایە.»

«هێشتا چوار ڕۆژمان لەپێشێن. جگە لەمڕۆ دە ڕۆژانیش، دانیشین چاوەنۆڕ دەکەین، ئەوە چواردە ڕۆژ. پیاو بە چواردە ڕۆژ نەک چقووڕئۆوا، دەگاتە گەلیی چەناقەلا، دەگاتە گەلیی بۆلێ. من سەرم لەوە سوڕماوە...» پێ کەنی. «خوا خوا، کەوابێ شتی وا دەبێ! خوا هەر خۆی بەهەڵەناچێ. کەواتا خەلیلە پیریش بەهەڵەدەچێ. تۆ تەواشای ڕەگی ئەم گیاوگۆڵە کە، چەند تەڕوبڕە. بەمانگێکی دیکە ئەوجا هیشک دەبێ. خوا خوا! ئەمە حیکمەت و سڕی گەورەی خوایە. خالیقی ئەرز و ئاسمان، بەقوربانی گەورەییت بم!»

عەلی هەمدیس بێ دەنگ بوو، لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشا. هەروا لەبەرخۆیەوە دەستی بە گیزەگیزی گۆرانییەکی خۆش کرد. هەتاوەکەی بەرەبەرە گەرمی دەکرد. پۆلێ کێشکە بەسەر سەریاندا فڕکەی کرد. لەپاش نەختێ، دەموچاوی هۆن هۆن ئارەقەیەکی چاکی کردبووەوە، ڕاست بووەوە، گوتی:

«ئافرەت تۆ سەی سەی ئەم مێشکە کەرانەیەی من کە. بڕوانە ئەم مێشکە بێ ئاوەزەم. کوڕە ئاخر هەی مێشکەکەر، نەختێ بیربکەوە، ئەمساڵ گوندی زۆر زوو بەڕێ کەوتن. دە بزانە، ڕێگاوبان ئینسێ، جنێکی پێدا دەڕوا، کش و مات. کەمێ بیربکەوە. خەلیلە پیر بەهەڵەچوو. مێشکەکەر بیربکەوە، خەلیلە پیریش فڕی بەسەر ئاوەز و ئینسانەتییەوە نەما. چما ئێستا ئەم ڕێگاوبانانە لپ و لێواو نەدەبوون لە گوندی؟ خەڵک وەک لم هەڵنەدەقولا؟ با پێنج شەش ڕۆژی دیکەی پێ بچێ ئەوجا بزانە چۆن لەدوامانەوە وەک مێروو دەجمێن. گوندییەکانی ئێوە زۆر زوو بەڕێ کەوتن. خەلیلە پیری داماو چ پکا ئافرەت، چ قوڕێ بە سەری خۆیدا بکا؟ خوا کەس لە دەست و پێ نەخا. بەڕاستی منیش شێتم، ئەمە چەند ڕۆژە هەر ڕادەکەم توخوا ئەمەش ئەقڵە؟»

ئەلیف چاوی گەورە و درشت بوون. زەق زەق تەماشای مێردەکەی دەکرد، بێ تروکاندن.

«تفوو، بەلای خوام لە پیاوی بێ ئەقڵی وەک من دا، کوڕە دە بیربکەوە، خۆ

گژوگیا هێشتا تەڕە تەڕە بێ ئەقڵ. ناوەڵا، بزانە لە تاکە گوندێ بەولاوە، کە زوو بەڕێ کەوت، لە تەنیا زەلامێ زیاتر کەسێکی دیکە ڕەت بوو؟ دەگەمە ئەوێ، گوندی هەموو لەو گوێ مەزرایانە کەپریان کردووە. دەستم بە کەلەکەمەوە دەگرم، دەدەمە قاقای پێکەنین، پێکەنین، پێ دەکەنم ئەما چ پێکەنینێ. دەڵێم سەلامون عەلەیکوم، پێ دەکەنم، دەڵێم، هێشتا پێنج ڕۆژی بۆ قۆزاخەتەقین ماوە. من بەمەم دەزانی، بۆیە دواکەوتم. ئەدی کەسی براینە، مام و هاپۆینە. دەڵێم ئەمساڵ خەلیلە پیر حاڵی ناحاڵ بوو. لێی مەگرن، ئێوەی بەخۆڕایی دەرخواردی پێشکەی چقوورئۆوا دا. لە منیش خۆش بن، کە پێم نەگوتن. چما چاکتان کرد بەجێتان هێشتم؟ دوردگەکەم لەبەر پشتێن دەردێنم، تێ هەڵکردنێ تێ هەڵدەکەم، کەژ و کێو و دارو بەرد دێنمە سەما. هێشتا پازدە ڕۆژی بەبەرەوە ماوە، خەمت نەبێ. ئێمەش چواردە ڕۆژە ڕێمان لەبەر ماوە. سبەی ئێوارە دەگەینە قوڕاوی. قۆناخمان ڕاستانەکەی قوڕاوییە ئافرەت.»

دوردگەکەی لەبەر پشتێنی دەرێنا تێی هەڵکرد. هەستایە سەرپێیان. هەستی بە ئێش و ئازاری پێ و پلی نەدەکرد. بە پیاسەکردنەوە دەیژەند. منداڵەکان لەناو دەوەنەجاڕەکەوە بە هەڕاکردن دەرپەڕین، دەهاتن.

ئەلیف چاوی درشت و گەورە، زەق کردبووەوە، لە مێردەکەی نەدەترووکاند، هەرچی مرێمۆک بوو، سەری بڵیند کرد، سەیرێکی دوردگەکەی کرد.

لەدڵی خۆیدا گوتی، بڕۆ ئۆزوونجە عەلی. بڕۆ! پاش ئەوەی مرێمۆکت بەم دەردە برد، تێی هەڵکە، تا دەتوانی تێی چریکێنە!

عەلی دوردگەکەی لە دەمی لابرد، بە دڵخۆشییەوە بانگی کرد:

«ئافرەت لەبرسان مردم ئەوە چییە هەر خەریکی ئەسپێ کوشتنی، نەبڕایەوە؟ هەستە شۆربایێ لێنێ، هەڵی قوڕێنین، زگمانی پێ بخووسێنینەوە. دایکیشم ئێستا برسی بووە.»

لەپڕ تاوی دا، دەستی دایکی ماچ کرد.

«دایە جوانەکەم، ئەمەمان هەموو لە کەرێتی مێشکی منەوە بەسەرهات. هێشتا بۆ قۆزاخەتەقین، بۆ لۆکەچنینی گوندی...»

«یەک، دوو، سێ، چوار» دەستی بە قامک ژماردن کرد.

«یازدە، دووازدە، سێزدە، چواردە... هێشتا چواردە ڕۆژی ماوە، بە چواردە ڕۆژ، نەک چقوور، پیاو دەگاتە گەلیی چەناقەلا. گەلیی بۆڵێ دەدۆزێتەوە. گوتوویانە، بازاڕەکەی چەناقەلا ئاوێنەبەندە. من چوزانم، بڕوام بەو سەگە پیرە کرد. بەهەڵەچوونیم قەت بەبیردا نەدەهات؟

بڕوام بەو خەلیلە پیرە... خەلیلە پیر بە گەرووی ئاشدا چێ! دوانەکەوتین، زۆر شوکور. هەر گەڕامەوە، کەڵەشێرێ بۆ دارگوێزە شەخسەکە سەردەبڕم. خودا لە خێری دەرنەکا. ئامین.»

بەدەوریدا دەگەڕا، ئەم دەستی بەردەدا، ئەو دەستەکەی دیکەی ماچ دەکرد، ئەوی بەردەدا، ئەمەکەی دیی ڕادەمووسی، کەوتبووە ناو گەردەلوولێکی شادییەوە.

مریەمۆک لە دڵی خۆیدا گوتی، سەری بڕە، کوڕم، سەری بڕە! منیش کەڵەشێرێکی بەگێز و گوڵینگ سەردەبڕم، کە گەڕامەوە بۆ ئاوایی. بەو سەگە پیرە، بەو بێ دین و ئیمانە قەت بڕوا دەکرێ؟ ڕۆڵە عەلۆکەم، تۆ چاکی، خاسی بەڵام...»

«دایە دڵت سەغڵەت مەکە. ئەمساڵ وای خڕدەکەمەوە، وای خڕدەکەمەوە، منداڵەکانیش ئیدی وا هەراش بوون، دوو هێندە خڕدەکەینەوە. دوو، دوو، دەکا چوار.»

لە دایکی هەڵبڕا، هات بۆ کن ژنەکەی:

«ترخێنەت وەسەر ئاگر نا؟»

ئەلیف:

«ساوارم وەسەرنا.»

عەلی:

«بۆ ئەمڕۆکە ڕۆنیش بکە شۆرباکەوە. با دایکم فڕی کا. کەساسە زۆر زەبوونە. بەجاریێ بووە بە داوی دەرزی. با دایکم هەڵی قوڕێنێ. لایە چەورەکەی وەرسووڕێنە پێش وی.»

چوو، سەرلەنوێ لەبەر هەتاوەکە ڕاکشا، لاقی درێژ کرد.

منداڵەکان بە خۆشی خۆشییەوە، دیسان بەرەو دەوەنزارەکە دایان کێشا، چوونە ناو لێڕەوارەکەوە. حەسەن بە کێردەکەی دەستی لکە دارگەرازی دەبڕی، دەیکردن بە داردەست.

«کە گەیشتمە چقوورئۆوا داردەستێ دەدەم، دە دانە شووتی پێ وەردەگرم، ئوێفت!»

ئومەخان دەم و لچی لێ هەڵدەقورتاند، زمانی دەردێنا، زاری لێ خوار دەکردەوە.

«بیست دانەشی پێ وەردەگرم. لە چقورئۆوا بۆ داردەستێکی دارگەراز بەحەوادا دەچن، گیان دەردەچێ. دار و درەخت لە پێدەشتان ناڕوێ.»

حەسەن:

«دە ئەگەر منیش شووتیم دایتێ.. بە چڵم هەڵلووشین، دەدەیە زۆڕەزڕۆی گریان، دەچی بە باوکم دەڵێی.»

دەمەلاسکێی گریانەکەی کردەوە. ئینجا لاسایی ئەوەی کردەوە، کە چۆن شووتیی دەداتێ و ئەویش ڕای دەفڕێنێ، بەوجۆرەی کرد. ئومەخان چۆن بە چاوبرسێتی و پەلەپەل دەیخوارد، ئەویش بەوجۆرە لاسایی دەکردەوە.

ئومەخان ورتەی نەکرد، تەنیا هەر شانێکی لێ هەڵتەکاند و لەسەر زمان دەرێنان و لووت لێ بزواندنی خۆی ڕۆیشت.

«دارلاستیکێکی دەکرم لە جوڕەی دەگرم، چەورە...»

لچ و لێوی لستەوە، مڵچەی لێوە هات.

«ئاگر دەکەمەوە، خوێی پێوە دەکەم، لەسەر پشکۆ و ئەسکلانی وا دەبرژێنم، سوور سوور بێتەوە، ڕۆناوی لێ بچۆڕێ. تۆش تەواشای دەمم دەکەی، کە دەیخۆم و دەمت ئاودەکا. کام دەکەی! بەغار دەچی بە باوکم دەڵێی کە...»

ئومەخان دایە ترقەی پێکەنین. حەسەن پێی گران بوو، ئەم تەوسەی لەبەر گران بوو.

هەردووکیشیان ڕووت و قووت بوون، حەسەن تا دەهات تووڕەتر دەبوو. خێرا خێرا لکە دارگەرازەکانی دەبڕی، هەڵی دەپاچین، گەڵاڵەی دەکردن، خنج و ڕێکی دەکردن. هەنیەی، هەموو ئازای لەشی لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو.

حەسەن بە تیلی چاو تەماشای ئومەخانی دەکرد. تەماشای دەکرد و شێت و شبر دەبوو. بایەکی باڵی خۆی دا، لە پاشان سەری هەڵبڕی، زۆر لە گاڵتەبەدەر گوتی:

«کچێ گەڕم لە گەڕ مەئاڵێنە، بەڵام بۆ مەنێوە، لاکەوە لە بەرچاوم. نابینی خەریکی کارم؟»

ئومەخان نەختێ دوورکەوتەوە، بەڵام لە گەڕ پێکردن و سەر لێ سوینی خۆی وازی نەهێنا.

حەسەن گوتی:

«کچێ دوایی لە بن پێمت دەنێم، وەک مێروو پانت دەکەمەوە. لێم گەڕێ، وازم لە وازی بکەوە. بەخوا پانت دەکەمەوە. هەی لەوە، تەماشای دەم و لەوسی کەن، بڕۆنێ، بڕۆنێ چڕوچاوی. هەر نازانم دەڵێی چییە؟ لێت دەدەم ها. باوکیشم دڵی ناخۆشە. بەلای سەرم بۆ مەنێوە.»

ئومەخان لەپڕ وازی لە گاڵتە و جەفەنگ و سەرلەسەرخستن و هەموو گەوەزەیی و بزێوییەک هێنا، تەقییەوە، قیڕاندی:

«بەرازە شێت، ئێمە هەرچەند دەکەین خۆمان پێ بەڕێوە نابرێ، ئەسپەکەمان مرد، نەنکم ئەوە حاڵێتی. باوکمان پێ و پلی ئاوساوە. خەڵک و خوا هەموو گەیشتنە چقوور، دەستیان بە لۆکەچنین کرد. پێش ئەوەی ئێمە

بگەین، ئەوان هەرچی لۆکەی مەزراکان هەیە دەیچنن و دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی. وێرانم کرد. تۆش لێرە هەر خەریک بە داردەستە گەراز خنج و لووس کە.»

حەسەنیش خۆی کۆکردەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتێ، گوتی:

«من داردەستەکانم بە کۆڵی خۆم هەڵدەگرم و دەیانبەم.»

ئومەخان:

«لەجیاتی ئەم دارانە تۆ ئازای یەک دوو شتێ لە بارەکەی کۆڵی باوکم سووک کەوە و بەکۆڵتی دادە.»

حەسەن:

«جا نایدا، تا...»

«بەڵێ نایدا! تۆ ویستت؟»

حەسەن تووڕەبوو، گوتی:

«کچێ لاچۆ، بڕۆ ملت هورد کە.»

کچەکە دیسانەوە لچ و لێوی لێ خواردەکردەوە و زمانی لێ دەرانی، حەسەن پەلێکی هەڵگرت، بۆی هاویشت لە دواوە. کچەکەی بەناو ئەو لێڕ و زەمەندەدا هەڵبڕی.

گوتی، «قەحپە، تۆ دەبی بە قەحپە. وەک ژنەکەی دەلی بەکر.»

ئومەخان لێی هەڵگەڕایەوە، گوتی:

«دەبم بە چی، دەبم بە چییی؟»

حەسەن یەکسەر پەشیمان بووەوە.

«بەگاڵتەم بوو هێڕیلە، بە باوکم مەڵێ. جا، سێ شووتیت دەدەمێ. پەپووەسلێمانکەیەکی چەوریشت بۆ دەکوژم.»

ئومەخان بە چاوە ڕەشە درشتەکانی ڕوانییە حەسەن، تەمێی کرد، گوتی:

«تۆیش جارێکی تر قسەی وا نەکەی. باوکم بیبیستێتەوە لە هەردوو لاقت دەنەوێ، هەڵت دەتلیشێنێ. خۆ بەخوا دڵیشی زۆر پڕە.»

هاتنە کن داردەستەکان. حەسەن داری هەڵپاچی و ئومەخان سەیری کرد. تا ئەودەمی دایکیان بانگی کردن، ورتە لە هیچیانەوە نەهات.

کە هاتنەوە، تەماشایان کرد، سفرە و خوان ڕاخراوە، باوک و دایکیان بەکەوچک شۆربا فڕ دەکەن. دایکیان یەکسەر کەوچکی پاک شۆراوی دانە دەست، دانیشتن.

ئەلیف گوتی:

«ئاگاداربن، زۆر گەرمە. دەمتان دەسووتێ.»

خۆشی دانیشت. هەموویان شۆرباکەیان بە فوولێکردنەوە فڕ کرد. شۆربایەکی خۆش و چەور بوو. دەلووبیبەری سوور و پیازێکی زۆری تێ کرابوو. پیوازە لەناو ڕۆندا هەڵقرچاوەکە لەو بەر هەوای کەژ و کێوە ئەوەندەی تر بۆن و بەرامەی بڵاو دەبووەوە. هێندەی پێ نەچوو، شۆرباکە نەختێ سارد بووەوە سارد نەبووەوە، هەر ئەوەندەی یەک و دوو بڵێی مەنجەڵێ شۆربایان فڕ کردو لستیانەوە.

حەسەن بە هەردوو دەستی لە زگی خۆی دا، گوتی:

«زگم ئاوسا. وەک دەهۆڵ ئاوسا.»

ئومەخانیش لەوی دوانەکەوت، هەڵی دایێ، گوتی:

«هی منیش ئاوسا. وەک دەهۆڵ.»

ئەویش تەپەتەپ بە زگی خۆی دا دا.

مرێمۆک سەیرێکی کردن. سەیری شەڕ لەگەڵ ورگی ڕووت و قووتدا. لە دڵی خۆیدا گوتی هی منیش. بزە گرتی.

عەلی بزەکەی فەرق پێ کرد، ئاوی بە دڵ و دەروونْدا کرا.

گوتی: «دایە، شۆربایەکی زۆر خۆش بوو. وایە؟»

دوایی گوتی، «دەستەکانت خۆش بێ ئەلیف.»

ئینجا گوتی، «چەند چابوو، چەند چابوو! چەند چابوو گوندی وا زوو بەڕێ کەوتن! ئەگەرنا ئیمساڵ چیم بکردایە، توخوا وا نییە، دایە؟ ئەگەر گوندی وەک هەموو ساڵێ، دەق لە وەختی خۆیدا بەڕێ کەوتبان، تا ئێمە بەم حاڵە دەگەیشتینە ئەوێ، ئەوان حەوت زەمان بوو لە لۆکەچنین بووبوونەوە. ئەو چاتر کە خەلیلەپیر بەهەڵەچوو. وەک هەموو ساڵێ بایە، بەخاوخێزانەوە پەرێشان دەبووین. شڕ و پەرێشان! برسی و ڕەزیل و سەفیل. بەجارێ عادیلەفەندی خۆ ئەوە منی...»

ئەلیف دەستی بۆ عاسمان بڵیند کرد، بە شادمانییەوە گوتی: «خوایە شوکور بە بەشت، زۆر شوکور. ئەدی نەمگوت دەرووێکت لە ڕوو داخا یەکی دیت لێ دەکاتەوە؟»

عەلیش دووپاتی کردەوە، گوتی:

«زۆر شوکور.»

مرێمۆکیش دەستی بۆ عاسمان بەرز کردەوە، گوتی:

«زۆر شوکور، زۆر شوکور، زۆر شوکور بە بەشت خوا جوانەکەم. لەگەڵ کەسم نییە، لەگەڵ تۆمە، خوایە چاوڕەشەکەم. زۆر شوکور.»

حەسەنیش پێ کەنی گوتی:

«زۆر شوکور.»

ئومەخانیش:

«زۆر شوکور.»

عەلی هەستی کرد ئازای لەشی گشت تێک شکاوە، دەتگوت پارچەکانی لەشی هەموو لەبەریەک هەڵدەوەشێندرێن.

«لێرە لەکن ئەو دۆڵە، دوو ڕۆژان دەمێنینەوە.ماندوێتیمان دەحەسێنینەوە. ئەمنیش لاقم چادەبێتەوە، هەر بەسەرپێ کەوم سبەینێ لەو لێرە یالآبووکتان

بۆ دەردێنم. ڕۆح وەبەر ڕۆح دەخا. هێز و گوڕێکمان تێ دەگەڕێتەوە. ئەدی وەنییە؟ توخوا، هەر چاوەڕێ کردنی ئێرە و مانەوەی ئەم کەژ و کێوە خۆشانە، یان سەرمەزراکانی چقوورئۆوا؟ لە جیاتی ئەوە بەدیار مەزراکانەوە هەڵکورمێین و ئاراممان لەبەر ببڕێ و مێش و مەگەز بمانخوا، لێرە بمێنینەوە چاتر نییە دایە؟»

مرێمۆک هەڵی دایێ:

«بووکەکەم لەگەڵ تۆمە، تۆ گوێت لێ بێ. چاتر نابێ؟»

حەسەن ڕاپەڕییە سەرپێیان:

«من یالآبووکی وا دەکەم کە...»

ئەلیف سفرە و خوانەکەی دەپێچایەوە:

«هیزە دەستت کەلەپاچە نەکەی. دەستی خۆت ببڕی دەتکوژم.»

سفرە و خوانەکەی پێچایەوە، هەڵی گرت، مەنجەڵە چێشتاوییەکەی لە بن شیوەکە دانا، هات، گوتی:

«منیش سبەینێ زوو هەڵدەستم، مەنجەڵی کوڵ و کانی لێ دەخەمەدار، ئەم جلانەمان هەموو دەکوڵێنم. لە سبەینێوە خەریکی ئەسپێ و ڕشک دۆزینی جلی منداڵەکان بووم، تەواوم نەکردن. خۆ لەبەر ئەسپێ و ڕشک، جلی تاین نابیندرێن.»

عەلی لە پڕێکا هەستی بەئاڵۆش و لەش خوران کرد، بەشڵەژانەوە:

«هیزە ئافرەت، منیش ئەسپێ خواردوومی، خۆ هەر ئاگاشم لێ نەبووە.»

کرەکرِ، دەستی بە لەش خوراندن کرد.

ئەلیف:

«تۆ، من، دایکم، منداڵەکان هەموو خۆمان چاک دەشۆین. سەر و قژم لە چڵکاندا بووە بە گزرە.»

عەلی:

«تۆ جارێ خوێواوکێ بۆ ئەم پێ و پلەم بگرەوە، ئافرەت. با دایکیشم لەو بنێشت و گژوگیایانە یەک دوو دەستێ لەم هەتوانەکەم بۆ بگرێتەوە. جا هەیە وەک ئەو هەتوانە؟ لە دایکیشم بەولاوە کەسی تر ئەو جۆرە هەتوانە ناگرێتەوە. ئەو هەتوانە نەک پێ و پلی ئاوساو، برینی گوللە چاک دەکاتەوە.»

مرێمۆک بە لارەلارە هەڵستایە سەرپێ، گوتی:

«کچم لەگەڵ تۆمە، برینی گوللە بە پێنج ڕۆژ، برینی گوللەی چەور.» بانگی منداڵەکانی کرد:

«لاگوێلێ وێژەنی دارکاژ و لاگوێلێ بنێشتەتاڵ و نەختێ جاترەم بۆ بێنن.»

دوایی:

«نا، نا، نابێ. دەبێ خۆم بچم بۆ ناو دارستانەکە.»

ڕووی کردە دارستانەکە، ڕۆیشت. لەسەرەخۆ یەک دوو هەنگاوێ دەڕۆیی و هەنگاوێ ڕادەوەستا. پشتی دوو قەمچ بووبوو. ترس و سامێکی گرانی وەک و ئاوێکی خەستی، تاریکی بنی بنەوەی زەویی لە دڵدا بوو.

زۆری نەخایاند، گۆرانییەکەی عەلی بەرگوێ کەوت.

بچڕە، تێ هەڵکە، گوتی، عەلی داڵیت! خۆشی لە خۆت. تۆیەکی بەختت هێند دیار بێ. دەبا دێوەزمە پیر ئەمساڵ گوندیی وا لە ناوەخت و زوو بەڕێ نەکردبا، چما بە کێردیش زارت هەڵدەپچڕا؟ ماڵ و منداڵت هەموو لە برسان دەمردن. هەر لە ئێستا ڕا بڕستت لێ دەبڕا و لاقت دەئاوسا. پاش ئەوەی خەڵک لە لۆکەچنین دەبوونەوە، تۆ بەم حاڵەوە دەگەیشتیە چقور؟ سەرەڕای هەمووش بەرۆکی منت دەگرت، دەتگوت، تۆ منداڵت برسی کردم، تۆ پەرێشانی ڕێگاوبانانت کردم. بچڕە داڵیتە درێژ، بچڕە. چاوڕەشەکەمت بەهاناوە هات، گوتی بڕۆ، بەندەی خۆم، خەمت نەبێ ئێستا دەچم، منیش هەتووان بۆ پێ و پلت دەگرمەوە. بە دەستێ هەتوان، تا سبەینێ، وەک تازە لەدایک بووبی، پێت عەلەمی تێدا نامێنێ و تازە دەبێتەوە. تێی هەڵکە، عەلی داڵیت. باوانم، تێی هەڵکە! من وا ئەژنۆم دەشکێ، گیانم دەردەچێ.

چاوڕەشەکەم بەفریامەوە وەرە، یارمەتییەک!

دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. برێ دووعا و مووعای سەردەمی منداڵیی، کە لە دەم مەلایەکەوە فێریان بووبوو، دەیخوێند.

ئوزوونجە عەلی دەنگی خۆش و بەسۆز بوو. دەنگی گۆرانی و دووعا تێکەڵ یەک بوون، مرێمۆک خمی لێ شێوا، هەڵچوو. فرمێسک لە چاویدا قەتیس ما. حەپەسا.

دەستی هێنایە خوار، بە سەر و چاویدا هانی، گوتی: «ئامین. ئامین چاوڕەشەکەم. لە دەوری نینۆکت گەڕێم، ئامین. تۆ ئەم کارەت سازکرد. تۆ نەتهێشت قۆزاخەلۆکە بتەقێ. ئامین. ئامین... هەتوانێکی وا بۆ ئوزوونجە عەلی دەگرمەوە، قەت پێم نەڵێ دایک. با هێندەی دیکەم کزوکەنەفت کا و بە کەمم تەماشاکا...»

١٢

زارێکی سپی لە نێوان دارچام و توێکڵەکەیدا هەیە. کە توێکڵەکەیت لێ داماڵی ئەم کاژە زارە لەگەڵ توێکڵەکەدا بە دەستەوە دێ. ئینجا ئەویش لە توێکڵەکە دادەماڵدرێ، دەخورێ. جا بەمە دەڵێن یالابووک. جگە لە دارچام لە دارسەدیر و نارەوەنیش دەردەهێندرێ.

کە دەیجووی، وا دەزانی لێرێکی زەلامی، بە زەعتەری، نەعنادار و بەوێژەن و پڕ کانیاوی بەگولووکی، پوونگدارت تێدایە. لێڕی تاین بۆنەکەی بەهەموو تام و چێژێکیەوە، بە هەوا و بایەوە، لە نێو کرۆکتدا دەهەژێ و دەگرمێنێ.

مرێمۆک گوێی بەم گرم و هۆڕە ئاشنایە، ئەلیفیش، منداڵەکانیش. عەلی بیست ساڵ لەمەوپێش، لەم دیوی تۆرۆس، کە بەسەر چقورئۆوادا دەڕوانێ، یاڵەبووکێکی دەرێنابوو.

لەم ناوە، دوو ڕۆژ بوو، سێ ڕۆژ بوو، مابوونەوە؟ هەرچەند ئەو ڕۆژانەی بەبیردەهاتنەوە، ئەو لێرە بە بایەوە، بە بۆن و بەرامەیەوە، بە نەعنایەوە، بە

گوڵە کێویلەیەوە، واتا بە توترکییەوە، بە گوڵە سالمەیەوە، بە پەڕی سیاوەشانیەوە، بە پۆنگیەوە، بە زەعتەریەوە، بە حاجیلەی زەرد زەردیەوە، بە گژ و گەڵای ڕزیویەوە لە گۆشت و خوێنیدا هەست پێ دەکا. تام و چێژی لە دەماخیدا دەبێ بە هەنگوین. لەگەڵ لێڕەکەدا تێکەڵ دەبێ و دەڕوا، مەست و سەرخۆش دەبێ، گێژ دەبێ. لە خوێنیدا هاڕەی لێڕێکی سەوز دەگەڕێ. پارووێک یالاّبووک بخوا، لە دژوێنی و چڵک و چەپەڵی خاوێن بێتەوە، تەڕ و بڕ، وەک تازە لەدایک بووبێ، وای لێ دێ. هەست بە لێڕەوارەکە دەکا. لەگەڵ گڤەی بایەکی بۆن و بەرامە هەڵدەکا، دێتە دنیایەکی نرت و نوێوە.

دنیا هێشتا زووبوو. ڕۆژ تازە هێندەی بەژنە سپینداری بەرز بووبووەرە. لە خوارەوە، لێڕەکە تەم و مژ دای گرتبوو. نیوە نووستووبوو. لە توێی جێگاکەی ڕاست بووەوە. لە توێی لک و چڵی دار کاژەکەی سەرەوە نەختێ خوناو بەسەر لێفەکەیدا باریبوو. بە مستەکۆڵە چاوی هەڵگڵۆفت. ئینجا لاقی ڕاستی هەڵکێشا بۆ ناو باوەشی، پاپێچەکەی هێواش هێواش لەپێ کردەوە. ئینجا لاقی چەپی. خۆی بەسەر پاژنەکانیدا دا و هەستا. لەسەر دۆشەکەکە هەنگاوێکی هەڵێنایەوە. شڵەژا، دڵخۆش بوو. پێی نەیێشا. لەسەر دۆشەکەکە هاتە خوارێ، هەر نەیێشا. ئاوساوییەکەی نیشتبووەوە. چیی وای نەمابوو. لەسەر جێگاکەیەوە تا شیوەکە ڕۆیشت. ئینجا سەروڕووی شوشت. سێ ڕۆژ بوو نەڕۆیشتبوو. ئەلیف لەولایەوە ڕاوەستابوو، سەیری ڕۆیشتنەکەی دەکرد. هەرچی مریمۆک بوو دیسان گلۆڵە بووبوو. تەماشای جێگایەکی دەکرد، نووستووبوو، کەی لە ناوجێ هاتبووەدەر، لێرە گرمۆڵە بووبوو؟ بیری دەکردەوە؟ تووڕە بوو؟ چیی پێوە دیار نەبوو. کۆڵێ چاوی شڕ و هیچی تر.

عەلی بە شادمانییەوە قریواندی:

«ئەلیف، هەی دەستەکانی دایکم نەڕزێن هەتوانەکەی وا بەپێم کەوت.. برینی گوللەش بێ بە ڕۆژێ چاکی دەکاتەوە. تۆ تەماشای پێم کە!»

یەک دوو جاری پێ بەزەویدا کوتا، چەند هەنگاوێ ڕۆیشت.

«هەر دەڵێی تازە لەدایک بوومەوە. خوا عالەمە، بوومەوە بە گوێزی ساغ. دەستەکانی دایکم نەڕزێن. خوا عالەمە، بەم لاقانەوە، ئەو چیایەم لە کۆڵ بارکەن، وەک ئەسپی جریتبازی دەیکەمە تۆز. خوا عالمە ئەم ناوە هەموو دەکەم بە تەپ و تۆز.»

چوو بۆ کن دایکی. بە شادمانییەوە لە بەردەمیدا چۆکی دادا. دەستەکانی خستە ناو دەستیەوە. مرێمۆک سەری هەڵبڕی. ڕەنگی زەرد زەرد بوو. گرژ گرژ بوو. چاوەکانی هەر بەجارێ بەقوولاچووبوون، پێڵووەکانی ڕەش هەڵگەڕابوون. لووتی وەک بلەرزێ وابوو. باریک بووبووەوە.

«ئیتر شەڕ نییە، دایکە جوانەکەم. ئەدی نەتبەخشیم. هێشتا چواردە...»

ڕاوەستا، دەستی دایکی بەردا و هەڵستایە سەر پێیان. لە دوورەوە منداڵەکان هاتن، لە کنی ڕاوەستان.

حەسەن گوتی:

«باوە، ئەدی بڕیار وانەبوو، کە پێت چابووەوە پێکەوە بچین لەو لێرە یالابووک دەرێنی؟ دایکیشم حەزی لێیە، نەنکیشم. من خواردم.»

ئومەخان بەدەنگ هات، گوتی:

«لە درۆت ڕیم، هەرچەندی کرد و کراند چیی بۆ دەرنەهات. هیچی نەخوارد.»

حەسەن:

«جا با درۆ بێ. خۆ بەشم نەدای... باوە بڕۆین؟ تەورم دروست کرد. دەمی تیژ تیژە.»

عەلی گرژ و مۆن بوو، هەر ئاوڕی لە کوڕەش نەدایەوە. دەموچاوی تا دەهات گرژ و مۆنتر دەبوو و هێندەی تر ڕەش دادەگیرا.

بەڵام ئەوەندەی حەز لە یالابووک بوو، هێندەی تامەزرۆ بوو. شێتی هەست بە لێڕکردنی ناو ناخ و دەروونی... خۆ دەبوا ئەمڕۆ تا ئێوارێ لێرە مابانەوە...

سەر و مێشکی پڕ لە باوبۆرانی بەتاو و قایم، خوێنی پڕ لە جۆش و خرۆش، لە وەیشوومە. هەروەک لێڕ تەقیبووەوە. وەک ڕووناکی گوڕی ساندبوو. سەرتاپای دەحەسایەوە، چاک چاک، چاک چاک.

«باوە خواردم، هێند خۆش بوو...»

تەماشای کرد باوکی شادی و دڵخۆشییەکەی نەختێ پێش ئێستای هەر ئاسەواریشی نەمابوو. بێ دەنگ بوو. هەردوو دەستی بەلاداکەوتن. ئومەخانی لێ نزیک بووەوە، هات لە بەردەمیدا وەستا. حەسەن هەر سەیریشی نەکرد..

مرێمۆکیش و ئەلیفیش پێیان وابوو، بۆ یالابووککردن دەچێ.

عەلی لە شوێنەکەی خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، هەتا دەهات ڕەشتر هەڵدەگەڕا، چارەی بووبوو بە یەک پارچە قار و تووڕەیی. لە پڕێکدا بەتاو وەرسووڕا، گوتی:

«وەجاخم تەپی ئافرەت، وەجاخم کوێربۆوە. زووکە، زووکە ئافرەت. خێراکە، ماڵم وێران بوو.»

چاوی دەرپەڕیبوو، تاوی دا، دەستی بە شمەک و کەل و پەل پێچانەوە کرد.

«هیزە ئافرەت، خێراکە، با باروبنە بپێچینەوە. منداڵینە ئێوەش.»

ئەلیف لەودەمی بۆ خۆیشی نەیزانی چ پکا، حەپەسا.

ئەم کابرایە شێت بووبوو. ئەوەی نەختێ لەمەوپێشی لە چی و ئەمەی لە چی؟

«بپێچەوە، بپێچەوە، نابێ وەخت بەفیڕۆ بدەین...»

ئەلیف نەختێ خۆی کۆکردەوە، لە ئەنگوچکی عەلیی گرت، گوتی:

«جارێ ڕاوەستە، بووەستە، پەلەت چییە؟ لە پڕێکا چیت لێ قەوما کابرا؟ بووەستە جارێ ئەقڵت تێک چوو؟»

عەلی قیژاندی:

«وەستان نابێ، نابێ. منداڵەکانم ئەم زستانە.. عادیلەفەندیش..»

کرپبوو.

ئەلیف بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیرێکی کرد. چاوی دیسانەوە، زەلام زەلام زەق بووبووەوە.

عەلی سەری لێ شێوا، دووپاتی کردەوە، گوتی:

«دەبێ خێراکەین، پایز بارانی لێ نابڕێ. تۆ بەلای وەک بارانی پایزت قەت دیتووە؟ بمانگرێ پەرێشانمان دەکا. لاسامە و لافاو بەجارێ ڕامان دەماڵێ. جاوەرە لەم کەژ و کێوانە باران بتگرێ و حاڵی خۆت ببینە. سەرلەبەرمان لاڕەشە دەگرین و بۆ خۆمان دەمرین. خوا بمانپارێزێ. دەبێ بەخۆکەوین. خێرا، خێرا، تا باران دای نەکردووە...»

مرێمۆک سەبرۆکە سەبرۆکە وەسەرپێ کەوت. سەیرێکی عاسمانی کرد. بەری عاسمان گەواڵە هەورێکی پێوە نەبوو. عاسمانێکی ساف و ساماڵ شین و ڕوون. دوور.

لەدڵی خۆیدا گوتی، ئەم گۆڵە سەگە چ دەکا؟ ئەقڵی تێک چووە؟ ئەم هەتیوە چ دەکا؟ چار ناچارە دەبێ بەڕێ کەوم.

سەحێکی خۆی کردەوە. چابوو. هیچ کوێیەکی نە دێشا و نە دەچووزایەوە. سێ ڕۆژ حەسانەوە ئەویشی حەساندبووەوە. زۆر شوکور بۆ ئەو چاوڕەشەم، کە داماوی کۆڵی کەسی نەکردم. لاقیشم وەکو خەڵکی دی نەئاوسا. زۆر شوکور. هەتوانیشم لە پێ و پلم نەسوی. یالابووکێکی بۆ هێنابام ئەو ئۆزوونجە بێ ئیمانە، هەنگێ چاک ئاهم بەبەردا دەهاتەوە؟ بە ئەنقەست وای کرد.

دەزانێ بۆ یالابووک شێت و شوور دەبم. سەڵت و سوور لەبەر من نەچوو. دەبا نەچێ، چش. هێێێی هێی ئۆزوونجە عەلی. ئەم ڕۆژگارەش بەسەردەچێ.

دارئاساکەی هەڵگرت:

«کیژە جوانەکەم، ئەمن وا لەسەرەخۆ، بە شەلەشەل دەڕۆم. ئەتۆش دوابەدوام دێی، دەمگەیێ.»

بەرێ کەوت. لە هەموو جاران خێراتر دەڕۆیشت. پشتی زۆر دووقەمچ و کووڕ نەبووبووەوە.

هێندەی پێ نەچوو، مێردو ژن، منداڵەکان، کەلوپەلیان خڕکردەوە و لە گلێمێکیانەوە پێچان. عەلی بە پەلە بەرێ کەوت، کە بەلای دایکیدا تێ پەڕی، گوتی:

«ماندوو دەبی، دایکە جوانەکەم، ناگاتە نیوەڕۆ، دەگەڕێمەوە، دەتبەم.»

«خێراکە ئەلیف، پێ هەڵگرن منداڵینە! بارانمان لێ ببارێ، حاڵمان شڕ دەبێ. دایە، تۆش ئەگەر باران گرتتی، خۆت لە پەنای پیرەدارێکدا مات کە. هەورو هەلاّ پەیدابوو و نەبوو وا بزانە لەکنتم. پێ هەڵگرن، بارانی پایز پیسە. خۆ ناڵەی هەورە تریشقە و بروسکە زراوی پیاو دەبا.»

ئەلیف هێشتا چاوی هەروا زەق زەق بوو.

حەسەن بە ئومەخانی گوت:

«باران نەبارییا باوکم یالاّبووکێکی بۆ دێناین پڕ باوەشێ. ئەوەندەم لێ خوارد، گەورە دەبووم.»

ئومەخان گوتی:

«ئاخر.»

ئەلیف:

«شەڕەدەنووک مەکەن، دوابڕاوینە. بڕۆن.»

کە بەتەک مرێمۆکدا ڕەت بوون، ئەلیف ڕاوەستا:

«دایە، دانیشتبای چاوەڕێت کردبا، تۆ کەی حاڵی ڕۆیشتنت بەبەرەوە ماوە، عەلی دەگەڕێتەوە، لە کۆڵت دەکا.»

مرێمۆک لە ناوەندی ڕێیێ، وەک تووڕەییەک، ڕەق ڕاوەستا، نەڕاندی، گوتی:

«کیژم، کیژم، پێت ناڵێم کیژم، ژنەکەی ئوزوونجە عەلی. خوا داماوی کۆڵی

کەسم نەکا. لە دەست و پێ نەکەوم. برۆ، برۆ بەڕێی خۆتەوە، منداڵەکانیشت ببە.»

عەلی لای کردەوە، کە دیتی وەستاون، قیڕاندی:

«بڕۆن!»

دوورکەوتنەوە، لەپاشان کەوتنە دۆڵێکەوە. ئیدی بەجارێ لە پێش چاوی مرێمۆک ون بوون.

مرێمۆک تەواو زیندوو بووبووەوە. شادمانییەکی لە دڵدا بوو. کەژ و کێو، دار و بەرد، ڕێگاوبان، سەرلەبەر بۆی پێ دەکەنین و بەڕوویدا دەگرژینەوە. نە پشتی، نە سەری، نە کەلەکەی هیچ نەدەئێشان. ئەژنۆشی بەگیر نەدەوەستا. ئەگەر پشتی کووڕ نەبوایە، چاوت بەو ڕەوت و ڕۆیشتنەی کەوتبا، سەت سوێندت دەخوارد، بووکی بیست و پێنج ساڵەیە. ئەژنۆی هێز و گوڕێکی وای تێ گەڕابوو، بۆ خۆشی سەری لێ سوڕ مابوو.

هەروا لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکی دەگوت. دەشڕۆیشت و هەنگاوێکی بەپێی ئاوازی گۆرانییەکە هەڵدێنا.

مرێمۆکت بە چی زانی ئۆزوونجە عەلی؟ مرێمۆکت بە چی زانی؟ پێت وابوو، کە بەجێت هێشت، ئیتر ئەو ناتوانێ بڕوا؟ بڕۆ ئۆزوونجە، لەم چیاو چۆلە کش و ماتەم بەتەنیا بەجێ بێڵە، بڕۆ! ژنەکەشت و منداڵەکانیشت ببە و بڕۆ! تا چقور ئۆوا بڕۆ.

دانەوییەوە بە هەردوو دەستی سەر ئەژنۆیەکانی گوشی.

ئەژنۆیەکەم، هەر لە دەوری خۆت گەڕێم. تا تۆ ئاوا وەکو شێر، بوەستی و نەلەرزی، منیش بۆ ئەو کەسانەی ئەسپە کەحێلە موفەڕکەکەی مێردەکەیان کوشتم قەت دانامێنم. بۆ خوێنکەری ئەسپەکەم، کەحێلەکەم، کەحێلە چاوڕەشەکەم دانامێنم. گوێت لێ بوو ئەژنۆم؟

مرێمۆک بەو شیوەدا، کە ئەوانی لێوە چووبوونە خوار، بەپرتاو نشێو بووەوە. کە گەیشتە سەر ئاوی بن شیوەکە، لەوێ لەسەر بەردێ دانیشت،

نەختێ حەسایەوە. لەپاشان یەک دوو لاگوێل ئاوی خوادەوە. دانەوییەوە دوو سێ شلّپ ئاویشی بە دەموچاویدا کرد، دەموچاوی جوان شوشت. سەروەمل و قاچ و قولی تەڕکرد. شیوەکە تەواوێ گەرم و گوڕ بوو. گەرمای چێشتانی لێ داهاتبوو. ئەو ناوە لە تیشک نیشتبوو. تاشەبەردێکی پەڵەپەڵە، لە دوورەوە، وردیلە وردیلە دەبریسکایەوە.

کە سەری هەڵبڕی، تەواو لەسەر شیوەکە عەلیی بەکۆڵەکەیەوە دیت. دڵی خۆش بوو.

دەتگەمێ، دەتگەمێ ئوزوونجە عەلی. بۆم ڕاوەستە، بزانە چۆنت دەگەمێ و بەجێشت دێڵم. چما مریمۆکت بە چی زانی؟ هێێێی ئوزوونجە عەلیم. کوڕە ئازا و بوێرەکەم. خۆت بە خۆت کرد خۆشت بیکێشە!

سەیرێکی هەورازەکەی کرد. هەورازێکی بەلاّ بوو. تووش، خلیسک، هەمووی بەردی ورد ورد بوو. هەرچەندی سەیر دەکرد، دڵی تاریک دەبوو، ئومێدی دەبڕا. قەڵەمی ئەژنۆی دەشکا.

لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەرێ، جا چ بوو. با وابێ هەزار جار بەم هەورازەدا هەلاّزنیوم و سەرکەوتووم.

ڕووی لە هەورازەکە وەرگێڕا. ئیتر ببڕای ببڕای سەری هەڵنەبڕی، سەیرێکی بکاتەوە.

خۆزگە ئەم ڕێگا و بانانە، هەورازیان نەبوایە، کەژوکێویان نەبوایە، چۆم و ڕووباریان نەبوایە، باوبۆرانیان نەبوایە، بەفر و بەستەڵەکیان نەبوایە... هەموو ڕێگاوبان، ڕێگاوبانی چقوورئۆوا، هەموو سەردەمێ سەردەمی حەزرەتی خدر بوایە. خۆ جارێ هەورازا! هەی کوێرەوەبێ هەورازت، چ دەبوو لەم کاتەدا تووشی پیاو نەهاتبا. هەی بەر قار و غەزەبی خوا کەوی، ئێ؟

سەیری ئەرزەکەی دەکرد، هەڵستایە سەر پێ. هێز و گوڕەکەی نەختێ لەمەوپێش لە دڵ و دەروون و ئەژنۆدا نەمابوو. گوتی، شالاّ، سەرتاپا، سەیری ئەم هەورازە کافرە بێ دین و ئیمانەم نەکردایە.

ورده ورده سەرکەوت. یەک دوو هەنگاوی هەڵێنا، پێی هەڵخلیسکا، کەوت، بەرەکەت دا بەسەر دەستیدا کەوت، باش بوو خۆی گرتەوە، گلۆر نەبووەوە.

هەورازەکەی وەبەر جنێوان دا:

«وەجاغ کوێرەوەبوو،ماڵی کافر، لە بەراز بوو.»

دەستی ڕاستی دێشا. خۆی تەکاند. لە دارعاساکەی گەڕا، نەیدیتەوە.

«لەم هەورازە پیاو دارعاسای بەدەستەوە نەبێ وای بەحاڵی، هەزار جار وای! واتا وەجاغی وێران بوو. هەنگاوێ هەڵدێنێ، هەنگاوێکی چاک. دوایی خۆت بەسەر دارعاسەکەتدا دەدەی، پشووێک دەدەی.

ڕاوەستا. سەیرێکی ڕاست و چەپی خۆی کرد. ئیتر بەرگەی نەگرت. بەرەو سەرووی هەورازەکەی ڕوانی و گورج چاوی داخست. هەستی بە هێز و گوڕێ کرد. هێز و گوڕی بەرەنگاربوونێ.

نەڕاندی، «هەورازەکە! منیش لێت بەسەردەکەوم.» دڵی بە دەنگی، بە نەڕەکەی خۆی زۆر خۆش بوو. دیسان نەڕاندییەوە، گوێی لە دەنگی خۆی گرت. جارێکی تریش، جارێکی تریش نەڕاندییەوە:

«منیش سەردەکەومە سەر تەپڵەسەرت هەورازەکە! سەر تەپڵی سەرت.»

کە هەنگاوی نا، دەستی بە ئەژنۆیدا هێنا:

«ئەی ئەژنۆ جوانەکەم شەرمەزارم مەکە، چاوڕەشەکەم. لە دەورت گەڕێم. دەی! دەی!»

نەیدەویست سەر هەڵبڕێ. بەڵام بۆشی نەدەکرا، هەڵی بڕی. تەپڵەسەری هەورازەکە دوور بوو.

«تۆبە بێ، ئیتر سەیری تەپڵەسەرت ناکەم. بشمرم سەیری ناکەم. ئەگەر سەیرم کرد خوا جوانەکە، چاوڕەشە لە هەمووان گەورەترەکەم بمکە بە کافر و فڕێم بدە ناو جەحەنمەکەتەوە. فڕێم بدە ناوی، با لەوێ قرچ و هۆڕ بسووتێم. باشە؟ ئێ؟ باشە. ئیتر تەواو.» هەر «ئیتر تەواو»ی دەگوت و دەڕۆیشت.

بە «ئیتر تەواو» ورەی وەبەرخۆی دەهێنایەوە.

هەورازەکە ئەگەر لێت بەسەرکەوم «ئیتر تەواو.» منیش دەچم کەڵەبابێکی بەگێزوگوڵینگ، چاوجوان و سوور بۆ ئەو دارگوێزە ڕووناکییە سەردەبڕم. یەک پارووی خۆم نایخۆم. «ئیتر تەواو.» هەموو گۆشتەکەی بەسەر زارۆڵەی ئەو خەڵکەدا تەخشان و پەخشان دەکەم، کە لە لۆکەچنین دەگەڕێنەوە. «ئیتر تەواو.» بە منداڵی گەورە و هەراشیشی نادەم. «ئیتر تەواو.»

تا نیوەی هەورازەکە بە «ئیتر تەواو» ڕۆیشت. لە هیچ لایەکەوە کزەبایەک، سروەیەک نەدەهات. هەناسەبڕکێی بوو. هەناسەی دەرنەدەهات و دەرنەدەهات. ئا بەوجۆرە. هێندەی حەز لێ بوو. بزانێ چەندی بۆ سەر هەورازەکە ماوە... بەڵام سوێندی خواردبوو. سەیری نەدەکرد. تەواوێ لەوێ بە دوودڵی سەیرکردن و سەیرنەکردنەوە ڕاوەستا و مایەوە. چۆکی دەلەرزی. ئیدی حاڵی بەپێوە ڕاوەستانی بەبەرەوە نەمابوو. ئەدی ئەگەر نەختێکی بۆ سەر هەورازەکە مابووبا؟ هەر یەک دوو هەنگاوەڕێ؟ چی کردبا؟ بەئەسپاییەکەوە، بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ سەری بەلای ڕاستدا وەرسووڕاند. بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ بڕۆی بەرزکردەوە، هەرکە تەپڵەسەری هەورازەکەی دیت و نەدیت گورج چاوی داخستەوە. تەپڵە سەری هەورازەکە هێشتا زۆر دوور بوو. هەر لەوێ لێی هەڵکورما.

نزیکی دەمەو نیوەڕۆ بوو. ئەو جێی لێی هەڵکورمابوو بەردەڵانەکەی داخ بووبوو. لە دوورەوە، لە ڕاستانە دڕکاوییەکە ئاسندڕک و هەتاو دەبریسکانەوە. قەیرێ چاوی بڕییە ڕاستانەکە. بەرەبەرە ئارەقەی لەشی ئیشک دەبووەوە. بەدەنی خاو دەبووەوە، ئەو شوێنانەی، کە لە کەوتنەکەیدا ئازاریان گەیشتبوویێ، دەستیان بە زوورانەوە کرد.

لە دڵی خۆیدا گوتی، هەبێ و نەبێ ئێرە جێگاکەی ئینجە مەمەدە. ئەوەی دیاریشە دەشتە ئاسن و دڕکاوییەکەیە، کە ئاگری تێ بەردا. بۆ نەچمە ئەو گوندە؟ بۆچی خۆم لە دەست ئەم ئوزوونجە عەلییە ڕزگار نەکەم؟ بچم، ببم بە

میوانی ماڵی حۆری، بەحۆری بڵێم تۆ ژنێکی ئازای، تۆ لە هیچ ناترسی. تۆ نەبوای، کوڕە چکۆلە، ئینجە مەمەد نەدەبوو. حاڵ و گوزەرانم ئەوەو ئەوەو ئەوەیە! جا ئەوسا، ئۆزوونجە دەگەڕێ، دەگەڕێ، نامۆزێتەوە دەڵێ تازە مرد و ڕابرد، سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا.

چاوی تەواو بڕیبووە دەشتەکە. بۆ ڕۆژگاری کۆن گەڕایەوە. ڕێگاوبانی بەبیرهاتەوە. ڕۆژێکی لە ڕۆژانی خدرەلیاسی بەبیرهاتەوە. ئاگرێکی گەورەیان دەکردەوە. دنیایان بە گوڵووک دەڕازاندەوە. شایی و هەڵپەڕکێ گەرم دەبوو. لە دوور، لە خۆراسانەوە، سازئەنگێوو تارژەن، دەهۆڵکوت و زوڕناژەن دەهاتن.

ویستی هەڵستێ، هەرچی ئێسکی لەشی هەبوو دایە چریکە.

لەبەریەکیان هەڵوەشاندووە، گوتی، هەموو ئێسکەکانیان لەبەریەک هەڵوەشاندووم. بەڵام دەبێ لەم هەورازە هەر وەسەرکەوم. نابێ، قەت ئۆزوونجە عەلی بە خۆم خۆش کەم، نابێ، نابێ، نابێ بە خۆمی خۆش کەم. کە لە چقوریش گەڕامەوە، سەرێکی باجی حۆریش دەدەم. دەڵێم باجی حۆری، ئەرێ کوڕە باریکەڵەکەی تۆ چی کرد، چی نەکرد؟ سەرەنجام تۆڵەی دایکی ساند، نەساند؟ دەڵێم، خۆ ئۆزوونجە عەلیی منیش دەبینی، بە ناخی زەویدا چێ، ئەوەتا لە بەردەمتا. ڕاوەستاوە پێ دەکەنێ. شێلەی بەسەرهێنام، بێلەی بەسەرهێنام. حۆریش ناکاتە نامەردی، لە بەرۆکی دەگرێ، چاوی لە دوڕچاوی دەچەقێنێ، لێی دەپرسێ، قەت ناشێ؟ ئۆزوونجەش دەم ناکاتەوە. حۆری ناکاتە نامەردی، تفێ لە دوڕ چاوی دەکا. لە پاشان پێی دەڵێ، بڕۆ، تا دەمری ئەمەت بەسە. بڕۆ ئەستۆت وردکە.

بە هەر نرخێ بێ، دەبێ لەم هەورازە بەسەرکەوم، جا ئەوکات، خوای دەکرد دەمردم، با عەلی بێ، بەچاوی خۆی ببینێ، بزانێ چۆن وەسەرکەوتووم و لەوێ مردووم. دڵی خۆش دەبێ. با دڵی خۆش بێ. لە هەورازەکە بەسەرنەکەوم و بێ، بەم جۆرەم ببینێ، دڵی خۆشتر دەبێ.

دەستی لە زەوی گیر کرد، ناڵاندی، گوتی:

«خوایە خۆت بەفریام کەوە، چاوڕەشەکەم، ئەی ئەوەی وێسفی لە بنی بیر ڕزگارکرد، هەر خۆت فریاڕەسی و خۆت بەهانام وەرە!»

ویستی هەڵستێ. دەلەرزی. یەک دوو شەقاوی هەڵێنا، لارەلارەی پێ کەوت، چابوو خۆی گرت. دووریی سەر هەورازەکەی لەبیر کردبوو. دەستی بۆ دارێ دەگێڕا. ئاخ بۆ دارعاسایەک. لە هەوراز بەسەرکەوتن هەروا کارێکی سانا نەبوو! لەسەرەخۆ لەسەر ئەرزەکە پان بووەوە. بێ دارعاسا بەپێوە ڕاوەستان دەبوو و دەکرا؟ سەیرێکی ڕۆژی کرد. ڕۆژەکە ئاوی چاوی برد. دیسان چاوی کردەوە، ڕوانییە ناوەندی ڕۆژ. نیوەڕۆ بووبوو. زۆری نەمابوو ئوزوونجە بگەڕێتەوە، ها ئێستا، ها نەختێکی تر دەگەیشت. بەئەستۆی وردی بگەڕێتەوە. بگەڕێتەوە چ ببینێ؟ لە مرێمۆکی بێچارەی کەساسی لەپەل و پێ کەوتەی وەک مردوو لەو گۆڕە کەوتووە زیاتر چی تر دەبینێ؟ قەت نەیبینێ یاخوا. لاقی بشکێ. هەڵاوسێ. من و جارێکی تر هەتوانی بۆ بگرمەوە؟ خوا بەقوربانی هەتوانەکەی کا. خۆ بە دەستێ هەتوان بووەوە بە ئەسپی جریتبازی. هاکا گەیشت.

دەستی بە گاگۆڵکێ کرد. دەمرد، بەڵام لە تەپڵەسەری هەورازەکە دەمرد. ئەودەمی خەڵک دەیگوت، بەسەریش کەوتووە، بەڵام لەسەر هەورازەکە گیانی دەرچووە. مرێمۆک چەند ژنێکی ئازا و بوێرە! دەیانگوت، کوتومت لە جۆری دایکی ئینجە مەمەد دەچێ لەویش ئازاتر. تا بە دەست و لاقی خۆیدا ڕاپەرموو منەتی کوڕی بە پووشێ نەزانی، ئافەرین، بتڕەژم مرێمۆک، بتڕەژم.

هەرچەند بەگاگۆڵکێ وەسەردەکەوت، هێندەی دیکە ئارەقەی دەکردەوە. هەرچەند وەسەردەکەوت بەرەو پێشتر دەچوو.

بە دەنگی بەرز:

«ئیشەڵا لاقی دەشکێ و دوادەکەوێ عەلی داڵیت. کەریمی کارساز سا دوای خەی. دە تۆ دوای خە، بزانە منیش کەڵەشێرێکی هێندەی کاوڕێ، لە کەڵەشێرە خاڵخاڵینەکەی کوێخا گەورەترت بۆ سەرنابڕم؟ دوای خە لە دەوری

ڕدێنەکەت گەڕێم. ڕدێنە ماش و برنجەکەت. دوای خە خالیقی ئەرز و ئاسمان. قسە لەسەر گەورەیت نییە یا لێروکانە ڕۆحم بستێنە، یا دوای خە.»

ویستی هەستێ. ئازای لەشی، سەرلەبەر، نیشتبووە ئارەق. هەڵنەستا. دڵی بەتەپ و کوت کەوتبوو. هێندەی خێرا لێ دەدا، دەتگوت هەر ئێستا لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەکەندرێ. ئیدی بەم جۆرە بەڕێ کەوت. لەوە دەچوو لە تەپڵەسەری هەورازەکە نزیک بووبێتەوە.

خۆزگە سوێندی نەخواردبا. جا با سوێندیشی خواردبا، چ دەقەوما؟ هەوراز هەورازە، هەرچۆنێک با، لێی وەسەردەکەوت. ببینی و نەیبینی دەبێ هەر وەسەرکەوی. ناچارییە. مرێمۆکە شێت! ئەم سوێندە گەورەیەت بۆ چ بوو؟ خوای دەکرد نەتدەبینی. دە ئازای سەرت هەڵبڕە، ژنە شێتەکە.

بە تیلی چاو، وەک هەر لەوێش نەبێ، جارێکی تری ڕوانی. نەختێکی مابوو. گورج سەری داخستەوە. خۆ من تەماشام نەکرد، تیلایی چاومی لێ هەڵەنگوت. نزیک بوومەتەوە بۆیە.

سەیری ئەم کەرتە شاخەش ناکەی وەک کێو لە چەقی ڕێگاکەدا قوت بووەتەوە، لێ ئاودیوبوونی کارێکی سەخت و ناهەموارە. داخۆ ئەم ملۆزمە پیسە کێ هێنابێتی لەوێی قوت کردبێتەوە؟ ئیش و کاریان نییە یاری بە کەرتەشاخ دەکەن. چەند زل و زەلامیشن، بوون بە خالیقی ئەرز و ئاسمانیش. دەیگوت، ئۆف، ئۆف، ئیدی هەر بەجارێ لە دین دەردەچوو! دەیگوت، هیزە خوا لێم مەگرە، لە گوناهم خۆش بە. ناگوزووری زۆر بوون، بەدرێژاییی ڕێگا خۆی زۆر گوناهبار کردبوو.

سەیرێکی ئاسمانی کرد. شینێک بوو، لەناو ڕووناکییەکی بێ پایاندا نوقم بووبوو. هەردوو دەستی بەرزکردەوە:

«دوای خە. ئەم ئۆزوونجە عەلییە نەختێکی دیکە دواخە، خوایە. تۆ لە حەوتەمین چینی ئاسمان دادەنیشی، ئەرز و ئاسمان و ئاو و تەیر و توو، سەرلەبەر گوێڕایەڵی تۆن، هەموو بەقسەت دەکەن. دە دوای خە!»

بەگوڕتر تەکانی دا. بە گوڕ و تەکانەوە لە کەرتە شاخەکە وەرسووڕایەوە. کە گەیشتە سەر هەورازەکە بەرچاوی ڕەش بوو، سەرسوڕکێی تووش بوو.

گوتی: «زۆر شوکور، ئێرە تەپڵەسەری هەورازەکەیە. زۆر شوکور!»

ڕێگایەکی دوور و درێژ، ڕاستانێکی لە ناوەڕاستەوە بە دووبەشەوە دەکرد و لە پاشان بەرەو چیایەکی بە لێڕ و جەنگەڵ هەڵدەکشا. مرێمۆک هەر کە چاوی بە ڕێگاکە کەوت و نەکەوت، خۆی پتر پێ نەگیرا کۆڵی دا. لاڵ و پاڵ لێی کەوت. لە پاش تۆزێ گوێی لە دەنگی ئوزوونجە بوو، بە ژوورسەریەوە قیت ڕاوەستابوو. بەڵام حاڵی ئەوەی بەبەرەوە نەمابوو سەری هەڵبڕێ، سەیرێکی بکا.

هەی هەی، سەری هەڵنەدەبڕی، لە دڵەوە بزە گرتی.

عەلی لەوێ ڕاوەستابوو، پەیتا پەیتا چەند شتێکی دەگوت و دووپاتی دەکردەوە و هەروا ڕاوەستابوو.

ئەم عەلکە درێژە دەبێ چ بڵێ؟ لە هەورازەکە سەرکەوتبوو، گەیشتبوە سەر تەپڵە سەرەکەشی. ئوزوونجە عەلی پێی وا بوو چییە؟ پێی وا بوو دەمرێ، بەسەرناکەوێ. دەبا هەڵی گرتبا. برۆ هەی گۆڵەسەگ. تا دواتنۆکی خوێنی، خۆی بەکێش دەکرد، نەدەچووە کۆڵی. ئەو قسەیەی کرد، نەکرد؟ لەناو پاڵە و ڕەنجبەراندا دەبوو بە داستانی سەرزاران. لەناو ڕووس، لەناو فەڕەنگ.

دەڵێن پیرەژنێکی هەشتا و پێنج ساڵە، نەوەت ساڵە، کوڕەکەی ئەسپەکەی کوشتووە و ئەویش لەودیوی تۆرۆسەوە بە پێیان دێ، بێزی نایێ بچێتە کۆڵی کوڕە شیرحەرامەکەی، تا دەگاتە چقورئۆوا. دەڵێن بە هەورازێکدا وەسەرکەوتووە، قیت و تووش وەک منارە. کوڕەکەی دێ، لە ژوورسەریەوە ڕادەوەستێ. ئەم هەورازە سەخت و دژوارە نەک پیاوی هەشتا ساڵە، شەهێنیش بێ لێی وەسەرناکەوێ. خەڵک دەڵێن هەر بژی دایکی وا. لە حوریی دایکی ئینجە مەمەدیش جەربەزەتر دەرچوو. بەم حاڵ و تەورە گەیشتووەتەوە چقورئۆوا و دەستی بە لۆکەچنین کردووە. لە لۆکە چنینیشدا وەستای وەک

خۆی نەبووە و نابێتەوە. ئەوەندە لۆکە خڕدەکاتەوە هەرچی دەیبینێ واقی لێ وڕدەمێنێ. دەبا ئوزوونجە عەلی ئەم قسانە ببیستێتەوە.

مرێمۆک نییە، حۆریی دایکی ئینجە مەمەدە!

عەلی هەرگوتی و ڕستی، کە زانی دایکی گوێی لێ نییە، یا گوێی لێیە و خۆی لێ نەبان کردووە، کڕبوو، لە تەکیەوە هەڵکورما. لە پاشان، سەرێ چوو و سەرێ گەڕایەوە.

گەرمابوو. سروەی سروە ئاساییی نەدەهات. پشتی دێشا. جگە لە ئێشان شتێکی دیکەش. ئەو بۆخۆی پێی وابوو دێشێ. پشتی ترسابوو. وەک شتێ بەسەر پشتی هاتبێ، پەژارە و خورپەیەکی بەدڵدا دەهات. کڕبوون و وەڵام نەدانەوەکەی دایکی بۆ بەقازانج گەڕا. یەکسەر دانیشت. بەڵام کات و وەخت تەواوێ بەسەرچووبوو و زۆری بەبەرەوە نەمابوو. چقوورئۆوا هێشتا دوور بوو. ناو هەناوی بەجارێ لەت و پەت دەبوو. ڕەشاییییەکی خەست و خۆڵی پڕ لە هەراسانی و وەرەورت نیشتبووە دڵ و دەروون. ها ئێستا فەلاکەت و کارەساتێکی بەسەردەهات ما نەختێکی تر. بەڵام چۆن فەلاکەت و کارەساتێ؟

بەنابەدڵییەوە، سا هەرچۆنێ بوو ڕاست بووەوە. لەسەرڕا تەماشایەکی دایکی کرد. ئەمە ئەو ژنە بەدەستوبرد و جەربەزەیە بوو؟ باشە کە دەگەنە چقورئۆوا گوندی چ دەڵێن. هەر ئەوە نییە بڵێن دایکی بەم دەردە بردووە؟ چ دەڵێن با بڵێن. چش!

بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە بەزەیی و لەبزێکی شیرینەوە گوتی، «دایە، وەرە کۆڵم، با بڕۆین. با نەکەوینە تاریکان.»

کۆڵمی گوت و نەگوت ئازارێ، مچوڕکێکی بەلەشدا هات نە بووە و نە بیستراوە. ڕشانەوەی هات.

قەتی وا چاوەنۆڕ نەبوو. مرێمۆک دەستی لە عارد گیرکرد، لەسەرەخۆ ڕاست بووەوە، لەگەڵ ڕاستبوونەوەدا چەپکێ گیاشی بە دەستی ڕاستەوە هات. عەلی هێندەی ڕک لە مرێمۆک هەڵستا، هەروەخت بوو لە داخان بتەقێ.

بە نابەدڵی و زۆرلەخۆکردنەوە، سست سست، چوو پشتی تێ کرد و بۆی دانیشت. «وەرە کۆڵم!»ێکی وەک بروسکەی لە زار دەرپەڕی. «وەرە کۆڵم»ی چی، هەر دەتگوت تێسکەی تفەنگ بوو.

مرێمۆک:

«گژوگیا سەوزەکەی دەستم، لەگەڵ تۆمە، لەگەڵ کەسی ترم نییە. با کەس بەسەرخۆیدا نەهێنێ. تۆ ئاڵا و واڵا و بەزەک و دۆزەکی ڕووت زەویت، گیانی خاکی. تۆ زاوزێ ناکەی، نامری، هەتاوت تێکەڵ دەبێ، چیا چیا، پێدەشت پێدەشت، دەچریسکێیەوە. تۆ چاوی دنیای گژوگیا سەوزەکە، دەست و پێم بیکا، لەم هەورازە تووشە بەسەرکەوم دەڕۆم، ڕێ دەکەم. کەس داخ نەخوا. با کەیفیان ساز بێ، من لەوانە نیم بچمە کۆڵی کەس. گیا سەوزەکە، ئا لێرەدا بوەستە، لەم هەورازەوە سەیرێکی خواری بکە. بزانە بەرچاوت چۆن ڕەش دەبێ. ئەوی لەم هەورازە وەسەرکەوێ قابیلە نەتوانێ ئەم ڕێگا ڕاستانە ببڕێ؟ من دەڕۆم، تۆ بمێنە بەخێر، گیا کەسکەکە!»

گیاکەی تووڕهەڵدا پەژیوان بووەوە. چاوی بڕییە گیاکە. دەیویست شتێ بڵێ، نەیگوت.

نەختێ لەولاترەوە کۆمەڵە دەوەنێکی دیت، ڕاست ڕووی تێ کرد، ڕۆیشت. ویستی لقێ لە دەوەنەکە بشکێنێتەوە. ئوزوون عەلی بە ڕاکردن چوو بۆ لای دەوەنەکان. لکێکی هەرە درێژی گرت، بە چەقۆکەی بەرپشتێنی بڕیی. خێرا ڕێک و خنج هەڵی پاچی.

گوتی، «بگرە دایە.»

مرێمۆک ڕاست بووەوە. لەگەڵ عەلیدا ڕووبەڕووی یەک هاتن. مرێمۆک چاوی دانەخست. وەک مێخ چاوی لە چاوی بڕی. لێی وەرگرم، وەرنەگرم، لەپاش نەختێ دوودڵی لێی وەرگرت. بەڕێ کەوت.

هێند خێرا دەڕۆیشت، عەلییی پێ ڕانەدەگەیشت.

لە دەورت گەڕێم، ئەژنۆ جوانەکەم، لاق و پێ جوانەکەم. بەقوربانی ئەوەش

بم کە دروستی کردوون. دە بڕۆن دەی، با ئۆزوونجە عەلی دواکەوێ. دە بڕۆن دەی! عەلی دەمەو ڕۆژاوایەکی درەنگ، لە لێڕەکە بە مریەمۆک ڕاگەیشت.

بە نابەدڵییەوە:

«دایە نەختێ وەرە کۆڵم. هۆوە قۆناخەکەی خۆمانە، هۆوەتا لەپێشەوە. هەر لەسەر کانیاوەکەیە. بەبیرت دێ، دایە، وەختی خۆی چاوبزنێک هەبوو؟ ها جارێکیان بەرخێکمان لەسەر کوشتەوە و سوورمان کردەوە؟»

مریەمۆک لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەدی بۆ بەبیرم نایە. قەتم لەبیر دەچێتەوە، ئۆزوونجە عەلی؟ ئەی ڕانێکم بەبتوونی بۆ لەسەر ئەسکڵ بۆ نەبرژاندی و لەگەڵ بەخەبەرهاتی هەمووت نەخوارد؟ ئەو ڕۆژگارەم بەبیرمەهێنەوە. هیچ بەبیرم مەهێنەوە. شەرمیش ناکا...

عەلی:

«دە وەرە دایە.»

مریەمۆک دیسان لە پەل و پێ کەوتبوو، بەڵام چاوەڕێی ئەوە بوو، یەک دوو جارێکی چاک لەبەر بپاڕێتەوە. وەڵامی نەدایەوە.

کە ئەو وەڵامی نەدایەوە، عەلیش بێ دەنگ بوو.

زراوی لەوە چووبوو نەکو بڵێ: «ڕاوەستە، دێمە کۆڵت.»

دنیا تاریک داهاتبوو. لە باشوورەوە کزەبایەک هەڵی کرد. لێڕەکە بۆن و بەرامەی بنێشتەتاڵی خاوی گەرم و هەزار تەرزە گوڵووکی لێ دەهات.

پێی لێ هەڵنەدەبڕی، بەڵام نەشیدەویست ئۆزوونجە عەلی بە خۆی خۆش بکا. دیسان ددانی بەخۆیدا گرت، دەستی بە پاڕانەوە لە خوا کرد. دەیگوت: «زوو بمگەیەنە، مەمخە. خۆت ڕاگرە، ئەژنۆکەم، خۆت ڕاگرە! کەمی ماوە ماڵ وێران، خۆت ڕاگرە!»

عەلی لە دواوە ئاگای لە کەین و بەینی ناو دڵ و دەروونی مریەمۆک نەبوو:

«هیچ گلی و گازنێکمان لەو خەلیلە پیرە نییە. ئەو نەبوایە، ئەمساڵ بەخۆ و

مـــاڵ و منداڵەوە، جــوان و زەریف، ڕووت و قـــووت دەمــاینەوە. برســی، ڕەزیل، ســەفیل. لە برســان مـێروو لە چاومـان دەورووکـا. هـەر کـە گـەیشـتینە چقـوور، لۆکـەمـان چنـی، پارەکـەیمان لە تـەنکەی باخـەڵی نـا، پێنج پاکـەتـە جـغـارە بۆ خەلیلەپیر دەکڕم. ئەویش سەرسـام دەبێ، دەڵێ، ئەمە یانی چی، عەلی، کوڕم؟ منیش دەڵێم، ئەمـە لـە پاداشـتـی ئەمـەگ و چاکـەت. ئەمـە لە تۆڵـەی ئەوە، کـە گــوندیت پێش وەخـت بەڕێ خــست. ئەمـــە لەبری ئەوە، کــە مـن بەلۆکــەچـنین ڕاگەیشتم. ئەتۆ خدری زیندە، هۆ پیرۆز و بەفەڕ. ئەدی لە مەرگی ئەسپەکەشم بەئاگا نی؟ خۆ لە خـۆڕایی پێش وەخت گوندی وەڕێ ناخـەی؟ ئەویش خـاوخاو پێ دەکەنێ. دەڵیم ها، بگرە ئەم جغارانە بکێشە، نۆشی گیانت بن. بیانکێشە، بەم ئـاخــری پیــرییــە خـــەم و خــەفـــەتی دنیـــایان پـێ بڕوێنە، پەژارەی دڵ و دەروونتیان پێ بتارێنە.»

مرێمۆک لە ناکاو، بە هەموو ڕک و تووڕەیییەکەوە قیڕاندی، گوتی:

«لێڕەوارەکە، لەگەڵ تۆمە، ژوقم و تالاو بکێشێ.»

لەسەرەخۆ ڕۆچوو. پشووی دەرنەدەهات.

گوتی: «ئاو، ئاو، خێرا چۆڕێ ئاو.»

لەولاوە دەنگی حەسەن و ئومەخان هات.

«ڕۆڵە ئاو!»

کـانیـــاوێک لەو نزیکانەوە بوو، ئـاوی لەبەر دەڕۆیشت، عــەلی مــســتێ ئاوی هەڵێنجا، گوتی:

«بخۆوە! بخۆوە!»

کـەمـۆکـەیەک لێـوی تەڕکـرد. ئەوەشـی کـە مـایەوە بە دەمـوچاویدا پڕژاند. مسـتێکی دیکەشی پێدا پڕژاند. منداڵـەکان، ئەلیف هـەمـوو بەهەڵەداوان هـاتن. ئەلیف دەسـتی گرت. دڵی تەپەتەپ لێی دەدا، ئەلیفیش گوێی لە تەپ و کوتی دڵی بوو.

مرێمۆک کاتێکی نەختێ بەخۆیدا هاتەوە، گوتی:

«تالاوی ڕەگی ژوقم، ژوقم، تالاوی ڕەگی ژاڵەی سەوز، یەکجار سەوزە ڕەنگ تێرەکە. بەجارێ پێنج پاکەتیش. نە یەکێ و نە دووانیش، پێنج پاکەت بەجارێ... هی ژاڵەی تیژ، لەوی زۆر پیر و کۆنەساڵ، لەوی ببڕای ببڕای بەر نسرم و سێبەر نەکەوتوو...»

١٣

«لەوی ببڕای ببڕای بەر نسرم و سێبەر نەکەوتوو.»

درۆیە، سەرتاپا درۆیە. مرۆ چل ساڵ لە باخەڵی مێردێکدا بنوێ، چۆن شارەزای ڕەوشت و ئاکاری نابێ؟ نازانێ چیی کردووە و چیی نەکردووە؟ ئەو پیاوێکی وا نەبوو. خەڵک هەمووبەهەڵەداچوون. برایم، برایمی باوی ئەم ئۆزوونجە عەلییە، نێوی بە گەرووی ئاشا چێ، ئازاری مێرووێکی نەدەدا. جا شەرمن بوو، جا ڕوونەرم بوو. چما لەڕووی دەهات چاو لەبەر کەس هەڵبڕێ. هەروەک لۆکەی جوان و نەرم و نۆڵ و سپی پێ دەکەنی. لە یەکبینە پێ دەکەنی، قسەی نەدەکرد. هەر دەتگوت مندالی ساوایە. نەدەچووە ناوخەڵک، نەدەچووە ناو شایی و زەماوەند. زۆر گردەنشین و گۆشەگیر بوو. کە باسیان دەکرد، دەیانگوت ئاو بە مەندی، پیاو بە شەرمندەیی. درۆیە. وەڵاهی، بیلاهی تەنیا لە شەرمان بەدەرنەدەکەوت. خۆ هاتبا کەسێ قسەیەکی نارێکی پێ گوتبا، هەر بەجارێ زراوی دەتۆقی، لە کونێ دەگەڕا خۆی تێدا وەشێرێ. ئەوی بەو کرا و بەسەر ئەو هات ئەم پیرەمێردە دێوەزمەیە، ئەم خەلیلەپیرە پێی کرد و بەسەری هێنا. ئەم خەلیلەپیرە جۆرە بێ دینێکی، مایە فیتنەی سەرەسۆدرەی شۆفار و بەراز و شووم و بەدووم و ناپەسەندێکی وایە لە هەر چوار کتێباندا کوشتنی بە حەڵاڵ و پێویست لە قەڵەم دراوە. لە تیرەی دێو و درنجە. بە سالانی ساڵ، ڕۆژی ڕووناکی بەو کەساسە داماوە پیشان نەدەدا. کەس بەمە نازانێ. هەوەڵ خوا، دووەم ئەم مرێمۆکە باوان شێواوە کوڵ و کۆ و دامرکاوە دەزانێ.

دەڵێن ئەو ساڵە، ساڵی قاتوقڕ و نەهاتەکە، کە خەڵک قەزوانیان دەهاڕی و

دەیانکرد بە نان و لە جیاتی پێخۆر کەنگر و کاردوویان لە دەشت و دەر خڕ دەکردەوە، لە ڕۆژێکی گەرمی بەهاردا خەلیلەپیر دەگەڕێتەوە. سەرلەبەری گوندی لە خەلیلەپیر قاچاخی یەمەنێ خڕدەبنەوە، دیدەنیی دەکەن. گوند نێرینەی تێدا نەمابوو، ئەوی دەستی دار بگرێ سەرلەبەر هاتبوو، قەبەت لە زەلامەکانیان گرتبا لە یازدەی تێ نەدەپەڕاند.

خەلیلەپیر لە ئینسانەتی شۆرابووەوە، ڕەق و هیشک، ڕەش ڕەش هەڵگەڕابوو، پێستی بە هێسکیەوە نووسابوو، فووت لێ کردبا دەکەوت، چاوە سەوزە گەورەکانی بەقووڵا چووبوون. حاڵی پشوودانی بەبەرەوە نەمابوو.

دەیپرسی، «گرانی و قات و قڕە؟ نان دەست ناکەوێ؟ زەوی و زار وشکاوی هێناوە و لە تینووان شەقارشەقار بووە؟ زەوی گڕی لێ هەڵدەستێ؟ منداڵ لە هەژمەت تاوتێ دەمرن؟ کەس لە گوند ماوە گەڕوگول نەبووبێ؟ ژنان زەوی دەکێڵن؟ مەزرایێ ژن بیکێڵێ چیی لێ وەچەنگ دێ؟ بڕۆن شوکرانەبژێر بن. لە خراپ خراپتر هەیە. هەر لەپشت ئەو کەژانەوە دەریایەکی گەرمی لم هەیە. هەرچیی تێ کەوێ ڕزگاری نابێ. هەر قەت قەت ڕزگاری نابێ. ڕزگاریشی بێ من ئاسایی ڕزگاری دەبێ. بڕواننە حاڵم. ئەمە حەوت ساڵی خشتە. حەوت ساڵی ڕێک و ڕەبەقە لێرە ڕۆیشتووین، وەنییە؟ حەوت ساڵەحەوت. چەند کەس بووین؟ لە بیرم نەماوە. سەرلەبەری نێرینەی ئاوایی. تەنیا من و برایمیان لێ دەرچووین. من بە خۆ پەلکێش کردن توانیم لێرە بەسەرکەوم. برایم لە خوارەوە بەجێ ما. بە ڕاستەڕێدا نەدەڕۆیشتن، دەنا دەیانگرتین و ڕێ و ڕاست، دیسانەکە بەرەو یەمەنیان دەگێڕاینەوە. برسی بووین، پەرێشان بووین. ئەو لەوێ پەکی کەوت و بەجێ ما. من ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت، گوتم، بشمرم، با هیچ نەبێ خوا لە کاولە وەجاخی دایک و باوکمدا ئەمانەتی خۆی لێم وەرگرێتەوە، ددانم لە جەرگی... بڕۆن، ئەگەر ئەو برایمە بێ زوانە مابێ، زوو فریای کەون، بیگەنێ، ڕزگاری کەن. هیزە خۆ لەم ناوە زەفتییە و مەفتییە نییە... دەخیلە گەڕانەوەم لە کن کوێخا مەدرکێن، نینۆکتان ماچ دەکەم، گوندییەکانم. یەمەن سەختە. پێ نەزانێ. دەنا دەمنێرێتەوە منیش

ناگەڕێمەوە بۆ یەمەنێ. کەس تووشی یەمەن مەکەن. با نەختێ وەسەرخۆم بێمەوە. ئەوە عوسمانی کوڕی کوێرەیە؟ دورانە؟ کێیە؟ کوڕی سەرگەرمە؟ بەتاڵە؟ ئینجە بەتاڵە، وەنییە؟ ڕاوەستن. با تۆزێ بەخۆ بێمەوە. ئەودەمی یەکە یەکە ڕاست و دروست، باسی یەمەنتان بۆ دەگێڕمەوە. یەکە یەکە. حاڵی بەسەر پێوە ڕاوەستانم بەبەرەوە نەماوە. گوتتان گرانی و قات و قڕە؟ پارووە نانێکتان نییە؟ ئەوە سێ مانگە بەڕێوەم. برایمیشم لەگەڵدایە تا گەیشتنە کانی چاوبزنێ چاک بوو، سپ و ساخ بوو. لەوێ پەکی کەوت. گوتم برایم، پیاوی چاک بە، هەڵسە با بڕۆین، چیی وای نەماوە، ددان بەخۆدا بگرە، زۆری نەماوە. گوتی هەڵناستم. بڕستم لێ بڕاوە. پاڕایەوە، گوتی، بڕۆ خەبەر بە گوند بدە، خەلیل، هیزە فریاکەوە، دەست و پێیەکانت ماچ دەکەم. تۆ خەمی منت نەبێ. سا هەرچۆنێکی بوو هاتم، بەس نەبوو لەو چۆڵە، لەو دۆزەخی سەرزەوییە نەمردم. بشمرم، با لێروکانە، لەم کەژ و کێوانەی باووباپیراندا بمرم، مەوەستە، بڕۆ بۆ گوند، هیچ نەبێ تۆ فریای خۆت کەوە. لە برسان لاکەی سەرمان دەهات. باوەشمان بەیەکدیدا کرد. ئەو لەوێ مایەوە. ئەمن بەڕێ کەوتم. کە گەیشتمە بناری گوند، منیش وەک برایم لێ بەسەرهات. بەرچاوم ڕەش داگیرا، قەڵەمی چۆکم شکا. خۆم بەخۆم گوت، کورە خەلیل، هەی ماڵ وێران، وا گەیشتیە گوند، ماڵی خۆت، ئێستا وادەی مردنە؟ گوتم، بڕۆ. ئەژنۆم گوڕێکی تێوە گەڕا، ڕۆیشتم. لەوانەیە هێشتا نەمردبێ. تیکەیێ پارووێ نانی نان ئاسایشتان نییە لە زارمی نێم. لەو چیا و چۆڵە هێندەم کەنگر و شنگ و ئاڵەکۆک خواردبوو حاڵێکی سەیرم لێ بەسەرهاتبوو. چۆڕێ ئاوی شلەتێنیش؟ لەتێ نانی ڕەش و بۆریش؟ لە گوندێ، لە گوندێکی زل و زەلامدا، بایی دەرهەمێ؟ دوو دانە، دوو دەنکە گەنم، دوو دەنکە جۆشتان؟ ئێستا، گوندێکی زل و زەلام پیاوێکی تێدا دەست ناکەوێ، بچێ، برایم بێنێتەوە؟»

گوتیان، «نەخێر.»

«ژنینە، ئێوە بچن. ئەوە چەند ساڵە، جووتە، خۆتان لێی دەخوڕن. درۆینەیە،

خۆتان دەیکەن. دە برۆن، برایمیش هەر خۆتان بیهێننەوە. با نەبێ بە خۆراکی جـانەوەر و دالاش، ئەوەتا لەسـەر کـانی چاوبـزنێ. ئەی ژنـەکـەی لە کـوێیـە؟ مریەمۆکی ژنی؟»

گوتیان، «هەرکە بیستی و نەیبیست، یەکسەر بەڕێ کەوت، ڕۆیشت.»

«ئەمە گـولەیە؟ بوەسـتن، توخـوا بوەسـتن، دەنگم دەرنایە، پشـووم پێ نادرێ. باسی یەمەنتان لە نووکەوە بۆ دەگێڕمەوە.»

بووکی مێرد لە یەمەن بەجێماو، دایکی کوڕی بێ سەر و سۆراخ، منداڵی باو نەدیو بەخـۆکەوتن، چ پکەن، چ نەکەن، گوندێکی زل و زەلامیان ئەمسەر و ئەوسەر کرد، سا هەرچۆنێ بوو ژەمێ خواردنی گەرمیان بۆ قاچاخی یەمەنێ، خـەلیل، پەیداکـرد و لـە پاشـان بوون بـە گـەردەلوولێکی شین و شـەپۆڕ و لێی دابڕان.

مریەمۆک برایمی لەسەر کانی چاو بزنێ بەبێهۆشی دیتەوە. نەیناسییەوە.

ئەم کۆمـەڵە هێسکە هیشک هەلاتوو و پەڕۆ و پاتاڵە پیس و چڵکنە، چ لەو برایمە، لەو برایمە سمێڵ قیت و وەک توول باریکە، نەدەچوو. لەکۆڵی کرد، ڕێ و ڕاست، بەرەو گـوند بەڕێ کەوت. برایم بە سێ مـانگان ئەوجا هـۆشی بەبەر هـاتەوە. لـەپـاش سێ مـــانگی خـــشت ئەوجـــا توانی بە دەم و پێکەنینە شـیـرینـەکـەی، خـاوخـاو پێ بکەنـێ. مـریـەمـۆک لەدوای ئەمـە، کـەوتە خـۆشی خۆشییەکەوە، ئیتر مەپرسە. دەیگوت. «خۆ دیتمەوە، ونم کرد و دیتمەوە.»

بۆئەوەی برایم و خـەلیلـەپیـر لە زەفـتـیـیـە وەشـێرن، چـەندین سـاڵ، ئەوەی لە دەسـتـیشـیـان نەدەهات کردیان. گوند هەموو گوێ قولاخ بوون. تەنیـا دوو تاکە پیـاویان لە یەمـەن گەڕابوونەوە. ئەمانیشـیـان بە کوێخـا و زەفـتـیـیـە بە گـرتن دابان؟ خـۆ ئەگەر کوێخـا خەبەرێ، شـتێکی لێ دابان، گوندی هەر بە خـواردن دەیانخـوارد. چاویان دەردێنا. کوێخـا نەبوایە، پادشـا بـوایە. گوندی ڕۆحـیـان بەسـەر دوو چاخـەکـەی یەمـەندا دەردەچوو. قـاچاخـەکـانیـان لەبن باڵی خـۆ دانابوو.

خـەلیلەپیـر یەکـبـینە باسی یەمـەنی بۆ دەگـێـڕانەوە، چۆن هەڵاتن؟ چییـان بەسـەرهـات؟ هەندێ دەگریان، بـڕێ واقیـان وڕدەمـا، هەندێ دەیاندایە قـاقـای پێکەنـین. هەرچی برایم بوو، ورتەی لە زار دەرنـەدەهات، واقی وڕمابوو، گـوێی بۆ شل کـردبوو. درۆی دەکـرد، بەهیچ جـۆرێ خـۆی لێ بە خـاوەن نـەدەکـرد. خەلیلەپیر گوێی لەو گۆرانی و لاوژە کۆن و تازانە دەگرت، کە بەسەر یەمـەندا هەڵدرابوون و ئاشـقـە کەچەڵ دەیگوتن. هەرچەنـدی گوێ لێ ڕادەگرت، داخی دڵی هەڵدەڕشت و هەردوو چاوی دەبوون بـە کـانیـاوی تەقیـو و بەناو گـونددا دەخـولایەوە. ئاشـقـە کـەچەڵیش هەرچی گـۆرانـی و لاوکـێ، کـە لەو دەوروبەرە بەسـەر یەمەندا هەڵگوترابـوو و دەماودەم بیستـرابووەوە، هەریەکەی دە جـاران بۆ خەلیلی قاچاخی یەمەنێ دەچڕی و دەگوتەوە.

هەموو کەسێ لە گوند، تەنانەت مێرد و باو لە یەمەن بەجێماوەکانیش دڵیان خۆش و منەتبـار بوون. لەوەتەی خەلیلە پیر گەڕابووەوە گوند گیانێکی بەبەردا هاتبـووەوە، گوڕ و بزووتێکی تێ گەڕابوو. پێش گەڕانەوەی خەلیلەپیر، ئاشقـە کەچەڵ لاوژەی دەگوت، تاری دەژەنی؟ لەبەر بەربەڕۆژکەی ماڵەکەی هەڵکورما، ڕدێنی بە سـینگییـەوە دەنووسـاند، گرژ و ڕووترش، دەموچاوی مـەگـەزی پێدا هەڵزنـابا دەبوو بە هـەزار پارچەوە، تا ئێـوارە بەو چەشنـە هەڵدەکـورمـا بەڵام لەوەتـی خـەلیلـەپیـر گـەڕابـووەوە، خـۆ چ نـەبێ، خـەڵکەکـە تێـروپڕ بۆخـۆیان دەگریان.

لە خـەڵکی گـوند، تەنیـا کـەسێ، کە بـە خـەلیلـەپیـر و باس و خـواسـەکـانی دڵخـۆش نەبوو، بووکە مـرێمۆک بوو. ڕاستـە برایمەکەی یەمـەنێی حەوت سـاڵی ڕەبەق بە شـەونخـوونی و پەژارە و خـەمـەوە چـاوەنۆڕ کـردبوو، بەڵام دڵی خـۆش نەبـوو. هێنـدێ شت ڕووی دەدا، لەبـەری گـران بـوو، شـەرەف و ئـاووڕووی پێ دەڕووشـان. ئەگەرچی خەلیلەپیر پـەسنی مێردەکەی دەدا و بە شـان و باهوویدا هـەڵدەدا، بەڵان دەشـیـزانـی جێ گـازی ئەسـپێـیـەک[1] لە مـەسـەلـەکـەدا هـەبوو.

---

(١) جێ گـازی ئەسـپێ: کـینایەتە لە پەڵە و لەکەی پیس کـە بە شـەرەف و نامـووسی مرۆوە دەنیشێ– وەرگێڕ.

برایم متەقی نەدەکرد. چییان دەگوت، دەیانگوت، لەمەڕ خۆی، لەمەڕ غەیری خۆی، ئەو لە بزەی ناسک ناسکی سەرلێوان پتر چیی دی لێ زێدە نەکرد.

«لەوی لەبەر ڕۆژێ ڕانەگوێزرابێتە بەر نسێ.»

گوندی، باس و خواسی یەمەن، چۆڵ و بیاوانی لم، لە تینووان لەخۆچوون و بوورانەوە و بۆ چۆڕێ ئاو شێت و شبر بوون و سەرگەردانی، گومبوونی سەرباز، باهۆز و گەردەلوولی لم، دارخورما، تاوتێ و نەخۆشی، برسێتی و ڕووت و ڕەجاڵی، ئەو چۆڵگەڕانەی ورگی سەربازی لێ قەوماویان هەڵدەدڕی، باس و خواسی هەموو شتێکیان وەک چاوی خۆیان دیتبێ و کوت ومت تێدا ژیابن، ورد و درشت دەزانی. کەس نەبوو لە یەمەن هەڵاتنی ئەمانەی لەبیر نەبێ. دەمودەست، گۆرانییان بەسەر لە یەمەن هەڵاتنەکەیاندا هەڵدەدا.

دەمەو عەسرانێ بوو. دەریای لم دیسان کەوتە شەپۆلدان. لە پێشیان گەواڵە گەواڵە هەور بەری ئاسمان دەگرێ لە چۆڵ، لە پاشان هەورەکان دەچنە پاڵ یەک و پەردەیەکی تاریک بەنێوان زەوی و ئاسماندا ڕایەڵ دەبێ. دەک وێران بێ! ڕۆژی نیوەڕۆت لێ دەبێ بە شەوەزەنگ. با و باهۆز هەڵدەکا تەپۆڵکە لم لێرە ڕادەگوازێتە هۆ وێ. پیاو وا دەزانێ کەوتووەتە ناو مەنجەڵێ ئاوی کوڵیوەوە. بە چۆڵدا، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەچووین. ڕێگامان حەوت ڕۆژە ڕێ بوو. تنۆکێ ئاو لە مەتارەکانماندا نەمابوو، زمانمان بە فریشکمانەوە نووسابوو. خەڵکەکە زاریان ڕووەو ئاسمان بەش کردبووەوە، هەر «ئاو، ئاو»یان بوو. خۆ ڕەنگ نەبوو چاو هەڵێنی. یەکسەر پڕدەبوو لە لم. لم کلیلەی کرد و وەستا. کوڕەکەی دوردییە زەرد هات بۆ کنم. لارەلارەی بوو. گوتی، «وا دەمرم، حاڵی یەک هەنگاو هەڵێنانم بەبەرەوە نەماوە.» چی بڵێم، گوتی، «ئاو!» ئێ ئاو لای کێ بەدەست دەکەوێ؟ گوتم، وەرە کۆڵم، بەم حاڵەوە ڕێت پێ ناکرێ. لە نیوەڕۆوە تا عەسر ڕۆیشتین. کاتێکم زانی نەخۆشەکەی کۆڵم قورس بوو. هەر لەودەمی دەریای لم شەپۆلی دا. بوو بە فەرتەنە. چەواشە بووین. سەرمان لێ تێک چوو. بۆ خۆشمان نەمانزانی چ بکەین. لم بەم لایدا دەدا، بەولایدا دەدا. مردووەکەی کۆڵم کەوتە خوارێ. گوتم، هەڵی دەگرم،

بەکۆڵمیدا دەدەمەوە. دەک وەجاخت کوێرەوە بێ، ناوەڵا ئازای بیدۆزەوە! من هام لە کوێ؟ بە پەلەکوتێ، بەو تاریکییە، لە مردوو بگەڕێ، ئەم لا مردوو، ئەولا مردوو، نییە و نییە. فەرتەنە و ڕەشەبایەکەی خست. دە ئازای کوڕەکەی دوردییە زەرد ببینەوە. خوا دەیزانی کەساسە بووبوو بەژێر کێهە تەپۆلکە لەوە؟ ئەوەتا، برایم با خۆی بڵێ گوتی، نەبووە و نەکراوە، نابێ دوردییە زەرد نەدۆزینەوە. گریا، کرووزایەوە. بەڵام چ لە دەست دەهات؟ لە پاشان گوبرویل ئۆغلویش لە ڕێگا مرد. ئیدی برادەران وەک گەڵای دار هەڵوەرین. سەرەنجام، گەیشتینە شوێنێ، نەختێ ئاو و شینایی لێ بوو. گەیشتین، بەڵام چی، هەموو بێ حاڵ بووین. خۆ جارێ لە ترسی چۆڵگەڕ هەر وەخت بوو زەندەقمان بچێ. ها لێرە، ها لەولاتر، هەرکاتێکت زانی ڕێگەیان پێ گرتی و ورگیان هەڵدڕیت. کوا، خۆزگە هاتبان کاری خۆیان دیتبا و سەرتۆپ، لەم چەرمەسەرێ و مەینەتییە قوتار باین. خۆزی لە جیاتی وا لەسەرەخۆ و بە تاکەتاکە مردن، سەرجەم ڕزگار بووینایە و کارمان کرابا. لە پاشان جەردەشمان تێ ڕۆهاتن. کاتێکی گەیشتینە هەوار، لە سێ سەت کەسان سەد و سی کەسمان لێ ڕزگار بوو. بریا کەسمان لێ ڕزگار نەبوایە. جارێ هەر لە گوندەکەی خۆمان چواردە کەسمان لەگەڵدا بوون.»

مرێمۆک شەوێ، برایمی لەنێو جێدا بەگیرهێنا:

«تۆ دەتگوت کە گەڕاینەوە، کوڕەکەی دوردییە زەردەم لەکۆڵ کرد و لەو ناو گێژەنگی لەدا لەسەر کۆڵم بەربووەوە و بوو بەژێر لەوە، چەندی لێ گەڕام. نەمدیتەوە، ویستم پتریشی لێ بگەڕێم، خەلیلەپیر نەیهێشت. کەچی خەلیلەپیر دەڵێ، من لەکۆڵم کرد. ئەمە چەندی بەچەندە؟ لە کن هەموو خەڵکی گوند سووک و ڕیسوا بوون. کێهەتان ڕاست دەکەن، خەلیل یانەکی تۆ؟ خۆ خەلیل بەرەوڕووی خۆت گوتی. بۆچی دەمت نەکردەوە؟»

برایم وەڵامی نەدەدایەوە، زاری لێک نەدەکردەوە.

«لە چواردە پیاوان هەشتمان لێ مردن، شەشمان لێ دەرچوون. برایم هات،

گــــوتی، هـاوڕێ، چارمــــان ناچاره، لـه هـەڵاتن بـەولاوه چـی دیکەمــــان بـۆ نەمـاوەتـەوە. گـوتـی، ڕزگـاربـووین، ڕزگـار دەبین. ڕزگـاریش نەبووین، ئەویش مـردنە و ئـەمـیش هـەر مـردنە. مـن گـوتم، باشــە، برا، بەمــە ناڵێن غـایـەنەتی؟ غـایەنەتی لـه زێد و نیـشـتمـان؟ گـوتی، چش، با بـڵـێین. لـه مـردن بەولاوه چی دیکەی داینێ؟ لە ڕێگە بمانگرن، گوللەبارانمان دەکەن، لە گوندمـان بدۆزنەوە دەمـانـدەنـه دادگـای شـەڕ، هـەر دیسـان گـوللەبارانمان دەکـەن. برایم پیـاوێکی ئازا بـوو، زۆر بەجــەرگ بـوو، گــوتـی، باگــوللەبـارانمان کــەن. ئـەی ئەگــەر نەیانگرتین. ئەدی ئەگەر نەیانگرتین. ئەدی ئەگەر نـەمردین و گەڕاینـەوە گوند... منیش گوتم، چاکە، ئەوا من ڕازی بووم، ئەی پیاوەکانی تر چ دەڵێن؟ ئەوانیش دەڵێن چاکە؟ گوتمان، با پرسـێکیـان پـێ بکەین. چووین، هـەروا لەسـەرەخـۆ لە هاوڕێیــەکــانمان ڕاگــەیاند، گــوتمان: «هـاوڕێینـە، هاوگــوندینـە، چتــان لـێ وەشـێرین، ئێمـە بڕیاری هـەڵاتنمـان دا. ئێوه چ دەڵێن؟ یەکێکیـان هـەڵی دایێ، گـوتـی چاکـە، بـەڵام وا هـەڵاتین، وا لـه ڕێگـاش کــەس نەیگرتین، کــەس ورگی نەدڕین، تـۆ بـڵـێی، بتـوانین لێـرەوە بگەینەوە وڵات؟ وڵات لە کـوێیـە و ئێـمـە لە کـوێین؟ شــەش مـانگـە ڕێمـان لەبەرە. دەگـەین؟ هـاوڕێیـەکـانی دیکە زاریان هەڵنەهێنا، نە بە چاک نە بە خراپ، نەگەیشتنە هیچ بڕیارێ. من چەندم گوت، برایم چەندی کرد و کۆشا. قسەکانمان کاری تێ نەکردن. دوو شەو و دوو ڕۆژ گوتمان ڕسـتمـان، ئێستـا و ئێسـتـاش لەبۆمـان نەهاتنە ڕەدایێ و دڵیـان نەرم نەبوو. شــەوێکیــان ڕاست بووینەوە، بەڕێ کــەوتین. تـا بەرەبـەیان بەنـاو لمدا ڕۆیشــتین. کـە ڕۆژهەڵات نوقـمـی ناو لم بووین. گـوتم با کـەس پـێ نـەزانـێ. بە برایمم گوت، برایم، ئێمە کارێکی زۆر ناپیاوانەمان کرد. کردەوەی وا لە تیرەی مرۆ ناوەشێتەوە. هاوڕێیانمان بەجێ هێشت. کە گەڕاینەوە گوند وەڵامی دایک و باوک و منداڵ و مـارەبڕ و دەزگـیـرانمان چ بدەینەوە. پـرسـیـیـان، بـڵـێین لە چۆڵی یەمـەنێمـان بەجێ هێشتن و هـەر خـۆمـان گـەڕاینەوە؟ بـڵـێین ناشکوری نەبێ هـەر سـەری خـۆمـانمان بۆ قـوتارکرا؟ چ دەڵێین، بـرایم؟ برایم زاری لێک نەکـردەوە. خـۆتـان دەزانن زاری هـەیە زمـانـی نیـیـە. گـوتم، کـەواتا تۆ لێـرە

بمێنەوە. با من بگەڕێمــەوە، جـارێکی تریان، لەبـەر بپـاڕێمـەوە. بەڵکو ئەمــە خـوایە دڵیـان نەرم بێ. تۆ لێـرەم چاوەڕوان بکە، بـرایم، برایم گـوتی، چاکـە. لەوێ لە ناوەنـدی چۆڵەکە مـایەوە. گـوتم، حـەزدەکەی تۆش وەرە. بـرایم گـوتی، ئەو هـەمـوو چۆڵە جـارێکی تر ناکـوتمەوە. تۆ بڕۆ، قـەنـاعـەتت پێ کـردن، بەگـەڵ خـۆتیـان دە و بیـانهێنە. ڕۆیشـتم. شـەوێ، تا سبـەینـێ لێیـان پاڕامـەوە. گوتم، هـاوڕێینە، پیـاوی چا بن، وەرن، با بڕۆین، بگەڕینەوە وڵاتـی خۆمـان، هـەوایەکی دارکاژی ئەو تۆڕۆسە هـەڵمژین، ئاوێکی ساردی لێ بخۆینەوە، یاڵابووکێکی لێ بخـۆین، ئەوسـاکـینێ، مـردن چییـە، هاوڕێیینە، مـردن چییـە؟ نووحـیـان گـوت، پێغەمـبەریان نەگوت. گوناهیان لـە ستۆی من نەما. گوتم کـەواتا ئێمە دەڕۆین، ئێوە بمێننەوە، هـاوڕێیینە. چاوەڕێی تەزکـەرە بکەن. گـوتم، ئەوە بوو بـە حـەوت ساڵی ڕێک. دوای حـەوت ساڵەکە تەزکـەرە وەردەگرن، دەگەڕێنـەوە، هـاوڕێیینە. گـەڕامەوە بۆ لای برایم. برایم هێشـتـا لەناو لمەکـەدا بوو، تا کڕکـڕاگەی نوقـمی ناو لمەکە بووبوو... لە شوێنەکـەی خۆی نەبزووتبـوو. گـوتم یاڵا، با بـەڕێ کـەوین، برایم. یـاڵا دەی. برایم بـەپڕتـاو لە ژێـر لمەکــە دەرپـەڕی، بەگــەڵم کـــەوت. زۆر نەڕۆیشـتین، گوتم، برایم ئەمە وا نابێ. برایم گـوتی، ئەی چ پکـەین، هـاوڕێ؟ من گوتم، با جارێکی تریش بگەڕێمەوە، لە هاوڕێیان بپاڕێمـەوە. با بەکەسـاسـی لە چۆڵی یەمەنێ بەهیلاک نەچن. تەزکـەرە نایەت، لە خۆڕایی چاوەڕێی چی بکەن؟ ئەوی لە یەمــەن هـەڵبێ قـوتار دەبێ. بەجێیـان بێـڵین خـەڵک هـەرچـی نەشێ بە دایک و ژنمانـی دەڵێن. جـاوەرە خـۆت لەبەر زاق و زرووقـی زارۆکـان بگرە، ئەم بڵێ، کوا باوم، ئەو بڵێ کوا باوم، لە کوێتان بەجێ هێشتن. برایم گوتی، ئەمڕۆ نەبێ، ســبــەی بێ، هـەر دەگــەڕێنەوە. دوایـی هـەر دەگــەڕێنەوە. با هـەڵێین. بگیـرێین، دەسـتـمـان لێ بشـۆ. گوتم، برایم، دەزانم نایەن، بەڵام بـا ئێمـە ئەرکی ئینسـانەتیی سـەرشانی خـۆمـان بەجێ بگەیێنین. با بە ڕووڕەشـی نەگەڕێینەوە بۆ گـوند. برایم دیسـانەکێ بۆقـەتەی ملـی نوقـمـی ناو لم بـوو. بەتووڕەییـیـەوە گــوتی، دە بڕۆ، لـەبەریان بـپـاڕێوە. چـۆڕێ ئاویـش لەگــەڵ دەســـتـــدا بێنە. ئاگاداربە، پاسەوانەکان نەتبینن. منیش دیسـانەوە گەڕامەوە. دیسان تا توانیم

لەبەریان پاڕامەوە، سەری نەگرت. بەگوێیان نەکردم. بەسەر دەست و پێیاندا کەوتم، هەر سەری نەگرت. هێندەی نەمابوو پاسەوانەکان بمگرن. بە دوو مەتارە ئاوەوە گەڕامەوە بۆ کن برایم. گوتم، برایم وەجاخت کوێرەوە بێ، ئەمانە خێریان بە نێوچاوانەوە نییە، بڕۆ، با بڕۆین. بەڕێ کەوتین. بەڵام من دیسان کێچم کەوتبووە کەوڵ. دڵم دەیگوت کوڕە خەلیل، هەی نامەردت نەکەن، ئەوا خۆت قوتارکرد، ئەی هاوڕێیەکانت؟ ئەی هاوگوندەکانت؟ هەروا بەو سووک و سانایییە، لەو چۆڵی یەمەنە، لەو ناو ژیلەمۆیەیان بەجێ دێڵی، بمرن. کوڕە پیاوی چابە، بگەڕێوە. تا زمان لە دەمتا دەگەڕێ، لەبەریان بپاڕێوە، دڵیان نەرم کە، بیانهێنە. لە برایمیش دەترسام. گوتم، دەترسم ئەمجارە، گوێ نەداتێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ، بڕوا. چارناچارە، نابێ هاوڕێیان بەجێ بمێنن. بەجێ هێشتنیان غایەنەتی و ناپیاوییە. ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت، گوتم، برایم، حاڵ لەمە حیکایەت لەمە. هەرچەند دەکەم و دەکۆشم بەجێهێشتنیانم لێ ناوەشێتەوە. جارێکی تریشیان لەبەر بپاڕێمەوە؟ برایم پیس تووڕە بوو، گوتی، دەڕۆی، ناڕۆی، بەجەحەنم. من ئیدی چاوەنۆڕت ناکەم. بڕۆ. گوتم، برایم، دەستت ماچ دەکەم، پێت ماچ دەکەم، دە ئەمجارەش چاوەڕێ بکە، چت لێ دێ. برایم گوتی، چاوەڕێ ناکەم تۆش چاوت لە دوای مانەوەیە. بگەڕێوە. لەگەڵ واندا بمێنەوە. ئێوە وا مەروانن برایم، تەماشای ڕوونەرمییەکەی مەکەن. لە شێری نەڕ ئازاترە، یەک پارچە جەرگقایمییە. تاک و تەنیا ملی ڕێی گرت، منیش گەڕامەوە. دیسان لە برادەران پاڕامەوە، پاژنەم ماچ کردن. هەمدیس پارەی نەکرد. شەو و ڕۆژێ ڕێم کرد، تا لە ژێر دارخورمایەکدا، هەتاوەکەی دەیکولاند، چۆڵی لم دەکولا، بڵقە بڵقی لێوە دەهات، بە برایم گەیشتم. برایم گوتی، تەواوە. گوتم تەواوە، نەهاتن. گوتم، برایم، ئەم کابرایانە جەرگی چۆلەکەیان نییە. دەڵێن، لە ڕێگا چۆڵگەڕ ورگمان دەدڕن. بشگەڕێینەوە بۆ وڵات، ئەوە کوێخا دەمانگرێ، ڕێ و ڕاست دەماندانە دەست حوکومەت، حوکومەتیش بێ سێ و دوو دەمانکوژێ. گوتم، خەلیل بچۆ، دڵیان نەرم کە، بیانهێنە. پێنج شەوو پێنج ڕۆژی تری ڕێک، من چووم و هاتم.

پاڕامەوە، لالامەوە. پێنج شەوو پینج ڕۆژی خشت. تا پاسەوانەکان گرتمیان. ئەوەندەی نەمابوو بمپێکن. خۆم نوقمی ناو لم کرد. دوایی گرتمیان. منیش دەرفەتم لێ هێنان، دەمەو تاریک و لێڵە، بۆی دەرچووم، هەڵاتم. گوتم برایم، بڕۆ، ئەوان نایەن. دیارە ئاو و هەوای یەمەنیان فرە وەگیان خۆشە. لێرە دەمێننەوە. لێرە دەمرن. بڕۆ، با بڕۆین.»

ئەو شەوە مریمۆک، دیسانەکە، دنیای لێک نا. سەرتاپای ڕک و تووڕەیی بوو:

«نازانم تۆ درۆ دەکەی، خەلیلەپیر درۆ دەکا؟ بە منت گوت، شەوێ لە شەوان خەلیلەپیر هاوڕێیەکانی بەجێ هێشتن، من مامەوە، پێنج شەو و پێنج ڕۆژ لەبەریان پاڕامەوە. خەلیلەپیر نەبوایە. بێ هاوڕێکانمان نەدەگەڕامەوە. نازانم تۆ درۆ دەکەی، ئەو درۆ دەکا؟»

برایم وەڵامی نەدایەوە، بگرە هەر زاریشی نەکردەوە.

«ئەو خەلیلەپیرە؟ بەزەقنەبووتی بێ. جغارە؟ ڕەگی ژاڵە... لەوی بەر نسێ نەکەوتبێ. جغارەش ها؟»

قات و قڕە، قیامەتە، هەژارییە، برسێتی و ڕووت و قووتییە. نەکار، نە کاسبی. لە گونددا هیچ کارێ بۆ پیاوان نەمابووەوە. هەموو کارێ ژنان ڕایان دەپەڕاند. لە کاری وەرزێری و جووتێریدا بووبوون بە وەستایێ پیاویان بە خولامی خۆ نەدەزانی. ژنان جووتێکیان داژوا، دروێنەیەکیان دەکرد، خەلە و خەرمانێکیان گێرە و شەن دەکرد مەگەر هەر لە هی وەکو خۆیان بوەشێتەوە... سەلا لە دیداریان!

خەلیلەپیر ڕۆژێکیان گازی برایمی کرد، گوتی:

«کورە، برایم ئەمە چ ئیشێکە؟ ئەمەی ژنان دەستیان داوەتێ چییە؟ خۆ لە دانیشتن و نووستن بەولاوە کار و کاسبی بۆ من و تۆ و هی وەکو ئێمەمانان نەماوە لە ئاوایی. من شتێکم بیستەوە. دەڵێن لە خوارێ، لەو ناوچەی قۆزانە ئەسڵان ئاغایەک پەیدابووە، لەشکرێ جەردەی پێکەوە ناوە، سەرانسەری

ئەنەدۆڵیان داگیر کردووە. دەڵێن لەم خاکی عوسمانییەدا هەرچی ئەسپێکی جوانی هەبێ، جەردەکانی دەیدزن، دەیبەن لە عەرەبستان لە گاورستانی ئیزمیر، لە کوردوستانی دەفرۆشن. ئەوەی لە ئیزمیر دەیدزن لە تەرەبزوون. ئەوەی لە قارس دەیدزن لە حەڵەب، ئەوەی لە حەڵەب دەیدزن لە قەیسەری دەیفرۆشن. من و تۆ ڕێگاوبانی حەڵەب چاک شارەزاین. کاروبار بۆ من و تۆ لە گونددا نەماوە. با بڕۆین بەگەڵ جەردەی ئاغا کەوین. بەگەڵیان کەوین؟»
برایم وەڵامی نەدایەوە.

خەلیل:

«کەواتا خۆت بۆ سبەینێ تەیار کە برادەر. با مریەمۆک خەریکی تەدارەکی ڕێگا بێ. لەم مریەمۆکە وەجاخ تەپیوەش ڕزگار دەبی. کورە خۆ مریەمۆک لە یەمەن بەردبادترە! یەمەن نەیکوشتی، ئەم ناوجەرگت دەخوا و لە کۆڵت دەکاتەوە.»

لە پاش چەند ڕۆژێ هەردوو هاوڕێ، خەلیل لە پێشەوە و برایم لە پاشەوە هاتن بۆ گوندەکەی ئەسلان ئاغا، سەرلەبەر سەربازی قاچاخ و هەڵاتوو بوون، قاچاخی یەمەن بوون. هەر یەکسەر لەوێ خستنیە ڕیزی جەردەکانیەوە لەبەرئەوەی دەوروبەری ئوزوون یایلە چاک شارەزا بوون، درزێکی پسپۆڕ و بەئەزموونی بەگەڵ خستن و بۆ ئوزوون یایلەی ناردن، بچن، لەوێ ئەسپی چەرکەزان بدزن.

ئیتر لەو ڕۆژەوە، خەلیلەپیر و برایم، سالانی ساڵ لە ئوزوون یایلەوە ئەسپیان بۆ حەڵەب ڕاگوێزت و لە حەڵەبەوە پارەیان بۆ بەرگ و گیرفانی ئەسلان ئاغا ڕاگوێزت. چاویان لە قەرەپووڵێکی پارەی ئەسپی فرۆتەنی نەبوو، سەرلەبەر لە دەستی ئاغایان دەکرد. ئاغا سالانەی دەدانێ. سالانەی چی... بەشی نانەزگیشی نەدەکردن. بەڵام ئەوەی هەبوو، جەردەکانی وەک یەک و بە یەک چاو سەیر دەکرد. باشە ئەم خەڵکە بۆچی هەموو بووبوون بە جەردە؟ چونکە سەرلەبەریان قاچاخ بوون. فیراری و هەڵاتوو بوون. لەناو چەتە و

چەتەگەریدا، داڵدەیەک، پەنایەکیان بەگیر دەکەوت، تا ڕادەیەک خۆیانیان پێ دەپارێزرا. ئەسلان ئاغاش پیاوەکانی دەپاراست.

ڕۆژێکیان چەرکەز خەلیلەپیر و برایمیان بەگیر کەوت. هێندەیان کوتان، هێندەیان تێ هەڵدان، وەک مردوو لەو کۆسارەیان بەجێ هێشتن. لە پاشان گوندییەک دیتنیەوە، بۆ گوندی بردنەوە. بە برینداری و سەروگوێلاک شکاوی سێ مانگ لەناو جێدا کەوتن و ناڵاندیان. لەوەتەی بووبوون بە چەتە ئەمە یەکەم جاریان بوو ئەوەندە بمێننەوە. جاران سا، شەش مانگ جارێ، بۆ چەند ڕۆژێ سەرێکیان دەدا، لە پاشان بێ ئەوەی پووڵێ بۆ ماڵ دانێن، لێیان دەدا دەڕۆیشتن. مرێمۆک بە شیرەشیرێ دنیای لێک دەدا دەیگوت، «تۆ ئاڵقە لە گوێی خەلیلەپیریت چیت؟» سەرانسەری گوندی لە خۆی خرەدەکردەوە. برایم متەقی نەدەکرد. بەدوای خەلیل دەکەوت و دەڕۆیشت، هەروەکو نە بای دیتبێ و نە باران.

جارێکیان، پاش دامەزراندنی کۆمار بوو، دەسەڵاتی ئەسلان ئاغا، تا دەهات، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەیدایە کزی. جەندرمە شەوێ لە شەوان خەلیلەپیر و برایمیان لەو ڕێگاوبانی حەڵەبە، لە چیای گاوران، بە ڕەوە ئەسپێکەوە گرت. دورسونە کورد و ئیدریسی چەرکەزیشیان لەگەڵدا بوون. هەریەکە سەر و دوو ساڵیان حوکم دان و لە زیندانی ئەدەنەیان هاویشتن. سەرەڕای ئەوەی خەلیلەپیر هەموو تاوانەکەی لە ستۆی برایم بارکرد و برایمیش لە بەردەم دادگا، تۆ دەمت کردەوە ئەو دەمی نەکردەوە، کەچی برایم قوتار بوو، خەلیلەپیر، ئەسلان ئاغا، چەردەکان، خۆلاسە، ئەوەی دیتی و بیستییەوە هەموو سەریان لەم کارە سوڕما. برایم هەر خۆی سەری لە کارەکە سوڕنەما.

هەموو کەسێ پێی وابوو، پاش ئەوەی خەلیلەپیریان لە کونی زیندان پەستاوت، برایم ئیتر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ گوند و جارێکی دی لووت لەم جۆرە کارانەوە ناژەنێ. ئەسلان ئاغاش لەمەڕ ئەمە خۆی لێ بە خاوەن نەکرد. وەک پیاوێکی وا، هەر لەناو چەتەکانیشدا نەبووبێ.

برایم بۆ گوند نەگەڕایەوە. بۆ تەنیا جارێکیش بێ سەرێکی ژنەکەی، منداڵەکانی نەدا. لە ئەدەنە مایەوە. تەورزینێکی بە نەڕەی شانیدا دا، گەڕەک بە گەڕەک دەگەڕا، داری دەقەڵاشت. هەرچییەکی بەگیر دەکەوت دەرخواردی خەلیلەپیری هاوڕێی دەدا لە زیندان. هەموو ڕۆژێکی دیدەنی و دیدار بە زەمیلەیێ سەوزە و میوە و ئارد و ڕۆنەوە لە زیندان بەسەری دەکردەوە و بێ ئەوەی یەک قسە بکا، بە ڕووی خۆش و دەم بەپێکەنینەوە، لەگەڵ چەند قرۆشێکدا دەیدایێ.

خەلیلەپیر لە هەموو دیدار و دیدەنییەکدا، دەیگوت:

«بچۆوە بۆ گوند، سەرێکی منداڵەکان بدە، بزانە حاڵ و گوزەرانیان لە چیدایە؟ من هێشتانەکوونێ، بۆ دەرچوونم زۆرم ماوە. تۆ لەم ئەدەنەیە، لەم شارە زل و جەنجاڵە پەرێشان دەبی.»

خەلیل پاش هەموو جارێ، کە ئەمەی پێ دەگوت و دەڕۆیشت، وای دەزانی دەگەڕێتەوە بۆ گوند، بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆی، کەچی هەر لەگەڵ ڕۆژی یەک شەموان دادەهات، برایمی لەبەر دەرکەی زیندان دەدیت و کوڵێ دڵی پێ خۆش دەبوو و دەگەشایەوە.

لە کۆنە خانێکی خراپی تەڕ و ڕوتووبەتاویدا، کە هەر بۆنی میزی وڵاخی بەرزە پیاوی کوێر دەکرد، دەنووست. بە زگێ تێر بە سێ زگ برسی، هەرچییەکی وەچەنگ دەکەوت بۆ خەلیلی دەبرد.

برایم نەخۆش کەوت، سەرومڕ تاوتێ دای گرت. لەرزی هاتێ، ئێستا و ئێستاش هاوڕێیەکەی لێرە، لەم کونە ڕەشە بەجێ نەهێشت و نەگەڕایەوە گوند.

بۆ ئازادبوونی خەلیلەپیر حەوتووێکی مابوو، برایم دەستی لە کار و کاسبی هەڵگرت، هات لەپێش دەرکەی زیندان، قوت بووەوە. چاوی بڕییە دەرکەی زیندان، هەر لە سبەینێڕا تاوەکو ئێواری، لە ئێوارەڕا تاوەکو نیوەشەوێ، حەوتووێکی ڕێک و خشت، بە سەرما، بە گەرما، بە تەپ و تۆزەناخ چاوەڕێی

دەکرد. کە خەلیلەپیر هاتەدەرێ برایم باوەشی پێدا کرد، هەر وەخت بوو لە خۆشییان شامەرگ بێ.

خەلیل گوتی:

«بەرەو چیا.»

برایم وای زانی مەبەستی ئوزوون یایلەیە، بەشەرمەوە گوتی:

«کا خەلیل، زۆر لەمێژە چاومان بە ماڵ و منداڵ نەکەوتووە. ناکرێ لە پێشان بچینە گوند، ئەوجا لەوێرا بەرەو ئوزوون یایلە بۆی هەڵکێشین؟»

خەلیل پێ کەنی:

«لەورۆ بەپاشەوە لە گوند بەولاوە چوونە هیچ شوێنێکی دی نییە. ئەوەندە بەسە بۆ ئەسلان ئاغا. لە پیاوەتیی تێ پەڕاند. دەڵێن ئیدی یەمەن و مەمەنیش نەما. دەڵێن ئەسلان ئاغاش دەستی جارانی ناڕوا. حوکمی نەماوە با بگەڕێینەوە بۆ گوند، خەڵکی بە چییەوە خەریک بوون ئێمەش بەوەوە خەریک دەبین. لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆماندا دەژین.»

گەڕانەوە گوند. گوندی هەموو لە خەلیل و برایم خڕبوونەوە. گوند سەرلەنوێ گیان و بزووتی تێ گەڕایەوە. ئیدی کەس نەما لە گوند، کار و کردەوەی جەردەی ئەسلان ئاغا، باس و خواسی ئوزوون یایلە، ڕێگاوبانی حەڵەبی وەک فاتیحا ڕەوان نەبێ.

خەلیلەپیر دەیگوت، «ئەم برایمە؟» برایم جووقەواری لە زار دەرنەدەهات. «ئەم کۆنە دنیایە تا ئێستا دزێکی وەک برایمی بەخۆیەوە نەدیوە. کل لە چاوان دەفڕێنێ، لە ئوزوون یایلە، بەگێکی چەرکەز هەبوو، ئەسپێکی کەحێلەی بەگوڕی هەبوو. هەروەک ئەسپەبۆرەی کوێر ئۆغلی وابوو. ئەسلان ئاغا سالانی ساڵ، بۆ دزینی ئەم ئەسپە، سەدان پیاوی هەنارد، کەس ئەسپەکەی بۆ نەدزرا. بەگی چەرکەز جووتێ پێوەند لە دەست و پێی ئەسپەکە دەدا. لە پشتیرێکی دەرکە ئاسندا دەیبەستێتەوە. دوو زەلامیش لەکن ئەسپە دەنوون. زەلامەکان لە وەختی نووستندا خۆیان بە ئەسپەکەوە دەبەستنەوە. جا ئەم

برایمە، ئا ئەم برایمە ئەسپەکەی دزی و هێنای.»

مرێمۆک دیسانەوە لەناو جێدا دنیای لێک نا:

«یا تۆ درۆ دەکەی، یا خەلیلەپیر. ئەی تۆ کە گەڕایتەوە بۆ گوند نەتگوت، خەلیلەپیر لەگەڵ پیاوەکانیدا ئەسپی بەگی چەرکەزیان هێنا و دزییان؟»

برایم دەنگی لێوە نەدەهات.

خەلیلەپیر:

«ئە ئەم برایمە نییە؟ ئۆهۆو، ئەم برایمە؟ ڕێگای حەڵەب چەند بەردی لێیە، دەزانێ. شارە مێرووڵە هەریەکە چەند مێرووڵە تێدایە، چۆن دەخۆن، چۆن دڵداری دەکەن، چییان هەیە بۆ دزی بشێ، چییان نییە، دەزانێ.

ئەم برایمە دنیا بەسەر نووکی پەنجەتووتەیەوە دەخولێنێتەوە و کەسیش فەرقی پێ ناکا. ئەم برایمە، ڕەوکە ئەسپێکی سێ سەد ئەسپی بە ڕۆژی نیوەڕۆیێ بەنێو بازاڕی ئەدەنەدا دەڕانێ و بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکا، ڕای دەدا. دەچێتە کلێشەی جندۆکەوە، شەیتانەوە، نابیندرێ. ئە ئەمە پیاوێکی ئاواوایە. هەر من دەزانم چەند بەنرخە. لە پێناویدا دەمرم. کەس نییە بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێ. دەڵێی چی، برایمیش، بەڵایە، بەسەری هات و لێی قەوما. ڕەوە ئەسپێکیان بۆ حەڵەب دەبرد، لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا گیران. منیشیان لەگەڵدا بووم. هاوڕێیەکانی دی، ئەمن، هەموو قوتار بووین، بەڵام لەبەرئەوەی کە برایم سەرۆک چەتە بوو، دوو ساڵیان بەتەنگەیدا دا. هاوڕێکانمان، لەبەرەوە، یەکەیەکە، خۆیان کێشایەوە، بڵاوەیان لێ کرد. مامەوە خۆم، قابیلە منیش بکشێمەوە؟ حەیفت نەکرد. هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی لێروکانە، لە کونە زیندانێ، دڵێکی سەغڵەت دەبێ، شتێکی دەوێ، چۆنی لەبیردەکەی. نەمکردە نامەردی، هەڵستام، تەورزینێکم بە نەڕەی شانمدا دا، گەڕەک گەڕەک، کۆڵان بە کۆڵان، گەڕام، دارم قەڵاشت. نە خواردم، نە خواردمەوە، هەرچییەکم بەدەست دەکەوت، هەموو ڕۆژێکی یەکشەمووان، دیدەنییەکی خەلیلم دەکرد و دەمدایێ. هاوڕێ زیندانییەکانی پێیان گوتبوو،

برایم، ئەمــە هـاوڕێ نیـیـە، ئەمــە لە باوک و برای دایک و بـاوکیش دڵسـۆزتر و لەبارترە. وەنییە برایم؟»

سەری نەوی دەکرد، هامانا: ڕاست دەکەی، دڵی خۆش دەبوو.

حـەوتـوویێکی بۆ لە زینـدان ڕەهابوونـی مـابوو، ئۆقـرەم لەبەربڕا. دەسـتم لە کارو فرمان سارد بووەوە. گوتم، هاورێیەکەم، هاوڕێ گیانی بەگیانییەکەم هێندەی نـەمـاوە، حـەوتـوویێکـی تر دەردەچـێ. چووم، لەبەر دەرکـەی زیندان هەڵکورمام. هەر لە سبەینێوە تا ئێوارێ، هەر لە ئێوارێوە تا نیوەشەوان چاوم بە دەرکەی زیندانـەوە بوو، چاوەڕێم کرد. بە با و بۆران، بە تۆز و ڕەشـەبا، بە زەردەگرە و گەرما، بستێ لەوێندەر هەڵنەبڕام. هەر دەتگوت بە گوریسی چل باد بە دەرکەی زیندانیانەوە بەستووم. لەپڕ ڕۆژێکیان، دەمەو نیوەڕوانێ، برایم دەرچوو. هـەر وەخت بوو لە کـەیف خـۆشـیـان، شـاگـەشکەم بێـتـێ. برایم سـەیرێکی ناوچاوانی کـردم، گـوتی، ئافـەرم بۆ خـۆت خـەلیل. تۆی ئەو هاوڕێیـەی، کە دەبێ پیاو سەر و ماڵی خۆی لە پێناودا دانێ. توخوا وەنەبوو برایم؟»

برایم بەبزەوە، لەسەرەخۆ، سەری لەقاند، بەڵێیەکی دیکەی گوت.

مرێمۆک گوتی:

«تۆ یەکـەم درۆزنی درۆزنـانی. کـەنگێ ئەتو چاوەنۆڕت کـرد؟ جـارێکی دی بڵێی خوا یەکە و بە دوو نابێ، بڕوات پێ ناکەم.»

برایم سەری داخست.

«بەقوربانی سمی ئەسپەکەم، بەقوربانی ئەو مووە بێ خەلیلەپیر کە لە هەرە خــراپی گــوند هەڵدەوەرێ. لە خـــوت و خـــۆڕایی برایمـی کـــەســـاس و هەناسـەساردی زمان لە دەمدا نەبووی کرد بەپیاوکوژ. بەقوربانی جگەرەیێ، بەقوربانی مژێ لە دووکەڵەکەی بێ»

چەتەی ئەسلان ئاغا بەرەبەرە دایە کزی و ئاشبەتاڵ. بگرە هەر بەجارێ لە ئاراشـدا نەمان. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرا بوو، خەلیل و برایم جارێکی تر،

ببرِای ببرِای لەوکارە نزیک نەکەوتنەوە. کاری لۆکەچنین لە چقورئۆوا، وردە وردە، دەستی پێ کردبوو. دوو سێ ساڵ بوو خەڵکی ئاوایی بەخاوخێزانەوە، بە ئەسپەوە، بە گوێدرێژەوە، بە سەگ و سپەو توولە و تاژییەوە، بە پشیلە و کتکەوە، بێ ئەوەی گیان لەبەرێ لە دێ بەجێ بێڵن، سەرلەبەر دەچوونە خوار. بۆ لۆکەچنین. خەلیل و برایمیش وەک ئەم هەموو خەڵکە دەچوونە خوار، دەچوون، بەڵام یا زۆر زوو، لەپێش خەڵکەوە، یا زۆر درەنگ، لەپاش خەڵکەوە، دەچوونە خوار. گوندی لە کاری خۆیان دەبوونەوە، دەگەڕانەوە کەچی لە هیچ کوێیەک نەیاندەدیتن. بەرەوخوار دەڕۆیشتن، بە قسەی خەلیلەپیر، برایم دزیی دەکرد. لۆکەیان دەدزی، لە ئارەوانەی بارگیریشیان باردەکرد، دەیانهێنا، لە بازاڕی ئەدەنە دەیانفرۆشت. بەرِکیان پرِدەکرد لە پارە، هەرچییەکیان حەز لێ با، دەیانخوارد، دەیانکرِی و رِێ و رِاست دەگەڕانەوە بۆ گوند. ئەمە تا دوو ساڵ پێش مەرگی برایمیش هەروا بەسەرچوو و رِۆیی.

خەلیل ئەوێ شەوێ جەواڵێ زلی پرِ کردبوو لە لۆکە، بەناو کێڵگە و مەزراکاندا، لە شیوە زۆنگێکەوە بەرەو تەرسووس دەهاتە خوار. نیازی وابوو، دەمەوبەیان، بچێتە سەر رِێگا، لە ئارەوانەیەکی بارگیریشی بارکا، بۆ شاری ببا. رِاوێکی مشە بوو، تا ئێستا، قەت بەوەندە لۆکەوە، نێو مەزرای هێند بێ دەنگ و کپ و لەباری بۆ هەڵنەکەوتبوو. جەواڵەکەی لەو کۆمەڵە لۆکە بێ خاوەنانە تا ئیمانی ئاخنیبوو، بەرِێ کەوتبوو. بەڵام هەر هێندەی خۆش بوو تا لە مەزرایەکان تێ پەرِی، نیوسەعاتی نەخایاند، لەپرِێکا خاوەن لۆکە لەگەڵ گوندییەکاندا بەرەوپیریان هاتن، گرتنیان. سزای لۆکەدزین لە چقورئۆوا سزایەکی گرانە. دز بدرێتە دەست پۆلیس، فلان؟ شتی وا نییە. گوریسێکیان لە ستۆ دەکرد، هەر بە بارەکەی کۆڵیەوە، دێ بەدێیان دەگێرِا، لە هەموو دێیەک لە ناوەندی دێ رِایان دەگرت، گوندی بە لاو و هەرزەکار و پیر و رِدێن سپییەوە، بە ژن و پیاویانەوە، بە منداڵ و تووالیانەوە تێی دەورووکان تف بارانیان دەکرد.

ئای چەندیان پێ خۆش بوو، کە خەلیلەپیریان دەستگیر بوو... دز چ دز،

بارێکی گەورە و زەلامیشی بەکۆڵەوە بوو. هەموو کەسێ نەیدەتوانی باری وا هەڵگرێ. سەیر ئەوە بوو، کابرا ڕیوەڵەیەک بوو، سەربار، تەواوێ پیریش بوو. وا دیاربوو هاوڕێیەکی کەساسی، لە حاڵی خۆ وەڕەزیشی لە دوو بوو. هەر لەوێ گوریسەکیان لەمل کرد، بۆ هەوەڵ گوندییان برد. خەلیلەپیر تفی دنیای بەسەردا باری. ماڵی تفی خەڵکی چقورئۆوام بەقورگرت، هێند زۆر بوو لە بڕانەوە نەدەهات. سەر و چاو و شمەکەکانی هەموو تەڕبوون. ئەنجا بۆ گوندێکی دیکەیان برد. لەو گوندەوە بۆ گوندێکی تر، لەوێڕا بۆ یەکێکی تر... خەلیل قەڵەمی ئەژنۆی شکا. لە ژێر بارەکەیدا هەر بەجارێ بڕستی لێ بڕا، لەتاو ماندوێتی وەخت بوو گیانی دەرچێ. هەر وازیان لێ نەهێنا و بەرۆکیان بەرنەدا. چوار ڕۆژ لەسەریەک، تفی پازدە گوندیان بە سەرو پۆتەڵاکدا باراند، کابرای تاین لە دوا پشوودا بوو، نەدەناسرایەوە، لە ئینسانەتی کەوتبوو، بارەکەی سەرکۆڵیان لێ ساند و بەرەڵایان کرد.

خەلیلەپیر، کە لە دێ وەدەرکەوتن، دەستی برایمی گرت، گوتی:

لەورۆ بەپاشەوە تۆبە لە دزی، هاوڕێ. ئەمە گووێک نییە بخورێ. تۆبە، سەت تۆبە، برادەر.»

برایمیش گوتی:

«تۆبە»

کاتێکی گەڕانەوە گوند، دەمەو زستان بوو. ئیزگیل ئاسەواریان نەمابوو. ڕزیبوون، فڕیبوون، ڕۆیشتبوون.

خەلیلەپیر دەستی پێ کرد گوتی:

«برایم ئیتر لە لۆکەدزین تۆبەی کرد. چۆن تۆبە نەکا! گرتیان، بە جەواڵێکی سەت وەقەیی لۆکەی سەرکۆڵیەوە، گوریسێکیان لە مل کرد، دێ بەدێیان، بە باری سەت وەقەییەوە، گێڕا. تفبارانیان کرد. هێندەیان تف لێ کرد، هەر وەخت بوو بخنکێ. پەنجا گوند، حەوتوویێکی خشت، بە ئەسپیانەوە، بە سەگ و تووله و تاژییانەوە، بە گاوگۆتاڵیانەوە، سەرلەبەر تفیان لێ کرد. خوا کاریان

ڕاست نەهێنێ...»

ئەنجا مرێمۆک پرسی:

«پەنجا گوند تفیان لە خەلیلەپیر کرد؟ یەک حەوتووی ڕێک و خشت تفیان لێ کرد؟ ئەی داماوی کەساس! ئەی تۆ چییان لێ کردی؟» برایم دیسانەکێ کڕبوو.

هەموو کەسێ برایم بەوجۆرە دەناسێ، هەرچی خەلیلەپیریشە ئازاری مێرووێک نادا...

«نەمرد. بەرازە چاوشین نەمرد. نەتۆپی. لە جیاتی جغارە ڕەگە ژاڵە بکێشێ. لەوی بەر نسێ نەکەوتبێ.»

١٤

ئەلیف لەمێژبوو بەخەبەرهاتبوو، ڕوونبوونەوەی ئاسۆی بەیان و بەخەبەرهاتنی مێردەکەی بەترسەوە چاوەنۆڕ دەکرد. لەشی دێشا، هەستی بە ئێش و ئازارێکی بەترەف دەکرد.

پاژنەکانی پێی قەڵشابوون، قەڵشەکانی پڕ بووبوون لە زیخ و خۆڵ، دەزوورانەوە. پێی وەسەر باوەشی خستبوو، خەریک بوو بە نووکە چیلکەیەک زیخ و خۆڵی لە شەقار و قەڵشی پاژنەی دەردێنا. ناوبەناوێکیش ئاوڕێکی لە مێردەکەی، کە بەتەنیشتیەوە نووستبوو، دەدایەوە، سەیرێکی دەکرد.

عەلی ملی درێژ بووبووەوە. تا دەهات درێژتریش دەبووەوە. چاویشی تا دەهات پتر دادەچەقی و زەلامتر دەبوو. زەقتر و دەرپۆقیوتر دەبوو. هەرکێ دیتبای لێی دەتۆقی، زەندەقی لێ دەچوو.

داما داما، لە دڵی خۆیدا گوتی، منداڵەکانیش پەرێشان بوون. جا ئەوانیش نەخۆش کەون و نەتوانن ڕێ بکەن چ پکەم؟ مرێمۆکیش بەجارێ برستی لێ برڕا. کەسێکی تر با لە جیاتی ئەو لەمێژبوو گیانی دەرچووبوو. بەڵام بەرگەگرە. ئەدی ئەگەر لەمە زێتر بەرگەی نەگرت؟

هەورازەکەی سلێمانلی لەپێشەوەترە. زەق و زۆپ سەخت و تووشە. سەرەو هەورازێکی وایە لە بنیڕا سەرلووتکەکەی نابیندرێ. لە سبەینێوە، تا دەمەو عەسر دەکێشێ. گوندی هەر کە دەگەیشتنە هەورازەکە لە بنیدا مۆڵیان دەخوارد. نەخۆش و پیر و کەفتەکار لەو هەورازە دەبوون بە بەڵای سەر.

هەر لەو هەورازە بەسەرکەوی واتا بۆ چقور چوویە خوار، نشێوەکەی لەوێ بەولاوە، ڕۆژەڕێیەک نابا.

لەپاش ئەم هەموو ماندوێتی و پەرێشانییە هەوراز دەبڕدرێ؟ پیاوی ساغڵەم و جحێڵ بە سەڵتی نایبڕێ، چ جای ئەوە بارێکیشی بەکۆڵەوە بێ و دایکیشی سەربار... عەلیی چۆن لێ بەسەردەکەوێ؟ چاوێکی دیکەشی بە عەلیدا گێڕا. ترش و تاڵی و گرژ و مۆنی دەموچاوی بەو نیوە ڕووناکییە لە خەویشدا ئاشکرا دیار بوو. دەموچاوی ژەهر و تاڵاوی لێ دەتکا. ئەی ئەگەر هات، هەر لەبن هەورازەکەدا مۆڵیان خوارد و لەوێ مانەوە؟ هەورازەکە بە بیر عەلیدا نەهاتەوە. ئەو چاتر کە لەو دەمانەدا بەبیریدا نەدەهاتەوە. خۆ بەبیریدا هاتبایەوە... ئەوسا، خۆ، بە کوشتن خۆی دەکوشت. هێزە باسی هەورازی لەکن نەکرێ.

بۆن و بەرامەیەکی نمناک بە لووتیدا هات. بۆن و بەرامەی خاک. جارجار شنەیەکی دێ و دەڕوا و بۆن و بەرامەیەکی تەڕ و تازە لە خاک بەرزدەبێتەوە، بۆن و بەرامەکە بەو جۆرە بوو. لە خۆرهەڵاتنیشدا ئەم بۆن و بەرامەیە، لە هێندێ شوێن هەست پێ دەکرێ. ئەلیف ئەم بۆن و بەرامەیەی تەنیا لە چقور هەست پێ دەکرد.

ئەگەر ئەم هەورازە وێران بووە نەبوایە، چی وای بۆ چقور نەمابوو. کار وا بڕوا خواردنی خواردن ئاساییش نامێنێ. نە کەس دەمێنێ، نە کەسەوار.

عەلی گوتی: نزیکە. بەم ڕێگا قەدبڕەدا دای کێشا. کەچی ئەم ڕێگا قەدبڕەیش، نە کەسی پێدا دێ و نە کەسی پێدا دەڕوا. لە تینوان بمرین کەس لاگوێلێ ئاومان فریا ناخا. هەرچی ئەو ڕێگایەکەی ترە خەڵکی وەک مێروو

پێدا دێن و دەچن. ئەم ساڵ کارەکە بەرەواژ ڕووی دا. ئەو کارەساتەی بەسەر ئێمە هات نەبووە و نەبووەتەوە.

ڕۆژ بەدیارکەوت. گژوگیای زەرد هەڵگەڕاوی نماوی چریسکانەوە. لالەپێ هەتاویش بەر ناوچاوانی عەلی کەوتبوو.

ئەلیف هەتاوەکەی سەر هەنیەی عەلیی دیت، ترسا. ئێستا بەخەبەردێ، بەخەبەردێ، دنیا لێک دەنێ، دەڵێ وا باران هات، سەری خۆی هەڵدەگرێ، بەرەو چقور ڕادەکا. هەروەک شێت.

ڕاست بووەوە، چوو، لەبەر بەربەڕۆژکەکە هەڵکورما.

مریشمۆک، لەولاوە، لەژێر داربەڕووێکدا، لەنێوان منداڵەکاندا کروشکەی کردبوو، کروشکەی کردبوو، بووبوو بە گلۆڵەیەک، هەر هیچ هیچ جووڵەی نەدەکرد. سەروچاوی لەنێو بالیفەکەی بن سەریدا نوقم کردبوو، دەتگوت هەر پشووی خواساییش نادا.

ئەلیف ڕاپەڕی، لە دڵی خۆیدا گوتی، تۆ بڵێی پشوو نەدا. چوو بەلایەوە، دانەوییەوە، لە دەموچاوی ڕاما. هەستی کرد لەسەرەخۆ پشووی دەدا، گوتی، کەساسی داماو. چوو لەبەر هەتاوەکەی عەلی هەڵکورمایەوە.

ئەم پیاوە لە خوت و خۆڕایی وەتەلاش کەوتووە، لە هیچە خۆی دەکوژێ. لەمەبەپاش، بەم حاڵەوە، بەم بێ ورەییەوە کەس دەگاتە چقور؟ بەم بێ حاڵییە لۆکە خڕ دەکرێتەوە؟

لە قایەجاڕەکانی لای ڕاستەوە فڕک و هۆڕێ قەوما. واشەیەک هەڵی کردبووە پۆلە کۆترە کێویلەیەک، بەم لاپالا، بەولاپالا، دەیهێنان و دەیبردن. شەڕەکە زۆری درێژە نەکێشا، کۆترەکان ماوەیەکی تەواو بە ئاسمانەوە شەپۆڵیان دا. واشەکە کۆترێکی ڕفان، بۆی دەرچوو. کۆترەکانیش ماندوو و شەکەت لە چاو ون بوون.

هەر لەودەمەدا، عەلی ڕاچەنی، هەستایە سەرپێ. شڵەژا، وەک شێتگیر، بە پێوە لارەلارەی پێ کەوت، لە پاشان ڕاوەستا. چاوی هەڵگلۆفت.

بەسەرسامییەوە، سەیری هەر چوار لای خۆی کرد. کە چاوی بە ئەلیف کەوت، بەخۆیدا هاتەوە. هەڕای کرد بۆ کانییەکەی نزیکیەوە. خێرا خێرا یەک دوو شڵپ ئاوی بە دەموچاوی خۆیدا کرد.

«خۆت خڕکەوە ئافرەت، نانا، تۆ خۆت خڕ مەکەوە. شۆربایەک لێ نێ. ترخێنە. من ئەمجارە لەدواوەی بەجێ نایەڵم. لە پێشان ئەو دەبەم. دەیبەم لە پێشەوەی دادەنێم و خۆم دەگەڕێمەوە. کوا لە کوێیە؟»

ئەلیف بەئەسپاییەکەوە گوتی:

«وس، نووستووە، وس!»

عەلی قیڕاندی:

«ماڵی خەویم بەقوڕگرت. ئەم خەوە بوو بە چی؟ خۆ لە وەجانم ڕیا، بە ناخی زەویدای بردمە خوار. ئەمساڵ ماڵ و منداڵی لە برسان کوشتم، هێشتا دەشخەوێ بە ناخێری گیانی؟ دەبا هەڵستێ.»

ئەلیف چوو بەدەستیدا نووسا، گوتی:

«وس بە، لە دەورت گەڕێم عەلی. هیزە وس، دایکتە، پیرەژنە کەساسە تا بەیانی نالاندی. هەر ئێستا ئێستا، نەختێ بەر لە تاریک و لێڵە لە ناڵە کەوت. وس بە بەلاوەگێڕی نینۆکت بم.»

عەلی:

«وسی چی؟ لە وەجاخم ڕیا ئەم پیرێژنە. هەر ئەوە مابوو، بەدیارییەوە ڕاوەستم، بزانم کەنگێ تەشریفی لە خەو هەڵدەستێ. خۆ بەدرێژاییی ڕۆژ چاوەڕێی ناکەم. ئێستا ئەگەر دەچم لە لاقی دەگرم...»

خۆی لە دەستی ژنەکەی ڕاپسکاند. بەتاو چوو بۆ کن مرێمۆک. ددانی خۆی دەکرۆشت.

ئەگەر چوو لە لاقی دەنەوی، لە بن جێی دەردێنا بۆ هۆ وێی توور هەڵدەدا. هەر لەودەمی کە ئەم پشووسواری و دەمارگیرییەی لەناو نوێندا بەبیردا هات،

ڕوانی دایکی لەناو منداڵەکاندا گلۆڵە بووە و وەک هەمبانە کرژهەڵاتووە و نیوەی دەموچاوی لە سەرینەکەی ژێر سەری چەقیوە، پشووسواری و تووڕەییەکەی خاوبووەوە. دەستێکی بەم لادا کەوت و دەستێکی بەولادا.

هەموو ئەندامی لەشی لەبەریەک هەڵتەکان. وەک مستەکۆڵەیەک لەناو زاری درێ، پاشەوپاش کشایەوە. سا بە هەر حاڵێکی بوو، لەسەر گابەردێ خۆی گرتەوە. سەری بەسەر سینگیدا شۆڕبووەوە.

ڕۆژ یەک دوو ڕمبێ بەرز بووبووەوە، دەوروبەری گەرم داهێنا. گژوگیای زەرد هەڵگەڕاو کەوتە چریسکە چریسک و ورشەورشێ هەر دەتگوت چقورئۆوایە. زەوی وەک زەویی چقورئۆوا شەقار شەقار بووبوو، عەلی زەویی ڕاست و تەختانی چقورئۆوای هاتەوە بەرچاو لەم سەر تا ئەوسەر سپیاییەکی کاکی بەکاکی، دنیایەک. لۆکەچن وەک مێروو بەو سپیاییەوە ورووکابوون. دیتبات چۆنیان دەچنی!

بە دەنگی بەرز، گوتی:

ماڵم وێران بوو، وەجاخم کوێر بووەوە، بوو بە کۆی زووخاڵ.»

چەند جارێ ویستی هەڵستێ، هەڵنەستا. شان و مل و پشتی ساردبووبووەوە لە هەوڵ تەکاندا توانیبای دایکی بەخەبەرهێنابا، دەیبرد و دەڕۆیشت. بەڵام لەپاش چی، لەشی تا دەهات سارد دەبووەوە، لەبەریەک هەڵدەوەشا. لە خۆی گەڕابا، بەو ئێش و ئازاری پێ و پلە کون کون بووانەیەوە لێی دەکەوت، سێ شەو و سێ ڕۆژان لەناو جێ نەدەهاتە دەر.

جا چی ماوە بۆ چقورئۆوا، ئەوپەڕەکەی سێ ڕۆژ دەبێ، یان نابێ. بڵێ چوار. گوندیش ئانجاخ بە چوار ڕۆژ دەگەن. خۆ هیچ نەبێ دوو ڕۆژیش لە سوێگویتلی گیردەبن. چاوەڕێی بەکرە شێتی دەویسی دمبەگی، دەرکەبەبەیداخی، پەنجاوهەشتی، کلکەسەگ دەکەن. ئەوەش شەش ڕۆژ.

هیزە خۆ شەش ڕۆژی ماوە. دەبێ بگەین.

ژنەکەی خەریک بوو مەنجەڵی دەخستە دار، پێی گوت: ئا وەرە ئەلیف، ئەم

پیرێژنە فەرتووتە بەخەبەربێنە، خوا لە کۆڵی کاتەوە. شەش ڕۆژمان ماوە. گوندی، پێنجەی نا، بۆ سەری شەشەی لە چقوورن...»

هەمیسانەکێ لە ناکاو هەڵستایە سەر پێیان:

«بەخەبەری بێنە. ئا ئەوە بەخەبەر بێنە، بەخەری بێنە، ئەلیف!»

ئەلیف لە شوێنەکەی خۆیدا بوو بە ماستی مەییو، دیسانەوە چاوی زەق بووبووەوە.

«بۆچی بووی بە ماستی مەییو، نوغرۆ بی؟ بڕۆ ئەوە بەخەبەر بێنە!»

بە ڕکەوە بەرەو لای مرێمۆک جمی.

«بڕوانە، دیسان چۆن بەخەبەر دەهێندرێ! بڕوانە، بڕوانە!»

بە ڕک و تووڕەیییەوە بەسەر مرێمۆکدا نووشتانەوەی و ڕاستبوونەوەی بوو بە یەک. دیسان سەیری کرد، دایکی گڵۆڵە بووە و کرژ کرژ هەڵاتووە و دەموچاوە چرچ و لۆچەکەی نوقمی ناو سەرینەکەی ژێر سەری کردووە. تەماشای کرد، وەک منداڵی ساوا لە خرپەی خەودایە.

بە نەڕەنەڕ، بە ژنەکەی گوت:

«بەخەبەری بێنە، بەخەبەری بێنە، ئەوە بەخەبەر بێنە! دەستت ماچ دەکەم ئەلیف، پێت ماچ دەکەم ئەلیف، ئەوە بەخەبەربێنە.»

ئەلیف نە بزووت، نە متەقی کرد. بە چاوی دەرپۆقیوەوە...

«ئەوە چتە؟ هەڵی سێنە! منداڵ هەموو لە ترسان مردن. ئاگات لێ نییە، سووک و ڕیسوا بووم لە پێش چاوی هەموو گوند، ئەوە هەڵستێنە!»

لە پڕ گەڕایەوە.

«خوا بەڵای تۆیش بدا. هەموو بوون بە یەک، بۆ خواردنم، بۆ تەواوکردنم، بۆ کوشتنم.»

کە گەیشتە ژوور سەری دایکی، دیسان ڕاوەستا. هەر لەو دەمەدا منداڵەکان بەخەبەرهاتن، ڕاست بوونەوە، چاوی خۆیان هەڵدەگلۆفت و خرەخڕ

خۆیان دەخوراند. نەوییە پەلی منداڵەکان، هەریەکەیانی بەلایەکدا تووڕ هەڵدا.

«دەک دواتان بڕێتەوە، بوون بە بەڵا بەملمەوە.»

منداڵەکان بۆخۆشیان نەیانزانی چییان لێ بەسەرهات. دەستیان بە زۆڕەزۆڕی گریانێ کرد.

پاشان عەلی تا هێزی تێدابوو دەستی بە قیڕوهۆڕ کرد. پیاو لە قیڕەی زەندەقی دەچوو، لە قایەجاڕەکانی ئەوبەرەوە دەنگی دەدایەوە.

بە «بەخەبەرنایە، بەخەبەرنایە» گوتنەوە هات لەسەر گابەردەکە دانیشتەوە.

«قەت بەخەبەردێ؟ بەخەبەرنایە، نایە!» گەرووی پڕبووبوو لە گریان، گوتی: «ئا ئەلیف، بچۆ، سەیرێکی بکە، بزانە هەناسە دەدا؟ شتێکی بەسەرنەهاتبێ؟»

ئەلیف بە ڕەنگی پەڕیوەوە جمیا بۆ کن مریەمۆک چوو. بەسەریدا دانەوییەوە، هەستی ڕاگرت.

عەلی خۆشی خۆشییەکی پێ کەوت، وەک بارێکی گرانی لەسەر کۆڵ لاچووبێ سەرتاپای حەسایەوە. چاوەڕوانی وەرامی ئەلیف بوو.

«هەناسەی لە شوێن خۆیەتی. سپ و ساغە. کەساسە، نەخەوت. بۆیە بەخەبەرنایە. ئەوەبوو تۆیش گوتت. بەدێژاییی ڕۆژ بەڕێوەبوو. حاڵی ڕێکردنی بەبەرەوە ماوە؟»

عەلی وەک کێردێکی بە لاکەلەکەدا ڕاکرێ ناڵەیەکی بێ چارەییی لێوە هات:

«تێداچووم، ماڵم خرابوو ئەلیف، خرابوو. مردم. ماڵ و منداڵم مردن.»

ترخێنە پێ گەیشت، دانیشتن شۆربا ترخێنەکەیان خوارد. بەشی مریەمۆکیان هێشتەوە، لەولاوە بۆیان دانا. مریەمۆک هەڵنەستا. عەلی کرژ هەڵگەڕا، شێت و شوور بوو. بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەخولایەوە، قیژاندی، نەڕاندی، جنێوی دا، هەرچی خراپ بوو بە زاریدا هات، مریەمۆک هەر هەڵنەستا.

عەلی هەر ئەوە نەبوو بخنکێ. دەست و لاقی وەک بیی ناو ئاو دەلەرزین.

گوتی:

«ئافرەت، بەخەبەری بێنە. بەخەبەری بێنە. بەخەبەری نەهێنی سەری خۆم هەڵدەگرم، دەڕۆم، ئەویش لەم کەژ و کێوانە بەجێ دێڵم...»

لە پڕ شتێکی بەبیردا هات، بە بێ حاڵییەکەوە گوتی:

«سەلا لە خۆم و کەرێتیم. وای بۆ بێ مێشکیم. کوڕە، تۆ وەرە وەرە، لە بەیانییەوە بەبیرتا نەیێ؟»

خاوبووەوە. گرژ و مۆنییەکەی دەموچاوی ڕەوییەوە، بزەیەکیشی هاتێ.

«با ئەم پیرێژنە بۆ خۆی لێرە بخەوێ. باروبنە خڕکەوە. با ئێمە بڕۆین. با ئەو بۆخۆی بنوێ. ئەمن دەتانگەیێنمە هەوارگە. لە پاشان دەگەڕێمەوە. ئەمجا ئەو دێنم. نابێ؟ دە باروبنە کۆکەوە دەی!»

ئەلیف دەستەوداوێنی عەلی بوو، گوتی:

«ئەمە مەکە! کاری وا مەکە عەلی، بە خولامت بم. کە بەخەبەر هات دەڵێ، لە کۆڵی خۆیان کردوومەوە بۆی دەرچوون، هەر یەکسەر دەمرێ. یا ئەگەر شەوێ بەخەبەر هات؟ مەکە عەلی، کاری وا مەکە!»

عەلی هەڵچوو، پاڵێکی بە ژنەکەیەوە نا، قیڕاندی:

«خڕی کەوە، خڕی کەوە، بارەکە خڕکەوە!»

چاوی چووبووە تۆقی سەری. ئەلیف ترسا. دەستی بە باروبنە خڕکردنەوە کرد. منداڵەکانیش یارمەتی و کۆمەکی دایکیان دەدا.

عەلیش لەلایەکەوە دۆ و دۆشاوی بەیەکدا تێکەڵ کردبوو، شمەک و شڕە و پڕە و بزگوڕی خڕ دەکردەوە. باری بەکۆڵیدا دا. هەموو ئازای لەشی دایە زریکە، بەڵان گوێی نەدایێ.

«بڕۆن!»

ئەلیف لە ژوور سەری مرێمۆکەوە ڕاوەستابوو. لەناکاو دایە هەنسکدان، لە پاشانێ دانەوییەوە، بەسەر چۆکیدا هەڵتروشکا. بە بەزەییەوە دەستی بە

هەنیەی دا گێڕا:

«هەستە دایە، هەستە بێ کەسەکەم، قەدر لێ نەگیراوەکەم! وا دەڕۆین بەجێت دێڵین، بێرە خەوەرا! دەمانەوێ بمری، چەمۆڵەت لێ دەنێین، دەڵێین، کوا، خوا کردبای ئەم پیرەژنە مردبا لە دەستی قوتاربایین. بەخەبەربێ!»

عەلی بەخەشمەوە گەڕایەوە، خۆی خڕهەڵدا، لەقەیێ بە لاگورچووی ژنەکەیدا بکێشێ، دیسان سەروسوورەتە، لە ئاورەگ نیشتووەکەی دایکی دیت. سەروسوورەتی تاین هەر بەجارێ باریک و بنێس بووبوو.

ئەلیف بەکزییەوە گوتی:

«عەلی مەڕۆ. هەر ئەمێستاکە بەخەبەری دێنم. دایە، دایە! هەستە دایە جوانەکەم، هەستە، وا ئێوارەیە، ڕۆژ لە ئاوابووندایە.»

لەسەرەخۆ، لەپڕ هەڵی ساند، بەقنگەوە دای نیشاند.

«هەستە دایە جوانەکەم. وەختی بەڕێ کەوتنە.»

مرێمۆک چاوی هەڵێنا، چاوی لەدوڕ چاوی ئەلیف بڕی.

«دایکەلە، خۆر لە زەردەیە.»

مرێمۆک پرسی:

«خۆر لە زەردەیە؟» سەیرێکی خۆری کرد، دیسانەوە پرسی «خۆر لە زەردەیە؟»

ئەلیف هەناسەیەکی هەڵکێشا، گوتی:

«بەڵێ.»

مرێمۆک هەوڵی دا هەستێ، ئەلیف چووە بن باڵی، هەڵیساند، بەرەو نێو دەوەنەکان ڕۆیشتن.

مرێمۆک لەوێ خۆی چاک خاڵی کردەوە.

ئەلیف دڵی خۆش بووبوو، گوتی:

«دایە هەندێ پەنیرم لەناو فەریکە کەشکەکەدا دیتەوە، بۆتم گل دایەوە.

پیـازی سـووریش هەیە. بەکـرەشـێت دەڵێ پیـازی سـوور شـفـایە. شـۆربای ترخێنەشم بۆ گل دابوویەوە، حەسەن خواردی.»

مـرێمـۆک خـەریک بوو ئاوی بە دەمـوچاویدا دەکرد، لە دڵی خـۆیدا گـوتی، تۆ بڵێی کـاتێ برایم لە یەمـەن گـەڕایەوە، لێرە لای دا، ئەویش وەک من ئاوها بێ حاڵ و هێندە لەدەست و پێ کەوتە و پەرێشـان بووبێ؟

لەپاشـان هـات لەسـەر سفرە و خـوانەکەی، کـە بووکەکەی بۆی ڕاخسـتبوو. دانیشت، بەکاوەخۆی بە دەمی بێ ددانەوە دەسـتی بە پاروو جوین کـرد و فڕێ ئاوی بەسـەر هـەمـوو پارووێکدا دەکرد، نانی خـۆی خوارد، هـەڵسـتایە سـەر پێ، بێ ئەوەی هـیچ بڵـێ، بە شـەلەشـەل، ملی ڕێی گـرت و دەسـتی بە ڕۆیشـتن کـرد. ئەلیف و عەلی لەدوایەوە.

مـرێمـۆک لە نەواڵەکـە تێ پەڕی، گـەیشـتـە سـەر ڕێگاکـە. عـەلی خـۆشی خـۆشـییـەکی پێ کـەوت، هـەر مـەپرسـە. ها ئێـسـتـاکـانێ، ها نەخـتـێکی تر دوردوگـەکـەی لـە بەرپشـتـی دەردەکـێـشـا، هەڵـی دەکـردە ئاوازێکی سـەمـا و دەرەقـسی. مـەگـەر خـوا بـزانێ چەندی کـەیف بە دایکیـدا هاتەوە... قـەسـیـای دەکـــرد، بـچـێ دەست لـە ملـی کـــا، بـە مـــاچ و مـــووچ بەربـێـــتـــە دەست و سـەروسوورەتی.

«ئافــرەت، ئێــوە بمێننەوە، با من لـەگــەڵ ئەودا بڕۆم، کـــە شـــەو ڕاشکا دەگەڕێمەوە، خۆ ئەگەر هـات و لە ڕێگا دڵی نەرم بوو و توانیم لەکۆڵی کەم ئەوا زووتریش دەگەڕێمەوە.

هـەر هێندەی بڵـــێی یـەک و دوو بە دایکی ڕاگـــەیشت، چووە پێـــشـێ، دانەوییەوە:

«وەرە دایکە جـوانەکـەم، وەرە کۆڵم، با بـڕۆین. تا دەگـەنـە چقورئۆوا شـەش ڕۆژی مـاوە، بۆ لۆکـەچنینیش هێـشـتـا چواردە ڕۆژی خـڕی مـاوە. بە چواردە ڕۆژان پیاو دەگاتە چەناقەلا، دەگاتە گەلی بۆلی.»

مـــرێمـــۆک داردەســتـــەکـەی دەســـتی لـێ لادا، بەم لای کـورەکـــەیدا، کـــە

بەچیچکانەوە لە بەردەمیدا دانیشتبووەوە، لاتلیسکەی بەست و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. عەلی ماوەیەک لە چەقی ڕێگاکەدا، هەر وەک خۆی بەچیچکانەوە مایەوە. پشتی هێند ترسابوو، کە لە بەردەم دایکیدا هەڵکورما، سەرتاپای لەشی بەجارێ کرژ هەڵگەڕا. کە زانی دایکی نەهاتە کوڵی، دڵی هێندەی تر خۆش بوو.

بەدەم هەڵستانەوە گوتی: «دایکی دایکان! چما دایکی دایکانێکی تری وەک تۆ قەت بووە و دەبێتەوە. ئەتۆ چەند چاکی ئەتۆ. ئەتۆی حۆری و مەلایەکەت! ئەتۆی قەدر و قیمەت نەزانیوم. ئەو خەلیلەپیرە بەرازەم سواری ئەسپەکەت نەکردبا، بەڵام ئەسپی چی، هەر دەتگوت گوڵە، سپ و ساغ، دە ساڵی تر دەژیا، ئەو پیرە بەرازەم سوار نەکردبا قەت دەمرد...»

بە هەڕاکردن دووی کەوت، گوتی:

«دایکە، خاتوونی خاتوونان، خانمی خانمان، دایکە ڕەسەنەکەی من، زۆرم خراپە لەگەڵ کردی. ئێستا زۆر چاک تێ گەیشتم کە من ئەسپەکەم کوشتی. من تۆم وا پەرێشان کرد. ئەگەر ئەو خەلیلەپیرە، نامبارەکە، بەدفەڕە، چاومارەم سواری ئەسپەکەت نەکردایە، نە ئەسپی تۆ دەمرد و نە ئێمەش بەو کەژ و کێو و ڕێگاوبانە چۆڵ و هۆڵەوە وا پەرێشان و سەرگەردان خۆمان بەکێش دەکرد. هەڵبەت ئێمەش وەک ئەم خەڵکە دەچووین، لۆکەی خۆمان خڕدەکردەوە. هەمووی لە نێوچاوانی ئەم خەلیلە پیرەوە بوو.»

مریەمۆک فەرقی پێ دەکرا و پێ نەدەکرا، سەری وەرسووڕاند، سەیرێکی عەلیی کرد. لەوەتا ئەسپەکە مردبوو، ئەمە یەک، مریەمۆک سەیری عەلی بکا، یەکەم جاری بوو تەماشای دەکرد. بگرە پێی وابوو، لە عومری خۆیدا، ئەوە یەکەم جار بوو عەلی دەبینێ.

هاااا عەلکە درێژ. ئەقڵت هاتەوە سەرت؟ بەگوێی گەورە ناکەی، لە ڕێی باو و باپیران دەردەچی. تێ گەیشتی ئۆزوون عەلی؟ گەڕایتەوە سەر قسەکەم؟ ئەی نەمگوت، کابرا شووم و نائۆغر و مەندەبوورە؟ ئەی نەمگوت ئەوە پەست و

ئاڵچاخە، پیسە، گەمارە، هەزارپێیە، مڵەیە؟ نەمگوت، هەروا بەتیلی چاو لە گۆلی ئاقچەدەنیز ڕامێنێ وشکی دەکا. (بچێتە سەر سیروان وشکی دەکا) شوێنەکەی دەبێ بە تۆز و خۆڵ؟ نەمگوت بە بەلێرەوار و جەنگەڵستانەکانی تۆرۆسرا بڕوا دەیانکا بە جێ سووتمان. نەمگوت، بچێتە نێو شاری ئەدەنەوە تووشی بوومەلەرزەی دەکا و بەردی بەسەر بەردیەوە ناهێڵێ؟ ئێستا هاتیەوە سەر قسەکەم؟ خۆت ماندوو مەکە. زارم لە زارت ناگەڕێ.

عەلی هەستی کرد، دایکی، دژمنایەتییەکەی، وەک بڵێی نەختێ خاوتر بووەتەوە و بە چاوێکی نەرمترەوە سەیری دەکا. دڵی خۆش بوو. ژنی تاین لە پڕێکا سەروڕووی ڕوون بووەوە.

«ئیتر لەمەوپاش من پووشکەیێ چییە بەو خەلیلەپیرەی نادەم. ڕەوە ڕەوە ئەسپم لە خاکی چقورئۆوا بلەوەڕێ، بەو گوێی دەریای سپییەوە وەربووبن، خەلیلەپیر لاقی لە بنەوە بڕابێتەوە، سواری پشتی ئەسپێکمی ناکەم. دەیکەم بە بەلاگێڕی سمی ئەسپێکم. عەمار عەمار گەنمم نووستبێ، بە مێگەل مەڕی بەشیرم هەبێ و ڕێ بکا، بە کووپە زێڕی بریقەدارم نووستبێ، خەلیلەپیر لە برسان هەردوو چاوی دەرپەڕێ پاروە نانێکی نادەمێ. نایدەم، دایکم نایدەم.»

مرێمۆک لەو دەمەدا وەستا. پشتی ڕاست کردەوە، سەری بڵند کرد، تا چاو هەتەر دەکا، تەماشای پێشەوەی کرد. تا ماوەیەک هەروا مایەوە. لە پاشان، بەکاوەخۆ، دەستی بە قسان کرد، گوتی:

«دارەکە، دارە جەفاکارەکەی دەستم، لەگەڵ کەسم نییە، لەگەڵ تۆمە تۆ گوێت لێ بێ. کەس بەسەری خۆیدا نەهێنێ، دارە جوانەکە. لانک و بێشکەی ساواو کۆرپان لە تۆ دروست دەکرێ. بۆن و بەرامەی کەژ و کێوان بە تۆیە. هەوجاڕ و نیر و ئامووری گاوگۆتالان لە تۆ سازدەکرێن. پایزان ڕووت و قووت دەبیەوە و بەهاران گەلای کەسک و سەوز دەکەی. تۆ نەبوای من ئەو هەموو ڕێگەیە نەدەڕۆیشتم. تا تۆ هەبی خوا موحتاج و نیازمەندی کۆڵی کەسم نەکا. هەر خۆش بی دارە شێرەکەم. ئەتۆ داردەستی پیرەژنی نابینا و بێکەس و بێ

چارە و کز و کەنەفت و لە دەست و پێ کەوتانی، هاوڕێی گیانی بە گیانییانی. لەگەڵ ئەواندا ئەو هەموو ڕێگا دوور و درێژە لە بڕانەوە نەهاتووەی چقورئۆوا دەکوتییەوە ناڵێی ئۆف. تۆڵەی هەق و چاکەت بۆ ناکرێتەوە، بە خولامت بم، داردەستەکە. تۆ بۆ ئەوە دەشێی لە زێڕ و زێو و پوولەکە بگیرێی و لە ناوەندی ماڵێت هەڵواسن. لەگەڵ تۆمە، چاکم گوێ لەبۆ شل کە، بزانە چیت پێ دەڵێم داردەستە ئازایەکەم! یەکێ هەیە ئەقڵی تازە وەسەرەخۆ هێناوەتەوە... بەڵام زۆر درەنگ. کاتێکی لە کەلی کەروێشکان ئاودیو بوو ئەودەمە بە خۆی زانی. بەڵام لە پاش چی؟ لە پاش ئەوەی کار لە کار ترازابوو. دڵی ئەوەی کە کۆشکێکە لە بلوور، شکاو هەپروون بە هەپروون بوو و وەک ئارد، ڕێزە بە ڕێزە بە با چوو، ئینجا ئەقڵی هاتەوە سەرخۆی. ئەی داردەستەکەی دەستم، خۆ چاکت گوێ بۆ قسەکانم هەڵخستبوو؟»

عەلی:

«هەڵم خستبوو، دایە، هەڵم خستبوو، لە زەویرا تا ئاسمان هەق بە تۆیە. هەموو گوناهی منە. لە گوناهم خۆش بە. ئەوی ڕووی دا، ڕووی دا و چوو، لێم خۆش بە ئەوەی کردم لە نەزانی کردم.»

مرێمۆک داردەستەکەی بە دەستی چەپیەوە گرتبوو، یەک دوو جاری بە دەستی ڕاستیدا کێشا، گوتی:

«ئەی داردەستە جوانەکەم. هۆ پادشای داردەستان، ئۆنباشیی داردەستان، کوێخای داردەستان، خۆ چاک چاک لە قسەکانم گەیشتی. تۆ لە مرۆ وشیارتری، زۆریش بەئاوەزی، خۆ چاک تێ گەیشتی. کۆشکێکی بلووری ورد و خاش بوو. با لەبەریشی بپاڕێمەوە بکڕووزێمەوە و بەسەر دەست و پێشیدا بکەوم، کێ، کێهە سەروەستا دەتوانێ دروستی بکاتەوە و وەسەریەکی بخاتەوە؟ بام بڵێین وا دروستیشی کردەوە و وەسەریەکیشی خستەوە، بەڵانەکێ لە شوێنێکەوە، لە قوژبنێکەوە، نەختۆکەیەک شکاویی پێوە نامێنێ؟ ئەمە زۆر چاک لە گوێت بپەستێوە. ئەمە بکە بە گوارە و لە گوێی کە، داردەستە ئازایەکەم.»

هەنگاوی هەڵێنا و ڕاوەستا. هەندێ شتی دیکەشی دەگوت، بەڵام وازی هێنا و ڕۆیشت. دیسانەوە ڕۆیشتنەکەی دایە کزی. هەرچییەکی هەبوو و نەبوو گوتبووی و هیچی پێ نەمابوو. دە پازدە هەنگاو ڕۆیشت و ڕاوەستا.

«داردەستە نەونەمامەکەم، داردەستە هەرە بەبریقەی لکانم، ئەگەر تێ بگەی، تا ماوی هێندەت بەسە، داردەستەکە دەتوانی شووشەی شکاو چا کەیەوە؟ گوێت لێمە داردەستەکە؟

عەلی بەلایەوە هات، گوتی:

«گوێم لێتە، دایە.»

مرێمۆک گوتی:

«بەڵێ ئاواوایە، حاڵ و گوزەرانی ئێمە، داردەستەکە.»

عەلی لێی چووە پێشێ، گوتی:

«مەیکە بە سەرەڕۆیی و ئینکەبەری، دایکی چابە، وەرە کۆڵم، دایە گیان.»

مرێمۆک بە دەنگێکی تەوساویی بەزیوی بۆڕخواردووی خواردووی کەسانێ، کە لە هەموو شتێ دەسبەردار بووبن و فڕیان بە دنیاوە نەمابێ و لەناچاری، مردنیان قبووڵ کردبێ، گوتی:

«داردەستە بریقەدارەکەم، من تا مردن لەگەڵتا دەڕۆم. هەر بەدوای تۆوە دەمرم و ناچمە کۆڵی کەس. مردنم هێند لێوە دوور نییە. ئەوەتا نزیک بووەوە، نزیک بووەوە، وا گەیشتە ئێروکانە. ئەوەتا دەیبینم بمپارێزە، چاوڕەشەکەم.»

کە دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە داردەستەکە لە دەستی بەربووەوە. عەلی یەکسەر هەڵی گرتەوە، دایەوە دەستی. مرێمۆک سەرلەنوێ بەڕێ کەوتەوە.

عەلی:

«تاوان تاوانی من نەبوو، تاوانی خەلیلەپیر بوو، تاوانی ئەو بەرازە بوو. کوا، خوا کردبای جارێکی دی ئەو پیرە بەرازەم وەگیر کەوتبا، بەخوا هەر بە

خنکاندن دەمخنکاند. دەمخنکاند و وەک لاشەی کەروێشک لێرە بۆ هۆ وێم توورِ هەڵدەدا. چت لێ وەشێرم، هێندەم بەزە پێدا هاتەوە... بە پیری و کەنەفتییەکەیدا، بە فەرتووتی و حاڵی پەشێو و پەرێشانیدا، ئەو خەلیلە پیرە بێ دین و مەزەبە هەرچییەکی پێ بگوترێ پڕبەپێستیە. هەرچی شوومی و نائۆغرییەک رووی لەم گوندە کردبێ هەمووی لە ناوچاوانی ئەوەوەیە. لە دین وەرگەڕاوێکە کوشتنی بە چوار مەزەبان واجبە.»

مریەمۆک هەڵوێستێکی بۆ کرد، نەخێر دیسانەکە، دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە. ئیدی هەروەها، ناوبەناو، وەک لەبەرخۆیەوە، هەندێ شت بڵێ دەوەستایەوە، سەرلەنوێ بەڕێ کەوتەوە.

تا ڕۆژ ئاوابوو بەو ئاوایە ڕۆیشتن. عەلی جارجار ڕاوەستان و جارجار یەک دوو هەنگاو ڕۆیشتنی لەبەر گران بوو.

لە دوا ڕاوەستاندا، ئیتر مریەمۆک حاڵی بەپێوە ڕاوەستانی بەبەرەوە نەما. لاقی دەلەرزی، بەڵام بۆ ئەوەی نەکەوێ هەموو هێز و گوڕی خۆی بەخەرج دەدا و بە هەموو قورساییەکیەوە خۆی بەسەر دارەدەستەکەیدا دەدا کەسەری لە سینگی توند کردبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوو، عەلی پێی بڵێ وەرە کۆڵم، دایە.

«ئەو خەلیلە پیرە؟ ئەو یەزیدە؟ ئەوەی کوشتنی بە چوار مەزەبان واجبە؟ قاچاخی یەمەنێ؟ سەرۆکی دزان؟ ئەوەی، هەر پیاز لە جێ وەجاغی بڕوێ؟ لەگەڵ تۆمە داردەستە خەمخۆرەکەم. لە ناوچاوانی ئەوەوە کۆشکی بلووریی[١] ...ئەو...»

عەلی کە هەستی بە پەرێشانی دایکی کرد لە تاوان چاوی قووچاند، لە بەردەمیدا هەڵکورما، لە کۆڵی کرد، داردەستەکەی لە دەستی بەربووەوە، هەڵی گرتەوە، دایەوە دەستی و ئنجا هەڵستایەوە سەرپێ، وەک ڕابکا بەرەوپێش تەکانی دا..

---

(١) لێرەدا تەورییەیەک هەیە: کۆشکی بلووری بە واتای (دڵ)، کۆشکی بلووری ناوی داستانێکی ئەفسانەییی سەباحەدین عەلیشە... (وەرگێڕ)

ڕۆژیش ئاوابوو.

تا ئەو جێگەیەی، جەنگەڵەکانی تێدا وەک دەریا دەگرمێنێ لە دووررا هەر دەڵێی دەریایە ڕەش دەچێتەوە و فەرتەنە و زریانی لێ هەڵدەکا، ڕانەوەستان، ورتەیان لە زار نەهاتەدەر.

لێرە شەوگاری ڕەش و تاریک سەرتاپا بۆن و بەرامەی بنێشتەتاڵی دارچام و بۆن و بەرامەی دار سەدیری لێ دەهات. هەروا وەک ئاوریشم وابوو. لەبەر کزەبای ناسکی پایز.

عەلی لە دووررا گوێی لە خورەی جۆگەلە ئاوێ بوو، دایکی برد، لەوێ بەئەسپایی لەسەر سەوزە گیایەکی تا چۆکان بەرز، دای گرت. گژوگیا قەوغاویەکە بۆنی بڵاوبووەوە.

«دایە، هەروا تێنی تێ گەڕا. وا دیارە تەواوێ لە چقوورئۆوا نزیک کەوتووینەوە بۆیە. حەزدەکەی با ئاگرێکت بۆ بکەمەوە. سەرماتە؟ خۆ لە تاریکی ناترسێی؟

مریمۆک قەیرێکی پێ چوو وەڵامی نەدایەوە. عەلی چاوەڕوان بوو. لە لەش خاوبوونەوە زۆر دەترسا. خۆ ڕەنگ نەبوو لە جێگەیێ قنگ بنێتەوە. زۆر چاکی دەزانی، هەرکە دانیشت ئیتر هەڵسانەوەی بۆ نەبوو. بەپێوە لارەلارەی بوو، خەوەنووچکەی بوو. پێشی وابوو ناگونجێ قسەیەک لە دایکی نەبیێ، ڕێ و ڕاست بگەڕێتەوە.

لەپاشان مریمۆک خۆی کۆکردەوە، گوتی:

«لێرەکە، لێرەکە. لێرە بەختەوەرەکە، سەت هەزار دار هەموو پێکەوەن، بە هیچ لایەکدا بستێ نابزوون، بستێ لێک جوێ نابنەوە. کە دەگرمێن سەرلەبەر هەموو پێکەوە دەگرمێن، هەموو پێکەوە گەڵا دەوەرێن، هەموو پێکەوە ڕەگ دادەکوتن، هەموو پێکەوە چرۆ و گوڵ دەکەن. هەموو پێکەوە خۆ دەڕازێننەوە، هەموو یەک بارانتان بەسەردا دەبارێ. هەموو لە ڕۆژێکدا دەیکاتەوە. هەموو پێکەوە بۆن و بەرامە دەکەن. کە دەشسووتێن هەموو پێکەوە دەسووتێن. جا،

من لەگەڵ ئێوەمە و بە ئێوە دەڵێم، بە کەسی ترم نییە، شوکرانەبژێری ئەوە بن کە ئادەمیزاد نین. نازانن گۆرانی و لاوژە بچڕن، نازانن هەڵکەنە لاوک و حەیران، نازانن بکەن و بنوون، ماچ و مووچ و شەوڕاموسان و هەڵگوشین و هەڵمژین نازانن، ئەوین و دڵداری نازانن، بەڵام دیسانەکە هەر شوکرانەبژێر بن.»

«جۆگەلەکەی بەردەمم.»

عەلی سەیری کرد، مرێمۆک فرە پێی هەڵبڕیوە، لەوە ناچێ، بیبڕێتەوە. خۆ ڕەنگ نەبوو دەستی بە قسان کردبا، خوا نەخواستە، هەر هێندە زاری کرابایەوە، چما هەروا بەسانایی لێکی دەنایەوە؟ بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی لێ بکا، لەسەرخۆ، بێ سرتە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ، گەڕایەوە، بەڕێ کەوت.

«جۆگەلە ئاوە ڕوونەکە، لەبەر ڕۆژێ دەبریسکێیەوە، بە بریسک و باسک کەژ و کێو، ڕێگاوبانان دەبڕی و دەڕۆی. دەچییە بن زەوی، دەچییە بەر ڕۆژ. کوڕت نییە، منداڵت نین. شوکرانەبژێر بە کە ئادەمیزاد نیت.»

«هۆ ئەستێرە چکۆلانەکەی ژوور سەرم. تۆ ئەستێرەی کێی؟ ئاخۆ خاوەنت لە کوێ بێ؟ داخوا لە کێهە دەشت، لە کام کەژ و کێو بێ؟ بەڵکوش لەناو جێی گەرم و گوڕدا، بێ خەم و پەژارە، لە خرپەی خەوی شیریندا بێ. بەشکوش ئێستا خەو نەچووبێتە چاوی بە هەزاران دەرد و مەینەتییەوە بتلێتەوە. من دەزانم، کە ئەو مرد، تۆیش لەو ئاسمانە بەردەبییەوە خوار، دەمری، بەڵام تۆ هیچ دەردێکت نییە. بە ڕۆژ دەکوژێیەوە و بە شەو هەڵدەبی. وەک خاوەنەکەت نیت، نە نانت دەوێ و نە ئاو. کارو پیشەت هەرئەوەیە بدرەوشێیەوە و بکوژێیەوە. شوکرانەبژێر بە کە ئادەمیزاد نیت.»

«گیاوگوڵە تەڕوبڕەکەی دەوروبەرم. توخنت کەوم دەشکێیەوە، ئازارت دەگاتێ. بەهاران دەچریسکێیەوە، کە هاوین داهات دەسووتێی. تەمەنی ژیت تۆزۆکەیەکە، بەڵام بەس نییە ناچەوسێیەوە. شوکرانەبژێر بە کە ئادەمیزاد نیت.

«ئەی خاکە ڕەشەکەی ژێرم، تۆ سەری هەموو کارێکی، سەرەنجامی هەموو کارێکی، زۆرت ئازار دەگاتێ، زۆر دەسوێی، ئەوەی نەکرابێ و نەبیسترابێ پێت دەکەن، سەرت بە هەزاران چەرمەسەرێوە دەناڵێنن، سکاڵا ناکەی، نارەزایی دەرنابڕی. دڵاوا و دەروون فرەوانی، وەک زۆزان فێنکیت، مەخلوقات سەرلەبەر لە پەنای تۆدا دەحەوێنەوە، لە داڵدەی تۆدا دەحەسێنەوە، دار و دەوەن ورگت دەدڕن، ئاو و سێلاو داتدەدڕن، هەورە تریشقەت بەردەکەوێ، کارەساتی وات بەسەردێ، بە زمان لە گێڕانەوە نایەت، بەڵام هێشتاکانێ هەر شوکرانەبژێر بە کە ئادەمیزاد نیت.

لەگەڵ ئێوەمە، لەگەڵ هەمووتانمە. من ئیتر لە هیچ شتێ ناترسم. نە لە مردن، نە لە سەرما، لە هیچ لە هیچ.»

کە لە قسەکانی بووەوە، ڕوانی تارماییەکەی عەلی نەماوە. قەیرێ هەستی بە تەنیایی کرد، ئەویش بەسەرچوو.

گوتی، «ڕۆیشت، با بڕوا. شوکرانەبژێر بن، شوکرانەبژێر.»

دەمی لە ئاسمان کرد. چەند ئەستێرەیەکی دوور لە توێی لک و چڵەکانەوە دیاربوون.

لەم ئاسمانەدا هەر مەخلووقێ ئەستێرەیەکی خۆی هەیە. گورگ، مێرووڵە، ماسی، مێشەنگ، کێهە مەخلووق تۆ بیگری ئەستێرەیەکی هەیە، ئەستێرەیەکی پڕشنگدار. ئەگینا ڕووی ئاسمان ئەو هەموو ئەستێرەیەی لە کوێوە پێ وەردەبوو؟ ڕووی ئاسمان عەمبارە ئەستێرەیەکە بۆ خۆی.

خەلیلەپیریش ئەستێرەیەکی هەیە، لە کشاندایە. ئوزوونجە عەلیش هەیەتی. ئەسپەکەشم هەیبوو. کەحێلەکەشم. هەر ئێستا کشا. خوا بۆ خۆی دەزانێ کەوتە کوێوە؟ کەوتە کێهە دەریا و زەریاوە؟ کەوتە کێهە خاکی ڕەشەوە؟

کێ دەڵێ ئەو ئەستێرەیەی ژوور سەرم هی من نییە. هەربۆیەشە لایەکی ڕەش هەڵگەڕاوە. خاوەن ئەستێرە بەختی ڕەش بێ ئەستێرەکەیشی لایەکی ڕەش دەبێ. هەرکاتێکیش لە کشان نزیک بووەوە بەئاسمانەوە مۆلەق

دەوەستێ. وەک بە داوە دەزووی خاوەوە هەڵواسرابێ بەو جۆرە شۆڕ دەبێتەوە.

تۆ بڵێی هینەکەی ئێستا بە داوەدەزووی خاوەوە هەڵواسرابێ؟ لەپڕ ڕاچەنی. کە بەخۆیدا هاتەوە، ئارەقەی کردەوە، چاوی بە پارچە ئاسمانێکی گەورەی پڕ لە ئەستێرەی پرشنگدار کەوت، لەناکاو ئەستێرەیەک درێژاودرێژ کشا، لە چاو ون بوو.

مریەمۆک «ئاااخ»ێکی هەڵکێشا، گوتی:

«خوا بۆخۆی دەزانێ کێ بوو ئێستا مرد... ئاااخ! ئاااخ!»

ئای دنیای بەدرۆ. تێر لێ نەخواردووم.

لێی ڕاکشا. بەدەم بیر لە ئەستێرە کردنەوە پێڵووی چاوی قورس بوون. داخۆ ئەم ئەستێرەیەی کشا هی کێ بێ؟ لاوە، منداڵە، ساوایە؟

نووست.

عەلی گەڕایەوە ئەو جێگەیەی خێزانەکەی لێ بەجێ هێشتبوو، ڕۆژ لە هەڵاتندا بوو. لە دوورەوە چاوی بە ئاگرەکە کەوت دووکەڵ هەڵدەستا. ژنەکەی بەدیار ئاگردانەوە کرووشکەی کردبوو. کە گوێی لە ترپەی پێی عەلی بوو سەری هەڵبڕی.

عەلی نزیک بووەوە و پرسی:

«نەنووستی؟»

ئەلیف سەرێکی ڕاوەشاند. چاوی خەواڵوو بوو. عەلی ئەلیفی لەبەر نیوە ڕووناکییەکە، وەک سەردەمی کچێنی چۆن بوو، ئاوهای بە شۆخ و شەنگی هاتە پێش چاو. شتگەلێ لە ناخیدا دەستی بە هەڵتۆقین کرد. شتگەلێ گەرم گەرم زایە سەرتاپای لەشی، هەستی بە بووژانەوە و تەڕوبڕییەک، بە لەش سووکییەک کرد. چوو، لە پشتەوە دەستی لە ملی ژنەکەی کرد، ماچی کرد. بەتەکیەوە دانیشت لە باوەشی گرت، ماندوێتی و کەشەنگییەکەی نەدەما و وەک تازە لەدایک بووبێ، تەڕ و تازە دەبووەوە. خۆی پێ نەگیرا. هەمدیس

ئەلیفی لە هامێز کردەوە. وای هەڵگوشی چرکە لە هێسک و پروسکییەوە هات. بڵیندی کرد، بۆ ناو دەوەنە جارەکەی برد. لەتاوان پشووی سوار بووبوو. شپرزە بوون، تەنانەت منداڵەکانیان، کە لەوێندەر نووستبوون، نەدیت.

کە لە دەوەنە جارەکە دەرچوون حاڵی بەسەرپێوە ڕاوەستانیان پێوە نەمابوو. ڕۆژیش هێندەی منارەیێ بەرزبووبووەوە.

چوون خۆیان لە ئاوەکەی چاوبزنێ هەڵکێشا، وسڵیان کرد. لە بن دارچامێکدا ڕاکشان و ڕانەکشان خەویان لێ کەوت.

کە ڕۆژ تەواوێ بەرزبووەوە و گەرمی کرد، مریمۆک نیوەی بەرهەتاوەکە کەوتبوو، لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو، بەخەبەرهات. خۆی کۆکردەوە. کە بە چاوی خەواڵووەوە تەماشایەکی چواردەوری خۆی کرد، سەرسام بوو، تووکی لەشی ڕەپ بوون. دەموچاوی بە بەری دەستی داپۆشی.

دەقاودەق لە ناوەندی کوێرە گۆڕستانەکەدا بوو. ئەو شەوگارەی سەرانسەر، تا بەیانی، لەگەڵ مردووەکانی ئەو گۆڕستانەدا کردبووەوە.

بە لەرزینەوە هەڵستایە سەر پێیان. ڕێگاکە نەختێ لە بەرەوەتر بوو، بەدەم لە دار و درەخت هەڵەنگوتنەوە هاتە سەر ڕێگاکە. دایە هەڕاکردن. هەرچەند هەڕای دەکرد هێندەی تر ترسی ڕێ دەنیشت. هەرچەندیش دەترسا ئەوەندەی تر بەلەز هەڕای دەکرد. بەدەم ڕێگاوە نیگای لەو تەنیا گۆڕخانەیە هەڵەنگوت کە داربەڕووێکی بڵیندی وشک بووەوەی بە ژوورسەرەوە بوو. هێندەی دیکە زەندەقی چوو. هەر کە گەیشتە کن گۆڕخانەکە لەپەوڕوو، بوو بە نەخشی سەر ئەرز.

«خوایەکەم، خوایەکەم، چاوڕەشەکەم، خۆت فریام کەوە. خۆت ڕزگارم کە.»

قەدەرێ خۆڵەپەتانیی سەر ڕێگاکەی، تەپ تەپ کوتایەوە، لە خوا پاڕایەوە. چاوی قووچاندبوو، وەک بیی نێو ئاو دەلەرزی. لەم حاڵەدا، هەر کە نەختێ حەسایەوە و پشووی هاتەوە سەربار، ویستی هەستێ. هەستا. ئیدی هەڕای نەدەکرد. بەڵام بو خۆ لە گۆڕستانەکە قوتارکردن هەرچی هێز و گوڕێکی تێدا

بوو بەخـەرجی دا. گۆڕسـتـانێکی چەند دوور و درێژیشـە! هـەر دەڕۆیی و هـەر گۆڕستانە.

یەک دوو جـــارێکی دیش لاقی تێک ئالان و کـــەوت. ئاخـــرییـــەکـــەی هەڵنەستایەوە. بە خۆبەکێش کردن و گاگۆڵکێ ڕێی دەکرد.

لە ناکاو پشووی وەستا، وەک بوورابێتەوە، دەپاڕایەوە:

«قـوتـارم کـە چاوڕەشـەکـەم.» کـە بەخـۆیدا دەهاتەوە سـەرلەنوێ بەڕێ دەکـەوتەوە. سـەروچاوی تۆزاوی بووبوو، دەمـوچاوی، دەست و مـەچەکی سـەرلەبەر بووبوون بە یـەک پارچە قـوڕ. تـەنیا هـەر چاوەکانـی بزەیان دەهات. ناولـەپ و بەری دەسـتی، کـەشکەژنۆ و بەلەکی بەر دڕک و داڵ کـەوتبـوون، خوێناوی بوون. کراس و ئاوەڵ کراسەکەی دڕابوون.

بەڵام مرێمۆک، کیسەڵ چەند سست و لەسەرەخۆ دەڕوا، ئەویش دەق بەو ڕەنگە. جارێ ڕادەوەستا، جارێ دەڕۆیشت، جارێ گاگۆڵکێی دەکرد.

دەمـەو نیـوەڕۆ بوو کـە لە ناکـاو هەندێ شـتی بەدڵدا هات، سـەیرێکی دەوروبەری خـۆی کـرد، نە کێلە قـەبری لەسـەر لا ڕاکشـاو مـابوون، نە دار و دەوەنـی ڕەش و بۆر مـــابوون و نـە پەڕۆ و پاتاڵی بـە دار و دەوەنـی ڕەشـــەوە پێچراو مـابوون. ئاوڕێکی پاشـەوەی دا، گـۆڕسـتـانەکە زۆر لە پاشـەوە بەجێ مـابوو، بەدی نـەدەکرا. توانی هەسـتێـتە سـەر پێ. یەک دوو هەنگاوی هەڵێنا، خۆی گەیاندە کن داربەوزێک لەم ڕێگاکە ڕوابوو، بەوزە باریکەکەی چەماندەوە. بشکابا دار دەستێکی چاکی لێ دروست دەبوو. ئۆزوون بەڕێوەبوو، دەهات.

سـەرلەنوێوە ملی ڕێگەی گـرت. بێ وچان، هەر سـاناسـاتێ ئاوڕێکی پاشـەوەی دەدایەوە. ئینجـا کـە زانیی، تەواوێ دوورکـەوتووەتەوە و بـەجارێ بڕسـتـی لێ بڕاوە و تـەڕایی تێـدا نـەمـاوە، سـا بە هـەرچی چۆنـێ بوو خـۆی گەیاندە ژێر تاکە دارچامێ، کە لە ڕۆخ ڕێگاکە بوو، لەوێ لێی کەوت.

زمـانـی هیشک هەڵاتبوو، بە فـریشکیـەوە نووسابوو. هەرچەند برینەکـانی سـارد دەبوونەوە ئێش و ئازارەکـەی هێندەی دی زێتـر دەبوو و هێنـدەی دیکە

گورچووبڕتر کاری لە ناو کرۆکی دەکرد، هەرچەند ماندووی دەحەسایەوە، ئەو هێندەی تر لەشی خاو و خلیچک دەبووەوە و دادەهێزرا و هێندەی تر هەستی بە بڕانەوە و تەواوبوونی خۆی دەکرد.

دەیگوت، «وا دەمرم، دەمرم دراوسێینە. وا دەمرم. مەگەر هەر خۆت فریام کەوی چاوڕەشەکەم. وەڵڵا وا دەمرم. فریام کەوە، ئوزوونجە عەلی بتوانێ لاشەکەم بدۆزێتەوە. هیزە قەت ئەوەم لەگەڵدا نەکەی، لاشەکەم جانەوەر و دڕندە و تەیروتووی تێ ورووکێ و لەت و پەتم کەن. جوانەکەم، لاشەکەم لەو چیا و چۆلە نەمێنێتەوە هیزە. تۆ خۆت کفن و گۆڕەکەم بەنسیو کە وا دەمرم، وا گیانم دەردەچێ، خۆت فریاڕەسم بە، چاوڕەشەکەم.»

لەمێژبوو بەخەبەر هاتبوون. ئەلیف ترخێنەی وەسەر ئاگر خستبوو. هەرچی عەلی بوو لەو جێی لێی نووستبوو، جووڵەی نەدەکرد، هەروا سەیری دەکرد. زەق زەق سەیری دەکرد، بەڵام چیی نەدەدیت. نێو مێشکی بۆش و بەتاڵ بوو. منداڵەکان لەسەر کانیاوەکە بوون. دانیشتبوون، کڕکڕ، بێ ئەوەی خۆ لە هیچ بە خاوەن بکەن، تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکرد. سەروسیمایان خەمناک، ماندوو، زەرد زەرد بوو. حاڵەتیان لە حاڵەتی پیاوی ڕەنگ و ڕوو ماندوو و بەویقار و سەرگران دەچوو. چاویشیان ماندوو بوون. زەلام زەلام بوون. ڕەش ڕەش بوون. خەویشیان گرتبوو، زەق بووبوونەوە.

ئەلیفی سەرتاپا لە ئارەقەدا شەلاڵ بەدیار ئاگردانەکەوە دانیشتبوو، خەریک بوو، نەختۆکەیەک ڕۆنی هەڵقرچاندبوو، ڕۆی دەکردە مەنجەڵە ترخێنەکە، بانگی کرد، گوتی:

«یاڵڵا وەرن.» عەلی دیسانەکە، لە جێی خۆی نەبزووت، منداڵەکان لەسەرەخۆ، بە لۆژەلۆژ هەستان، دەهاتن. بە سەرو ڕوویاندا دیاربوو، زۆریان برسی بوو.

ئەلیف دیسانەوە بە دەنگێکی نەرم و بەشەفەقەتەوە بانگی کرد:

«دە وەرە عەلی، دە وەرە.»

عەلی ویستی هەڵستێ، بۆی نەکرا.

وەک ئەمر بکا، گوتی:

«سفرە و خوانەکە بێنە بۆ ئێرە.»

ئەلیف بێ ئەوەی هیچ بڵێ، سفرەکەی برد، لە کن مێردەکەی ڕای خست. عەلی بۆ یەکەم جار بوو کڕووزایەوە، گوتی:

«پەرێشانم، ماندووم، هەر وەختە گیانم دەرچێ. بەتەمای ئەوە نەماوم بگەمە چقورئۆوا، ئومێدبڕ بووم. من ئیتر لەمە بەولاوە ناڕۆم. بێ حاڵم ئافرەت.»

ئەلیف بەجارێ ڕەنگی پەڕی، چاوە گەشەکانی دیسان زەق بوونەوە. پشووێک بیری کردەوە، دوو تنۆکە فرمێسک هاتن، لە چاڵایی چاویدا قەتیس مان. ئینجا بایەکی باڵی خۆی دا. تووڕەییەک، یاخیبوونێکی تێدا هەڵزەقییەوە.

بە دەنگێکی بنەبڕی شایی بەخۆبوونەوە، وەک بنرکێنێ، گوتی.

«هیچ خەمت نەبێ، تۆ دایکیشم و کوڵ و بارەکەت تا ئێرە بەچاکی هێنا. چاکت خۆڕاگرت. ئینجا نۆرەی منە زۆری چوو کەمی ماوە. چی ماوە؟ لەمەوپاش دایکیشم و کوڵ و بارەکەش هەر خۆم دەیانگەیەنمە چقور، ئاخ... بێ دەنگ بوو.

دەیویست بڵێ، ئاخ، خۆزگە هەورازەکەی سلێمانلی نەبوایە. نەیگوت، قسەکانی قووت دایەوە.

«من هیچم لێ نەهاتووە. نە ماندوو بووم، نە هیچم هەڵگرت. هەروا سەڵت و قوڵت، بە لۆژەلۆژ بۆ خۆم هاتم بەڕێوە.»

کەوچکێکی بەقایم لە ترخێنەکە دا خواردی.

عەلی وەک بخنکێ وای لێ هات. وەخت بوو لە بەردەم منداڵەکانی و ژنەکەیدا دەست بکا بە گریان. پارووەکەی دەمی دەجوی دەجوی، بەڵام بۆی قووت نەدەدرا.

دەستی ڕاستی بە لەرزەلەرز درێژکرد، بە هێواشی، وەک بیلاوێنێتەوە خستیە سەر دەستی ئەلیف.

کە لە نانخواردن بوونەوە ئەلیف هەستا، باروبنە خڕکاتەوە، عەلی بەلایەوە هات.

«ئەمجارەیش هەر خۆم هەڵی دەگرم. هێشتا بەجارێ لە پێ نەکەوتووم. کاتێکی پرزەم لێ بڕا و بەتەواوەتی لەحاڵ کەوتم، ئەوسا لە کۆڵی خۆتی کە. نابێ ئەلیف؟»

ئەلیف دەیزانی بەگوێنەکردنی بێ سوودە و هی ئەوە نییە کێشەی لەگەڵدا بکرێ. جەواڵە ساوارەکەی لە بارەکە دەرێنا، لەولاوەی دانا. هەر هیچ نەبێ ئەوە هەڵگرێ، هەر باشە، نەختێ بارەکەی سووک دەکرد. میزی مێرووویش سوودی بۆ دەریا دەبوو.

عەلی، کە چاوی بە جەواڵە ساوارەکە کەوت، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، لێی نەوی، بردی، خستیەوە لای بارەکە، پێچایەوە. کە بارەکە پێچرایەوە و تەواوبوو، عەلی دانەوییەوە، ئەلیف باری بە کۆڵی عەلیدا دا. لە هەڵستاندا خۆیشی دەستی بە چمکێکی بارەکەوە گرت، ڕاست بووەوە.

گڵێمە ڕەنگاوڕەنگەکە، نەخشینەکە لایەکی خۆڵاوی بووبوو. کە عەلی بەڕێ کەوت، ئەلیف لە دواوە خۆڵەکەی لێ تەکاند.

عەلی ئەمجارە لە هەموو جاران بەزەحمەتتر بە بارەکەی کۆڵیەوە ڕاست بووەوە. ئەلیف لەمە بێ ئاگا نەبوو.

واتا گەیشتینە چقوور. هەرچۆنێ بێ گەیشتن حسێبە. ئاااخ، دوای هەورازەکەی سلێمانلی بڕێتەوە! هەورازە، هەوراز نییە، بەڵای خوایە.

پرسی:«لەو دوورەم بەجێ هێشت؟ تا دەیگەینێ لە برسانا نەمرێ کەساسە؟ هاکا بوو بە عەسر.»

عەلی بە دەنگێکی دەبیسترا و نەدەبیسترا:

«کوێرە گۆڕستانێم بەجێ هێشت. ئێستا دەگەین.» پارچە گونیەکانی پێ و

پلیشی کرابوونەوە و دڕابوون. چمکە دڕاوەکانی تەکەتەکیان بوو، زەوییان دەماڵییەوە.

منداڵەکان زەوق و نەشئە مانا چییە، نەیانمابوو، ڕاکەڕاکەیان نەدەکرد، یاری و گەمەیان نەدەکرد، پێ نەدەکەنین، سست سست، بە لۆژەلۆژ، لە دواوە خۆیان پەلکێش دەکرد و دەهاتن. ئومەخان چاوی ڕیپۆقی کردبوو. کە سبەینان بەخەبەردەهات، چاوی لەبەر ڕیپۆق وا دەنووسا، تا ماوەیەک هیچی نەدەدیت. چاوی دێشا.

هەرچی حەسەنیش بوو چڵمەکەی سەوز سەوز، تا ناو دەمی، هەر کات ناکاتێ دەهاتە خوار و تا هێزی تێدابوو بەرەوژوور هەڵی دەلووشی.

١٥

گوند ماوەیەک بوو هاتبوو، لە سوێگویتلی هەڵی دابوو، چاوەڕێی دەکرد. ئێرە دوا هەوار بوو. خاکی چقورئۆوا لە خوارێ تەم و مژ و بۆخە، سەرانسەر، دای گرتبوو، بە دار و دەوەنییەوە، بە زەلکاو و زۆنگییەوە، بە چەم و ڕۆخانەیەوە درێژبووبووەوە، ڕێی دەکرد.

هەر لە کۆنەوە، لەوەتی هەبوو، لێرە، لە دوو ڕۆژان پتر چاوەنۆڕ نەدەکرا. ئێوارە دادەهات، باروبنەیان لێ دەخست، بۆ سبەینێ، زوو هەڵدەستان، دەچوونە خوار بۆ چقورئۆوا، هەر لەگەڵ دەگەیشتنە کێڵگە یەکسەر دەستیان بە لۆکەچنین دەکرد.

ڕۆژگار دەهات و ڕادەبرد، گوندی تا دەهات، ئارامیان زێتر لەبەر دەبرا. جا تو خوا لە کاتێکدا خەڵک هەموو مرخێش مرخێش سەرگەرمی کار بن، پیاو لەم سەروەختانەدا دەهات، لە سەرووی چقورەوە هەڵی دەدا و لێی دادەنیشت؟

لە هەر کەللەیەک ئاوازێ بەرزدەبووەوە، بەڵام کوێخا چ باکی پێ نەبوو. دەیگوت: «با هەر بڵێن و بڕیسن بۆ خۆیان، هەڵبەتە ئێمەیش دەزانین چۆن بیردەکەینەوە.»

ئاخرییەکەی تاشباش ئۆغڵی خۆی پێ ڕانەگیرا، ئوێکسز دوورانی بەگەڵ خۆی دا، چوو بەرانبەر کوێخا دانیشت، یەکەم قسەی، گوتی:

«ئەمە وا نابێ برادەر! خۆ، لە پاش ئەوەی لۆکە دوایی دێ، ئەم خەڵکە نابەیە خوار بۆ چقوور؟ حەیف نییە بۆ ئێمە؟ بەزەییت پێماندا نایەتەوە؟ بە ماڵ و منداڵەوە تووشی چ پەتپەتی و پەلەکێشییەک هاتین، حاڵمان بە چی گەیشت. تۆ تەماشای ئەم گوندییانە کە، برادەر!»

کوێخا شل گرتی. دەنگی نەرم بوو. بێ پەروا بوو، تەوساوی بوو.

خۆ دیتتان ئەسپەکەی لەو سەرچیایە بە چی دەردێ چوو. من هەر بە تیرە و تایەفە کوێخام. من بە دەنگدانی ئێوە نەبووم بە کوێخا برادەر! باوی باویشم هەر کوێخا بوو. باپیریشی. کوێخایەتی بۆ ئێمە بەشێکە و لای خواوە بە خەڵات هاتووە. لەسای سەری حکومەتەوە ئەم دێموکراسییەیش لەولاوە پەیدابوو هی وەکو ئێوەمانانی خزم و کەس زۆرمان لێ بوون بە پاتشا و دێن بەرەوڕوومان دەوەستن: ئەمە چییە و ئەوە بۆ وایە و لەمە دەپرسن و لەوە دەپرسن. لە هەڵبژاردنی داهاتوو نزیکتر نییە، منیش کوێخایەتیی ئەم گوندەم قوبووڵ نییە، دە بڕۆن چ دەکەن بکەن. تیرە و تایەفەی من هەر لە عەزەڵەوە، زەفتییە بووبێ، جەندرمە بووبێ، قایمقام بووبێ، والی بووبێ، بینباشی بووبێ. ڕێزی لە هەموان گرتووە و سەرلەبەری تێر کردوون. هیچ کاتێکیش گوندەکەمانی لای حکومەت ڕووڕەش نەکردووە. شەرەفی بەرزی لە لووتکەوە هەڵنەداشتووەتە خوارێ بۆ نزمان. مادامێکی ئێوە وا دەکەن، ئەمنیش جارێکی دیکە کوێخایەتیی گوندەکەمان لە ستۆی خۆ ناگرم. لە پاشانەکونێ ئەفەندم، لە دژی من، لە ماڵی ئوێکسز دوران پاشا کۆنگرەیەکی گەورە دەبەستن، لە دژم وا دەڵێن و ئەمە دەکەن. بێ ئیزنی حکومەت کۆنگرە دەبەستن مانای بەچی؟ ئێوە هیچ ئاگاتان لە یاسای خۆپیشاندان و ڕێپەیمایی هەیە؟ هەمووتان تاوانبار دەبن. تا پەتەکە دەڕۆن. بەمە دەزانن؟»

«ئێمە لە هیچ کوێ خڕنەبووینەوە. ئەمە کەس ئیسپاتی ناکا.»

کوێخا شیراندی:

«من دەیکەم، تاشباش ئۆغلی، من دەیکەم، بەڵام نامەوێ خراپە لەگەڵ گوندەکەمدا بکەم، نامەوێ لەناوچاوانی هی وەکو ئێوەمانانەوە ملی نیوەیان بە پەتی سێدارەوە هەڵواسم.»

تاشباش:

«خراپەی خۆشت بکە و با حوکومەتیش بەپەتەوەم کا.»

کوێخا بە مستەکۆڵە بەربووە سینگی خۆی، گوتی:

«من ویژدانم هەیە، لێرەدا ویژدانێ هەیە، تاشباش ئەفەندی، بەڵام ویژدانێکی وایش، کە وەک سندانی ئاسنگەرانە. دەبا یەکێکیان، یەکێ لە گوندییە ڕەسەنەکانم تووشی خراپەیەک بێ، ئەوساکە وەرە ببینە، بزانە ویژدانم چۆن خوێنی لێ دەتکێ. ئەو بەردەی بەر منداڵێکی چڵمنی گوندەکەم دەکەوێ دەبێ بە خەنجەرێک و لە دڵی من ڕادەکرێ. من وەک ئێوە نیم برادەر، نیم، تاشباش ئەفەندی. ناچم خەبەرتان لە دەست بدەم. کردەوەتان ورد و درشت لای میری یەکالا کەمەوە، سەرلەبەری گوندەکەم تاوانبار ناکەم. سەرپاکیان بە پەتی سێدارەوە ناکەم.»

جارێکی دیکەش سینگی بەر مستە کۆڵان دا، قیراندی:

«بەڵێ ئا لێرەدا دڵێک هەیە، برادەر! لە وێنەی گەوهەر. تەنانەت بۆ مردنی ئەسپەکەی دژمنی گیانم ئوزوون عەلیش دەسووتێ، بەڵام چۆن سووتانێ، هەر وەک سووتمانی هاوینانی چقورئۆوا هەڵدەقرچێ و دەبێ بە سووتوو. ئەدی بە چیت زانین تۆ تاشباش ئەفەندی!»

تاشباش ئۆغلی زۆر لەسەرەخۆ، دەستی لەسەر چۆکی خۆی دانا:

«بە تەشقەڵە و کەڵەکبازی ئەفەندی و مەفەندیم پێ مەڵێ برادەر! من ئەفەندی نیم سەفەرەفەندی ئاغا. من هاتووم بۆ ئێرە لە گژت ڕاچم.

دەمەوێ بڵێم هەموو خەڵکەکە، سەرلەبەری گوندەکانی ئەولاتریش چوونە خوار، بۆ چقور، دە ڕۆژی خشتە چوونەتە خوار بۆ ناو کێڵگە، ئێمە ئیتر



شوکور مستەفا (٢٣)

چاوەڕێی چ دەکەین لێرە؟ بۆ پرسیاری ئەمە هاتم. گوندی ئۆقرەیان وا لەبەر براوە، پشوویان لە لووتیانەوە دێتەدەر.»

کوێخا دەنگی نزم کردەوە، دەستی خستە سەر شانی تاشباش قورس دایگرت:

«تۆ لەسەرەخۆ بە کاک تاشباش. کوێخا بیر لە گوندیی خۆشەویست نەکاتەوە کێ دەیکاتەوە؟ جا با پێت بڵێم، ڕاستییەکەی ئەمساڵ گوندی لە ناوچاوانی ئەو خەلیلەپیرە مەندەبوورەوە دواکەوتن. هەر کە چووینە خوارەوە بۆ چقورئۆوا، سەبارەت بەوە کە شایەتیی درۆی داوە، ئەمە یەک. ئیزگیلی لە ناوەخت و درەنگ بۆ کوێخا هێناوە، ئەمە دوو، گوندێکی گەورە و گرانی پەرێشان کرد، ئەمە سێ، یەکەوڕاست بە پەنجەی عەدڵ و بە دادی قانوونی دەسپێرم. ئەمە سزای زۆر گرانە... هاوڕێیەکەم، تاکە هۆی لێرە چاوەڕێکردنمان، ئەوەیە کە درەنگ هاتووینە خوار. وەک هەموو ساڵێ زوو هاتباین، بەکراغا لە خوارێ لۆکەی بۆ دەدۆزینەوە، پێش ئەوەی باروبنە لە هەوار بخەین، بەرەوپیرمان دەهات مژدەی دەداینێ. ئێستایش لەبەرئەوەی دواکەوتووین، بەکراغا هەروا دەخولێتەوە، لە کێڵگە دەگەڕێ. هەر کە دۆزییەوە، دێ. دەشیدۆزێتەوە. من هەر ئەوەندەم قسە هەیە هاوڕێ. ئەگەر چاکەم بە خراپە دەزانن، ئەوە لە کاتی کوێخابژێریدا دەنگم بۆ مەدەن، چاوەکەم. کار تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە. منیش وەڕەز بووم، تاوم لێ چووە، خوا یار بێ، لە نۆرە هەڵبژاردنی داهاتوودا لە من چاتر هەڵدەبژێرن. ڕووی گوند سپیتر، پیری پاکتر کاتەوە.»

تاشباش ئۆغڵی:

«کەواتا زیاتر چاوەڕێ دەکەین؟»

کوێخا:

«جا چی دیکەمان لە دەست دێ؟ ئەم پیرە بەرازە بەختی بێ وەر کردین، دوای خستین. جارێکی دی؟ قەت بڕوا بە قسەی دەکەم؟»

تاشباش ئۆغڵی تەزبییە زەردەکەی لە بەرکی دەرێنا، هەستایە سەرپێیان. سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بووبووەوە، یەکراست لەوێ هەڵبرا. ئویکسز دورانیش بێ ئەوەی زاری هەڵێنێ، ئەویش هەستا. کوێخا هێند بە ڕکەوە سەیری کرد، منداڵی دە ساڵان دیتبای زراوی لێ دەچوو. ئویکسز دوران بۆ ئەوەی لەگەڵ کوێخادا ڕووبەڕوو، چاویان بە چاوی یەکدا نەتەقێ، ڕووی لێ وەرگێڕا. پێش تاشباش کەوت و لەوێ دوورکەوتنەوە.

گوندی ڕاوەستابوون، هەرچییەک گوترا ڕاست و پاکیان بیست. ڕک و تووڕەییان هەڵگەڕایەوە سەر خەلیلەپیر. هەرچی خەلیلەپیریش بوو چووبووە ژێر ئەرزەوە، چاوی لەبەر کەس هەڵنەدەهات. زۆریش ماندوو و شەکەت بوو، کەنەفت بوو. لاقی ڕاستیشی بەگیر وەستابوو، لە دووی نەدەهات.

تاوانبار بوو. بەڵێ ڕاستە ئەو گوندیی دواخستبوو. گوندی لەت و پەتیشیان کردبا و لاشەکەشیان هاویشتبا بەر سەگان هێشتا هەر هەقیان بوو. بەڵام زۆر بێ حاڵ بوو. تۆ بڵێی ئەم خراپەیەی لە دڵەوە بە گوندی کردبووبێ؟

خەلیلەپیر لە پەناو پەسێوی دەوەنەکانی پشت هەوارگەکەیانەوە خۆی شاردبووەوە، لە ترسان، لە شەرمان کرژ هەڵگەڕابوو. ئێوارەی بە هەزار حاڵ بەسەربرد. هەرکات ناکاتێ لەناو دەوەنەکاندا بە لەرزەلەرز خۆی خڕدەکردەوە، سەیرێکی خۆر لە زەردەی دەکرد، سەرلەنوێ دەگەڕایەوە جێگاکەی خۆی و هەڵدەکورمایەوە.

کە ئێوارە تاریک داهات دڵی خۆش بوو. بێ ئەوەی خۆی لە کەس ئاشکرا کا، یەکڕاست چوو بۆ کن تاشباش.

بە سەرێکی چکۆڵەوە، ئەم دنیا پان و بەرینەی پێ تەنگ بووبوو. لە جەحەنمدا بوو. بە هەردوو دەستی، بە لەرزەلەرز، دەستی گرت، گوتی:

«کوڕە ئازایەکەم تاشباشم، کوڕێکم کوشتووی و خۆم هاویشتە بەختتەوە. ڕزگارم کە. گوندی لەت لەتم دەکەن. هەقیشیانە. من ئیدی ببڕای ببڕ ناتوانم

چاو لەبەر گوندی هەڵێنم. ئاااااخ حسێن ئاغای تاشباش، ئەو باوکەی تۆی لێ کــەوتوویەوە پیــاوێکی زۆر ئازا بــوو، کـــوڕم. لەنـاو هۆردوویـەکت دانـابا، لە دوورەوە ســەیرت کــردبا دەتگوت، ئە ئـەو ئازایەی وەک تـوول دەچێ، حـســێن تاشباشـە. زمان شیرین بوو. هەنگوینی لە زار دەباری. بە منی دەگوت، کاک خەلیل، تۆ برای منی، ئەگەر لە پێش تۆدا مردم، بۆ مـحەمـەدی کوڕم وەسـیەت دەکـەم، تۆ لە جـیـاتـی من بە باوک بزانـێ. ئـەدی ڕۆڵەکـەم، مـەمـەد، باوت وەی دەگۆت، هەی گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێ، حسـێـن ئاغـای تاشـبـاش ئۆغلی، وەی دەگۆت، کـە مرد شـتێکی وای بە تۆ نەگوت؟ زۆری چاکـە لەگەڵدا کـردم. منیش هـەروا. زۆر دەوڵەمەند و دەسڕۆ بوو. دەغڵ و دانـی زۆر دەبوو. دەغڵ و دانەکەی هـەمـوو نەدەدووریـیـەوە، دەنگی منی دەکـرد، یـاریدەی بدەم. هـەر هێندەی چاو لێک نێی و بیکەیەوە دەمـدووریـیـەوە. تاشـبـاش ئاغـا پـێی گـوتم، خـەلیل، تۆ لە هێـز و زۆری حـەزرەتی عـەلیـدای. ئێـسـتـا وا پـیـر بووین. فـریام کـەوە کـوڕە ئازایەکـەی تاشـبـاش مـەمـەد. دەزانـی باپیـرت چـۆن بوو؟ هـەر کـە لەوبـەرەوە بەدیاردەکــەوت، دەتگوت وەزیری کـڵاو نـۆ پۆپـنـەیە قـســەی لای مــیــری زۆر دەڕۆیشت. باپیــری تۆ ئەم خــدرە یەزیدەی بەملدا بڕین و کــردی بە کــوێخــا بەســەرمــانەوە. بۆ شــار چووبا، مـوتـەســەڕیف لەبـەری هـەڵدەسـتــا، دەیگوت، فەرموو، تاشباش ئاغا.

«قابیلە درۆت لەگەڵ بکەم کوڕەکەم، ئیـزگیلم درەنگ برد بۆ کوێخا. بڕوا بکە لە دڵ پیسیمەوە نەبوو، لە بێ حاڵیمـەوە بوو، لە سۆنگەی کەنەفتی و پیرییەوەم بوو. بە دەسـەنقـەست دوام خستن. تا گوندیم بەم حـاڵە گەیاند، وا بـەم ڕەنگەم پەرێشان کردن، بێ لۆکەم هێشتنەوە. قوتارم کە، ڕۆڵە!»

تاشباش ئۆغڵی دەنگی نزم کردەوە، دەمی لە پەناگوێی نا پێ کەنی.

«مــەترســە مــام خــەلیل، هیچ مــەترســە. گــوندی تۆ دوات نەخــسـتن. ئەو کافرییەکی لە بن سەردا نەبوایە، هیچ چاوەڕێی ئیزگیلی تۆی دەکرد؟ چما ئەو بۆ خۆی نازانێ، کەنگێ وادەی لۆکەچنینە؟»

خەلیلەپیر بە تووڕەیییەوە هەڵی دایێ:

«نازانێ، لە من بەولاوە کەسی تر نازانێ، لۆکە، کەی دەست پێ دەکا؟ من گوندیم پاش خست.»

تاشباش ئۆغڵی:

«مام خەلیل، تۆ شێت بووی؟ ئەقڵت تێک چووە؟ ئەو بەئەنقەست بۆ چقوری دانەبەزاندین دەنا چی ئێمەی لێرە گل دەدایەوە؟ بۆچی ئەو نازانێ کەی وەختی لۆکەچنینە؟»

خەلیلەپیر دیسان بەتووڕەیی و هەڵچوونەوە:

«نازانێ. هەر هیچی لێ نازانێ. هی ژنەکەشی نازانێ بەری بەکوێوەیە! جا ئەو کێیە؟ چ کارەیە ئەو! هەتیوەکەی خدرە چڵمن. ئەو هێشتا منداڵی دوێنێیە.»

تاشباش ئۆغڵی:

«تەماشا، مام خەلیل، تۆ گوێت لە من بێ من لە شوێنی خۆیم بیستەوە، لە شوێنی بەبڕوا، لە ژنە چکۆلەکەی. بۆ ژنەکەی منی گێڕاوەتەوە. لە دەم سەفەر و بەکرەشێتی بیستووەتەوە کە قسەیان بۆ یەک کردووە. کوێخا بە بەکرەشێتی گوتووە، بەکراغا، ئەم گوندە ئەمساڵ، نامەخوا، چاوی چاو نییە، بێتو ئەمساڵ زوو دابەزین بۆ چقور، بەر لە گوندییەکان بچینە خوار، ئەوساکە کێڵگە و مەزرای زۆر و زەوەند دەمێنێتەوە، گوندیی خۆشمان، کێهە کێڵگەی ئارەزوو لێ بوو هەڵی دەبژێرێ و ئێمەش بە دەستی بەتاڵ دەمێنینەوە و چمان پێ نابرێ. من بڕوام بە گوندی نییە، بەرەی گوندی لە مەڕ و ئاژەڵ دەچن، هەر ئەوەندە یەکێکیان ملی نا ئیتر ئەوانی دیکەی بەدوودەکەون. شوان ناتوانێ پێشیان لێ بگرێ. جا لەبەرئەمەیە، کە ئێمە گوندی دوادەخەین: بۆ ئەوەی گوندەکانی تر، سەرلەبەر، بچنە خوار، کێڵگە مانا چییە نەمێنێ. گوتوویە، ئەنجا کە کێڵگە نەما ئەوسا گوندی بەناچاری، کام کێڵگە تۆ بۆیان دەستنیشان کەی، ناچار مل بۆ ئەو دەدەن. هەروەها بەکرەشێتیشی تەمێ

کردووه، گوتوویه، له پێشان خۆت بچۆ خوار بۆ چقور، کێڵگه بگره، تا کێڵگەکان هەموو لەلایەن گوندییەکانی ترەوە نەگیرێن، نەگەڕێیەوە. گوتوویە ئینجا کە زانیمان سەرپاکی کێڵگەکان گیراون و کێڵگەی بەتاڵ نەماوە، ئەوە هەر ئەوسا بۆی دەچینە خوار و بە گوندی دەڵێم، فەرموون ئەوە کێڵگە، دەچن بچن، ناچن خوا حافیز. ئا لەبەرئەوەیە، کە ئەوە چەند ڕۆژە لێرەی ڕاگرتووین و چاوەڕێ دەکەین. لە قسەکانم چاک گەیشتی مام خەلیل؟ تۆ نازانی ئەو سەفەرە چ کەڵەکەبازێکە، شان لەشانی دووبارەی نادرێ...»

سەری لە پەناگوێی نا:

«تۆ دەزانی، ژنە چکۆلەی سەفەر کچی خاڵی ئێمەیە، بە ژنەکەی منی گوتووە. لای کەسی نەدرکێنی. حاڵی بووی؟»

ڕاوەستا، قەیرێ بێ دەنگ بوون.

«ئەمساڵیش نەبێ، ساڵی داهاتوو، من ئەو بۆڕدەدەم، مام خەلیل. بەڵام چ دەکەی؟ گوندی دەترسن. بەجارێ گوندەکەی چاوترسێن کردووە. لە پاشملەی سەرلەبەر لەگەڵ مندان. کەچی بەرەوڕووی هەموو دەدەنە پاڵ ئەو. دەم ناکەنەوە. لە قسەکانم گەیشتی؟ پشتی بە حیزبەوە داوە. هەر کە دەڵێ هەڵتان دەواسم، بەهەڵواسینتان دەدەم، سەفەربەلک هەڵدەگیرسێنم، یەکسەر بڕوای پێ دەکەن. زۆر خۆشبڕوان. ئەدی من تێم نەگەیاندن، ئەو سەردەمە بەسەرچوو، مام خەلیل! خۆ تەنانەت، ئەوەتا تۆش دەترسی. ئەوەتا لە ترسان دەلەرزی.»

خەلیلەپیر لە ناخیەوە ئاخێکی هەڵکێشا، گوتی:

«ئەو، بە دەست گوندییان بە لەت و پەت کردنم دەدا. هەقیشیانە. هەقیشیانە، کوڕە قۆچاخەکەی تاشباشم. هەقیشیانە. ئەو لێی نازانێ. لە وادە و سەروەختی قۆزاخە تەقین و لۆکەچنین نازانێ. هەرچییەک بکەم گوندی پێم دەزانن. من گوندیم دواخست.»

دەستی لە دەستی ترازاند، توند مەچەکی گرت، گوتی:

«داخوازێکم لێت هەیە. بۆ قوتارکردنم، درۆم لەگەڵدا مەکە. مەڵێ، سەفەر لە سەروەخت و وادەی لۆکەچنین دەزانێ. هیچی لێ نازانێ. من بە دەستی ئەنقەست پاشم خستن. ئیزگیل لە سەروکاتی لۆکەدا بەهەڵە ناچێ. من بەهەڵە ناچم. ڕۆژ بەهەڵە دەچێ، سەعات بەهەڵە دەچێ، من بەهەڵە ناچم. دەتوانی هەر ئاوا سووک و سانا لە دەست گوندیم ڕزگارکەی؟ بێ ئەوەی بمکەی بە پێنج پوولی قەڵپ. پێیەکم لە چقورە، دەتوانی بێ ئەوەی بڵێی، پێ نازانێ و بێ ڕیسوایی، ڕزگارم کەی؟ بڵێی مام خەلیل بەئەنقەست وای کرد... ئەو بە لەت لەتکردنم دەدا. خۆ هەر هیچ نەبێ بە هەڵواسینم دەدا. زۆری درۆ لە بن سەردایە، دووبارەی زۆرە. دەهۆ و تەڵەکەی فرەن. وا دیارە ژنەکەی فریوی داوی، بۆیە دەڵێی لە وادەی لۆکەچنین دەزانێ. هەر ئەوە مابوو، ئەوەشمان لە دەست بکاتەوە. تێ گەیشتی کوڕە ساویلکەکەی تاشباشی بوێرم؟ لە قسەکانم چاک حاڵی بووی؟ ئەو چ باکی بە فرمێسکی چاوی منە؟»

تاشباش بە تووڕەیی و نائومێدییەوە قیڕاندی:

«خۆ چاوت لێیە؟ نەمگوت؟ دە فەرموو، هەرچەند دەکەم، ناتوانم ترسی ئەو کابرایە لە دڵی پیاوێکی یەمەن دیتەی تەنانەت وەک تۆیش دەرکەم. مام خەلیل ئەو کەس بە هەڵواسین نادا. لە خوت و خۆڕایی دەست و باڵت نابەستێ، بۆ سەربازیت نانێرێ. گوندیش هیچت لێ ناکەن. ئەوە تۆ ئەقڵت لە کوێ نووستووە؟ ئەو لە کوێ دەتوانێ بەتەنیا سەفەربەلک هەڵایسێنێ. ناتوانێ کەسیش بۆ یەمەن بنێرێ. یەمەنی چی. یەمەن و مەمەن نەما، مام خەلیل. مەترسە.»

خەلیلەپیر بە ناڵەیەکی بێ حاڵییەوە:

«ڕۆڵە گوناهبارم، گوناهم گەورەیە. کوڕە بەئاوەزەکەم. گوندیم دەسخەڕۆ کرد. هەقیانە، با پارچە پارچەم کەن.»

تاشباش بەبەزەییەوە، دەستی بە ڕدێنیدا هێنا و بەداخی لەتواندانەبوونی دەرد هەڵڕشتنەوە، ناچار گوتی:

«مـام خـەلیل، ئەو هیچ چاوەڕێی ئیـزیگلی تۆ دەکـا؟ بەقـازانجی زانی و چاوەڕێی کرد. مـەترسـە مـام خـەلیل، بێ قـەزابی، تۆ گـوناهت چییـە؟ تۆ گوناهبار نیت.»

خەلیلەپیر بەوجۆری کە لێی چاوەڕوان نەدەکرا ئانیشکێکی قایمی تێوەژەند و هەڵزەقییەوە. دەنگی خەستتر بووەوە، گوتی:

«من ئەمـە و ئەوە نـازانم. ئەو چاوەڕێی ئیـزگـیلی من دەکـا. لە بەرەوڕووی گوندێکی زل و زەلامیشدا گوتی چاوەڕێی دەکەم، نە یەکێک و دووان.»

هەر بەجارێ کەللەیی بوو. لەو حاڵی پاڕانەوە و کلکەسووتێیەی پشوویەک پێشتری، ئاسەوار مانا چییە، نەما.

«یانی دەتەوێ چ بڵێی؟ دەڵێی خەلیلەپیر خـەڵەفاوە و وەی لێ هـاتووە، قسەی پێنج پوول ناکا؟ چما ئەو کێیـە؟ چاوەڕێی ئیزگیلی من نەکا! بۆچی تۆ پێت وایە من خـۆیشی و باوکیشی بە پیاو دەزانم؟ ئەو لە وادەی قـۆزاخـە تەقین چ دەزانێ؟ ئێوە هەمووتان، لە چ دەزانن؟

نانکوێری نمەک بەحەرامینە! ئەوەندە ساڵە، بێ هەڵەکردن، کێ بۆ چقووری بردوون؟»

بە بۆڵەبۆڵ، وەک هەڵبێ، بە شـەلەشـەل، دەسـتی بە جنێـودان کـرد و تاشباشی بەجێ هێشت، گوتی:

«وەرن لەت و پەتم کەن. بمکوژن، بمخۆن.»

بە تووڕەیییەکی بەسامەوە گەڕایەوە بۆ ماڵێ.

«سبـەینێ دەچمـە ئەو مـەیدانە زلە، دەڵێم، کورە هەی گوندیی بێ نامـووس، بێ وەفـاینە، نانکوێرینـە. ئەوەتام، لە ناوەندی مـەیدانێ، یەڵا، بۆ ڕاوەسـتاون، فەرموون کەرت کەرتم کەن.»

وەڵامی کوڕ و بووکە شڵـەزاوەکانی نەدایەوە. بێ ئەوەی خۆی بگۆڕێ، هەروا بە شەرواڵ و پێڵاوەکانیەوە چووە ناو جێگاوە، لێفەکەی بەخۆیدا دا.

تا شـەوگـاریش ڕاشکا و لە نیـوەشی تـێ پەڕاند، لەنـاو جـێگادا گـینگڵی خـوارد و هەر، بەو ئاوایە، لەسـەر پێ[1] چاوەڕێی دەکـرد. ناوبەنـاو، هەروا، لەبەرخـۆڕا، دەیبـۆڵاند: «تۆ تـەماشـای ئەم کـوڕە گـەڕەی تاشـباشـیش کـە، تۆ تەمـاشـای ئەم دەیووسـە کـە، تۆخـوا لە من بەولاوە کـێی تر لەم چقـوورە لە سـەروەخت و کـاتـی لۆکـەپژان دەزانێ ئاخـر... دە بڵێ ئەو هەتیـوە: سـەفـەر دەیزانێ، دە ئازای بەگوندی بسـەلمێنە! دە ئەگـەر دەتوانی پێـیـان بسـەلمێنی، پێیان بسەلمێنە قوتارم کە. کورە ئاخر کێ بڕوا بەمە دەکا؟ بەم قسە قۆڕانەی تۆ؟ مـنداڵیش، سـاوایش، کـۆڕپەی بـەرمـەمکانیش بڕوا نـاکـەن. کـورە هەی هەتیـوە گەڵ و گـون ڕشکنەکـەی تاشـباش، ناوەڵا تۆ سـاوایەکی یەک سـاڵان لەناو لانک بەخـەبـەربێنە، لێی بپرسـە، بەبلانەکە، لـە چقـور کێ لە سـەروەختی قۆزاخەتەقین دەزانێ؟ بزانە: چیت وەڵام دەداتەوە، چاوەڕێ کە یەکڕاست دەڵێ مـام خـەلیل. تێـر و پڕیشت پێ پێ دەکـەنێ. ئەدی کـو، کـوڕە بێ ئاوەزەکـەی تاشباش چما تۆ بە چیت زانیم کوڕی خۆم؟ من قەت دەڵێم، بەهەڵەچووم؟ خوا نەکـا. من دەمـزانی، بەڵام لە ناچاری دووام خـستن. ئەمـە کـوێخـایەکی زل و زەلامی گوندیش گوتی ئەمسـاڵ، ئەو خەلیلەپیرە وەجاخ وێرانە پاشی خستین و بەم دەردەی بردین. بەڵێ، کـوێخـایەکی زل و زەلامـی گـوندێکی زل و زەلام. گوتیشـی، نەک لە نەزانییـەوەی، بگرە هەر بۆ ئەوە خـراپە لەگەڵ گوندیدا بکا، بۆیە دوای خسـتن. کێ بڕوا بە تۆ دەکا کوڕی تاشباش؟ تۆ لە کوێ کوێخا لە کوێ؟ ئەو جێی، پێی ئەوی دەکەوێتێ سەری تۆی ناکەوێتێ.»

شـادییـەک، ئاواتێکی تێ گەڕا. شەوگار بە نیوە بووبوو. دنیا کش و مات، لە پشوودان و پرخەپرخی نووستووان پێوە دەنگێکی دی نەدەهات.

بە ئاسـپاییـیـەکەوە لە نێـو جێگا دەرکـەوت. بە پەلەکـوتێ، بە گاگـۆڵکێ لە ئاودڕەکە دەرچوو. هەڵسـتایە سـەرپێیان. یەک دوو هەنگاوی هەڵێنا، لە پاشان ڕاوەستا. ئیتر هەر لەوێ ڕەق ڕاوەستا.

---

(١) لەسەرپێ: ئامادە، حازر. وەک دەڵێن: تفەنگی لەسەرپێیە.

دەبێ بچم کـوێخـام، سـەفـەرەکـەم بەخـەبەربێنم. پێـویسـتـە بچم، بڵـێم لێم ببووره کوڕەکەی کوێخـا خدر. برازایەکم. من بە دەسـتـی ئەنقەست ئـەم کارەم کـرد تـۆ بۆخـۆشت دەزانـی، تۆ لە نیـازی دڵـی هـەمـوو کـەسێ باخـەبـەری، هێند بەئاوەزی، لە ڕازی دڵی ئەو پەڕەوڵەش کە بەئاسمـانەوە دەفڕێ، باخـەبەری. لە کافـرێتییـەوەم نەبوو، لە بێ چارەییەوە کردم. بەم حـاڵی پیرییـەمەوە بەم ڕیش سـپێـتـیـیـەمـەوە، بێ دەست و پێ، وا بەم نیـوەشـەوە جـڕوجـانـەوەر تـەیروتوو لە خـرپەی خـەودان. هاتم، وا بەخـەبەرم هێنای، هیـزە کـەوتمە ئاسـانەکـەت. تۆ پیاویش دەناسی و سـەگیش. ئەو کابـرایە تاشباشـە لە چی دەزانـێ، ئەوە گووە لە چی دەگـا؟ ئەو توڵەیەی تاشبـاشـە سەگـی گەڕ گوتی... ئەمـە وا و ئەوە وا چم لێ دەکەی بکە، حـەز دەکـەی، کـاتێ، سـبـەینـێ هـەسـتـای بەو دارە زەلامـەی هـۆ وێوەم هـەڵواسـە. گـونـدیش بەخـەبـەربێنـە، بڵـێ، ئەوی بوو بـە سـەبەبکاری ناگـوزەرانـی و نابژیویمان، ئەوی لە کـاروانـی دواخـسـتـین، ئەوەتا ئەم پیـرە بێ مـەزەبـەیە، ئـەوە لاشـەکـەیەتی، بـە دارەوە شـۆڕبووەتـەوە. بە پـرس و ڕای عوسمـانلی، بەسایی دۆموخـڕاتەوە هەڵم واسی. هەقتە کوڕم. تۆ کوڕی کوێخا خـدری، تانجی سـەری عـوسـمـانلی، دۆمـوخـڕاتی. ناووبانگت تـا یەمـەن، تا فـەرەنگسـتـانێ چووە، هەمـوو دنیـای گـرتووەتەوە. خـۆشت شـایانی وەزیرایەتییەکی کڵاو نۆ پۆپنەیت. هەرکـەسێ تەمـاشای سـەر و سوورەتت کـا. واقی وڕدەمـێنـێ. یا بـە پاشـات دەزانـێ، یا وەزیـر. هـەی سـەر و سـوورەت پاتشایانەکەم! هـەروەها وەزیری تایبەتی ئەم گوندەشی. لـە خاکی عوسمـانیدا تەنیا هـەر تۆ هـەی و بەس. جا بەڕاستی وایشـە. بیبیلەی چاوی دۆموخڕاتانی. ئەو کابرا تەنگەستووره قامک پرگوستیلەی ئـەوێ جارێ چی گوت؟ گوتی، تۆ دەسـتـەڕاسـتی دۆمـوخـڕاتەکەمـانی. ئەمـە ڕاسـتـە، درۆ نییـە. تۆ بڕبڕەی پشـتی ئەوی. جا وایشـە.

چۆن جـووچکێ پـەنا دەباتـە بـەر دەوەنـێ، دڵـی تـەپ و کـوت لـێ دەدا، دەوەنەکـەش بـۆی دەبێـتـە سـەنگەر و لە واشـە و دالاشی دەپارێزێ، منیش جـووچکێکی بێـچـووم، بێـچـووە پەلەوەرۆکـەیەکم، تۆش دەوەنەکـەی. مـەمـدە بە

واشە و دالاش، بە لەت و پەتکردنم مەدە.

زۆرت لە عەلەیهی ڕۆیشتم. زۆرم هەڕوگیڤ کرد. جوێنم بە باو و باپیرت دا. جـوێنم بە هـێـسک و پروسکی کـوێخـا خـدر دا. بەم زمـانە چرووسـاوەیەم. بەلانەکێ ئێسـتا، هەنووکە تێ گەیشـتم کێ پیاوە، کێ ئازا و کەڵەمێردە لەم گوندە. لەمـەولا، خـەلیلەپیر، پاش ئەم تەمـەنە، پێیـەکی لە چقور بێ پاژنەی تۆ مـاچ دەکا. دەبێ بە بەندەی مل بەگوێنی بەردەرکەت. بڵێی بمرە دەمرێ. خـوا شیـرت برا و قسـەت ڕەواکا لای عوسـمانلی و لـە ڕووی دۆموخـڕاتی چاوکاڵ. شـەو و ڕۆژ لە خـوا دەپاڕێمەوە، خـوایە، هەرچییـەکی ئەم کوڕەی کوێخـا خـدر دەستی دەداتێ بیکەی بە زێڕ، دژمنەکانی بە کرۆکی غەزەبتدا بەرە خوار!

ئەو هەتیوە گەڵ و گون گەڕەی تاشباشیش لـە ڕووتا وەستاوە، دەڵێ، منیش پیـاوی ناوپیـاوانم و بە هەشت نۆ بـۆرە خزمـێکی هـەرچی و پەرچیی چڵمنیـەوە دەنازێ و خـۆ فش دەکـاتەوە. هـیچ لێی مـەترسـە. منت پشـتـیـوانم. دەست و دوعای من خۆش بێ.

ئێـشـەلا خـوا خـۆشـەویسـتـیت دەخـاتە دڵی دۆمـوخـڕاتەوە. منیش لێـرە بەپاشـەوە ڕای خـۆم بە دۆمـوخـڕاتی خـۆم دەدەم. قـەتی بەو عیسـمـەت پاشـایە دەدەم. سـەرانسـەر، گوند لە خـۆ خـڕدەکەمـەوە، دەڵێم، هـۆ دەر و دراوسـێینە، پیرێکی لەخۆگەڕاوەی دنیـادیتەم، تەنیـا هـەر من بە ساغی لە یـەمەن دەرچووم. خـانیـە و قـۆنیـە چاک بەڵـەد و شـارەزام. بروام پێ بکەن، لە ڕێگای کـوێخـام، دۆمـوخـڕاتەکـەم دەرمـەچن. ڕێگای دۆمـوخـڕات ڕێگایەکی بەرزە. ڕێگای خواوەندە. مەچنە سەر ڕێگای کابرا، عیسمەت. خاکی عوسمانلی ئەو وێران و نوغرۆی کرد. دەڵێم، ئەو ولاتەکەی وەک هـی ماڵی باوی بێ، بە گاوران دا. ئەو پادشـایانە مـیللەتیـان ڕەهەندەی یـەمـەن کرد. ئەوان هێسک و پرووسکیـان لە یەمـەن پووکاندنـەوە. عیسـمـەت پاشـایان کرد بە سـەرۆک. دەڵێم بەوچاوانەی خۆم دیتم. دەڵێم دەر و دراوسێینە، بە من بڕوا ناکەن، ئەی بەکێ بڕوا دەکەن، ئەدی هـەرئەوە نەبوو ئـەم مـیللەتەی بـە یۆنان بـە شکان دا. لە شــەڕی یۆنـاندا خوێن تا چۆکان نەهات؟ لە ناوچاوانی کێ؟ دەشڵێن، وەڵڵا ئـەو عیسـمـەتە حەز

لە شەڕ و شۆڕ ناکا. ئەی ئەگەر حەزی لە شەڕ نییە، هۆ میللەت، هۆ خەڵک و خواو دەر و دراوسێینە، وشیارەکان چۆن بووە بە پاشا؟ لە دەستی هاتبا ئەو عیسمەتە، لەم وڵاتە لە خۆی زێتر نێری تێدا نەدەهێشت. تۆوی دەبڕییەوە. دەڵێم بەرەکەت دا، چابوو دۆموخڕات سواری ئەسپەکەی بوو، فریای میللەت کەوت[1].

جا ئێوە لایەنی ئەو چۆن دەگرن؟ دەڵێم هەموو بچنە ڕیزی دۆمۆخڕاتەوە. میللەتیش لە قسەی من بستێ دەرناچێ. حسێو بۆ ڕیشە چەرمووەکەم دەکەن. بەڵێ ئاوا ئەڵێم.» ئەوسا کە من وام گوت شان و شکۆی تۆیش هێندەی دیکە لای دۆمۆخڕات بەرزتر دەبێتەوە، تا دەگاتە حەلحەلەی عاسمان. دۆموخڕاتیش، ئەوەی تۆ بیڵێی نایکا بە دوو. ڕزگارم کە ڕۆڵە. تۆ، لەم بەڵایەم قوتار کە، منیش جارێکی تر، ببڕای ببڕای، گوندی قەت دواناخەم لە لۆکەچنین، لە قسەکانم گەیشتی، چاکم لێ حاڵی بووی بە بەندەی ئاڵقە لەگۆیت بم کوێخام، سەفەرئاغا؟

لەسەرەخۆ، بەترس و لەرزەوە، هەنگاوێ دەڕۆیشت، هەنگاوێ ڕادەوەستا، گوێی بۆ دەوروبەر هەڵخست، بەرەو ئەو بن داری، کوێخای لێ نووستبوو، چوو. بێ ئەوەی سرتەی لێوە بێ، نەختێ لەولاترەوە ڕاوەستا. لەلایەکەوە

(١) مەبەست لە دۆموخڕات: دێموقراتە، نووسەر بۆ گاڵتە، بە زمانی گوندییەوە، کە زۆر وشە هەڵدەگێڕنەوە، وشەی دێموقراتی بە دەمیرقرات گوتووە، بەڕێکەوت واهاتووە، دەمیرقیراتیش بە تورکی واتا: ئەسپەبۆر ئاسن، واتا: ئەو سوارەی کە ئەسپەکەی ئاسنە و بۆرە. منیش بۆ لاساییکردنەوەی نووسەر، هێنام لە وشەیەک گەڕام بە کوردی لەگەڵ وشەی دێموقرات ڕێک بکەوێ و گاڵتەکەی تێدا دەرکەوێ. لە جیاتی (دێموقرات) گوتم: دۆموخڕات؟ واتا: دۆم و خەڕات، واتاکەی ئاشکرایە، بەڵام نووسەر کە دەڵێ دەمیرقیرات سواری ئەسپەکەی بوو، جوان هاتووە، کەچی بەکوردی ئەم فێڵە تەورییەیەی لێ پێک نایێ. دەبوو بە کوردییەکەیشی شتێکم لە واتای دۆم و خەڕات هەڵکڕاندایە، بەڵام هەر ئەوەندەم بۆ لێ هەڵکڕا- وەرگێڕ.

گوێدرێژە بەدارەوە بەستراوەکە سەری خوار کردبووەوە، ڕەق ڕاوەستابوو. کوێخا دەبوو لە نێوان هەردوو ژنەکەیدا نووستبا. چاوی قیچ کردەوە، سەحێکی کردەوە. جێگاکە بەرەو ڕەگی دارەکە ڕاخرابوو، ئەوەی بەدی کرد. لەناو جێگاکەدا سێ شتی خڕ هەڵتۆقیبوون. هەناسەی لە خۆی بڕی، دوو هەنگاوی دیکەشی هەڵێنا. ئەوجا بەپارێزەوە وەرسووڕایە پشت دارەکە، هات لە ژووری سەری جێگاکەوە ڕاوەستا. کوێخا سووک سووک پشووی دەدا.

خەلیلەپیر پشتی بە دارەکەوە دا. چاوی بڕییە جێگاکە. بەرەبەرە، نووستووەکانی نێو جێگاکەی چاتر بەدی دەکرد. قژە پرەکەی ژنە چکۆلەکەی، سەرینەکەی هەموو داگیر کردبوو. لایەکی دەموچاوی کوێخای داپۆشیبوو.

خەلیلەپیر هەرچەندی تێ دەڕوانین مچوڕکێکی بە لەشدا دەهات. بۆ بەخەبەرهێنانی، زۆری لە خۆ کرد، دوو جاران کۆکی. کۆکەکەی، وەک خۆی ویستی، وا دەرنەچوو. دەتگوت هەر لە زاریشیەوە دەرنەچوو، کۆکەیەکی وا بێ هێز بوو. لەم کۆکەیەیش هێند ترسا، مچوڕکی لەشی هێندەی تر زیادی کرد.

ترس و لەرز تا دەهات بە هەموو ئازای لەشیدا تەشەنەی دەکرد.

لە دڵی خۆیدا گوتی: «چ دەبوو تۆش وەک ئینسانانی دیکە میهرەبان و دڵنەرم بای، ئەوەندە مایە فیتنە و سەرەسۆدرە نەبوای. هەروەکو دڵی هەموو کەسێ نەرم دەکەم، بە دوو قسان دڵی تۆشم نەرم کردبا، ناو دڵ و دەروونتم کردبایە بە بەهەشت.»

دەیویست جارێکی تر بکۆخێ، کۆخەی لەبین گیرا. بیری کردەوە، گوتی، باشە ئێستا بەخەبەر بێ، بەخەبەریش دێ، بڵێ، ئەم خەلیلەپیرە تا خاک و پام هاتووە، ئەوەی تا دوێنێ، جوێنی بە هێسکە سەری باوکم دەدا، گوندییەکانی لە لۆکەچنین دواخستم. ئا، پاسەوان دەی! باڵبەستی کە، باڵبەستی کە و بۆ دۆموخڕاتی ڕاپێچ کە. لەگەڵ منیشدا یەک تاکە قسە ناکا.

بە دەستی ڕاستی، توند خۆی بە لکێکی دارەکەوە گرت.

هەستی کرد کوێخا لەناو جێگاکەدا وەرسووڕا، لە دڵی خۆیدا گوتی، هیزە

بەخەبەرهات. هیزە ماڵم وێران بوو، بەخەبەرهات.

لەسەر زەوییەکە خۆی خپ کرد. چاوی لە جێگاکە نەدەترووکاند.

قەدەرێ لە ژێر دارەکە خۆی حەشاردا، چاوەڕێی کرد. لە پاشان لەسەرەخۆ بە خشکەیی بە تاریکاییەکەدا وەرسووڕایەوە. بۆ ناو دەوەنەکانی پشتەوە.

ئەوەندەی لە دەستی دەهات سرتەی نەدەکرد، بەڵام کە دەستی، پێی، لە دەوەنێ هەڵدەکەوت، پێی وابوو وەک گرم و هۆڕێکی بەسامیان لێ هەڵستێ وابوو.

تا خۆی هاویشتە ناو دەوەنەکانی ئەولاوە ڕۆحی گەیشتە کونەلووتی. دڵی تەپەتەپی بوو.

کە گەیشتە پشت دەوەنەجارەکە نەختێ ئاهی بەبەردا هاتەوە، بەڵام هێند ماندوو بووبوو، لاڵ و پاڵ لێی کەوت. هەر لەوێ لەپەڕوو، لێی ڕاکشا. هەستی ڕاگرتبوو، بزانێ کوێخا بەخەبەرهات یان نا؟

هیزە وا بەرەبەیانە، دراوسێینە. هیزە کەوتمە بەختتانەوە.

هەستا، بە کۆمەکۆم لەناو دەوەنەکانەوە بەرەوخوار بۆ ناو شیوەکە شۆڕبووەوە. کە گەیشتە شیوەکە پشتی ڕاست کردەوە. ڕزگاربووبوو. بەسەر بەرد و چەودا دەڕۆیشت. هەرچەند پێی پێدا دەنان دەیکرد بە خرچ و هۆڕێ مەپرسە! دوورکەوتەوە.

تووشی زگ ئێشە بووبوو. هەر لەوراکە بۆی دانیشت. دۆخینەکەی کردەوە، قەوەتی کرد، پێی نەکرا، خۆی بە خۆی گوت، پیاو کە ترسا گووشی پێ ناکرێ. جا بەخەبەر هاتبا و بەردەستی کەوتبام؟ بەم نیوەشەوە هەزار ڕیسوایی دەبوو بە پوولێ. بەرەکەت دا، باش بوو ئاخرییەکەی، ئەم مێشکە بێ ئاوەزەی خۆم هێنایەکار، خۆم ڕزگار کرد.

ها لە پاش چەند، دوای خۆ خاڵیکردنەوە، بە چەند بەردێ خۆی سڕییەوە.

ناخی پڕبوو لە شادیی ڕزگاربوونێ، ئەوەندەی نەمابوو هەڵکاتە گۆرانییەکی بەسۆز.

ئاوێ بە ناوەندی شیوەکەدا بەرەوخوار دەبووەوە، یەک دوو جارێکی پێ تێ هاویشت، ئەنجا دانەوییەوە، چەند شڵپێ ئاوی بە دەموچاویدا کرد. نەختێ زیاتر بەخۆداهاتەوە.

ئاسمان ئەستێرەی لێ هەڵدەقولا. ئای کە ئاسمانی ئەم چقورئۆوایە ئەستێرەی تێدایە کورینە! ئای کە چەندیش دوورن. وان لەپەڕی دنیا. دەک ماڵت وێران بێ بۆ خۆت و ئەستێرەت.

تا ئاسۆ ڕوون بووەوە، بەکاوەخۆ، بە شەلەشەل، لە شیوەکە بەسەرکەوت. گوێی بە زەوییەوە نا، هەستی لە چواردەوری خۆی ڕاگرت. گوندی، تەواوێ، لە دوور بەجێ مابوون. لەسەر بەردێ دانیشت، دەستێکی بە ڕدێنیدا هێنا. دڵخۆشییەکەی زێتر بوو. لە دڵخۆشیی لاوێنی و هەرزەکاری دەچوو.

ڕۆژە هەڵاتووەکە ناو شیوەکەیشی ڕۆشنا کردەوە. ئاوە ڕەوانە، کەمە، چکۆلەکە بنی ڕۆشن بووەوە. لە ناکاو دەوروبەر نیشتە نێو تیشکی ڕۆژ. زۆری نەدەخایاند، دنیا گەرم دادەهات.

«زۆر شوکور خوای گەورەم، کە ڕزگارت کردم. دەنا، ئەو کوێخا بێ ئیمانە بە دەست و باڵی بەستراوەوە لەو ناو گوندییانەی فڕێ دەدام، گوندییش هەروا بە کاڵی دەیانخواردم. یاریدەری بێ دەستان، یاریدەری بێ زمانان، یاریدەری بێ پشت و پەنایان، ئەقڵت بە مێشک و هێزت بە ئەژنۆم بەخشی، ڕزگارت کردم، زۆر شوکور!»

دەستی بەرەو ئاسمان، دەمی بەحەواوە، لێوی تەتەڵەی دەکرد، قەیرێ هەروا دووعای کرد. دوایی هێواش هێواش دەستی هاتە خوار بۆ ڕدێنی. دەستی بە ڕدێنیدا هێنا. لە پاشان هەردوو دەستی وەک شکابن، یەک بەم دیو و یەک بەودیودا کەوتن. بەرەبەرە ڕەنگی پەڕی و هەڵپڕووکا. شادی و دڵخۆشییە لاوێنی و هەرزەکارانە تەڕ و تازەکەشی فڕی و ڕۆیی. دیسانەوە ترسێکی قورس و گران، دیسانەوە پەژارە و هەراسانی و بەڵای سەر، بۆش و بەتاڵی و تەنیایی و بێ چارەیی، لە ناوەندی دنیایەکدا، بە تاک و تەنیا مانەوە، لە جێی نیشتنەوە.

ئێستا لە گوندی بەدوور، لە مرۆ بەدوور، نە دۆستێ، نە ناسیاوێ. بەم کۆسارە ڕەق و تەقانەی خواوە پارووە نانێکیش نییە لە زاری نێ. بەم لەشە پیر و کەنەفت و کفتەیەوە بۆکوێ دەچوو، چی دەکرد؟

## ١٦

تاشباش ئۆغڵی بەر لە شەبەق بەخەبەرهات. داوای لە ژنەکەی کرد، ئەو شەرواڵەی بۆ بێنێ، کە لە قاچاخچییانی کڕیبوو و هەر لە شایی و داوەتاندا لە پێی دەکرد. لاگیرفانەکانی بە نەخش و نیگار چندرابوون، بۆی هێنا لە پێی کرد. کێهە کراسیش نەدڕابوو و پاک و تەمیز بوو، ئەوەی هەڵبژارد. تۆز و خۆڵی کاڵەکەشی سڕییەوە، وای سڕییەوە، بریقەی لێوە هێنا. گۆریە نەخشینەکانیشی لە بوخچە دەرێنا. لەم سەفەرەدا بۆ یەکەم جار دەست و دەموچاویشی بە سابوون پاک پاک شوشت، قەدەرێ بە سیپەرە پێناوییەکەی کاسکێتەکەیەوە خەریک بوو، ڕاستی کردەوە. تەزبییەکەی بە پارچە جاوێ جوان سڕییەوە، چریسکە چریسک دەچریسکایەوە. دەبوو قەڵەمێکی ڕدێنیشی کردبا... بەڵام نەیپەرژا، وەخت درەنگ بوو. ئاوێنەیەکی گیرفانی لە پێش خۆی دانا، قەدەرێ، تا بەری ئاسۆ ڕوون بووەوە سمێڵی بادا و ڕێکی خست. مانایەکی سەخت و پڕ بڕوای بە نیگای بەخشی لە ئاوێنەکەدا. بۆی جووت کرد، بێ چاوترووکاندن زەق زەق سەیری ناو ئاوێنەکەی کرد. ئینجا بۆ ئەوەی وەک سەرباز بەمەشق بەڕێوە بڕوا، چەند جارێ هات و چوو.

کە خۆی زۆر بەهەیبەت و شان و شکۆ هاتە بەرچاو، لە ئۆێکسز دورانی چڕی:

«ئۆێکسز، ئۆێکسزی دراوسێم، ئا بانگێکی وسوو و ئاشقە کەچەڵ بکە. بە سمەبۆریش بڵێ، با بێ. با کوڕی بێ کراسیش بێ. تەبدیلەوا و مستەفا ویجی ویجی و زەلەجە پیر و حەسەنە گواویش دەنگ دە، با بێن. مەحمودە گەڕ و موراد بێ کاڵە و تۆزۆ ڕەشەبایش با بێن. کێ لە خۆمانە، ئەوانەی چکێ پیاوەتییان تێدایە، با بێن.»

ئۆێکسز دوران گوتی:

«پێم گوتن، وا دێن.»

زۆری پێ نەچوو عـەشـامـاتێکی بنیـادەمـانـە بە خـاوخـێـزان و زاوزاتوولەوە لەنـاو شـیـوەکـە خـڕبوونەوە، هـەمـوو لێی دانیـشـتن. تاشـبـاش ئۆغـڵـی لەو کرۆکپییـەدا، دوای ئەوەی تەزبیـیـە دەنک درشـتـەکەی قـەیرێ بەدەسـتـەوە دا و تاوتووی پێ کرد، ڕاست بووەوە دەستی بە قسان کرد، گوتی:

«لەدەست ئێوە جاڕس و وەڕس بووم.»

بوو بە هـەرا. لە هـەر کەللەیێ ئاوازێ.

تاشباش ئۆغڵی، تا هـەراوزەڵەکە نیشتەوە تەزبییەکەی هەڵگرتەوە. چاوەڕێی کرد.

«لێـتـان بێـزار بـووم. بەرەوڕوو لەگـەڵ منـدان، جـوێن بە سـەفـەر دەدەن. سـێ بەسێ تەڵاق دەخـۆن نـەدەنە پاڵ وی، لەسـەر ڕێی ئەو نەڕۆن، کـەچی لە پاشـان بەرانبـەرتان لێ دەگـرێ، دوو قـسـەتان بـۆ دەکا، ئێـوەش سـەرشـۆڕ دەکـەن و بەدووی دەکـــەون، وەک نەبـاتان دیبێ و نەبـاران. ئەوە چـەند ڕۆژە لـە خـــوت و خۆڕایی لێروکانە گیرمان خواردووە چاوەڕێ دەکەین. جارێ لە پێشان دوای خستین، لە پاش ئەوەی کە خەڵکی تر زۆر لەمێژ بوو بەڕێ کەوتبوون. ئینجا لە پاشـان ئەمـەی لە ئەسـتـۆی خـەلیلەپیـر بارکـرد. بەڵێ لە ئەسـتـۆی ئەو پیـرە کەساسە.»

دەنگێکی نیوە تەوسامێزانە و نیوە دڵخۆشانە بەرزبووەوە، گوتی:

«خەلیلەپیر بەجارێ زەندەقی چوو، لەترسان سەری خۆی هەڵگرت، ڕۆیشت، بەو کێوانە کەوت، بۆ سبەینێ بووکەکەی بەخـەبەرهات، چی ببینێ خەلیلەپیر لەناو جێگاکەیدا نەمابوو، ئەم لا خەلیلەپیر، ئەولا خەلیلەپیر، نییە و نییە!»

تاشباش ئۆغڵی بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە لەسەر قسان ڕۆیشت، گوتی:

«لەتاو زوڵم و زۆری ئەو هەڵات، پیرە هەناسە ساردە. بەچیا کەوت. خۆ بە چاوی خـۆ دیتتـان. داخۆ چیی دیکەش دەبینن. کەنەفتە کەساسە. ئەمسـاڵ یا

مــەینــەتیی ئــەم هــاوینــەی چقــور دەکــێــشــێ، یــا دەمــرێ و دەبڕێتـــەوە. جــا بــا ئێستەکێ تێوگەیێنم، ئەو لەبەرچی دوای خستن؟»

بێ ئەوەی پشـووی درێژ درێژ بدا، چۆن بە هەڵچـوونێکی گەورەوە، بێ وچان هۆی لێرە گیر کردنیانی لە خەلیلەپیر گەیاند ئەوها لەوانیشی گەیاند.

لە پاشان گوتی:

«بە قــســەکــانم بڕوا کــەن! لـە شــوێنێکی زۆر ڕاســتگۆوەم بیــست. لەگــەڵ بەکرەشـێتدا قسـەیان کردووە، لەگەڵ گوندی ڕێک کەوتوون. با بڵـێین درۆیە، دەی ئـەگـــەر وایە بـۆچی لێـــرە چاوەنـۆڕیمـان پێ دەکـــا؟ هـیچ بیـــرتـان لـەوە کردووەتەوە؟»

کەسێ سەری هەڵنەبڕی، وەڵامێ بداتەوە.

تاشباش ئۆغڵی هەر بەو هەڵچوون و لەسەر سووربوونەوە، گوتی:

«دراوسێینە، من سبەینێ خزم و کەس و کارەکانم، هەر دەر و دراوسێیەکم لەگــەڵمـدا ڕێک کــەوێ و مـتـمــانەم پێ بکا، بەگــەڵەخـۆ دەدەم، بۆ چقــوریان دەبەمەخوار. دەچینە خوار، کێڵگە دەدۆزمەوە بۆ خۆمان. تا ئێستا، کێڵگەش نەماوە، نەگیرابێ، دەڵێن چی، با ئەزمـوونێکی بەخت و یەغبـاڵمان بکەینەوە. ئەمە هەر وا نابێ و هەر وا ناڕوا. ئەم کابرایە، ئەمە ساڵە ساڵانی نانمان لە خـوێن دەگـوشێ. کـەس هەیە لەگـەڵ مندا بێ؟ ئەوەی دێ، با بێ، ئـەوەی نایێ ئۆغری خێر بێ. چاک لە قسەکانم گەیشتن؟»

هەرا و زەڵەکە لە نکاو هێورییەوە، قەدەرێکی تەواو کپ بوو. لە پاشـان لەپڕ جــۆش و خــرۆشێ دەســـتی پێ کــرد. تــاشــبــاش ئۆغــڵـی بە چاوە تیــژ و پڕهیـواکەیەوە یەکە بـەیەکەیانـی بەسـەر کـردەوە. نیگای بـەسـەر هەمـووانەوە دەسووڕایەوە.

ئەم جۆش و خرۆش و هەرا و زەڵەیە تا دنیا گەرم داهات هەر بەردەوام بوو.

تاشـبـاش ئۆغڵی بەپێوە ڕاوەستـابوو، قسـەی نەدەکرد، تەماشـای دەکردن، تەزبییەکەی بادا و جغارە لەسەر جغارەی دەکێشا.

لە پاشان سمە بۆر هات بۆ کن تاشباش، گوتی:

«هاورێ، ئەو هەمـوو مـەودایە لایەنی کـوێخـام دەگـرت، بەڵام ئیـدی لەوە بەپاشێ دەدەمە پاڵی تۆ. هەق بەتۆیە. خوا یاریت دا. تۆ ڕاستی.»

لەم ماوەیەدا قەرەباڵغییەکە هەمیسان کپ بووەوە. خەڵکەکە چاویان بڕییە تاشباش و سمەبۆر. کە سمەبۆر لە قسان بووەوە، لێکرا گوتیان:

«سبەینێ هەموو دەڕۆین، کوێخا چ دەڵێ، با بڵێ، حەز دەکا با هەموومان بە هەڵواسین بدا، دەڕۆین.»

«کێرد گەیشتە هێسکان. بەسە ئیدی.»

«گوندیی دیکە وا دە ڕۆژە لۆکە دەچنن.»

«سەروەخت و کاتیش بەسەرچوو. بەڵێ لەمەوپاش دەچنەخوار، گوایە لۆکە دەچنین...»

«هێێیی هێی، چاک ڕزگار دەبین.»

«قەت لە ئاهی گوندی ڕزگاری نابێ.»

«لە ئاهی بێوەژن، بێ داک و باو، لە ئاهی ئەو کەساسانەی هێمان تووکیان لەسەر نەڕواوە. بێ دینی بێ ئیمان.»

«هەقخۆر خوێنخۆرە.»

«خۆی دەست بە قۆزاخە لۆکەیەوەکە نادا، پارەیەکی زۆر لە ئێمە دەستێنێ و بۆ گوندی دێنێتەوە.»

«ڕەنجی شانی ئێمەیە، خوێنی ئێمەیە.»

«سالانی ساڵ ڕووی ڕۆژی پیشان نەداین، ئەم کابرایە.»

«هەی قەت ڕۆژ نەبینێ.»

«هەر بەپاڵەوە هەردوو لای بڕزێ.»

«ڕەگ و دەماری شین و مۆر بێتەوە، خوێنی وشکاو بێنێ.»

«نۆ مانگ لەسەریەک لا بکەوێ.»

«بە لەرزوتێی حەفت ساڵان هێشک و ڕەق بێتەوە.»

«ڕووی لە هەرکوێیەک کرد لێی بکا بە با و بۆران، بە زمهەرِ و چلەی زستان.»

«ئەوەندە ئارەقە دەردا هەردوو باڵی گۆج بێ.»

«وا مەڵێن، وا مەڵێن دراوسێیەکان. پیاوێکی چاکە، پیاوێکی خاسە، بەڵام ئەم ڕەوشت و ئاکارانەی خراپن.»

«لای حوکومەت قسەڕۆیە، بەڵام لە کیسەی خۆی بەولاوە چیتر نابینێ.»

«خەیارۆک دەرکا. لالا بکەوێ. وەک خاک بچرووسێتەوە، ببێ بە خەزەڵ و بوەرێ، بەدەم ڕەشەباوە هەڵوەرێ. وای لێ بی سەگیش بۆنی پێوە نەکا.»

تووڕەیی و هەڵچوون ماوەیەتریش تف و لەحنەتیان بەسەر کوێخادا باراند. لەسەر ئەو بڕیارەی کە بۆ سبەینێ تێکڕا بچنە خوار بۆ چقور، یەک یەک و دوو دوو بڵاوەیان لێ کرد.

تاشباش ئۆغڵی زۆری لەم تووک و نزاو تف و لەحنەت و جوێن باراندنە بیستبوو. بەڵام ئەمجارە کە سمایلە بۆریش دابوویە پاڵی نەختێ ئومێدی پەیداکردبوو.

بەڵام کەسیشی بەدوا نەکەوتبا ئەو هەر ئەوەندە لە کوێخا جیابایەوە، هەر هیچی نەکردبا دەچوو تێکەڵ بە گوندیی تر دەبوو. هەینێ دەیانگوت گوندییەکانی خۆی قبووڵیان نەکردووە، بەدەریان ناوە، پیاوی وا چۆن خێری لێ دەوەشێتەوە، ئاخۆ دزە، حیزە، بە چاوی سووکیان تەماشا دەکرد، بەڵام چ دەبێ با ببێ.

هەرئەوەدەمی، لە ئانی قرە و هەرایەکەدا، کوێخا بەوەی زانی، کە سمەبۆر داویەتیە پاڵ ئەولا، لەداخان شێت و شوور بوو.

«کورە هەی نازانم چی، ئاخر کێ کیژەکەی لە بن کوڕگەل دەرێنای؟ کێ لە

بن جەندرمانی دەرێنا؟ کورە، ئاخر، دەنا دێ بەدێیان دەگێڕا. پیاو نەدەما لە تۆرۆس، لە ئوزوون یایلـە بەسـەریەوە نەگیـرێ. کـورە، من نەبوایەم دەکـەوتە کـارخـانەی ئەدەنەوە. یا لاشـەکـەیت لە پەنابەردێکدا دەدیتـەوە. ئەوەی پێنج مـانگان لـەو ناوشـاخـانە دەسـاودەسی پێ بکرێ، سـاڵێکیش، پێنج سـاڵیش دەساودەسی پێ دەکرا. ئەگەر ئێستا بە تاکە بیژییەک ئاوسە و هاتەوە، بەڵام هەینێ بە پێنج بیژی و بڕی سمێڵ بابڕەوە دەگەڕایەوە. سمایلەبۆر کەسیش نا تۆ؟ ئا بـۆمی بێنن، وەک سـەگ پەتـی کـەم و لە بن پێـمـی نێم. ڕدێنی دەسکەنە کەن، داودا و هەڵی کەنن، با وەکو گا بقـۆڕێنێ، ببـۆڕێنێ. ئـەمـەی پێ ڕەوایە دەیووسە.»

چاوی ئەبڵەق بووبوو، شیراندی:

«پاسەوان!»

پاسـەوان بەهەڵەداوان هات، لـە بەردەمیدا تـەمـەنایەکی کرد و چەقی، کابرا تووڕەییـیەکەی لەپڕ نیشـتـەوە، هۆشی بـەخـۆداهاتەوە. سرکەی تیژ زیانی بۆ کـووپەی خـۆی هەیە. هەروەها ئەوەی بە تـووڕەییـیـەوە هـەسـتـێ بە زیـانەوە دادەنیشت. مرۆ نەک بە ترۆ و تووڕەیی بە فـەند و هونـەر بەڕێوە دەبرێ. کوێخا خـدری باوکی پێی گـوت هیـچ کاتـێ تووڕەیی بە تووڕەیی نـاوەسـتـێ، تووڕەیی نەرمی دەیخا. ئەمە بکە بە گوارە و لە گوێی کە. باوی دەیگوت، تووڕەبوون بۆ کوێخـا نەهاتووە، ئەمە کارێکە تایبەت بە دەرەبەگ و حوکومەت و عوسـمانلی. ڕاست بوو.

لەپاسـەوان کردنە سـەر سمایلەبۆر پاشگەزبووەوە.

«سـەرەک پاسـەوان!»

«ئەمرکە گەورەم.»

«هـەرئێسـتـا باڵ دەگرییـەوە، شـەو دەخـەیە سـەر ڕۆژ، هـەروەها دەبی بە با. یەکڕاست بەرەوخـوار دای دەکێشی، دەگەیە ناو بەردە جـووتەکەی کوڕەکەی مـیـرئەلای. بـەکـرەشـێت ئاغـا دەبینیـیـەوە، دەڵێی، کـار لە کـار ترازا، هیـزە

فـریاکـەوە، بگە سـەرێ. بـێ سـێ و دوو با بـێ. ئەگـەر کـێـڵـگە و مـەزرای نەگیراویش مابوو، با هەر بێ. بەر لە بەیانی. با ئەمشەو بگاتە ئێرە. ئەسپێک لە ئاغا وەرگرێ، فریاکەوێ. یاڵڵا، یەس یام!»

وای لە سمەبۆر وای. ئادەمزاد بەقای پێ ناکرێ، شیری کاڵی خواردووە. کە ئەویش چووبێ، ئیتر کەسی وای بەدەستەوە نەمابووەوە بەقای پێ بکا. نە هەموو گوندییەکان نیوەشیان، سێ یەکیشیانی لێ دابڕێن هیچ لەگەڵ بەرەجووتی میرئەڵای زەبەللاحدا نەدەکرا. دەنا لێ دابڕانی زەلامێکیش زەدەی بە ئاوڕووی دەگەیاند. لەکن ئاغایەکان ئیحتیباری دەشکاند. هەموو کەسێ ئەوی بە باوکی گوندی، بە خۆشەویستی گوندی، بە باوئاغایەکی قسە بەدوونەبووی دەزانی. چارە؟ هەی مـاڵی خـۆت و دایکت و ژنت و ڕەگ و ڕەگەمام وێران کردی تاشباش ئۆغلی. ئاااخ هەتیوەکەی بلە کلکە سەگ. خۆزگە هەر لە ڕێگا مردبا، نەگەڕابایەوە، عەلکە داڵیتی کوڕی بلە کەچەڵی، دزی مەندەبووری، قەساوی بنیادەمی، کۆلانگەڕی، چڵکنی، قاچاخی یەمەنێ، ڕووتکەرەوەی سەرانسەری چقورئۆوا، تۆ ئەم هەموو کارەساتەت بەسەرهێنام. تۆ ئەم بەزمەت نایەوە. ئەگینا ڕەزالەتی وا بە بیری گوندی هەژاردا دەهات. خوا ئەسپەکەی تۆپاندی، ئیشەڵا گیانی خۆشت دەستێنێ، دەبێ ڕۆژی خۆت پیشان بدا. باخۆت و دایکە داوێن تەڕەکەت بێنە بەر دەمم. ئەوسا بزانە بە چ دەردێکت دەبەم. پەتپەتی چۆنت پێ دەکەم، تا عەقڵت بێتەوە سەرت. ڕاوەستە بۆم. تۆ وەرە. خـوای ژوور سـەران بەندەی خـۆی چاک دەناسێ. منیش دەیناسم. سەردڵت بەر گوللەیەک کەوێ ونجڕونجڕی بکا. هەرئەوەندەت بەسە. کاسە پڕ بوو لێی دەڕژێ، برادەر.

ئەم کارە ئیتر لەو کارانە نەبوو گوندی خڕکاتەوە و بە فشەفش و هەڕوگیڤ سـەربگرێ. دەبوو بیر لە نەخشەیەکی دیکە بکرێتەوە. ڕێگا بە یەک تاکە گوندی نەدەدرا دابڕێ، دەنا چۆن دەیتوانی لەگەڵ کوڕی میرئەڵایدا ڕووبەڕوو وەستابا. چۆن دەیتوانی چاوی بە چاوی کەوتبا. کابرا لەوانی دووزەردێنەی دۆموخڕاتان بوو. میری قسەی نەدەکرد بە دوو. نەیدەکرد و مەزراکانیشی

سەرلەبەر گەچۆڕ و شۆرەکات بوون. ئەوە چەندین ساڵ بوو بەرەجووتێکی بەبرِشتی وەچەنگ نەکەوتبوو؟ زەوی و زاری بەبرِشت نەبێ بۆچی لە خۆڕایی پارەی زیاد بدا؟ گوندی بۆ لۆکەچنین و زەوی وزاری بەبرِشت و چاک دڵیان لێ دەدا.

لە یەکبینە ناولەپی خۆی دەگەست. بیری لە چارەسەرێ دەکردەوە، نەیدەدۆزییەوە. دیسان رِکی هەستایەوە.

پێویست بوو جڵەوکێشی ئەم دەیووسانە بۆ ئێرە هێندرابان. لەبەرچاوی ماڵ و منداڵیان حەسیرمەیدان و تێلاترِێنێکی خەست و خۆڵ کرابان، گیانیان دەرکرابا. بەڵام نەدەکرا. ناتوانی تیرەی گوندی هەموو وەختێ بترسێنی. هەر ئەوەندە جڵەوی بۆ شل کرێ، ئەوە هەر لە هیچ ناترسێ، کە گوتی یا هەرِۆ یا مەرِۆ لە ملی بدرێ ناگەرِێتەوە(١).

بە کورِی میر ئەلای دەڵێم، هەموویان بۆ پۆلیسخانە رِاپێچێ... بەرەی گوندی لەخواترسن. بەڵام پیاوەکانی عیسمەت رِاناوەستن. بە سۆزی حیزبایەتییەوە یەکسەر دەبن بە پشتیوانی گوندی. وەک ئەم دەیووسانە برای باوکیان بن. کە ئیش سیاسەتی تێکەڵ بوو تێی هەڵدە.

تیرەی گوندی قەت چاویان نەکرێتەوە، بە هیچ شتێ ناتوانی بیانترسێنی. لە وەختی وادا سووردەزانێ بەرەو مەرگی خۆی دەچێ، کەچی هەر بەپیریشیەوە دەچێ.

ئێوە تەماشای سەر و فەساڵی ئەمانە کەن. توخوا تەماشا کەن. مێشی پێوە بنیشێتەوە نابێ بە هەزار پارچەوە؟(٢).

ئاااخ! دەبا وەختێکی دیکە بەدەستم کەوتبان، ئاااخ! جا ئەوسا ئەم چارە گرژ و مۆنییەم لێ دەپرسین، سەگ و سواڵینە.

تەڵێ دار بەتەنیا بەدەستەوە دەگری، تاقی دەکەیەوە بیشکێنی، هەروا

(١) (یا هەرِۆ یا مەرِۆ) لە ئەسڵەکە خۆیدا وا نووسراوە، بە کوردی.

(٢) واتا: هێند گرژ و مۆنە.

دەکەی دەشکێ. بەڵام ناتوانی گورزەدارێ بەو هاسانییە بشکێنی.

قەت ناتوانی دوو سەد شووڵەدار بەسەر یەکەوە، بەجارێ بشکێنی. جا ئەمانەیش ئێستا هەموو یەکیان گرتووە. قەتت بۆ ناشکێندرێن.

ئەمانە یەکەیەکە دەگیرێن. بەو جۆرەیان دێنیتە ڕەدایە، ئەدی وەنییە؟

بە زمانی خۆش مار لەکون دێتەدەر. ئەمە قسەیەکی بەجێیە، پێویستە نەرم، وەک ئاوریشم بی، توند و تیژی لە پاشان. ئەویش نۆرەی خۆی دێ. دەبێ تۆڵەی ئەم هەموو ڕۆژانەیان فتیل فتیل لە لووت بێتەدەر. بەڵام ئێستا دەبێ لەگەڵیان گیانی بە گیانی بی. هێند گیانی بە گیانی بی، ئەوی بیبینێ، ئەوی بیگێڕێتەوە فرمێسکیان لەچاو بێ.

فەخری بەگی دۆموخڕات چ دەڵێ؟ دەڵێ، ئیدارەچێتی و کارڕاپەڕاندن ئەوەیە، کە هەر شتە بە پێودانی باری خۆی بۆی ببزوێی. لە بارێکدا وەک پیاوکوژ، وەک ئەشقیا، وەک دڕندە، لە بارێکی تردا وەک مەلایەکەت، وەک ئەولیا، وەک مەلا قەرەتۆپاخلی بی.

ئەمە سڕێکە ئەقڵی هەموو پیاوێکی پێدا ناشکێ.

بانگی ژنە چکۆلەی کرد، «ئافرەت لە هیزەکان هەندێ دۆشاو و هەندێ ڕۆن دەرێنە شلکێنەیەکی بە دۆشاو و ڕۆنمان بۆ بکە. قاورمەکەش داخ کە. وا پێویستە زگم چاک تێرکەم. وە دەبێ بەرگی شەڕی حەزرەتی عەلیش لەبەرکەم. وەدەبێ وەک عەلی سواری ئەسپی دولدول بم و بە شیری ڕووتەوە بچمە بەر مەیدان. دژمن چواردەوری گرتووین لە چەمبەری کێشاوین. دەبێ لێیان ڕاسێین. شەڕێکی سەخت دەقەومێ. وای بەحاڵی ئەوە لەم شەڕەدا ژێر دەکەوێ. وای بەحاڵی، شۆخەکەم.»

ژنە وا پەشۆکا، لەوەتەی پێی هاویشتبووە ئەم ماڵە و پێی نەهاویشتبوویێ دەنگی مێردەکەی قەت وا خۆش و شیرن، قەت وا لە ناخی دڵەوە، وا نەرم و نیان بەرگوێ نەکەوتبوو. هەر لە شوێنەکەی خۆیدا ڕەق ڕاوەستا. دوایی شادی لە چاویدا بریقایەوە، زەردەخەنە گرتی. ڕوومەتەکانی بەغەمزە بوون.

چاوی گەشایەوە.

«نەختێ دەستوبرد کە سوڵتان، کارم زۆر لە پێشە ڕای پەڕێنم. شلکێنەکەیش ببرژێنە. شلکێنەی برژاو هێز و گوڕ دەدا بە پیاو. نانەسووتاو خواردنیش یەغباڵ دەدا. وایە شۆخەکەم؟ بۆچی وا ڕاوەستاوی؟» ڕاوەستابوو، زەردەخەنەکەی سەرلێوی هەروا دەبریقایەوە، خۆشی و شادییەکی تێدا دەڕوا، بەرەو هەست و خوستێکی خۆشی بێ سەروشوێنی ڕادەدا.

سوڵتان لە دڵی خۆیدا دەیگوت، قسەکانی کۆنن، گۆڕانێکی ئەوتۆیان تێدا نییە. بەڵام ئەی ئەم تام و لەزەتە چییە؟ ئەم سیحر و ئەفسوونە چییە وا تنۆک تنۆک دەزێتە ناو ناخیەوە و دەڕوێ و تەرز داوێ و فراژی دەبێ و سیحراوی دەکا. خواخوای بوو مێردەکەی قسەکانی نەبڕێتەوە، حەزی دەکرد هەر قسەی کردبا.

وای جووڵە لە خۆ بڕیبوو، دەیگوت نەبادا تامی قسەکانی ببزڕکێ، نەوەک سیحرەکەیان بەتاڵ بێتەوە. بێ وەی ببزوێ هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە دەستێکی بۆ تاوەکە درێژکرد، هێندێ ڕۆنی لە هیزەکە تێ کرد هێندێ دۆشاویشی لە هیزەکەی تێ کرد. خستیە سەر ئاگرەکە. دۆشاو و ڕۆن بۆن و بەرامەیەکی تیژیان لێ هەستا، توانەوە، هەڵقرچان. ئەنجا لە گوێ ئاگردانەکەی دانا، شلکێنەکەی تێ گوشی.

کوێخا قسەکانی بە «جوانت سوورکردەوە، دەستەکانت خۆش ئافرەت.» تەقەڵ دا.

ئافرەتی تاین ئیتر کەوتبووە ناو خەونێکەوە، هەر بیری دەکردەوە. هەروا بیری دەکردەوە و لە خۆشییان بزەی دەهاتێ. ئەمە قەت ئەو نییە، لە وەختی دڵداریشدا دەنگی وا نەبوو. دڵدارییەکی نرت و نوێی نەدیو و نەبیستراوی تێدا دەڕوا.

خواردنەکەی کردبووە لەگەنێکەوە، بە خۆشی خۆشییەکەوە بۆ پێش مێردەکەی درێژکرد. خۆیشی چوو بەرانبەری دانیشت. چاوی بڕییە دەمی. بەو

بوایە لە یەکبینە قسەی بکردایە. ئەو قسەی دەکرد و ئافرەتی لاو شەهوەتێکی تەڕ و تازەی بێ ئامــان تەنگاوی دەکـرد. بەداخــەوە دەبوو وەخــتـی وا شــەو بوایە.. لە جێی خۆی ئۆقرەی نەدەگرت، دەکولا، غەمزەکانی قووڵ قووڵ دەبوو.

کوێخا نانی خوارد، هەستا، ژنەیش لەگەڵی هەستا. کوێخا بەرەو ناو هۆبە و هەوارەکە چوو، بیری دەکردەوە، بیری لە دامەزراندنی شتی قووڵ دەکردەوە، لەسەرەخۆ ڕۆیشت. ژنە بە سەرسامییەوە لە دوایەوە تەماشای کرد. بە ئەشق و تامەزرۆییەوە.

لە پاشان هەروا لەبەرخۆیەوە:

«تۆیـەکی ئەم حــەمکە ئاکـار و ڕەفــتــارە جــوانە، ئەم هـەمــوو دەم و دووە شیرینە، ئەم دڵ و دەروونە گەرمەت هەیە، ئەی بۆچی هەموو وەختێ بۆ دەرەوە ناچی بەساقەی نینۆکت بم؟»

هەوەڵ کـار، دەبوو ئەو خــەلیلەپیـرە لە ترســان هەڵاتووە، بەچیـا کــەوتووە بدۆزێتــەوە. دەبێ لە ناوەندی گـوند بڵێم، ئامان خەلیل، تیرەی مـرۆ بێ هەڵە نابێ. باشـە چمان پێ گوتی، سەری خـۆت هەڵگرت، بەو چیا و چۆلی خوایە کەوتی؟ بەم حاڵی پیری و پێست بەهێسکەوە نووساوییەتەوە؟ مەترسە، گوندی هـیــچت لێ ناکـــەن. منیش دەست لە مـــوویەکت نادەم. تۆ یەکـــەم پیـــری گوندەکەمانی، لە تەمەنی باپیرماندای. زۆرت ڕەنج بۆ گوند کێشاوە. چ بوو، با ساڵێکیش لە ساڵان دوامان خەی. هەر لەشت ساغ بێ. خەیاڵ نەکەی، کەس ناتوانێ بڵێ برۆ بەسەر چاوتەوەیە.

بـەرەی گــــوند ســــاویلکەن. وەک منداڵ دەچن. بەم دڵدانەوە و بەتەنگەوە هاتنەی کەیفیان زۆر ساز دەبێ. بەڵام ئەم پیرە بەرازە چۆن بدۆزێتەوە؟

بەجۆرێ خۆی دەشارێتەوە قەت هەستی پێ ناکەی.

بە دەنگی بەرز وەک جاڕ بکێشێ، بانگی کوڕەکەی خەلیلەپیری کرد، گوتی:

«دوو لاو بەگەڵ خۆ خە، باوت بدۆزەوە، بیهێنەوە. پێشی بڵێ، ڕدێن سپی و دەمڕاستی گوند و کوێخامان لێت خۆش بوون. لە هەموو گوناهێکت بووردن،

گوندیش، سەرلەبەر، لە گوناهت خۆش بوون. ئەوەی هەڵە نەکا تەنیا هەر خوایە، نەترسێ. بەڵێنم دا. بچۆ بیهێنەوە. ئەمڕۆ تا ئێوارە دەبێ بیدۆزیەوە، بیهێنەوە.»

دەنگی هێشتان کاری لە پیاو دەکرد و پڕبوو لە دۆستایەتی.

کوڕەکەی خەلیلەپیر کە ئەم هەموو بەتەنگ باوکیەوە هاتنەی دیت، چاوی پڕبوو لە فرمێسک، گوتی:

«بەسەر سەرم ئاغام. بەسەر چاوەکانیشم. دەگەڕێم باوم لە هەر کونێ بێ دەیدۆزمەوە.»

کوێخا:

«کەساسە داخۆ چەندیش ماندوو بووبێ لە هەڵاتندا. دوو جحێڵیش لەگەڵ خۆتدا ببە، بەنۆرە لە کۆڵی کەن. هیزە پیرە بەپێیان نەهێننەوە، دەفەوتێ.»

«بەسەر سەرم.»

گوندییەکان لەولاوە ڕاوەستابوون، سەریان لە گۆڕانی دەنگ و تامی زاری و نەرم و خاویی حاڵی و ڕەفتار جوامێرانەی کوێخا سوڕمابوو و سۆسەی ئەوەیان دەکرد، کە داخوا کاسەکە چ کاسەیەکی دی لەبندا بێ و چۆن دەک و دۆلابێ بگێڕێ، هەروا چاوەنۆڕ بوون.

کوێخایش ورد و درشتی بزووتنەوەی گوندی تاقیب دەکرد، بیریان لە چی دەکردەوە، چییان دەکرد، چییان بڕیار دابوو، هەمووی دەزانی، هەنگاو بە هەنگاویانی دەپێوا، هەموو ڕەفتار و حاڵێکی تەرازوو دەکردن. کە ئاوڕی دایەوە کیژێکی منداڵی چڵکنی چڵم تا ناودەم شۆڕبووەوەی دیت. لە دڵی خۆیدا گوتی، بەڕاستی دەعبایەکی پیسە، پیاو هێڵنجی دێتێ. تف بەڵام لە هەزار دایک و باوکی وا دا. ئەم بەرەی گوندییە قەت فێرە مەدەنییەت نابن.

ئەم کیژە، کیژی مچە زەرد بوو. مچە زەرد ساڵانی ساڵ چاوەڕێی منداڵی دەکرد، پاشان خوا ئەمەی دابوویێ. هێێیی خوای گەورەم، کێ دەتوانێ دەست لە کار و کردەوەت وەردا؟ مچەزەرد کە دەزانێ منداڵەکەی کیژە، لە پێشان

ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ، زمانی دەشکێ، لەپاشان نوقمی دڵخۆشییەکی بێ ئەندازە دەبێ. دەڵێن ڕووی زەوی پیاوێکی دڵ بەکیژ خۆش بووی دیکەی وەکو ئەوەی بەخۆیەوە نەدیوە. کیژ چڵکی دەستە. دەیشۆی دەڕوا. دەڕوا وەجاخی کوڕی خەڵک ڕوون دەکاتەوە. بەڵام کوڕ جا هەیە وەک کوڕ؟ جوانترین گڕ و بڵێسەی وەجاخە. تا دنیا خرا دەبێ وەجاخت هەر ڕوونە.

ئەندێشەیەک وەک بروسکە، لەپڕ هات، یەکسەر کچەکەی هەڵگرت، یەک دوو جاری بەحەواوە سووڕاند، ئەنجا لە قەڵاندۆشکانی کرد، ڕێ و ڕاست بەرەو ماڵی مچە زەرد چوو. کچە چکۆلە سەر و قژی، کراسە جاوە چڵکنەکەی بەری بەمت و مووررووی شین، بە قۆپچە و دوگمە کۆن و تەتکە و پارچە شووشە ڕازاندبووەوە. لاشانێکی لەبەر نوشتەی چاوەزاران بەدەرەوە نەمابوو. سەلکێ سیر، دووپشکێ لە مت و مووررو، هەندێ ڕیقنە مریشک، وەک نوشتە لەناو پارچە جاوێکی ڕەشدا سێ گۆشە کراو، جووتێ هێسکە کاژێرەی ڕەشمار... هێسکێکی باریکی تر کە، شاخی شاماری پێ دەڵێن، ئینجا ڕیزێ دوگمە، چەند کەفە دەریایەکی ڕەنگاوڕەنگ... کە گەیشتە ماڵ کچەی لە قەڵاندۆشکانی داگرت. بە قێز و هێڵنج هاتنەوە ماچێکی ڕوومەتە چڵماوییەکەی کرد، ئەوەندەی نەمابوو بڕشێتەوە. چاوی قووچاند. کە کیژەکەی بۆ دایکی درێژ کرد، پشووێکی قووڵی دا. ڕزگاری بوو.

«ئەم کیژە جوانی جوانانی سەر دنیایە، با جارێ توولەک بێ، جا بزانە چۆن ئاگر لە دڵ و هەناوی هەموو لاو و جحێڵی گوندێکی زل و زەلام بەردەدا، بزانە سەری باوی، سەری ئەم کاک مستەفا زەردە، چۆن تووشی هەزار بەڵا دەکا.

دەستی بە سەر و قژی کچەدا هێنا:

«با زوو توولەک بی، گەورە بی، لە دنیا و دەوروبەری خۆت بگەی. کچی وا جوان لە مچەزەردەڵەیش دەکەوێتەوە؟ کاری خوایە، موعجیزەیە کاکە، موعجیزەیە. بەرەی دایکی جوانن، دەبێ چووبێتەوە سەر خاڵوانی.»

مـچـەزەرد پشـتـی بە دارێکی چکۆلەوە دابـوو، دانیشـتـبـوو. هـەرکـە چاوی بە کوێخا دەکەوێ و ناکـەوێ بەرزەپێ ڕاست دەبێتەوە زۆری پێ دڵخۆش دەبێ، لە کەیفـان لالغاوی تا بناگوێی دەچێ، بە خـۆشـەویسـتـییەوە سـەیری دەکا، لە دڵی خـۆشـیـدا دەڵێ: «دیسـان کـارێکت پێـمـە بەدمـەزەو، ئەگـینا تۆ کـچـی منت لەباوەش دەکرد و بۆ ماڵی من دەهاتی؟ وەنەبوایە هـەر سـەیریشت دەکرد، هـەی کوێخا ئاغام؟»

بەڵام وێڕای ئەوەش زۆری هـەست بـە شانـازی کـرد. بەخـۆوەنازینی دەهـاتێ. بە دەنگێکی هـەرە خۆش و هـەرە لە دڵەوە، دەیگوت:

«فەرموو، فەرموو کوێخا ئاغام.»

کوێخا دانەنیشت، بە ڕووێکی خـۆشـەوە بۆی گـرژایەوە و تێ پەڕی، تەنانەت ئەوەندەش زۆر بوو بۆ مچەزەرد.

دەسەسڕەکەی دەرێنا دەم و لووتی پێ سڕییەوە. ئیتر منداڵ و مەزنی گوند، ژن، پیـاو هـەرکـەسـێکی تـووش دەهات چاک و چۆنـیی لەگـەڵدا دەکـرد، دڵی دەدایەوە، ئەملاولای ماچ دەکرد.

ئەوەی بەم جـۆرەی دەدیت لـە دڵی خـۆیدا دەیگوت: «ئای کـافـر، دیسـانەکـە کارت بە گوندییە. هەر دەڵێی مەلایەکەتە و لە ئاسمان هاتووەتەخوار...»

پاش ئەوەی بەم جۆرە یەک دوو سەعات بەناو گونددا، دەخولایەوە، گەڕایەوە بۆ ماڵێ. تـەنانـەت بۆ ژنە قەیرەکەیشـی هـەر دەگرژایەوە و لێوخـەندەی دەهـاتێ. شـــتـی وا لـەم ســـاڵانـەی دواییـــدا هـەر هـیچ هـیچ ڕووی نـەدابوو. ســـەربـار، دەسـتـیـشـی گـرت، بەڵام دوای ئەوەی هـەر چـوار دەوری خـۆی سـەح کـردەوە و سەیری کرد ژنە چکۆلەکەی خەریکی منداڵەکەی بوو.

ژنە چکۆلەی منداڵەکەی لـەناو لانک بوو و هـەسـتـابووە سـەر پێیان، سـەفـەر ئاغا چوو منداڵەکـەی لە لانک دەرێنا، دەستی بە لاواندنەوەی کرد، مـاچی کرد، بۆنی پێـوەکرد. هـەر نـەیدەبڕییـەوە... ئەمـەیش لـەوکـارە بەدەگـمـەنانەی بـوو کـە قەتی بەخۆیەوە نەدیتبوو.

کە زانی دەوروبەر کڕ و کپ بوو، دنیا چۆڵ بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە ماڵی سمەبۆر. کە چاوی پێ کەوت، بەجارێ شڵەژا. ڕەنگی پەڕی. بۆخۆیشی نەیزانی چ بکا؟ هەر فەرمووویشی لێ نەکرد. کوێخا یەکسەر تەقاندی، چاوەڕێی فەرمووی ئەوی نەکرد. لەسەر نوێنە کەڵەکەکراوەکان دانیشت.

«ئەمە چ حاڵە سمایل ئاغا؟ بێ بەڵا بی. بۆچی لووتت لێ خوار کردووین؟ باوکمان کوشتووی؟ گوتم با بچم سەرێکی سمایل ئاغای خۆمان بدەم، بزانم چ دەکا؟ گوتم با خەبەری بدەمێ، خەمی نەبێ. کێڵگەمان بۆ گێراوە لە چقورئۆوا. بەکرەشێت ئاغا هەر کە گەیشت و نەگەیشتە ئێروکانە یەکڕاست دەچینە خوار بۆ ناو لۆکە... بەرەی گوندی سەبر و بردەبارییان نییە. نازانن ئاکامی بردەباری سەربەخێرە. بەکرەشێت ئاغامان ئەمڕۆیش نەگات، سبەینێ هەر دەگات. کێڵگە لۆکەی هێند چەورمان بۆ دەدۆزێتەوە کیسەمان پڕدەبێ لە بەرەکەتی حەزرەتی خەلیل ئیبراهیم. وەی باوە وەی، پیاو ڕۆژێ پەنجا کیلۆ لۆکە خڕدەکاتەوە. ئەدی کو سمایل ئاغا، کوڕی پوورە گەورەم. ئەوەی پێی دەڵێن گوندی زوو بەفیتی ئەم و ئەو فریو دەخوا.»

سمەبۆر نەڕەوینەوەی سەرسامی و شڵەژاوییەکەی هێشتا بە دەم و چاوەوە دیاربوو. هەرگیز تەواشای کوێخای نەدەکرد، ئەو سەرەی دای خستبوو، هەڵی نەدەبڕی. هەردوو کوڕەکەی و ژنەکەی و کچەکەیشی لەولاوە ڕاوەستابوون، سەریان داخستبوو.

کوێخا لەپڕ قسەکەی بڕی، ڕووی لە کچە کرد، بەدەستی بانگی کرد، گوتی:

هەستەوە وەرە کنم کەسی مامی کیژە جوانەکەم هەستە وەرە نزیکمەوە. لەبەر تۆ هاتم. دەنا لەسەریان دابام جارێکی دی چاوم بە چاوی سمەبۆری پوورزای هەقم دەکەوتەوە، بەڵام چ دەکەی؟ سەرشۆڕی تۆم. دە هەستە، وەرە بەرانبەرم دانیشە، بزانە چیت پێ دەڵێم. ئەوانەی ئەو کارەساتەیان بەسەرت هێنا، هەروا بە سووک و سانا بەسەریانەوە ناڕوا و لە دەستم قوتار نابن. مانگ ڕادەبرێ، ساڵ بەسەردەچێ، بەڵام من هیچ شتێ، هیچ خراپەیەک

لەبیرناکەم. ئەوانیشم لەبیرنەکردووە. دەبێ سزای گرانی خۆیان بکێشن. من بۆ هەموو شتێ چاوەڕێی نۆرە و دەرفەتی خۆی دەکەم. کاری بێ نۆرە و دەرفەت وەک پیازی بێ سەرک دەچێ. تەنیا هەر لاسکەکەیت بەدەستەوە دەمێنێ. جا ئەمڕۆ، دەقاودەق نۆرەی خۆی هاتووە. ڕەنگە دڵیشت عێجز بووبێ، بڵێی لە بیری کردم، وەیە کیژم؟ عێجز مەبە، عێجز مەبە کیژم. من لەو پیاوانە نیم کاران پشتگوێ خەم. من نامووسم هەیە کچم. دڵێکم هەیە وەک کێو، کێوێ ئاگری گرتبێ، بووبێ بە یەک پارچە گڕ و بڵێسە. ئەوەی پەڵە بخاتە سەر نامووسی گەورە و گرانی گوندم وەک مێروو دەیفلیقێنمەوە ها. فلیق فلیق دەیفلیقێنمەوە! ئەمن گوندیم، نامووسی گوندیم، کیژی جوانی گوندی ناکەم بە پێخوستی سەگی بیانییان. تا بە سزای خۆیانیان نەگەیێنم سەر و دڵم ئاسوودە و سووک نابێ، ئا، وێوە وەرە، هاااا... وەرە بەرانبەرم، جوان و زەریف دانیشە. دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. باویشت وا نەزانێ، هاتووم لەبەرت بپاڕێمەوە. من لە خوای گەورە پێوە لەبەر کەس ناپاڕێمەوە کیژم. ئەویش لەبەر هەندێ، کە ئینس و جن و ئەرز و ئاسمان و هەرچی هەیە و نییە خۆی دروستی کردوون بۆیە... لەبەر هەندێ، کە لە سەرووی نۆ ئاسمانەوە ڕاوەستاوە سەیری ئەم هەموو دنیایە دەکا، بۆیە دەتوانم نەختێکی لێ بپاڕێمەوە. ئەگینا لەوەی بەندە بێ... کەس بەخەیاڵیدا نەیێ... هەروەها لەو، هەروەها لەوجۆرە شتانەیش... نەترسێ. ئەو با دوای خواستی خۆی بکەوێ. من، بیر لە شتی وا ناکەمەوە. وێروەتر وەرە. بەرانبەرم ڕوونێ. ها، ئەوهە، کەسی مامی.»

کچە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، هات لەسەر زەوییەکە، بەرانبەری دانیشت، چاوی داخستبوو.

«کچم، خەیاڵ نەکەی، ئەوانەی ئەم کەتنەیان بە تۆ کرد، کارەڕاتێکیان بەسەردێنم، دنیا سەری لێ سوڕ بمێنێ، چەرخی گەردوونیش واقی لێ وڕ بمێنێ. بحەپەسێ. لاڵ بێ. لەم چقور ئۆوایە دۆموخڕاتی پایەبڵیند، حوکومەتی گەورە، بەرتیلخۆری ژیر و ئاقڵی زۆر لێن. مەسەلەی تۆ بوو بە کوانی سەر

دڵم. تا لەزیندانیان توند نەکەم، لە کونە ڕەشەکەوە زیتەی چاویان نەیێ، چۆن دڵم دادەکەوێ... قەت خەوم لە چاو ناکەوێ. جا، با سمەبۆر، هەر گوێ نەداتێ. ناموس ناموسی ئەو نییە ناموسی خۆمە. ناموسی گوندیی گەورە و گران و سەربەرزمە. من لە هەموو شتێکی گوند بەرپرسیارم. کچم تۆ سەیری باوکت مەکە. ئەو، خوا تووشی بەڵای سەری خۆی کردووە. ئەو گوێ ناداتێ. ئەو بۆی قووت دەچێ، بەڵام من بۆم قووت ناچێ. جا هەرئەوە مابوو بڵێن کیژێکمان لە گوندی کوێخا سەفەرەفەندی هەڵگرت. پێنج مانگانمان تەقاندەوە، کەسیش گونی نەگرتین. قەت شتی وا دەکەم، ئەمە بڵێن. کوڕە هەی ماڵ کاول ئەمە کارێکی زۆر چەپەڵە، سبەی، دووەیەک دەگەڕێنەوە گوند، ژنی بەمارە و تەڵاقمان لە بندا نایەڵن. دەیانبەن دەیانبەن بۆ ئەو کەژ و کێوانە. پێنج مانگیان دەگێڕن، دەیانتەقێننەوە. ئەوانی دیکەیان دە مانگان گێڕان. کچ و ژنمان پێوە نایەڵن. خوا ئەو ڕۆژە نەکا. جا، سەبارەت بەمە من، قەت نایەڵم ئەم کردەوانەیان هەروا لە خۆڕایی بەسەرەوە بچێ کیژم.

«جا هەنووکە وا هاتم بۆ کنت، هەرچییەکت بەسەرهات، جاری پێشوو، چۆنت بۆ گێڕامەوە، ئەمجارەش لە نووکەوە، ورد و درشتیم، سەرلەنوێ، بۆ بگێڕەوە. هیچت لەبیر نەچێ ها. منیش هەرچییەکی تۆ دەیگێڕییەوە دەیکەم بە عەرزوحاڵێکی ورد و باریک و دەیدەمە دەست حوکومەتی بەرز و گەورەی چقورئۆوا، ئەوەی بێخوێنێتەوە و وەک ژنان، وەک منداڵان، بداتە فیشک و هۆڕی گریان. خۆت بەسەرهاتەکەم چۆن بۆ دەگێڕییەوە منیش بەو جۆرەی لە دەفتەرە بۆردا یاداشت دەکەم، ئەوی بیخوێنێتەوە جەرگ و هەناوی بکەوێتە ناو زاری و لەتلەت بکەوێتە خوار.

خۆ ڕەنگ نییە شارستانی لە کارێکی وا باخەبەرکەی، هەر یەکسەر دەست بە گریان دەکەن. دوایان بڕێتەوە دڵیان زۆر ناسکە. لەبری وەی بەزەیان بێتەوە، با ئەو کافرانە، بەژن و منداڵەوە، بە نێر و مێوە، بەلاو و پیرەوە ڕاپێچن لە زیندانە جێگا سەخت و ئاسێکەی قۆزانیان توندکەن. وا توند کرێن، ئیتر جارێکی کە بەرەڵا نەکرێن. سمەبۆر چ پەکی پێ دەکەوت کچم، وا

بۆ ئەو کەژ و کێوانەیان بردی و لەوێ کوشتباتیشیان. ئەو کەی خەمخۆر و مەینەتکێشە؟ ئەو کابرایەکی قزەی ترسەنۆکە، بێ دەمارە. کچم. بەدەمار بوایە وازی لە کوڕی پووری خۆی دێنا، جوێنی بە پوورزای خۆی دەدا، لەگەڵ غەوارە و بیانی دەستی تێکەڵ دەکرد و یەکی دەگرت، بەفیتی ئەوانی دەکرد، سەیری چارەی ئێمەمانانی نەدەکرد؟ هێێیی هێی، ئەو خوێنی ئاڵی بە شادەماردا گەڕابا، کاری وای دەکرد.. دەچوو سلی دژمنەکانی تۆی سارد دەکردەوە... دە دەست پێکە کیژم، دەست پێکە، یەکە یەکە بیگێڕەوە، با سمەبۆر، لەوەی لەگەڵی کردووم، شەرمەزار کەم.»

کچە سەر و سوورەتی سوور هەڵگەڕابوو، ئەوسەرەی نەویی کردبوو، هەڵی نەدەبڕی. ئەشکەنجە و ئازارە ئەزەلییەکە دیسان دەستی پێ دەکردەوە. دڵی لە نێو قەفەزەی سینگیدا وەک چۆلەکە هەڵدەپلی.

کوێخا بێ وچان دەیپرست، زۆری لە کچە دەکرد. کچەیش هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا و زۆری دەدایە خۆی دەمی نەیدەهێنا شتێ بڵێ. نەختێکی پێ نەچوو سەرتاپا لە ئارەقەدا شەلاڵ بوو.

کوێخا ئاخرییەکەی، خۆی نەگرت، نەڕاندی:

«قسە مەکە، تۆش کچی ئەو سمەبۆرە نیت؟ تیرەی ئێوە هیچ کاتێ خوێن لە دەماریاندا نەگەڕاوە و ناگەڕێ. تۆ بەسەرهاتەکەی خۆتم، یەکە یەکە، بۆ نەگێڕییەوە، ئەی من چۆن لە دۆموخڕاتی چقوورئۆوا بگەیێنم و بەگریانیان بێنم؟»

دایکی کچە لەناکاو هاتە پێشێ. لەتەنیشت کچەوە دانیشت. بەقارەوە لە شان و شەپێلکی گرت، دەستی بە پرسیاران کرد.

هەرکە کوێخا دەهات حاڵ و حیکایەتەکە لە کچە ببێ، هەموو جارێ کارەکە وای لی دەهات.

دایکی کردی بە قیڕ و هۆڕ، قیڕەی لەوسەری وارگەوە دەبیسترا،

گوتی:

«عەمرت نەمێنێ! سەر و فەساڵت خواتەوە، بیگێڕەوە بۆ مام سەفەرت، یەکە یەکە بیگێڕەوە. خۆ زمانت نەبڕاوە. بیگێڕەوە، با دەست و ئەستۆی ئەو بێ دینانە بە کۆت و زنجیر کردن بدا. با بە دۆموخراتی گەورەیش بڵێ، بە ڕەگ و ڕەچەڵەکیاندا بچێتە خوار و تۆویان وشک کا. بە دایەرەکانەوە، بە حوکومەتەوە، دەرکە بەدەرکەیان پەلەکێش کا. قسە بکە بۆ مام سەفەر ئاغات، دەی. کێ لە دەرد و خەم هەڵڕشتن گەزەن و زیانی دیوە... تۆ سەیری دەمی باوکت مەکە کچەتیو. ئەو دژمنی ئەمماڵەیە. ئەو هیچ کارێکی لەدەست نایە. کارێکی لەدەست هاتبا، ئەویش وەک پیاوی خەڵک پیاو با، هەڵبەتە هەموویانی بەر گوللە دەدان و دەچوو لە زیندان لێی دەکەوت. هەینێ منیش نەک ئەوها بە سەرشۆڕی، بگرە بە سەربەرزییەوە، تا مردن، لە ژوورەوە، وەک گوڵم بەخێو دەکرد. دە بیگێڕەوە دەی، جاری پێشوو چۆنت گێڕایەوە، ئێستاکانیش ئاوهای بگێڕەوە. مام سەفەرت بۆ خۆی دەزانێ چۆنیان دەرۆست دێ. مادامێکی حوکوومەتی گەورەی دۆموخرات هەبێ... بەرتیل ناخوا، هەق پێماڵ ناکا.»

سەفەر:

«دە بێژە کچم، وەک ئەوڕۆژەی لە دەستیانم ساندییەوە، چۆنت یەکەبەیەکە بۆ گێڕامەوە، ئێستایش هەر ئاوهام بۆ بگێڕەوە؟ ها نەبوو؟ ئەوڕۆژەی کە جەندرمەکان هاتن. ئەوێ جارێ دوادواییەکەییت جوان هێنایەوە، نەبوو، ها؟ ئەوەبوو، کە دەتگێڕایەوە، دەگریای، دەلەرزیت. وەک ئەوێ ڕۆژێ بگێڕەوە. ئاخ، ئاااااخ من هیچم لەبیر نامێنێ کە... قسەکانی ئەوێ ڕۆژێم لەبیر مابان، لە ئاغاکانی چقورئۆوام گەیاندبان، دەیزانی چییان بەسەر دێنان. ئەوێ جارێ تۆ گێڕاتەوە، من لەرزم هاتێ، گریام، توخوا وەکو ئەوێ ڕۆژێی وەگێڕە.»

کچە سەری بەرزکردەوە، بە چاوی تەڕ و لێ پاڕانەوە و سەیرێکی کرد، لە پاشان سەیرێکی دایکی کرد، دوایی سەیرێکی باوکی کرد، ئەنجا سەیرێکی هەردوو برا هەرزەکارەکانی کرد کە لەلاوە ڕاوەستابوون.

که نیگای کیژه بەسەر براکانیەوە لەنگەری گرت، هەرزەکارەکان بەکاوەخۆ لەوێ هەڵبڕان.

دایکه لە تاوان جێگەی بە خۆ نەدەگرت.

«دە بڵێ وەجاخ نوغرۆبوو. ئێستا شەرم دەکەی؟ کارەساتە و بەسەرت هاتووه. هیچ چارەیەکی تری هەیە؟»

کوێخا دەنگی نەرمتر و سۆزناکتر کردەوە:

«منداڵەکەش مرد، ڕاستە؟ بە مردوێتی نەتبوو؟ وای ڕۆڵەی بێ چارەم!»

کچە بەدیاردیی سەر گوتی، بەڵێ.

«وەی، وەی، وەی دنیـــا؟ مـن زۆرم دڵ بـه منداڵی بێ باو و کـــەسنەناس دەسووتێ، زۆرم بەزە پێدا دێتەوە.»

دایکه بەجارێ هەڵچوو، لە پیلی گرت، وەخت بوو لەبەریەکی هەڵتەکێنێ. مستەکۆڵەیەکی کافرانەشی لە پشتی سرەواند، گوتی:

«پیاوێکی زل و زەلام، پیاوێکی هێندەی دنیا گەورە و گران هاتووه، چاوی بڕیوەتە زارت. دە بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕەوە، دەی، با دۆموخڕاتەکەی چقورئۆوا دەمیان بدڕێ. ئێستایش وان بەدەستی چقورئۆواییەکان، لەوناو کێڵگانە دەیانگرن، دەیانهێنن. لۆکەشیان پێ ناچنن.»

کوێخا بە دەنگی قورس و تێرەوە، دەم و چاوی هەڵگلۆفت، گوتی:

«پێیان ناچنن، نە لۆکەیان پێ دەچنن، نە کارێکی دیکەشیان پێ دەسپێرن، ڕایان دەپێچن، دەیانهاوێنە کونەکەوە. ماڵ و منداڵیشیان پەرێشان دەبن، لە دەشت و دەران، لەو ڕاسـانی چقورئۆوایە سـەراسیمە و سـەرگـەردان دەمێننەوە. کیژەکانیشیان دەگرم، دەیاندەم بەدەست هەرزەکار و لاوانی چقورەوە. سەرانسەری چقورئۆوایان دەگێڕن، دەیانتەقێننەوە. ئێستا تێ گەیشتن بۆچی هاتوومەتە بەردەرکەتان؟ لەبەرئەوە. نێرێ کینەی لە دڵدا نەبێ نێر نییە. ئەوەی گڕ و بڵێسەی تۆڵەی لە دڵدا نەگرێ پێی ناڵێم پیاو. کەس و کار، خزم و خوێش، غیرەتی گوندیی نەبێ لەناو بەرەی ئینساندا جێگای نییە.

دە بڵێ، کچم! دە بڵێ دەی، دڵ و هەناوی دۆموخڕاتی چقورئۆوا بهێنمە نێوزاریان. دە بڵێ! نازونووز مەکە! بۆ تۆمە، من بەپەرۆشی تۆوەم.»

سمەبۆر هەر لە شوێنەکەی خۆی وەستابوو، ڕەنگ و ڕووی هەرتاوێ بەجۆرێ دەگۆڕا. جارێ کەیفی دەهاتەوە، هەندێ جاریش کە قایم دەستی بەیەکدا دەدا، دیاربوو زۆر ڕکی هەڵدەستا. هەر لە شوێنەکەی خۆیدا چۆکی دادا و هەڵکورما.

کچە سەرلەنوێ سەری هەڵبڕییەوە. بە چاوی لێ پاڕانەوە و لە پێشان سەیرێکی کوێخا، لە پاشان سەیرێکی دایکی دوایی سەیرێکی باوکی کرد. ڕەنگی بووبوو بە سوورێکی پەمەیی. هۆنەهۆن ئارەقەی دەردەدا. بە ئەنگوچکی دەموچاوی سڕییەوە. سمت و کەفەڵی ناو شەرواڵە دۆقە ڕەش فش و فۆڵەکەی لەسەر زەوییە ڕەقەکە پان بووبووەوە. سەرپۆشەکەی سەری ڕاست کردەوە،

گوتی:

«ئیتر ئاوها بوو، ئاوها قەوما. لەسەر پەرێز بووم. باوکم چووبوو بۆ کن مام ئۆککەش، بیهێنێ خەرمان شەنەبا کەن. وا زوو نەگەڕایەوە، درەنگی پێ چوو. ئیتر ئاوها ڕووی دا.»

قسەکانی بە کەل و کۆمی شرت و پرت دەکرد. لە پاشان بەجۆش هات،

گوتی:

«ئیتر ئاوهابوو. کە باوکم ڕۆیشت، منیش دەستم بە خەرمان ماڵین کرد. وسووە کەچەڵێک لەو گوندە هەیە، کوڕێکی هەیە، ناوی برایمە. ئە، ئەوە. هەمیشە بە بەردەرکەماندا تێ دەپەڕی. ئەوساڵە گوندەکەی ئەوانیش لە نزیک ئێمەوە لۆکەیان دەچنی. ئیتر ئاوابوو. منیش ئەوم دیت. ڕۆژێکیان بەرۆکی گرتم، گوتی، کیژێ، من باوکم دەوڵەمەندە و دەسڕۆیە. مێردم پێ دەکەی؟ منیش هیچم وەڵام نەدایەوە. خەریک بووم خەرمانم دەماڵی، لەپڕ لەناو دەوەنەکانەوە دوو زەلام دەرپەڕین. ڕوانیم یەکێکیان ئەو کافرەیە. هیچیان پێ

نەگوتم. یەکراست لە پیلم نەوین، ڕایان پێچام. نەمزانی بۆ کوێم ڕادەفڕێنن. بوو بە شەو...»

لێرەدا بەجارێ شپرزە بووبوو، هەڵوێستێکی بۆ کرد و کڕ بوو. کە کڕ بوو دایکی تێوەی ژەند. کوێخاش ڕووی گرژبووبوو، چاوی زیت بووبووەوە. تفی قووت دەدا.

«کە شەو داهات لە ئەشکەوتێکی گەورەی تاریکی پڕ لە شەمشەمەکوێرەیان کردم. لەپێشان ئەو کافرەیان هات بەلامەوە. هاوارم کرد، شەڕم کرد.»

کوێخا سووکە مچوڕکەیەکی پێدا هات، خۆی بەلای کچەکەدا لار کردبووەوە، چاوی لەدوڕ چاوی بڕیبوو، گوتی:

«دوایی؟ توخوا ئێرەی باش بگێڕەوە. هیچت لەبیر نەچێ. شەرم مەکە! ئەمە دایکتە و ئەوەیش باوکتە، منیش هەر بە باوکت حسێبم. لە باوکیشت لەپێشتر دادەنرێم. دە قسە بکە دەی، ئێرەی بەسەرهاتەکەمان زۆر پێویست دەبێ. بەم کارەساتە دەڵێن بێ بنکردن، پەردەی کچێنی دڕین. تاوانی بەلای قانوونەوە، بەلای دۆموخراتەوە یەکجار گەورە و هەستەمە. لە قانووندا جێگەی خۆی هەیە. مەوەستە، قسە بکە!»

«هاوارم کرد، زریکاندم، لەپاشان هاوڕێکەیشی هات بۆلام تا پێش بەرەبەیان خۆم بەدەستەوە نەدا. لەگەڵ تاریک و لێڵەدا چەقۆی لێ دەرکێشام، گوتی ئیتر کوشتنت واجبە، هەی قەحپە. چەقۆی لە هاوەڵکراسەکەم نا، بەجارێ دای تلیشاند، کراسەکەی سەرتاپا دڕاندم. ڕووت و قووتی کردمەوە، جلەکانی بردم لە زارکی ئەشکەوتەکە ئاگری تێ بەردان. پڕم دانێ ڕزگاریان کەم سەری نەگرت.»

کوێخا مچوڕکەکەی زیادی کرد:

«ئێرەی باشە. دەبێ ئێرەی بۆ حوکومەت چاک ڕوون کەیەوە. قانوون دەق لێرەوە دەیگرێ ئەڵڵاهـ! ئەڵڵاهـ! ئەڵڵاهـ! وای دەگرێ قەت بەری نادا و نادا. جل و بەرگ سووتاندنی کچێک و وەک تازە لەدایک بووبێ ڕووت و قووت کردنەوەی

تاوانێکی زۆر گەورەیە. دە دەی، دوایی، دەی ئیتر چی لێ کردی؟ دە بڵێ دەی! دە دەی! دە بێژە!»

کچە وردە وردە بەدەم حیکایەت گێڕانەوەکەیەوە شەرم و شکۆی ڕەویبووەوە، پشوو سوارییەکەی خاوبووەوە و تەواو چووبووە ناو جەرگەی باسەکەوە.

«کە جلەکانم پێ قوتار نەکرا، ڕام کرد، چووم خۆم لەبن ئەشکەوتەکە شاردەوە، خۆم گرمۆڵە کرد. کافرە لەدوامەوە دایە قاقای پێکەنین.»

کوێخا:

«هەی بێ دینی کوڕی بێ دین! توخوا ئەمە ئیشە؟»

ددانی چیڕ کردەوە.

«پاش ئەوەی دایە قاقای پێکەنین، گوتی، کچێ هۆو، وا ئێمە دەڕۆین. مادامێکی خۆت بەدەستەوە نەدام، دە برۆ دەی، بەو ڕووت و قووتییە خۆخۆت بگەڕێوە بۆ گوند. لێیان دا ڕۆیشتن. دەنگیان برا منیش گوتم، وا ملیان شکاند ڕۆیشتن، لە کوڵم بوونەوە، لە ئەشکەوتەبۆر بەدەرکەوتم. بەهەڵەداوان بەو ڕووت و قووتییە ملی ڕێگام گرتبوو، هەڵدەهاتم، هەر هێندەم زانی لە پەنا دەوەنێکەوە خۆیان لێ مات داوم، پێ دەکەنن. هەڕام کرد. لەدواوە پێم گەیشتن، دەست بە چەقۆی ڕووتەوە. گرتمیان، سەرلەنوێ بۆ ئەشکەوتەکەیان گێڕامەوە. ئەو کافرە بەهاوڕێیەکەی گوت، ئەم کچەتیوە لە تۆ دەپرینگێتەوە. بۆیە خۆیم بەدەستەوە نادا. دەنا ئێستا کردبووم بە ژنیش و هەمووشتێ برابووەوە. یانی چی خۆی بەدەستەوە نادا؟ گوتی قابیلە شێت بێ. تۆ بچۆ بۆ گوند، نانێ، خۆراکێکمان فریاخە. ئەو لێی دا ڕۆیشت. هەر ئێمە ماینەوە. لێم پاڕایەوە. من هەر خۆم بەدەستەوە نەدا، لە پاشان هەردوو چاوی وەک شێت و هاری لێ هات. کە چاوم بە چاوی کەوت تۆقیم. سوێندی لێ خواردم، خودا یەکە و نابێ بەدوو، دەتکەم بەژن، باڵ بگرییەوە باڵت دەشکێنم. منیش، چیت لێ بشارمەوە...» تفەکەی قووت دا، نەیگوت.

کـوێخـا هەسـتـایە سـەر پێ و دانیـشـتـەوە. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. بە دەنگێکی کەرخ و خنکاوەوە:

تۆیش لەژێریدا ڕاکشای؟»

«لە چاوی تۆقیم، چاکەتەکەی داکەند، ڕای خست. بەزۆری زۆردارەکی پاڵی خستم.»

کوێخا:

«گریانێ، لەقەفرکێیەک، جرتێ، فرتێ؟»

«گریام، هاوارم کرد، فـیزاحم کرد، لەقـەفرکێم کرد، گـوتم، نابێ، ناکرێ. گوتم، برۆ لە دایک و باوکمم داواکە. گوێی نەدامێ و نەدامێ.»

«چی گوت؟»

«نامەخوا، شێت و شبر بووبوو، ئاگای لە هیچ نەمابوو. لە چاوی ترسام.»

«ئێ؟ لە پاشـان؟ ئێرەی خراپە. ئەی گـازێکت لێ نەگرت؟ دەگژی ڕانەچووی؟ هەروا بە سووک و سانایی خۆت بەدەستەوە دا؟»

کـچـە سـەری شـۆڕکـرد. لەودەمـەدا ڕەنگی لە پەمـەییـیـەوە بوو بە کـارەبای زەرد.

«بیلێ! بیلێ! بیلێ! چۆن چۆنی بوو؟»

کوێخا غەزەب گرتبووی، بە بیلێ بیلێ زەندەقی کچەکەی بەجارێ بردبوو.

«دە بلێ چ بوو؟»

«لە پاشان لە پەل و پێ کەوتم. جووڵەم نەکرد.»

«هەر هیچ هیچ جووڵەت نەکرد؟ هیچ هیچ؟»

«هەر چاو قووچاندن و لە پاشان هاوارکردنەکەمم لەبیرماوە.»

پاشـانەکێ چ بوو؟ ئێرەی جارێکی تریش بگێڕەوە. جارێکی دیشی بلێوە. ئێرەیان زۆر گەرەکە.»

«پاشانەکونێ، هەستا، جوان و زەریف لەتەنیشتم دانیشت. هەناسەبڕکێی بوو. منیش لە دەست و پێ کەوتبووم.»

کوێخا قیژاندی، گوتی:

«ئێرەی نا، ئێرەی نا. ئەو شوێنە بڵێوە کە وەختێ ڕاکشای. ئێرەی حسێبە. ئەو شوێنەی کە دەق قانوون دەیگرێ.»

کچە چاوی هەڵبڕی. بە سەرسامییەکەوە سەیری چارەی کرد و بێدەنگ بوو.

کوێخا چەند جارێ هەستایە سەر پێیان و دانیشتەوە. ئارامی لەبەر بڕابوو. بیلامانێ قنگی توێتکەی نەدەگرت.

«کە لە دەست و پێ کەوتی لەسەرت پاڵ کەوت. وابوو؟ تۆیش ڕووت و قووت لەسەر گازی پشت ڕاکشابووی. بەدەستت مەمکەکانیشت نەشاردەوە؟»

کچەکە وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەدایەوە. دایکی هەمدیس تێوەی ژەند.

«قسە بکە، عەمر کورت، تازە قەوما و ڕابرد. لە چی شەرم دەکەی کەس لە حوکومەت شەرم دەکا؟ ئا ئا، لە جیاتی ئەوەی ورد و باریک هەمووی بۆ بگێڕیتەوە و ئەو کافرانە بە سزای خۆیان بگەن زمانی لاڵ بووە.»

کوێخا:

«ڕاستە ڕاستە، بڵێ کچم، بڵێ با...»

وەک بووڕابێتیەوە وابوو. «دە بڵێ با...»

کچە بە دەنگێکی لەرزۆک و شێواو و بە سام و حاڵێکی پەشێو و پەرێشانەوە سەری هەڵبڕی، بە چاوی نائومێدانەی کەسێکی بۆ لەسێدارەدان ئامادەکرابێ و هیچ هیوایەکی بە ژیان نەمابێ، بە چاوی شەکەت و ماندوو پڕ لە پاڕانەوە و تکای کەسانێکی ئەشکەنجە و ئازار بکێشن، دیسانەوە تەماشایەکی کرد.

دایکی هەمدیس قایم تێوەی ژەند.

کچە بە دەنگێکی نیوە مردووەوە، دەبیسترا و نەدەبیسترا، گوتی:

«لەسەرم ڕاکشا. هەناسەی هەموو لەشی سووتاندم. پڕووکام. جووڵەم نەکرد. تەنانەت دەستیشم نەبزوواند. دوایی هێند پێشا، هێند پێشا... هاوارم کرد. لەسەرم لاچوو. ها لە پاش چەند، کە چاوم هەڵێنا، سەیرم کرد بەتەکمەوە دانیشتووە، هەناسەبڕکێیەتی.»

«ئەویش ڕووت و قووت بوو؟»

کیژە چاوی داخست:

«هەر ڕووت و عوریان؟»

«عوریان.»

کوێخا تفی زاری هیشک بووبوو. نەجارێ و نە دوو جار و نە سێ جار، لە یەکبینە گێڕانەوەی ئەو شوێنەی پێ دووباد دەکردەوە.

پرسی:

«لەشی ئارەقەی شین و مۆری دەردابوو؟ ئازای لەشی؟ تۆیش ئارەقەت کردبووەوە؟ وەختێ بە خۆت زانی لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبووی؟ وا بوو؟»

کچە بە ئیشارەتی سەر گوتی بەڵێ.

کوێخا دوای ئەوەی کە دەماری نەختێ خاوبووبووەوە ئارەزوو هەوەسی دامرکایەوە، لەسەر پێخەفەکان جوانتر دانیشت و پێیەکی خستە ژێر خۆی، گوتی:

«لە پاشان، لە پاشان چ بوو؟ من ئەوەندوکۆکەیم نەدەزانی. یا لە بیرم کردووە. من خۆم دەزانم چییان بەسەردێنم. دەبێ هەڵواسرێن، هەڵواسرێن، نابێ ئەمەیان هەروا بەسەرەوە بچێ.»

دایکە کڕووزایەوە، گوتی:

«سەفەر ئاغام بەقوربانت بم، نابێ بەسەریانەوە بچێ. چی تریان بەسەر ئەم تولفە نەهێناوە. دە بڵێ کچم بڵێ.»

سمەبۆر لە شوێنەکەی خۆیدا کرووشکەی کردبوو، وەک ماستی مەییو، فزەی نەدەکرد. وەک گوێی لەو قسانە نەبووبێ و هەر لەوێش نەبێ وابوو. هەر دەتگوت بەردێکە و لەوێ توور هەڵدراوە.

کوێخا بە دەنگێکی هێدییەوە گوتی:

«لە پاشان؟ لە پاشان؟ لە پاشان؟»

دایکی گوتی:

«شەو بوایە کچەکەم جوانی دەگێڕایەوە، سەفەری مامی، هەینێ تۆیش گوێت لێ دەگرت، یەکسەر هەڵت دەکردنێ، دەتکوشتن...»

کوێخا:

«دە قسە بکە کچم، قسە بکە. ئیشم هەیە. دەبێ، وردی تێ بگەم...»

وەختە بڵێم دەنگی دەرنەدەچوو. دەتاسا.

کچە دەنگی کپتر بووەوە.

«لە پاشان هاوڕێیەکەی گەڕایەوە. لە دەست و پێ کەوتبووم، گێر و گەواژ بووبووم، نەمدەتوانی بستێ لە شوێنەکەی خۆم ببزووم. لە پاشان کە هاوڕێیەکەی هات، ئەو کافرە بۆی دەرچوو، ڕۆیشت.»

کوێخا قسەکەی پێ بڕی، گوتی:

«ئێرەییت لەبیرچوەتەوە. ئەوساکە دەتگوت، پێش ئەوەی هاوڕێیەکەی بگەڕێتەوە جارێکی دیکەشم لەگەڵدا دروست بوو. ئیدی لەپاش ئەوە وەکو مردووم لێ بەسەرهات. بەجارێ بڕستم لێ بڕا. ڕاستە یان نا؟ هیزە لەبیری نەکەی! ناوێ ئیفادەکەت جارێ بەی تەرحە و جارێ وەی تەرحەی بێژی. نابێ زووان بگۆڕی. ئەگەنە نەجاتیان ئەوێ. یێژن درۆ ئەکا.»

کچە بەهێواشی ترەوە:

«ئیتر ئاوابوو. وەک مردووم لێ هات. ئەو کافرە کە ڕای کرد و ڕۆیشت، ئینجا نۆرەی هاوڕێیەکەی هات، ئەویشم لەگەڵدا جووت بوو. گوتم باوکت چاک

مەکە، دایکت چاک مەکە. گریام، پاڕامەوە، گوتم، من بووم بە ژنی ئەو، ئەمەم لەگەڵدا مەکە. ڕەحمی پێ نەکردم. گوێی بە لاوە و لالانەوەم نەدا. ئەویشم لەگەڵدا دروست بوو. لە پاشان مانگێ زیاتریان لە ئەشکەوتەکە هێشتمەوە. نوێن و پێخەفیشیان هێنا. مانگێکی خشت هەر جاری یەکێکیان... جل و پۆشاکم نییە هەڵێم، قوتار بم. شەوانە، یەکێکیان دەنووست، یەکێکیان ئێشکی دەگرت.»

کوێخا دیسان، وردە وردە، گەرووی وشک دەبوو.

«چاوت هەڵێنا، نواڕیت هاوڕێیەکەشی وەک تازە لەدایک بوو، ڕووت و قووتە؟ وایە»

«ڕووت و قووت.»

«دوایی؟»

«بە مام سەفەرم بڵێم، دوای مانگێ سەیرم کرد، چوار هەرزەکاری تریش هاتن. کراسێکیان لەبەرکردم، بۆ ناو لێڕەکە ئالاگوێمەچیان بردم. لەوێندەر، لەو چیایانە لە ماڵێکیان دانام. دیسان ڕووت و قووتیان کردمەوە. ئەوانیش لەوێ زۆریان گل دامەوە. لە پاشان پێنج زەلام هاتن، لەوانیان ساندم حاڵی بزووتن و بەرێوە ڕۆیشتنم بەبەرەوە نەمابوو. لەکۆڵیان کردم. بۆ شیوە گورگیان بردم. لە شیوە گورگ، لە ماڵێکی، بە لێدان و تێ هەڵدان سەمایان پێ کردم، تەقاندمیانەوە، ڕەقاندمیانەوە لەوێشەوە ڕەوانەی چیتیلی ئۆغلانلییان کردم. لاو و هەرزەکارانی چیتیلی ئۆغلانلی لەسەرم بوو بەشەڕیان، یەکێکیان لە یەکێکی دیکەیانی دا. حەواڵەی جەندرمەیان کردم. مانگێکی ڕەبەقیش لە خزمەت جەندرمە مامەوە. ئەو کافرە هات، گوتی، ئەمە ژنمە، بردمی. دیسان بۆ ئەشکەوتەبۆری گەڕاندمەوە. زۆری زگ پێ دەسووتام، گریا. زۆری خزمەت کردم. ڕۆنی هێنا، هەنگوینی هێنا، خۆراکی چاکی دەرخوارد دام. بە مانگێ بەخۆمدا هاتمەوە، بوومەوە بە تۆپ. بەلام هێشتا جل و بەرگی نەدەدامێ خۆم پۆشتە کەمەوە. ڕووت و قووت بووم. پێنج مانگی ڕێک

بەرگ و پۆشاکم بەبەرخۆمەوە نەدیت. کە چابوومەوە کوڕگەل لە ئاواییەکانەوە دەهاتن، دەیاندیتم. سبەینانێ، تەماشام کرد تۆ هاتی مام سەفەر. هەر کە چاوم پێ کەوتی و نەکەوتی بەسەر پێتدا کەوتم. لەبیرت دێ؟»

کوێخا بە پەژارەیەکی زۆرەوە کە بە دەموچاویەوە ئاشکرا بوو، گوتی:

«کە لە پێش زارکی ئەشکەوتەکەدا بە ڕووت و قووتی بەسەر پێمدا کەوتی من چم کرد؟»

کچە سەری بڵندکرد، بە چاوی پڕ لە منەتبارییەوە سەیرێکی کوێخای کرد:

«تۆیش یەکراست، پاڵتۆکەت لەبەر داکەند و بەسەرتدا دام. دوایی لەبەرت کردم.»

«لە پاشان؟»

«تا بوو بە شەو، لەو سەرچیایە چاوەڕێمان کرد. تۆ دەمانچەکەت دەرێنا، پاست کردم کەس نەیوێرا توخنم کەوێ. کە بوو بە شەو ئیتر بەرەو ماڵێت هێنامەوە.»

«خۆت بڵێ کچم، توخوا بەو ڕووت و قووتییە پەنچەیەکمت بەرکەوت؟ خوا نەخواستە هیچم لێ کردی؟»

کیژە دیسانەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە، بە منەتبارییەوە سەیرێکی کرد.

«من نەهاتبام، نەمدیتبایەوە چت بەسەر دەهات؟ بە زگی پڕیشەوە؟»

کیژە گوتی:

«دەمردم، هەر لە سەرمان ڕەق دەبوومەوە.»

کوێخا ڕاست بووەوە، بەرەو سمەبۆر چوو. سمەبۆر سەری هەڵبڕی. سەیرێکی کرد، ڕەنگی هێند پەڕیبوو، هیچ شتێکی بەدەموچاوەوە نەدەخوێندرایەوە. تەنیا چاڵی چاوی نەبێ کە هەریەکە تنۆکێ فرمێسکی تێدا قەتیس مابوو.

کوێخا دانەوییەوە، دەستی خستە سەرشانی سمەبۆر، ویستی هەڵستێ،

بۆی نەکرا. لە پاشان دەستی بە زەوییەوە گرت، ڕاست بووەوە.

کوێخا چاوی لە دورِ چاوی چەقاند:

«کچەم چۆن لە دەستیان ساندەوە، ئەوانیش ئاوها پەرێشان دەکەم، کارێکیان بەسەردێنم، با بەسەر دەواری شـڕی نەهێنێ. کارەساتێکیان پێ دەکەم سەرلەبەری خەڵک واقیان لێ وڕبمێنێ، بڵێن، کوێخا دەبێ ئاوهابێ، باوکی گوند بێ، ئاوها بەڕاستی خەمخۆری خزم و کەس و کاربێ، ئینسان بێ. خۆ بە گوێی خۆت گوێت لە قسەکانی کچە بوو. ئیتر لەمەوپاش برۆ لەگەڵ خەڵکیدا یەک بگرە. واز لە من بێنە و لەناو خەڵکدا پشتی پوورزای خۆت چۆڵ کە.»

دیسان قایم دەستی لەسەر شانی دانا و ڕای تەکاند. سمەبۆر بێ ئەوەی ورتەی لە زار دەرێ لەوێندەر دوورکەوتەوە.

ژنەیش ڕاپەڕی، چوو بۆلای مێردەکەی، دەیگوت:

«تۆ برۆ دوای کوڕی تاشباش کەوە. من لەگەڵ منداڵەکانمدا دەچمە ژێر داڵدەی مام سەفەرەوە. ئەو تۆڵەیەی تۆ پێت نەسەندرایەوە، ئەو دەیسێنێتەوە.»

شیڕاندی:

«پاش ئەو چاکەیەی ئەو لەگەڵیدا کردووم، لە ملیشم بدەن خوێنم بەلای کوێخادا ڕێ دەکا. گوێت لێیە سمایل؟»

کوێخا گوێی لەمە بوو، زۆری پێ خۆش بوو. گوندییەکانی نزیکیشیان گوێیان لێ بوو.

کوێخا یەکڕاست چوو بۆ ماڵی ئویوز ئۆغلان، ئویوز ئۆغلان هەمیشە لە وارگە بەدەر، دوور لە خەڵکەکە باروبنەی دەخست. دەبوو بە ڕۆژ ئەوانی دوور لە وارگەی بەسەر کردبایەوە بە شەویش ئەوانی دیکە. ئەوانی دڕ و چنگوڕگ تیژتر.

لە دوورەوە بانگی کرد:

«هێێێی مەحموود، لەوێی؟ وا دێم بۆ لات.»

مەحموود هەستا، کەیفخۆش بوو، کوێخایەکی زل و زەلامی گوند بۆ ماڵی دەهات، بۆ خاک و پای دەهات.

بەپیرییەوە چوو، گوتی «لێرەم مامە، فەرموو.»

کوێخا لە کەیفخۆشییەکەی مەحموود خافڵ نەبوو.

«ئێـێـێی، دە بڵێ، بزانم چۆنی مەحـمـوود، کوڕم؟ تۆیش بۆ کۆبوونەوەکەی تاشباش چووی؟»

مەحموود شڵەژا:

«نەخێر! ئەستەغفیرەڵا، ئەستەغفیرەڵا! من لەگەڵ مام کوێخای خۆمدام. ئەو لە کوێ بێ منیش لەوێم. بڵێ بمرە، دەمرم، بمێنە دەمێنم. ژنەکەشم هەر وایە. منداڵەکانیشم هەر بەو جۆرەن.»

خڕەخڕ خۆی دەخوراند.

مەحمووده گەڕ تەواوبوو، بەڵام دەبوا نەختێ لە ماڵەکەی دانیشتبا. دڵی پێ خۆش دەبوو هەژارە. چینی هەژار هەر ئەوەندە نەختێ ڕووی خۆشیان بدەنێ، دەڵێی هەموو دنیات پێ بەخشیون.

گەیشتە هەوارەکەی. لە مەنجەڵێکی کەل و کۆم شووشە ئارەقێکی پڕ لە ڕۆن بترازێ هیچ لە هەوارەکەی مەمووده گەڕدا بەرچاو نەدەکەوت. ڕووت و قووت و بێ زادوزەواد هاتبوو. ماڵەکەی گوندیشی لە هەوارەکەی تێروپڕتر نەبوو... بۆش و بەتاڵ.

بیری کردەوە، ئەم چینی دەستەوسان و هەژارە چەند باشن. بەڵام خوا نەکا نەختۆکەیەک شتیان دەس کەوێ، ئەسپێیان تۆزۆکەیەک خوێنیان تێ گەڕێ، لووتیان ئاسمان دەسمێ. خودا ددانیان بداتێ، نینۆکیان نەداتێ. ئەمانە بۆ ئەوەی کە هەمیشە وا بە باشی و مەحسوومانە و پاک و ساوایانە بمێننەوە، پێویستە ڕووناکیی ڕۆژ نەبینن. هەر بۆیەش خوا نایانداتێ. دەڵێ نەبادا تێک بچن. کوێخایەکی زل و زەلام تەشریفی بۆ ماڵی هێنابوو، ژنەکەی ئویوز

شـــپـــرزه بوو. پارچه پەڵاســێکیــان نەبوو ڕایخــا، لەســەری ڕوونێ. دامــاو و بێچارە، وشک بوو.

کوێخا گوتی:

«دانانیـشم خـوشکێ، گـوتم هەروا بەســەرپێـیـە کـەوە، بچم، بزانم کـوڕە شێتۆکەکەی خۆمان لەچدایە؟ هێشتا ئەو دەردە ناسۆرە هەر دەکێشێ؟»

ژنە چاوی قووچاند. سەری داخست.

«بیستم، بە دەردی منداڵەوەیش گلاوە، ڕاستە؟»

ژنە دیسان سەری داخست.

جلەکـانـی شـڕوپڕ بوو. پێـیـە زەلامــەکـانـی ڕەش ڕەش، شــەقــار شــەقــار بووبووەوە. منداڵەکان ڕووتوقووت بوون.

«هاتم پێت بڵێم، ئەم زسـتـانە، کـە گەڕاینەوە بۆ گوند، سـەیرێکی سـەرلق دەدەم، لەبەری دەپاڕێمـەوە، بتکا بە سـەرباز. خـوا باوکت بگرێ، کەوا تەمـەنی بە بچووک نووسیوی. هەر پێویستیشی کرد تەمەنت گەورە دەکەم. ئەم زستانە بێ لام و جووم سـەربازی. کە چووی بۆ سەربازی، لە نەخۆشخانەت دەخەن، جـوان و زەریف چارت دەکــەن، وەک تازە لەدایک بوو، دەتکەنەوە بە گــوێزی سـاخ. خۆ مـستغ دەناسی، کوڕەکەی کەچەڵیش هەر دەناسی. ئـەمیـان ئەو دە سـاڵە و ئـەویان ئەمـە پازدە سـاڵـە گـەڕن و سـیـلاوین. کـوڕی پێـژنیش، وەلی نیوداشـتـیش هەر وابوو. کێ گەڕ و سـیلاوی و دیقـاوی نەبوو... تەمـاشـام کرد ئەمـانە چاکبـوونەوەیان نییـە، وەڵا ڕاست ناردمن بـۆ سـەربازی. بۆ سـەربازیم ناردن، لەوێ چاکیان کردنەوە. وەک جوانوو لە سەربازی گەڕانەوە. ئەم بابەتی گەڕی و سیلاوییەتییە نەخـۆشییەکی پیس و گەمارە. لە سەربازی بەولاوە چیی تر چاری نـاکـا. ئەمـســاڵ لۆکـە زۆر خـڕکـەوە، نەرمم و ئەم ســەرە خـۆش بێ، زسـتـان دەتکەم بە سـەرباز. ئینجـا کە بـە ودم دەگـەڕێـیـەوە دەچیـە خـزمـەت قومـاندان، دەڵێی ئەمـە حاڵ، ئەوە حیکایەتی ماڵی ئێمەیە. دەڵێی، ژنەکـەشم و منداڵەکانیشم لە خـۆم بەربادترن. جا هـەینێ قـوماندان شـووشـەیەکی گەورەت

دەرمـان دەداتـێ، دەیهـێنـی، لە ژنەکــەی دەســوی، لە مـنداڵەکـانـی دەســوی، یەکاویەک چا دەبنەوە. دەمـەوێ ئەم بـاوکـایەتییـەت لەگەڵدا بکەم. ئەمـە شـەش ساڵە تووشی ئەم گەڕییە هاتووی، وە نییە؟»

مەموود بە شانازییەکەوە پێ کەنی، گوتی:

«لەمێژە.»

لەپاشان لە کوێخا نزیک کەوتەوە:

«هیـزە مـامـە، تـۆبە و هـەزار ئیسـتـغـفـار! من قـەت لە ڕێی تۆ لا دەدەم؟ خـوا دەکـا تۆ ئەمـسـاڵ دەمکـەی بە سـەرباز... ڕۆژێ زووتر... دەبم بە بەنـدەی ئاڵقـە لەگوێت.»

بە دەنگێکی گڕ و قەبەوە، سەری ڕاوەشاند، گوتی:

«دەتکەم، دەتکەم.» و لێی دا ڕۆیشت.

هـەر لە سـەرووی ماڵی گـەڕەوە زەڵەجە بوو. دۆسـتێکی فـرە گیـانـی وەگیـانیی کـوێخـا بوو. زەڵەجـە خـەریک بوو، هـەندێ شـتـی لە لەگـەنێکدا دەشــوشـت. سـەرنجی لێ گیـر بوو. زەجەڵە ژنێکی زۆربێژی، گـوێ بە کـەس نەدەی، کـەس بەگـەن نـەکـەری، سـەربەخـۆی، ئاغـای مـاڵی خـۆی بوو. بەردی قـەڵایـەکی سـەخـتگیـر بوو. مـاڵ و مـوڵکی زۆر بوو. کـێڵـگە و بەرەجـووتی خـۆی هـەبوو. مـێـردی نەبوو، منداڵی نەبوو. خـزم و کـەسـیـشـی نـەبوو. مـێـردەکـەیان پاش بەزاوابوون بە مانـگێ بۆ سەربازی بردبوو، جارێکی دی نـەگەڕابووەوە. ئەویش ئیـتـر شـووی نەکـردبووەوە. زەوی و زاری خـۆی، خـۆی دەیکێـڵا، دەغڵ و دان خــۆی دەیدووریــیــەوە، مــانـگا خــۆی دەیدۆشـی، چارێکە ئـەلی درەمــێکی لە ڕۆنەکـەی نـەدەخـوارد. هـەرچییـەکی هـەبوو، دەیکرد بە پارە و کـۆی دەکـردەوە. لەو گوندەدا ئەو لە هـەموو کەس پارەدارتر بوو.

دەیانگوت خـەزنـەی ژێرزەویی هـەیە. کـەسیش بە جێی خـەزنەکـەی نەدەزانی. برێ برازای هـەبوون، لە کچ، لە کـوڕ، نەیدەهێـشـتن بۆن بە پـوولێکیـەوە بکـەن. کە مردبا، خەزنەکەی، وار و یۆخی لە بن ئەرزدا دەمایەوە.

تا پێش حـەوتوویەکیش کـوێخـای زۆر خـۆش دەویست. کەچی ئێسـتا بای دابووەوە سەر تاشباش.

زەڵەجە شـەو و ڕۆژ خەونی دەدیت. پەنجا ساڵ دەبوو تووشی هـەر کـەسێکی هاتبا خـەونەکانی بۆ دەگێڕایەوە و داوای لێکدانەوەی مـانای خـەونەکانی لێ دەکـرد. کـوێخـاش بۆ ڕووتاندنـەوە و دادۆشـینی، خـەونامـەیەکی بـەتەنتـەنە و سـەنسەنەی کڕیبـوو، بە هەققیـیە قرچۆکی عەرز و حـاڵچی خـوێندبووەوە، ئەو کـتێبـە زل و زەلامـەی سـەرانسـەر لەبەر کـردبوو. زەڵەجـەپیـر هـەرجارێ کـە خـــەونێکی پـێ لێک دەدایـەوە، چەند هێلکەیێ، هـەندێ پارە، بەشـی یەک دوو چێشت ڕۆن، کاسە مـاسـتێکی بە سـەرقـەڵەمـانە بۆ دەهێنا، ئەویش بە کـەیفی وی خەونەکانی بۆ لێک دەدایەوە. ئەگەر خەونەکان بۆ لێکدانەوەی چاک و لەبار دەسـتـیـان دابا هێلکەی پتـر و پارە و ڕۆنی زێتـری لێ داوا دەکـرد. لەناو گوندییان بووبوو بە دمگۆ و مـقـۆمـقۆ، دەیانگوت کردەی ئـەم پیرێژنـە شێتـە و بردەی کوێخایە.

بەسـەر سـەریـەوە ڕاوەسـتـابوو. داپیـرە زەڵەجـە سـەری هـەڵنەبڕی. کـوێخـا دەیزانـی لە دوورەوە دیتـبـووی. چـوو، لەپێش دەمـی بەچیـچکانەوە دانیـشت. داپیرە زەڵەجە دیسان سەری لەسەر کارەکەی بڵیند نەکرد.

گوتی:

«هـەی ماڵت نەشـێوێ زەڵەجە، ئەوە چییـە؟ ڕوومـان لێ وەردەگێڕێ؟ باوکـمان کوشتووی؟ خوا نەخواستە، تا نووکە چ خراپەیەکمان بۆت بووە؟»

زەڵەجە سەری بەرزکردەوە، بە ساردییەکەوە:

«نا، برام، گـوایە دەبـێ لەبـەرچی ڕووت لێ وەرگـێـرم، چ خـراپەیەکت بۆم بووە؟»

سـەری داخستەوە.

کوێخا ژاوەژاو دەستی بە پێکەنین کرد، گوتی:

«دیارە گوندی زۆریان پف داوی، وا دیارە لە دژی منیان چاک پڕکـردووی من

ئەم کتێبەم، ئەم خەونامەیەم تەنیا هەر لەبەر دڵی تۆ کڕی، گوتم ئەو خەونە جوانانەی ئەم ژنە هەروا بە با نەچێ. دەنا من خەونامەم بۆ چییە. ئەوی هێنابووی لە کابەی شەریفەوە هێنابووی. دەستی پیرۆزی حەزرەتی پێغەمبەری وێ کەوتووە. خەونامەیەک دەستی حەزرەتی پێغەمبەری وێ نەکەوتبێ، خەون بە باری خێردا لێک ناداتەوە. گوندی پێت دەڵێن، ئەو کوێخایە ڕووتت دەکاتەوە، وەسەر ساجی عەلیت دەخا. ئەتۆش بە هەموو ئەقڵێکتەوە بڕوایان پێ دەکەی. خان باجیم، تۆ بۆخۆشت دەزانی، من ئەو کتێبەم بە زێڕی زەرد کڕیوە. دوو زێڕیشم بە کابرای عەرزوحاڵنووس دا، بە مانگێکی بۆ خوێندمەوە. لەبەرتۆ بەسەروبۆرەوەم لەبەرکرد. تەنیا لەبەر خاتری تۆ، بەڵێ، ناوبەناو دوو هێلکۆکە، یا نەختێ چەوری، یا یەک دوو پوولێکم دەدەیێ بەڵام... گیانی خۆشت قوتار دەکەی. من خەونی تۆم لێک نەدابایەوە، ساڵی بەفرە گەورەکە، تۆش لە ڕێگا وەکو ئەوانی تر بەژێر بەفرەوە نەدەبووی؟ من خەونی تۆم لێک نەدابایەوە، ڕۆژی بوومەلەرزەکە تۆش وەک ئەو خەڵکە بەژێر خانووەوە نەدەبووی و نەدەمردی؟ من نەبوایەم تۆش بەر لافاوەکە نەدەکەوتی و نەدەخنکای و هەروا وەک تڕی بن گۆم نەدەڕۆیشتی؟ من دە زێڕی زەردم بە کتێبەبۆر، دوویشم بە عەرزوحاڵچی داوە. ساڵانی ساڵە توانیم تا ئێستا پارەی کتێبەکەی پێ پڕکەمەوە؟ لە تۆش بەولاوە، تا ئێستا خەونی کێم پێ لێک داوەتەوە. گوتم با کچێنیی کتێبەکە نەدۆڕێ، تەنیا هەر خەونی تۆم پێ لێک داوەتەوە. ئەی وا نییە؟ خۆ خوای ژوور سەرانیشمان لێ بەشایەتە، تەنیا هەر خەونی تۆم پێ تەماشا کردووە. وەک کۆشک و تەلارت بەخشیبێ، ڕوومان لێ وەردەگێڕی؟ منیش ئیتر لەمەولا خەونەکانت بۆ لێک نادەمەوە دایکەکەم. دەچمە کن گوندی خەونی گوندی دیکە لێک دەدەمەوە. بە داوێنیش پارەی پێ خڕ دەکەمەوە.»

زەڵەجە دەستی وەستا، چاوی بڕییە کوێخا. کوێخا کە ناوی گوندیی دیکەی هێنا، یەکسەر تێ گەیشت کە نێچیری لە دوڕ چاویڕا ئەنگاوتووە، ئیدی لەسەر قسان ڕۆیشت:

«خۆشت دەزانی کە کچێنیی کتێبەکە لەناوچوو، هەینێ کار لە کار دەترازێ

و له دەستت دەڕوا. لەوانەیە ڕاستیەکەشی نەڵێ. بچم خەونی ئەوانی تر لێک بدەمەوە؟»

زەڵەجە بەساردییەکەوە گوتی:

«بچۆ لێکی دەوە، برام.»

«چاکە دەچم. وا دیارە تۆ ماوەیەکە خەون نابینی. با کچێنیی کتێبەکەیش بدۆڕێ. داخەکەم بۆ کتێبەبۆر! پازدە ساڵی ڕەبەقە هەموو ڕۆژێکی خوا خەونەکانی بەخێر بۆ لێک دەدایەوە، هەڵەیێ، شتێکی خراپی نەگوت. وای مرۆ وای! وای بۆ ڕەنجی بەباچووت کتێبەکە! مرۆ جێی بەقا نییە. بە شیری کاڵ گۆش نەکراوە؟ پازدە ساڵی ڕێک، دەبی بەهیوا و ئاواتیان. ڕێگای ڕاستیان پێشان دەدەی، کەچی هەڵت دەگرن فرێت دەدەن، نەمگوت؟ کە لە خەون دیتن چوونەوە ئاوڕی ئاوڕ ئاساییشت لێ نادەنەوە، نەمگوت هەتیوەکەی قوشچی ئۆغڵی چل زێڕی دامێ، نەمدای کتێبەکە. ئەمە هەمووی لە پێناوی گوندیدا. گوتم کاتێکی گوندیم سەری دنیای لێ وێک دێتەوە، نەوەک بکەوێتە تەنگانەوە. بەڵام وا ئێستا دەتفرۆشم. گوناهی لە ستۆی وان، لە ئەستۆی ئەو کەسانەی خەون نابینن و ئیشیان پێی ناکەوێ. ڕۆژێ دێ دەست بە خەون دیتن دەکەن، هەروا دەکەن نەماوی. هەینێ کێهە بەرد زەلامە بە سەری خۆیانیدا دەکێشن و تۆش ئەوساکە بوویی بەباڵدارێک و لە قەفەز فڕیوی.

خەونامەکەی بن هەنگڵی دەرێنا، تەماشای کرد، تەماشای کرد، ئەم دیوی کرد، ئەودیوی کرد، سەری ڕاوەشاند. بە دەنگێکی ڕکاوییەوە گوتی:

«وای کتێبەکە وای! وای کتێبەکە وای!»

کتێبە بۆری بە دەستی ڕاستیەوە گرت، بە سینگیەوە نا، گوتی:

«توخوا باجی، ئێستا تۆ وات لێ هات خەون نەبینی؟»

ئەم قسەیەی گوت و پاشان بێ دەنگ بوو. کش و ماتییەکی قووڵ دەوروبەری داگرت. زەڵەجە دەستی وەستابوو، ڕەنگ و ڕووی بەرەبەرە دەگۆڕا، نەرم و خاو دەبووەوە.

کوێخا لەمە بێ ئاگا نەبوو. بزەیەکی هاتێ، گوتی:

«تۆ بی و خەون نەبینی؟ خەون نەبینی دەمری. بەڵانەکوونێ من کتێبەکەم دەفرۆشم، تۆ بارخ هیچ نەبێ خەونی ئەمجارەشم بۆ بگێڕەوە...»

زەڵەجە وازی لە لەگەنەکە هێنا، لە کوێخا نزیک کەوتەوە:

«مەیفرۆشە، لە دەورت گەڕێم سەفەرئاغام، کتێبەکە مەفرۆشە. یانی چی دەیفرۆشی. نە نانی لێت دەوێ نە ئاوی لێت دەوێ.»

کوێخا:

«کە بەکاری هیچ نەیێ چ لە کتێب بکەم؟»

دیاربوو زەڵەجە کەیل بوو، حەوتوویەک بوو خەونی نەگێڕابووەوە. هەرئەوە بوو نەدەتەقی.

«دە بیگێڕەوە، دە خەونەکەی ئەمشەوتم بۆ بگێڕەوە، دە بیگێڕەوە دەی، با بەخێری تابیر لێ دەمەوە.

زەڵەجە تفێکی قووت دا، گوتی:

«ئەمشەو لە خەونمدا،» و وەستا.

کوێخا گوتی «خێرە ئیشەڵا!»

«ئەمشەو لەسەر چیایەک، سەرچیایەکی بە لووتکە و گرێ و گۆڵ، ناهەموار و تووش.»

«تۆ قەت دەبێ خەون نەبینی؟ بەڵام من دەزانم تۆ بە فیتی گوندییانت کرد. جارێ تۆ لالوێچێ خوێم بۆ بێنە، دەست بە لێکدانەوەی خەونەکەت بکەم.»

زەڵەجە هەستا، لالوێچێ خوێی لە جۆڕکێک دەرێنا، وێی دا. کوێخا خوێیەکەی لە زاری هاویشت.

بێ هیچ وەرگرتن خەون لێک نەدەدرایەوە، بۆیە داوای کرد. پارەیێ، ڕۆنێ، ساوارێ، دەبوو شتێ بە سەرقەڵەمانە و خەونانە بدرێ، بۆ ئەوەی کتێب ڕاست بڵێ.

زەڵەجە بەخۆشی خۆشییەوە بەرانبەری ڕوونیشت، ئاسەوار مانا لە ڕەنگ و ڕووگرژییەکەی نەختێ لەمەوپێشی بە سەر و سوورەتەوە نەمابوو. چۆن ڕاهاتبوو، هەر بەوجۆرە بوو.

«لەو سەرچیایە تاکە گوڵووکێکی پشکوتووی زەلام، هێندەی دنیا زەلامم دیت. مامزێ هات، لە بن گوڵووکەکە نووست. لەکن مامزەکەوە لاوێ بەدیارکەوت، لێم نزیک بووەوە، دەستی گرتم. تەماشام نەدەکرد. لە پاشان لە چاوم ون کرد. مامزەکە سەیرێکی کردم. چاوی وەک چاوی مرۆ دەچوو. لەولاوە مارێ دەرچوو. مامزەکەی قووت دا. لە ترسان هاوارم کرد. مارەکە گوتی: هاوار مەکە. نوێنێکی نەرم و نیانی بۆ ڕاخستم، گوتی، بنوو، نووستم. نوێنێکی نەرم و خۆش. نوێن هەتاوی کەوتێ. لە پاشان ماری گۆرین لەسەرم ڕاکشا. وەخت بوو بتاسێم. کە بەخەبەر هاتم ئارەقەی شین و مۆرم دەردابوو...»

بە لێ پاڕانەوەوە چاوی لە دوڕ چاوی کوێخا بڕی.

«کوێخا بە سەرساميیەوە پرسی:

«هەر ئەمەندۆکە؟»

زەڵەجە:

«زۆرن، زۆرن، هی تر زۆرن، جارێ تۆ ئەمانەم تابیر بۆ لێ بدەوە.»

کوێخا کتێبەکە بە دەستی ڕاستیەوە بوو، دەستی چەپی لەسەر دانا، چاوی قووچاند. لەشی یەک دوو جارێ بەم دیو و بەودیودا لەنگی، گوتی:

«لە خەوندا چیا دیتن، لە چیا هەوارگرتن ئەوە دەگەیێنێ کە دەبی بە خاوەن سەروەت و سامانێکی گەورە، هێندەی چقورئۆوا گەورە. یا لە سای پیاوێکی گەورەوە، دۆموخڕاتێ، کوێخایێ، سامانێکی چاکت وەدەست دەکەوێ. لە خەوندا چوونە سەر کێوی عەرەفات واتا: گەڕانەوە بۆ لای هەق و خواوەندناسی. واتا خواوەند ئیدی زۆری خۆش دەوێی. لەسەر چیا سواربوونی بەرد ئیشارەتە بۆ شووکردن، ئەگەر بەشوویش بووی ئەوە

بەکـارێکی خـێـرەوە خـەریک دەبی. بە کـوتک و گـاڵۆک لەبەرد دان و ئـاو لێ دەرێنـان واتـا، دەوڵـەمـــــەنـد دەبـی، ئـەگـــــەر دەوڵـەمـــــەنـدیـش بـووی، ئـەوە دەوڵەمـەندییـەکـەت هێندەی دیکـە زێدە دەکا. واتا مـاڵ و سـامـانێکی زۆر زۆر، ئەوەندەی دنیـات وەگـیـر دەکـەوێ. ئـەوجـا بێـینـە سـەر باسـی مـامـز، مـامـز گـیـانەوەرێکی پـیرۆزە. دەی با بزانـین کـتـێب چیی لەبارەی مـامزەوە گـوتووە، ئێمە چ مانایەکی لێ هەڵدەکرێنین.

زەڵەجـە هـەمـوو ئـازای لەشـی بووبوو بە گـوێ. لـە کـەیفـان لە پێسـتـی خـۆیدا نەدەهـێوری. کوێخا لەمەیش بێ خەبەر نەبوو.

دەنگی زێتر نەرم کردەوە وەک بڵێی لە تەهـی دڵەوە دەستی بە قسان کرد:

«لە خــەونـدا مــامــزی مــیــسـک دیـتن، ئـەوی عــەتـری مــیــسـکی لـە نـافــە دەردەهێندرێ، واتا: ژنێکی شـۆخ و شـەنـگ، واتـا: ژنـێ کە لە حۆری بچێ، واتا: ژنـێ، با بەتەمـەنیش، زۆر بـەنـاو سـاڵدا چووبێ، بەڵام خـوا لە بەرچـاوی هـەمـوو نێرینەی دنیای بە جوان دەنوێنێ. مامـز سەربڕین واتا: ژنـێ لەگـەڵ لاوێکی بە توانسـتـدا شـەوباخـەڵی دەکـا و ئەو لاوە بۆ ئـەو ژنـە گـرێ گـرتـووە و بووە بە قـەرەبرووت. هـەروەهـا ئـیشـارەتە بۆ جـیـمـاعێکی زۆر خـۆش و بەتام. هـەروەهـا ئیشـارەتیشـە بۆ ئەوە کە جیـمـاعەکە ئەوەندە خۆش دەبێ تامی تا دێر زەمـانـێ لەبیـر ناچێتەوە هـەر لە بن ددانـدا دەمێنـێ. لە خـەونـدا مامـز گوروون ئیشـارەتە بۆ جیـمـاعکردن لەگـەڵ پیـاوێکی قـۆزی بیـانیـدا بە ڕۆژی نیـوڕانـێ و پا بەپا و سینە بەسینە و دەم بەدەم، وەک لاولاو، وەک ئاشـقـە و مـاشـقـە لێک بئـاڵێن. لە خــەونـدا گـۆشــتـی ئـاسـک خـواردن واتـا: لە هـەژدە سـاڵـیـدا لە مـێـردێکی دەوڵەمـەندی، جگـەر بۆ کـەباب بووی، بۆ شـێت و شـەیدا بووەوە سـەروەت و سـامـانێکی مـۆڵ و مـشـەت دەگـاتێ. ئـێرەی زۆر چاکـە. جـێی ئومـێدە. پیـاو هـەرگیز لە خـوا نائومێد نەبێ زەڵەجە. ئەمـانە هەموو ئیشـارەتن بۆ شتی چاک.

«مـاردیتن، مـارێ مـامـزێکی زل و زەلام قـووت دا، واتـا: لۆکـەیەکی زۆر کـۆ دەکـــەیەوە، پارەیـەکی لـەو لۆکـــەیـەت بـەدەست دەکـــەوێ، لـەژێر بـەردێکـیـــدا

دەیشارییەوە و تا دێ زیاد دەکا. مار ببێ بە سێبەر بەسەرتەوە، نوێنی نەرم و نیانت بۆ ڕاخا، واتا: لەگەڵ پیاوێکی بەنامێ و گەورەدا دروست دەبی. لەگەڵ ئاغایەکی چقورئۆواییدا. پاشانەکونێ ئیشارەتیشە بۆ ئەوە کە دەفڕی، دەچییە بەهەشتێ. لە خەوندا مارت لە زار دەربێ، مارت لەگەڵدا جووت بێ، نوێنت بۆ ڕاخا، ئەوە مانای ئەوەیە کە لە دژی کەسێ ڕەفتار دەکەی بەقات پێیەتی و زۆری خۆش دەوێی. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ بێتو لە عەلەیهیی بڕۆی دەمری. واتا: زینهار، نەکەی جارێکی تر لە عەلەیهیی ئەو کەسە بی ها. ئا ئەمەیە مانای بە ئارەقەی شین و مۆرەوە بەخەبەرهاتن. هەروەها ئیشارەتە بۆ ئەوەیش کە لەگەڵ موسوڵمانێکدا دژمنایەتی دەکەی. بەڵام سەرەنجام واز لە ڕێگای خراپە دێنی و ڕێگای ڕاست و ڕەوان دەگری. ئەژدیها دیتن واتا: وەدووکەوتنی پیاوێکی خراپ. ئەوەی تۆیش دیوتە ئەژدیهایەکە. ئەمە ئیشارەتە بۆ ئەوە کە میللەت هیچ کاتێ خێری لە ناوچاوان نابینێ. واتا: ئەو کەسە دژمنی گوندییە، ئیشارەتە بۆ ئەوە کە گوندی دەسخەڕۆ و پەرێشان دەکا. بەڵام ئەمانە سەرەنجام، هەموو، ئیشارەتن بۆ چاکەیەکی گەورە، بۆ ڕووناکییەکی فرە و زۆر. ماری سوور دیتن لە خەوندا، وا بزانم ئەو مارەی تۆ دیتت لایەکی سوور بوو، شەو بوو باش فەرقت پێ نەکرد ئیشارەتە بۆ ئەوە کە لاوێکی بەگوڕ و توانا ئاشقت بووە و شەو و ڕۆژ بۆت هەڵدەقرچێ، ئیشارەتە بۆ ئەوە کە بێ ئەوەی تۆ ئاگات لەخۆ بێ، جیماعت لەگەڵدا دەکا.

لە ئارەقەدا شەلاڵ بووبوو. دەستی لەسەر کتێبەکە لابرد، بۆ لای لێوی بەرزکردەوە، ئینجا لە بەڕکی نایەوە. هەڵستایە سەر پێیان. زەڵەجەیش لەگەڵیدا هەڵستا.

زەڵەجە هەڵی دایە، گوتی:

«لە دەورت گەڕێم، هێشتا خەونی دیکەم ماون. من هەر یەکێکیانم بۆ گێڕایتەوە.

کوێخا:

«دەیفرۆشم، کتێبەکە دەفرۆشم. ئیدی لەمەوپاش خەون لێکدانەوە نییە، گوتم با دواچاکەی لەگەڵدا بکەم.»

زەڵەجە دەموچاوی لەپڕ نوقمی کوولّ و کەسەر بوو. بەپەژارە و ئازارچەشتنی کەسانێکەوە کە خۆشەویستترین شتێکیان لە دەست ساندبنەوە.

«بەقوربانت بم سەفەر ئاغام. ئەمە مەفرۆشە. هیزە من کردم، تۆ نەیکەی. بە قسەی دژمنم کرد، بۆ لای تۆ نەهاتم. ئەو چەند ڕۆژەی نەدەهاتمە کنت هەر وەخت بوو فراقی ڕەش بکەم، بۆ خۆشم نەمدەزانی چ پکەم و چ بکەرێنم. وەک شێتم لێ هاتبوو. هەر وەخت بوو شەق ببەم. هەر دەتگوت سووتمانێکم تێدا هەڵایساوە، دەیتاساندم. ئێستا ئیفاقەم هات. بارەکەم لەکۆڵ کەوت. کتێبەکەمان مەدە بە بیانی. ئەوسا من چی بکەم؟ ئەگەر جارێکی تر بە قسەی دژمنم کرد کوێراییم دایێ. چی بکەم هەڵیان فریواندم.»

کوێخا دەیزانی زەڵەجە خۆی ناگرێ، بەڵام بۆی ساغ نەبووبووەوە وا زوو دێتە سەر ڕێ.

«مەترسە باجی» گوتی، «مەترسە. لە قاران وام گوت. هەزار لیرەشم بدەنێ نایفرۆشم، ئەم کتێبە کێ نووسیویە؟ حەزرەتی حاجی کامیلەفەندیی میسرێ لە یەمەنی هێنا، لە کابەوە. شتی وا دەفرۆشرێ؟ شتی وا جارێکی تر وەچەنگ دەکەوێتەوە... بەڵام تۆیش ئیدی مەیکە بە حیکایەتەکەی کابرا، بە فیتی ئەو جۆرە سەگانە نەکەی. لە پاشان هەقم بەسەرەوە نییە ها. خەونەکانی تریشت، لە خوارێ، لە چقورئۆوا بۆ لێک دەدەمەوە. هەر ئێستا بچۆ بۆ ناو گوند، خەونەکەتیان بۆ بگێڕەوە. بڵێ گوندەکەی تاشباش پەرێشان دەبی. ئەو ئەژدیهایەی لە خەوندا دیتت، ئەوە. دەیەوێ گوندەکە قووت دا. گوندەکەیش مامزەکەیە. حاڵی عەرزم بووی؟ خەونەکە وا جاڕ بدە هەموو خەڵکی لێ بەئاگا بێ. مەترسە، کتێبی خۆمانە.»

کە لە زەڵەجە جوێ بووەوە، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، «وای تاشباش وای!

هەتیو وای! ئێستا تۆ بووی بەو پیاوە جگم لەگەڵ هەڵدەی؟ ئەگەر لە ئۆێکسزە چڵمن بەولاوە، زەلامێکم پێوە هێشتی سەفەرم پێ نەڵێن.»

«چووەوە بۆ ماڵێ. بە مێردمنداڵێکی دراوسێیانی گوت:

«ئا برۆ ئەو کوێستو ئۆغڵییەم بۆ بانگ کە، ئەو دەیووسە.»

پاش نەختێ کوێستو ئۆغڵی هات.

کوێخا هەر کە چاوی پێ کەوت و نەکەوت بە ڕکەوە ڕاپەڕی. هەردوو پەنجەی دەستی ڕاستی، وەک تیر لە چاوی ڕاکا، ئاوهای لە چاو ڕاکرد، گوتی:

«تۆ، تۆ دەیووس. ئەم پەنجانەم لە چاوت ڕادەکەم، چاوت دەردێنم. کورە هەی نامەرد، کە بووی بە سەرباز پێڵاوی ئاساییت لە پێ نەکرد، سەربازییەکەت هەروا بەپێخواستی بەسەربرد. لە سای کێوە؟ دە بڵێ کافر من نەبوایەم، عەرزوحاڵ بە حوکومەت بدەم، بڵێم ئەمە لەوەتی لەدایک بووە چاوی بە پێڵاو نەکەوتووە، تیرەی گوندیی ئێمە پێڵاو و مێڵاو نازانێ چییە، بە تۆبزی پێڵاویان لە پێ نەدەکردی؟ پێت وایە تەزکەرەیان دەدایتێ؟ هەی نانکوێر. یالا لاکەوە لە بەرچاوم. فزە نەکەی ها!»

هەموو ئازای گیانی بووبوو بە یەک پارچە تووڕەیی. لە ڕکان دەلەرزی. کوێستوئۆغڵی کرژ بووەوە، بچووک بووەوە، بێ ئەوەی ورتەی لە زار دەرێ لەوێ هەڵبڕا.

دیسان بە مێردمنداڵەکەی گوتەوە:

«برۆ تەبدیلهەوام بۆ بانگ کە.»

گوندی لەولاوە ڕاوەستابوون، کردەوەکانی کوێخایان لە دوورەوە تاقیو دەکرد، بەمەراقەوە چاوەڕێیان دەکرد، بزانن سەرەنجامی کار بە چ دەگا؟ گەڕە و زەڵەجە و کوێستو ئۆغڵی و سمەبۆر و لە پاشان تەبدیلهەوایش، تاشباشیش چاوەڕێی دەکرد. بەڵام چی؟ هەر ئەوەبوو شێت نەدەبوو. بیری دەکردەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، شان لە شانی ئەم دەیووسە نادرێ.

مەچەکی لێ هەڵماڵی، ملی لە کارنا، نامەخوا. کابرا مووی شەیتانی پێیە. بە دوو هەفتە هەموو کەسێ لە خشتە دەبا.

تەبدیلهەوا هات، بە چرۆچارەیەکی گرژومۆنەوە پرسی:

«فەرموو مام کوێخا چت لێم دەوێ؟»

کوێخا ئاسەوار مانا لە تووڕەییەکەی نەختێ لەمەوپێشی نەمابوو، هەر بەجارێ ڕک و قاری نیشتبووەوە. سەر و ڕوویەکی خۆش، میهرەبان، بەشەفەقەت. جێگای پیشان دا.

تەبدیلهەوا بە دوودڵییەوە بە پێوە مایەوە. چما دەیتوانی دانیشێ؟

«کورە، دە وەرە دانیشە. خۆ ناتخۆین کوڕم. گوێدێرە، وا دەچینە خوار، بۆ چقورئۆوا. بەڵکو بتوانم شتێکت بۆ بکەم. لەم بەڵای لابەلایە قوتار بی. لە وەرە و برۆی سالانی ساڵی سەربازی ڕزگار بی.»

تەبدیلهەوا، بە هەناسەسواریی سیلاوییەکەوە، بێ حاڵانە دانیشت.

هێسکێکی ڕەق و تەق پێستەکەی مابوو، ڕەنگی زەرد زەرد بووبوو.

دیسان هەر بەو ڕقەیەوە پرسی:

«ئەی تا ئێستا بۆچی چارێکی دەردەکەت نەکردم؟»

«ئەوسا هینەکانی ئێمە بەهێزنەبوون. هیچیان لە دەست نەدەهات. زۆر نییە، گوڕمان سەندووە و بەهێزبووین، ئەی نازانی کوڕی باش؟ کە گەیشتینە چقورئۆوا بە هینەکانی خۆمان دەڵێم، حاڵ لەمە و حیکایەت لەمە، ئەم کوڕە پەرێشانە، دەڵێم، یا بیکەن بە سەرباز، بە نەخۆشی سەربازییەکەی تەواوکا، یا لە نەخۆشخانەی بنوێن، چاکی کەنەوە، یا ئەوەتا بە چرووک و بێ کەڵکی دەربێنن. ئەمە چ ڕەوای هەقە؟ دەڵێم، کەساسە ئەوەندە بەتەبدیلهەوا هات و چوو، تا ناو و ناتۆری تەبدیلهەوایان بەملدابڕی و بوو بەتەبدیلهەوا. نانا، ڕای دەپەڕێنم. چەند مانگت ماوە؟»

تەبدیلهەوا گوتی:

«پێنج مانگ.»

«زۆرە.»

«دیسان دەگەڕێمەوە. دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانەم دەخەوێنن، هەمدیس دەڵێن یاڵڵا بچووەوە بۆ گوند.»

کوێخا:

«جق جق جق!»ێکی کرد.

«نا نا، نابێ ئەم جارە وابێ. دەبێ هەقی خۆت وەرگری. سبەینێ دەچینە خوار. وەرە بۆ لام. دەتبەم بۆ ئەدەنە، پیشانی گەورەکەمانت دەدەم. بۆ ئەمەم بانگ کردی. لەبیرت نەچێ. هەر پاش ئەوەی دەست بە لۆکەچنین دەکرێ بە ڕۆژێ، وەرە بۆ لام، بۆ ئەدەنەت بەرم. چاکە؟»

تەبدیلهەوا دیسان بە ڕەقییەوە گوتی:

«چاکە» و هەڵستا.

بەرەو ئێوارە بوو. کوێخا بیری دەکردەوە. دەبوو خۆی بەهێز گرتبا، تا سبەینێ کاری کردبا. جا ئەوسا، تاشباش دیتبای حیزبایەتی بەری بەکوێوەیە. کوڕی بێ کراس کۆنە ئەشقیا بوو. کە بۆ شتێکی گوت بەڵێ، لە ملت دابا گەڕانەوەی بۆ نەبوو. لە کەس، لە هیچ شتێکیش نەدەپرینگایەوە. دووراودووریش خزمایەتییەکیان هەبوو، خوا خزمایەتیی وایش ببڕێ. کابرایەکی نەگریس بوو. لەگەڵ پیاوی وادا خۆماندووکردن بەلاشە. بەڵام خۆ دەبێ ڕێگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە. لە سی پاڵە پتری هەن. لەگەڵ تاشباشدا بڕوا، گوند کونێکی گەورەی تێ دەبێ. نابێ بە ڕۆژ قسەی لەگەڵدا بکرێ، لەبار نییە، ناگونجێ لە بەرچاوی گوندی ئاوڕووی پیاو دەبا. دەبێ بە شەو بێ، کاتێکی دنیا کڕوکپ دەبێ. خەمبار و شپرزە بوو.

ئەم بەرەی گوندییە چاکەیان لە بەرچاو نییە، هەرچییەکیان بۆ بکەی بێ سوودە. بۆیان بسووتێ، بچەوسێوە، ڕەزیل بە، خۆت بۆیان بە دار و بەرددا بدە، نەبادا مووێک لە لەشی یەکێکیان ئازاری بگاتێ، سەر و ماڵیشتیان بۆ

بەخت کە، ناڵێن بۆ ئێمەیەتی. خۆ ڕەنگ نییە کەلێنێکی بچووکت تێ کەوێ، نامەخوا، وەک گورگی هار پڕت دەدەنێ و لە هەموو لاڕا لوورت دەبنێ و تێت دەورووکێن.

ئەمانە لەگەڵ هەستت بە گلۆلەڵیژییان کرد، دەبێ دەستێ بوەشێنی. نابێ گوێ بە فرمێسکی چاویان بدەی. هەموو خەتای حوکومەتە. حوکومەت ڕوو بەمانە دەدا. خەتای کەس نییە. سەرەڕای ئەوەیش ڕایان وەردەگرێ. حوکومەتیان پێ دادەمەزرێنێ. ئەمانە حوکومەت دروست دەکەن! تڕحێو! خوێی کەن بۆگەن نەکا! دەوجا وەرە حوکومەتێ مەمموودە گەڕ دروستی بکا! فەرموو تەماشا، چۆن هەرچییەکی مەمموودەگەڕ بیڵێ و مەمموودەگەڕ بیەوێ دەیکەن! خۆ لەگەڵ وەختی هەڵبژاردن هات، کێ دەوێرێ بەلایاندا تێ پەڕێ. دەبێ دوو ڕۆژان بەردەرکەی بگری، لەبەری بپاڕێیەوە، چییە، وەڵڵا دەنگت بۆ بدا. بەدەنگدانی ئەمانە چی پێک دێ؟ کاکە ئیشی ئەم حوکومەتە ئیش نییە ئیشەکانی هەموو ئاوەژو و هەڵەن. ئەمانە لە کوێ و حوکومەت لە کوێ برادەر؟ ناتوانی حاڵییان کەی. ناتوانن سێ بزن بژمێرن. سێ بزەنیان بۆ لەبەر نادرێ.

ئەمانەیش هەمووی لە ناوچاوانی ئەو عیسمەتەوە پەیدابوون. کوێخایەکی زل و زەلام، پشتاوپشت و باوەلباو کوێخایش، هەر بۆ ئەوەی لایەنگری بن، ناچار، دەبێ ئاوڕووی خۆی لەگەڵیان ببا، لە دەستیان بێ و کەسێکی دیکەیان وەدەست کەوێ، کوێخایەتیی پێ بکرێ، وەڵاهی وەبیلاهی لە دەنگ بۆدانەکانیان پاشگەز دەبنەوە، لەو کەسەی دەستێننەوە، دەیدەن بە یەکێکی تر. تەنانەت بە ئوێکسزە چلمنیشی دەدەن و دەیکەن بە کوێخا. بەڵام لە گونددا کەسی وا نییە ڕێزی پیاوی حوکومەت بگرێ و لە ماڵی خۆی دایان کا و میواندارییان بکا. دەبا یەکی دی بدۆزنەوە. ئەوسا بزانە بە باوەلباو کوێخاکەیان چۆن لێ دەخەن. هەروەها، جارێکی تر ئاوڕیشمان لێ نادەنەوە.

ئەم بەزمەی عیسمەت ناوێتیەوە، نەبوایە، تاشباش قەت ئەم سەرەڕۆییەی پێ دەکرا؟ ئەمە هەمووی لە ناوچاوانی ئەوەوە داکەوت. توخوا ئیتر بە چی

ڕووێکەوە چاوت بە چاوی حوکومەت بکەوێتەوە عیسمەت! لە سەرێنیی ئەو هەموو مەینەتییەی بەسەرت هێناین، جارێکی تر، یەک تاکە دەنگ وەردەگری عیسمەت؟ من بەش بەحاڵی خۆم، تا ئەم سەرە لە دنیادا مابێ، ئەوەندەی ڕێزەیەک دەنگت بۆ نادەم. کەسێکی خۆی بکەوێ ناگرێ. خۆت بە خۆتت کرد و خۆت جەزرەوەی بکێشە! تۆ سەرت بەم بەڵایەوە کردین. فەرموو با بزانین، ئەم پێخواسانەی بەسەرمانەوەت کردن بە پیاو و بە سەروکاری کوێخایەتییەوەت گلاندن و کردتن بە خاوەن دەنگ و ڕا و حوکومەتت بەدەستیانەوە دا، تاکە دەنگێکت بۆ دەدەن؟ ئاخ عیسمەت! نەوەڵا ئەگەر تۆزکاڵێ ئەقڵت هەبێ، من سوێڵەکەم بوورم. بوویی بە پاشا، بوویی بە سەرکۆمار، بەڵام بە بۆش و لەهیچە. قەت بووە، پیاو کۆت و زنجیری خۆی لە دەستی خۆی داماڵێ لە پێی ببەستێ؟ دەڵێن تەمەنیشت بەسەرچوو. جارێکی دی، ڕەگی پشتت بە چاو ببینی، سەرکۆماری بە چاوی خۆت نابینییەوە. کوڕی تاشباشت لێ کردم بە پیاو، نەتکرد ئەوە نازانم، بەڵام بمرم، نەمێنم، لە باوکیشمت خۆشتر بوێم لایەنت ناگرم، برادەر! یەکێ سەرکۆمارێتی بە دەنگی دوو پێخواس بە یەکێکی تر بدۆڕێنێ، میللەتێکی زل و زەلامی پێ بەڕێوە ناچێ. من، بە کەسێکی، پادشایەتییەکی گەورە و گران ببەخشێ بە یەکێکی تر، ناڵێم ئاقڵ، برادەر! خوای دەکرد ناووبانگت تخووبی فەڕەنگستانیشی دەبەزاند. ببە بە سیاسەتبازێکی زۆر گەورە! تۆ بە کاری هیچ نایەی، برادەر! قەتیش دڵم لەگەڵتدا ئاشت نابێتەوە، برادەر! زۆر چاکت لێ ڕوون بێ. پیاو کارێکی وا بکا، نابێ سەیرێکی دەوروبەری خۆی بکا، لە کوێخا سەرڕاستەکانی خۆی ناپرسێتەوە، برادەر! نابێ بڵێ، ئەم میللەتە دەیەوێم، نایەوێم؟ خۆ هێندەی نەمابوو لە ناوچاوانیی تۆوە پەرێشان ببین، ئەوەندەی نەمابوو، بەبۆنەی تۆوە سووک و ڕیسوا بین لە بەرچاوی گوندی. بەرەکەت دا، یەکسەر پەڕینەوە ئەوبەر. حوکومەت لە کوێ بوو میللەتیش لەوێیە. ئەی ئەمەت نەزانیوە؟ تا ئێستا نەتزانیبێ، ئەوا فێربووی، برادەر! فێربووی و کاریش لە کار ترازا، تازە لەپاش چی، خوای دەکرد کوچکی دنیات بە سەری خۆتدا

دەدا، ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەت باڵدارێکە، کە لە دەستت هەڵفڕی، چوو و جارێکی دیکەت وەگیر ناکەوێتەوە، برادەر! حەزدەکەی هەتاهەتایە هەر هەڵپەبدە و بکە و بکۆشە و بڵێ ئەم نانە بەو ڕۆنە. لە پاش چی. چما دێڵن جارێکی تر بۆنیشی پێوە بکا؟ سەرلەبەر، میللەتیشت لە پشت بێ، بزانم بە دەنگ و ڕای دوو لینگڕووت سەرکۆماریت بەردەکەوێ؟ زەرەر و زیانت ئێمەشی گرتەوە، جوانەگایەکی گەڕوگول چل گوند تووش دەکا» برادەر زۆر چاک بزانە.»

بێ نان خواردن، بێ خۆ گۆڕین چووە ناو جێوە. تووڕەبوو. ماوەیەکی درێژ چاوی بڕییە ئەستێرەکانی ئاسمان، بیری لە عیسمەت پاشا، لە کردەوە ناهەنجارەکانی کردەوە، هەرچەندی دەکرد ئەم کردەوانەی، ئەم کردەوە نادروستانەی عیسمەت پاشای نەدەچووە مێشکەوە، سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە پیاو پیر بوو ئاوهای لێ دێ.

خەڵک هەموو نووستبوون. ئاگری ئاگردانەکانی بەرماڵەکان وردە وردە خامۆش دەبووەوە، دەکوژایەوە. لەوسەرەوە ساوایەک بێ وچان دەگریا، دایکی بەخەم و کوڵەوە، بە دەنگێکی خەواڵووەوە گورگانەشەوێی بۆ دەگوت.

چوونە کن کوڕی بێ کراسی لەبەر گران بوو. باشە، ئەگەر بەخەبەرهات، دەستی بە شیرەشیڕ کرد، جوێنێکی زۆری دا و گوندیی، سەرلەبەر، ڕاست کردەوە، ئەوساکە خۆ هەزار مەنی سووکی و ڕیسوایی بە پوولێ، ئەوساکە ئیتر چۆنی دەتوانی چاوی بە چاوی گوندی کەوتبا. بەڵام چارێکی تریش نەبوو، هەرچییەک دەبێ، با ببێ، دەبوا بڕوا، خۆی هاویشتبایە بەختی.

بە ئاخ عیسمەتەوە لە نێوجێ دەرچوو. دانەوییەوە. دەست و چاوی لە ئاوی شیوەکە شوشت. لە پاشان دەزنوێژ هەڵگرتنی بەبیرداهاتەوە. دەزنوێژێکی سەند. دەستی بە لەخواپاڕانەوە کرد. بەکاوەخۆ، بێ سرتە، گەیشتە ماڵی کوڕی بێ کراس. لە ژوور سەریەوە ڕاوەستا. کوڕی بێ کراس پشتییەکەی بەدەوەنێکەوە پەسارد‌بوو، لێی نووستبوو.

لە تەنیشتیەوە هەڵکورما. شانی گرت. هەر لەگەڵ شانی گرت و نەگرت کوڕی بێ کراس لە نێوجێیەکەی ڕاپەڕی، خۆی کۆ کردەوە. بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی، لە شتێک گەڕا. لە چەکەکەی دەگەڕا. ئەمە ڕاهاتنێک بوو، کە لە سەردەمی یاخی گەریەتییەوەی بۆ مابووەوە. کوێخا هەستی کرد.

بە هێواشییەکەوە گوتی، «برادەر! منم، کوێخا سەفەر. من هاتم. بێ ئەوەی زاربکەیەوە، بێ جنێودان، بێ هات و هاوار گوێ دێرە. بمبەخشە لە خەوی شیرینم کردی.»

کوڕی بێ کراس هێشتا هەر دەوروبەری خۆی دەپشکنی، ژێر سەرینەکەی دەگەڕا. دەستی گرت.

«منم من، سەفەرم. هاتووم. خۆم هاوێشتە بەختت، گوێت لە من بێ. کاری زۆر گەورە قەوماوە. بۆ ڕەزای خوا وشیاربەوە.»

کوڕی بێ کراس وەستا، دەستی کێشایەوە. وشیاربووبووەوە.

بەڕەقییەکەوە پرسی:

«سەفەرە؟»

بەترسەوە:

«منم برا!»

کوڕی بێ کراس قەیرێ کڕبوو. لە پاشان پرسی:

«کارت چییە لێرە، بەم نیوەشەوە سەفەر!»

کوێخا دیسانەوە پەلاماری دەستی دا:

«وا بزانە کوڕم کوشتووی و خۆم هاویشتووەتە بەختت. دەرم مەکە، بەڕوومدا هەڵمەکاڵێ. ئێوە هەر لە عەزەڵەوە تیرەکەتان تیرەیەکی ڕەسەنە. پیاوێ ئێوە بیکوژن، سەرێ ئێوە ببڕن حیسابی نییە. ئێوە تیرەیەکی ئەوەندە گەورە و بەرزن، کەس یەکێکی، بە مردوێتی، لە ناو نوێنی نووستندا نەدیون. ئەوانەی بە گوللە نەڕۆیشتبن ژنەکانتانن. من ئەمە دەزانم. دەیزانم بۆیە لە

بەردەم تیـرەی بێ کـراسـدا سـەری ڕێز دادەنەوێنم. ئێـوەمـانان گـورگی ئینسانانـن. وەک گورگی دڕ چۆن بەنێو ڕانە مـەڕ دەکەون، ئێـوەش ئاوها بەنێو ئینسـانان دەکـەون، کێـهـەتان حـەز لێ بوو دەیبـەن. منیش کـە نەختـێ بە خـۆم دەنازم و خۆم بـە پیاوی ناوپیاوان دەزانم هـەر لەبەر بۆرە تێکەڵییـەکەمـە لەگەڵ تیـرەی بێ کـراس، برای برام. ئەوەی ڕووی لە دەرکـەی ئێـوە کـردبێ، دژمنیش بووبێ، بەگـوێرەی خـدە و نەریتی بـنەمـاڵـەی گـەورەی ئێـوە دەرنەکـراوە. ئەوی ڕێی کـەوتبـێـتـە مـاڵی بێ کراس. دژمنـی باوکوشـتـەشـیـان بـووبێ بە نامـرادی نەگـەڕاوەتەوە. جـا منیش بەم نیـوەشــەوە، کوێـخـای گـوندێ، دژمنی سـەرەک دۆمـوخـڕات، عـیـسـمـەت پاشـا، کـوڕی کـوێخـا خـدری بە ڕەگ و ڕەگـەمـا و پشتاوپشت کوێخای کوڕی کوێخا هاتم، خۆم بخەمە بەختت. وا بزانە کوڕێکم کوشتـووی، خۆم هـاویشتە بەخـتت، خۆم هـاویشتە وەجـاغی تۆ نا، وەجاغی بێ کراس.»

دەستەوداوێنی بوو، دەستی توند گوشی.

«هـاتم پێت بڵێم، لەناو خەڵکدا سووک و ڕیسـوام نەکەی، پشتم چۆڵ نەکەی، بەتەنیـام نەهێڵـیـەوە. تۆ پەنا و پـەسـێـومی، تۆ قـەڵای سـەختـمـی، کوڕی بێ کـراس. هـەرتۆی ڕووناکـیی وەجـاغی بەرەی بێ کـراس. ئەوەی پـەنـای بەم مـاڵە بردبێ بـەدەسـتی بـەتاڵ نەگـەڕاوەتەوە. هـاتووم پێت بڵـێم، ببـە بـە پشـتـیـوانم. هـاتووم پەنات پێ ببەم. گوندی هـەموو لای ئەویـان گرتـووە. هـاتووم پێت بڵـێم، باڵدارێکی بێچووم، بمخە ژێر باڵت، داڵدەم دە. دەڵێی چی؟»

کوڕی بێ کراس ورتەی نەکرد.

«لەمەوپاش هـەرچییەکیشت لێم گەرەک بوو، بەسـەر هـەردوو چاوەکانم، هـەر ئەوەندە ئەمر بکە، براکەم! ها؟ چ دەڵێی؟»

شـانی گرت، لەسەرەخۆ ڕای تەکاند:

«ها؟ نابی بە پشـتـیـوانی یەکێ، لە گوندێکدا بەتەنیـا مـابێتـەوە، بە چاوی سووک تەماشا بکرێ، هـاتبێ پەنای پێ بردبیت؟»

بنەماڵەی کوڕی بێ کراس پشت و پشتیوانی داماو و تەنیاباڵ و بێکەس و خــزم نزیک و بەکــەم زاندراوان بوون. تۆ ئـەو وەجــاخــە جــارێکی تر ڕوون ناکەیەوە؟»

کوڕی بێ کراس، لەسەرەخۆ و سەرگردانانە گوتی:

«ڕاستـە،» و بێ دەنگ بوو. گوتی: «تیرەی بێ کراس پەنا و پشتیوانی داماو و کەساسانە.»

دیسان بێ دەنگ بوو.

هەمدیسان دەستی بە قسان کردەوە.

«مـادامـێکی بەم شــەوە هـاتوویە دەرکـەم، خـۆت خـسـتـە بەخـتـم، زۆر چاکت زانی بەرەی کوڕی بێ کراس چین و چی نین، هـەروەهـا زانیت بە دەسـتبـەتاڵی ناگـەڕێیـەوە. برۆ بە سـەری سـووک و ئاسـوودە بۆ خـۆت سـەر بنێـوە و خـەمی هیچت نەبێ. بنەماڵەی بێ کراس پشـتگیرتە. تاشـباش ئۆغڵی هاتبا، پێش تۆ ڕووی لەم دەرکەیە کردبا، لەبەرئەوەی کە هەق بەوە بنەماڵەی کوڕی بێ کراس لایەنی ئـەوی دەگـرت، بەڵام تۆ لـەپێش ئەودا هـاتی. ئەم بنەمــاڵەیە بە دەســتی خـاڵیت بەڕێ ناکا. کەسیـشی بە دەستی خـاڵی بەڕێ نەکردووە. ئەوەی داوای پشتگیریی لێ کردبێ بە دەستی خاڵی نەگێڕاوەتەوە دواوە. تۆ ناهـەقی. هـەقی گـوندیت دەخـوارد، کـێـڵگەی گـەچۆڕ و کـەم بڕیشــتت بەکـوڵکەوە دەکـردن. جارێکی تر کاری وایان لەگەڵدا مەکە.»

کوێخا گوتی:

«نایکەم، نایکەم! تـۆبە، سـەد تـۆبە! خـۆش بی! وەجـاغی کـوڕی بـێ کـراس هـەمیشـە ڕوون بێ، هـەمیشـە دووکـەڵ بکا.» هـەسـتا، ڕۆیشت، هـەروەهـا گـوتی: «مادامەکی هی وە کو تۆ هـەبێ ئیشـەڵا قەت ناکوژێتەوە.»

گـەڕایەوە ماڵی خـۆی، چووە ناوجـێوە، ڕاکشـا. بارێکی زۆر قورس و گـرانی لە کۆڵ کەوتبوو.

ئینجـا نۆرە دیـتنی ئوێککەش گـورگی چیـا بوو. پیـاوێکی نەرم و لەسـەرەخـۆ

بوو. موسـولّمانێکی دین پتـەو بوو. لە گونددا تـەنیا هـەر ئەو بوو، سـەری چووبا نوێژی نەدەچوو و سـاڵ دوازدەی مـانگ خـەریکی نوێژ و خواناسـیی خـۆی بوو. خـەمی گـەورەی ئەوە بوو، کـەی حـەجـەکـەی بەنسـیب دەبێ. لەبەر هـەندێ، لە هـەمـوو کـەسـێکی پتر هـەڵپە دەکـرد و لە هـەمـووان زێتـری لۆکـە دەچنی. هـەر پارەیەکـیـشی وەچەنگ کـەوتبـا نەیدەخـوارد، نە جلێ، نـە پۆشـاکێ، چیی بۆ منداڵـەکانی بـۆ خـێـزانەکـەی نەدەکـرد. ئەو چەند گـەزە جـاوەی کـە مـاڵـێـیـان جـۆلاییی دەکـرد، نەبوایە، دەبوو بـە ڕووت و ڕەجـاڵی گـەڕابان، بەڵام چـەندین ساڵ بوو پارەی حەجەکەیشی بۆ پڕ نەدەکرایەوە.

«ئوێککەش گورگی چیات پێ دەڵێن. پیـاوێکی پیـرۆزی. مـوسـوڵمـانێکی دین پتـەوی. هـەقی کـەست نەخواردووە. وەک سـاوای مـەحـسـووم هـاتیـە دنیـا و وەک ساوای مـەحسووم دەڕۆی. لە هـەرزەکاریشـتدا دۆخینی حـەرامت نە لە کەر، نە لە هیـچ مـەخلووقێ نەکردووەتەوە. ئەم هـەمـوو ڕێگایەت بە پاک و خـاوێنی بڕی، ئەم عـومـرەت وا بـە پاک و تەمـیـسی بەسەربـرد. سبـەینێ لەو دونـیا، کـە دەچیـە بەر دیوانی خـوا و بەردەرکـەی ڕوومـاڵ دەکـەی، هیـچ پرسـیـارێکی نابێ و نییـە لێت بکا. دەڵێ ئەی بەندەی خۆم، ئوێککەش گورگی چیا، هیـچ پرسیارێکم نییە لێـتی بکـەم. کـۆشکێکم لە بـەهـەشـتـدا بۆ ڕۆناوی وەک تـەلاری ئیـسـتـگەی شـەمـەندەفـەری ئەدەنە هـەمـیـشـە چرا و چراخـانە. بڕۆ لـە کـۆشکی خـۆت دامـەزرێ، سـەڵتـەنـەت لێ دە، کـەیف بکـە، ڕابوێرە، ژنەکـەشت دەخـاتە تەک، لەگەڵ خۆتـی ببە. چل حۆریشت دەخـاتە خـزمەت لـە هـەرە جوانانی سـەردنیـا، چەندین پەنجە وێ نەکەوتوو، چەندین لەوانی کە گوتت، یەک، ناڵێن، دوو. ئاوی کـەوسـەرت بۆ دەبـێ بە شـەراب. تا چاو هـەتەر دەکا، بـاخ و باخـات، لقی دار و درەخت سـەربـەرەژێر مـیـوەی گـەیـوت تا نێـو زار بۆ درێژدەکـەن. هـەر لە سبەینێوە تا ئێـوارێ لە هەمـەجۆر، میوەو خـواردنی خۆش، هەنگوین، شیـری تەیر و تواڵ، دەخۆی و دەخۆیەوە، ئەوەی دەیخۆی و دەیخۆیەوە دەبێ بە ئارەقە و دەیدەڵـێنـی. بەڵام ئـارەقـە چ ئارەقـە، نـەک وەک ئەو ئـارەقـەیەی کـە بەدەم لۆکـەچنینەوە دەری دەدەی. هـەر ئاگاشت لە خـۆت نابێ چۆن ئارەقە دەکـەیەوە.

ئارەقەکەت جارێ بۆن و بەرامەی میسک و عەنبەر، جارێ بۆنی گوڵاو، جارێ بۆنی نێرگز، جارێ بۆنی گوڵە هەڵووژەی لێ دێ. جارێ بۆنی پوونگ، جارێ بۆنی گەڵای تازەی داری چامی، جارێ بۆنی خاکی دوای بارانی لێ دێ. خۆلاسە، تۆ هەر بۆنێکی خۆت بتەوێ ئەو بۆنە دەدا.

«گۆشتی قاز، گۆشتی مراوی، پۆڕ، وەک دەنکی هەنار سوور سوور لە پێشت دادەنرێ. چەندی دڵت دەیبا دەیخۆی و دەیخۆی.»

«ئیدریس پێغەمبەر حوللەت بۆ دەبڕی. بێ مقەست، بێ تەقەڵ و دوورمان، لە ئاوریشمی پەتی. ڕەنگیان ئاوی چاو دەبا، جل و بەرگت وەک گوڵووکی ئوزوون یایلە دەدرەوشێتەوە. هەموو ڕۆژێکیشیان دەگۆڕی. هەر بەخۆشت نازانی چۆن دەگۆڕدرێن. حەزت لێ بێ، بڵێی ئەمانەی لەبەرمدان، بگۆڕدرێن، یەکسەر دەگۆڕدرێن.»

«ڕایەخ و نوێنت ویست، هەرچی باڵندە و مەلیچکی پەڕنەرم و نیان هەن دێن، پەڕی هەرە نەرمیان لەبەر دەرکەت دەوەرێنن. هەمووت بۆ دەبن بە ڕایەخ و نوێن. جا لەبەرئەمە، لەم دنیا، لەسەر ئەرزی ڕەق نووستن خێرە. دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە، برادەر!»

«کوێرایی داهاتووەکانی ئێمە، گوێ کەڕەکانی ئێمە بەمە نازانن. ئێمەمانانی لەم دنیا شەیتان نەفس لەخشتەبردوو ئەمە نازانین. تۆ دەیزانی.»

«لەوێ، لە کۆشکەکەتدا هەوا نە گەرمە و نە سارد. نیوەتێن و فێنکە. هەر دەڵێی هەوای یەکەم مانگی هاوینە، فێنک، بۆن و بەرامە خۆش، خوێن بزوێن، لەبەرئەمە لەم دنیا، بە ڕووت و ڕەجاڵی گەڕان، خۆڕاگری لەبەر سەرماوسۆڵەی قایم و گڕەوگەرما زۆر خێرە. ئەمە کەس نایزانێ، تۆ دەیزانی. لەبەرئەوە هەرچی بێ ئەقڵ و بێ ئاوەزی ئەم گوندە هەن، هەڵپە بۆ ئەم دنیا دەدەن، ڕەنج بۆ ئەم وێرانەیە دەکێشن، هەرچییەکی تۆی ڕەنج بۆ کۆشکەکەی بەهەشت دەدەی. کەچی بە چاوی سووکیشت سەیردەکەن.»

«ڕاستە، زەوی و زارەکەی کوڕی میرئالای گەچۆڕە، بێ برشتە، لەچاو

مـەزراکانی تـردا هاتی نیـواونیـوە. لە زەرەر و زیانی گـوندییـەکانـە، لە زیانی تاشباشە، لە زیانی خۆمـە. مەمانان دنیا چاوی کوێر کردووین. هەمیشـە هـەر لە مـەزرای سـووک و بێ ئەرک دەگـەڕێین، لـە قـازانجی زۆرو مـفت دەگـەڕێین. هەرچی تۆی لـە مـەزرای سـەخت دەگەڕێی، لـە قـازانجی بە هـەق و هەقیـانەت دەگـەڕێی. تـۆ، کـە لە مـەزرایەکی لۆکـە زۆردا، لۆکـە دەچنی و بە هـاسـانی پـارەیەکی زۆرت وەدەسـت دەکـــەوێ، لـێت ڕوون بـێ، لـەولاوە، لایـەکی دیـواری کۆشکەکەی بەهەشتت دەڕووخێنی. تۆ کە پارەی حەجەکەت بە ئەرکێکی گران وەدەست دێنی، دیارە لای خوا پلە و پایەیەکی جیاوازت دەبێ. کامـەتا ڕەنجی یەکـێکی وەکـو من؟ من دەڵێم، هیچ نەبێ خـۆ لە گـوندەکـەمـاندا پیـاوێ هـەیە، بەتەمـای حـەج بێ و بەهاسـانی، جا بۆچی مـەزرایەکی بەکوڵکەوە بێ لۆکەی زۆری هەبێ و بەهاسـانی قـازانج بکا؟ سـامـانی چەپەڵی ئەم دنیـایە چاوە خـاوێنەکانی خەوشـاوی بکا؟ تۆیش سـەربار، ئەم چاکەیەی من لەبیردەکەی و دوای تاشـبـاش دەکـەوی، کۆشـکەکـەی ئەوێت بەدەسـتی خـۆت دەڕووخـێنی و لەگـەڵ زەویدا یەکـسـانی دەکـەی. وشکاو بە ئاوی کـەوسـەر دێـنی و دەیکەی بە زەلکاو.

«من گـوندانەم خـڕدەکـردەوە، تۆ پـارەت نەدا، لەبەرچی پێـخـەفـەکـانـتم لـێ ساندی؟ گوتم، با لەسەر زەویی ڕەق بنوێ. لـەبەرچی خواردنەکەم لـێ ساندی؟ گوتم، با برسـی بێ. لەبەرچی پارێنەکەم بۆ کرێی ڕێگا پێ بەفرۆتن دای؟ گوتم، با مـاڵی دنیـا لە ڕاسـتـەڕێی دەرنەکـا. تۆ دەزانی من لـە جـێی خـۆیدا زۆرم یارمەتی دای، بەڵام تۆ پێی نازانی، بەڵێ لە هـەموو کـەسێ سـەرودڵ کراوەتری، بەڵام تۆیش هـەر ئادەمـزادی. جـا بائێسـتـا هێندێ ئەقڵت فـێرکەم. تۆ سـەرودڵ ئاوای، بەرچاو ڕوونی بەڵام مێشکت پووکە، کەمزانی.

«لە قورئاندا دەفـەرموێ، نابێ لە خوا یاخی بی، نابێ هـاوبەش و هـاوڕێ بۆ خـوا پەیداکـەی. خـوا کێـیـە؟ تۆبە! تۆبە! خـودا ئەو گـەورە و مـەزنەیە کـە نابێ هەرگـیـز لـە فـەرمـان و فـەرمـایشـتـی بچـینەدەر. لەم سـەرڕووی زەمـینە کێ بریکارێتی؟ حـوکومـەتەکەمـانە، دۆمـوخڕاتەکـەمانە. ئەی بریکاری حـوکومـەت و

دۆموخڕاتی شارۆکەکان کێن؟ قایمقام و تۆفیقەفەندیی گوێدەجی گەورەمان. ئەی بریکاری قایمقام و تۆفیقەفەندی لە گوندان کێن؟ کوێخامانە کوێخامان کێیە؟ من. کەواتا لە من سەرکێشی کردن و کەڵەوەکێشی، لەدژ من وەستان، واتەچی؟ بڵێ، واتە چی؟ من نایڵێم. ئا ئەمەیە کە دەبێ بە هەزار باریدا تاوتوو کەی و بیری لێ بکەیەوە. دەبێ بیربکەیەوە. ئەمە ساڵانی ساڵە، خۆت بە دار و بەرددا دەدەی، ڕەنج دەکێشی، بەددان، بە نینۆک هەڵپەدەکەی. خۆ ئەو کۆشکە جوانەی کە بە هەزار ڕووتی و ڕەجاڵی و مەینەتی و چەرمەسەرێت پێکەوە ناوە، بە چاوقووچاندنێ نایڕووخێنی، برادەر! سەد حەیف و مخابن بۆ ئەو هەموو ڕەنجەت، برادەر! گوایە تاشباش ئۆغڵی لە کۆشکەکەی بەهەشتت بەنرختترە؟ برادەر! من وا دەڕۆم. تۆیش بۆ خۆت بیربکەوە! تا سبەینێ بیربکەوە و خەو لە چاوت نەکەوێ. لە گوناهەکانت تۆبە و پەشیمان بەوە. لە نەزانی، لە ڕێگای ڕاستی خواوەند لادانت پەژیوان بەوە و داوای ڕەزای هەق بکە، برادەر! کەس ئەو کۆشکەی تۆ بە بەدرێژاییی تەمەنی پێکەوە نانێ، برادەر! پیاوی دڵ و دەروون خاوێن ئەمێستا لە کوێ ماوە؟ برادەر! ماڵئاوا. خوا یارت بێ. هەزار سڵاواتیش لە دیداری محەمەدی ناوجوان.»

دڵی خۆش بوو. قسەی زۆر جوان و بەکار و دڵنەرمکەری بە ئۆێکەکەش گورگی چیا گوتبوو. ئۆێکەکەش گورگی چیا هیچ قسەی نەکردبوو، لە یەکبینە دوعای کردبوو، ناوبەناوێکیش گوتبووی: «خوایە، خوایە! هەر خۆت فریاڕەسی.» و هەر هێندە.

«ئەرێ دوردومان، ئەمە تۆ چۆن پیاوێکی؟ هەیە پیاو بەم نیوەشەوە بێنێتە خاک و پای خۆی؟ پاش ئەوەی هەموو مەزراکان گیراون ئەنجا سەربڵیند دەکەن؟ ئەم ساڵ بێتەوە، خۆتان بچنە خوار، خۆتان لۆکە بدۆزنەوە. گوندیتان بەدوای خۆتان داوە، دەیانبەن، ئەمە مانای بەچی؟ کورە ئاخر، ئەوا چووشنە خوار، کە مەزراتان دەست نەکەوت چ وەڵامێکی گوندی دەدەنەوە؟ کورە تۆ ئەمە سێ ساڵی خشتە قەرزی عادیلەفەندی نادەیەوە. بۆ سوارییی باوکە کەنەفتەکەت کەرێ ناکڕی. وەک ڕۆژ لێم ڕوونە نە مەزراتان دەست دەکەوێ نە

تەڕەماش، لەو چقورئۆوایە بە ڕووت و قووتی دەمێننەوە، ئەوساکە، کەستان ناخەمە ناو مەزراوە، ها! هەینێ بەزەییتان بە گوندیی دەم بێ زماندا بێتەوە. سەرەنجامی کردەوەکانتان بە خراپ بۆ دەشکێتەوە. با ساڵێکی دی بێتەوە، بۆ هەرکوێیەک دەچن، بچن. بەم نیوەشەوە، منیش گیان لەبەر نیم چما، بێمە خاک و پاتان؟ ئەمە ئاکامی باش ناکەوێتەوە، ئەوە چاک بزانن. بەرانبەر بە قانوون تاوانبار دەردەچن.»

«بەسە فۆرتە، مامە بەسە فۆرتە، گوایە لەبەرچی بە تاوانبار دەردەچین!»

«چونکە ئەمە کەڵەکبازییە. قانوون بەند بە بەند نووسیویە. تۆ کوێخایەتیت نەکردووە، سەرت لێ دەرناچێ. جارێکیان... وا پێت دەڵێم ها! ئاگات لە دەمی خۆت بێ. گوندی لە ڕێ دەرمەکە، یاخییان مەکە. دەڵێن، لە شار، ناوت بە چاک ناهێنن. زاری خۆت بگرە! ئەوانەی جەندرمەنە دەربارەی تۆیان ڕاگەیاندوومێ لە گوندیی ئاشکراکەم هەر بەحەواوە لەت و پەتت دەکەن. خۆ مەسەلەی شەپقەکەت لەبیرە... تێ گەیشتی... خۆ تۆ پیاوێکی ژیر و ئاقڵی، دەزانی من هەموو شتێکم لەدەست دێ. دەزانی چەندت ڕاپۆرت لەبارەوە دراوە؟ جەندرمە دەڵێن، هیزە پێ نەحەسێ. تۆ پێت وایە من دەزانم چ پڕوپاگانتەیەک بەناو میللەتە بەشەرەفەکەماندا بڵاو دەکەیەوە؟ چاوەڕێم، ڕۆژێ دێ، لە بەربینگت دەگرم، ئەوسا دەزانی دنیا بەری بەکوێوەیە. حوکومەت هەموو شتێ دەزانێ. ئاگای لە خشەی مار و مێرووە و دەزانێ ئاو، کەی لە ئاوەڕۆ وشکاو دێنێ. گوتم، هاوگوندمە، دەنگم نەکرد. گوتم با ئاوڕووی گوندەکەمان نەچێ. بە کەسم نەگوت، لەدین وەرگەڕاوێکی ناخوای وامان لە گوند هەیە. کورە، ڕۆڵە خوار مەڕۆ، بگەڕێوە سەر ڕێگای هەقیانەت. لەگەڵ میللەتێکی زەلامدا کەڵەوەکێشت پێ ناکرێ. ڕاست برۆ. سبەینێ لەگەڵ تاشباشدا ناچی، باش؟»

«دەڕۆم، تۆ ناهەقی. بەزەت بە گوندیدا نایەتەوە. تۆ بڕوانە، حاڵی ئەم میللەتە چەند پەرێشانە...»

«چاوت لە من بێ، ئەمساڵ گوندی لە ڕێ دەرمەکەن. بەڵێنم دا، هەر کە ساڵ وەرسووڕایەوە، یارییەتان دەدەم، مەزرای چاک بۆ گوندی دەدۆزینەوە. ئەگەر ڕاستت گەرەکە، منیش لەم کوڕی میرئەلایە بێزار بووم. زۆر دەمەوەر و پیس و گەمارە. وە دەشتپارێزم. دەڵێم کوڕێکە لە نووری پەتی. دەڵێم لەمەوپاش هەقی بەسەر ئەو جۆرە کارانەوە نابێ.»

«با جارێ بیرێکی لێ بکەینەوە مامە، با ڕۆژ هەڵێ، خێر بەدوویەوە. وە نییە؟»

«خۆت دەزانی کوڕم، من هەموو شتێکم حاڵی کردی. تاوانی خەڵک بۆ یاخیبوون دنەدان ماڵ وێرانییە. ژیر بی تێ دەگەی. خوا حافیز، خوا ئاگادارت بێ.»

کە چوو، تەماشای کرد وسوو بەخەبەرە، چاوەڕێیەتی.

کە لەولاوە هات، گوتی:

«فەرموو، ئاغا، بەخێرێی، بەسەر چاو، خێر و بەرەکەتت هێنا. لە ئێوارێوە چاوەنۆڕتم، هێندەم چاوەنۆڕ کردی ئاوی چاوم داهات. لە گوندانە وەرگرتندا لە پێش هەمووانەوە دێم، بەلام لە دیدەنی و بەسەرکردنەوەدا لە پاش هەمووانەوە دێم؟»

«وسوو بمبەخشە، تۆ لە خۆمان حسێوی. نەوەی خوشکی دایکمی. پوورزازازامی، هەروەها ئەندام و بیبیلەی چاو و نماینەی دۆموخراپت خۆتی. هەر لەبەرئەمە یەکێکی لە خۆمان، بە ڕێگای خراپ زوو پاشگەز دەبییەوە.»

هەروا لەسەر چمکێکی دۆشەکەکە قوونێکی دایەوە.

«هەموو قسەکانتم بیستەوە. حیزبەکەمان بەوکارەوە تێ وەرمەدە. کاری گوند شتێکە و کاری حیزبایەتی شتێکی تر. ئەمە مەکە. دەترسم، لە کاتی دەنگداندا، لە ناوچاوانی تۆوە، هەموو کەسێ دەنگ بۆ عیسمەت پاشا بدا و حوکومەتەکەمان لەدەست بچێ. لەگەڵ بەکرەشێتدا دەست تێکەڵ مەکە.»

کوێخا ڕاست بووەوە، چوو لەولاوە دانیشت.

«فەرموو وا بەگوێم کردی. وازم لە بەکر هێنا. وە ئیدی جارێکی دیکە قسە ناکەم. بەڵام تۆش بەڵێنم بدەیە، کە لەگەڵ تاشباشدا نەچی، بەڵێنی پیاوان. بەڵێنی من، یەک بەڵێنە! لە پۆڵا قایمترە... دە بەڵێنم بدەیە دەی. ئەمساڵیش نومایندە هەر خۆتی. ئەوەش دووەم بەڵێن لە منەوە. باشە؟»

«با بیرێکی لێ بکەمەوە.»

«وە ئەگەر بەڵێنم نەدەیێ، نە هاوڕێتیی نومایندەیی و نە هاوڕێتیی حیزبایەتی وا دەبێ. حیزبایەتی واتا: پێت بۆ کوێ چوو سەر بۆ وێ دەچێ، سەری هەمووان. سەرۆک چی گوت، لە بیرتە؟ ئەمە یەکەم مەرجی دۆموخراتییە، تێ گەیشتی، حاڵیی عەرزم بووی.؟»

وسوو لاقی بۆ بن خۆی هەڵکێشا، گوتی:

«تۆ واز لە بەکرەشێت دێنی، بەڵێن بێ؟ کورە پاشگەزبوونەوە نییە، ها!»

گوتی: «ئێمە خاوەن بەڵێنی خۆین هاوڕێ» و هەستایە سەرپێیان.

گوتی: «ئێمە بۆ بەڵێن چەسپاندنی خۆمان سەرمان پێوە نییە، سەر دادەنێین. چۆن وا دەڵێن. ئێمە هەر ئەوەندە قسەیەکمان لە زار دەرنەچێ!»

لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئیشەڵا، کەس قسەکانی لەگەڵ کوڕی بێ کراسدا نەبیستمەوە، بیستبێتیەوە کار شلۆقە.»

مادامێکی بەخەبەرهاتوون، گوێیان هەڵخستووە و ورد ورد لێکی دەدەنەوە، خۆم دەزانم چۆنیان پیشان دەدەم.

پشووێک ڕاوەستا. چاوێکی بە گوندە لەوناوە پرش و بڵاوبووە لێ ڕاکشاوەکەدا گێڕا. لە پاشان هەمدیس دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە.

ئەو جێگایەی لە ژوور سەریەوە وەستا جێگەی عەلی کوێتولەمەز بوو. دانەوییەوە، بەسەریدا قیژاندی:

«ڕاست بەوە سەگباو، گەڕەک بە گەڕەک، ماڵ بە ماڵ دەگەڕێی لە دژم

دەدوێی، جوێنم دەدەیێ، ها؟ ڕاست بەوە. هەی دەیووس! هەستە ڕاست بەوە. پەتێکم بدەیە! هەستە پەتێکم بدەیە، بێ ئازاردانی گیانت، باڵبەستت کەم. هەستە ڕاست بەوە!»

لە دەستی گرت، توند ڕای کێشا، هەڵی ساند.

عەلی کوێتویلەمەز مڕەمڕێکی کرد، بەڵام پیاو لێی حاڵی نەدەبوو.

«کوڕە لەگەڵ تۆمە، ئەم بەزمانە چین دەیانکەی؟ هەڕۆ، پێشم کەوە بۆ پۆلیسخانە. ئەم گوندەت بە مەزرای باوی خۆت زانی. هەتیو، ئاخر تۆ کێی؟ هەی پەستی کوڕی پەست. سبەینێ لەگەڵ تاشباشەفەندیدا دەڕۆی، عەلییەفەندی پاشا؟ کە باوت مرد، تۆی ڕاسپارد. کوێخای گوندێ، واتا باوکی ئەو گوندە، واتا پاشای سەرکۆمار. هەر ئێستاکانێ بلێم کلک و گوێتان بکەن، دەیکەن.»

شەقازیللەیەکی قایمی سرەواندە بناگوێی کوێتویلەمەز. شەقەی شەقازیللەکە بەو شەوە تا دوور ڕۆیشت.

پەلاماری دەستی دا، گوتی:

«تۆبە مامە تۆبە! من نەبووم بەوان، هیچ تێکەڵیان نەبووم.»

«ئەو گوندییانەی چاکەی من دەخەنە ژێر پێوە، با بڕۆن، دوای ئەو کەون. حەوت پەڵ لە شوێنیان. چاکەم لە بەربینگیان بگیرێ. هەر دەشگیرێ. بەڵام هەرگیز نایەڵم تۆ دوایان کەوی. با بڕۆن، بەو هاوینی چقورئۆایە بێ ئیش و کار، بێ گوڕ و توان خۆ پەلەکێش کەن، هەقم بەسەریانەوە نییە. بەڵام تۆ ناچی. قەرزی عادیلەفەندی لە منی دەوێتەوە. بنوو یاڵا بنوو! هەقت بەسەر کاری واوە نەبێ، کوڕم. خوا ئەوکەسانە بگرێ کە هی وەکو ئێوەگەل لە ڕێ دەردەکەن. گوناهی ئێوە نییە، ڕۆڵەکانم، تولفەکانم. سبەی، دووەی، کە بێ کار دەکەون بەزەییم پێتاندا نایەتەوە. ئەوانەی فریویان داون دەست بەسمێڵیاندا دێنن، تەزبیح بادەدەن و دەگەڕێن.»

ماندوو بووبوو. لەپاش ئەمە، بێ ئەوەی سەر لە کەسی تر بدا، ڕاست چووە

نێو جێگاکەیەوە. سەری دەخولایەوە.

دەبوو نەختێ ماندووی حەسابایەوە و سەرلەنوێ وەدەرکەوتبا و ئەوانەی مابوون ماڵ بەماڵ گەڕابا. لایەنی خراپەی کارەکە ئەوە بوو کە هەرچی لەبیر کرابوون، لە دڵیان دەگرت و بەخۆیاندا دەشکانەوە. دەیانگوت، فلانی بەسەرکردەوە، چوو بۆ کن فیسارەکەس، لەگەڵ فلان کەس ئەمەی گوت، لەگەڵ فیسارەکەس ئەوەی گوت، کەچی ئێمەگەلی بە پیاو نەزانی. دڵیان دەرەنجا، زیز دەبوون. زۆریان بەخەبەرهاتبوون، چاوەڕوانی بوون.

دەبوا یەکەبەیەکەیانی بەسەرکردبایەوە، دەمەوبەیانیش دەبوو بچێ ئاشقە کەچەڵی دیتبایەوە.

مادامێکی ئەم پیلانەمان دانا، ماندوویش بین، بشمرین، دەبێ تا سەری ببەین. پیلان بە نیوەچڵی بەجێ دەهێڵی، لە ژیاندا هیچ کارێکت بۆ بەسەرناچێ، برادەر!

کە شەوگار ڕاکشا و بەنیوە بوو، ڕاست بووەوە، کەوتە نێو مالان. یەکەیەکە هەرکەسێکی دیت، تا تەڕاییی تێدابوو پێی کرد. تا زمانی گەڕا، تا هێزی پێدا شکا گوتی و ڕستی. کە لەکارەکەی بووەوە هەستی بە بەختەوەری کرد. دەیزانی ئەو تۆوەی شەوێ چاندوویە، هەر کە ڕۆژ دەبێتەوە و نابێتەوە، لەگەڵ گزنگی خۆردا شین دەبێ و تەرزداوێ. بۆ بەرەبەیانێکی درەنگ ئەوجا توانی بگاتە کن ئاشقە کەچەڵ. ناچاری، پێداویستی، ئەوەی پیلانەکەیش داوخوازی دەکرد ئەمەبوو. ئاشقە کەچەڵ دوا کەسی گوند بوو. تەنیا کەسێ کە هێشتا قسەی لەگەڵدا نەکردبوو، هەر تاشباش بوو. دەبوو بۆ کن ئەویش بچێ، لەگەڵ شەیتاندا، لەگەڵ شەیتانی نەفسدا ڕێک کەوت. بوو بە داوی خۆکامییەوە.

ئاشقە کەچەڵ خۆی پۆشتە کردبووەوە، پاڵی بە نوێنە بەدارەوە هەڵپەساردراوەکەوە دابوو، دانیشتبوو.

کوێخا بێ ئەوەی چ بڵێ، چوو، وەک ئەو پاڵی بە دارەکەی ئەوبەریەوە دا ڕوونیشت.

لەپاشان گوتی:

«هۆ قوڵینگان.»

ئاشقە کەچەڵ وەڵامی دایەوە:

«هۆۆۆۆو قوڵینگە پەڕزێڕینەکان.»

شـــایی و کـەیف و خـۆشـیی مـاڵەباوم، ئاشـقـە، بلبل بۆ دەنگ و ئاوازی سازەکەت شێت و شەیدام. هۆ قوڵینگان!»

ئاشقە کەچەڵ ئەم قسانەی لە هەموو قسان پێ خۆشتر بوو.

«هۆ هۆ قوڵینگە پەڕزێڕینەکان!»

«ئەی ئـەوەی کــە هـەڵدەکــەیە لاوک و حـــەیران، هـەنگوینـت لە زار دەڕژێ، گورگ، جانەوەر، تەیروتوو دێنیە زمان، دارو بەرد دەتوێنییەوە، شان و شکۆی گـوندەکـەمــان... ئەی ئـەوەی بەم سـبـەینێی خـوایە، لەگـەڵ چاوهەڵێنانی بەرەبەیاندا گـوێی دنیـا دەزرینگێنییـەوە بـە لاوژە و سـتـران... هۆ قـوڵـینگان. قوڵینگی پەڕزێڕین. زۆر شەکەت بووم، زۆرم هەڕاکرد. پێش ئەوەی بەری ئاسۆ ڕوون بێتەوە، کوڕی کوێخا خدر داوای لاوژە و گۆرانیت لێ دەکا، دڵی فێنک کەوە. سەری لێ شێواوە، دژمن لە چوارلاوە، دەوراودەوری داوە، بە تاقی تەنیا لە چۆلی یەمەنێ داماوە. وای بۆ بڵێ وای بۆ بەنگێوە، هێز و گوڕێکی لە هەناو گەڕێ، خراپەی دژمنان لەبیرکا و خەم و کەسەری لەکۆڵ کەوێ.»

ئاشـقـە کـەچەڵ دەمـوچاوی بە ڕدێنێکی سـپـیی کـۆسـەی شـاش و واشـی شـپـڕێوەوە لەگـەڵ تاریک و لێـڵـەدا ڕووناک بووەوە. بەتـەمـەن بـوو. تەمـەنی نە خۆی دەیزانی و نە کەسێکی دی لە گوند. هەمـوو کەسێ، لەوەتی ئاشقەکەچەڵ ئاشقەکەچەڵ بوو هەروایان دەبینی.

هەمیشە یەک دوو داوە مووی لاواز بە چەناگەیەوە شۆڕ دەبووەوە.

«ئێی وەڵا بۆ گزنگی ڕۆژ و فرک و هۆڕی تەیروتوو!»

سـازەکـەی لە کیف دەردێنا. لەسـەرەخۆ، بە دەسـتی لـەرزۆکەوە پەنجـەی بە

تارەکانی دا هێنا. ئەوجا دەستی بە سازلێدان کرد. لە ئاواز و هەوایەکەوە ڕای دەگوێزتە ئاواز و هەوایەکی تر، لە بەندێکەوە دەچووە بەندێکی دییەوە، خۆی بەسەر سازدا گرمۆڵە دەکرد، ڕاست دەبۆوە، سەری ڕاوەشاند، حاڵی لێ دەهات، جەزبە دەیگرت، هەر هێندەی تۆپۆکەیەکی دەمایەوە، ئەوەندەی دەیتوانی گۆڵۆڵە دەبوو، لە پاشان هەڵدەزەقییەوە، گەورە دەبووەوە.

ئەوانەی لە دەنگ و ئاوازی سازەکە بەخەبەرنەهاتبوون و هەرچیش بەخەبەرهاتبوون و سەرلەنوێ نووستبوونەوە، بەخەبەرهاتن. لک و چڵی دارەکەی سەر سەریشی بەدەم شنەی با هەڵکردووەکەوە، بەکاوەخۆ نەرم نەرم، دەهەژین.

لە پێشان منداڵان هاتن، دوایی لەناو شیوەکە بوو بە هەراو هۆریا. زۆری نەخایاند هەرا و هۆریاکە کپ بوو. پاشان ژنانیش هاتن.

بە دەوراودەوری ئەو شوێنەی ئاشقە کەچەڵ و کوێخای لێ دانیشتبوون ئاڵقەیان بەست. هێندێ دانیشتن، هێندێ بەپێوە ڕاوەستان. ئەوجا کوڕوکاڵان هاتن، خزانە بن دەستی ئاشقەوە. بەتەنیشتیەوە، یەک بەسەریەکدا کەوتن، کەڵەکەیان کرد. پیاوانیش، پیر بووبوون، هاتن لەو سەر خوڵە لێی کەوتن. لەودەمی کەرێ زەڕی، دایانە قاقای پێکەنین.

دنیا کڕوکپ بوو. سرتە لە هیچەوە نەدەهات. دەتگوت هانە لە کەسەوە نایێ. بەو تاریک و ڕوونە، لەبەر ئەو سروەی سەحەرە گوێیان بۆ سازەکەی ئاشقە کەچەڵ هەڵخستبوو.

ئاشقە کەچەڵ لەو جۆرە ئاشقانە نەبوو کە هەر لەخۆڕا هەڵدەکەنە لاوک و حەیران و دەجۆشن. بەم بنەماڵەیەیان دەگوت بنەماڵەی ئاشقە کەچەڵان. باپیری، باپیری باپیری، مامی، برایەکانی، هەرچی کەس و کاری هەبوون، سەرلەبەر ئاشق بوون. هەر بە هەمووشیان دەگوتن ئاشقە کەچەڵ. کە شەجەرەی خۆیان دەخوێندەوە، تا قەرەجە ئۆغلان، تا ئاشق یونس، دەڕۆیشتن. لەم وڵاتەدا، سالانی ساڵ، کەس نەبوو، لە سەردەمی منداڵیدا لە

سـەروەخـتی هەرزەکـاریدا و لاوێنیـدا، لە سـەروکـاتی پیـریدا، لە سـەرێنیی کچێنیدا، لە چاخی بووکێنیدا، لە سەروبەندی کەفتەکاریدا یادگارێکی لاوک و حـەیرانەکانی کـەچەڵی لە دڵ و هەنـاودا نەگرێ. لای لایەی دایکیـان، قـسـە و ڕازی دڵدارەکـانیـان، شایی و زەماوەند و جێژنەکـانیـان چۆن بەبیـردەهاتنەوە، لاوک و حـەیرانەکـانی ئـاشـقـە کـەچەڵیـشـیـان بەو ڕوونیـیـە بـەدەم خـەونێکی خۆشەوە یاد دەکردەوە.

ئاشـقـە کـەچەڵ هەر ژەندی و ژەندی، دیسـانەوە ڕاست بووەوە. دەمـوچاوی نوقـمی خـۆشی خـۆشی و بەخـتـەوەری بووبوو، دەسـتێکی بەو یەک دوو داوە لاوازەکەی ڕدێینیدا هێنا:

«ئێی وەڵا بۆ ئەوانەی لەبەر تاریک و لێڵەی ئەم شەبەقە جوانە، هاتوون، لەم سـەری دنیایە، لە بەراییی چقورئۆوا، لەبن ئەم دارە خڕبوونەتەوە! ئێی وەڵا بۆ هەمـوو خـونچـەیەک کە لەگـەڵ سروەی سـەحـەردا دەپژێ، ئێی وەڵا بۆ خـاکی بەخـەبەرهـاتوو، ئێی وەڵا بۆ ئاوی ڕەوانی بەخـوڕی بەتیـشک و بەبریق و باق! هێیی قوڵنگان، قوڵینگە پەڕزێڕینەکان!».

هەموو تێکڕا بەپێکەنینەوە گوتیان:

«ئێی وەڵا بۆ ئـاشـقـیش، ئێی وەڵا بـۆ ئاشـقـە کـەچەڵیش! ئێـی وەڵا بۆ تاری سازەکەشت، هێیێی، هێیێی، هێیێی قوڵینگان!»

«ئێی وەڵا بـۆ مـــاڵ و منداڵ، بۆ بـەبلانـی مـــەلۆتکە، بـۆ لۆکـــەی ســـپـــیـی چقورئۆوایش!»

دیسانەوە پێ کەنین، گوتیان:

«ئێـی وەڵا بۆ قـــەرەجـەئۆغـلان، بـۆ ئاشـــقـــە یۆنس، بۆ داداڵ ئـۆغـلـی، بۆ عەبدوڕەحمانە قووڵ!»

ئاشـقـە کـەچەڵ قـەدەرێ بێ دەنگ بوو. ئەم هـەمـوو ئێی وەڵایانە بەخـۆڕایی نەبوون، هـەریەکی بە لاوکێ، بـە حـەیرانێ، بە لاوژە و سـتـرانێ لـەسـەر ئاشق دەکەوت. هێیێی، ئیدی شاییە، جێژنە، کەیف و شادمانییە.

ئاشق هەمیسان گوتی: «هێێێی قوڵینگە پەڕزێڕینەکان!» ئەنجا دەستی پێ کرد.

لە پێشان دەنگی باریک. بە کۆخە و کەرخ و پیرانە بوو. لە پاشان بەرەبەرە گوڕی ساند، کە گوڕی ساند، ئیدی بەجارێ هەڵایسا و سۆزاوی بوو.

جووتێ بلبل بەودرکەوە نیشتنەوە. سەری سەوز و لاقی سوور. سەوزەکان، سوورەکان... هێێێی قوڵینگە پەڕزێڕینەکان... هێێێی تیشکەکان! شەو تاریکە... بەسەر باڵمدا... یەک جودایی، یەک نەبوونی، یەک مردن... سێ دەردم هەن دەست لەملان یەک لە یەک جیانابنەوە... کە جلی جێژنی چقورئۆوام لەبەرکرد... شین و شادیم هاودەمن چیاکان. هۆ چیا بەتەنتە و سەنسەنەکان. هۆ چیا بەپوونگ و وەنەوشە مۆر و سەر بە هەورە سپییەکان. ئاورم لە قیرشەهر بەردا. لە دوورەوە کڵپەکڵپ دەسووتێ. برمێن. نێوان چیایە... قوڵینگان. هۆ کۆساران، هۆ چاوکاڵان...

لەقلەقێ بەئاسمانەوە، لەقلەقێ. لاقی لەقلەق چێوێکی بەخەنە. مادەم ئەم دنیا مەرگی تێدا، با ڕێگا نیوەچڵ بێ، نەک کامی دڵ نیوەچڵ. سێ کێلم لەسەر گۆڕی بۆ بچەقێنە سوور. بمکوژە و دەستت لە خوێنم خە. با بڵێن دەستە سپییەکانی بەخەنەن. یەخسیری قرالی لەناو دەریا دەخولێتەوە... دەریاکان، دەریاکانی چقورئۆوا.

زەوی بە کەسکی، باران بە نەرمی، کامەتا کوای پەلکەزێڕینە؟ سپی لەنێو کەسک و سەوزی. دەنگێ شەوق دەداتەوە. دنیای بەبریق و باق. ئەو چیایانەی لە ناو شەوقی شەبەقدا دەگەڕێن ئاورینگ دەپرژێنن. هەی داد هەی بێداد لەدەست هەژاری، لێم بووی بە پشتێن لە پشتم ئالای. هۆ سیل و دیق، هۆ دەردەباریکە، هۆ نەخۆشی. هۆ گەڕوگولی، هۆ سەودا، هۆ تۆران و دڵ ڕەنجان، هۆ ئاشتی، هۆ ڕەشەسەودا.

پێمەردە هاتووە و داوای گیان دەکا. تۆ بڵێی من تاوی گیاندانم هەبێ؟ شنەی سەحەرێ، بەندی شەبەقێ، ئای بۆ دە برای قۆچاخی مێرخاس، ئەم

ئاغایانە لێرە وەدەرنێم. ئاغایان، هۆ ئاغایانی چقورئۆوا... داری ئەستوور بە پشتی لک دەنرکێنێ.

ژێر زەوی، سەرزەوی... ئازار، دەرد، بەلا... خەمت نەبێ برا خەمت نەبێ، لە هەر کەلێ ڕۆژێ هەڵدێ.

هێێێی قوڵینگە پەڕزێرینەکان!

لەپاشان گرم و هۆڕی شادییەک، زەماوەندێک دنیای داگرت. ئاشقە کەچەڵ وای لێ هات ئیدی هەرچییەکی دەگوت نەدەهاتە حاڵیبوون. هەروەخت بوو زەوی لە خۆشییان بقڵیشێتەوە.

گرم و هۆڕەکە وەک مەودای شیری برا دوولەت کرێ، لە ناکاو بڕا. ئاشقە کەچەڵ هەموو جارێ سازەکەی بەو ئاوایە دەبڕییەوە. دەیژەند، دەیژەند، کە دەگەیشتە چڵەپۆپەی دەنگ و ئاواز، ترۆپکی ساز، ئیدی لەوێ دەیبڕییەوە.

چمکی ڕۆژیش لەگەڵ بڕانەوەی دەنگ و ئاوازدا هەر لەودەمی بەدیارکەوت.

قەرەباڵغییەکە قەدەرێ لەوێ دانیشتن. دەست و باڵە شەکەت و بێ حاڵەکەی ئاشق بەسەر سازەکەدا کەوتن و لەسەر باوەشی دای کێشایە خوارێ. هەموو جارێکیش هەروا دەبوو. لە لاوێنیشدا...

ئاشق هەستایە سەرپێ، خەڵکەکەیش هەستان، بڵاوەیان لێ کرد.

هەرکەسە زەردەخەنەیەک، بزەیەکی بەخۆوە نازینی بە دەموچاوەوە بوو هەندێکیش، نیوە لاوژەیەکی بەسەر لێوەوە بوو...

کوێخا دەستی خستە سەر شانی ئاشقە کەچەڵ، گوتی:

«ئێی وەڵا بۆ خۆت و ئەو ستران و گۆرانییە جوان و دەنگ و ئاوازە خۆشانەت، ئاواز ئاوازی حەزرەتی داودم، ئێی وەڵا بۆ خۆت و تاری سازەکەت. بۆ برایەتییەکەت، بۆ سەر و سوورەتە جوانەکەت! ئێی وەڵا بۆ وەجاخی ئاشقە کەچەڵیش!»

ئاوڕێکی پاشەوەی دا، سێ کەس لەولاوە وەستابوون بەدی کردن، تێ

گەیشت چاوەڕێی دەکەن. چوو بۆ کنیان. لەپڕ قیڕاندی:

«چ بوو، خەلیلەپیرتان نەدیتەوە؟»

ئەوانیش بە ئیشارەتی سەر وەڵامی نایان دایەوە، ئەویش گوتی:

«ئەدی ئاوها، کە گوند شیرازەی تێک چوو ئاوهای لێ دێ. ئەدی. پیر و کەفتار لەو تەمەنەدا، کە لەدەست و پێ دەکەون، لەترسان، نەکو گوندی بیانکوژن، سەری خۆیان هەڵدەگرن، بە چیا و چۆل دەکەون. لەو کەژ و کێوە کش و ماتە گیانیان دەردەچێ، دەمرن، تەنانەت تەرمەکانیشیان نادۆزرێنەوە. هێسکیشیان... هێسکە سپییەکانیشیان... لاشەکانیشیان لافاو ڕایان دەماڵێ دەیانبا. کەرمۆزی سەوز دەیانخوا. گەزندە و مار و مێروو، تەیروتوو دەیانخۆن. بۆ گۆڕستان بەڕێ کردنێکی بە مام و خاڵوانیشیان بە نسیو ناوێ. هەروەها برادەرینە، قورئانێکیشیان لەسەر ناخوێندرێ. شیرازەی گوند تێک نەچووبا سەربزێو و کەڵەوەکێش لەم گوندە پەیدانەبووبان، نەبووبا بە ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی، ئەم پیرکە سەبارەت بەچی و لەسەر چی هەڵدەهات؟ بۆچی بە چیا دەکەوت. وای پیرک وای واااای... ئازا و دلێرەکەم، لە هەمووشت زاناکەم... مام خەلیلی شارەزای بن عارد و سەرعاردم! وااای، وە بن سیاخاک کەوتووم! لاشەکەت بدۆزمەوە بۆ چقورئۆوای دەهێنم، لە گۆڕستانێکی بەهەیت و هووتت دەنێژم. چۆن کێلەقەبری والییان دەنووسرێ، بۆ تۆیش کێلەقەبرێ بەڕادان دەدەم، لێی بنووسرێ لە ناوچاوانی بشێونەی ئاواییەوە، مام خەلیل پیری کوشتەی دەستی بشێونەی ئاوایی لێرەدا نووستووە. ئەلفاتیحا. وای خێر لە دنیا نەدیوی، بەڕێی لۆکەوە، لەو چیا و چۆلی چقورئۆوایە مردووم! لە یەمەن ڕۆح قوتاربووی لێروکانە گیان دەرچووم. واااای مام خەلیل، تۆ بەلای منەوە لە کوێخا خدری باوکم لەپێشتر بووی. تەنیا یادگارێ بووی کە لەوەوە بۆم مابوویەوە. ئەی ئەگەر من نەگریەم، من بەلەخۆدانەوە نەگریەم، کێ بگریێ؟ واااای هاوڕێ ئازا و ژیرەکەی باوم، چۆنیان دڵ هات.»

دەنگی هێند بەسۆز، هێند خەماوی بوو ژنان، کیژان، سەرلەبەر دەستیان بە گریان کرد. دوو تنۆکە فرمێسکیش لە چاوی کوێخادا قەتیس مابوون. لەپاشان فرمێسکەکان بە ڕوومەتیدا ڕێچکەیان بەست، بە ڕدێنیدا هاتنە خوار. لەودەمی ئەو قسانەی تاشباش بیستران:

«یاڵڵا ئامادەبن، من دەڕۆم. ئەوەی لەگەڵمدا دێ، بێ، ئەوەی نایێ ئۆغری خێر بێ.» تاشباش ئەمەی چەندجارێ دووپات کردەوە.

کوێخا لەناکاو بێ دەنگ بوو، هەستی ڕاگرت.

دەوروبەر کش و ماتی دایگرت.

بەری بە لای ماڵی تاشباشەوە کرد، هەردوو دەستی بە سێبەندەیەوە گرت، ڕوانی. لەوێدا هەڵچوونێکی گەرم و کەف و کوڵێ کە بەدیی نەدەکرد، ڕووی دا. دوو کەری بەبارەوە، چەند ئافرەتێ، سێ و چوار منداڵێکی دیت. ئەوانیش سەیری لای کوێخایان دەکرد.

کوێخا بە بەری دەست سەروچاوی خۆی گرت:

«واااای وای مام خەلیل، خۆزی مردبام ئەوڕۆژەم نەدیتبا. بڕوانە بڕوانە مام خەلیل، کوشتیانی و بەجێشت دێڵن. بە چیایان خستی، گوندیان دووڵەت کرد، ئەوجا بۆی دەردەچن. ئەوانەی بە زیندوویێتی پێیان دەگوتی مامە و بە لای خۆیانیان ڕادەکێشای، بڕوانە مام خەلیل، وا ئەوڕۆ هەڵدێن. دژمنی گوندن. بەمانە دراوسێ، هاوگوند، برا، مامە دەگوترێ؟ بریا ساخ بای و ئەوەی پێیان کردووی، بە چاوی خۆتت دیتبا مام خەلیل. ئەوسا تێ دەگەیشتی کێ دۆستە، کێ دۆست و دژمنی ئەم گوندەیە، وااای، وااای لە چیا بێ سەروسەدا و بێ کەسەکاندا مردووم! کوڕ دەڵێی هاتە ژوورسەرت؟ برا دەڵێی هات دەستێکت لەمل کا؟ لە سەرەمەرگدا کەسێ هەبوو مەلاکۆکەیەکت ئاو لە زار کا؟ یا بەدەم زەوی بە چنگوڕگ هەڵدڕینەوە ئاوها بەتەنیا گیانی شیرینت دا؟ خەلیل، مام خەلیل...»

لەودەمەدا یەکێ خۆی خزاندە لایەوە، گوتی:

«لەخوارەوە، وا بەکر، بەکراغا و سەرۆک پاسەوان دێن.»

کوێخا دەموچاوە خەمبارە تێک چووە بە فرمێسک تەڕبووەکەی یەکسەر هاتەوە سەر باری جارانی. لەسەرەخۆ بەرەو ماڵ بەڕێ کەوت.

لەپاشان، هێندەی نەخایاند، پاسەوان و بەکر لە پێش دەمی کوێخادا بوون. لەتاو ماندووێتی پشوویان سواربووبوو.

کوێخا:

«هیچ مەزرایەک ماوە نەگیرابێ، وایە؟»

بەکرەشێت:

«لەسای سەری تۆوە تاکە گاوخانێ مەزرا نەماوە کرێکار و پاڵەی تێ نەکەوتبێ. تەنیا هەر بەرەجووتەکەی میرئەلای ماوە، چاوەڕوان دەکا. بە دەرمان بۆ مەزرای بۆش بگەڕێی نییە. دەنا قەت لێ دەگەڕام، دەهاتمەوە؟»

هەڵخەڵەتاوەکانی تاشباش سەری خۆیان هەڵگرت، وا دەڕۆن.

«با بڕۆن. ئەمساڵ مەزراکەی میرئەلای لۆکەیەکی هێناوە، خوایش وای داوە... خوا ئیمانت سەلامەت کا، لە مەزراکانی ئەولا زۆر چاتر قۆزاخەی تەقیوە.»

کوێخا دەستی پاسەوانی گرت، گوتی:

«سەرەک پاسەوان جارکێشێکی دەنگ نێر و زوڵاڵ بە نێو گوند خە. جاربدا... بڵێ بەرەجووتەکەی میرئەلای ئەمساڵ لە هەموو ساڵان بە بەرهەمترە. مەزراکانی دی سەرلەبەر سووتاون، هەڵقرچاون، هەموو ئامادە و تەیار بن. دەچینە خوار بۆ لۆکە، هەرچیش لە گەلە دابڕێ گورگ دەیخوا. یەک کەسیش بێ، دوو کەسیش بێ، دڵمان ناهێنێ کەس لە گوند دابڕێ. دە بڕۆ، تۆ جاڕی خۆت بە جارکێشان دە.»

تاشباش ئۆغڵی و ئۆیکسزدوران و وەلی و چەند کەسێکی تر تازە لە شیوەکە بەسەرکەوتبوون، لە بزنەڕێیەکەوە، بەرەو شارێکە نشێو دەبوونەوە.

بەڵام مەسەلەکەی خەلیلە پیر پشتی کوورِ کردبوونەوە و بە حاڵی دوودڵی و نیگەرانییەوە گلاندبوون. قەت بووە و بیستراوە مردوویێک لێرە کەوتبێ، یا یەکێ بێ سەروشوێن ون بووبێ، گوندی بەجێی بێڵن و برِۆن؟ خەڵکی هەرچی جوێنی خراپە بە دایک و باوکمیان نەدەدان؟ لە گوندی دانەدەبرِان، بەڵام تازە بەرِێ کەوتبوون.

پاسەوان جارِکێشە دەنگ گرِ و نێرەکەی بانگ کرد. گرم و هۆرِ و هەرا و هۆریای گوندی کپ بووەوە. نەخێر دیسانەوە، دوو هێندەی جاران، سێ هێندەی جاران دەستی پێ کردەوە. جا ئێستا هەوای کەیف سازی بەسەر گونددا هەڵی دەکرد، ئەمما هەڵی دەکرد. هەموو کەسێ خەلیلەپیر و لاشەی خەلیلەپیر و دەنگە بەسۆز و بەکوڵ و گریانەکەی کوێخایان لەبیر کردبوو.

کوێخا بە هیچ جۆرێ چاوی، لەوانی کە لە بزنەرِێیەکەوە بەرەوخوار دەبوونەوە، نەدەترووکاند. داوونەریتی کوێخایەتیی کوێخا خدر کەلێنێکی تێ دەکەوت. پیاوێ پیاو با یەکێتیی گوندی نەدەشێواند، دەرفەتی شێواندنی نەدەدا. گوندی گوناهبار نەدەبوو. هەڵەی کردبا، بە رِێگای خراپدا لای دابا، گوناه لە کوێخا بوو. جا وایش بوو.

قەیرێ نیگای لە کورِی بێ کراس هەڵەنگووت، کە خەریکی باروبنە بەستن بوو. لەپرِ ئەندێشەیێ لە مێشکیدا وەک بروسکە چەخماخەی دا:

کەسێکی بەرز بێ، سەرۆکایەتیی خەڵکی لێ بوەشێتەوە خۆپەسندی و فیزی نابێ. نەدەبوو بشێبێ. دەبێ خۆت لەگەڵ هەمووکەسێکدا چوونیەک بگری، هەینێ خۆشیان دەوێی، رِێزت لێ دەگرن، دەنا هەر مرۆیەکی تۆ بیگری شێرێکی گەورەی تێدا نووستووە. تۆ دەڵێی من منم، ئەویش دوو هێندە، پێنج هێندە دەڵێ منیش منم. تەنانەت شوانەوێڵەیەکی بەر دوو چوشتیرە گەرِیش خۆی بەلای خۆیەوە لە سەرۆکی دۆموخرِات پێ لەسەرووترە. نابێ توخنی ئەو لایەنانەی کەوی.

بەدەنگ هات، گوتی:

«کوڕی بێ کراس ئاغا، تۆ یەکەم ڕەسەنی ئەم گوندەی. ڕەسەنی سپاییت. خۆ وەک ئێمەمانان ڕەشەلادێیی نیت. گوێت لە برای خۆت بێ، من لە ناو ئاوایییەکی زل و زەلامدا بە دەنگی بەرز دەیڵێم. بە هەردوو دنیادا جاڕدەدەم. مەرحەمەت و بەزەییی تۆ، ویژدانی تۆ قەت ڕازی نابێ هەندێ هاونیشتمان لە گوندەکەمان دابڕێن و بڕۆن بەو گڕە و گەرمای هاوینی چقورئۆوایە بچرووسێنەوە. کەواتا لەگەڵم وەرە، بابڕۆین، بیانگێڕینەوە. وە سەرپاڵەشیان محەمەد تاشباشی کوڕی یۆسف لەدایکبووی ساڵی١٣٣٣ی خەڵکی ئانشاجەیە. وەرە برادەر!»

لە باڵی کوڕی بێ کراسی گرت، ڕای کێشا، بە هەڕاکردن دوایان کەوتن. کاتێکی پێیان گەیشتن حاڵی پشوودان و قسەکردنیان پێوە نەمابوو.

کوڕی بێ کراس بەدەست ئیشارەتی کرد:

«دە جارێ بوەستن، دە نەختێ بوەستن. با بێمەوە سەرەخۆم. دەمەوێ یەک دوو قسەتان لەگەڵدا بکەم حا.»

هەرلەوێ چۆکیان دادا، دانیشتن. ئەوانەی ئەولاوە ڕاوەستابوون، سەیریان دەکردن. لەخۆشییان گەزگەز بالآیان دەکرد.

کە پشووێکیان دا هەستان.

کوێخا:

«تاشباش ئۆغلی! تاشباش ئۆغلی! تاشباش ئۆغلیی لە ١٣٣٣دا لەدایک بوو، چاکت کرد وەستای. هەروەها یەک دوو قسەشم پێتە.»

تاشباش ئۆغلی هەر ئاوڕیشی لێ نەدایەوە. بەری کردبوو بەولاوە وەستابوو.

«تۆ تەماشا، تەماشا، خۆ ئاوڕێکیشمان لێ ناداتەوە، دە سەیرێکمان بکە؟ تۆ وەرە وەرە، لە خوت و خۆڕایی خۆی پەرێشان دەکا ها. من زگم بە خۆی ناسووتێ، زگم بە منداڵەکانی، بە منداڵە خۆشەویستە جوانەکانی، بە ژنە ئاقڵە بەناموسەکەی، ئەویش وەک خوشک و دایکم وایە، دەسووتێ. تەماشای

ئەم کــەلاوە کــە، تەمــاشـــای من کــە تاشـــبـــاش ئۆغــڵـی. لە ناوچاوانی جیاوازیکارییەوە یەکێکمان لەدەست دا. هەناومان دەسووتێ، جگەرمان لەت لەتە. خەلیلەپیرمان بە چیا خست. لە ڕۆژێکی وا ماتەماویدا گوندی بەجێ هێشتن، کردەوەیەکی ڕاست نییە. ئاوڕدەوە، تەماشای من کە برادەر!»

کە تاشباش ئۆغڵی ئاوڕی نەدایەوە، کوێخا لە شانی گرت، ڕای سووڕاند. تاشباش ئۆغڵی بە چاوی گڕگرتووەوە سەیرێکی کرد. کوێخا هەر وەخت بوو لە چاوی بتۆقێ. بە کوڕی بێ کراسی گوت:

«بەمــە بڵـێ، پێی بڵێ من دەســتی دۆســتــایەتیی بۆ درێژ دەکــەم. خــۆی بۆ هەرکوێ دەچێ دەتوانێ بچێ، یا نەچێ، بەلام منداڵەکانی پەرێشان نەکا. وەک مامێ، وەک برادەرێ، وەک کوێخای گوندێ ڕێگای ئەمە نادەم. ئەمەی پێ بڵێ بێ کراس زادەم. وە گوندییەکانیشمان نایدەن، وە لە چقورئۆوا مەزرای نەگیراو نەما. محەمەد تاشباش کوڕی یۆسف، لەدایکبووی ١٣٣٣ی خەڵکی ئانشاجە کاری وا ناکا. ناڕوا ببێ بە پەناهەندەی گوندێکی دی. وە ئاوڕووی گوندەکەمان لەژێر پێ ناخا. وە باسی جیاوازیکاری بە دنیادا جاڕنادا. وە لە ناوچاوانی جیاوازیکارییەوە هەرە پیری گوند بەچیا کەوت، مرد و چوو، گوم بوو و چوو، وای پێ بێــژە بێ کــراس زادەم. ئەم پیــاوە شــێت بووە، ئەقــڵی شێواوە. ساڵێکی تر وەرگەڕایەوە، من لەسەر ڕێی ئەو دەڕۆم. بەڵێن. حەزدەکا گوند، هەموومان بۆ دەریا سپییەکە ببا، لەوێ لۆکە بچنین. ئەگەر بڵێ ئەمە دەریا نییە، مەزرای لۆکەیە هەر دەچم، گوندیم دەبەم. بەلام ئەمساڵ یەکێتیی گوند شێواندن مانای بە چی!»

کوڕی بێ کراس هات چووە بن باڵی تاشباشەوە، گوتی:

«کاک مەمەد، شیرازەی گوند تێک مەدە ئەمساڵ. شیرازە تێکدان کارێکی چاک نییە. من هەموو شیرازەکانم تێک دا چیم بە چی کرد. ئەوەی بەسەر من هات بەسەر مریشکی ئاوەڕووت نەهات. نە ژن ما، نە وەجاخ ما، نە ماڵ ما، نە دەردەتان ما، گیانی شیرینم بە هەزار ناری عەلی قوتار کرد.

گوندییەکانی تریش دەڵێن، فەرموو سەیری حاڵی ئەمانە کەن، خۆیان بەسەرماندا هەڵدەکێشن. ساڵ وەرسووڕایەوە منیش لەگەڵتدا دێم. خۆت دەزانی قسەم یەکە و نابێ بە دوو.»

دەموچاوی تاشباش ئۆغڵی بووبوو بە گەچی سپی. چاوی تەم و مژاوی بوو. تەزبیحە زەردەکەی لە بەرکی کردەوە. لەگەڵ ئویکسزدا چاویان بە چاوی یەکدا چەقی. ئویکسز سەری داخست.

کوێخا کە زانی ئیدی یەک هەنگاوی دیکە هەڵناهێنێ، گوتی:

«ئێوە لێرە بوەستن، چاوەڕێ بکەن، گوندیش وا خۆ کۆ دەکەنەوە. دێن. با بەکاوەخۆ بڕۆن.»

گەڕانەوەیان زۆر پێ گران بوو، لەوانەبوو نەشوەستابان. بەم جۆرە بەری لەبیرکردنەوەیان دەگرت.

«هاوڕێ پێویستە کەین و بەینی نێوانمان هەموو لەبیر کەین، کاک مەمەد. ئەمە لە مرۆوایەتی دەوەشێتەوە، زۆرم خۆش دەوێی. هەرە ئازا و هەرە سەرڕاستی ئەم دێیە تۆی لە برایەکەم، لە برایەکەی خۆم لەپێشتری. سەت شاڵا دایکم برایەکی وەک تۆی بۆ بووبام، دنیا دەبوو بەهی من.»

کوڕی بێ کراس:

«منیش تاشباش زادەم لە ڕۆحی خۆم خۆشتر دەوێ. کوڕێکی ئازایە، لە قسان دەگا، ژیر و ئاقڵە. ئێستا هەرکەسێکی دی با لەبری وی، نەدەگەڕایەوە، ڕاست لێی دەدا، دەڕۆیشت. ئەو نەڕوا. چونکە هێندەی دەریای ئەقڵ و فام هەیە. پێشینان چییان گوتووە، هەزار دژمنی ئاقڵ نەک دۆستێکی شێت.»

لە گوندەوە دەنگێ هەراوهۆریا دەهات. شپرزەیی و شڵەژان، خۆشی خۆشی، قریوە و زریکەی شادی... نیوەی گوند هەر لە ئێستاوە لە باروبنە پێچانەوە بووبوونەوە، ئامادەبوون، بگرە بەڕێیش کەوتبوون. باروبنە هەندێکی لە چارەوێ، هەندێکی لە ئەسپ و بارگین بارکرابوو و هەندێکیشی لەکۆڵ کرابوو، هەندێکیشی خێرا خێرا باردەکرا.

تا هەرزەکارێکی جل و بەرگ شڕی دەردەلینگ قوڕ پێوە هیشک بووەوەی گالۆک بەدەست هات، بەرانبەریان وەستا، لەگەڵ تاشباشدا هەر گوتیان و ڕستیان. تاشباش هەر دەمیشی نەکردەوە.

«گایەکان چوونە خوار بۆ ناو بەرە جووتەکەی میرئەلای ئاغام. لەوەڕەکەی خۆشە. ئەمساڵ گایەکان گۆشتی چاک دەگرن.»

کوێخا دەستێکی بە پشت هەرزەکارەکەدا هێنا، گوتی: «بتڕەژم، هاوڕێ.» دوایی لە باوەشی کرد، گوتی: «ڕۆحم بەقوربانی گوندیی وا. بەقوربانی ئەو گوندییەی کە هێشتا تۆ نەتگوتووە لەب ئەو دەزانێ لەبلەبیت مەبەستە... پیاو لەتەک ئەم جۆرە ئینسانانەدا بۆ جەحەندمیش بچێ ناسووتێ. وە دەیکا بەگوڵ و گوڵزار. هەروەک حەزرەتی خەلیل ئیبراهیم...»

تاشباشیان لەوێ بەجێ هێشت، ڕێ و ڕاست بۆ شیوەکە گەڕانەوە. کوێخا سواری کەرەڕەش بوو. تیمار و دەسماڵ و قاشاویشێکی بە دڵی خۆت کرابوو. دەبریقایەوە، پێش گوندییان کەوت. تاشباش هێشتا هەر لاولا ڕاوەستابوو، بیری دەکردەوە، بەپرتاو بەتەکیدا تێ پەڕی، ڕۆیشت.

نەختێ لە خوارترەوە خاکی چقورئۆوا لەناو تۆز و خۆڵ نیشتبوو. پێکوڵەی دەشتەکە تاڵ تاڵ بۆنی دەهات.

## ١٧

ئەم باخە هەنارە دووردەستە لە داوێنی چیاکاندا، لە دەم چوارڕێیانێکە. لای خوارێیش پێدەشتێکە نێرگزی چاوزەرد چاوزەرد، دەڵێی، پونگی گوڵووک شین دەڵێی، بۆنی قەداحی لیمۆ و پرتەقاڵی پڕ بەدنیا پەنگیو دەڵێی، لۆکەی سپی دەڵێی، گەنمی گوڵ زەردی سورمەیی دەڵێی، هەرچی دەڵێی هەمووی هەیە. شەوانە، مەزراکانی پڕن لە تراکتۆر، ئەستێرە بە ئەستێرە بیانژمێرە. گوڕەگوڕی لۆریی زەلام زەلام. مەکینە درەو و گێرەی لەلایەکەوە خەلەخۆری لەلایەکەوە خەلەهەڵهێنەوە، کارگە و فابریقەی بەگرم و هۆڕ، شاری گەورە

گەورەی لەبەر گەورەیی لە خەیاڵ بەدەر، خەڵکی وەک مێروو تێدا بەهەڵپە و پەلە، ئەم پێدەشتە پڕ تەپ و تۆز و گەرم و ئارەقاویی هەمیشە بەهەور و هەڵا و بەوڕەیە خاکی چقورئۆوایە.

باخە پشت بە لاپاڵی تۆرۆسەوە داوەکە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە.

لە کاتی گوڵاندا ئاسمان و زەوی، خاکی چقورئۆوا لە خوارێ، دەغڵ و دان، ئاوی ڕەوان و بەخووری بەبریق و باقی بن پڕ لە ماسی، شارەکانی، شارۆچکەکانی، گوند و ئاواییەکانی. بنیادەمەکانی، جلوبەرگیان، دەموچاویان، ئەسپەکانیان، ڕێگاوبانە تۆزاوییەکانی، تومبیلەکانی، ئارەوانەکانیان، کانیاوە قەوزە گرتووەکانیان، سەرلەبەر ئاڵ و سوور دەچنەوە. مەزراکان، لێرەوارەکانی تۆرۆس پێت وایە تاڵ و ژەهراوی شەپۆل دەدەن.

لە سەروەختی گوڵاندا ناوێری بەلای ئەم باخە چۆڵەدا تێ پەڕی. هاڕەی لێوە دێ. مێشەنگی ئەو کەژ و کێوانە، هی دەشت و دەران، هی بەژ و وشکانان، هی دووبەرە و پووران سەرلەبەر هاتوون لە گوڵووکی باخە چۆڵەکە وورووکاون. هەر چڵێ، هەر گڵووکێ، هەر گولیلکێکی ئاڵی بە هەزاران مێشەنگی شین، زەرد، بەئاورینگ، کەمەرەسوور، تووکن، دەست و پێ نەرم و نیان، هەمەچەشنە، لە هەمەڕەنگ، گەورە، چکۆڵەی پێوە هەڵنیشتوون. لک و پۆپ سەرلەبەر گیزوهۆڕی مێشەنگی لێ دێ. گوڵووک هەمیشە لە جۆش و خرۆشدان. لە دوورەوە گوێت لە گیز و هۆڕە.

بەڵێ ئێرە سەری چوار ڕێیانێکە، بەڵام خەڵکی زۆری پێدا ناڕوا. کە دەڵێین چوارڕێیان واتا چوار بزنەڕێ. کش و ماتییەکە، لە سەرێکەوە ئاڵی و سووری، لە سەرێکەوە گیزوهۆڕی مێشەنگ، لەسەرێکەوە ورشەی باڵی هەزاران مێشەنگ پڕی دەکرد. ئەگینا ئەرز، ئاسمان تەنیا، بۆش و بەتاڵ. چۆڵی باخەکە و تێکچوونیشی کش و ماتییەکەی هێندەی دیکە خەستتر دەکرد.

لێرەوە، بەزۆری، هاتوچۆکەری چقورئۆوا لەم چوارڕێیانەوە، دێن و دەچن. لێرە ناوبەناوێکیش قۆناخ دەگرن.

باخــە چۆڵ ڕەشــمــاری زۆر پیــسی دەبێ. ئەگــەر بڵــێی ژێر هــەر بەردێ ڕەشـمـارێکی لێ نووسـتـووە ڕەنگە قـسـەکەت بەدرۆ نەکـەوێتـەوە. سـەروبەندی گوڵان سـەروبەندی ئاشـقـە و ماشـقـەیەتیی مـارانە. ڕەشـمـار سـوورگوڵی زۆر خۆش دەوێ. تەنانەت خاکی ئاساییش ئاڵ و سوور هەڵدەگەڕێ.

دنیـا نـوقـمـی خـۆرەتاو بووبـوو. زەوی، باخــە هەنارەکـە وەک بـۆخـەی ئاڵ و سوور دەربدەن وابوون.

توێکڵی نیـوەی بەژنی پیرەدار هەنارێکی گەورە قەڵشـیبـوو، لەوێ کەوتبـوو... ڕەشمارێ لە بن بەردێکی سپیی ژێر دارهەنارەکە دەرچوو. بەکاوەخۆ، بە کلک سـووڕاندن لـەسـەر گیـاوگـۆڵە سـەوزەکە خـزی. ناوبەناو سـەرێکی هەڵدەبڕی، سـەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکرد. مێشـەنگ لە هەموو لایەکەوە گیـزەگیـزیان بوو. گوڵووک تاڵ تاڵ بۆنـیان دەهات. بۆنی پونگی کانیـاوە قەوزە بەسـتـووەکان دەهات. پەڵە هەورێ، کە لە سەرووی تۆرۆسەوە دەکشا، چکۆڵە، سپی بوو.

مارەکە لە بەردێ بەسەرکەوتبوو، ڕاوەسـتا. نەختێ چاوەڕێی کرد. لە پاشان هاتەخوار. دوایی لە بەژنی دارهەناری ئالا.

ڕەشمارکوشتن، توخن کەوتنی گوناحە، ڕەشمار پێ لە کلکی نەنێی خۆی لە مرۆ ناگەیەنێ.

لە دارهەنارەکەوە بـۆ ناو گیـاوگۆڵەکە داخـزا، لە چاو ون بـوو. پاش نەخـتێ هات لە جێگایـەکی وشکان گیرسـایەوە. کلکی لوول دا. وەک گلـۆڵەی لێ کرد و لێی گەڕا. کشـا، وەک خۆی بـۆ گوڵووکێ درێژکا وای کـرد. نەبیسـتـرا. چ بوو نەزاندرا. چڵـەکـە چەند پەلەوەرێکی پێـوە نیشـتـبـووەوە. کە مـارە بـە بنیدا تێ پەڕی، هەڵفـڕین، ڕۆیشـتن. دەنگێ هـات لە فیـشــە دەچوو. مـارەکە پاشـەوپاش گەڕایەوە. لەژێر گوڵووکە درێژووکە شینەکانەوە مارێکی تر هاتە دەرێ، بۆ کن بەردە چینکەکە. مارە تازەکە درێژتر و ڕەشتـر دیاربوو. بگرە دوو قولانجیش. هەردوو مــارەکــە، دووبەدوو لەپڕ لە بـەردەکــە بـەســـەرکــەوتن. لـە پشــتــێنە بەرەوخـوار، وەک لاولاو، تێک ئالان. هـەر بەوجـۆرەش لە بەردەکـە هاتنەخـوار،

خـزینە ناو گـیـاوگـۆڵەکانەوە. کـاتێکی لەناو گیـاوگۆڵەکان وەدەرکـەوتن، ئەو گەواڵە هەورە سپییە چکۆڵەیەی گەیشتبووە سەر باخەکە، دەکشا، تێ دەپەڕی. قەیرێ سێبەری لە سووری و ئاڵیی گوڵووکان کرد.

هـەرێز وەک پـێــســـتـی زەوی وایە. وەک پـەردەیـەکی تـەنک بە زەوییـــەوە دەنووسێ. زۆر بـەرز نابێـتــەوە. بەسـەر هـەرێزەکـاندا جـارێ بـەرز دەبوونەوە، جارێ دەخزان، هاتن. لە پاشـان وەسـتـان، چاوەڕێیـان کـرد. ئینجـا سـەرتاپا لێک ئالان، گورمیلە بوون، بەیەکدا چەسپین، تێک جـۆشـان. کلکیـان تۆمـاو و شـەهـوەتی لێ دەتکا. ئاڵ و سـووریی گـوڵهـەنار، سـەوزیی هـەرێز، شـینایی ئاسـمـان، سـپـێتیـی ئەو گەواڵە هەورەیش کـە هات، تێ پەڕی لەگـەڵ ئەشق و ئەویندا تەزو و مچوڕکیان پێدا هات.

پشـــووی نـەدەدا. چاوی دەقـــووچاند، دەیکردەوە، ڕەشـــمــارە بەســەوداوە گلاوەکانی دەدیت. حەڤدە ساڵان دەبوو یا نەدەبوو.

دیســـانەوە لـە چاو ون بـوون. هـەناســـەیـەکی ئـاســـوودەییی دا. جـــارێ بەدیاردەکەوتن، جارێ بزردەبوون.

دڵداریی مـاران لەگـەڵ ئینسـانانیشـدا... مـارێ دڵی دەچێـتـە کچێ، سـالانی سـاڵ کـچـە بۆ هـەرکوێیـەک چووبا، ڕاوی دەنا. لەگـەڵیدا دەچووە بـن جێگاوە، سەری لەسـەر بالیف دادەنا و لەگەڵیدا دەنووست. تەنانەت بێ ئەوەی کچە پێ بزانێ، لەگـەڵیشیـدا دروست دەبوو. لەناو قـەدیرا دەبوو بە دووقـات... کچـە هـەر کە مارەی لە باخەڵیدا دەدیت لەترسان ئەرز و ئاسمانی بەخۆی نەدەگرت. هەر ئەوە نـەبوو شـــێت و هـار بـێ لەپاشــان لەگـــەڵیــدا ڕادێ. نـە ڕادەچەنـێ و نە دەزریکێنـێ. کە بەخـەبەرهـات مـارە دەخزا و بۆی دەردەچوو. ڕۆژێکیـان مـارە بۆچی لە باخـەڵی کچەدا نەمێنێـتـەوە. ڕاناکا. براکـانی کـچـە مـارە دەکوژن. کچەیش لەتاوان دەست بە گریان دەکا، لە خەفەتان هەر ئەوە نابێ شێت بێ.

مارەکـان تا دەهات پتریان گـوڕ دەستاند. تا دەهـات پتـر تێک دەئالان و لێک هەڵدەبڕان، ئەمـیـان ئەوی دیکەیانـی ڕاودەنا، دەیگرت تێـی دەئالا، سـەرلەنوێ

لێک جوێ دەبوونەوە. هێزو گوڕیان زێتر دەبوو، هەر هێندەی چاو بقووچێنی و بیکەیەوە، بە سەرانسەری باخەکەدا دەهاتن و دەچوون.

ئەمە، تا نیوڕانێ، بەوڕەنگە درێژەی کێشا، وەک بفرن، یەکدییان هەڵبڕی. تێک ئاڵان، گوڵۆڵە بوون، بوون بە تۆپەڵێک، بوون بە گرمۆڵەیەکی ڕەش ڕەش، ڕەحەت بوون، خۆیان هەڵخست.

ئینجا هاتن بۆ بەتاڵاییی هەرێزەکان، هەمدیسانەوە کلکیان گرمۆڵەکرد، ڕووبەڕووی یەکدی سەریان بڵیند کرد، تێک ئاڵانەوە، هەندێ جار نیوە شاگەز، شاگەزێ بەرزەپێ ڕاست دەبوونەوە و لە نوێژنەوە تێک دەئاڵانەوە و هەمدیس تەپ دەکەوتنەوە سەر عەرد. ڕەنگیشیان بەرەبەرە دەگۆڕا، مەیلەوسووری دەڕوانی. ئیتر بەدەم بەحەواوە تێک دەئاڵان و بەعاردیدا کەوتنەوە هێندەی دی بەجۆش دەهاتن، هێندەی دی بەرزدەبوونەوە. هەر ئەوە بوو ڕەپ لەسەر کلک نەدەوەستان.

زاریان کردبووەوە، زمانیان دەرێنابوو، بستێ درێژ بووبوو، چاویان بووبوو بەکاسەی خوێن. سەریان وەک پشکۆ سوور بووبووەوە. سوورییەکەی تا دەهات بەرەوخوار دادەکشا و بڵاودەبووەوە.

گوڵهەنار بە هەزاران مێشەنگیان تێ ورووکابوون. زۆر دەبوون. گیز و هۆڕیان دەهات. باڵندەی مێشەنگ خۆر هاتن تێ پەڕین. باڵندەیەکی شینی ئاورینگدار و بەورشە هات لەسەر بەردێکی نیشتەوە. بەلاچاوێکی ئاوڕێکی لای مارەکانی دایەوە، جارێ ڕەپ لەسەر کلک دەوەستان و جارێ دەکەوتنەوە سەر عەرد، هیچیان لێ حاڵی نەبوو، دایە شەقەی باڵ فڕی.

تا دەمەوعەسر، بەوجۆرە تێک ئاڵان و گرمۆڵە بوون... دەکەوتن، هەڵدەستانەوە، دەکشان، دەهاتن، تێک دەئاڵانەوە، هەر جارناجارێ شڵپ دەکەوتنەوە سەر عەرد. لەپشتێنە بەرەوخواریان سوور سوور هەڵگەڕابوون بووبوون بە یەک پارچە بڵێسە، وەک بڵێسە هەڵدەگران، بەیەکدا لوولیان دەخوارد. هەروەک گڕ و بڵێسەیەک کە بەدەم باوە درێژ دەبێتەوە و کورت

دەبێتەوە، وەک پێت، وەک پرشنگ... وەک گوڵە هەنار. ڕەنگە هەر لەبەرئەمەش بێ کە مار لە کاتی گوڵ هەنار پشکوتندا لەناو باخەهەناردا دڵداری دەکەن بەشکو خۆپاراستنێکیش بێ.

لە پاشان هێندە بێ حاڵ بوون لە دواکەوتندا ئیدی جارێکی دی هەڵنەستانەوە و هەر لەوێ خۆیان هەڵخست، بەسەر یەکدا دەکەوتن.

لە پێشان یەکێکیان بەکاوەخۆ خزایە نێو گوڵووکەکانەوە. هەر لەپاش وی ئەوی دیکەیان.

حەقدە ساڵە دەبوو و نەدەبوو، زمان و گەرووی هیشک بووبوون. چاوی زەلام زەق بووبووەوە، ملی درێژکردبوو.

تا لە چاو ون بوون چاوی لێ نەترووکاندبوون.

ئەلیف ماندووبوو، نائومێد بوو. لە کەژێکی دوورەوە دووکەڵێ هەڵدەستا.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

«نە مار، نە مێشەنگ، نە گورگ، نە تەیروتوو، نە هیچ مەخلووقێ... خوا ژی و گوزەرانی وای بە ملی کەسدا نەداوە.»

چاوی لەناو خەونێکی بیرەوەریدا هەڵێنا، ڕوانی عەلی کۆڵەکەی لەکن دایکی داگرتووە، پشتی بە کۆڵەکەیەوە داوە، دانیشتووە.

مریەمۆکیش لەولای کۆڵەکەوە تارماییەکە بۆخۆی، جووڵە ناکا.

ئاوڕێکی پاشەوەی دا، منداڵەکان هەمدیسان دیارنەبوون. بەجێ مابوون.

ئەلیفیش وەنەبێ خێرا بڕوا، کەچی هەر پێی ڕانەدەگەیشتن.

ئەلیف ڕاوەستا، چاوەڕێی کردن، ها لەپاش چەند ئەم دیو و ئەودیوێکی کرد، هەنگاوێ ڕۆیشت، هەنگاوێ ڕاوەستا، منداڵەکان بەدیارکەوتن. ئەلیف هەموو جارێکی کە بەوڕەنگەی دەدیتن دەگەشایەوە، لە تاوان دەیگوت، «ماندووبوون، بەهیلاک چوون هەژارانە. بە مانگێ وەسەر خۆیان ناکەونەوە. ئەم کابرا شێتە بە ها باوکم ها باوکم پێنج ڕۆژە ڕێی هێنایە سەر دوو

ڕۆژەڕێ و منداڵێکی کوشت... خۆشی بە هیلاک چوو، ڕۆڵەکانی کوشتم عەلی، سەری بەفەتارەت چێ. ماڵی دایکیشی نوغرۆ و وێران بێ.»

خۆی نەگرت، چوو بۆ کنیان. ئارەقە ڕژابووە چاوی، دەسووتایەوە. لەبەرئەوە، منداڵەکانی وەک تارمایی و خەیاڵ دەهاتنە پێش چاو.

«کەمی ماوە. ها ها باوکتان وا لەوێیە.»

بە دەستی ئیشارەتی بۆ باوکیان دەکرد، لەپڕ دەستی ڕەق بوو. دەستی ڕەق بوو، دوایی شلێپ کەوتەخوارێ، ئیدی نەیتوانی لەسەر پێ ڕاوەستێ، هەر لەسەر زەوییەکە بەچۆکدا هات. ئەو هەورازەی لەپشتەوە دیارە هەورازەکەی سلێمانلی نەبوو؟»

«پێنج ڕۆژەڕێ بە دوو ڕۆژ دەبڕێ بەڵام، هەورازەکەی سلێمانلی نابڕدرێ. دەبێ بگەینە باخەچۆڵ.. هی مار، هی مێشەنگ...»

منداڵەکانیش لەکن دایکیانەوە چۆکیان دا، دانیشتن. بەجارێ لەڕ و لاواز بووبوون، هەر نەمابوون، ڕەش ڕەش هەڵگەڕابوون. هەردووکیان چاویان زل بووبوونەوە. هێندەی سەر و سوورەتیان.

ئەلیف پاش نەختێ چاوی هەڵێنا، هەمدیسان تەماشایەکی هەوارزەکەی کردەوە، هەوراز چ هەوراز، لەناو تەم و مژدا، تا چاو هەتەر بکا بەرەو ئاسمان، بەرەو هەوران هەڵکشیبوو و چووبوو بەئاسماندا. تا ئێستا لەمە چۆن بەسەرکەوتبوون! کە گوندی لە لۆکە گەڕانەوە لێرە، لە بن هەورازەکە، بە نەخۆشی دەیاندیتنەوە، دوابەدوا دەیانگەڕاندنەوە. تۆ بڵێی تەرمەکەی مرێمۆکیشیان بردبایەوە؟ یانەکو کەساسە، لاشەکەیان هەر لێرە، لە وڵاتی غەریبی بەجێ هێشتبا؟ مرێمۆک هیچ حەزی لە بێ دەنگی و تەنیایی نییە. لە وڵاتی غەریبی شێت دەبێ. ئێسکی دەزوورێتەوە. گوتی: «من لاشەکەی لەکۆڵ دەکەم و دەیبەمەوە، ئێسکەکانیشی. لەم چیا و چۆڵەی بەجێ ناهێڵم.»

جارێ سەیرێکی ئەملا و جارێ سەیرێکی ئەولای کرد. چەو و چەگلی ئاوە بەخوڕ و ڕەوانەکە ڕاستانەکەی پڕکردبوو.

ڕەگ و ڕیشەی داربەلەک لەناو لمی نەرمدا دیاربوون. بۆنی برش دەهات.

بە دەنگێکی هەرە شیرینەوە گوتی «ڕۆڵەکانم، ڕۆڵەکانم، ڕۆڵەکانم.»

لە پیلی حەسەنی گرت، هەڵی ساند، داردەستە گەرازەکانی سەرکۆڵی حەسەن نووکیان لە ڕەگێ گیر بوو. حەسەن خۆی نەگرت، کەوت.

خەریک بوو داردەستەکانی لە ڕەگەکە دەترازاند، گوتی «ڕۆڵە، ئەمانەت فڕێ نەدا، ئێمە خۆمانمان لێ بووە بە بار. ئەمانە فڕێ دە.»

داردەستەکانی لە کۆڵی کوڕە کردەوە، بۆ ئەولای تووڕهەڵدان. حەسەن کرکەی نەکرد، بەڵام، چاوی لە چاوی دایکی بڕیبوو و هەر بەوجۆرە مایەوە.

ئەلیف ڕووی وەرگێڕا.

«خێراکەن بڕۆن. چی وای نەماوە... هۆوە باوکتانە لەوێندەرۆکەیە.»

بەڕێ کەوتن.

حەسەن هەر جارناجارێ ئاوڕی دەدایەوە، سەیری داردەستەکانی دەکرد. جارێ ڕادەوەستا سەیری دەکرد، جارێ چاوی لە چاوی دایکی دەبڕی.

ئەلیف گەرووی پڕبوو. خۆزی توانیبای لەکن منداڵەکان، بەرەوڕوویان تێروپڕ گریابا... بە ڕاکردن ڕۆیشت، داردەستە بەجێماوەکانی هێنا.

لاقیان هەڵکرد، لە ئاوەکە پەڕینەوە. لە پەڕینەوەدا ئومەخان پێی هەڵخلیسکا، قنگە و تلوور بووەوە. تەڕبوو. ئەلیف دەستی گرت لە ئاوەکەی دەرێنا.

کاتێکی گەیشتنە کن بارەکە عەلی چاوی هەڵێنا دیتنی. تەنانەت چاوی نەشدەترووکاند.

ئەلیف داردەستەکانی منداڵەکەی کوت بەعاردیدا دا، چوو دەستی مێردەکەی گرت. دەستی سارد بوو. دڵی داخورپا.

لەوەتی هەبوو لە دەستی سارد زۆر دەترسا.

حەسەن بە دڵخۆشییەوە تەماشای داردەستەکانی سەر زەوییەکەی دەکرد،

شادییەک لە دەموچاویدا بەدیارکەوت.

ئەلیف بە دەنگە لاواز و خەماوییەکەیەوە پرسی «چۆنی عەلی!»

عەلی هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

«نەخۆشی؟»

«نەء!»

«ئەی چیتە؟»

عەلی پەشۆکا. بۆخۆشی نەیزانی چ بڵێ. شپرزە دیار بوو. لەسەرەخۆ لێوی بەتەتەڵە کەوت، بەڵام، چی گوت لە حاڵیبوون نەهات.

«دایکم چۆنە؟»

«نازانم. چوزانم... ڕەنگە چاک بێ. بەڵکوش... بچۆ بزانە. خۆ ئەم هەورازی سلێمانلییەش... هیچ. هەر هیچ هیچ بەبیرمدا نەهات.»

ئەلیف گەیشتە کن مرێمۆک. دەستی گرت. گەرم بوو.

«چۆنی دایە؟»

مرێمۆک چاوی هەڵێنا. بە چاوێکی بۆش و بەتاڵەوە ڕوانی.

«چاکی، چاکی دایە. چاکی خانمۆڵەکەم. شۆخ و شەنگەکەم، چاکی.»

عەلی بەم قسانەی تووڕە بوو.

بەدەنگ هات، گوتی «وەرە بۆ ئێرە.»

ئەلیف گورج هات.

«خۆ ئەم هەورازی سلێمانلییەشم... ئەرێ خۆ هەورازەکەیشم هەر هیچ بەبیردا نەهات... چما هەرگیزا و هەرگیز پیاو دەتوانێ لێی بەسەرکەوێ؟ ئێمەیش وا لێرە گیرمان خوارد. هاتین هاتین، بۆخۆمان لێرە گیرمان خوارد. وەجاخم کوێربووەوە، ماڵم وێران بوو. وای ڕۆڵە چاوڕەشەکانم وای!»

مرێمۆک لە ڕکان گوتی وای، ڕۆڵە باوک گەمژە و بێ ئاوەزەکان. هاتووینە

سڵێمانلی؟ وای، مریەمۆک وا دەمرێ. مەترسن، لەم هەورازە بەسەرناکەوێ. نایبڕێ. تا بەیانیش بەم حاڵەوە مریەمۆکی لێ بەسەرناکەوێ. دڵتان خۆش بێ، شادبن. ئەوانەی مریەمۆکتان هێنا، لە ناوەندی کوێرە گۆڕستانتان دانا!

ئەلیف زیت بووەوە، سەرتاپا هێز و گوڕی جارانی تێ گەڕایەوە.

زریکاندی، «بەسەردەکەوێ، وایش بەسەردەکەوێ کە... خۆ تا ئەمڕۆ بە باڵ گرتنەوەوە لە هەورازی سڵێمانلی بەسەرنەکەوتووین. هەر سەردەکەوین. عەلی تۆ ماندووی. با ڕۆژ هەڵێ، جا دەبینی، هەینێ هەورازەکەت بەوجۆرە نایەتە پێش چاو.»

عەلی گوێی نەدەدایە قسەکانی، پەیتا پەیتا هەر دەیگوت:

«وای ڕۆڵەکانم وای! وای بەم زستان و بەفر و قیامەتە ڕووت و برسییەکانم! عادیلەفەندی، چاوت دەرێ عادیلەفەندی. خوا بتباتەوە کافر، بێ دین.»

ئەلیف دیسان زریکاندی:

«بەسەردەکەوێ» و، لێی دا چوو بۆ ئەو گوێ ئاوە، دڕک و داڵ خڕکاتەوە. سەرتاپا، ئازای لەشی ئاگری تێ بەربووبوو، دەگڕا.

«بەسەردەکەوێ. ڕۆژ هەڵێ، دەرووی خێر دەکرێتەوە. سارە ئێوارە هەوارگەمان باخەچۆڵ.»

بەدڕک و داڵ خێرا ئاگرەکەی هەڵکرد. گورجێ مەنجەڵ و ساوار و شووشە ڕۆنەکە و خوێیەکەی دەرێنا، چوو مەنجەڵەکەی لە ئاوی خڕەکە پڕکرد، لەسەر ئاگرەکەی دانا.

پیازیشی لە بارەکە دەرێنا. سەرکە پیازێکی سووری زەلام. لەگەڵ پلاو ساواردا لە هەنگوین خۆشترە.

پاش ئەوەی پلاوەکە پێ گەیشت و ڕۆنی قاڵکراوی بەسەردا کرد، سفرە و خوانەکەی لە بەردەم عەلیدا ڕاخست. دەستی منداڵەکانیشی گرت، هێنانیە سەر سفرە و خوانەکە. ئەنجا هاتەوە بەلای مریەمۆکەوە، خوڵکی کرد، گوتی:

«هەستە دایە جوانەکەم. پلاوێکی چەورم لێ ناوە. برسی بووی. دوو ڕۆژە پارووپەکت زەواد نەچووەتە سەر دەم. دە هەستە دەی. لە دەورت گەڕێم، بەلاگێڕت بم.»

مرێمۆک هەر چاویشی هەڵنەهێنا.

هەر لە پاش کوێرە گۆڕستانەوە بووبوو بە دژمنی باوکوشتەی عەلی، ئەلیف، منداڵەکان، هەموو کەسێ و تەنانەت لە سەرلەبەری دنیا، لە تەیروتووی فڕەندیش تووڕەبوو و لەو ڕۆژەوە هەروەک زاری لە زاری کەس نەکەوتبوو، پارووە نانێکیشی نەخواردبوو.

هەمیشە هەروا لە دڵی خۆیدا دەیگوت بەڵکو بمرم، هێنامی، لە ناوەندی کوێرە گۆڕستانی دانام. نەیتوانی بەجۆرێکی تر بمکوژێ... ژنەکەی، منداڵەکانی، هەموویان بوون بەیەک لە دژم، قەستی گیانیان کردم.

هەر لە کوێرە گۆڕستان بەپاشەوە، ماوەیەکی درێژ ئیدی نەچووبووەوە کۆڵی عەلی، داردەستەکەی بەدەستەوە بوو، هەنگاوێ ڕێی دەکرد، هەنگاوێ ڕادەوەستا. دەکەوت و هەڵدەستایەوە و سەرلەنوێ تێ هەڵدەچووەوە. لە دواکەوتنیدا ئیتر ڕاست نابێتەوە، لەخۆ دەچێ و عەلی دەڵێ تازە مرد، چەند دووعایەک دەزانێ، دەیانخوێنێ و دەگریێ و دادەمێنێ، لەکوێ و چۆنی بشارێتەوە، مریمۆک لەناکاو چاو هەڵدێنێ. بەچاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیرێکی دەکا و ڕاست دەبێتەوە. عەلی بۆخۆشی نازانێ چیی بەسەرهاتووە، هەموو هیوا و ئاواتی با دەیبا و لە داخان تووڕە دەبێ، تەماشا دەکا چار ناچارە، ئەو لە کۆڵکردنەی لە کۆڵی دەکا، شەو و ڕۆژێکی خشت، بێ ئاوڕدانەوە دەڕوا، بارەکەیش ئەلیف بە کۆڵی خۆیدا دەدا و لە دووی دێ.

عەلی دایکی دێنێ لە بناری هەورازەکەی دادەنێ، کە چاوی بە هەورازی تاین دەکەوێ قەڵەمی دەست و پێی دەشکێ، لە ڕکان، لە تووڕەییيان، لە نائومێدییان هەناسەی لەبەر دەبڕێ، بەڵام ئەوەندە ڕێ بەبێ ورەیی و قەڵەمی دەست و پێ شکان نادا، یەکڕاست دەگەڕێتەوە، نارِوانێتە لەتە جەواڵ لە پێ و

پل دامـاڵکان و کـەوتن و بـرین کولانـەوە و چووزانەوە و تەق لە جـەرگ کـردن، دەگاتەوە ئەلیف، بارەکەی لە کۆڵ دەکاتەوە، بەپـرتاو دەگەڕێتـەوە، ئا بەوجـۆرە هاتبوو، پشتی بە کۆڵ و بارەکەیەوە دابوو، دانیشتبوو.

پاش ئەوەی بە چەند ئەو هات، بـارەکەی لە بناری هەورازەکە خـست، ئەلیف و منداڵەکانی پەرژان بگەنە ئەوێ.

ئەلیف هـەرچەندی لێ پاڕایەوە: «لەبرسـان دەمری دایە جـوانـەکـەم، چ دەبێ یەک دوو پـارووێک بخـۆی، ژنی چا بـە. پیـازێکمـان هەیە سـوور سـوور وەک دەنکی هەنار. وەڵاهی وەک دەنکی هەنار...»

کە زانی گوێی ناداتێ، خـواردنەکە ئـەقڵـی نایبـڕێ، دەسـتی بە گریان کـرد. عەلیش، پڵاوەکە لە بەردەمیـدا هەڵمی لێ هەڵدەسـتـا و نانی بەدەسـتـەوە بوو چاوەڕێی دەکرد، کە زانی مـرێمۆک نایە و ئـەلیفیش درێژەی بە کـارەکە دا، لە داخـان تووڕە بوو، هـەر چاوەڕێی دەکرد، لـە پاشـان بـە دەنگێکی ڕکـاوییـەوە، قیڕاندی:

«دە وەرە ئەلیف!»

ئەلیف وازی لە مـرێمـۆک هێنا، هات. هـەرچەندی دەکـرد، دەسـتی نەدەچووە نانەکە. عەلیش و منداڵەکانیش بەدیار پڵاو ساوارە هـەڵماوییـەکەوە چاوەڕێیان دەکرد.

لەناکاو دەموچاوی ئەلیف ڕوون بووەوە. بە پەناگوێی عەلیدا چرپاند:

هـەنووکە لەگەنەکە دەردێنم، ساوارەکە دەکەمە دوو بەش. لەگەنەکە پڕدەکەم، لەگەڵ بابۆڵە نانێکدا بۆی دادەنێم، نهۆش نەیخوا، شـەوێ دەیخوا.»

عەلی وەک لە توێی ددانەکانیەوە فیتوو بکێشێ:

«دەیخوا، ژوقم بخوا...»

ئەلیف پاش ئەوەی کـە وای کـرد و چوو لـەسـەر سـفـرە و خـوانـەکـە لێی دانیشت، دەستی بـە نان خواردن کرد. عەلی سەرکە پیوازەکەی بە مسـتەکۆڵە شکاند. ئەلیف لەتێکی لە پیوازەکە لەسەر چێشتەکەی مرێمۆک دانا.

خێرا خێرا دەستیان بە پاروو گلاندن کرد لە پیرە پڵاو ساوار. برسییان بوو.

حەسەن کە نەختێ زگی تێر بوو، یەک دوو مستەکۆڵەی لە سینگی دا، گوتی: «من هیچ ماندوو نەبووم، قەت ماندوو نابم... ئومەخان ماندوو نابم... ئومەخان ماندوو بوو. ڕێگای چقورئۆوا دوو هێندەی تریش دوور بێ هەر دەڕۆم.»

ئومەخان گوتی:

«هەی لە درۆت ڕیم، درۆزن. بە چڵم هەڵلووشینەوە دەستی بە گریان کرد. ئەی ئەوە من نەبووم دەمگوت دەمرم، ناڕۆم، دەمرم؟»

«ئەدی تۆ بووی. نەوەڵڵا هیچ ماندوو نەبووم. تۆ هەر لەگەڵ سەیری قاچ و قولی خۆت کرد دەستت بە زووڕەزووڕی گریان نەکرد...»

ئومەخان گوتی:

«دڕکیشت پێداچوو...»

«ئا، دڕکیشت پێداچوو! بەم لاو بەولادا دەکەوتی. من، من هیچ ماندوو نەبووم.»

ئەلیف گوتی:

«کوڕی خۆم شێرە، قەت ماندوو دەبێ؟»

عەلی تەماشایەکی کرد، بزەیەکی ژەهراویی هاتێ.

ئومەخان:

«هێندە ماندوویش بوو و گریا و نووزایەوە.»

ئەلیف بەدەمیدا دایەوە:

«بیبڕەوە کیژێ»

«ئەلیف، لاقم هەند دێشێ، هەر دەڵێی گوللەی بەرکەوتووە. لەتە جەواڵەکانیش هێند شڕ و وڕ بوون بۆخۆیان کەوتوون. ئەرێ نەختێ لە

هەتوانەکەی دایکم ماوە؟»

ئەلیف لە خۆشییان هەڵستا گوتی:

«ماوە، ماوە. جەواڵ نەماوە، بەڵام شتێکی تر هەر پەیدا دەبێ، پێوەی بپێچین.»

هەتوانەکەی دیتەوە. لەناو توێکڵە دار چامێکدا شاردرابووەوە.

سفرە و خوانەکەی پێچایەوە. بارەکەی کردەوە، نوێنەکانی هەڵخست، مرێمۆکیشی هەڵگرت، بردی، لەناو نوێنی نا، نوواندی.

گوتی: «دایە خواردنەکەت بۆ لەتەنیشتەوە دادەنێم. پیوازی سووریشی بەسەرەوەیە. هەرکاتێکی دڵت بردی دەیخۆی.»

مرێمۆک لە دڵی خۆیدا گوتی: ئاااااخ، ئاااااخ، تۆ مەلایەکەتی، ئەوەی لە تۆی گۆڕیوە ئەو کافرەیە. ئەوەی تۆی لە ڕێ دەرکردووە...

هەتوانەکەی بەدەم هات و هاوارەوە لە قاچ و قولی عەلی سوی و پێچایەوە. هەوا ئیدی وەک هەوای سەرچیاکان سارد نەبوو. لەبەر هەندێ، پێویستی بە ئاگر نەدەکرد. لە ئاگرەکە گەڕان و چوونە نێو جێوە. منداڵەکان یەکیان لەم لای مرێمۆکەوە و یەکیان لەو لایەوە نووستن.

حەسەن هێشتا هەر لەگەڵ خۆی دەگوت و وڕێنەی دەکرد.

«پیاوان قەت ماندوو نابن... ئەدی وەنییە؟ تەماشای باوکم کەن، هیچ... هەر هیچ هیچ ماندوو نەبووم. سەلامون عەلەیکوم...»

مرێمۆک تا ماوەیەک چاوەڕێی نووستنی ئەوانی کرد. لە پاشان هەستی ڕاگرت، بزانێ عەلی و ئەلیفیش نووستوون. کە زانی سرتەیان لێوە نایە، بەکاوەخۆ لەنێو جێگاکەی وەدەرکەوت. سفرە و خوانەکەی ڕاخست، لەگەنەکەی لە ناوەندی قوت کردەوە. بەدەستەکوتکێ پیوازەکەی دیتەوە. لەسەر پڵاوەکەی دیتەوە. نەختێکی لێ کردەوە لەناو پارووەکەی نا. پڵاو ساوار و پیواز بۆن و بەرامەیەکیان لێ دەهات ئەمما بۆن و بەرامە!

لە پێشان ئەلیف بەخەبەرهات. لەبەر تاریک و لێڵەکە دەموچاوی عەلی بەدی نەدەکرا. هەر سەیری کرد، سەیری کرد، بەڵام چی لێ حاڵی نەبوو، چوو ئاگرەکەی هەڵکرد. هەوا خۆش بوو. سەرمای نەبوو. وێڕای ئەوەش هەر دەستی بە ئاگرەکە گەرم دەکردەوە، ڕاهاتنە.

لەیەکبینە بیری دەکردەوە. هەر بیری دەکردەوە و تەماشای هەورازە نە لە سەرەوە دیار و نە لەبنەوە دیارەکەی دەکرد. ڕووی هەورازەکە هێند لووس بوو، دەتگوت مشت و ماڵ کرابوو.

گڵەکەی گڵێکی ڕەگ ڕەگی، ڕەنگ مۆرئاماڵ بوو. لە هەندێ جێ مەیلەوسوور هەڵدەگەڕا، لەسەوزەوە بۆ سوور، بۆ شینێکی کاڵ دەگۆڕا. ڕێگا ڕێگا بزنەڕێیەکی باریک، پێچاوپێچ، وەک خەتێکی سپی بەرەو هەورازەکە هەڵدەکشا، لە دوور، بگرە لە حەلحەلەی ئاسمان دەکوژایەوە.

لەبەر تاریک و ڕوونەکەدا ڕەنگی مۆر بوو. دوایی ڕۆژ هەڵات. ئەوجا ڕەنگەکان تێکڕا بەدیارکەوتن. هەورازی گۆڕین نوقمی تیشک و بریق و باق بوو.

چارنەبوو هەر لێرە دەمانەوە. عەلی لەم هەورازە، مریەمۆک بەکۆڵیەوە، بەسەرنەدەکەوت. مریەمۆکیش حاڵی ڕۆیشتن و هەنگاوهەڵێنانی بەبەرەوە نەمابوو. لەوانەبوو مردووبێتیش. بەرەو لای جێگاکەی تاوی دا. کە لە دوورەوە لەگەنەکەی بە بەتاڵی دیت پاشەوپاش کشایەوە.

بەسەر باڵی مەلەوە، بەسەر پشتی مارەوە لەم هەورازە بەسەرناکەوێ. خۆ جارێ کە ماندوو بوو هەر ناتوانی توخنی کەوی. چاوی لە هەورازەکە نەدەترووکاند. بەرامبەری وەستابوو، واقی وڕمابوو. چ پکا؟ چ بکەرێنێ؟ ئاااخ، خۆزی ئەم هەورازە نەبا، دەنا ئەو هەموو ڕۆژە ڕێکردنە، ئەو هەموو ڕێگا بە ڕێگا خۆ پەلەکێش کردنە هەروا بەفیڕۆ نەدەچوو. دوای بڕێتەوە هەوراز هەوراز نییە... ئەمە تۆ لە کوێوە بۆمان پەیدابووی! ڕێگایش چی وای نەمابوو، گەیشتبوونە بەردەرکەی چقورئۆوا. پێشکە بە گیزەگیز بەسەر

سـەریەوە و لـە پەناگـوێیـدا دەسـووڕانەوە و تەنوورەیـان دەکـرد و مـوژدەدەری چقورئۆوا بوون.

باخـە چۆڵ هـەناری تێدابوو. هـەنجیر زەرد زەرد بووبوو. دەستی کـەسی وێ نەکـەوتبـوو. کـەرمـۆز زۆری کـەیف بە هـەنجـیر دێ. کـە بە کن باخـەچۆڵدا تێ دەپەڕی، چما مارە سوورەکان ئۆقرە دەگرن؟ وا بەجارێ گرمۆڵە دەبن؟ ئیدی ئاوها قایم تێک دەئاڵێن و شڵپ دەکەونە خوار و لە تاو ئەوین دەبوورێنەوە؟

مەگەر مەنسووری هەلاج فریاکەوێ. فووی لێ کا، فووێکی وای لێ کرد، لە جـێی ئەو هـەورازە بایەک هەڵکا، هەوراز و مـــەوراز بکا بـە ڕاســتـــان و بە تەختان، چقورئۆوا لە دوورەوە، بە لۆکە سپییەکانیەوە بەدیاردەکەوێ...

دەستی بە ژماردنی پەنجەکانی پێی کرد. چاوی قووچاند. بە ناهومێدییەکی گەورەوە هەردوو دەستی بەلاداکەوتن. بەسەر بەردێکدا چۆکی دا. هەورازەکە لە پێش چاوی تەم ومـژاوی بوو. گـەورە بووەوە، ئەم هەورازە قـەت نابڕدرێ. دەبێ ناچار هەر لێرە چاوەڕێی گوندییان بکا. یەک دوو، سێ چوار... چی ماوە بۆ گـەڕانەوەی گـوندی؟ دەبێ لێـرە چاوەڕێ بکرێ، تاوەکـو گـوندی لە لۆکـە دەگەڕێنەوە. هـەینێ بەگەڵیان دەکـەوێ و دوابەدوا بۆ گوند دەگەڕێتەوە. هیچ ڕێگایەک، هیچ چارێکی تر نییە. کە لە بەرانبەری چاوی بە عەلی کەوت زۆری پێ خـۆش بوو. بۆ خـۆیشی نەیزانی چ بکا، هەر یەکـڕاست هەسـتـا. بە زۆر بزەیەکی هاتێ.

عەلی چاوی لە هەورازەکە بوو. لە سەرووەوە بەتەم و مژ بوو. ها ئێستا ها نەختێکی تر شیوەکە بە گەرمای پایز گەرم دادێ.

مێرد و ژن قەدەرێ چاویان بڕییە هەورازە سەر بەتەم و مژەکە و ڕاوەستان.

عـەلی سـەر و سوورەتی تا دەهات پتر تێک چوو، تاڵ و ترشتر بوو، لێوی وەک لێوی منداڵان، کە خۆ بۆ گریان حازر دەکەن، وە تەتەڵە کەوت.

بە نکەنک گـوتی، «نابڕدرێ. دە وەرە تا ئێـرەش ڕێ بکە و مـاندوو بـە... بە ماندوێتی و بە مردوێتی تا ئێرە وەرە، لێشی بەسەرمەکەوە... ئاااااخ!»

ئەلیف لە پڕ خۆی کۆکردەوە. چاوە زەلامە زەقبووەوەکانی ئاگریان گرت.

بەجەزمەوە گوتی: «دەبڕدرێ! زۆر چاک دەبڕدرێ... ئەو ڕێگایانەی بڕیمانن ناهەموارتر بوون.»

عەلی نوقمی تاریکی و ناهومێدی بوو. بەرەو ئاوەکە چوو، دەموچاوێکی لێ شوشت. نێو گوێیەکانیشی شوشتن. خواردنی هیچ بەبیردا نەدەهات.

لە دوورەوە چاوی بە مرێمۆک کەوت، هەڵکورمابوو، بووبوو بە گرمۆڵەیەک. منداڵەکانیشی بەتەکەوە بوون. ئەوانیش وەک ئەو گرمۆڵە بووبوون، بێ کرکە، بێ جووڵە دانیشتبوون.

عەلی گریانی هات.

هەرچۆنێ بێ، دەبێ ئەمانە لێرە بەجێ بێڵم، بە ڕاکردن بگەمە چقور، تێکەڵ بە لۆکەچنان بم. دەبێ هێندە لۆکە بچنم، هێندە بچنم... هێندەی پێنج زەلام. دە زەلام. شەو و ڕۆژ، تا دەمرم، تا سەگتۆپ دەبم.

ئەلیف ڕووبەڕووی دەهات، بە دڵخۆشییەوە گوتی:

«ئەلیف، دیتمەوە! با من ئێوە لێرە بەجێ بێڵم، بڕۆم. تا لۆکە دوایی دێ، ئێوە لێرە چاوەڕێ بکەن. هەر هیچ نەبێ، یا من شتێ خڕ دەکەمەوە یا ئەوەتا ئەسپێ، گوێدرێژێ لە گوندی دەخوازمەوە، دەگەڕێمەوە، لێرەتان دەردێنم.»

ئەلیف بە شایی بەخۆبوونێکەوە، گوتی:

«ئێمە بۆ خۆمان بەسەردەکەوین. وا دایکیشم لە نێو جێ ڕاست بووەوە. حاڵی چاکە. ساوارەکەیش و پیوازەکەیشی، کە دوێ شەوێم بۆ دانابوو، خواردووە. تۆ بچۆ بن باڵێکی و من دەچمە بن باڵێکیەوە...»

عەلی بە ناهومێدییەوە سەری بادا، هەمدیس پرسی:

«جا دەبێ؟»

ئەلیف گوتی:

«دەبێ. با ترخێنەکە لەسەر ئاگرەکە داگرم، بیخۆین و بەڕێ کەوین. جا کە

دایکم دەبەین، ئەوساکە دەگەڕێینەوە، کۆڵ و بارەکەیش دەبەین.»

عەلی:

«ئەی منداڵەکان؟ خۆ ئەوانیش حاڵیان بەبەرەوە نەماوە. تۆ تەماشا، خۆ جووڵەیان لێوە نایە.»

«ئەوانیش یەکەیەکە، هەر سەریش نەکەوتن، من لە کۆڵیان دەکەم، بەسەریان دەخەم.»

عەلی دوودڵ بوو. بە نەرمییەکەوە گوتی:

«ئەلیف زەحمەتە. ئەگەر ئێوە لێرە بمێننەوە...»

ئەلیف هەڵچوو. قەت وا بەتووڕەیی نەدیترابوو. قیژاندی. قیژەی دەنگی دایەوە.

«لەم ناوشیوەدا بە دوو منداڵ و پیرێژنێکەوە، بەدەم سەگ و گورگ و دز و درۆزنەوە بین. خۆ بارانێکیش ببارێ ئەوە سێلاو بەجارێ هەموومان ڕادەماڵێ و دەمانبا.»

عەلی کروشکەی کرد.

هەتاوەکە گەرمی کردبوو. ئارەقەی دەکردەوە...

دەستی منداڵەکانی گرت، هێنانیە سەر سفرە و خوانەکە. منداڵ وەک خەواڵوو بن، لاقیان تێک دەئالان، بیریان دەکردەوە.

ئەلیف لەگەنەکەی دوێ ئێوارەی پڕکرد، لەگەڵ هێندێ ناندا، بردی، لەکن مرێمۆکی دانا.

«سیریشم تێ جنی، بیبەری سووریشم بەگەڵ خست. ها ها دایە، گەیشتووینە هەورازەکەی سلێمانلی. ئەودیوی چقورئۆوایە. هەر لێرە بەسەردەکەوین، خوا دەکا، لێی بەسەردەکەوین...»

مرێمۆک هەر خۆیشی تێک نەدا. بگرە هەر سەریشی هەڵنەبڕی، سەیرێ، حاڵێ بکا.

ئەلیف کەوچکێکی لە شۆربایەکە دا و سەیرێکی مرێمۆکی دەکرد. شۆرباکە قەدەرێ هەڵمی لێ هەستا و چاوەڕێی کرد. لە پاشان مرێمۆک ڕووترش ڕووترش سەیری دەکردن، لەپڕ لەگەنەکەی بۆ پێش خۆی ڕاکێشا، دەستی بە کەوچک لێدان کرد.

ژن و مێرد هەر لە نان خواردن بوونەوە و نەبوونەوە، دەستیان بە کۆڵ و بار پێچانەوە کرد. ناو شیوەکە گەرمایەک بوو، لە گەرمای چقورئۆوا پیستر. پێشکەی گوودڕە لە سەروچاویان، لە گوێچکەیان ورووکا. ئەم گوودڕەیە لەوانە نییە، بە گەرما تا ناو کونەلووتی پیاو دەچێ، بە دەموچاوتدا، بە هەموو شوێنێکتدا دەنووسێ، هەر ناتوانی لێی بکەیەوە.

دەموچاویان بەجارێ بووبوو بە گوودڕە. لەقەفرتێیان بوو.

عەلی:

«برۆ، بەوە بڵێ، عەجەبا دەتوانێ هەستێ؟ ڕێ بکا؟ من بچمە ژێر باڵێکی و تۆ بچیە ژێر باڵێکیەوە؟»

ئەلیف هاتە کن مرێمۆک، دانیشت، دەستی لەناو دەستی نا:

«وا هاتین، وا هاتین هاتین. ئەوەی لێتەوە دیارە هەورازەکەی سلێمانلییە دایە گیان. هەورازەکە هەورازێکی زۆر ناهەموارە، خۆت دەزانی. تەنیا زەلامێ ناتوانێ لەکۆڵت کا و بەسەرت خا. من ژێرباڵێکت و عەلی ژێرباڵێکت... دەگرێ نەختۆکەیەک ڕێ بکەی؟»

مرێمۆک، چ بوو، چ قەوما، لە ناکاو!

«ئاااااخ»ێکی کرد و کەوت.

ئەلیف شڵەژا.

«عەلی! عەلی! دایکم تەواوبوو. بیگەیێ، ئاو، ئاو!»

عەلی لەسەرەخۆ هات، لە ژوورسەری دایکی ڕاوەستا، پشتەوخوار کەوتبوو، هەناسەی لەبەر بڕابوو. دەموچاوی لە زەردەوە بۆ سپی هەڵدەگەڕا، دەستی دەلەرزی.

مریمۆک دەستی ڕاستی بە دەستی ئەلیفەوە بوو. پەیتا پەیتا بە عەلیی دەگوت «دەبخوێنە. بخوێنە، با بە مرداری لەدەست نەچێ. بخوێنە بخوێنە، خێرا خێرا بخوێنە.»

منداڵەکانیش بەهەڵەداوان، بە شەلەشەل هاتن. ماندوێتییەکەیان لەبیرچووبووەوە.

عەلی دەستی بە دووعاخوێندن کرد.

ئەلیف دەنگی دەبیسترا و نەدەبیسترا، بە ئومەخانی گوت:

«ئاو بێنە.»

کچە ڕای کرد ئاو بێنێ.

کە ئاو هات، ئەلیف تووڵبەندەکەی لە سەری کردەوە، لە ئاوەکەی هەڵێنا، هێواش، هێواش دەموچاوی مریمۆکی پێ فێنک کردەوە.

عەلی وەک شتێکی لەدەست بچێ، زمانی تێک دەئالا و دووعایەکی بە تێکەڵی و پێکەڵییەوە دەخوێند. لە دووعایەکان دەبووەوە، هەمدیس لە نوێژنەوە تێ هەڵدەچووەوە، دەیخوێند و دەیخوێند و دیسان لێیان دەبووەوە. ڕەنگە وشە بەوشەی هەر دووعایەکی دە جار زێتر دووپات کردبێتەوە.

مریمۆک پاش نەختێ چاوی هەڵێنا، سەیرێکی عەلیی کرد. عەلی ماندوێتییەکەی سەرلەبەر لەسەر کەڵەکە بوو. دووعایەکانی سەرزاری هەموو هەڵوەرین. کە دیتی گڕگڕ گڕی گرتووە ئەقڵی لە کەللەدا نەما، هەموو شتێکی لەبیرچووەوە. لەولاوە دانیشت.

مریمۆک نکاندی، گوتی:

«وا دەمرم منداڵینە. دەمرم، لە ڕاهی خوا چۆڕێ ئاوی سارد!»

عەلی بە ڕکەوە بە ترش و تاڵییەکەوە بزە گرتی.

ئومەخان ڕای کرد، چوو لە خرەکە ئاو بێنێ.

دەرووی هەموو چارە و دەرەتانێکیان لێ داخرابوو. پەنجەکەڵەی لە زاری نا

دەستی بە گەستنی کرد. مستەکۆڵەکەی نێو زاری وەخت بوو بیخنکێنێ.

مرێمۆک کە ئاوەکەی خواردەوە ڕاست بووەوە. عەلی دەستی بە گریان کرد. هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا بەسەر خۆیدا زاڵ نەدەبوو. وەخت بوو لە بەرچاوی ئەلیف و منداڵەکانی سووک و ڕیسوا بێ. دەستەسڕەکەی لە زاری ئاخنی هەستایە سەرپێیان، بە هەڕاکردن دوورکەوتەوە، چوو بۆ ناو بەلەکەکانی خوار خوارەوەی گوێ خڕەکە. دەمەوڕوو لەو ناو قومە لێی کەوت، لوشکەلوشک تێر تێر گریا. هەرچەند دەگریا، هێندەی بڵێی دڵی ڕەحەت دەبوو.

ئەلیف:

«دایە زۆر شوکور. ئەوەند ترسام...»

مرێمۆک زەردەی هاتێ، لە دڵی خۆیدا گوتی، مردبام، ئێوەیش ڕزگارتان دەبوو و منیش.

ئەلیف:

«ئێستا کوڕەکەت دێ، ئەو ژێر باڵێکت و من ژێرباڵێکت...»

مرێمۆک چاوە فروفێلاوییە تەوساوییەکەی داخست و کردیەوە... لە دڵی خۆیدا دەستی بە قسان کرد: ڕێ بکەم بۆ ئەوەی لەم هەورازە بمرم. بمرم ها؟ لە نێوان هەردووکتاندا. وا ها؟ من لە هەوراز و مەوراز بەسەرناکەوم کچم. بەسەرناکەوم ژنەکەی عەلە داڵیت. مردنتان دەوێم، شەو و ڕۆژ لە خوا دەپاڕێنەوە بمرم. گوایە بمرم و بمبەن لە ناوەندی کوێرە گۆڕستانم دانێن. ئێستا بە هەورازەکەی سلێمانلیمدا دەدەن. ئاوها ها؟ من وا دەمرم. ڕۆحم لە بەدەنم تارا. یەک هەنگاو، یەک هەنگاو چییە، هەڵی ناهێنم. بەکۆڵ سەرم خەن. پێتان وایە لە هەورازەکە بەسەردەکەون، بەڵێ؟ لاتان وایە بەسەر دەکەون و لە نیوەی ڕێگا دەمرم. بۆ مردنم وەختە گیانتان دەرێ، ئەدی وە نییە؟»

«تۆ هێشتا هەروەک پۆلای. وەک پۆلا دایە. خاکی کۆنی. بەرگەی ئەم هەموو

ڕێگاوبانەت چۆن گرت؟ وەک پازدە ساڵان...»

نا نا، هیچ هەڵم مەدە. هەڵناستم. لە کۆڵیشم دەکەن و دەشمبەن. ئەوەندە ڕۆیشتنەیش لە کەرایەتیی مرێمۆکەوە بوو. مردم، بڕامەوە بەخوا حاڵی بەپێوە ڕاوەستانم بەبەرەوە نەماوە. دە ئێوە هەر خەریک بن بمکوژن. چاوڕەشەکەم یار بێ، بەندە چی لەگەڵ بەندە پێ دەکرێ... هیچ خۆتان ئەزێت مەدەن، لە هەوراز بەسەرناکەوم و نامرم. کاتێکی کەوتم ئەو ئوزوونجە عەلییە دەزانی دەمەوچاوی چۆن ڕوون بووەوە... چما من لە دەمەوچاوی وا تێ ناگەم؟ کە دووعای دەخوێند دیتم، هەر وەخت بوو دەست بە چەقەنەلێدان کا و سووڕ بدا. پێت وایە چاوم لەوە دەخڵافێ! کە زانی چابوومەوە...

دیسانەوە چاوی قووچاند، کەوت. ئەم جارە ئەلیف نەشڵەژا. تەقاندی، بە توند و تیژییەکەوە هەڵی دایە، گوتی: «دایە ئەمڕۆ دەچینە بن باڵت، بەسەرت دەخەین. گوتم، نەختێ یارمەتیمان بدە کەمێ پێ داگرە. با بەهاسانی بەسەرکەوین. نەختێ یاریدەت دابین.»

«دەمرم، دەمرم، ئاو!»

ئەلیف دەنگی دەبیسترا و نەدەبیسترا، گوتی:

«دە بمرە، کوا، دە لەکۆڵ بەوە!»

حەسەن:

«ئیشەڵا دەمری!»

ئومەخان سەرسامانە تەماشای کردن، بەرەو خڕەکە چوو.

«دە با بمرێ، ڕزگاری بێ کەسە.»

لەناو داربەلەکەکانەوە پۆلێ باڵندە هەڵفڕین. عەلی تێروپڕ بۆخۆی گریابوو، بەخۆدا هاتبووەوە. هەستا، بەڵام هیچ هەستی بە پێ و پلی نەدەکرد. لە پێشان هیچ نەبێ هەستی بە کزانەوەی دەکرد، کەچی ئێستا هەر هەنگاوێکی هەڵدێنا هەستی بە چززززێکی باریک دەکرد. خۆزگە پێ و پلی لەت و پەت بایە، قیمە قیمە کرابا، لە تاوان بەئاسماندا چووبا... خۆزگە. لەمە، لەم

چزززززه چاتر بوو. ئەمە هی بەرگرتەنی نییە. ئەوی بەسەری نەهاتبێ نازانێ. لە ناخیدا هەستی بە داهێزران و سەغڵەتییەکی لە کێش بەدەر کرد. دەتگوت دوو دەست جەرگ و هەناویان گرتبوو ڕاکێش ڕاکێش دەریان دێنان. ئەمە چی بوو بەسەری هاتبوو؟ ئەمەی لە کوێوە بۆ هات؟»

لە پڕ ئەقڵی بەکارهێنا، بەدەنگ هات، گوتی:

«ئا وەرە تا ئێرە ئەلیف.»

ئەلیف هات.

«شتێکم لێ بەسەرهات. پێ بە هەرکوێیەکدا دەنێم هێڵنجم دێتێ. دڵم هەڵدەشێوێ. نەختێ لۆکە لەو سەرینە دەرێنە... لە پێمەوەی بپێچم سا بەشکو.»

ئەلیف بێ ئەوەی هیچ بڵێ، سەرینەکەی هێنا، لۆکەکەی لێ دەرێنا، دای بە عەلی. عەلی پێی کردەوە، لۆکەکەی بەبنی پێیەوە بەست. پێ و پلی بووبوو بە یەک پارچە گۆشتی سووری ڕووت. چاک چاکی پێچا. ئەنجا هەستایە سەرپێیان. بەڵام دیسان هەنگاوێکی هەڵدێنا، دڵی هەڵدەشێوا. خۆی نەدەگرت. لەسەر گابەردێ دانیشت، سەری لە ناو هەردوو دەستی نا.

دەبوو لێرە مابایەوە. دەبوو ئەو گوندییە بێ ناموسانەی چاوەڕێ کردبا. ئااااخ... هاا؟ دەبێ پاش نەختێکی تر ئەمانە بەجێ بێڵێ و بەڕێ کەوێ. خوای دەکرد لافاو دەیبردن، گورگ و داڵاش دەیخواردن، ڕێگر و جەردە سواری کۆڵیان دەبوون. هیچ نەبا، دەبوو، ئەگەر بە تەنیاش با، هەر بە لۆکەچنین ڕاگەیشتبا.

«ئەلیف من دەڕۆم.»

ئەلیف:

«شێت بوویی؟ تۆ بڕوانە ئاسمان، وا باران هێنای. لافاو دەمانبا. لافاو! با بچینە ژێر باڵی دایکمەوە. بە پەلەکێش بە پەلەکێش...»

عەلی سەیرێکی ئاسمانی کرد. گەواڵەیەک هەور لە باکوورەوە دەهات، ڕەش ڕەش هەڵدەگەڕا.

هـاواری کــرد، «باران هێنـای، دایه بـاران هێنـای. هەرچۆنێ بێ دەبێ لـه هەورازەکه بەسـەرکەوین، ئەگینا لافاو دەمانبا. با کۆڵ و بارەکه لەم بەرلافاوە بەسەرخەین.»

عــەلی لەلایـەکی بارەکــە و ئەلیف لەلایەکی نەوین، هــەڵیــان گــرت، تا ســەر گابەردە زەلامەکەیان گەیاند.

«ئێرە چاکە. لێرە منداڵەکانیش هیچیان لێ نایە.»

هەتاوەکـە تـا دەهات گـەرمـتـری دەکـرد، قـرچەقـرچ دنیـا هەڵقـرچا. خـۆڵە ڕەنگاوڕەنگە بە چەو و گڵـەکەی هـەورازەکە وەک ئاسنـی ناو ئاگردان سـوور بووبووەوە. نەتدەوێرا دەستی بۆ بەری.

عەلی گوتی:

«دایە توانیبام، لەکۆڵم کردبای، لە هەورازەکەم بەسەر خستبای..»

مرێمۆک دیسان گرمۆڵە بووبوو. بووبوو بە گولۆڵەیەک.

«منداڵەکانیش لەکن بارەکە بمێننەوە.»

ئەلیف چووە بن باڵی مرێمۆکەوە، هەڵیساند. بۆ یەک دوو شاقاو هاویشتنێ بڕێکی ئەرک بەخــەرج دا. مــرێمــۆکی بەســەردا بـەربووەوە، ســەت سـوێندت خواردبا ئێسکی ساغی پێوە نەمابوو، هەمووی وەک ئارد هاڕابووەوە. لاقی لە زەوی دەخشا.

عـەلی منداڵەکـانی هێنـا، بۆ کن بارەکـە هـات، چووە بن باڵی دایکیـەوە. بە هەورازەکەدا هەڵزنان.

هەورە تاریکەکە هێز و گوڕێ، ئومێدێکی وەبەر عەلی نابوو، ئیدی هەستی بە پێی نەدەکـرد. دڵی هەڵنـەدەشـێـوا. ئێش و ئازارێکی لە لاقی هـەسـتـا، لە بەرگـەگـرتن نەدەهات. پاژنـەکـانیـشی هەر بـەو ڕەنگە. بەڵام عـەلی بەمـە زۆر مـەمنوون بوو. ئەو کزەکەی ناو هـەناوی لەکۆڵ بایەوە، خوای دەبوو لاقـەکـانی بەدوایەوە بە تـەکـەتەک دوو کیـرِی تێکەڵ و پێکەڵیـان دەکێشا. هـەمـوو ئازای لەشی بە برینی گوللەی دۆم دۆم دادەوەشا.

مـرێمـۆک وەک مـردوو بەسـەرشـانیـدا دادەکـەوت و قـورس و گـران دەبوو. مرێمۆک هەرچەند بەسەریدا قورس و گرانتر دەبوو ئەو هێندەی دی خێراتر دەبوو. هەر خووی وابوو، ماڵی خوویم بەقوڕگرت.

ئەلیف و مـرێمـۆکـی هەردووک بەدووی خـۆی دابوون و پەلـەکێشـی دەکـردن. ئـەلیف هـەرئـەوە بـوو بـاڵی لـەبن دەرنـەدەهـات. پشـــــووی دەرنەدەهـات، بـەڵام هیچیشی نەدەگوت. هەرچییەکیشی گوتبا خۆ عەلی نەیدەبیست. دەموچاوی پیـاوی لێ دەتۆقـی، چاوی. دەرپۆقـیـبـوونە دەرێ. پێسـتـە داکـەوتووەکـەی دەموچاوی کرژ بووبووەوە، ببوو بە چەرمی سەختیان. تەنانەت سپێنەی چاوی لە سـپـێنەیی چووبووەوە. سـوور بووبوو. ڕەش ببـوو. ڕەنگێکی خـۆشی ڕێ نیشتبوو.

مـرێمـۆک لەپڕ لە دەسـتی عـەلی ترازا. ئەلیـفیش لەنگەری خـۆی پێ نەگیـرا، بەسەریەکدا کەوتن. عەلیش بەولادا کەوت، وەک مووشەدەمە پشووی دەدا.

مرێمۆک پێش ئەلیف ڕاست بووەوە. دەستی ئەلیفی گرت، ڕای کێشا. عەلی بە چاوی دەرپۆقیوەوە تەماشای کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی، «بتۆپە دە پتۆپە.» و ددانەکانی وا جیڕکردەوە هەر وەخت بوو هەڵوەرێن. کیرەیان لێوە هات.

ڕۆژ لە ناوەندی ئـاسمـان بوو، دنیـای هەڵدەقـرچاند. عـەلی بە شـپـرزەیی و تەڵاشـەوە سـەیری ئـەو گـەواڵە هەورە لایەک ڕەش هـەڵگەڕاوەی دەکـرد، هەروا لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی:

«گـەرمـای ئەم بارانـە گـەرمـە... هـەڵی قـرچێنە خـوایە هـەڵی قـرچێنە. بەچەخمـاخـەوە، بە هەورەتریشـقـە و بروسکەوە... هەرچییـەکت دێتـە پێش ڕای ماڵە. ڕای ماڵە، ڕای ماڵە بیبە!»

ئەلیف داردەسـتـەکـەی لە دەست بەربووەوە. مـرێمـۆک بەدیاردیی دەست دارەکەی نیشـان دا. ئەلیف ها ئێسـتـا گلۆر دەبووەوە ها نەختـێکی تر، لاقی تێک ئالان، چوو هەڵی گرتەوە، هێنای، دایەوە دەستی.

مـرێمـۆک داردەسـتـەکـەی لێ وەرگـرتەوە، ڕاست بووەوە. قـەیرێ سـەیری

سـەرەوەی هەورازەکـەی کـرد. هەتاو لـەوسـەر خـۆڵە بە ئـاورینگ و تیشکاوییە دەبریسکایەوە. چۆن لە پەرێزەکانی چقورئۆوا دەبریسکێتەوە ئا بەوجۆرە.

دەی شـۆخـەکـەم، دەی شـەپاڵەکـەم دەی، برۆ بزانم. فـەرمـوو لەم هەورازە بەسـەرکـەوە، با عـەلی داڵیت ببـبـینێ. ئەم پەککەوتە بڕست و لێ بڕاوە وەک مووشـەدەمە پشـوودەرەیش خـۆ... ببـەن، لە ناوەندی کوێرە گۆڕستـانەکەی دانێن، بۆ خـۆی بمرێ، با ببـبـینێ. لە دەورت گـەڕێم ئەژنۆ بەئەمـەگ و وەفایەکەم. یالا.

عـەلی ئاوڕی دایەوە، تـەمـاشـای کـرد. دایکی لەسـەرەخـۆ، بەشـەلەشـەل دەڕۆیشت. چما دەیتوانی بەسەرکەوێ؟ کورە ئاخر ئەم پیرێژنە قەت بەم جۆرە دەتوانێ لۆکـە بچنێ! بخـۆشی خـۆشی و شـایی بەخـۆبوونێکی هاتێ هەر مەپرسە. دەموچاوی بەرەبەرە گۆڕا، تەنانەت زەردەخەنەیش گرتی.

لەگەڵ ئەلیفدا چاویان بە چاوی یەکدا چەقی. ئەلیف بە ئیشـارەتی سـەر لە خوارەوە، منداڵەکانی پیشان دا، قۆڵیان بە قۆڵی یەکدا کردبوو، لە هەورازەکە بەسەردەکەوتن.

لەو بەرگـەرمـایە هەڵوێسـتێکیـان کـرد، نەخـتێ پشـوویان دا. لەودەمـەدا منداڵەکانیـان گەیشتنێ. حـەسـەن لەبن لیژنە داردەسـتەکـە دارگەرازەکاندا کووڕ کووڕ، دوو قەمچ نووشتابووەوە.

عەلی کە ئەوەی دیت کەللەیی بوو، قیڕاندی، گوتی:

«ئەوانەی کۆڵت فڕێ دە گۆڵەسەگ! ئێمە هەرچەند دەکەین، خۆمان ناتوانین ڕێ بکەین، ئینجا نۆرەی داردەستە دارگەرازە...»

لە داردەسـتـەکـانی سـەرکـۆڵی منداڵەکـە نەوی، تـاتوانی تووڕی هـەڵدان. حەسەن جووڵەی نەکرد. کرکەی نەکرد. ئومەخان دەستی بە گریان کرد.

ئەلیف:

«دایکم بۆ سـەرکەوتن باش بەسـەردەکـەوێ لە ئێمـە چاتر بەسـەردەکەوێ. ئەگەر ئێمەش بچین کۆڵ و بارەکە لە خۆمان دابەش کەین، بیهێنین...»

عەلی کە داردەستەکانی لە کۆڵی منداڵەکە فڕێ دا، کۆڵێ دڵی خۆش بووبوو. نووای ژنەکەی کەوت، بەرەوخوار بۆ لای بارەکە چوون. نشێوبوونەوەی لە سەرکەوتنەکەی ناهەموارترە، دوای برێ. هەر لە پڕێکدا ڕەتیان دەبرد، پێیان هەڵدەخلیسکا، بە دانیشتنەوە خۆیان دەگرتەوە.

گەیشتنە کۆڵ و بارەکە. گابەردی تاین گرگرڕ هەڵدەگرا. لەسەری دانەنیشتن. زۆریان تینوو بوو. ئاوەکە لە خوارەوە وەک زیوی تواوە بە بریسک و باسکەوە دەڕۆیشت. نەهاتنە خوار لێی بخۆنەوە. بارەکەیان کرد بە دوو بەشەوە لە کۆڵیان کرد.

عەلی بۆ یەکەم جاری بوو بە باری هێند سووکەوە بەڕێ دەکەوت. نەدەبوو لێی ڕابوەستن. ئەو هەورازە کەی هەورازە! جا ئەوە چییە؟... تەماشەیەکی دایکی کرد، دوو لۆ کۆمابووەوە، بەنیخەنیخ بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕا. منداڵەکانیشی بەدواوە. داردەستەکان دیسان بەکۆڵی حەسەنەوە بوون. دیسان قۆڵیان بەقۆڵی یەکدا کردبوو، لە دوورەوە وەک یەک کەس دیاربوون.

لەپاش نەختێ عەلی بەتاو، بە هەناسەبڕکێ، بەلایاندا تێ پەڕی.

حەسەن گوتی داردەستەکانم دیسان شاردەوە باش بوو نەیدیتن. پێی هەڵدەخلیسکا، دەکەوت، هەڵدەستایەوە، دیسان هەر بەو هێز و گوڕەوە تێ هەڵدەچووەوە، بەڕێ دەکەوتەوە.

کاتێکی خۆی گەیاندە بن دارقەزوانە بەرزەکەی سەر هەورازەکە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو. شنەی بای ڕۆژئاوا لەشی نەرم کردەوە. لەتاو ئارەقە چاوی دەزوورایەوە. بارەکەی فڕێ دا، یەکڕاست گەڕایەوە. تەنانەت ئەوەشی لەبیرنەچوو ئاورێ لە هەورە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی لای باکوریش بداتەوە. نەختێ بەرەوخوار بووەوە، ئەلیفی تووش هات.

«هیزە خێرا برۆ» گوتی. «دایکم کەوتووە، وا لە خوارێ ناڵەناڵیەتی. بە چوارمێردەکی دەڕۆیشت، چنگەکرێی بوو. خۆی پەلەکێش دەکرد. ئیلکەم و بیلکەم هەر بەسەر دەکەوم...»

خەریک بوو هەناسەی لەبەردەبڕا.

«بیگەیێ! پیرێژن زۆر سەرسەختە. گوتم، ڕاوەستە، چاوەڕێی عەلی بکە، کەچی ئەوەندەی بەگوێ نەکردم و دایە سەرسەختی و هەر هەوڵی دا و دەوڵی دا.»

زرانووی عەلی هێندەی هەڵسوکەوت پێ کردبوو هەمدیس خڵتانی خوێن بوو. بە هەڵخلیسکان و دەست داتلیشان، سا بە هەرچۆنێ بوو گەیشتە دایکی. مرێمۆک دیسان دەستی، سەروڕووی خڵتانی خوێن بوون. بژۆڵی قژە بەخەنەکەی قوڕاوی بووبوون.

عەلی یەکسەر لێی نەوی هەڵی گرت، لە بەردەمیدا چۆکی دا، لە کۆڵی کرد. گوڕی بەخۆ دا، بەڕێ کەوت. چووە تەختاییەکەوە. دوایی هەڵخلیسکا، وەک تەڕاح لێی کەوت. نەختێکیش غلۆربووەوە بۆ خوارێ. یەکسەر ڕاست بووەوە. ئەنجا چاوی بڕیبووە ئەوە، دایکی لە کۆڵ کا. چووە بن باڵی. داردەستەکەیشی دا بە دەستەکەی دیکەوەی.

«کەمی ماوە، دایکە، شۆخەکەم. وا بارانیش هێنای.»

بە منداڵەکان گەیشتن. کە بەتەکیاندا ڕەت بوون، منداڵەکان بە چاوی بۆش و بەتاڵەوە تەماشایان کردن. لە پاشان داردەستەکانی کوڵی حەسەنی بەبیرهاتنەوە. گوتی، نەوەک باوکی بیانبینێ، ویستی خۆی لە پەنا ئومەخان وەشێرێ.

ئومەخان گوتی:

«مەترسە، نایانبینێ. ئەو بە دەردی خۆیەوە گلاوە.»

دایک و کوڕ، کە بەسەرکەوتن، ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. زگیان لە برسان سەوزەڵەخانمیان دەگوت.

سەیریان کرد ئەلیف لە بن دار قەزوانەکە کە ئاگری هەڵکردووە شۆربا لێ دەنێ. بۆنی دۆی ترش لەو ناوە پەنگابووەوە.

زەردەپەڕ سوور سوور هەڵگەڕابوو. لایەکی وڵاتی چقورئۆوایش لە خوارێ

هەڵتۆقیبوو، بۆخاوی بووبوو، وەک ئەویش سوور بووبێتەوە وابوو.

ئەلیف لە عەلیی پرسی:

«وا ڕۆژ ئاوابوو. باشە ئێوە گەیشتن. ئەی منداڵەکان کوان؟»

«وا دێن.»

## ١٨

کە شەوگار ڕاشکا و بەترێکی چوو لە دوورەوە، لە باکورەوە، لەسەر بەژ و پێدەشتە بۆزەکانەوە ناڵە و شریخەی هەورە تریشقەیەک هات. هەر دوابەدوای وی چەخماخەیەکی دا. چەخماخەکە هێند لە دووربوو، بەحاڵ شەوقی دایەوە.

هەر لە پاش نەختێ وەشتێکی ساردی دەست و پێ ڕچێن و ناخۆش هەڵی کرد. بۆن و بەرامەی خاک، بۆن و بەرامەی دار و درەختی ڕزیو، بۆن و بەرامەی ئاوی هێنا. وەشتەکە تا دەهات، توندتر هەڵی دەکرد. هێند سارد بوو، وەک بەسەر شەختە و بەستەڵەکدا بێ وابوو.

عەلی لە تاو پێ و پلی، لە تاو لەشی ئارامی لەبەر بڕابوو. خەوی نەدەچووە چاو.

لە باشوورەوە یەک دوو ئەستێرەیەک جریوەیان بوو، دار قەزوانەکەی سەرووی بەئاشکرا دیاربوو.

ئەستێرەکانی باشوور سڕانەوە. لک و چڵی دارەکەی سەرووش تێکەڵ بە تاریکاییەکە بوو. چاو چاوی نەدەدیت. بوو بە شەوەزەنگێ، وەک تۆفەدیوار، گوللە نەیدەبڕی.

سامێکی گرانی خۆشی ئامێزی ڕێ نیشت. بە وەشتەکەدا، بەو تاریکاییەی کە وەک بەڕەیەکی ڕەش بەسەر دنیادا درابووەوە، وا دیاربوو بارانێکی شەستەباران دای دەکرد.

بەم نیوەشەوە، نە بوودڕێ، نە کونێ، هیچ نەبوو پەنای ببەنێ، چ بکەن، چ بکەرێن؟

تێوەی ژەند، گوتی:

«ئەلیف.»

ئەلیف ئاوڕی دایەوە، گوتی:

«هـ هـ!»

«گوێت لێیە چۆن دێ؟»

ئەلیف کرژ هەڵات.

«بارانێ دێ... هەر دەڵێی ئاسمان قەڵشیوە. لەوانەیە حەوتووێک، دە ڕۆژ بباریّ و نەیکاتەوە. خۆزگە نەختێ زێترمان ڕێ کردبا، گەیشتباینە چقورئۆوا. گەیشتباین و ئەم بارانەمان نەخواردبا. ئەمن دەمزانی دەبارێ بەڵام...»

ڕاپەڕی هەڵستایە سەرپێ.

گوتی، «هیزە خوا نەکا، عەلی، گوێی شەیتان کەڕ بێ. خۆ ئەم بارانە دوو ڕۆژ بباریّ منداڵ، گەورە و بچووک، هەموومان تووشی لاڕەشە دێین. هیچ کامێکمان بەساغی ناگەینە چقورئۆوا. هیزە عەلی ڕاست بڵێ.»

عەلی:

«حەوتووێک، دە ڕۆژ... بارانی پایزی چقورئۆوا پیسە. پیس، پیس دەبێ. زۆر شوکور کە ڕزگاربووین ئافرەت. ئەم بارانە دە ڕۆژ درێژە بکێشێ، ئێمەیش بەو دە ڕۆژە ماندوێتیمان دەحەسێتەوە. لەوانی دی، لە گوندییان لۆکە پتر خڕدەکەینەوە.»

وەشتە بەبارانەکە تا دەهات توندتر دەبوو. هێند قایم بوو، هەر ئەوەبوو لک و چڵی دارقەزوانەکەی بەسەریەکدا تێک نەدەشکاند. بالیفەکانی بەحەوادا برد. منداڵەکان بۆخۆشیان نەیانزانی چییان بەسەر هات، لەپڕ، ڕاچەنین، بەخەبەرهاتن. حەسەن سەری دەخولایەوە. ئومەخان دەگریا.

ئەلیف گوتی:

«بیبڕەوە کچێ. بیبڕەوە دەنگت بە گەرووی ئاشدا چێ. بارانە، قیامەتە.

ئێستا نۆرەی گریانە؟»

مریەمۆک لەگەڵ یەکەم وەشتە باراندا بەخەبەر هاتبوو، لەنێو جێگا وەدەرکەوتبوو، لە بن ڕەگی دارقەزوانەکە کروشکەی کردبوو.

بروسکەیەک، دوو، سێ، لەدووی یەک چەخماخەیان دەدا. ڕێگا سپییەکەی، کە بەرەو گردەکەی بەرانبەر، بەرەوخوار بۆ چقوور دەچوو، چینکۆی ئاشەدوورەکە، بەجارێ لەنێو مێشکیدا دەخنکان و لە پاشان نوقمی تاریکییەک دەبوون کە بە کێرد لە بڕین نەدەهات.

عەلی لە جێگا نەهاتبوە دەر، بۆخۆی لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشابوو. لەگەڵ هەر هەورە تریشقە و بروسکەیەکدا ڕادەچەنی و دارقەزوانەکەی، کە لەبەر ڕووناکییەکە دەتگوت نەخشە، بەئاشکرا بەدیاردەکەوت. تەماشای دەکرد و لەنێو هەست و خەیاڵێکی تێکەڵ و پێکەڵدا بۆژە دەبوو. هیچ کاتێک، هیچ دارێکی وا بەوجۆرە نەدیتبوو، ببێ بە یەک پارچە تیشک و ڕووناکی.

ئەلیف بۆ خۆشی نازانێ چ پکا، دەشڵەژێ، لە داخان پشووی سوار دەبێ. هەر ساناساتێ دێ لە ژوور سەری مێردەکەی ڕادەوەستێ.

«عەلی، عەلی ئەمە وانابێ. هیزە چارەیێ بەم جۆرە نابێ دەستەپارچە بوەستین، وا دێ، وا دێ. کورە عەلی، عەلی... پیاوەکە ئەوە چیتە؟»

هەر دێ و دەچێ، پەیتا پەیتا بە ئەژنۆیدا دەکێشێ، لە تاریکییەکەدا قژ و سەروپۆتەلاکی دەرنێتەوە و بە بۆڵەبۆڵ و مرتەمرت.

«ئەمەشمان بەسەردێنی، ئەمەش خوای گەورەم!»

گەڕا، سووڕا، ئاخرییەکەی هات بەسەرعەلیدا کەوت:

«چارێکمان بکە لەدەوری بالات گەڕێم. خۆ بەجۆرێ دێ، شتی وام هەرگیز نەدیتووە.»

بروسکە و چەخماخە ئەو ناوەی بەتیشک و ڕووناکی پڕکردبوو، گەردەلوول و تۆزو خۆڵ لە هەورازەکەڕا، لە ڕێگا سپییە گەچۆڕەکەڕا بە هەموو کین و ڕکێکەوە دیاربوو، بەسەر دنیاوە، بەسەر تاریکییەکەوە خۆی مەلاس دابوو.

عەلی دەڵێ:

«لە کەیفی مەدە، لێی گەڕێ، با دە ڕۆژ، پازدە ڕۆژ، بیست ڕۆژ ببارێ. باسەرانسەری چقورئۆوا لافاو بیبا. وەرە لامەوە، وەرە ژێر جێگاکەوە. هیچ چارێکی تر نییە.»

ئەلیف تووڕە دەبێ:

«کورە، کابرا هەی ماڵت بە قوڕێ گیرێ، تۆ کوێری، کەڕی، نابینی، نابیەی، وا لافاو هەموومان ڕادەماڵێ. لەبری ئەوەی بگەینە چقورئۆوا... باران، باران... هەروەک ڕک و تووڕەیی دێ.»

لە دووڕرا هەور دەگرمێنێ، بروسکە دەدا، گرم و هۆڕ و شریخەشریخ گوێی پیاو کەڕدەکا، هەر لە پشت ئەو کێوانەوە، لە هەورازەکە بەودیودا. لە پاشان دێ، دێ، لەسەر دار قەزوانەکە ورد و خاش دەبێ. هەڵدەوەرێ.

«هەستە، هەڵێین. پەنا بۆ کوندرێ، بۆ ئەشکەوتێ، بۆ کوێرە گوندێ ببەین. کونێ، دەرەتانێ بدۆزینەوە، تێی خزێین.»

عەلی ماندوو و مردوو بزەی دەهاتێ، بە دەنگێکی لەسەرەخۆوە، دەیگوت:

«تۆ شێتی، دوو هەنگاو نارۆی لە پاشەوە دەمانگاتێ. ڕاوەستە لە شوێنەکەی خۆت.»

ئەلیف لە یەکبینە بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشا.

«وای! وای! واااای بۆ بێ یەغباڵیم! من بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم، بۆ کوێ بچم؟ بەم سەرە گۆبەند و بەڵایەوە، بەم بەختە ڕەش و پیادەیەوە بۆ کوێ بچم؟ واااای! با لە بەرە شڕەکەی ژێرت و لکی ئەم دارە، چادرێ بۆ منداڵەکان هەڵدەین. ئاگرێکیش هەڵکەین. با نەمرن کەساسانە.»

«تۆ شێتی ئافرەت، کچێ تۆ شێتی؟ لەگەڵ ئەم بارانەی کە لە جوانوو دەچێ، لەگەڵ ئەمەی کە دێ و خۆی گیف دەکاتەوە چادر و خێوەت چی پێ دەکرێ... لەگەڵ ئەم بارانە شۆخ و شەنگە... بارانێکە مەگەر... هێێێێی ماشەڵا! ئەرز و ئاسمانی گرتووەتەبەر و دێ. لە تۆفانە گەورەکەی باوە نووحمان

دەچێ. لەویش بەترەفـتـرە. دە ڕۆژ پازدە ڕۆژ... لۆکـەیش هـەمـووی لە ئەرزدا. کێشـیشـی تەواو قورس دەبێ. ئەوسا کەرێ بۆ دایکم دەکڕم گەنج، وەک نەمام، کـەرێکی قـبرسـی وەک تـووڵە نەمام. کـەرێ وەک ئەسـپی عـارەب. زینێکیشـی بۆ بەڕادان دەدەم هـەر شـایانی ئەسـپی بەگلەری تورکـمـانان بێ. لەکن وەسـتـا جـەمـالی قـادرلیی بەڕادان دەدەم. هـەی باوە هـەی! بارانـێ دەبارێ شـیـو، دۆڵ، کەندالّ، کەژ و کێو نـامێنن. دەریا، چۆم، دەوروبەر... تۆ هیـچ مەتـرسـە... تۆ هیـچ مـەترسـە! خـۆ خـوێ نین بـتـوێینەوە لە بـەرباران. خـوێ نین ئافـرەت! خـوێ نین ئەلیف... بوون بە خوێ خراپە.»

ئەلیف کـە لەبەر ڕووناکیی چەخـمـاخـەکە عـەلیی بە زەردەخـەنە و شـادییـەوە دیت هـەر ئەوەبوو کـاسـەی سـەری نەتـەقێ. گـوتی، گـاور، گـاوری بـێ بەزە. خوێنرێژی منداڵەکانم. خوێنرێژی دایکت. خوێنرێژی ئەسپەکەمان...»

لەگەڵ تاریکییەکـەدا تێکەڵ بوو. بە هـەڕاکردن دوورکەوتەوە. دەمێکی تەواوی پێ چوو، ئەنجا بە باوەشـێ دڕک و داڵەوە گەڕایەوە.

سـووتەنییـەکانی لەولاوەی پێخـەفـەکانـەوە فڕێ دا. جـارێ سـووتەنییـەکانی لەسـەریەک دادەنان، جارێ بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشا.

گـەڕا گـەڕا، شـقـارتەکـەی لەنـێـو جـەواڵەکـە دیتـەوە، ئاگـرەکـەی هـەڵکرد. هەمدیس خۆی کرد بەناو تاریکییەکەدا، هـامێزێ سووتەنیی دیکەی هێنا.

بن دار قەزوانەکە ڕووناک بووەوە.

منداڵەکـان تـەواو باوەشـیـان بەیەکـدا کـردبوو، لەسـەرمـا دەلەرزین لە پاشەوەش مرێمۆک هـەر ئەم دیو و ئەودیوی دەکرد.

ئەلیـفی لـە تاوان شـێت و شـبـر بوو لـە ناکـاو پڕی دایە بەڕە شـڕەکـەی ژێر عـەلـی، بە هـەمـوو هێـزێکیـەوە ڕای کـێشـا. بەڕە شڕ بەدەسـتـیـەوە نەهات، لە دەستی ترازا، پشتەوخوار کەوت، گلۆربووەوە.

کە بە بێ حاڵی ڕاست بووەوە، دەستی بە پاڕانەوە کرد.

«بەقـوربانت بم، بـەگـوریت بم. لـە دەوری باڵات گـەڕێم عـەلـی، دە هـەسـتـە!

هەستە با بەڕەکە بکەین بە خێوەت.»

عەلی هەروەکو لەوێش نەبێ، خۆی تێ نەگەیاند، لە یەکبینە بزە دەیگرت. ڕدێنە تۆزاوییەکەی لەبەر ڕووناکیی ئاگرەکە کاڵ کاڵ دیاربوو.

بروسکەیەکی درێژاودرێژ پەردەی ئاسمانی لەمسەر تا ئەوسەر دادڕی و چەخماخەیەکی دا. ئاسمان بێ وچان دەیگرماند، چەخماخەی دەدا، دەیشریخاند.

بروسکەیەکی دیکەی دا، پێیان وابوو، لەسەر سەریان، نزیک بە چڵەپۆپەی دار قەزوانەکە چەخماخەی دا. لە پاشان دڵۆپی درشت درشتی زلەزلەی گەرم دەستی بە بارین کرد.

ئەلیف وەک دەستیان لە بینی نابێ هاوارێکی کرد:

«عەلیییی... عەلیییی بەڕەکەم وێ دە! ماڵت وێران کردم، ماڵت وێران بێ. منداڵەکانت کوشتم!»

وازی لە عەلی، لە بەڕە شڕەکە هێنا. جەواڵەکان و سەبەتەکە و تەنەکەکە و پێخەفەکان و ئەم لاو ئەولای هەموو لە بن ڕەگی دارەکەدا خڕکردنەوە.

بارانەکە توندی کرد. ئەلیف بەجارێ تەڕ بوو. ئاگرەکە بەرەو کوژانەوە چوو.

عەلی لێفەکەی بەسەر دەموچاویدا دا، خۆی لەناو نوێنەکەدا گرمۆڵە کرد. کەیفیشی سازبوو و لەتاو ئێش و ئازاریش ئۆقرەی لەبەر بڕابوو.

«دوات بڕێتەوە! دوات بڕێتەوە! ماڵت وێران بێ عەلی! ئەوەی تۆ دەیکەی گاور بە گاوریی خۆی نایکا، حەفتا و دوو مەزەوەکان نایکەن. دایە دایە هەستە، با بەڕە شڕەکەی لە بن دەربێنین، من بەتەنیا هێزم پێدا ناشکێ.»

عەلی بەتووڕەیییەوە لە بن جێگاکە دەرپەڕی، گوتی:

«دە فەرموو، با قسەی تۆ بێ ئافرەت. چاوی دەرێ. چادر و خێوەت لەگەڵ ئەم شێرە بارانە پارە دەکا؟ تۆ بارانت هیچ نەدیتوە؟»

ئاگرەکە بەحاڵترووسکەیەکی تێدا مابوو. هێندەی نەمابوو بکوژێتەوە. هەر تنۆکە بارانێکی پێ دەکەوت، دەیگوت چزززز.

مــرێمــۆک هەڵســتــا، لە بەرە شــرەکـە نـەوی. کـە ئـەلیف دیتی، ئـەویش داچەمییـەوە، بە دەستـەکەی دیکـەی ئاگرەکەی تێک وەردا. هەنـدێکی دیکەی سووتەنی بەدەمەوە دا. ئاگرەکە نەختێ پتر گەشایەوە.

بارانـەکـە، بـە هـەورەتریشـقــە و بـروسکەوە، بـە گـرم و هـۆڕ و هـەراوە، وەک ڕووبارێکی تاریکی سـەربەرەژێر، وەک دەریایەک لە یەکبینە دەهاتە خوار. هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو، دنیا بوو بە گۆلاو.

«فـەرمـوو با قـسـەی تۆ بێ. بزانم هیچ پارە دەکا، ژنـە بێ ئاوەزەکـە. دەبێ بەرەکـە لە نـاوەندڕا بە لکـەدارێ هەڵدرێ. خـۆ من لە دارەکـە بـەسـەرناکـەوم... ناتوانم لەسەر پێ بوەستم. نە ستوونێ، نە پەتێ، هیچ نییە...»

ئەلیف چمکی بەرەکەی بەدەستەوە بوو، دایێ.

«پـەتیش هـەیـە، هـەمـــوو شــــتــــێکیش هـەیـە. مـن بۆ خــــۆشـم لە دارەکــــە بەسەردەکەوم..»

بە چنگەکرێ بە دارەکەدا هەڵگەڕا. سەری پەتەکەی بە لکەکەوە بەست.

«ناوەندی بەرەکەم وێ دە، تەواو لەناوەندیڕا...» ئەویشی بەست. هاتەخوار.

بەرەکـە لە هـەر چوار چمکیـەوە، هێـشـتـا پەتەکـانی سـاڵی پاری هـەر پێـوە مـــابوون. چـمکێکی بـە بـەژنـی دارەکـــەوە و چـمکـەکـــەی دیکـەشی بـە دار چرێشێکەوە بەست.

«مێخێ، مێخێ لەوێ داکوتە عەلی! خێراکە، خێراکە!»

عـەلی هـەر وا ڕاوەسـتـابوو، بیـری دەکـردەوە، دەتگوت خـەوی لـێ کـەوتبـوو. ئەلیف شپرزە بوو.

«مێخێ...»

نەیپەژرا. ئومێدی بە عەلی نەما. لقەدارێکی نیوە سووتی لە ئاگردانەکە

دەرێنا، بە بەردێ دەستی بە داکوتانی کرد.

دەنگی بارانەکە لە هاژەی چۆمێ دەچوو، دەباری و هاژەی دەهات.

چمکێکی دیکەی بەڕەکەی بە مێخەکەوە بەست. دەوەنێکی بەرچاو کەوت. چمکەکەی دیشی بەوەوە بەست.

«دایە! دایە! وا ڕامەوەستە. وەرە بن چادرەکە.»

منداڵەکانیشی هەڵگرت، هێنانیە بن چادرەکە، لە تەنیشت ئاگرەکەوەی دانان.

مرێمۆک نەچووە بن چادرەکە، چوو بۆ ناو تاریکاییەکە، بۆ بەر بارانەکە.

«دایە! بۆ کوێ؟ مەڕۆ دایە!»

بەهەڵەداوان وەدووی کەوت، لە قۆڵی گرت ڕای کێشا. مرێمۆک قۆڵی ڕاتەکاند، خۆی لە دەست ترازاند، بەرەو بارانەکە، بۆ ناو شەوەزەنگەکە، بۆ ئەولاوە چوو. ئەلیفیش بەدووایدا. مرێمۆک دەشرۆیی و بەدەم ڕۆیشتنەوە لە شتێکیش دەگەڕا. ئەلیف تێ گەیشت دەیویست چ پکا. ئەویش وەک ئەو ملی لە سووتەنی خڕکردنەوە نا.

کاتێکی هەریەکە بە باوەشێ سووتەنییەوە، سەرتاپا، تەڕ بووبوون، گەڕانەوە بۆ بن دارەکە. عەلی چۆن بێ جووڵە وەستابوو، هەروا بەوجۆرە لە شوێنەکەی خۆیدا، لەوێ ڕەق ڕاوەستابوو. منداڵەکانیش وەک بیی ناو ئاو دەلەرزین.

ئەلیف سووتەنییەکەی لک لک و چڵ چڵ بە دەستی کزر کردەوە، لەچاو ئاگردانەکەی دەخست و فووی لێ دەکرد. مرێمۆکیش یاریدەی دەدا، ئاگرەکە بەرانبەر ئەم ئەرک بەخەرجدانە نەختێکی دی گەشایەوە، ئیدی مەترسیی کوژانەوە و دامرکانەوەی لێ نەدەکرا.

ئەلیف کە دیتی چۆڕاوگەی ئاو بە بەژنی دارەکەدا جۆگەلەی بەستووە، شمەکەکانی لەوێ هەڵگرت، هێنانیە ئەم لاوە، بۆ بن چادرەکە. لێفە تا نیوە تەڕبووەکەشی بەسەر منداڵەکاندا دا.

ئاگرەکە تا پتری سووتەنی دەخوارد هێندەی دیکەی گڕ دەگرت. ئەلیف لەبەر ئاگرەکە نزیک بووەوە، ڕوونیشت، عەلیش هات، ڕوونیشت.

چۆڕاو بە هەنیەیدا، دەموچاویدا، بە ڕدێنیدا، بێ وچان دەهاتە خوار. عەلی هێشتا هەروەک شێت، لەخۆڕا بزەی دەهاتێ و پێ دەکەنی. ئەلیف لەمە زۆر ترسا، بە چاو چەند شتێکی لە مریەمۆک پرسی. مریەمۆک وەڵامی نەدایەوە. چاوی بۆش و بەتاڵ بوو.

عەلی بەسەر ئانیشکیدا، لەو ناو گۆلاوە بۆخۆی لێی ڕاکشا.

زراو تۆقێن هات. وەشتێکی بەبارانەوە ئاگرەکەی کوژاندەوە. لەپاشان یەک لە پەتەکانی بەڕەکە پچڕا، هەر لە دووی وی ئەوی دیکەیان.

عەلی بەدەنگ هات، گوتی:

«نەمگوت، چادر، ئاگر چاری ئەم بارانە ناکا؟ ئەم بارانە کۆشک و سەرا ڕادەماڵێ و دەیانبا. ئەدی نەمگوت پایزە بارانی چقورئۆوا بەترەفە. کەڵکی نییە؟ شقارتەکە لە شوێنێکی هیشک دانێ. یا بیدە بە خۆم. یا شووشە بۆشەکە بێنە. شووشەی بۆش هەیە؟ ناوەکەی وشکە؟

ئەلیف گەڕا، شووشەکەی دیتەوە. بۆ عەلیی درێژکرد.

«لە ناوەندی سینگمدایە، دەستت درێژ کە، هەڵی گرە!»

دەستی درێژکرد. دەستی چووە نێوان هەردوو مەمکەکانیەوە، تەزوویەکی هێند خۆشی بەلەشدا هات، لە تەزووی دڵداری، ئەوین دەچوو.

سەرەقاپی شووشەکەی کردەوە، دەنکە شقارتەکانی تێ بەتاڵ کرد، لاکانی قووتووە شقارتەکەشی شکاند، ئەوانیشی هەر لە شووشەکە کرد. ئەوجا سەرقاپی شووشەکەی توند توند قەپات کرد.

«ئەلیف گوتی، لە خۆڕایی خۆت ماندوو کرد. هێشتا شقارتەی پارمان لە شووشە چکۆلەکەدا مابوو ئێستا بیرم کەوتەوە.»

«ئەو چاتر. زاتەن ئەم تەڕ بووە.»

باران بەرە بەرە قـایمتری کرد. ئێسـتا بەم شـەوەزەنگە بەم بێ کـەسـی و بێ دەرەتانییـە... لە هیچ شوێنێکەوە بۆرە فـریاکەوتنێ، تـرووکە ئومـێدێ نەبوو. لە پێشـان، عـەلی منداڵەکانی لە باوەش کـرد، ئەنجـا لێفـەکـەی، کـە بەسـەریانەوە بوو، بەخـۆی دا دا. بەسـەر منداڵەکـاندا دانـەوییـەوە. ئەوجـا مـرێمـۆکـیـشـی لە هەمێز کرد. ئەلیـفیش هات بە مـرێمـۆکـەوە نووسـا. تا باران توندتری دەکرد، ئەوان هێندەی دی تێک دەخزان. هەر ئەوەبوو نەدەچوونە نێو یەکدییەوە.

باران کشەی دەهات. دەنگی هاژەی لافـاوی شیوەکە دەبیسـترا. هەناسـەیان دەموچاوی یەکتریانی گەرم دەکردەوە.

لە پێـشـان منداڵەکـان ددانیـان بە چۆقـەچۆق کـەوت. لە باوەشـی باوکیـاندا وەک سـاوا دەلەرزین، دەنگیـان دەرنەدەهات. ددانی ئەلیـفیش چۆقـەچۆقی بوو. عـەلیش بۆئەوەی دەری نـەخـا، ددانی بـەخـۆیدا دەگـرت، یا چاری نـاچار بوو، هەرچی مـرێمـۆک بوو ئەویش هـەر هـەڵپـە و هـەڵبـەز و دابەزی بوو. ئەلیف تا دەهات زێتر لە مرێمۆک دەئاڵکا. مرێمۆکی چی، دەستـەکانی گۆیان نەدەکرد، دەمـوچـاوی بووبوو بە پـارچە سـەهۆڵ. جـمـوجـووڵ و هـەڵبـەز و دابـەزەکـەی، ئەلیفی تۆقاندبوو.

هێندەی دیکە خـۆیان بە بەڕەکـە و لێـفـەکـەوە لوول دەدا. شـمـەکـەکـانی دەوروبەریان، جـەواڵەکـانیـان تێکڕا لـەدەوری خـۆیان خـڕکـردبووەوە. بە ڕۆژ کەسێ سـەیری کـردبان قـەت نەیدەگوت پینج کـەس بووبوون بەیەک کـەس و لە یەکـبـینە دەلـەرزین. هەمـوو بـەیەکـەوە، کـاژێرەیان وەک قـورمـیش کـرابن چۆقـەچۆقـیـان بوو. بۆنێکی ترشـاوی، چڵکنی، تـەڕی بنیـادەمـانە لووتی دەتۆزاندنەوە، هیچ کوێیەکیان بە وشکی نەمابوو، تەنانەت بن هەنگڵیشیـان شڵپەی دەهـات. ورتەیان لێوە نەدەهات، جا وا ویستیشیان شـتێ بڵێن، چما لەبەر چۆقەچۆقی ددانیان دەیانپەرژا؟

بەرەو شەبەق بارانەکە نەختێ چاوێکی کردەوە.

کە ڕۆژ هـەڵات ئەلیفی لەسـەرما هیشک هـەڵاتوو، بە زۆر توانـی خۆی لەوانی

دی هەڵاوێرێ و هەڵستێ، نەیدەتوانی لاق و دەستی ببزوێنێ، هەرچەندی دەکرد، لێیان جوێ نەدەبووەوە. تەنانەت ددانەکانیشی ئەو هێز و توانەی پێشوومان بەبەرەوە نەمابوو، هێندێ جار بە چۆقەچۆق دەکەوتن، هێندێ جار دەوەستان. لەپاشان بە هەر ڕەنگێ بوو، خۆی لێ جوێ کردنەوە، لەولاوە ڕاست ڕاکشا. دوایی بە هەزارحاڵ هەڵستایە سەر پێ.

عەلی لێفە و بەڕە شڕەکەی لەسەر خۆی لادا، ئەویش هەڵستا، منداڵەکانی هەڵستاند، هەرچی مرێمۆک بوو گرمۆڵە بووبوو، چکۆلە بووبووەوە، جووڵەی لەبەر بڕابوو.

عەلی بە پشتی کووڕەوە، بەپێوە وەستابوو. چاوەکانی چکۆلە بووبوونەوە. بەڵام ئاسوودەییەکی فرە و تاڵیشی بە سەرو ڕووەوە دەخوێندرایەوە. منداڵەکان بەسەرپێوە خەو دەیبردنەوە و بەلادا دەهاتن. حەسەن داکەوتبوو، دەستی ڕاستی بە هیچ جۆرێ نەدەکردەوە.

لە باکورەوە ئاسمان نەختێ ڕوون بۆوە. بەرەبەرە تا دەهات ڕوونتریش دەبووەوە. ئاسمانێکی پاک و خاوێن، تەڕ و تازە، ساماڵ و بێ گەرد، بە هەموو ڕۆشناییەکەوە بەدیار کەوت.

ڕۆژ لە ڕاستانێکی چقورئۆواوە لە شوێنێکی بەرچاوەوە بەدەرکەوت.

بەلەشیاندا، بە سەرو پۆتەڵاکیاندا، بە بەژنی دارەکەدا ئاو ڕێچکەی بەستبوو. لافاو هەستابوو، دۆڵ و شیوەکانی لێواولێو پڕکردبوو.

عەلی بە پشتی کووڕبووەوە هەڵستا. وەک شێت جارێ بەم لادا، جارێ بەولادا هەڕای دەکرد. ئەلیفیش دەستی بە کەلەکەیەوە گرتبوو، تەماشای دەکرد.

ڕەنگیان زەرد، زەردێکی وەک زەردیی کا وابوو، جل و بەرگەکانیان بەلەشیانەوە نووسابوو. مووڕەغەی پشتی بەئاشکرا وەک خۆیان چۆن بوون، بەوجۆرە بەدیارخستبوون، یەکە بەیەکەیانت ژماردبا. ئەلیف لەشەرمان، هەر جار نا جارێ سینگی خۆی دادەپۆشی.

عەلی بە ڕاکردن هات، دەستی منداڵەکانی گرت، ئەوانیشی بە غاردان دا.

«غاردەن، دەی غاردەن! پاش باران غاردانی دەوێ... ئەدی کو... دەبێ خوێن بەجۆش بێتەوە. نەخۆش، نەخۆش دەکەون، دەمرن... ئەدی ی ی ی...»

ئەلیفیش بەدوویان کەوت، ئەویش دەستی بە غاردانێ کرد. جارێ دەوەستا، شەرمی بەخۆیدا دەهاتەوە، پاشان هەمدیس غاری دەدایەوە.

مریمۆک سەری هەڵبڕی. بەحاڵ لەسەر چمکێکی بەڕە شڕەکە مابووەوە. تەماشای کرد، عەلی و ئەلیف و منداڵەکان بەم لاوبەولادا ڕادەکەن، یا دەکەون و هەڵدەستنەوە. لە قوڕ و چڵپاو وەربوون. لە بنیادەم نەدەچوون. هەوڵی دا دەست و قاچی ببزوێنێ، بۆی نەکرا. ئەلیف کە چاوی بە حاڵی کەوت لێی نزیک کەوتەوە. لە بن هەنگڵی نەوی، ڕاستی کردەوە، مریمۆک لەسەر پێ نەوەستا، دیسان لەسەر ئەرزەکە گرمۆڵە بوو. ئەلیف سەرلەنوێ بڵیندی کردەوە، یەک دوو هەنگاوێکی پێ هەڵێنا و لێی گەڕا. مریمۆک ئەم جارە نەکەوت. هەر خۆی چەند هەنگاوێکی هەڵێنا. لە پاشان ڕاوەستا. بەری بەلای چقورئۆواوە کرد. شوێنێکی دیاری کردبوو، چاوی تێ بڕیبوو. قەدەرێ هەر بەوجۆرە مایەوە. ئەویش شمەکەکانی بەلەشیەوە نووسابوون، بەجارێ تەڕببوون، بووبوو بە کێشکەی باڵ شکاو. کێشکە چۆن لەبەر باران تەڕ دەبێ، باڵی شۆڕ دەبێتەوە، پەڕەکانی پەڕپەڕ دەبێتەوە، ملەقۆتەی دەکێشێتە نێو لەشیەوە، ئەویش کوتومت بەو ڕەنگەی لێ بەسەرهاتبوو.

دانەوییەوە داردەستەکەی هەڵگرتەوە، خۆی بەسەریدا دا. چەند شەقاوێکی دیکەی هاویشت، ئاوڕێکی لەوانی هەڵدەهاتن، دایەوە، سەیرێکی کردن، دیسان بەڕێ کەوتەوە، ڕۆیشت.

عەلی ڕوانی دایکی ڕووی لە چقورئۆوا کردووە، ملی ڕێگای گرتووە، دەڕوا، دەستی ئەلیفی گرت، گوتی، «هیچ چارێکی تر نییە. ئەو چاتر بەم ڕێگایەدا هاتین. خۆ لە سوێگویتلییەوە هاتباین، بە دوو ڕۆژی دی، ئەوجا دەگەیشتینە بەرەجووتەکە، ها ها ئەوە ئاشەکەیە.»

هەور هەڵی پریواند، لەکۆڵ بووەوە، بەری ئاسمان تەواو ڕوون بووبووەوە. ڕۆژ لە هەموو لایەک هەڵاتبوو. بەرەبەرەیش، تا دەهات هەتاوەکە گەرمی دەکرد. هەڵمێکی خەست و خۆڵ تەڕ لە زەوییەوە هەڵدەستا، هەر هێندەی پێ نەچوو خاکی چقورئۆوا تەم و مژ دایگرت، ئەلیف کۆڵ و باری خڕ دەکردەوە.

«هیچمان بەکارنەماوە، هەمووی تەڕ بووە. هیچ نەماوە تەڕ نەبووبێ، قوڕاوی نەبووبێ، ئارد، ساوار، پێخەف و نوێن...»

ئەلیف بەدەم گازن و پرتەوبۆڵەوە شمەکی کۆ دەکردەوە، عەلی لەولایەوە ڕاوەستابوو، بێ ئەوەی دەست بەهیچەوە بدا، هەر تێی ڕادەما.

«ئەم بارانە لێ ناکاتەوە، بە ڕۆژ خۆشی دەکا و بە شەو تێی دەکاتەوە. ئازایەکەم، شۆخەکەم، شێرەکەم، بارانە چل عەسرانەکەم. کەرەمی خۆتە خوایە! کەیکەم ئێستەکەم، بیدە، دنیا بڕازێتەوە، مێرگ و چیمەن، تەیروتوو هەموو بانگ دەکەن، خوایە، بیدە، بیبەخشە، بە ڕێژنە و لێزمە و لەهییەوە.!»

ئەلیف دەستی ڕەق بوو، هەمیسان چاوی زەق زەق کرایەوە، هێشتا هەر دەلەرزی، چۆقەچۆقی ددانی دەهات.

«هەی لەوە، عەلی تۆ کەیفت زۆر سازە. چییە، دەڵێی ئەقڵت تێک چووە؟»

«بیدە، بیبەخشە، بڵا دنیاش شین بێ لۆکەی دنیا سەرلەبەر خۆڵاوی بێ قوڕاوی بێ.»

کە ئەلیفی دیت، وەستا، ئەمجا خۆی دەستی بە خڕکردنەوەی کۆڵ و بارەکە کرد.

«دایکم زۆر ژیر و ئاقڵە، لە هەموو شتێ دەزانێ. نەختۆکەیەک سەرسەختە بەڵام، دوای بڕێتەوە، خۆزگە ئەو خوەیشی نەبوایە، بتکردبا بە تاجی سەرت و سەرانسەری دەشتی چقورئۆوای پێ گەڕابای.

لێرە چاوەڕێ کردن نابێ. دەبێ هەرچۆنێ بێ کەلاوەکۆنێ بدۆزینەوە. هەر لەوێن، لە هینەکەی میر ئەلاین، ئەدی وەنییە؟. بۆ جێگەیێکی دیکە ناچن...»

ئەلیف:

«ئەرێ، بۆ کوێ دەچن.»

بە لەکۆڵکردنی بارەکە پشتی تێ کرد، بەکۆڵە خۆیدا دا. ویستی هەڵبستێ. هەرچەندی کرد، نەیتوانی هەڵستێ. ئەلیف یاریدەی دا. دیسان هەر نەکرا. عەلی بستێ ملی درێژ بووبووەوە، هەموو ئەندامی لەشی کرژهەڵاتبوو. لە سەر و پۆتەڵاکیەوە، لە هەموو لەشیەوە هەڵم و هەڵاو هەڵدەستا. زۆری لەخۆ کرد. باری تاین هێند گران بوو دەتگوت بەردە، قورقوشمە.

وازی لە بارەکە هێنا، هەڵستا بەدەوریدا دەستی بە خولانەوە کرد. هیچی بۆ نەکرا، چارێکی بۆ نەدۆزییەوە. هەمدیس گەڕایەوە پشتی تێ کردەوە. هەموو هێز و گوڕێکی بۆ بە کۆڵدادانی بارە بۆر بەخەرج دایەوە.

دەستی لە کەلەکەی توندکرد. ئەمجا دەستی لە زەوی گیرکرد. دیسان بۆی بەسەرنەچوو، هەستایەوە. بە بێ چارەیی و داماوییەکەوە دەستی بەدەستیدا دا، گوتی:

«ئۆۆۆۆف! ئۆف. ئۆۆۆۆف! ئۆف.»

تەماشای کرد ئەلیف خەریکە بارەکە دەکاتەوە. چی نەگوت. مریمۆک تەواوێ دوورکەوتبووەوە، لە شیوەکە دەچووە خوار.

حەسەن بەدەنگ هات، گوتی:

«لە برسان مردم، وا مردم.»

عەلی پێیدا هەڵکالا!

«دە بمرە! ئێستا لە پێشترەوە، لە ئاشەکە دەوەستین نان دەخۆین.»

ئەلیف بارەکەی کرد بە دوو بەشەوە، یەکێکیانی پێچایەوە. عەلی بەرچاوی ڕوون بووەوە. ئەویش بەشەکەی دیکەیانی بۆخۆی پێچایەوە.

لە پێشان ئەلیف کۆڵی خۆی هەڵگرت، ئینجا عەلی. حەسەنیش بە نیخەنیخ خەریک بوو لیژنە داردەستەکانی بەکۆڵی خۆیدا دەدا، هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی. سەیرێکی دایکی کرد. دایکی بە بارەکەی کۆڵیەوە هات بۆ کنی،

داردەستەکانی هاویشتە سەر شانی.

«یالاّ پێشم کەوە.»

عەلیش کۆڵی خۆی هەڵگرت. لەپاش یەک دوو گورِ بەخۆدان ئەوجا ڕاست بۆوە. زەرەدەخەنە دەیگرت.

«بەندەی خوا تاوەکو تووشی تەنگانە نەیێ خوا قەت فریای دەکەوێ! بارانێکی بۆ ناردین مەگەر هەر ئەو بینێرێ.»

تەماشای کرد لە باکورەوە هەورە ڕەنگ زیوینەکان دیسان وا خڕدەبنەوە.

بە ئەلیفی گوت، «بڕوانە، بڕوانە، وا دێ! هەمدیس دەوروبەری بە تەم و مژ داگرتەوە. ئای کە چۆن دێ!»

ئەلیف لە پێشەوە، حەسەن و ئومەخان لەپاشەوە، عەلیش لە پاشی پاشەوە دەڕۆیشتن. زۆری نەبرد، عەلی بەجێی هێشتن، تەواوێ پێشیان کەوت. لاقی تا سەرووی بەلەکی لە دەقن و قوڕ چەقیبوو. هەتاوەکەی خۆش بووبوو. شمەکەکانی وشک دەکردەوە. لەرز و چۆقەچۆقی ددانیان بەسەرچوو. لێیان دا، ڕۆیشتن.

تەیروتووی کێڵگە و مەزرایەکان لەسەر ڕێگاکە نیشتبوونەوە، هەڵدەفڕین. کەپنەک داڵ بەم بەرو بەوبەری ڕێگاکەوە، بەسەر گابەردی زل زلەوە نیشتبوونەوە، باڵیان فش کردبووەوە، خۆیان هەڵخستبوو. پەپوەسلێمانکەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر ڕێگاکە دەنیشتنەوە، هەر لەگەڵ لێیان نزیک دەبییەوە فڕڕڕ دەدەنە شەقەی باڵ، هەڵدەفڕن.

دیسان پێشکەی گوودڕە لە سەروچاویان ورووکان، چوونە دەمیانەوە، چوونە کونە لووتیانەوە، ناو ملیانەوە، ناو گوێچکەیانەوە. لە شێوەکە هاتنەخوار. تا لە سێ دارتووەکە تێ نەپەڕین. نەگەیشتنە مرێمۆک. ئەوجا لەپاشان هەموو پێکەوە ڕێیان کرد.

لەپڕ لە ناو دەوەنەکانەوە یەکێکیان بە شەلەشەل بەپیرەوە هات. ئەویش باران گرتبووی، شمەکەکانی بەلەشیەوە نووسابوو. سەری، چاوی، هەموو

ئازای گیانی بەقوڕەوە بوو. لەسەر ڕێگاکە وەستا، چاوەڕێی دەکردن. تا نزیک نەکەوتەوە نەیانناسییەوە کە ئەمە خەلیلەپیرە.

خەلیلەپیر چاوە ساوایانەکەی پڕ بوو لە سام و ترس. بە چاوی پاڕانەوەوە تەماشای عەلیی دەکرد. مریەمۆک وەک نەیناسێتەوە لێی قیچ بووەوە، ورد ورد تێی ڕاما، لە پاشان بەڕکەوە ڕووی لێ وەرگێڕا، لێی دا ڕۆیشت.

ئەلیفیش ڕووی لێ وەرگێڕا.

حەسەن دەنگی دەبیسترا و نەدەبیسترا، بە ئومەخانیەوە ژەند، گوتی:

«باوکم دەیکوژێ، دەیخنکێنێ.»

ئومەخان حاڵی قسەکردنی بەبەرەوە نەمابوو. چیی نەگوت.

عەلیش کە بە بەردەمیدا تێ پەڕی، بە سەرسامییەوە، بە ڕکەوە لێی مۆڕبووەوە، تفێکی ڕۆکرد و ڕووی وەرگێڕا.

خەلیلەپیر ئەمەی هەرگیز چاوەنۆڕ نەبوو. هەروەک گوللەیان پێوە نابێ وای لێ بەسەرهات. هەر لە شوێنەکەی خۆیدا بە حاڵێکی شڕ و شپرێوەوە چۆکی دا. تا ئەوانیشی لە چاو ون بوو هەر سەیری دەکردن، چاوی نەترووکاند. لە پاشان بە ڕک و تووڕەییەوە، بەدەم جنێودانەوە هەستایە سەر پێ، بەدوایان کەوت. زۆری نەخایاند، پێیان ڕاگەیشت. هەر دە پازدە هەنگاویان نێوان بوو، کەچی تێکەڵیان نەدەبوو، خۆی لێ بەخاوەن نەدەکردن. عەلی هەر جارناجارێ ئاوڕی دەدایەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەرێ خۆ ئەوە هەر بەدوامانەوەیە. ڕک و تووڕەیی و بێزهاتنەوەت بە هەمووو دەموچاویەوە، ڕوون و ئاشکرا خوێندبایەوە. عەلی زۆر سەغڵەت بوو. چی بەو خەلیلە پیرە گوتبا؟ چی پێ دەگوترا؟ عەلی تێ گەیشت دایکی ئێستا داخۆ چی لەو گاورە دەکا، بۆیە وەستا. ئەوەی ویستت کردت. ئیدی بۆچی وەدوومان دەکەوی؟ بەلای خوام لێ دای پیرەمێردە دێوەزمە. لە دڵی خۆیدا گوتی، کێ چوزانێ، کەساسە داخۆ چیشی بەسەرهاتبێ. لەوەتی لە گوندی جیابۆتەوە، لەلایەکەوە مریەمۆک و سەرسەختی و کەللەڕەقی مریەمۆک و لەلایەکەوە خەلیلەپیری داماو و

پەرێشـــان. خـــەلیلەپیـــریش کـــەم نـەبوو. ئەویش لـە دڵی خـــۆیدا دەیگوت و دەیبرمـاند، منیش لە ناوچاوانی تۆوە نەبا بۆچی بە چیا دەکەوتم. لە گوندێکدا تەنیـا هەر مـن لە پێناوی تۆدا بـووم بە دژمنـی کـوێخـا و لە دژی وەســتــام، ئێستاش سـەربار، هێشتا تۆ ئاورِم لێ نادەیەوە؟ ئاوهـا هەتیوە بێ ئـەقڵـەکەی بلە کـەچەڵ چەندین ڕۆژ لـەم چیـا و چۆڵە چاوەڕێم کـردن. گـوتم. دەرەتانـێکم دەدەن. کەچی ئێستا ئاوها لام لێ ناکەنەوە؟ ها؟

بەرەبەرە ئـومـێـدبڕتر دەبوو، لە شـپـرزەییـیـان بۆخـۆشی نەیدەزانـی چ پکا. ئیدی لەمەوپاش بۆکوێ چووبا؟ خۆ نە کەسێ، نە دەرەتانێکی نەبوو، ڕووی تێ کا. بۆی لوابا ئەوانیشی بەجێ دەهێشت. سـەری خۆی هەڵدەگرت، بۆ شوێنێ دەچوو، نە ناوی و نـە ناتۆرەی نەبیـسـترابا. بـەڵام پیری، ئاخ خ خ پیـری! هـی ئەوە نیت لەبەر ماڵێ ڕاگیـرێی بەڵام... دەیویست بگەڕێتەوە، بەڵام دەتگوت لاقی بەرەو ئەوان ڕادەکێشێ، هـەر لەدوویان نەدەبووەوە. جیابوونەوە، ڕوو لە لایەکی دی کردن هـەرگیز نەدەکرا زاری بووبوو بە زەهری ماری بۆز.

کە گەیشتنە پاینی ئاشەکە نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو.

کـۆڵ و باریان داگـرت. پێـخـەف و نوێن، خـەروار و جـەواڵ، سـاوار، ئاردە بەهەویـربووەکـەیان، هـەرچییـەکـیـان هەبوو و نەبوو، لەسـەر ئەو دەوەنـانەیان هەڵخستن. سەلکێ سابوونیشیان هەبوو. ئەلیف ئەویشی لەسەر بەردێ دانا.

جل و بـەرگـەکـانیـان نـەختـێ کـزر بووبوونـەوە، بەلەشـیـانەوە چرچ و لۆچ بووبوون. قوڕیان پێوە وشک بووبووەوە و جێ جێ هەڵیش وەریبوو.

ئەلیف بەو شـقـارتەیەی لە شـووشـەکـەی دەرێنا ئاگـرێکی هەڵکرد. پڵاو ســاوارێکی خـــســتـــە ســـەر ئاگـر. نانیـــان نـەمـــابوو. هـێندێکی لـە ئاردە بەهەویربووەکە هێنا، دەستی بە شێلانی کرد.

مـرێمـۆک وەستـابوو، ئیشـارەتی بۆ شـتـهـایەک دەکرد. دەیویست شتێ بڵێ بەڵام نەیدەگوت. تەنگاوبوو، لەسـەر ئاردە بەهەویربووەکە ڕاوەستـابوو. هـەویر کە هـیشک بووەوە تازە جـارێکی دی نابێـتـەوە بـە ئارد. ئەلیف لەپاش قـەیرێ

ئینجا بەمەی زانی، ئاردەکەیان خڕکردەوە.

پاش ئەوەی ئارد خڕکرایەوە مریەمۆک دەستی بە دارچنارەکەوە گرتبوو، هەردوو چاوی قووچاندبوو. کە زانی ئەلیف خەریکە نان دەکا، ئینجا هات بەلایەوە.

سێ کوچکیان لە لایەکی ئاگردانەکە دانا، پارچە تەنەکەیەکیان لەسەر دانان. ئەلیف مرخێش مرخێش بە دەستی خەپلەی چکۆلە چکۆلەی هێندەی دەستێ دەکرد و لەسەر پارچە تەنەکەی دادەنان. مریەمۆکیش کاری ئەوەبوو خەپلەکانی وەردەگێڕا و لە پاشان. بۆئەوە جوان ببرژێن. لەسەر تەنەکەکەی ڕادەگوێزتن، لەسەر پشکۆ ئاگرەکانی دادەنان.

یەکەم خەپلەی برژاو حەسەن ڕفاندی. دووەم عەلی. سێیەمیشیان ئەلیف دای بە ئومەخان.

خەلیلەپیر لەولاوە، نەختێ لە دوور هەڵکورمابوو، سەری داخستبوو. ناوبەناویش، بێ ئەوەی پێ بزاندرێ، لەبنەوە تەماشایەکی دەکردن.

نانیان برژاند، لەسەر ئەو گیاوگۆڵەیان کەڵەکە کرد.

لەودەمی ئەلیف پلاو ساوارەکەی لەسەر ئاگر هێنابووە خوار، بۆ دەمکێشان لەولاوەی دانابوو. بە چڵە دارێ هەر هێندەی سەر پەنجەکەڵەیەک چەوری لە شووشەکەی دەرێنا، لە تاوەکەی ڕۆکرد. چەوری لەسەر ئاگرەکە جوان قاڵ بووەوە، ئەنجا، چزززز بەسەر پلاو ساوارەکەیدا کرد، بۆن و بەرامەی ڕۆنی داخکراو لەوناوە پەنگی خواردەوە، بۆنی مسی لێ دەهات. هەر بەجارێ هەستیان بە برسێتی کرد.

مەنجەڵەکەی لە جێگایەکی وشک دانا، بە چواردەوریدا ئاڵقەیان بەست.

عەلی گوتی:

«ئەلیف پیازیش بێنە.»

ئەلیف هەستا، ڕاست چوو، پیازێکی لە پیازە لەسەر بەرد هەڵخراوەکان هێنا، دایە دەستی. عەلی پیازەکەی بە ئاووتاوەوە، بە مستەکۆڵە شکاند.

لەبەرئەوەی نانی تیرییان نەبوو، ناچار دەبوو پڵاو ساوارەکە بە کەوچک بخۆن. بەقەد سەری هەمووشیان کەوچک نەبوو. دیارە لە هیچ ماڵێکیشدا بەدەست نەدەکەوت. سێ کەوچکیان هەبوو. هەرسێکیشیان کەل و کۆم بووبوون، لێوارەکانیان شکابوو، کلکەکانیان سووتابوو.

کەوچکەکان، یەکێکیان مریمۆک، یەکێکیان حەسەن و ئومەخان، ئەوی دیکەشیان عەلی و ئەلیف پێیان دەخوارد.

عەلی کەوچکێکی لە پڵاوەکە دەدا، دەیخوارد، ئەوجا نۆرە دەهاتە سەر ئەلیف، کەوچکەکەی وێ دەدا. هەرچەندیشی دەکرد نەیدەتوانی خۆی لە خەلیلەپیر، کە لەولاوە ڕاوەستابوو، نەبان کا، ناوبەناو سەیرێکی ئەویشی دەکرد. هەرچەند ئەو سەیری دەکرد چاوەکانی دیکەش هەموو لەخۆڕا بەرەولای خەلیلەپیر وەردەگەڕان.

کە چوویە سەر سفرە و خوان و یەکێکت دیت، دژمنیشت بێ، باوکوشتەشت بێ دەبێ فەرمووی لێ بکەی. ناکرێ فەرمووی لێ نەکەی.

عەلی بەرەبەرە دەموچاوی دەگۆڕا، پارووەکەی لە زاردا بەدڵەوە بۆ نەدەجوورا. جارجار مات دەبوو، کەوچکەکەی بەدەستەوە وشک دەبوو. لەبیری دەچوو بیدا بە ئەلیف. ئاخرییەکەی کە نۆرە کەوچک هاتەوە سەر عەلی و ئەلیف کەوچکەکەی بۆ درێژکرد، کەوچکەکەی لە دەست وەرنەگرت، کەوچک بۆخۆی بەربووەوە ناو مەنجەڵە پڵاوەکە. قەدەرێ کش و ماتی دایگرتن. حەسەن کە کەوچکەکەی بۆ پڵاوساوارەکە درێژکردبوو، لە پڵاوەکەی وەرنەدەدا، مریمۆک کەوچکەکەی بۆ پڵاوەکە درێژ نەکرد.

عەلی جارێ سەیری ناوچاوی دایکی و جارێ سەیری ناوچاوی ئەلیفی کرد. لە پاشان بە تیلایی چاو سەیرێکی لای خەلیلەپیری کرد. دوایی هەمدیس سەیری دایکی... ئەو چاوەی بڕیبوویە دایکی نەیدەترووکاند.

مریمۆک دەموچاوی بەرەبەرە نەرم دەبوو. ئیدی ئەو ڕک و تووڕەیییەی پێوە نەمابوو.

چاوی ئەلیفیش دەیگوت، من هەقم بەسەرەوە نییە، خۆت چ دەکەی وا بکە.

عەلی بە دەنگێکی نەرم و شیرین و شەرماوییەوە گوتی:

«مـام خــەلیل، ئەوە بۆچی وا لە دوورەوە دانیـشـتــوووی؟ دە وەرە تۆش دوو کــەوچک خــواردن بخــۆ. وەرە مــام خــەلیل، وەرە. وەرە بزانـە چیــمــان لێ بەسەرهات.»

خەلیلەپیر دەستی لە زەوی گیرکرد، ڕاست بووەوە. لەسەرەخۆ، هات لەسەر سفرە و خوانەکە دانیشت. ناوچاوە چکۆلە سەوزەکانی بزەیەکی تاڵ... بەزیو، سڵۆک...

عەلی کەوچکەکەی نێو مەنجەڵەکەی هەڵگرتەوە، دایە دەستی. خەلیلەپیر بە نابەدڵیــیــەوە پاروویەکی لە نـانەکــە کــردەوە، لە زاری هـاویشت. کــەوچکێ پڵاویشی... سرک و سڵۆکانەتر ئاوڕێکی ئەم لاو ئەولای خۆی دەدایەوە.

عـەلی بە زەردەخـەنەیەکەوە لەتێ پیـازی لـە پیـازەکـەی بەردەمی شکاند، دای بە دەستیەوە.

خـەلیلەپیر بـە منەتبـارییـەوە، بە دەسـتـی لەرزۆکەوە کـەوچکەکەی بۆ عـەلی درێژکـرد. سڵـۆکی و سـرکـییـەکەی نێـوچاوی گـەڕا بە شـادی و منەتبـاری. لەپاشـان عــەلی کــەوچکەکــەی حــەواڵەی ئەلیف کـرد. ئەلیــفــیش حــەواڵەی خەلیلەپیر. کەوچکی تایین دەساودەس، هەر لە هاتوچۆدا بوو.

مـریەمۆک لـە چ کەس، لە چ جێگەیەکی نەدەڕوانی. چاوی لە کەوچکەکەی ڕا بۆ مـەنجـەڵەکە و لـە مـەنجـەڵەکەڕا بۆ کەوچکەکەی دەهات و دەچوو و چیدی دیاربوو شپرزە و سەغڵەت بوو.

کـە لە نان خـواردن بوونەوە، خەلیـلەپیر عـەلیی بۆ بن دارتووە زەلامـەکە برد، دەستی بە قسان کرد، گوتی:

«دیسان چوونەوە بـۆ بەرەجووتەکەی مـیرئەلای، لە گونـدێکی زل و زەلامدا لە من زیاتر کەسێکی دی لە دژی ئەو سـەفـەرە، لە دژی ئەو گـاوری کـوڕی گـاورە نەوەستا. ئەگەر ئەو هـەتیوە گەڕەی تاشباشیش دەڵێی خۆ هەر کە هاتنە خوار

بوو بە یەکە پیاوی سەفەر، تەنیا هەر من لەدژی وەستام، هێندەی نەمابوو بشمکوژن. بە هەزارحاڵ لە دەستیان قوتار بووم. هەموو یەکیان گرت، هەلیان کردمێ. بەرەکەت دا شەو بوو، هەڵاتم. ڕزگارم بوو. ئاسمان ئەستێرەیەکی زۆری پێوەبوو. وەجاغۆکەکەیم بە قورێ گرت، کە لە ئەستێرە دەچێ. چاوەڕێم کردی. سێ ڕۆژان لەو کەژ و کێوە، کون بەکون لەدووم دەگەڕان، خۆم شاردەوە، خۆم نیشانیان نەدا. گیانی شیرینمم ڕزگار کرد، کوڕی خۆم. کوڕە قۆچاخەکەی برایم، تۆشیان بەگیر کەوێ هەڵت دەواسن. دەڵێن، تۆ یاخیبوونە گەورەکەت لە دژ حوکوومەت هەڵایساندووە. ئەو سەفەرە وەجاغ کوێربۆوەیە وا دەڵێ.»

عەلی بزەی هاتێ، بە بڕواکردنەوە پرسی:

«کەواتا ئاوها بوو ها؟ هەر کەس کەس لە گوندی جیا نەبووەوە، بە لایەکی دیدا بچێ؟ بۆ بەرەجووتێکی دی، بۆ مەزرایەکی دیکە؟

«تەنیا هەر من جیابوومەوە. تەنیا هەر من... هەر من لەدژی وەستام! ئاخ خـــۆزیا منیش وەکی وان گــــەنج دەبووم. بریا وەکی وان لەدەست و پێ نەکەوتبام. ئاخ خ خ ... ئەوجا دیتبات چیم بەسەر ئەو سەفەرە دێنا. بەم حاڵەشەوە هەر بەسەرم دێنا.

هێندەم جنێو بە هێسک و پرووسکی خدر دا، گوێی خۆی لێ کەڕ کرد، لە گوند هەڵات. تەنیا هەر من گوتم، کورە گوناحە، برادەر! هەقی گوندی مەخۆ، لە مەزرایەکیان مەپەستە هیچ بەروبوویەکی لێ بەچەنگ نەکەوێ، خوا هەڵناگرێ، شەوێکیان چوومە سەری، گوتم دەیتاسێنم، گوندیی لەدەست ڕزگار دەکەم، دەستم لە بینی نا، گوشیم ئەما گوشیم! لە بن دەستمدا بە لەقەفرتێ کەوت، ها وا گیانی دەرچوو... بەڵام ماڵی پیریم بە هەش گرت، نەمتوانی وای بگوشم، ڕۆحی لە کونەلووتیەوە دەربێنم. تۆم لەگەڵدا بای، ئەو گاورە کاری کرابوو. چ پکەم نەمرد. گوندیی نامەردیش لایەنگری من نەبوون، لایەنی ئەویان گرت. ئەوەی لایەنگری تۆ بوو تەنیا هەر من بووم و هەر من مامەوە. منیش لێیان جوێ بوومەوە، گوتم، بڕۆن لەدووی سەگەکەتان بستێ

جیامەبنەوە. من چاوەڕێی عەلیم دەکەم. لە چیا بێ، لە چۆڵ بێ... ئیدی ئاوها . لە قسەکانم حاڵی بووی؟»

لە خوارێ، لە کن دارە بڵیندەکانی سەرووی شەقامەکەوە، خانووە چینکۆیەکانی بەرەجووتەی میرئەلای دەبریقانەوە. لەبەر چریسکەی پاش بارانەکە.

عەلی هەمدیسان بزەی هاتێ:

«سبەینێ باران نەبارێ، دەڕۆین، دەگەینە گوندی، دەچینە ناو مەزراوە.»

خەلیلە پیر بە شڵەژاوییەوە:

«تۆیش دەڕۆی بەگەڵ گوندییان دەکەوی؟ بۆ مەزرایەکی دی ناچی؟ دەبێ ئیللا هەر گوندیی خۆمان. ئەو بەرازە چیی بەدواوەیە؟»

عەلی وەک دڵی بداتەوە:

«مام خەلیل، بێ بەڵا بی، لەمەوپاش کێهە گوندی دەمانگرنە خۆ؟»

خەلیلەپیر هەڵزەقییەوە، پێی داگرت:

«من ناڕۆم، بشرۆم هەقم بە ئەو گوندییە بێ ناموسانەوە نییە، من پیاوم کورم. پیاویان پیاو وتووە. کورە خۆ ئەم وڵاتە پیاوی تێدا نەماوە. پێم وابوو هەر تۆ مابووی. ئاواتەکەم بەدی نەهات. ئێمە کێ نامانگرێتە خۆ، کام گوندی نامانگرێتە خۆ؟ لەسەر سەریان جێگامان بۆ دەکەنەوە. دەڵێن ئەمانە پیاوی ئازا و بەغیرەتن، لە دژی کوێخا ڕاپەڕیون. ئەی چۆن؟»

«ساڵێکی دی ئەوە دەکەین.»

خەلیلەپیر تەکبیر و ڕای جوان جوانی نەخشەکێشابوو، هەر بۆیەش ئەو چەند ڕۆژە چاوەڕێی عەلیی کردبوو. ئەو وای دانابوو، واو وا بە عەلی دەڵێ و عەلیش بیری لێ دەکاتەوە، گوندیش و کوێخایش بە گۆڕی باویاندا دەڕێنێ، ئەوجا بۆی دادەکشێنە خوار، مەزرای بە ئیروو و دەسکەوتی زۆر و زەوەندی لۆکەی وایان بەدەست دەکەوێ هەر چڵێکی سەت دانە قۆزاخەی پێوەبێ، هێندە خرڕدەکەنەوە، هێندە خرڕ دەکەنەوە، پێی دەوڵەمەند دەبن. کاتێکی

دەگـەڕێنـەوە بۆ گـوند، گـوندی لە پەژیوانـیـان هـەمـوو پەنجـەی خـۆ دەگـەزن. ئەوەشـیـان دەگوت، فـەرمـوون، بڕواننە کاری ئەم خـەلیلە پـیـر و کـەنەفت بووە. هـەڵات، بەڵام خـۆشـی قوتارکرد ئوزوونجە عـەلیش. وا بەتەمابوو شـەرواڵێکیش بکڕێ. شـەرواڵێکی دۆقی ڕەش. پشـتێنێکیش. پشـتێنێکی بە نەخش و نیگار. دە لیـرەشی بە کـوڕەکەی دا، بە کـەش و فشـەوە، لەنێـو گوند، گـەڕابا و خـۆی بادابا.

لە دڵی خـۆیدا دەستی بەجنێودانی عـەلی کرد. دەموچاوی کرژ بوو، چاوی هـەڵگەڕابـووەوە. هـەی لە ئـێـسک و پرووسکی بـابت... هـەی لـە گــۆڕی ئەو بلـە سەفیلەیش... کورە خۆ تیرەی گوندی هـەر بەجارێ دەستیان داوەتە نامەردی و بێ ناموسی. ئەرێ خـۆ هیچ کامێکیـان تنۆکێ خوێنیـان، خوێنی پیاوەتییان بە شادەماردا ناگەڕێ.

شڵـەژان و تووڕەیییـەکەی تا دەهات پـتری پەرە دەستـاند، بە هـەناسـەبڕکێوە لەسـەر یەک لەسـەر یەک دەیپرسـی:

«بەڕاستتە؟ بەڕاستیتە تێکەڵ بە گوندی دەبیەوە؟».

عەلی بە ئیشـارەتی سـەر وەڵامـی دەدایەوە و ئەویش هێندەی دی هـار و شێت دەبوو.

«ئەمــە نابێ، هـەرگـیـز وا نابـێ! سـەفـەر دەربـارەی تۆ مـەزبەتـەی کـردووە، خـەبەری بۆ جـەندرمـە، بۆ حوکوومـەت ناردووە، لە من خـراپـتری. چۆن بە پێی خۆت دەچی، خۆت وەگیردەخـەی؟ گوتوویە، ئەم هـەتیوە دزە، خوێنرێژەی برایم، لەبەر هـەندێ لەوێ مـایەوە، هـەرچیی لە چقـورئۆوا بەگیرکـەوت ڕوونی بکاتەوە. هـەربۆیـەش کـــە لـە گـــوندی هـەڵبـــڕا. گـــوتوویە بووە بە ڕێگر. گـــوتوویـە، ئەسـپـەکـەشی بە فـڕوفـێڵ کـوشت. هـەر بۆ ئەوەی ببـێ بە ئەشـقـیـا. گـوتوویە ئەمـەی هـەمـوو لەبەرئەوە کـرد. بـۆ ئەوەی لە گـوندی جـیـابێتـەوە. سـەرانسـەری گوندیشی لەسـەر من و تۆ بە شایەت نووسـی، خوا لەمە خراتر نەدا.

خـۆ جـارێ تۆ لـە پازدە سـاڵت کـەمـتر لـە ژوورێ ناکـەن. یـا هـەڵت دەواسن. وەرە پیـاوی چا بە ڕوو لەمــانە مـەکـە، مـەچۆ نێـویان، ئەمن کـێـڵگەیـەکم بۆ

دۆزیویەوە، تا بڵێی لۆکەی زۆری هەیە، کێڵگە وا لە ناوچەی یورەگیر. منداڵی منداڵ ئاسایی ڕۆژی سەت کیلۆ لۆکەی لێ خڕدەکاتەوە، زاتەن لۆکە مانا بێ لە مەزرایەکەی میرئەلایدا نەماوە، بچی بڵێی، بە بەژنی بڵیندمەوە لۆکە خڕدەکەمەوە. هەر بە تاقێ، لۆکەیان تێدا نەهێشت. هەر چڵێکی دەگری قۆزاخەیەکی پێوە نەماوە. ئەمە مانگ و نیوێکە، دوو مانگە، گوندی لۆکە دەچنن. بەڵام لۆکەی زەوی و زاری یورەگیر درەنگ قۆزاخە دەکا. وەرە پیاوی چا بە، بە گوێم بکە، با بچین بۆ ئەوێ.»

عەلی دەستی لەسەر شانی دانا، گوتی:

«مام خەلیل، مامە، تۆ هیچ خەمت نەبێ! ساڵێکی دیکە، دەچینە یورەگیر، لۆکەی زۆر خڕدەکەینەوە. مەترسە، هیچمان لێ ناکەن.»

خەلیلەپیر پەنای وەبەر چارەسەرێکی دیکەیش برد، گوتی:

«بڕوانە، ئازای ئازایان، کوڕە قۆچاخەکەی برایم، ئەگەر لەگەڵم بێی بۆ یورەگیر، منیش هەرچییەکم لە کێڵگەکەی یاسین ئاغا بەچەنگ کەوت، پارەی هەمووت دەدەمێ. ئەسپەکەت ئەمن کوشتم، جا ئەوسا کەرێکی چاک بۆ دایکت دەکڕی. ئەمەش کارێکی زۆر مناسب و بەجێیە.»

چاوی درەوشایەوە. ئەمە وەک بیدۆزیەوە وایە.

«تۆ من بە پیر دەزانی؟ من لە لاوی پازدە ساڵان، لە تۆیش، لە ئەلیفیش پتر لۆکە خڕ دەکەمەوە. بەمەمانان دەڵێن کۆنەزەوی، کۆنە! ئێوە پێشکەی چقورئۆوا هێندەی گەستوون، مۆختان وشک بووەتەوە، هێزو گوڕتان تێدا نەماوە. ئێمە ئێسکمان بەهێزە، قایم و جڕین، مۆخمان بەهێزە. تۆ وەرە، با بڕۆین بۆ یورەگیر، ئەوجا بڕوانە مام خەلیلت. بڕوانە، بزانە، چۆن واقت وڕدەمێنێ. وەرە دەوڵەمەند بە! کەحێلەیەکی سێ ساڵان بۆ دایکت بکڕە، گوندی، ئەو سەفەرە بێ دینە، با هەموو لە حەسوودییان بتەقن. شەق بەرن.»

بەئومێدەوە چاوی لە چاوی بڕی. کارەکە سەری گرتبوو. عەلی دەهاتە ڕەدایێ.

عەلی دەستێکی بە پشتیدا هێنا. وەک لە هامێزی کا، باوەشی بۆ گرتەوە.

«خوا دەوامت دا، مام خەلیل، دەزانم دەیکەی، ساڵێکی دی. خەلیلەپیر کە ئەمەی بیست بەم دیو و بەودیوی خۆیدا دەستی بە ئاوڕدانەوە کرد. دەیویست شتێ بڵێ، نەیگوت.

تا ئێواریێ زاری بە کێردیش نەکرایەوە. بە دڵشکاوی و تۆراوییەوە لە بن دارێکدا هەڵکورماو لەوێ دەستی بە بیر کردنەوە کرد. وا پێ دەچوو سەری بەسەر ملیەوە نەدەوەستا، هەر وێژینگی دەدا.

کە وەختی نووستن هات پێخەفەکانیان لە شوێنێکی وشکاندا ڕاخست. بەڕە شڕەکەشیان دا بە خەلیلەپیر.

بۆ ئەوەی زوو بگەنە کێڵگە زوو بەخەبەرهاتن، تەماشایان کرد، بەڕە شڕەکە لەوێ لوول دراوە، بەڵام خەلیلەپیر نەماوە.

ئەلیف بەڕە شڕەکەی لەوێ هەڵگرت، هێنای دەستی بە بار پێچانەوە کرد.

ئەلیف خەریکی بارپێچانەوە بوو، مرێمۆک خزایە بن دەستییەوە.

ئەلیف تێ گەیشت. دەستی لە کار بەردا. مرێمۆک ئاگرەکەی هەڵکردبوو. ئەلیف زۆری کەیف بەوەدا هاتەوە. مەنجەڵەکەی لە ئاوی ئاشەکە پڕ کرد، هێنای لەسەر ئاگرەکەی دانا.

پرسی، «خەنەشت دەوێ دایە؟»

مرێمۆک پریاسکەیەکی لە باخەڵی دەرێنا، بۆی درێژ کرد.. ئەلیف:

«سەرپێچە سەوزەکەشم بۆ وشک کردیەوە دایە.»

مرێمۆک ناوچاوی پێکەنی.

لە هەموو هاتنێکی چقورئۆوادا مرێمۆک خۆی پاک پاک دەشووشت. قژی لە خەنە دەگرت، سەرپێچە سەوزەکەی بەسەریەوە دەبەست و دەستێکی بەخۆیدا دەهێنا و خۆی دەڕازاندەوە.

مرێمۆک جووتێ گوارەی لە پریاسکەیەک دەرێنا، بۆ ئەلیفی درێژ کرد.

گوارەکان نەختێ پەڵەپەڵاوی ببوون.

ئەلیف گوتی، «هەر ئێستا جوان جوان پەرداخیان دەکەم،» چوو نەختێ مشکیی لە ئاگردانەکە دەرێنا، دەستی بە پەرداخکردنی گوارەکان کرد.

ئەلیف لەولاوە خەریک بوو گوارەکانی پەرداخ دەکرد، مریەمۆکیش لەم لاوە متومووروەکانی دەرێنابوو، دەزووەکانی ئاڵۆزکابوون خاوی دەکردنەوە، ئەوەی کە هەڵوەریبوون دەیچنینەوە. متوموورووی زەردو سوور و شین و ترینجی وەک سەردەمی منداڵیی زۆر حەز لێ بوو. کە بە بووکی دەبەن. نەنکی ئەم مووروانەی بەدیاری دابوونێ. متوموورووی جوان جوان بوون. موورووی وا لەم سەردەمەدا بەدەست ناکەوێ. دەستێکی پێیاندا هێنا و لە ملی کردن. بەتەمابوو داوای نەینۆکێ بکا لە ئەلیف، بەڵام داوای نەکرد. ترسا. داخۆ دەموچاوی چ بیچمێکی لێ هاتبوو؟

چاوەڕێیان کرد تا ئاوەکە نیوەتێن بوو.

لەو ماوەیەدا ئەلیف گوارەکانی چاک چاک پەرداخ کردبوو، دەبریسکانەوە. هێنانی لە گوێی مریەمۆکی کردن، ئاوەکەشی لەسەر ئاگرەکە هەڵگرت، هێنای لەلای تاتەشۆرێکی دانا. سەری بە ملیدا شۆڕکردەوە. جوان و زەریف دەستی بە هەڵگلۆفتنی سەروقژی کرد. پاک و خاوێن شوشتی. قژەکەی وشک کردەوە. هەر نەختۆکەیەکی قژ بەسەرەوە مابوو، ئەویش هێند نەرم و خاو بوو، دەتگوت تووکە.

لە پاش شوشتن دەبوو قژی لە خەنە گرتبا، هەموو ساڵێ وابوو، بەڵام ئەمساڵ مریەمۆک لە پێشان ویستی، کەچی دوایی لێی پاشگەزبووەوە، نەیویست. ئەلیف یەکسەر تێ گەیشت لەبەرچی نایەوێ. مریەمۆک دەیویست ئەمساڵ خۆی بە گەنجتر، بە سادەتر، بە جوانتر بنوێنێ. بەڵام ئەگەر قژی لە خەنە گرتبا و تۆپەڵێکی ناشرین بە تەپڵی سەریەوە قوت بایەوە لە هیچ نەدەچوو. جوانی خەنە خۆی، لەپاش سێ ڕۆژ بەدیاردەکەوێ. جا لە کوێ سێ ڕۆژی چاوەڕێ پێ دەکرا. هاکا گەیشتنە گوندییەکان.

ئەلیف لە کاتی سەرشۆریندا فەرقی پێ کرد، مریەمۆک تووشی حاڵێکی وا

بوو نەیدەتوانی بەڕاست و دروستی مل بگرێ. سەری وەک بێ گیان بەم دیو و بەودیودا دەکەوت.

منداڵەکان لەولاوە، لە بن دەوەنێکدا هەڵکورمابوون. سرتەیان لێوە نەدەهات. مرێمۆک تەماشای کرد، حەسەن لە ژێرەوە، بزەبز سەیری دەکا و تەوس و گاڵتەی پێ دەکا. لە دڵی خۆیدا گوتی، کوڕی گاوری بێ دین، لە تیر و توانجی خۆی ناکەوێ.

منداڵەکان جووڵەیان نەدەکرد. بیریان دەکردەوە، خەوەکوتکێیان بوو؟ دیارنەبوو چییە.

عەلیش لە دوورەوە وەستابوو، تەماشای خۆڕازاندنەوەی دایکی دەکرد. ئەمساڵیش؟ لە پاش ئەم هەموو مەینەتی و چەرمەسەرییەش؟ بەڵام زۆریشی دڵ بەم سپ و ساغی و قوت و وریا و دریاییەی دایکی خۆش بوو.. ئێکجار ڕەنگی وا نەپەڕیبا و دەموچاوی وا ڕەش هەڵنەگەڕابا و وەکو هەمبانە چرچ و لۆچی تێ نەکەوتبا.. سەرەڕای ماندوێتی و شەکەتی و دەست و پێ چووزانەوە لافاوێکی دڵخۆشی و خورسەندی پەرەی دەستاند و بەناخیدا دەهاتە خوار.

ئەم مرێمۆکە لەبەرچی قسە ناکا؟ لە گۆڕستانەکە بەم لاوە بۆچی ورتەی لە دەم دەرنایە؟ تۆ بڵێی هەروا هیچ قسە نەکا؟ خەلیلەپیر بۆ کوێ هەڵات؟ ئەم بیرکردنەوانە نەبوایەن لەوانەبوو نەختێ سەری ئاسوودە بوایە و هێند بەپەژارە نەبوایە.

لەگەڵ بەدیارکەوتنی مەزراکەدا نیگەرانی و پەژارە ئاسەواری نەمابوو. بارانیش بەڕێوەبوو. بەڵام مەزراکە نزیک بوو، هەر دەستت وا کردبا دەگەیشتیێ.

سەرپێچی سەوز بەسەریەوە، گوارەی بەبریق و باق لە گوێیدا، ملوانکە لە ملیدا، بازنی شووشەی لە دەستدا... لە چاو ساڵانی دیکە چ فەرقی نەبوو. تەنیا هەر ئەوە نەبێ کە سەری قیت دەبێتەوە، چاوی نوقمی تیشک و بریسکە دەبێ.

مریمۆک هەر کە لە خۆڕازاندنەوە بووەوە، هەستایە سەرپێ، دارەکەی بەدەستەوە گرت. ڕووی لە مەزراکە کرد. لەپێشەوە، لەنێو مەزرایەکدا لۆکەچن بەدیارکەوتن. لە ڕێگایەکەوە تومبیل و لۆری تێ دەپەڕین.

هەر دەق لەسەر سەریان، لە ئاسمان گوڕەگوڕ پەیدابوو. تەماشایان کرد. چەند جەتێک بەرەو سەرووی ئاناوارزا دەفڕن. لە پاشان، هەر هێندەی بڵێی، یەک و دوو جەتەکان لەچاو ون بوون.

مریمۆک بەڕێ کەوت. ئەوانیش پاش نەختێ شتومەکی خۆیان پێچایەوە، بەدووی کەوتن.

دەمەو عەسرانێ گەیشتنە ئەو مەزرایەی کە گوندییەکان لۆکەیان لێ دەچنی. دەوروبەر بۆنی تۆز و خۆڵ و لۆکەی لێ دەهات.

لە مەرەزە چەڵتووکەکانی نزیکیشەوە بۆنی زۆنگاوێک دەهات، هەر دەتگوت هەڵدەقوڵێ. عەلی لەپێشەوە بوو. بەرەو کەپرە لەچڵە دەوەن هەڵبەستراوەکان و کۆمەڵە لۆکەکانی بەردەم کەپرەکانی ناوەندی مەزراکە ڕۆیشت. گوندییەکان لە سەرووی مەزراکەوە لۆکەیان دەچنی، چاویان لێ بوو ئەمان هاتنە ناو مەزراکەوە، هەموو دەستیان لە کار بەردا. عەلی بارەکەی سەرکۆڵی کوت بەعاریدا دا، چوو پشتی بە کۆڵەکەی کەپرێکەوە دا، لێی دانیشت.

کێڵگەکە ڕووت و قووت بوو، پڕبوو لە دەغەڵ، تابڵێی زەمەند بوو. سێ چڵە لۆکە گەڕابای دوو قۆزاخەت بەگیر نەدەکەوت. عەلی کە چاوی بەمە کەوت نە کەیف ما و نەزەوق، هەموو بەجارێ کوژایەوە، دەتگوت سەردڵت پڕ لە پۆلوو کردووە.

مریمۆکیش هات، بەتەنیشت کۆمەڵە لۆکەیەکەوە هەڵکورما. ئەویش هەستی بە بێ لۆکەیی مەزراکە کردبوو. حەسەنیش لەولاوە، بە کۆڵە داردەستەوە هەروا ڕاوەستابوو. ئەلیفیش هات بەرانبەر مێردەکەی دانیشت. چڵێ دار لۆکەی چکۆلەی بەدەستەوە گرتبوو، پەیتا پەیتا دەیکشاندەوە.

گوندییەکان یەکەیەکە دەستیان لە کار دەکێشایەوە، دەهاتن.

هەرچی دەهات دەسڵەمییەوە، دەشڵەژا، جاوەجاوێکی دەکرد، وەک بڵێی دەیویست شتێ بڵێ نەیدەگوت و قووتی دەدایەوە و تەنانەت بەخێرهاتنیشی نەدەکردن. ئەوەی دەهات واقی وڕدەما و بە چاوی زەقەوە سەیری دەکردن.

هەر هاتن و کەڵەکەیان کرد، هەر هاتن و کەڵەکەیان کرد، تا لە چواردەوریان ئاڵقەیان بەست. ورتە لەکەسەوە نەدەهات. عەشاماتەکە دەتگوت وشک هەڵاتوون، پێت وابوو، هەرکەسە لە شوێنەکەی خۆیدا بووە بە ماستی مەییو. نە سرتە نە ورتە... ئێرە بارانیشی لێ نەباریبوو، هەروا پڕووشەیێکی کردبوو و هیچی تر.

تاشباش ئۆغلی لەپاش هەمووانەوە هات دڕی بە قەرەباڵغییەکە دا. لە پێشان سڵەمییەوە، هەڵوێستێکی بۆ کرد، وەک ڕاچڵەکێ، هەردوو گلێنەی چاوی بەترسەوە وەرگەڕان. ویزەویزی باڵی پێشکە دەهات. بەم دیو و بەودیودا دەلەنگی، وەک بەرچاوی ڕەش هەڵگەڕێ، سەری بخولێتەوە وای لێ بەسەرهات، هەرچەندی دەکرد هەنگاوێکی بۆ پێشەوە پێ هەڵنەدەهێندرا. هەردوو چاوی پڕببوون لە فرمێسک. وەک دەستت لە بینی گیر کردبێ هەر ئەوە بوو نەخنکێ.

هەستی پێ نەکرد لاقی بەرەوپێشەوە هەڵێنا، لەکن عەلی وەستا. ئەوجا لەوێ دانیشت. دەستی لەخۆیەوە چوو دەستی عەلی گرت. دەستی بەدەستی دا هێنا. لە یەکبینە دەستی دەگوشی، هەرچەندی دەکرد هیچی پێ نەدەگوترا.

تفی قووت دا، ئاخرییەکەی:

«بەخێ...ێێێێر... بەخێر هاتی ب...را.. ئیدی... ئیدی وا بە چاوی خۆت دەبینی. هیچ خەم مەخۆ. لە مەزرایەکی پەستاوتین مەگەر... حاڵی ئێمە لە حاڵی تۆ چاتر نییە. ئیدی... ئیدی، وا بۆخۆت دەبینی. سەت ڕەحمەت لە هینەکەی پار. هیچ نیگەران مەبە. چ پکەین. کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە. مەزرای خراپن،! خراپی خراپانن. زەمەندە، گیاوگۆڵە، بە دە چڵ تاکە قۆزاخەکەیەکت لێیان وەدەست ناکەوێ... ئیدی... وا دەبی... دەبینی. هیچ هیچ،

هیچ هیچ دڵی خـۆت سـەغـڵـەت مـەکـە... ئەم مـەزرا زل و زەلامـەمـان سێ چواریەکی پەی کرد، بە یەک دوو ڕۆژ ئـەمسـەر و ئەوسـەرمـان کرد... لۆکە نییە. هیـچـمـان دەسـتگیـر نەبـوو. بەخێ...یێ...ر بێی زۆر زۆر بـەخـێـر بێی... ئیـدی، ئیدی... ئیدی...»

دەنگی دەلەرزی. بەگریانەوە:

«دڵت، دڵت سەغڵەت مەکە... تازە قەوما و ڕابرد. ئیتر، ئیتر، ئیتر... چق.»

لەوە زێتـری نەگوت. چاوی لـە عـەلی، لە مـرێمـۆک، لـە ئەلیف، لە منداڵەکان نەدەترووکاند. ئەوانیش هـەر بەو جۆرە. ئەمانە چییان لێ قەومابوو؟»

پەیتـا پەیتـا دەسـتی بەدەسـتی عـەلیـدا دەهێنا. ئیـدی ورتـە لە زاری دەرنەدەهات.

بێ دەنگی و کش و مـاتیـیـەکـەیش هـەروەکـو خـۆی بوو. کـەسـیـش توانی ڕچەشکـاندنی ئەم بـێ دەنگیـیـەی نەبـوو. بەڵام چۆن بێ دەنگیـیـەک، قـورس، ئەستوورو بەبارست، تا دەهات خەستتر دەبوو.

مرێمۆک بە دەستی ڕاستی دەستی بە کوتانەوەی زەوییەکە کرد.

کە چاوی بە گولیلکی لۆکەکانی تەنیشتی کەوت. گولیلک چ گولیلک هێند بەبریقە بوون ئـاوی چاویان دادێنا. لە خاڵخاڵۆکەکە گەڕا. لە گرێی سەرپێچە سپـییـەکـەیدا بوو. سـەرپێچـەکەی بەپشـتیـەوە پێـچـابوو. لە پشـتی کردەوە. گرێیـەکەی کـردەوە. تەماشـای کرد خـاڵخاڵۆکەکە هێشتا هـەروا لەوێدا مابوو، مـردبوو، وشـک بووبووەوە. مـۆریـە وشک بووەوەکـەی بەئـەسـپـایی هەڵگرت، لەسەر گوڵووکێکی دانا.

لەبەرخۆیەوە گوتی. «بنوو، بنوو بۆخۆت لێرە، بێ چارەکەم، بێ کەسەکەم!»

لە پاشـان سـەری هەڵبـڕی بە دووروودرێژی چاوی بە گـوندییـەکـاندا، بە بێ دەنگی و کش وماتییەکەدا گێڕا. دەستی ڕاستی قایم بە عاردیدا کێشا گوتی:

«وا هاتینەخوار! وا گەیشتین!»

## قامووسچە

ئـ

ئامان: دەفر، قاپ و قاچاخ.
ئانجاخ: لای کەمی.
ئاوا: جۆر.
ئاورگ: کوانوو.
ئاوڕوو: ئابڕوو.
ئاوەڕ: ئاوڕ.
ئاهۆ: دەرد، پەتا.
ئـشـکـدی: بـالـۆرە، لـە (ئـش ئـش) بـۆ کردنی منالّەوە.
ئەدی باوم: ئەی باوکەکەم.
ئەزموون: تاقیکردنەوە، تجربە.
ئەگەنە: ئەگینا.
ئیـزگـیل: جـۆرە دڕکـێکە بەرێکی وەک گۆیژی هەیە.

ب

بارانگرتە: ئەوەی باران تەڕی کردبێ.
بارگین: بارگیر، ولاّخ.
بافرە: جۆرە کاغەز سیگارێکە لە شاری (بـافــرە)ی تـورکـــیـــا دروست دەکرێ.

بتڕژەم: ئافەرین.
برش: کەڕوو.
بڕیە: بڕیار.
بزاوت: بزووتنەوە، جوولّە.
بسک: زلّف.
بلاّ: بام، باوەکو.
بنێس: لاواز، زەبوون.
بۆرژان: سووکەخەو.
بۆرەکار: کاری سووک.
بۆسۆ: بەدناو.
بـوودڕ: شـــــوێنی بنکەنکراو وەک ئەو چالاّنـەی سـەگ خـۆی تێـیـاندا دەشارێتەوە.
بووز: سەهۆلّ.
بەبتوونی: هەمووی، بەسەرلەبەری.
بەتر: بەش.
بەدووم: نەگبەت، شووم.
بەدەو: جوان.
بەڕادان دان: ڕاســپـاردن بۆ کــردنی شتێ بەتایبەتی.
بەرکۆ: کەلّپووسی زین.
بەرگرتەنی: بەرگەگرتن.

بەرینان: پێشینان.
بەژ: بەڕ.
بەسەرکەوران: بەسەرخران.
بەگوریت بم: بەقوربانت بم.
بەگەزەن: گەزندەدار، زیان بەخش.
بەلەز: بەپەلە.
بەلەک: ولّمەی پووز.
بێ ئاوەز: نەفام.
بیژی: بیج، زۆڵ.
بێ ناوبڕ: بێ دابڕان (بلا فاصلة).
بینایی چاوان: بە (مەجاز) بۆ خوا بەکارئەهێنرێ.

پ

پاومان: داوێن، خوارەوە.
پدوو: پووک.
پلەسەخت: شوێنێکی سەختی ئەوتۆیە هەموو تەقتەقە تاوێرو تەنگەبەر بێ، پێویست بێ دەستی تێدا بە ولاخەوە بگیرێ.
پۆلّوو: پشکۆ، سکڵ.
پووک: پووچ، پووچەڵ.
پەرجوو: موعجیزە.
پەڕەوڵ: پەلەوەر، باڵندە.
پەسندان: مەدحکردن.
پەنجاوهەشت: حیز.
پەنگر: سکڵ، پشکۆ.
پێت: گڕ.
پیل: پەل.
پێمەردە: عیزرائیل، پێمێردە.
پێ نەحەسیان: هەست پێ نەکردن.
پێوە: بەولاوە، جگە.

ت

تابیر: تەعبیر، خەو لێکدانەوە.
تازێ: پرسە، تعزیە.
تاوشت: تاو.
تاوتێ چوون: تاقەت، نەمان.
تۆت بوونەوە: گلۆربوونەوە.
تۆفەدیوار: دیوارێکە چین چین لە قوڕ هەڵدەنرێ، لەژێرەوە ئەستوورە و تا بەرزتر دەبێتەوە، باریکتر دەبێتەوە. بۆ حەساری باخ و خانووی دروست دەکەن.
تونـاو: پاراو، تەڕوبڕ.
تووک: ئاه و نزوولە.
توولەک: هەڵچوو، نزیکە پێگەیشتن بووەوە.
تەرک: پاشکۆ، تەرکوو.
تەزبێ: تەزبێح.
تەنی: ڕەشی مەنجەڵ، قورم.
تەه: ناخ، بن.
تیتڕواسک: پەلەوەرێکە تۆزێ لە کەو بچووکتر، لەناو خڕو بەست و لە گوێ ئاوان دەژی. (تیتلی بیجاخ)یشی پێ ئەڵێن.

تێڕ: خورجی دوولانە.
تێ ڕاکردن: تێ خستن.
تیلاکەی سەر: لایەکی سەر.

ج
جڕ: جیڕ، چیڕ.
جلیتانێ: جلیت بازی.
جیما: جوولا.
جۆخین: خەرمان.
جۆڕک: توورەکە، توور، کیسە.
جووقەوار: جووقە، ورتە، فززە.

چ
چارشەو: چارشێو.
چازان: چاکزان.
چتۆ: چۆن.
چرێش: سرێش.
چنگوڕک: چنگ.
چەرمک: چەرمگ، چەرموو، سپی.
چەل: شتێ کە مرۆ ناچار بێ لە ئەستۆی گرێ.
چەمۆڵە: پووکالاو.
چینکە: جۆرە بەردێکە، خاڵ خاڵ بۆ بینا بەکاردەهێنرێ.
چێو: دار.

ح
حەن: ئاست.
حەیشێ: ئایشێ، عائشە.

خ
خم: خوم.
خواروو‌ژوور: تێکڕا، معدل.
خۆشخەن: خۆش خەندە، دەم بەپێکەنین.
خۆ لێ نەبان کردن: خۆ لێ گێل کردن، خۆ لێ نامۆ کردن.
خوناو: شەونم، ئاونگ.
خەیدین: ڕک، تووڕەیی.

د
داربەلەک: بنەبەڵەک، مێکووک.
داربەوز: درەختێکە لە تیپی سوورەچنار و شتی وا.
داغان: بڵاو.
دڕوو: دڕک.
دژوێن: چڵکن، چەپەڵ.
دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست.
دوردوگ: فیقنە، دوردوک، شاور.
دۆژ: جەحەنم.
دونکە: سووسە، هەست.
دوو: پاشوو، کەفەڵ. دووکەڵ.
دووکێش: دوکەڵکێش.
دووگرد: بەرماڵ.
دەرکە بە بەیداخ: ماڵی دیاری. کینایەیە لەو ماڵانەی ئافرەتی خۆفرۆشیان تێدابێ.
دەرۆست هاتن: دەرەقەت هاتن.

دەستەوهامێز: دەست لەسەر کۆش.
دەمەوەر: زۆربلێ، چەنەباز.
دەو: دەم.
دیاردی: ئیشارەت.

ر
ڕابوون: هەستان.
ڕک: ڕکە: شوێنێکی ئەوتۆ بەچنگەکرە نەبێ نەتوانی پیا سەرکەوی.
ڕاشکان: بێ پێچ و پەنا، صراحە.
ڕنەک: قاشاوی پشتی ولاخی بەرزەی پێ نەدەن.
ڕۆخانە: چەم.
ڕۆنان: بنیاتنان، دروست کردن.
ڕەژی: ڕەژوو، خەڵووز.
ڕەشۆڵە: ڕیشۆڵە، سوێرۆ، سێڕوو.
ڕەوانی: دەروونی، نفسی.
ڕێ پەیمایی: مەسیرە.
ڕێ نەکەوتن: نەتوانین.
ڕێوینگ: ڕێبوار.

ز
زایەند: سێکس، جنس.
زبارە: بێخ، ناخ.
زرانوو: ئەژنۆ.
زراو: باریک.
زوێڵ: تیلم، پارچە. لە ئەسڵدا بە (چەقۆ) دەگوترێ.
زەمەند: چڕە دارستان.
زەنگەر زەنگەر: لەرزەلەرز.
زینهار: ئاگات لە خۆت بێ، نەکەی.

ژ
ژاڵە: تاڵە. زەهر، ژار. گیا ژار.
ژی: ژین.
ژیلەمۆ: خۆڵە تەنکەکەی سەر سکڵ.

س
سارە: سبەینێ.
ساوان: دارێک لەسەر دوو کۆڵەکە ڕایەڵ دەکرێ و بوخچە و شتی وای پێدا هەڵدەواسرێ.
سایەوان: چەتر، (شراع).
ستۆ: ئەستۆ، مل.
سلۆک: سڵ.
سندم: پێوەند.
سورکوم: دوورخراوە، نفی.
سونگە: سەبەب، هۆ.
سوو: سوود، فایز (فائض).
سووچان: سووتان.
سۆیکە: شتی زۆر بێ نرخ کە لەپاش مردوو بەجێ مابێ.
سەراسیمە: سەر لێ شێواو.
سەردەرانە: ئاستانە.
سەر ژێکردن: سەربڕین.
سەرەنگرێ: نووچ، ساتمە.
سەڵا: سڵاو، سلام.
سەوات: جۆرە نەخشێکە لە زیو و

وەرشـــەو و شـــتی وا دروست دەکرێ و ژێرکەمەر و سینەبەندی ڕەخشی پێ دەڕازێندرێتەوە.
سەوەو: سەبەب، هۆ.
سێڕوو: پەلەوەرێکە لە ڕیشۆڵە ئەچێ.
سێوەر: سێبەر.
سێوی: هەتیوی پاشمەرگە.
سێیینە: ثلاثیة.

ش

شکێڕ: قەڵشی ناو شاخ.
شۆفار: مایەفیتنە، سەرەسۆدرە، کەتن گێڕ.
شوور: تووڕە.
شەپاڵ: کەلەش، قۆز.
شـــەغـــرە: دوو پەیژەداری لە هەردوو سەرەوە لێک بەستراو کە بۆ کێشەی قرچەی بەکاردێن بۆ شوێن خەرمان.
شـەکـەرە: چەنگی، پیاوێ جلی ژنانە لەبەردەکا و دەمامک دەکا و لەناو شاییدا سەما دەکا و چەقەنە لێ دەدا، شەکرۆکە.

غ

غەوار: بێگانە.

ف

فـــۆرتـە: خــۆ فش کـــردنەوە و درۆ و دەلەسەکردن.
فەهێت؛ فهێت: شوورەیی، عەیب، فەدی.
فێڕکن: گوو بەخۆ داکەر، ڕەوان.

ق

قامک: پەنچە.
قزە: ژنانی، سەرژنانی، ترسنۆک.
قلـچغ: ڕیشـووە تیـژەکـەی گوڵەگەنم و گوڵەجۆ.
قـــــــۆڵان: تەنـکەی ولاخ، ئەو پارچە قـایشـەی بە ژێر سکی ولاخـیا دێن و کـــۆپانەکـــەی پێ توند دەکەن.
قومەڵان: جێگایەک لمی تێدابێ.
قەوغا: چڕ.

ک

کارەڕات: کارەسات.
کـاریتـــە: ڕاجـە، ڕاژە، ئەو دارە درێژە ئەستوورەیە کە بەدرێژی سەری خانووی پێ دەگیرێ و لەم بەرو لەوبەریەوە دەستەکی بەسەردا ڕایەڵ دەکرێ. کۆڵەکەی ناوەندی ماڵ.
کرێت: ناشیرین.
کلکەسووتێ: کلکەلەقێ، تملق.
کڵوکۆ: سکڵ و کۆمر، پشکۆ و خەڵووز.
کوان: دومەڵ.
کوتک: کۆتەرە.

کۆڕ: چالاَییەکی گەرم.
کـــورِەگـــوێ: ســـڵـی لەســـــەرهـەڵاتـن، پرینگانەوە.
کۆستەک: سندم
کۆفیە: جۆرە سەرپێچێکە.
کوند: کوندەبوو.
کـەرمــۆز: خـەرەنگەز، مـێــشـەکـەرانە، خەرمۆز.
کەژوو: گوریسی پان.
کەڵەکۆتان: کەڵەمێرد، ئازا.
کەڵەوەکێشی: سـەرەڕۆیی، کـەللەڕەقی، سەرکێشی.
کەوتنە سەربارت: کەوتنە سەربار.
کەوشـەن: سنوور، سەرحەد.
کـەوێڵ: کەویل، کاسـەی دار کە خـەڕات، دروستی دەکەن.

گ

گاوخان: دۆنم.
گرار: چێشت.
گوان: کوتران، خوێن تێزان.
گۆپاڵ: گۆچان.
گوجیلە: تووتکە سەگ.
گوڕی: گەڕ، گوڕوێ.
گۆڕین: ناوبراو.
گووان: کوتران.
گووراو: مخلوق.
گوێن: جۆر.
گەچۆڕ: زەویی گەچین.
گەڕناس: ئازا لە شـەڕ و شۆڕدا.
گەمار: گلاو.
گەور: گاور.
گەوەزەیی: بێ عاری، هـەرزەیی.

ل

لۆد: عـەمـبـاری کـا لە دەرەوەی مـاڵ کـە سەری سواغ دراوە.
لوری کـەسـێ بوون: هـەڵکوتـانە سـەری، هـەڵمەت بردن بۆی.
لەسک چەپاندن: خـەمـخـوارییـەکی زۆر. خەفەت لە سک ئاخنین.
لەشـــەدان: لـەشـــانـەدان، تێـــڕوانـین بە وردی.
لەمپەر: تەگەرە، بەرهـەڵست.
لەمرِۆ پێوە: بێجگە لە مرِۆ.
لە نواوە: لەپێشەوە.
لەهـی: لافاو.
لێڕ: دارستان. جەنگەڵ.
لـێ ڕاســـــــیـــــــان: لـێ ڕاپـەڕیـن و بەگژداچوون.
لێکردنەوە: هـەڵبـرنگاندن، وەســتــانی باران.
لێمشت: لافاو، لەهـی.
لێوە: شێتۆکە.

م

ماسیان: مەیین، ئاوسان.

مالۆس: بەرازی مێچکە.
مجرۆ: ئیفلیج، پەککەوتە.
مشکی: خۆڵەمێش.
مڵاکۆکە: کەوچکی چکۆلە.
منەیی کردن: بەدواداگەڕان، لێپرسینەوە.
مۆریە: حەشەرە.
مەلیچک: وردە پەلەوەر.
مێخسکە: گوڵ و مێخ، سنگ.
مینەک: وڵاخی سواری بۆ تەنگانە ئەیخەیتە تەک ڕان یا بار و ڕەو نەوەک پێویستییان پێ ببێ.

ن

نائۆغر: قەدەم شووم.
ناوکێڵ: ناوقەد.
نفرِ: نەفرین، لعنة.
نک: پێ.
نوغرۆ: کاول، وێران.
نۆردوو: دەستەوارەیەک نانی نووشتاوە.
نووا: ڕەنوو، یەکەم بەفری ساڵ.
نووسنەک: جۆرە درکێکە دەنووسێ بە خوریی حەیوانەوە.
نووکە شاپ: نووکە شەق.
نهۆ: ئێستا.
نەواڵ: کەندەڵان.
نێز: برسی.
نێسکە: سەر هەڵتەکاندنی ئەسپ و ماین.
نێڵەنێڵ: کڵپە کڵپ.

و

وار و یۆخ: هەیەو نییە.
وشترالووک: وشترخوار.
وشوو: خۆشە، گۆشە، گۆڵۆچنی، خۆشەچینی.
وڵاوتن: وشین، تریت کردن.
وێروەتر: بەم لاوەتر.
وێژەن: بنێشت.

ه

هاتنەڕەدا: ڕازی بوون.
هانە: هەناسە.
هۆرێزیا: هەستایەوە.
هەتوان: مەڵهەم.
هەراو: پان، کوشاد.
هەڵاژان: ڕاکشان.
هەڵبڕان: دابڕان، جوێبوونەوە.
هەڵبڕین: ڕاونان.
هەڵترۆپان: تۆپین.
هەڵداشتن: لە هەورازەوە هەڵدانە خوار.
هەڵزەلین: هەڵکەوتن.
هەڵقاچین: هەڵپاچین.
هەڵەمووت: شوێنی سەخت و هەڵدێر.
هەمانا: واتە.
هەنگامە: هەراو بەزم.
هەنیە: ناوچاوان، پێشەسەرە.
هەیدێ: یەڵا، بەڵێ.

هێڕ: هێڕیله، گێژو گەمژه.

هیشک: وشک.

هێلوون: هێلانه.

هێوران: ئارام گرتن، سرەوتن، هەوارگرتن.

هێورزه: زەڵەزەڵ، هەرا و زەنا.

## ی

یەس یەم: کورتکراوی (یەسار یەمین)ی مەشق پێکردنە. لە قوتابخانەکانی کوردستاندا (چەپ، ڕاست) دەڵێن.